# فرانسیسکۆس قەدیسی من



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

*PAX ET BONUM*

نیکۆس کازانتزاکیس

# فرانسیسکۆس قەدیسی من

وەرگێڕانی:

دلاوەر قەرەداغی



بۆ دکتۆر ئالبێرت شوایتزێر فرانسیسکۆسی
ئەم زەمەنەی ئێمە

ناوی کتێب: فرانسیسکۆس قەدیسی من
ڕۆمانی: نیکۆس کازانتزاکیس
وەرگێڕانی بۆ سوێدی: Borje Knos
وەرگێڕانی بۆ کوردی: دلاوەر قەرەداغی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥٨٣
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: حەمید ڕەزا ئازموودە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی دووەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٤٨٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

لە ڕووی بێتوانایی یان خۆ بەشتزانیی یاخۆ بێ ئەدەبییەوە نییە گەر زۆر شتم لەقسەکانی فرانسیسکۆس لابردبێ یان شتێکم گۆڕیبێ یاخود ڕوداوێکم زیادکردبێ کە ڕووی نەداوە و دەکرا ڕوویدابا، بەڵکو لەبەر هاوگونجاندنی بووە لەگەڵ ژیانی ئەو پیاوە قەدیسە و بەرخۆدان و ئەفسانەکانیدا.

نووسەر نەک هەر تەنێ ئەو مافەی هەیە، بەڵکو لەسەریشی پێویستە هەموو شتەکان لەسەر بناغەی جەوهەر ڕێکخاتەوە. ئاخر ئەو کەرەستەکان لەمێژووەوە هەڵدەگۆزێ و ئیدی بەڕەنج و ئارامییەوە لێکیان دەچوێنێ و دەیانکاتە ڕۆمان.

کاتێک ئەم ڕۆمانەم نووسیی، ڕۆمانێک کە لەخودی حەقیقەت ڕاستەقینەترە، تەژیی بووم لەخۆشەویستیی و ڕێز و ستایش بەرامبەر ئەم قەدیسە شەهیدە. گەلێک جاران دڵۆپە فرمێسکی درشت پەڕە کاغەزەکانی بەردەممی تەڕ دەکرد و گەلێک جارانی تریش دەستێک بەزامێکی ئەبەدییەوە، زامێکی نوێ و هەمیشەیی کە وەک بڵێی یەکێک لێکدا لێکدا بزمارئاژنی بکات، لەفەزادا سڵاوی لێ دەکردم. کاتێک دەمنووسیی لە هەموو شوێنێکدا هەستم بەئامادەیی نەبینراوی ئەو دەکرد.

لەبەر ئەوەی فرانسیسکۆسی قەدیس لای من نموونەی باڵابوو بۆ بەرخۆدانی مرۆڤایەتیی، وی لەجەنگێکی سەختی بێوچاندا توانی ئەرکە باڵاکانی ئینسان وەدی بهێنێ، ئەرکگەلی بەرزتر لە ڕەوشت و حەقیقەت و جوانیی، واتە گۆڕینی ئەو ماددەیەی کە خودا پێی بەخشیوین بەڕۆح.

نیکۆس کازانتزاکیس

# پێشەکی

باوکە فرانسیسکۆس، من کەسێکی تورەهاتم کەوا ئێستا قەڵەم دەگرم بەدەستمەوە تا لەبارەی ژیانی تۆوە بنووسم. بیرتدێ، تۆ کە بۆ یەکەمینجار منت بینی، چ سواڵکەرێکی دزێوو داماو بووم، دەموچاوم بۆ خوار بەرەو مل و بۆ ژوور بەرەو برۆ هەر موو بوو. خودان چاوانێکی تۆقیو و میهرەبان، بەلاڵەپەتێ دەدوام و وەکی مەڕ دەمباعاند. تۆیش بۆ ئەوەی گاڵتە بەناشیرینیی و بێنمودیی من بکەیت، بەبرا لیۆن – برا شێر بانگت دەکردم! بەڵام کاتێک حەکایەتی ژیانمم بۆ گێڕایتەوە، هۆن هۆن فرمێسک لەچاوانتەوە ڕژا و لەئامێزت گرتم. ماچتکردم و گوتت:

– "برا لیۆن بمبوورە کە بۆ گاڵتەپێکردن بەبرا شێر بانگم کردیت. بەڵام هەنووکە دەبینم تۆ شێرێکی ڕاستەقینەیت. لەبەرئەوەی ئەو شتەی تۆ بەدوایەوە بوویت، تەنها شێر لەتوانایدایە دووی کەوێ!"

ئەز لەدەیرێکەوە بۆ دەیرێکی تر، لەگوندێکەوە بۆ گوندێکی تر، لەبیابانێکەوە بۆ بیابانێکی تر دەڕۆیشتم و بەدوای خوداوەنددا دەگەڕام. من ژنم نەهێنا، چ منالْم نەخستەوە، لەبەرئەوەی بەدوای خوداوەنددا دەگەڕام. لەتێک نان و چەند دەنکە زەیتوونێکم لەنێو لەپی دەستم دەنا، گەرچی برسیش بووم، بەڵام بیرمدەچوو بیانخۆم. لەبەر ئەوەی بەدوای خوداوەنددا دەگەڕام.

قورگم هیشک بەپرسیارکردن و پێیەکانم ئاوساو بەڕێ ڕۆیشتن. ماندووبووم هێندەم لەدەرگای ماڵاندا و دەستم بۆ سواڵ پان کردەوە، یەکەمجار بۆ سواڵی نان و ئەوجا بۆ سواڵی قسەیەکی خۆش و پاشانیش سواڵ بۆ ڕزگاربوون. هەمووان پێم پێدەکەنین، بەشێت بانگیان دەکردم، پاڵیان پێوەدەنام و ڕاویان دەنام تا لەسەر لێواری هەڵدێر خۆم بینییەوە، ئەوجا کەوتمە کفرکردن، گوتم:

–" ئاخر خۆ منیش ئینسانم، ماندوو بووم لەڕێڕۆیشتن و لەبرسێتیی چەشتن و لەسەرمادا تەزین، ماندووبووم ئەوەندەم تەقە لەدەرگای ئاسمان دا، بەبێ ئەوەی



بەڕوومدا بکرێتەوە." ئەوسا لەوپەڕی نائومێدیدا، شەوێکیان خوداوەند دەستی گرتم و هەروا باوکە فرانسیسکۆس خوداوەند دەستی تۆیشی گرت و ئیتر ئێمە یەکترمان دۆزییەوە.

ئەوا ئێستاش دانیشتووم و لەم پەنجەرە چکۆڵەیەی هۆدەکەمەوە لەهەوری بەهاریی دەنۆڕم و بۆ خواریشەوە لەباخچەی دەیرەکە، ئاسمان نەختێک دابەزیوە و نمە نمە باران دەبارێ و خاک بۆنێکی خۆشی لێ هەڵدەسێ. بۆن لە دارلیمۆکانی باخچەکەوە دەپرژێ، لەدوورەوە کەڵەبابێک دەقووقێنێ، گەڵاکان زەردەخەنەیان وا لەسەر لێو، خوداوەند بۆتە باران و دونیا ئاو دەدا. ئەمە چ لەزەتێکە خودایە! چ بەختەوەرییەکە! چما چۆن ئەرز و باران و ئەو بۆنەی کە لە پەیین و لیمۆوە دێ لەگەڵ دڵی ئینساندا ناتوێنەوە و یەکانگیری یەکدی نابن! بەڕاستیی ئینسان هەروەکی خاک وەهایە. هەر بۆیە ئەمیش وەک خاک دڵی بەو بارانە بەهارییە هێورو میهرەبانە دەکرێتەوە. دڵم ئاو دەخواتەوە، خونچە دەکات، خونچەیەک دەپشکوێ و ئیدی باوکە فرانسیسکۆس تۆ لەناوییەوە دێیتە دەرێ.

باوکە فرانسیسکۆس، هەموو خاکی ناخم خونچەی کردووە، یادەوەرییەکان ژیاونەتەوە، زەمەن ڕەوڕەوەکەی بۆ دواوە گەڕاندۆتەوە و هەموو ئەو ساتە پیرۆزانە گیانیان تێ هاتۆتەوە کە تیایاندا پێکەوە سەفەرمان بەسەر ئەرزدا دەکرد. یەکەمجار تۆ هەنگاوت دەنا و منیش بەترسەوە شوێن پای تۆم هەڵدەگرت. بیرتدێ ئێمە کەنگێ یەکەمینجار یەکتریمان بینی؟ شەو بوو، مانگی ئۆگۆستی و مانگ لەئاسماندا چواردە، من برسیم بوو، کاتێک خۆم بەشاری ئاسیزیی بەناوبانگدا کرد لەتاو برسێتیی لەترم دەدا. سوپاس بۆ خودا کە من زۆر جاران بەو شارە پڕشکۆیە خۆشنوود بووم. بەڵام ئەو شەوە ئاسیزیی شتێکی تر بوو، شتێک کە لەباسکردن نایەت. ئەوە چ موجیزەیەک بوو؟ ئەدی من لەکوێ بووم؟ خانووەکان، کڵێساکان، بورجەکە و قەڵاکە لەبۆشاییدا و بەسەر شەپۆلی زەریایەکی سپیی درەوشاوە و لەژێر ئاسمانێکی وەنەوشەییدا بوون. ئێوارە بوو لە دەروازەی قەدیس پێترۆس، دەروازە نوێیەکەی شارەوە چوومە ژوورێ، مانگ چواردە و سوورباو و نازەنین وەک خۆرێکی میهرەبان هەڵات و ئەوجا قەڵبەزەیەک لە ڕووناکیی، لەو بەرزاییەوە، لە قەڵاکەوە، لە

(ڕووکا) وە دەڕژا بەسەر سەربانی خانووەکان و ناقوسی بورجەکاندا و ئەو شەقامە بچووکانەشیان لێ پڕ دەبوو کە وەک جۆگەلە دەبریسکانەوە و چاڵەکانیش خەریک بوو لێورێژ لە شیر دەبوون، ڕوخساری خەڵکەکە بەجۆرێک پرشنگی دەدا کە دەتگوت بیر لەخودا دەکەنەوە. ڕاوەستام، خاچم کێشا و بەخۆم گوت:

– "داخۆ ئێرە ئاسیزییە؟ ئایا ئەمانە ماڵ و خەڵک و ناقوسی بورجن یاخۆ من بەزیندوویی هاتوومەتە بەهەشتەوە؟"

دەستم ڕایەڵ کرد و ناولەپم پڕ بوو لە تریفە، تریفەی مانگ تورت و شیرین بوو وەک هەنگوین، هەستم کرد لێوو لاجانگەکانم بەبەخشندەیی خودا فێنک دەبنەوە، ئیتر حاڵی بووم و ئەمجارەیش هاوارم کرد: "دڵنیام قەدیسێک بێرەدا تێپەڕیوە، من بۆنی وی لەهەوادا دەکەم!"

بەنێو تریفەی مانگدا چوومە پێشێ و بەجاددە باریک و بچووکەکاندا داگەڕام تا گەیشتمە گۆڕەپانی قەدیس جیۆرج، ئێوارەیەکی درەنگی شەممە بوو، خەڵکێکی زۆر لەوێ کۆببوونەوە. قیژە و هاواری قرخن، گۆرانیی، نەغمەی ماندۆلین، بۆنی خۆشی ماسی برژاو و بۆنی کەباب لەسەر پشکۆ، بۆنی گوڵەباخ و یاسەمین. برسێتیی زۆری بۆ هێنام، ئەوسا خۆم لەتاقمێکیان نزیک خستەوە و پێمگوتن:

– "هێی ئەی خەڵکانی مەسیحیی، کامتان لەم شارە بەناوو شۆرەتەی ئاسیزییدا چاکەیەکم لەگەڵ دەکات؟ من دەمەوێ بخۆم و بنووم و سبەینێ بەیانییش ئێرە جێبێڵم؟"

ئەوان لەسەرەوە بۆ خوارەوە دیقەتیاندام و دایانە قاقای پێکەنین.

بەپێکەنینێکی گاڵتەجاڕیانەوە گوتیان:

– "تۆ کێیت کوڕی قۆز؟ ئا وەرە پێشەوە تا لەخزمەتتا بین!" بۆ ئەوەی بیانترسێنم گوتم: "ڕەنگە من مەسیح بم، ئەو هەندێکجار وەک سواڵکەرێک لەدونیادا دەردەکەوێتەوە!"

یەکێکیان گوتی:

– "فەقیر لەبەر خاتری خۆت چتی وەها مەڵێ، ئاهەنگەکەمان لێ تێک مەدە، بڕۆ...



بەڕێی خۆتا بڕۆ، دیارە خۆ ناتەوێ هەمووومان هەستین و بکەوینە لەخاچدانت!"

هەمدیس لە قاقای پێکەنینیان دایەوە. بەڵام جحێڵێکیان لەناودابوو کە بەزەیی پێمدا هاتەوە و گوتی: "فرانسیسکۆسی سەخیی و دەست و دڵ کراوە، کوڕەکەی (پێترۆ بێرناردۆنێ) تاقە کەسێکە دەتوانێ بەهاناتەوە بێ. بەختت هەیە، ئەو دوێنێ وەکی پشیلەیەکی تەڕ لە (سپۆلێتۆ) گەڕاوەتەوە. بڕۆو بیدۆزەوە!"

ئەوسا زەلامێکی درێژو لاواز و لە مشک چوو کە ناوی ساباتینۆ بوو بەڕاکردن هاتە پێشەوە. ساڵانێکی زۆر دواتر کاتێک ئەویش بووە یەکێک لەقوتابییەکانی فرانسیسکۆس، یەکتریمان بینییەوە و پێکەوە بەپێی پەتیی بەجاددەکانی دونیادا پیاسەمان کرد. وا ئەم ئێوارەیە ساباتینۆ بۆ یەکەمینجار ناوی فرانسیسکۆسی ژنەفت و بیستنی ئەو ناوە وای کرد بەڕقەوە لە قاقای پێکەنین بدا.

گوتی: "ئەو بەچەکی زێڕین و پەڕەوە چووە بۆ سپۆلیتۆ تا بجەنگێ و کاری مەزن ئەنجام بدا و مێدالی سوارچاکیی بەیەخەیەوە بکرێ، پاشان بگەڕێتەوە و وەکی کەڵەشێر خۆیمان بەسەردا فشکاتەوە. بەڵام خودا خۆی دەزانێ چ دەکات، یەک شەپازللەی تێ سرەواند، وا هەنووکەش وەک بێچووە کەڵەشێرێکی ئاوەڕووتکراو تەشریفی هێناوەتەوە!"

وای گوت و ئەوسا کەوتە چەپڵەکوتان.

بەپێکەنینەوە گوتی: "دەی با گۆرانییەکی پیاهەڵدەین، کوڕینە هەستن، هەموو بەیەک دەنگ!"

دەسوبرد پێکەوە بەدەنگی بەرز کەوتنە گۆرانیی چڕین و چەپڵەکوتان:

ئەو چووە بەرەو سپۆلیتۆ

بەنیازی پەلامار چووە بەرەو سپۆلیتۆ

کەچیی بەبەزیویی گەڕاوەتەوە!

لە خواردن و شەرابەکەم نۆڕی، برسێتیی بڕستی لێ بڕیبووم، پاڵم بەدنگەی دەرگاکەوە دادا و بەهەناسەبڕکێوە گوتم:

– "ئەم فرانسیسکۆسە سەخیی و دەست و دڵکراوەیە لەکوێیە؟ خودا بیپارێزێ،

لەکوێ بیدۆزمەوە تا بڕۆم و بەسەر پایدا بکەوم؟"

کوڕە جحێڵەکە ناونیشانەکەی بۆ هەڵدام، گوتی: "بچۆ بۆ ژووروی شار، دەیبینیت لەژێر پەنجەرەیەکدا ڕاوەستاوە و گۆرانیی بۆ دوڵبەرەکەی دەچڕێ!"

بەو کۆڵانە باریکانەدا کەوتمە سەرکەوتن و دابەزین، برسێتیی دەهاتەوە وێژەم، لەو دوکەڵەم دەنۆڕیی کە لەدوکەڵکێشەکانەوە دەهاتە دەرێ، ئەو خەڵکە ئاقڵانە چێشتیان لێنابوو، من بۆنی چێشتەکەیانم هەڵدەمژت. هەناوم دەتگوت هێشووە ترێیەکی هەڵواسراوە کە مشک و باڵندەکان دەنکەکانی بخۆن. نەمتوانی زیاتر لەوە بەرگە بگرم و کەوتمە کوفرکردن. بەڕقەوە دەمبۆڵاند.

– "ئای گەر بەدوای خودادا نەگەڕابام چ ئارامیی و بەختەوەرییەک دەهاتنە ڕێم! ئەلعان پارووی زلی نانی سپیم بەبەرازی بەفڕن برژاوەوە دەگلاند کە زۆر حەزم لێیەتی، یاخۆ کەروێشکی سوورەوەکراوم لەڕۆندا بەپیازۆو گەڵای داردێمشتی زیرە پێداکراوەوە دەخوارد و کوڵی تینوێتیم بەبوتڵێک شەرابی خەستی ئۆمبریسیی دادەمرکاندەوە. پاشان بۆ ئەوەی گەرم دابێم، بۆ دیداری بێوەژنێکی جوانکیلە دەچووم، بیستوومە چ لەزەتی گەرمایەک نییە بگاتە لەزەتی ئەو گەرمایەی لای بێوەژنێکی جوانکیلە دەسدەکەوێ. ئاگردان چییە لەچاویدا؟ بەڵام ئەدی من چ بکەم، منێک کە بەدوای خوداوەنددا دەگەڕێم!"

بەپەلە دەڕۆیشتم بۆ ئەوەی گەرم دابێم، گوژمم دەدایە خۆم و ڕامدەکرد تا ڕزگاربم لەهەوەسەکان، ڕزگاربم لەخواردنی فڕنەکان، ڕزگاربم لە بێوەژنەکان، بۆ ئەوەی هەناسەیەکی پاقژ هەڵمژم. ئاوها سەرکەوتم بۆ قەڵاکە، بۆ ئەو (ڕووکا) بەناوو شۆرەتە، دیوارە بەشکۆکانی داڕووخابوون و دەروازەکانی ببوونە خەڵووز و دوو بورج بەدارڕماوی مابوونەوە. گژوگیا لەنێو بەردەکانەوە سەریان هێنابووەدەرێ و بەردەکانیان شاردبۆوە. تەنێ چەند ساڵێک لەوەوبەر بوو خەڵکی ئەم ناوچەیە ڕاپەڕیبوون، ئیدی لەوە زیاتر تاوی زوڵم و زۆری ئاغاکانیان نەمابوو، ڕاپەڕیبوون و ئەم هێلانەی بازەیان نغرۆکردبوو.

حەزم دەکرد پیاسەیەک بەو ناوەدا بکەم و دڵم بەو وێرانییە خۆشکەم، دڵم بەوێرانەی ئەو کەڵەگایانە خۆشکەم کە تاپێیانکرابوو خواردبوویان و



خواردبوویانەوە، ئەوا ئێستاش نۆرەی ئێمە بوو، بەڵام بایەکی سارد هەڵیکرد و ئیدی منیش ناچار دابەزیمە خوارەوە، چرای ماڵەکان کوژابوونەوە و هەنووکە خەڵکەکانی ناویان خەو بردبوونییەوە و پرخەیان دەهات. ئەوانە باشیان خواردبوو، باشیان خواردبۆوە و هەنووکەش خەوتبوون و دەیانپرخاند. ئاخر ئەم خاوەن ماڵە ئاقڵانە ئەو خوداوەندەیان دۆزیبۆوە کە بەدوایدا گەڕابوون، خوداوەندەک لە نەوعی خۆیان، خوداوەندەک بەمناڵ و ژن و پێداویستییەکانی ماڵەوە، بەڵام من، منی گەمژە، لەجاددەکانی ئاسیزییدا دەسووڕامەوە و دەرگاکانی ئاسمانم دەکوتا، لەرزۆک و برسیی و پێپەتیی، گا کفرم دەکرد و گا لەخودا دەپاڕامەوە بەزەیی پێمدابێتەوە و گەرممکاتەوە. دەمەو نیوەشەو، نزیک ماڵی سەرەک قەشە، دەنگی ئاوازی سیتارو بلوێرم ژنەفت، ئەوانە چەند جحێڵێک بوون و گۆرانییان بۆ دوڵبەرەکانیان دەچڕی، یەکێکیان گۆرانیی دەگوت. لەسەر نووکی پێ چوومە پێشێ و لەودیو حەسارێکەوە خۆم حەشاردا و پاڵم بەدیوارەکەوەدا. لەنزیک ماڵەکەی (کۆنت چێفی) یەوە پێنج شەش جحێڵ بەسیتار و بلوێرەوە ڕاوەستابوون، بچووکترین جحێڵیان پەڕێک بەکڵاوەکەیەوە بوو، چاوی بڕیبووە پەنجەرەیەکی میلدار و بەقوڕگێکی گیراو گۆرانیی دەچڕی. ڕاوەستابوو، گۆرانیی دەگوت و دەستی بەنیشانەی خاچ لەسەر سینگ دانابوو. جحێڵەکانی تریش دەوریانداو و بەسیتار و بلوێرەوە گۆرانییەکەیان لەگەڵدا دەگوتەوە. ئەوە چ دەنگێک بوو خودایە! چ چێژێک و چ سۆزێک و چ دۆعایەک و چ ئەمرێک! من ئەلعان ئەو گۆرانییەم بیر نایەتەوە، دەکرا لای خۆم یاداشتم کردبا و بۆ ساتە ئەبەدییەکانم هەڵگرتبا، بەڵام بیرمدێ گۆرانییەکە لەبارەی کۆترێکی سپیی و بازێکەوە بوو، وەک بڵێی بازەکە کەوتبێتە دوای کۆترەکە و بیەوێ بیگرێ، جحێڵەکە لەگۆرانییەکەیدا کۆترەکەی بانگدەکرد تا بێت و سینگی ئەم بکاتە پەناگە. وی ئارام و لەسەرخۆ گۆرانی دەچڕی، وەک ئەوەی بترسێ نەبا کیژە نووستووەکەی ئەودیو پەنجەرە میلدارەکە بەئاگابێتەوە، پێدەچوو ئەو گۆرانیی بۆ ئەو جەستە نووستووە نەچڕێ، بەڵکو بۆ ئەو ڕۆحە بێدارەی بڵێ. وروژام و چاوانم پڕ بوون لە فرمێسک، ئەرێ ئەم دەنگەم لە کوێ بیستبوو؟ کەنگێ و لەکوێ ئەم بانگەم گوێ لێببوو؟ کۆترەکە لەترسا دەیزیکاند و بازەکەش بەقریشکە قریشک دوای کەوتبوو، لەدووری

دووریشەوە دەنگێکی گوێنەواز کۆترەکەی بۆ ڕزگاربوون بانگێشتدەکرد.

کوڕە جحێڵەکان لەوەدابوون ئەوێ جێبێڵن، سیتار و بلوێرەکانیان نایە سەرشان، هاواریان بۆ سترانبێژەکە کرد: "فرانسیسکۆس وەرە با بڕۆین. بۆ ڕاوەستاویت؟ وەرە ئێمەیش دەڕۆین. ئەمشەویش خانمی خاوەن شکۆت پەنجەرەکە ناکاتەوە و کەرەمناکا گوڵێکت بۆهەڵدات!"

وایانگوت و پێکەنین. بەڵام سترانبێژەکە وەڵامی نەدایەوە، یەکەمجار ئەو هەنگاوی هەڵێنا و بەرەو سووچی کۆڵانەکە داگەڕا تا بەرەو گۆڕەپانەکە بەرەو خوار بێتەوە کە هێشتا لەوێ دەنگی گۆرانیبێژان لە مەیخانەکانەوە دەهات. خێرا بەڕاکردن کەوتمە دوای، دەترسام لێم بزربێ، کوتوپڕ هەستمکرد ڕۆحم کۆترێکە، بازەکەیش شەیتانە و ئەو جحێڵەش ئەو سینگەیە کە من دەتوانم بیکەمە پەناگە. جبە شڕوپڕەکەم لەخۆم کردەوە و فڕێمدا و لەسەر عەردەکە لەبەر پایدا ڕامخست تا بەسەریدا بڕوات، بۆنی عەتر لەتەواوی جەستەیەوە دەهات، بۆنی هەنگوین، بۆنی مۆم، بۆنی گوڵەباخ. حاڵیبووم لەوەی ئەم بۆنە خۆشە لە بەرخۆدانی پیرۆزی ئەوەوە دێ، لەو سنووقی ئێسک و پروسکە زیوەوە دێ کە یەکێک دەیکاتەوە و ئیدی هالاوی بۆنی قەدیسێک دەچێ بەسەریدا.

ئاوڕیدایەوە، تەماشایکردم و زەردەخەنەیەکی هاتێ.

بەزەردەخەنەوە گوتی: " بۆچی واتکرد؟"

– "گەورەم نازانم، ئەدی پێتوایە چۆن بزانم؟ جبەکە لەخۆوە لەسەر شانم داخزا و لەسەر عەردەکە خۆی ڕاخست تا تۆی بەسەردا بڕۆیت!"

ئەو لەهەمان شوێندا مایەوە و زەردەخەنەکەی سەر ڕوخساری کوژایەوە، بەشڵەژاویی هاتە پێشێ و لێی پرسیم: "چ ئاماژەیەکت لەفەزادا بینیی؟"

– "نازانم گەورەم، هەموو شتەکان ئاماژەن. برسێتیی من، مانگ، دەنگیی تۆ، پرسیارم لێ مەکە، ئەگینا دەدەمە قوڵپی گریان!"

لەبەرخۆوە گوتی: "هەموو شتێک ئاماژەیە!"

وای گوت و بەنائارامیی تەماشای دەوروبەری خۆی کرد. دەستەکانی ڕایەڵ کرد، لچە ئەستوورەکەی بەجۆرێک جوڵاند هەروەک ئەوەی بیەوێ پرسیاری شتێکم



لێبکات، بەڵام نەیدەتوانی پرسیارەکەی بهێنێتە سەر زوبان. لەژێر ڕێژنەی ڕۆشنایی مانگدا، ڕوخساری هەروەک ئەوەی تووابێتەوە وەها بوو، دەستەکانی تەنک ببوونەوە.

هەنگاوێکینا و لێمنزیکبۆوە، دانەویمەوە تاگوێم لێیبێ و بزانم چ دەڵێ. بۆنی شەرابم لە هەناسەیدا دەکرد.

بەتووڕەیی گوتی:

– "چ نییە، ئاوها سەیرم مەکە، چ شتێکم نییە پێت بڵێم!"

بەپەلە بەسەر پێپلیکانەکەدا سەرکەوت، گوتی: "لەتەکمدا وەرە!"

بەپەلە بەژێر ڕۆشنایی مانگدا، بەدەم سەیرکردنییەوە کەوتمە دوای. جلکێکی ئاوریشمیی پۆشیبوو، پەڕێکی سوور بەکڵاوەکەیەوە بوو، گوڵە مێخەکێکیش بەلاگوێیەوە. بەخۆمگوت: "ئەم پیاوە بەدوای خودادا ناگەڕێ، ئاخر ڕۆحی تەسلیمی جەستەی بووە!"

تەنانەت بەزەییم پێیداهاتەوە، دەستم هەڵێنا و مەچەکیم گرت، گوتم: "گەورەم، بمبوورە تەنها دەمەوێ لەبارەی شتێکەوە پرسیارێکت لێ بکەم. تۆ دەخۆیت و دەخۆیتەوە، جلکی ئاوریشم دەپۆشیت، لەبەر پەنجەرەکاندا ستران دبێژیت، ژیانت ئاهەنگێکە بۆ خۆی، چما ئیدی لە چ شتێکت کەمە؟"

کوڕەی جحێڵ لە ناکاوێکرا لای بۆ کردمەوە، بەتووڕەیی مەچەکی ڕاپسکانم تا ئیتر نەتوانم دەستم بەریکەوێ.

بەتووڕەیی گوتی: "لە هیچم کەم نییە، بۆچی پرسیارم لێ دەکەیت؟ من حەزناکەم کەس پرسیارم لێ بکات!"

کەمێک قسەکەیم لەدڵ گرت.

وەڵامیمدایەوە: "گەورەم ئاخر لەبەر ئەوەیە بەزەییم پێتدا دێتەوە!"

بەفیزێکەوە سەری ڕاوەشاند.

بەپێکەنینەوە گوتی: "من؟ تۆ بەزەییت بەمندا دێتەوە؟"

بەڵام دوای ساتێک دەنگی نزم کردەوە، بەدەنگێکی لەرزۆک گوتی: "بۆچی بەزەییت بەمندا دێتەوە؟ بۆچی؟"

جارێکی تریش دووبارەی کردەوە: "بۆچی؟"

دانەوێوە و چاوی لەچاوانم بڕی.

گوتی: "تۆ کێیت؟ تۆ کە وەک سواڵکەرێک خۆت گۆڕیوە؟ تۆ کێیت؟ کێ تۆی ناردووە تا لەم نیوەشەوەدا لەجاددەکانی ئاسیزییدا بکەویتە شوێنم؟"

تووڕە ببوو.

– "ددانی پێدانێ! یەکێک تۆی ناردووە، کێ ناردووتی؟"

ئەوجا بێئەوەی چاوەڕێی وەڵام بێ، لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

– "لە هیچم کەم نییە!" وای گوت و ئەوجا قاچی بەعەردەکەدا کوتا و گوتی: "حەزناکەم کەس بەزەیی پێمدابێتەوە. حەزدەکەم بەخێلیم پێبببرێ، نا، نا، من لە هیچم کەم نییە!"

گوتم: "لە هیچ، تەنانەت لە ئاسمانیش؟"

سەری داگرت و بێدەنگبوو، پاش لەحزەیەک گوتی:

– "چ شتێک هێندەی ئاسمان لێمانەوە نزیک نییە، عەرد لەژێر پێماندایە و پێی پێدادەنێین، بەڵام ئاسمان لە ناوەوەماندایە!"

مانگ خەریکبوو ئاوا دەبوو، چەند ئەستێرەیەک بەئاسمانەوە دەبینران. سەدای سترانگەلی تەژی لەسۆز لەگەڕەکە دوورەکانەوە دەگەیشتنە گوێ، ئێوارەی هاوین شەلاڵ بوو لە بۆنی عەترو بۆنی ئەڤین. لەخوارەوە، لە گۆڕەپانەکە غەڵبەغەڵبێک دەهاتە گوێ.

هەمدیس گوتم: "گەورەم، ئاسمان لە ناوەوەماندایە!"

بەسەرسوڕمانەوە سەیری کردم و پرسیی: "تۆ لەکوێوە دەزانیت؟"

– "ئاخر من برسێتیم چەشتووە، تینوێتیم چەشتووە، ئازارم کێشاوە. من دەزانم!"

قۆڵی گرتم و گوتی: "وەرە دەچینەوە ماڵەوە. سفرەیەکت بۆ ڕادەخەم نان بخۆیت، جێگەیەکت بۆ دادەخەم بنوویت، بەڵام لەبارەی ئاسمانەوە قسانم بۆ مەکە. ڕەنگە ئاسمان لە تۆدا هەبێ، بەڵام لەمندا نییە!"

چاوانی لەتووڕەییدا پریشکیان دەدا، قوڕگی گیرا بوو.



دابەزینە خوارەوە بۆ گۆڕەپانەکە، هێشتا دەنگی قیژەقیژ و هەراوزەنا لەمەیخانەکانەوە دەهات، لەخانوویەکی نزمدا چرایەکی سوور داگیرسابوو، کوڕە لاوە سەرخۆشەکان خۆیان بەو خانووەدا دەکرد و لێی دەهاتنە دەرەوە. گوێدرێژە چکۆڵەکان لەگوندەکانەوە دەهاتن، بارکرابوون لەسەوزەو میوە، دوو پیاوی بازوو ئەستوور مێخزنجیریان دادەکوتی و گوریسەکانیان پێوە دەبەستەوە، ئەوانیتر بەدەوری مێزێکدا دادەنیشتن و دەکەوتنە ڕێکخستنی کاسەی شەراب و پەرداخی بادە، دوکاندارەکان ڕۆژێک پێشتر خۆیان بۆ بازاڕی یەکشەممە ئامادە کردبوو.

دوو جحێڵی سەرخۆش لەژێر ڕۆشنایی مانگدا گاڵتەیان بەفرانسیسکۆس دەکرد و بەدزییەوە پێی پێدەکەنین. یەکێکیان سیتارەکەی لە شانی دادەگرت و دەکەوتە گۆرانی چڕین، بەسوکایەتیی پێکردنیشەوە تەماشای فرانسیسکۆسی دەکرد:

تۆ هێلانەکە چەندێک لە بەرزیدا دروستکەیت
دواجار لق و پەلکی درەختەکەت دەشکێ
ئیدی باڵندەکە دەفڕێ و تەنێ خەم دەمێنێتەوە.

فرانسیسکۆس لارەمل و بێ جووڵە گوێی بۆ گۆرانییەکە ڕادێرابوو. لەژێر لێوەوە گوتی: "ڕاست دەکات، ڕاست دەکات!"

گونجاو نەبوو هیچ بڵێم، بەڵام لەبەرئەوەی لادێیی بووم، خۆم نەگرت و زارم هەڵێنایەوە:

پرسیم: "کام باڵندە؟"

فرانسیسکۆس ئاوڕی دایەوە و تەماشای کردم، هێند ڕوانینی تەژیی بوو لەخەم کە نەمتوانی کۆنترۆڵی خۆم بکەم، ناچار پەلاماری دەستیمدا و ماچمکرد.

گوتم: "بمبوورە!"

ڕوخساری هێور بۆوە.

لەژێر لێوەوە گوتی: "کام باڵندە؟ دەبێ بزانم کام باڵندە؟"

هەناسەیەکی قووڵی دا.

بەدڵساردییەکەوە گوتی: "نازانم، نازانم، لێم مەپرسە! وەرە!"

وەک ئەوەی بترسێ جێبیێڵم، توند قۆڵی گرتم.

بەڵام ئاخر بۆ کوێ چووبام؟ رووم لەکوێ کردبا؟ لەو ساتەوە بەدووا ئیدی لێی جیانەبوومەوە. باوکە فرانسیسکۆس ئاخۆ تۆ هەمان ئەو کەسە نەبوویت کە من ساڵانێک بەدواتا گەڕام؟ ئاخۆ ئەمە هەمان ئەو شتە نەبوو کە لەپێناویدا لەدایک ببووم، ئەوەی کە دواتکەوم و گوێت بۆ ڕادێرم؟ ئاخر من سەراپا گوێ بووم نەک زار، من تەنێ گوێم بۆ ڕادەدێرایت و تۆیش ئەوەی بەکەست نەدەگوت بۆ منت دەدرکاند. دەستت دەگرتم و دەچووینە دارستانەکانەوە، بەچیاکاندا هەڵدەگژاین و تۆ هەر دەدوایت.

تۆ دەتگوت: "برا لیۆن، گەر تۆ نەبایت ئەوا ئەم قسانەم بۆ بەردێک دەکرد، ئەم قسانەم بۆ مێروولەیەک دەگێڕانەوە، بۆ گەڵایەکی چکۆڵەی زەیتون. لەبەرئەوەی دڵم هێند پڕە گەر نەیکەمەوە و بەتاڵی نەکەمەوە ئەوا ڕەنگە هەپروون بەهەپروون بێ و ببێ بەهەزار کەرتەوە!"

هەر بۆیە من شتگەلێک لەبارەی تۆوە دەزانم کە هیچ کەسێکی تر نایانزانێ. تۆ زیاتر لەوە گوناهت کردووە کە خەڵکی مەزەندە دەکەن و زیاتر لەوە موجیزەت نواندووە کە خەڵکیی باوەڕ دەکەن. تۆ بۆ ئەوەی بگەیتە ئاسمان، قووڵایی دۆزەخت تەی کردووە. تۆ زۆر جاران بەمنت دەگوت: "تا شوێنگەی قیامەت نزمتربێ، دەگەیتە شوێنگەی بەرزتر. باڵاترین بەها بۆ مەسیحییەکی تێکۆشەر لەتەقوای ویدا نییە، بەڵکو لەو بەرخۆدانەدایە کە ئەو هەموو بێشەرمیی و ناعەدالەتیی و بێباوەڕیی و شەڕانگێزییەی ناو خۆی دەگۆڕێ بەفەزیلەت، ڕۆژێک دێ کە بەنێوبانگترین سەرۆکی مەلاییکەتەکانی پاڵ خودا نە میکاییل دەبێ، نە جوبراییل دەبێ و نە ڕافاییل، بەڵکو شەیتان (لیوسیفێر) دەبێ کە تاریکاییە ترسناکەکەی ناخی بەفەزیلەت دەگۆڕێ."

من بەدەمێکی داپچڕاوەوە گوێم بۆ ڕادەدێرایت. خودایە ئەمانە چ قسانێکی تەژیی لە لەزەتن! بیرم دەکردەوە: "کەواتە خودی گوناهیش دەبێتە ڕێگەیەک بۆ ڕۆیشتن بەرەو لای خودا؟ هەروەها گوناهباریش دەتوانێ بەئومێدی ڕزگاربوون بژێت؟"

من تەنها کەسێکیش بووم کە هەستم بەئەڤینی تۆ بۆ کلارای کچی جەنابی (فاچۆرینۆ چیفی) کردبوو. خەڵکانێکی ترسنۆک هەبوون پێیانوابوو تۆ تەنها ڕۆحی



ویت خۆشدەوێ، بەڵام تۆ بەر لە هەرشتێک جەستەیت خۆشدەویست. هەر ئەمەش بەلارێیدا بردیت، بەڵام دوای بەرخۆدانێکی سەخت و ڕزگاربوون لە بۆسەی هەوەسەکان، بەیارمەتی خودا توانیت ڕۆحی وی بدۆزیتەوە. تۆ ئەو ڕۆحەت خۆشدەویست بەبێ ئەوەی چاو لەجەستەشی بپۆشیت و بەبێ ئەوەی دەستیشی بۆ بەریت. ئەم ئەڤینە جەستەییەت بۆ کلارا نەبووە بەربەستی ڕێگای بەردەمت، بەڵکو لەبری ئەوە یارمەتیدایت خوداوەند بدۆزیتەوە، لەبەرئەوەی هەمان ئەم ئەڤینە بوو کە ڕازێکی گەورەی بۆ ئاشکراکردیت بەوەی بەچ تەرزێک و بەکامە بەرخۆدان دەتوانرێ جەستە بکرێتە ڕۆح.

هەموو ئەڤینەکان یەکێکن، ئەڤین بۆ هاوسەر، بۆ کوڕ، بۆ دایک، بۆ زێدی باوان، بۆ بیروباوەڕ و بۆ خودا، تۆیش لە نزمترین پێپلیکانەی ئەڤیندا ڕاوەستابوویت و ئەو ڕێگەیەت کردەوە کە دەیبردیتەوە لای خودا. تۆ هەروا دژی جەستەش تێکۆشایت و ئەو نەهێنییەت تەختی عەرد کرد، پاشان ئاوێتەی خوێن و فرمێسکی خۆت کرد و پاش ساڵانێک لە شەڕێکی ترسناکدا ئەوەت گۆڕی بەڕۆح. چما تۆ هەمان چتت لەگەڵ هەموو فەزیلەت و لەگەڵ هەموو گوناهەکانتا نەکرد؟ ئاخر ئەوانەش جەستە بوون، ئەوانەش کلارا بوون، پێکەنین و گریان و هەڵلەرزینەکان، هەموویانت گۆڕی بەڕۆح. ئەمە ڕێگەکە بوو، جگە لەوە چ ڕێگەیەکیتر نەبوو، ئیدی تۆ دەچوویتە پێشێ و منیش لەرزە لەرز دواتدەکەوتم.

ڕۆژێکیان کە تەماشام دەکردیت، بەجەستەیەکی شەلاڵ بەزامی خوێناوییەوە، ناڵەناڵ بەسەر گاشەبەردە خوێناوییەکاندا هەڵدەگژایت، لەڕۆحمەوە بەزەییم پیاتدا دەهاتەوە، ڕامکرد و ئەژنۆکانتم لەباوەشگرت.

هاوارم کرد: "برا فرانسیسکۆس، بۆچی ئەوها جەستەت عەزاب دەدەیت؟ ئاخر جەستەش دەسکردی خوداوەند و پێویستی بەسەرپەرشتیی هەیە، ئاخۆ چ بەزەییت بەو خوێنەدا نایەتەوە کە ئاوها بەجەستەتدا چۆڕاوگەی بەستووە؟"

بەڵام تۆ سەرت ڕاوەشاند و وەڵامتدامەوە:

– "برا لیۆن، ئەوڕۆکە دونیا ئاوهایە، ئەو کەسەی خاوەن فەزیلەتە، دەبێ هەر وابێ تا دەگاتە تەقوای قەدیس، بەڵێ تا دەگاتە سەروو تەقوای قەدیس، ئەوەشی

گوناهکارە دەبێ هەر گوناهکار بێ تا دەگاتە دڕندەیی ئاژەڵ، بەڵێ تا دەگاتە سەروو دڕندەیی ئاژەڵ. ئەوڕۆکە ڕێگەیەکی تەخت وهەموار لەمیاندا نییە!"

جارێکیتر نائومێدانە لە عەردت دەنۆڕی کە دەیویست هەڵتلووشێ و لەئاسمانت دەنۆڕی کە نەیدەتوانی یارمەتیت بدات. ئاوڕت بۆ دەدامەوە و قسانت بۆ دەکردم و قسەکانت لەرزیان لێدەهێنام.

تۆ دەتگوت: "برا لیۆن گوێڕادێرە، دەمەوێ ڕاستییەکی تاڵت پێبڵێم، گەر نەتتوانی بەرگەی بگریت ئەوا بیر خۆتی بەرەوە، گوێم بۆ ڕادەدێریت؟"

وەڵامم دەدایتەوە: "ئا، باوکە فرانسیسکۆس!"

وامدەگوت و لەرز سەراپای داگیر دەکردم.

تۆ دەستت دەنایە سەر شانم، وەک ئەوەی بتەوێ بمپارێزیت و نەهێڵیت بکەوم.

– "برا لیۆن، ئیمان و تەقوا ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی لە هەموو تشتە زەمینیی و هەروا هەموو تشتە ئاسمانییەکانیش بکێشێتەوە!"

بەڵام کاتێک ئەو کفرانەت لەدەم دەرچوون، جەستەت کەوتە هەڵلەرزین، دانەویتەوە و چنگێک خۆڵت هەڵگرت و ترنجانتە دەمتەوە. دەستت نایە سەر لێوت و لەرز دایگرتیت و تەماشات کردم، پاش ساتێک گوتت: "چمگوت؟ ئەرێ هیچم گوت؟ بێدەنگ!" واتگوت و کوڵی گریانت بەربوو.

هەموو ئێوارانێک لەبەر تیشکی چراکەدا قسەکانتم دەنووسییەوە، هەموو بەسەرهاتەکانتم یاداشت دەکردن تا بەهەدەر نەچن.

من گوتم: "قسەیەک دەتوانێ ڕۆحێک ڕزگارکات!" ئاخر گەر ئەو قسانەم یاداشت نەکردبان و گەر ئەوانەم بۆ خەڵکیی ئاشکرا نەکردبان، ئەوا ئەو ڕۆحە ڕزگار نەدەبوو، ئەوسا ئەو گوناهەش دەکەوتە ملی من. زۆر جاران دەستمدەدایە قەڵەم تا بنووسم، بەڵام هەر زوو قەڵەمەکەم وەلا دەنا و ترس سەراپای داگیر دەکردم. من لەوان، خودایە تۆبە، لە پیتەکانی ئەلفوبێ دەترسام، ئاخر ئەوانە شەیتانی فێڵباز و بێ شەرم و خەتەرن، هەر کە سەرقاپی شووشەی مەرەکەبەکە دەکەیتەوە تا بیانحەوێنیتەوە، لەدەستت هەڵدێن و ئیدی بۆت ناگیرێنەوە! ژیانیان تێدێ، یەک



دەگرن، جیادەبنەوە، سەرپێچیی لە بەجێهێنانی فەرمانەکاندا دەکەن، لەسەر قاقزەکە ڕیز دەبەستن، ڕەش و کلکدار و شاخدار، بێهوودە بونیادەم هاواردەکا و فەرماندەدا، کەچی ئەوان هەرچییان بوێ ئەوە دەکەن. بێشەرمانە لەبەردەمتا سەما دەکەن و زاووزێ دەکەن، فێڵبازانە ئەوەی ناتەوێ ئاشکرا بێ، ئاشکرای دەکەن و ئەوەشی لەقوڵاییتدایە و هەوڵدەدەیت بیهێنیتە سەر زار و ناوبژیوانیی خەڵکی پێبکەیت، ئەوان قاییل نابن بیڵێن. بەڵام یەکشەممەی ڕابردوو، کاتێک لە کڵێساوە دەگەڕامەوە، جورئەتمدایە بەر خۆم. ئاخۆ خوداوەند خۆی ئەو پیتە خەتەرانەی لەگەڵ یان دژی خواستی خۆیان لەئینجیلدا لەسەر یەکتری کەڵەکە نەکردووە؟ تۆیش ئازابە ئەی ڕۆحی من، مەترسە، قەڵەمەکە هەڵگرە و بنووسە!

بەڵام هەمدیس دردۆنگ بوومەوە، ئاخر ئەوانەی ئینجیلیان نووسیوە قوتابیانی مەسیح بوون، یەکێکیان فریشتەکەی و ئەویتریان شێرەکەی و سێیەمیان گاکەی و چوارەمیشیان هەڵۆکەی ئەو شتانەیان پێدەگوتن کە دەبوو بینووسن. بەڵام ئەدی من کێ؟

سالانێکی زۆر ئاوهایی لەگەڵ وشەکانی تۆدا دردۆنگ بووم و بەوردیی لەسەر پێستە و پەڕە کاغەز و توێکڵی درەخت یادداشتم دەکردن. دەمگوت: "باوکە فرانسیسکۆس ڕۆژێک دێ پیر دەبم و ئیدی ناتوانم ڕێبکەم، ئەوسا دەچمە دەیرێک و لە هێمنیی ئەو دەیرەدا خودا گوڕی ئەوەم پێدەبەخشێ کە بکەومە نووسینەوەی قسەو بەسەرهاتەکانت و بۆ ڕزگاریی دونیا داستانێکیان لێ بخوڵقێنم."

ئەز پەلەم بوو، لەبەر ئەوەی هەستم دەکرد کە چۆن وشەکان لەسەر پێستە و لەسەر پەڕە کاغەز و لەسەر توێکڵی درەخت دەکەونە جووڵە و ژیانیان تێدێ و نەمر دەبن و سەرهەڵدەبڕن و دەکەونە ڕێ. هەرچی فرانسیسکۆسیشە، هەستم دەکرد کە چۆناوچۆنی هەناسەبڕکێیەتی و بێ ماڵ و حاڵ بەدەوری دێرەکەمدا پیاسە دەکات. وەکی سواڵکەرێک دەست پان دەکاتەوە، دێتە باخچەکەوە، جگە لەمن کەسیتر نایبینێ، ئەوجا دێتە هۆدەکەمەوە. پێرێ ئێوارەش، بایەکی باکوریی هەڵی کرد، بایەکی سارد، مقەڵییە گڵێنەکەم گەشانەوە، ئەو سەرەک قەشە ئیماندارە ڕوخسەتی داومەتێ، لەبەرئەوەی پیرم تۆزە ئاگرێک لەژوورەکەمدا پێکەم. سەرم بەسەر

خوێندنەوەی دەسنووسێکی کۆنی ژیاننامەی قەدیساندا شۆڕکردبۆوە، موجیزەی قەدیسان گێژیان کردبووم و وەک کڵپەی ئاگر لەخۆیانەوە پێچابووم. من ئیدی بەسەر عەردەوە نەبووم، بەڵکو بەفەزاوە بووم، ئەوسا هەستمکرد کەسێک لەدوامەوەیە، ئاوڕم دایەوە و فرانسیسکۆسم بینی کە بەسەر مقەڵییەکەدا چەماوەتەوە. ڕاچڵەکیم و هاوارم کرد:

–" باوکە فرانسیسکۆس، ئەوە چۆن بوو بەهەشتت جێهێشت؟"

وەڵامیدامەوە: "سەرمامە، سەرمامە و برسیشمە، چ شتێکم نییە سەری بنێمە سەر!"

من هەنگوین و نانم هەبوو، بەپەلە ڕامکرد بۆی بێنم تا برسێتییەکەی پێ هێورکاتەوە، بەڵام کاتێک ئاوڕم بۆ دایەوە، کەسم لەوێدا نەبینی. ئەوە ئاماژەیەک بوو لەخوداوەوەند، ئاماژەیەکی ئاشکرابوو: (فرانسیسکۆس بێ ماڵ وحاڵ دەگەڕێتەوە بۆ سەر عەرد، دەی کەواتە ماڵێکی بۆ چێکە!)

هەمدیس ترس باڵی بەسەردا کێشامەوە، ماوەیەکی زۆر لەگەڵ خۆمدا جەنگیم، ماندوو بووم و سەرم نایە سەر دەسنووسەکە و خەو بردمییەوە. خەونێکم بینی: لەخەونەکەمدا هەر ئاوها لەژێر درەختێکی تەژیی بەگوڵدا ڕاکشابووم. خودا وەک سروەیەکی بۆنخۆش بەسەرمدا هەڵیکرد، درەختەکە درەختی بەهەشت بوو کە ئاوها ڕازابۆوە بەگوڵ! کوتوپڕ، ئەوکاتەی من لەنێوان پەلکە بەگوڵپۆشراوەکانەوە تەماشای ئاسمانم دەکرد، مەلێکی گچکە هات و لەسەر چڵێک نیشتەوە، ئەو مەلە وەک پیتێکی ئەلفوبێ وەها بوو، دەستی کردە خوێندن، پاشان دوو دوو، سێ سێ، ژمارەیەک مەلی تر هاتن و لەپەلکێکەوە دەفڕینە سەر پەلکێکی تر، دوو دوو ئەوجا سێ سێ و پاشان پێنج پێنج و ئەوسا هەموو پێکەوە گۆرانییەکی ئەفسووناوییان چڕیی. هەموو درەختەکە بووە گۆرانییەک، گۆرانییەکی بەچێژ، گۆرانییەک پڕ لە ڕەنج و لە ئەڤین و لە خەم. وا پێدەچوو بەدەستانێکی خاچکردووەوە بووبێتم بەژێر خاک و خۆڵی بەهارەوە و ئەو درەختە ڕازاوە بەگوڵەش لەمندا ڕووابێ. وەک بڵێی ڕەگەکانی ئەو درەختە لە جەستەمەوە ئالابن و خۆراکی درەختەکە لە جەستەمەوە هەڵمژن. هەموو خۆشیی و هەموو خەمێکی ژیانم ببوونە مەل و سترانیان دەچڕیی.



خەبەرم بۆوە و هێشتا هەستم دەکرد مەلەکان گۆرانیم تێدادەچڕن، ئاخر هێشتا خودا لە مندا خۆشیی نەکردبۆوە.

بەدرێژایی ئەو شەوە نووستم و سەریشم لەسەر دەسنووسەکە بوو. هەتاو گزنگیدا، هەستام و دەموچاوم شۆرد، جلکی پاکم پۆشی، زەنگی نوێژی بەیانیی لێدرا، نیشانەی خاچم کێشا و بەرەو کڵێسا شۆڕبوومەوە. نێوچەوان و دەم و سینگم بەبەردەکانەوە نوساند و نوێژی دواشێوم کرد، نوێژەکە کۆتایی هات، چ شتێکم بەکەس نەگوت تا نەبا هەناسەم پیس بێ، بەپەلە گەڕامەوە حوجرەکەم، من فڕیم، لەبەر ئەوەی فریشتەکان هەڵیانگرتم، من نەمبینین، بەڵام لەهەردوو لاوە گوێم لە وژەی باڵەکانیان بوو.

قەڵەمەکەم هەڵگرت و نیشانەی خاچم کێشا.

باوکە فرانسیسکۆس، ئەوا دەکەومە نووسینەوەی ژیانت.

خودا یارمەتیم بدات!

***

## یەک

سوێند دەخۆم ڕاستیی بڵێم. یارمەتی زەینم بدە خودایە! ئەقڵم ڕۆشنکەوە، خودایە مەهێڵە یەک وشەی زیادە بڵێم. ئەی چیا و کێڵگەکانی ئومبریێن ئێوەیش ببنە شایەتم، ئەی ئەو گاشە بەردانەی کە تەڕ بوون بەخوێنی ئەوی شەهید، ئەی ڕێوبانە تەمتوماناوی و پیس وپۆخڵەکانی ئیتالیا، ئەی ئەشکەوتە تاریکەکان، ئەی لوتکە بەبەفر پۆشراوەکان، ئەی ئەو بەلەمەی کە ئەوت بەرەو وڵاتە قاقڕەکانی خۆرهەڵات برد، ئەی گەڕەکان، ئەی گورگەکان، ئەی چەتەکان و ئەی ئەو تەیرانەی پەیامەکەی ویتان ژنەفت، هەمووتان وەرن و ببنە شایەت! برا لیۆن پێویستی بەئێوەیە، وەرن لای چەپ و لای ڕاستم بگرن و یارمەتیم بدەن کە ڕاستیی بێژم، ئەو تاقە ڕاستییەی کە ڕزگاربوونمی پێوە بەندە.

ئەز هەڵدەلەرزم، لەبەر ئەوەی زۆر جاران ناتوانم ڕاستیی لەدرۆ جیاکەمەوە. فرانسیسکۆس وەکی ئاوێکی بەخوڕ وەهایە لەبیرکردنەوەمدا. ئەو هەمیشە ڕوخسار دەگۆڕێ، من ناتوانم یەک وێنەی جێگیری لێهەڵگۆزم، ناتوانم دەست بنێمە سەر دڵم و بەدڵنیاییەوە بڵێم ئەو کورتەبالێ بووە یاخۆ بالابەرز، ئاخر زۆر جاران ئەوم بینیوە چکۆڵە و هەژار و پێستەکەی بەئێسقانەکەیەوە نووساو، خاوەن ڕیشێکی بژی قاوەیی ڕەنگ، دەم و لێوێکی ئەستوور، دوو گوێی گەورەی تووکن چون گوێچکەی کەروێشکی کێویی کە بەهۆیانەوە گوێی لە شتە بینراو و نەبینراوەکانی دونیا پێدەگرت. بەڵام دەستەکانی ناسک و پەنجەکانی باریک کە خانەدانزادەیی بنەماڵەکەی دەسەلماند. بەڵام کاتێک دەدوا یان نوێژی دەکرد یاخود پێی وابووایە کە تەنیایە، ئەوا بڵێسەی ئاگر لەجەستەیەوە هەڵدەچوو، دەبووە فریشتەیەکی بەشکۆ بەجووتێک باڵی سوورەوە و لەئاسماندا دەشنایەوە. خۆ ئەگەر شەو با، ئەوا بونیادەم دەترسا و خۆی لێ لادەدا تا نەبا بسووتێ.

هاوارم دەکرد: "برا فرانسیسکۆس، بکوژێرەوە، دونیا دەسوتێنیت!"



چاوانم هەڵبڕیی و بینیم بەژوور سەرمەوە ڕاوەستاوە، ئارام و زەردەخەنە لەسەر لێو، هەمدیس ڕوخساری هەمان نەرمیی و تاڵیی و هەژاریی بونیادەمانەی لەخۆ دەگرتەوە.

بیرمدێ جارێکیان لێمپرسی:

–" برا فرانسیسکۆس، کاتێک لە تاریکییدا بەتەنیایت، خودا چۆن دەبینیت؟"

وەڵامی دامەوە: "برا لیۆن وەک پەرداخێک ئاوی سازگار دەیبینم، وەک پەرداخێک ئاوی نەمر. من تینوومە، ئاوەکە دەخۆمەوە و ئیدی تا ئەبەد تینوێتیم دەشکێ!"

بەسەرسامیی ڕەتیمدایەوە: "خودا وەک پەرداخێک ئاوی سازگار؟"

– "برا لیۆن بۆ تۆ وا دەزانیت چییە؟ بۆچی سەرسام بوویت؟ چ شتێک نییە لە خودا ساکارتر بێ، چ شتێک نییە لە خودا سازگارتر و ڕەوانتر بۆ لێوی ئینسان خوڵقێنرابێ!"

بەڵام دوای چەند ساڵێک، ئەو کاتەی کە وی گلۆڵەیەک قژ و مشتێک چلوچێوی لێمابۆوە و گۆشت بەجەستەیەوە نەمابوو، بۆ ئەوەی قەشەگەل گوێیان لێنەبێ، دانەوێوە و بەدەنگێکی لەرزۆک پێیگوتم:

– "برا لیۆن، خودا ئاگرێکی گەورەیە، دەسووتێ و ئێمەیشی پێوە دەسووتێین!"

هێندەی زەینم ڕێگەم پێبدا، تەنها دەتوانم بەدڵنیاییەوە بڵێم کە ئەو لە ئەرزەوە بەرەو سەرێ کورتە بالا بوو، بەڵام لەسەرییەوە بەرەو خوار کەتە دەینواند.

دوو شتم بەباشیی لەبارەی جەستەیەوە وەبیردێتەوە، ئەوانیش پێوپل و چاوانێتی. ئاخر من سواڵکەرێک بووم، بەدرێژایی ژیانم بەسواڵ ژیاوم، هەزارەها پێوپلم بینیون کە بەدرێژایی ژیانیان پەتیی بەسەر بەرد و بەسەر خۆڵ و بەناو قوڕ و بەناو بەفردا ڕۆیشتوون، بەڵام هەرگیز پێگەلێکم نەبینیون کە هێندەی پێوپلی ئەو شەکەت و کەنەفت و لاواز بووبن، هەرگیز پێگەلێکم نەبینیون کە ئاوها بەڕێگاکاندا ڕۆیشتبن، کە ئاوها پۆشراو بووبن بەبرینی خوێناویی. کاتێک باوکە فرانسیسکۆس دەنووست، هەندێجار دادەنەویمەوە و بەئەسپایی پایم ماچدەکرد، وەک ئەوە وابوو هەموو عەزاب و خەمی مرۆڤایەتیی ماچ بکەم.

سەبارەت بەچاوەکانیشی، گەر بونیادەم بۆ یەکجاریش چاوانی وی بینیبێ، ناکرێ

بیری بچنەوە. چاوانی گەورە، شێوە بادامیی، ڕەش وەکی خەڵوز. هەرگیز چاوانێکم نەبینیون لەچاوانی ئەو میهرەبانتر و ئارامتربن. بەبێ چ گومانێک چاوانی لەدوو دەلاقە دەچوون، کاتێک دەکرانەوە، بونیادەم لەودیویانەوە دڵ و گورچیلە و سییەکانی دەبینین کە دەسووتان. زۆر جاران تەماشای دەکردم بەبێ ئەوەی بمبینێ. چما ئەو چیی دەبینی؟ نە پێست و نە گۆشت و نە کەللەسەر. ڕۆژێکیان بەهێوریی دەستی بەڕوخسارمدا هێنا، چاوانی پڕبوون لەسۆزو میهرەبانیی. گوتی:

– "برا لیۆن من تۆم خۆشدەوێ لەبەرئەوەی لێدەگەڕێی کرمەکان بەئازادیی بەسەر لێو و گوێتا بێن و بچن و دەریاننناکەیت!"

– "نایانبینم باوکە فرانسیسکۆس، کرمی چیی؟"

– "دڵنیام کاتێک نوێژ دەکەیت، یاخۆ دەنوویت و خەون بەبەهەشتەوە دەبینیت، دەیانبینیت. برا لیۆن تۆ دەیانبینی، بەڵام لەسەر ڕوخسارتیان دەرناکەیت، لەبەرئەوەی باش دەزانیت ئەوانە لەلایەن خوداوە، لەلایەن ئەو پادشا مەزنەوە نێردراون. خودا لەئاسماندا زەماوەندێتی و ئەوانەی ناردووە تا بۆ زەماوەندەکەی بانگهێشتمانکات، خودا لە بانگهێشتەکەیدا دەڵێ: سڵاوێکی زۆر لە پادشای گەورەوە، ئەو چاوەڕێتانە، وەرن!"

کاتێک لەگەڵ خەڵکیدا بووایە، پێدەکەنیی، سوعبەتی دەکرد، کوتوپڕ هەڵدەبەزێوە و دەکەوتە سەماکردن، یان دوو پارچە داری هەڵدەگرت و وایدەنواند کەمانچە دەژەنێ و ئیدی دەکەوتە چڕینی گۆرانییەکانی خۆی لەبارەی خوداوەندوە. هەڵبەت ئەو بۆیە وایدەکرد تا ئازایەتیی ببەخشێتە خەڵکیی، لەبەرئەوەی باش دەیزانی ڕۆح ئازار دەچێژێ، جەستە برسیی دەبێ، ئینسان بەرگە ناگرێ. بەڵام کاتێک تەنیا دەبوو، دەیدایە خوڕەی گریان، سینگی دەکوتا، خۆی فڕێدەدایە ناو دڕکوداڵەوە، دەستی بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕی و هاواری دەکرد: "خودایە، بەدرێژایی ڕۆژ نائومێدانە بەدواتا گەڕام، بەدرێژایی شەویش کاتێک من نوستبووم، تۆ بەدوامدا گەڕاویت، خودایە ئاخۆ ناکرێ ئێمە لەبوومەلێڵدا یەکتری ببینین؟"

کەڕەتێکی تریش گوێم لێیبوو هاواری دەکرد و نیگاشی لەئاسمان بڕیبوو:

– "خودایە، ئیتر من نامەوێ لەمە زیاتر بژیم، جلکەکانم داکەنە، ئازادمکە لەجەستە، بمبەرەوە!"



کاتێ کازیوەی دەدا و تەیرەکان دەکەوتنە جریوەجریو، یان کاتێ نیوەڕوان دەچووە ژێر سێبەری فێنکی دارستانەکە، یاخود کە شەوانە لەژێر تریفەی مانگ و ئەستێراندا دادەنیشت، لەبەختەوەرییەکدا کە لەوەسفکردن نایەت هەڵدەلەرزی و بەچاوانێکی تەژیی لە فرمێسک دیقەتی دەدام و دەیگوت:

– "برا لیۆن، براکەم، ئەمە چ موجیزەیەکە؟ دەبێ ئەو کەسە خۆی چۆن بێ کە ئاوها جوانییەکی خوڵقاندووە؟ ناوی چیی لەو کەسە بنێین؟"

وەڵامیم دەدایەوە: "خوداوەند، باوکە فرانسیسکۆس!"

هاواری دەکرد: "خوداوەند نا، خوداوەند نا... نا، خوداوەند ناوێکی قورسە، مۆخ و ئێسک وردوخاش دەکا و دەیهاڕێ. خوداوەند نا، بەڵکو باوکە ناوێکی خۆشە!"

شەوێکیان کە مانگ لە ئاسماندا بازنەیی هەڵهات و بەئاسماندا شۆڕبۆوە، هەموو عەردیش سادەو ساکار لەبۆشاییدا مەلەی دەکرد، فرانسیسکۆس لەکۆڵانە باریکەکانی ئاسیزییدا پیاسەی دەکرد و بەملاولای خۆیدا دەینۆڕی، بەڵام چ کەسێکی نەبینی کە لەبەر دەرگای ماڵەکەیدا ڕاوەستابێ و لەزەت لەو موجیزە مەزنە وەربگرێ. گوڕیدایە خۆی، بەسەر بورجی ناقوسی کڵێساکەدا هەڵزنی و کەوتە لێدانی ئەو زەنگانەی لە ساتەکانی خەتەردا لێدەدرێن. خەڵکیی زەندەقچووانە لەخەو ڕابوون و پێیانوابوو ئاگرێکی گەورە کەوتۆتەوە. نیوە ڕووت بەرەو کڵێسای قەدیس ڕوفینۆ ڕایانکرد. لەوێ فرانسیسکۆسیان بینی وەک شێت زەنگەکانی هێناوەتە زرنگە.

خەڵکەکە بەتووڕەیی هاواریانکرد: "ئەرێ بۆچی لەزەنگەکە دەدەیت؟ چ قەوماوە؟"

فرانسیسکۆس لەسەر بورجەکەوە وەڵامی دانەوە: "هاوڕێ مەسیحییەکانم، سەر هەڵبڕن، بنۆڕن چ مانگە شەوێکە!"

فرانسیسکۆس ئاوها بوو. فرانسیسکۆسی ڕەحمەتیی لەچاوی منەوە ئاوها بوو. من ئەمە یاداشت دەکەم بەڵام دڵنیا نیم. ئاخر چۆناوچۆنیی بمزانیبا ئەو چۆنە؟ ئەو کێیە؟ بۆچی ئەو خۆی دەیزانی کێیە؟ بیرمدێتەوە ڕۆژێکی زستان لە پۆرتیۆنکولا، فرانسیسکۆس دانیشتبوو لەبەر دەرگاکەدا و خۆیدابووە بەر هەتاو. جحێڵێک بەهەناسەبڕکێوە هاتە پێشێ و بەرامبەری ڕاوەستا.

جحێڵەکە لە ماندوویيدا هەناسەی بۆ نەدەدرا، پرسیی: "فرانسیسکۆس کوڕی بێرناردۆنێ لە کوێیە، ئەو قەدیسە تازەیە لە کوێیە تا بکەوم بەسەر پێیدا؟ چەند مانگێکە دونیام بەدوایدا تەیکردووە. براکەم توو مەسیح پێمبڵێ ئەو لەکوێیە؟"

فرانسیسکۆس بەسەر ڕاوەشاندنەوە وەڵامی دایەوە:

" فرانسیسکۆس کوڕی بێرناردۆنێ لەکوێیە؟ فرانسیسکۆس، فرانسیسکۆس چییە؟ فرانسیسکۆس کێیە؟ براکەم، منیش وەکی تۆ بەدوایدا دەگەڕێم. ساڵانێکە بەدوایدا دەگەڕێم. دەی دەستتم بدەرێ و با پێکەوە بچین بەدوایدا بگەڕێین!"

هەستایە سەر پا، دەستی کوڕە جحێڵەکەی گرت وهەردووکیان پێکەوە ملی ڕێگەیان گرتەبەر و ڕۆیشتن.

ئەدی من ئەو شەوە کە بۆ یەکەمینجار لە ئاسیزیی بینیم، چۆن توانیم مەزەندە بکەم ئەو کوڕە جحێڵە کێ بێ کە پەڕێکی سووری درێژ بەلایەکی کڵاوەکەی و گۆرانیی بۆ دوڵبەرەکەی دەچڕی. توند دەستی گرتم و بەخێرایی بەشاردا ڕەتبووین و گەیشتینە ماڵەکەی بێرناردۆنێ. کە چووینە ژوورەوە، هەناسەمان لەخۆ بڕی نەبا دێوەکە دەنگمان ببیەت. ئەوسا شێوی بۆ ئامادەکردم و نانمخوارد. جێگەی بۆ داخستم، نووستم و بەیانیش کازیوە وەئاگابوومەوە. بێ خشپە دەرگاکەم کردەوە و چوومە دەرێ. ئەو ڕۆژە یەکشەممە بوو، لە کڵێسای قەدیس ڕوفینۆ ڕێوڕەسمی سرووتێکی گەورە بەڕێوە دەبراو منیش بۆ سواڵ چووم بۆ ئەوێ.

لای چەپەوە، لەو شوێنەی خەڵکیی لێوە دەهاتنە کڵێساکەوە، لەسەر شێرە بەردینەیەک دانیشتم. چاوەڕێبووم خەڵکەکە بێنە ژووری.

پێمـوابوو ئەوڕۆ ڕۆحیان جلکی یەکشەممەی پۆشیوە و بەهەشت و دۆزەخ بەزەینیاندا تێدەپەڕێ، ئەوان لەبەرئەوەی دەترسان، ئومێد هەبوو جزدانەکانیان بۆ هەژاران شلکەن. کڵاوەکەمم ڕاگرت، جاروبار پارەیەکی تێدەکەوت و زرینگەی دەهات. پیرێژنێکی شێتۆکە دانەوێوە و پرسیاری کرد من کێم و لەکوێوە هاتووم و ئاخۆ کوڕەکەیم نەدیتووە، گوایە سوارەکان لە (سیێنا) ئەویان لەشەڕدا بەدیل گرتووە، نەفرەتیان لێبێ!

بەڵام هەر هەمان ئەو کاتەی زارم هەڵێنایەوە تا وەڵامی بدەمەوە، جەنابی



بێرناردۆنێی باوکی فرانسیسکۆس هات. من دەمێک بوو ئەوم دەناسی، بەڵام هەرگیز میهرەبانییەکی بەرامبەر نەنواندبووم. پێی دەگوتم: "دەست و قاچت هەیە، بڕۆ ئیشێک بکە!"

ڕۆژێکیان وەڵامیمدایەوە: "ئاخر من بەدوای خوداوەندا دەگەڕێم!"

بەنەڕەنەڕ گوتی: " دەک نەفرەتت لێبێ!"

وای گوت و خزمەتکارەکانی لە قاقای پێکەنینیان دا.

ئەوا ئێستاش لەگەڵ خاتوو (پیکا)ی هاوسەریدا، بەهەنگاوی خاو و بەشکۆ بۆ کڵێسا هاتبوون تا بەشداری لە ڕێوڕەسمی نوێژدا بکەن. خودایە وی چ ئاژەڵێکی دڕندە بوو؟ پاڵتۆیەکی وەنەوشەیی تۆخی داوێن ڕازاوەی بەگوڵینکەی ئاوریشمین پۆشیبوو، شەپقەیەکی ڕەشیی مەخمەلیی لەسەردا و جووتێک پێڵاوی ڕەش و نووک تیژی لەپێدا. بەدەستی چەپی گەمەی بەو خاچە دەکرد کە بەزنجیرێکی زێڕین بەسینگییەوە کردبوو. ئەم پیاوە قەڵافەتێکی زۆر بەهێز و زلی هەبوو، چەناگە پتەو، غەبغەبە زل، کەپوو زل و کەوانەیی لەگەڵ چاوانێکی سارد و خۆڵەمێشیی وەک چاوی باز.

هەرکە ئەوم بینی، خۆمم گرمۆڵەکرد تا نەمبینێ. چوار هێستر، بەباری کەلوپەلی گرانبەهاوە لەدوایەوە دەهاتن: ئاوریشم، مەخمەل، چەرچەفی ئاڵتونیی و قوماشی نایابی چنراو. پێنج چەکدار پاسەوانێتیی هێسترەکانیان دەکرد لەبەرئەوەی ڕێگەوبانەکان پڕ لەچەتە بوون. بیرناردۆنێ بۆ ئەوە بەکەلوپەلە بازرگانییەکانییەوە هاتبوو بۆ کڵێسا تا ئەوانیش بەشداری لەو مەراسیمەدا بکەن و قەدیس لە ئەیکۆنەکەیەوە بیانبینێ و بیانناسێتەوە و گەر تووشی ڕووداوێک بوون بەفریایانەوە بچێ. بێرناردۆنێ بەر لە هەر سەفەرێک ڕاهاتبوو بۆ کڵێسا بڕوات و سوژدە بۆ قەدیس ببا و سەوداو مامڵەیەکی لەگەڵبکا، تا قەدیس کەلوپەلەکانی بپارێزێ و ئەمیش بەرامبەر ئەوە مۆمدانێکی زیوینی قورس و جوان زەخرەفەکراوی لە فلۆرەنساوە بۆ بێنێ تا قەدیسەکانی تر بەخۆیان و مۆمدانە شووشەییەکانیانەوە بکەونە ئیرەیی پێبردنی.

خاتوو پیکای هاوسەرە فەرەنساییەکەشی لەتەنیشتەوە دەڕۆیشت و دەستی

بەنیشانەی خاچ لەسەر سینگیی دانابوو، شاڵێکی ئاوریشمینی شینی بەسەرەوە بوو، بە شکۆوە دەڕۆیشت و چاوانیشی بڕیبووە عەردەکە. وی جوان و لێوڕێژ بوو لە شادومانی و لەزەت. لەو جۆرانە بوو کە هەستی هاوسۆزیی بەڕوخساریانەوە دیاربوو، دەستم بۆ لای ڕایەڵ کرد، بەڵام ئەو نەیبینیم. نازانم ئاخۆ نەیبینیم یاخۆ لەو دێوەی تەنیشتی دەترسا و نەیدەوێرا خێرێکم پێبکا؟ هەردووکیان پێکەوە چوونە کڵێسا و دیارنەمان.

دوای ساڵانێکی زۆر، بەیانییەکیان کاتێک چووبووینە دەرەوە تا گەشتێک بەگوندەکانا بکەین و پەیڤی ئەڤین بەگوێی خەڵکیدا بدەین، فرانسیسکۆس باوک و دایکی هاتنەوە بیر، هەناسەیەکی هەڵکێشا و لەبەرخۆیەوە گوتی:

– "حەیفێک، هەرگیز نەمتوانی پێکیان بێنمەوە..."

– "کێ؟ برا فرانسیسکۆس تۆ لەبارەی کێوە دەدوێی؟"

– "لەبارەی دایک و بابمەوە برا لیۆن، ئەو دووانە جەنگێکی ئەبەدییان لەمندا هەڵایساندووە، ئەو جەنگە بەدرێژایی ژیانم درێژەی هەبووە، دەکرێ ناوی جیاجیا لەو جەنگە بنرێ، جەنگی نێوان خودا و شەیتان، جەنگی نێوان ڕۆح و جەستە، جەنگی نێوان خێر و شەڕ، جەنگی نێوان ڕووناکیی و تاریکیی، بەڵام هەمیشە ئەو جەنگە لەنێوان دایک و بابمدا بوو. بابم لەناخمدا هاواردەکا: (پارە پەیداکە، دەوڵەمەندبە، بەئاڵتون قەڵغانێکی جەنگیی بکڕە و ببەرە خواپێداو، تەنێ دەوڵەمەندیی و خواپێداوێتییە دەتکەنە شایستەی ئەوەی لەدونیادا بژیت. گەر خێرەوەمەند بیت، ئەوە بۆ خۆت دەدۆڕێیت، گەر کەسێک ددانێکی شکاندیت، ئەوا تۆ هەموو کاکیلەی بێنەرە خوارەوە، عەوداڵی ئەوە مەبە خەڵکیی خۆشیان بوێیت، بەڵکو هەوڵ بدە لێت بترسن، قەت داوای بەخشین مەکە، بەڵکو دەس بووەشێنە!)

دەنگی دایکیشم لەناووەمڕا دەزرنگێتەوە، لەسەرخۆو بەترسەوە دەدوێ تا نەبا بابم گوێی لێبێ: (خێرەوەمەند بە فرانسیسکۆس تا دۆعای خێری منت بەنسیب بێ. خەڵکە هەژارو زەلیل و سووکایەتیپێکراوەکانت خۆشبوێ، گەر خەڵکیی ئازاریاندایت لێیان ببوورە!)

بەدرێژایی ژیانم، دایک و بابم لەمندا جەنگین و منیش تێکۆشاوم ئاشتیانکەمەوە،



بەڵام ئەوان ئاشت نەبوونەوە، برا لیۆن هەر بۆیە ئازار دەچێژم."

لەڕاستیدا جەنابی بێرناردۆنێ و خاتوو پیکا لەسینگی فرانسیسکۆسدا پێک گەیشتبوون و ئەویان ئازاردەدا. بەڵام ئەوەی فرانسیسکۆس هەستی پێدەکرد، بەئاستێکی تردا گوزەری دەکرد، ئەلعانیش ئەوان دوو قڵافەتی تەواوێک لەیەکترجودا بوون و لەو ڕۆژی یەکشەممەیەدا لەپاڵ یەکەوە دەڕۆیشتن و بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی سرووتەکەدا دەکرد.

چاوانم لێکنا و دەنگی ناسکی ئەو منالانەم دەژنەفت کە لەکڵێساکەوە گۆرانییان دەچڕی و ئۆرگەکەش تۆنی مۆسیقاکەی لەسەکۆکەوە هەڵدەگۆزی و لەفەزادا شەپۆلی پێدەدا. من پێموابوو ئەوە دەنگی خوداوەند، ئەوە دەنگی حیرس و قودرەتی خەڵکە، بەچاوانێکی لێکنراوەوە گوێم ڕادێرابوو، لەزەتم دەبرد و هەستم دەکرد بەسواری ئەو شێرە مەڕمەڕینەی ژێرمەوە چوومەتە بەهەشتەوە.

ئاخۆ دەبێ بەهەشت جگە لەتەرتیلەی خۆش، بخوور، توورەکەیەک نان و زەیتون و شەراب چیدیکە بێت؟ لەبەرئەوەی، خودایە تۆبە، ئەوەی لاهوتییە خوێندەوارەکان باسی دەکەن لەبارەی باڵ و تارمایی و ڕۆحی بێ جەستەوە، من تێیناگەم. گەر یەک نەخت وردە نان بکەوێتە سەر عەرد، ئەوا دادێمەوە، هەڵی دەگرمەوە و ماچی دەکەم، لەبەرئەوەی دڵنیام کە ئەو لەتە نانە پارچەیەکە لە بەهەشت، ئەمەش بەتەنێ سواڵکەرێک تێیدەگا، دەی ئاخر منیش لەگەڵ سواڵکەراندا دەئاخڤم.

هەروا کاتێک بەشێرە مەڕمەڕینەکەوە چوومە بەهەشتەوە، سێبەرێکم لێهات، چاوانم کردنەوە، بینیم فرانسیسکۆس لە بەرامبەرمدا ڕاوەستاوە. سرووتی کڵێساکە تەواو ببوو، منیش لەو ماوەیەدا بڕێکی باش نوستبووم، هێسترەکان بەبارە گرانبەهاکانیانەوە لەو ناوە نەمابوون و لەو دەلاقەکراوەیەی بەرامبەر کڵێساکەوە ڕۆیشتبوون.

فرانسیسکۆس لەبەردەممدا ڕاوەستا، بەشێوەیەکی ترسناک ڕەنگی پەڕیبوو، لێوە لەرەی پێکەوتبوو، چاوانی پڕ بوون لە بینین و دەنگیشی نووسابوو.

– "وەرە، دەمەوێ قسانت لەگەڵدا بکەم."

چووە پێشەوە، خۆی بەگۆچانێکی کەمەی لەعاج دروستکراوەوە گرتبوو.

لەبەرئەوەی ئەژنۆکانی سست دەبوون، جاروبار پاڵی بەدیوارەکەوە دەدایەوە. ئاوڕی بۆ دامەوە. گوتی:

– "من نەخۆشم، بمگرە تا دەچینە ماڵەوە و لەوێ ڕادەکشێم. لەوێ لەلام بمێنەوە، شتێک هەیە دەمەوێ لەبارەیەوە پرسیارت لێبکەم!"

وڵاخدارەکان لە گۆڕەپانەکە مێخ زنجیریان دادەکوتی و گوریسەکانیان پێوە گرێدەدا. ئەوان جلکی ڕەنگاوڕەنگیان پۆشیو و کڵاوی سووری شێوە قوچەکیی زەنگۆڵەداریان لەسەردابوو. ئەوڕۆکە یەکشەممە بوو، کۆببوونەوە تا هونەری خۆیان بنوێنن و بکەونە جادووبازیی. پیرێژنان و پیرەمێردان بەچیچکانەوە لەسەر عەردەکە دانیشتبوون و زەمیلەکانیان نابووە کۆشیان و مریشک، هێلکە، پەنیر، گژوگیا بۆ نەخۆشیی، هەتوان بۆ برین و چاوەزاریان دەفرۆشت. پیاوێکی ڕیش ماشوبرنجیی دەیگوت کە بەو جرجە سپییەی لە قەفەسێکدا پێیبوو دەتوانێ فاڵ بگرێتەوە.

پیاوەکە گوتی: "جەنابی فرانسیسکۆس، ڕاوەستە با فاڵێکت بۆ بگرمەوە، بیستوومە ئەم جرجانە لە بەهەشتەوە هاتوون، ئاخر لەوێش جرج هەن، هەرلەبەر ئەوەیشە سپین و نهێنیی زۆریان لەلایە!"

بەڵام فرانسیسکۆس خۆی گرتبوو بەیەکێک لەعامودەکانەوە و بەزەحمەت دەیتوانی هەناسەبدا. من چوومە ژێرباڵی تا گەیشتینە ماڵە گەورەکەی جەنابی بێرناردۆنێ.

خودایە، ئەرێ چۆن ئەو خەڵکە دەوڵەمەندەی ئەم هەموو شتەیان هەیە دەتوانن بمرن و ئەم هەموو شتە لەدوای خۆیانەوە جێبێڵن! چ پێپلیکانەی مەڕمەڕین، چ ژووری میچ ئاڵتونیی، چ چەرچەفگەلی ئاوریشمیی! چەرچەفەکانم ڕاخستن، فرانسیسکۆس لەسەر تەختەنوێنەکەی ڕاکشاو یەکسەر لە ماندووییدا چاوی چووە خەو.

بەسەریدا دانەویمەوە و ئەو سێبەرو بروسکانەم دەبینین کە بەسەر ڕوخسارە ڕەنگپەڕیوەکەیدا تێدەپەڕین. پێدەچوو هەموو ڕووناکییەکی بەهێز چاوانی ببرژێنێتەوە. پێموابوو چتێکی نەبینراو و خەتەرناک بەسەر سەرییەوەیەتی. دواجار هاوارێکی کرد، چاوانی کردنەوە و زەندەقچووانە لەسەر سیسەمەکە دانیشت. خێرا



باڵشتێکی ڕیشاڵدارم نایە ژێرپشتی، تا پاڵی پێوەبداتەوە و لێی بپرسم چ ڕووی داوە، بەڵام ئەو دەستی ڕایەڵ کرد و ڕێگەی قسەکردنی نەدام.

لەبەرخۆوە گوتی: "بێدەنگ!"

وای گوت و سەری بەنێو باڵشتە ڕیشاڵدارەکەدا ڕۆچوو، لەبەرئەوەی لەرزێکی توندی لێهاتبوو. چاوانی کوژابوونەوە، لەناخیان دەنۆڕیی و بەترسەوە لەو شتگەلەیان دەنۆڕی کە لەناوەوەیرا خۆیان حەشاردابوو، چەناگەی دەلەرزی.

من یەکسەر تێگەیشتم.

هاوارم کرد: "تۆ خوداوەندت بینیوە! تۆ ئەوت بینیوە!"

قۆڵی گرتم.

بەترسەوە گوتی: "چۆن زانیت؟ کێ ئەوەی پێگوتیت؟"

–" هیچ کەس. خۆم بینیم چۆن هەڵدەلەرزیت و یەکسەر تێگەیشتم. تەنێ کەسێک ئاوها هەڵدەلەرزێ کە یان شێرێکی لەبەردەم خۆیدا بینیبێ یان خوداوەند!"

سەری لەسەر سەرینەکە بەرزکردەوە.

لەبەر خۆیەوە گوتی: "نا، ئەوم نەبینیوە، بەڵکو تەنها دەنگیم ژنەفتووە."

وای گوت و بەترسەوە لەملاولای خۆی ڕووانی.

پێیگوتم: "دانیشە، دەستت بەسەرما هەڵمەهێنە، دەستم لێ مەدە!"

– "دەستت لێ نادەم، دەترسم دەستت لێ بدەم. گەر ئەلعان دەستت لێ بدەم، ئەوا دەستم دەبێتە قەرەبرووت!"

سەری ڕاوەشاند و زەردەخەنەیەکی هاتێ، هەمدیس بیلبیلەی چاوانی دەرکەوتنەوە.

گوتی: "شتێک هەیە دەمەوێ لەبارەیەوە پرسیارت لێبکەم، ئەرێ دایکم لە ڕێ وڕەسمی سرووتەکە گەڕاوەتەوە؟"

– "هێشتا نا، دەبێ لەگەڵ هاوڕێکانیدا سەری قسەی دامەزراندبێ!"

– "گەلێک باشتر، دەرگاکە داخە."

بێدەنگبوو. دوای تاوێک هەمدیس گوتی:

" شتێک هەیە ویستم لەبارەیەوە پرسیارت لێبکەم."

– "گەورەم لەخزمەتتدام، بپرسە!"

– "تۆ گوتت هەموو ژیانت بەدوای خودادا گەڕاویت. بڵێ چۆن بەدوایدا گەڕاویت؟ ئایا هاوارتکردووە و گریاویت؟ ئایا گۆرانیت گوتووە یاخۆ بەڕۆژوو بوویت؟ هەر بونیامێک ڕێگەیەکی خۆی هەیە کە بەرەو لای خودای دەبا. ڕێگەکەی تۆ کامە بووە؟ ئەمە ئەوە بوو کە ویستم لەبارەیەوە پرسیارت لێبکەم."

سەرم خەیاڵاوی داگرت، دەبا وەڵامیم دابایەوە یان نا؟ بەباشیی دەمزانی ڕێگەکەی من کامەیە و گەلێک جاران بیرم لێ کردبۆوە، بەڵام شەرمم دەکرد بیهێنمە سەر زوبان. ئەو زەمانە شەرمم لەخەڵکیی دەکرد، کەچی شەرمم لەخوداوەند نەدەکرد.

فرانسیسکۆس بەگلەییەوە گوتی: "بۆچی وەڵام نادەیتەوە؟ ئەز بەساتەوەختێکی تەنگژەدا تێدەپەڕم، پێویستم بەیارمەتی تۆ هەیە، یارمەتیم بدە."

بەزەییم پێیداهاتەوە. کەوتمە بەر زەبری سۆزەوە و بڕیارم دا هەموو شتێکی بۆ باسکەم.

– "جەنابی فرانسیسکۆس، ڕێگەکەی من، نابێ دواجار ڕێگەکەی منت پێ سەیربێ. ڕێگەکەی من بۆ گەڕان بەدوای خودادا تەمبەڵانەیە. گەر تەمبەڵ و بەتاڵە نەبام، ئەوا وەکی هەموو ئەو خەڵکە ماقووڵەی تر دەژیام، خۆم فێری پیشەیەک دەکرد، وەرشەیەکم دەکردەوە، دەبوومە دارتاش، جۆلا، وەستای خانووبەرە، شەوو ڕۆژ کارم دەکرد، ژنم دەهێنا، کاتم نەدەبوو بەدوای خوداوەنددا بگەڕێم، ئیدی شتێکی لەو جۆرە چ مانایەکی نەدەبوو! هەموو بیرو خەیاڵاتم لای ئەوە دەبوو چۆناوچۆنیی نان پەیداکەم و منداڵەکانم تێرکەم و ئەمر بەسەر ژنەکەمدا بکەم. بەڵام ڕۆحم، نیگەرانیی مەزنیی ڕۆحم خستمییە سەر خەیاڵی ئەوەی چۆن مرۆڤ خاوەن کات و خواست و دڵێکی پاقژ دەبێ کە بیر لە خوداوەند بکاتەوە!

بەبەخشندەیی خوداوەند من وەک تەمبەڵێک لەدایکبووم. چ ئارەزوویەکم نەبوو بۆ ئیشکردن، چ ئارەزوویەکم نەبوو ژن بێنم و منداڵ بخەمەوە بۆ دونیا و گرفت بۆ خۆم کەڵەکەکەم. زستانان لەبەر هەتاودا و هاوینان لەژێر سێبەردا دادەنیشتم و





شەوانەیش لە بانیژەی ماڵەکەمدا لێیدرێژ دەبووم و لە هەیڤ و ئەستێران ڕادەمام. کاتێک بونیادەم لە مانگ و ئەستێران دەنۆڕێ، پێتوایە چۆناوچۆنیی دەتوانێ بەدوای خودادا نەگەڕێ؟ نەمدەتوانی زۆر بنووم. بیرم دەکردەوە: کێ هەموو ئەمانەی خولقاندووە و بۆچیی خولقاندوونی؟ کێ منی دروست کردووە و بۆچیی دروستی کردووم؟ خوداوەند لەکوێیە تا بیدۆزمەوە و پرسیاری لێبکەم؟ دەبینیت، تەقوا گەرەکی بەتەمبەڵییە، کاتی گەرەکە، کرێکارێک کە خەریکی پەیداکردنی نانی ڕۆژانەیە و ئێواران ماندوو و مردوو دەگەڕێتەوە ماڵەوە و خۆی فڕێدەداتە سەر سفرەو پەلەپەل دەکەوێتە خواردن و لەگەڵ ژنەکەیدا دەمیان لەیەک گیر دەبێ و بەبێ چ هۆو بەهانەیەک دەکەوێتە بیرازکردنی مناڵەکانی، ئاخر ئەو بۆیە وادەکا لەبەر ئەوەی ماندوو و شەکەت و شەپرێوە، ئەوجا دەستەکانی بەیەکدا دەماڵێ و دەچێت دەنوێ...

چاوترووکانێک و وەئاگادێتەوە، دەبینێ ژنەکەی لە پاڵیایەتی، ئامێزی پێدادەکا، هەمدیس دەستەکان لەیەکتری دەئاڵێنەوە و نوقمی خەو دەبنەوە... ئیدی دەبێ ئەو کەسە چۆناوچۆنیی کاتی هەبێ بۆ خوداوەند؟ بەڵام ئەو کەسەی چ ئیشی نییە، چ منداڵی نییە، چ ژنی نییە، دەتوانێ بیر لەخوداوەند بکاتەوە. یەکەمجار بەحەزی شت فێربوونەوە، پاشان بەترسەوە. جەنابی فرانسیسکۆس سەرت ڕامەوەشێنە، تۆ پرسیارت لێکردم و دەی منیش وەڵاممدایتەوە، بمبوورە!"

– "زیاتر بدوێ برا لیۆن، کۆتایی بەقسەکانت مەهێنە. کەواتە شەیتانیش خزمەتی خوداوەند دەکا؟ کەواتە تەمبەڵیش خزمەتی خوداوەند دەکا؟ برا لیۆن تۆ ئازایەتیم پێدەبەخشیت، زیاتر بدوێ!"

– "جەنابی فرانسیسکۆس چیت پێبڵێم؟ ئیدی ئەوانی تر خۆت دەیزانیت. دایک و بابم لەدوای خۆیانەوە بڕێک سەروەتیان بۆ بەجێهێشتم، ئەوەم لەگەڵ خۆمدا برد و کۆڵەپشتەکەم هەڵگرت و ڕێگەکانم لەکۆڵەوەدا. لەدەرگایەکەوە بۆ دەرگایەکیتر، لەدەیرێکەوە بۆ دەیرێکیتر، لەگوندێکەوە بۆ گوندێکی تر تا بەدوای خوداوەنددا بگەڕێم. ئەو لەکوێیە؟ کێ بینیویەتی؟ لە کوێ دەتوانم بیدۆزمەوە؟ هەندێک خەڵک پێم پێدەکەنین و ئەوانی تریش بەردیان تێدەگرتم، بەئەرزیاندا دەدام و بەر قامچییاندەدام، بەڵام من هەڵدەسامەوەو ڕامدەکرد، هەمدیس ڕێگەکانم لەکۆڵەوە

دەدایەوە و بەرەو ڕاو دەچوومەوە."

هەستم بەهەناسەبڕکێی فرانسیسکۆس لەسەر جەستەم دەکرد. گوتی: "دۆزیتەوە؟ "

– "جەنابی فرانسیسکۆس لەکوێ بمدۆزیبایەتەوە؟ لە هەموو جۆرە خەڵکانێکم پرسیی. لەزانا، لە قەدیس، لە گەمژە، لە قەشە، لە گۆرانیبێژ، لەپیرەمێردگەلی تەمەن سەد ساڵە، هەر یەکەیان ئامۆژگارییەکی دەکردم، هەریەکەیان ڕێگەیەکی پیشان دەدام و دەیگوت: (ئەم ڕێگەیەیان بگرە بەر خودا دەدۆزییەوە!) بەڵام ئەوانی تر ڕێگەیەکی تریان پیشان دەدام. دەبا کامیانم هەڵبژاردبا؟ – بێگومان ئەو ڕێگەیەی کە دەیبردمەوە لای خوداوەند– پیاوێکی دانا، خەڵکی بۆلۆگنا پێیگوتم: (خوداوەند واتە ژنهێنان و منداڵ خستنەوە، بڕۆ ژن بێنە!) یەکێکی تر، شێتێک، قەدیسێکی خەڵکی گیوبیۆگوتی: (گەر دەتەوێ خوداوەند بدۆزیتەوە ئەوا بەدوایدا مەگەڕێ، گەر دەتەوێ خوداوەند ببینیت، ئەوا چاوانت بنووقێنە، گەر دەتەوێ خوداوەند ببیەیت، ئەوا گوێت بئاخنە. من خۆم وادەکەم!) وای گوت و ئەوسا چاوانی نوقاندن و گوێی ئاخنیی، دەستی بەنیشانەی خاچ دانا و پاشان دایە قوڵپی گریان. ژنێکیش کە وەکی زاهید لەدارستاندا دەژیا، ڕووت و قووت بەپەلە لەسەر دارسنەوبەرێک هاتە خوارەوە و هاواری کرد: (ئەڤین! ئەڤین! ئەڤین!) وای دەگوت و سنگی خۆی دەکوتی. ئەو ژنە جگە لەوە نەیدەتوانی چ وەلامێکی ترم بداتەوە.

ڕۆژێکیان لە ئەشکەوتێکدا پیاوێکی قەدیسم بینیی، ئەو پیاوە ئەوەندە گریا بوو چاوانی کوێر ببوون. بەهۆی خۆنەشتن و زوهدیشەوە جەستەی توێخی هەڵدابوو. وی ڕاستترین و خەتەرناکترین وەلامی دامەوە. کاتێک بیر لەو پیاوە دەکەمەوە مووی ئازای بەدەنم ڕاست دەبێتەوە."

فرانسیسکۆس بەهەڵلەرزینەوە دەستی گرتم و گوتی: "ئەو پیاوە چی گوت؟ دەمەوێ گوێم لێبێ بزانم چیی گوت!"

– "دانەویمەوە، سوژدەم بۆ برد و لێیم پرسیی: (ئەی زاهیدی پیرۆز، من ڕێگەکانم لەپێوەداوە تا بەدوای خوداوەندا بگەڕێم، ئەو ڕێگەیەم پیشان دە کە دەچێتەوە لای خوداوەند!) ئەو بەدەم وەلامدانەوەمەوە گۆچانەکەی کێشا بەئەرزەکەدا و گوتی: (چ



ڕێگەیەک نییە! چ ڕێگەیەک نییە!) بەترسەوە گوتم: (ئەی چیی هەیە؟) گوتی: (یەک هەڵدێر هەیە، باز بدە!) بەحیرسەوە پرسیم: (یەک هەڵدێر؟ ئەمە ڕێگەکەیە؟)گوتی: (بەڵێ، هەموو ڕێگەکان دەچنەوە سەر عەرد، بەڵام بازدان دەتگەیەنێتە لای خوداوەند!) گوتم: (ئاخر ناتوانم!) گوتی: (کەواتە بڕۆ ژن بێنە و بۆ خۆت ئارامبەرەوە!) وای گوت و بازۆڵە زەردو لاوازەکەی ڕایەڵ کرد و ئاماژەی بۆ کردم دوورکەومەوە. هەنووکەش لە مەودایەکی دوورەوە دەنگی گریانی ئەو پیرەمێردە دەبییەم!"

فرانسیسکۆس بەترسەوە لەبەرخۆیەوە گوتی: "هەموو دەگریان؟ هەموو؟ ئەوانەی خودایان دۆزیبۆوە و ئەوانەشی کە نەیاندۆزیبۆوە؟"

– "بەڵێ... هەموو!"

– "بۆچی برا لیۆن؟"

– "نازانم... هەموو!"

هەردووکمان بێدەنگ بووین. فرانسیسکۆس سەری ڕۆبردە نێو باڵشتەکەی و بەترس و نیگەرانییەوە هەناسەی دەدا. بۆ ئەوەی دڵنەوایی بدەمەوە گوتم:

– "باوکە فرانسیسکۆس گوێ ڕادێرە، وابزانم هەندێک جار پرشنگێکی خوداوەندم بینیوە. جارێکیان – بەڵام شەرابم زۆر خواردبۆوە – بۆ چاوترووکانێک ئەوم لەپشتەوە بینی، دەرگای ئەو مەیخانەیەی کردەوە کە من لەوێ لەگەڵ هاوڕێکانما بەزم و شایی لۆغانمان بوو، دەرگاکەی کردەوە و ئیدی لێیدا ڕۆی. ڕۆژێکی تر، بەناو دارستانێکدا دەڕۆیشتم، باران بەلێزمە دای کرد و هەورەبروسکەیەک دەستی پێکرد نەبێتەوە، لەوساتەدا چمکی پاڵتۆکەیم بینی، بەڵام هەورەبروسکەکە نەما و پاڵتۆکەش دیارنەما. ڕەنگە هەورە بروسکەکە پاڵتۆکەی ئەو بووبێ؟ هەر لەم بارەیەوە، جارێکی تر، زستانی ڕابوردوو، لەسەر شاخێکی بەرز جێگەپێکانی ئەوم لەسەر بەفر بینی. شوانێک لەوێوە تێپەڕی و پێیمگوت: "بنۆڕە، ئەوە جێگەپێی خوداوەند!" کەچی شوانەکە پێکەنی و گوتی: "سەهوویت فەقیر، ئەوە جێگەپێی گورگە، گورگێک کە بێرەدا تێپەڕیوە!" من ئیدی هیچم نەگوت، ئاخر چیم بەو شوانە گوتبا؟ ئەوێک کە مێشکی بەخاویی کار دەکا و پڕێتی لە مەڕو گورگ، ئەو چوزانێ و چۆن تێدەگا

لەوەی کە چ لەو سەرەوە هەیە؟ باوکە فرانسیسکۆس، بمبوورە... دوازدە ساڵە بەدوای خودادا دەگەڕێم، تەنێ ئەو چەند جارە بینیومە و ئیدی کەڕەتی تر نەمبینیوە!"

فرانسیسکۆس سەری دانەواند و لەفیکرەوە چوو.

دوای ساتێک لەبەرخۆوە گوتی: "کێ چوزانێ، خەفەت مەخۆ برا لیۆن، کێ چوزانێ، ڕەنگە گەڕان بەدوای خودادا، ئەوە خودی خوداوەند بێ!"

کاتێک گوێم لەو قسەیە بوو لەرز دایگرتم، ئەویش خۆی لەرز دایگرت و ڕوخساری لەنێو دەستەکانیدا حەشاردا. نائومێدانە بەناڵە ناڵەوە گوتی: "چ ڕۆحێکی شەڕانگێز ئەم قسانەی لەمندا کرد؟ یەک تاقە وشە لەزاری منەوە دەرنەچووە، من تەنها هەڵدەلەرزیم. گەڕان بەدوای خوداوەندا خودی خوداوەند؟ نەفرەتمان لێبێ!"

هەردووکمان بێدەنگ بووین. چاوانی فرانسیسکۆس هەمدیس بەناخیدا ڕۆچوونەوە، ئەز تەنێ سپێنەکەیم دەبینی، گۆنای سوور هەڵگەڕاو و ددانەکانی چۆقەیان پێکەوتبوو. بە بەتانییەکی ئەستووری خوری دامپۆشیی، بەڵام ئەو بەتانییەکەی لەخۆیکردەوە.

گوتی: " دەمەوێ سەرمام بێ، لێمگەڕێ! سەیرم مەکە! سەیری دوورکە!"

هەستام بڕۆم، بەڵام ئەو ڕوخساری گرژ کرد.

گوتی: " دانیشە، دەچیت بۆ کوێ؟ دەتەوێ ئاوها بەتەنیا لە ساتەوەختی خەتەردا جێم بێڵیت؟ تۆ قسانت کردو بەتاڵبوویتەوە، منیش دەمەوێ قسان بکەم و بەتاڵ ببمەوە. خەیاڵت لە کوێیە؟ برسیتە؟ دە بڕۆ بخۆ! دەرگای ژێر زەمینەکە بکەوەو بڕۆ بخۆ و شەراب بخۆرەوە و ئازایەتیی بەرە بەر خۆت تا گوێم لێ بگریت. قسانی خەتەرم هەن دەمەوێ بیانلێم."

بەبێزارییەوە وەڵامیمدایەوە: "پێویستم بەوە نییە نە بخۆم و نە بخۆمەوە، بۆ تۆ وادەزانیت من بەتەنها هەر ورگم؟ تۆ دەبێ بزانیت من لەدایکبووم بۆ ئەوەی ببیەم و گوێ ڕادێرم. دە بدوێ، هەرچیت هەبێ بیلێیت من حەوسەڵەی ژنەفتنیم هەیە!"

– "پەرداخێک ئاوم بدەرێ، تینوومە."

ئاوەکەی خواردەوە و پاشان پشتی بەباڵشتەکەوە دایەوە، لێوەکانی نیوە کراوە و گوێی ڕادێرا. هەموو شتێک بێدەنگ و ئارام،ماڵەکە چۆڵ، کەڵەبابێک لە باخچەکە قوقاندی.



– "پێموایە برا لیۆن تەنها ئێمە هەردووکمان لەم دونیایەدا ماوین. گوێت لە چ شتێکە لەماڵەکەدا؟ لە دەرەوە؟ دونیا هەپروون بووە، تەنێ ئێمە هەردووکمانین ماوین."

بێدەنگ بوو، پاش تاوێک گوتی:

– "بەشانازیی خوداوەند" وای گوت و خاچی کێشا و تەماشای کردم. هەستم دەکرد ڕوانینەکەی بەقووڵایی ڕۆحمدا ڕۆدەچێ.

هەمدیس بێدەنگ بۆوە، دەستی ڕایەڵ کرد و بەسەر ئەژنۆمدا هێنای.

گوتی: " دۆعام بۆ بکە برا لیۆن، تۆ ڕۆح لاوێنەری منیت، دەمەوێ ئیعتیرافت بۆ بکەم."

ئەو پێیوابوو من دوو دڵم.

بەدەنگێکی فەرماندەرانە گوتی: "دەستت بخەرە سەر سەرم، برا لیۆن دەست بخەرە سەر سەرم و بڵێ: بەناوی خودا، ئیعتیرافکە ئەی فرانسیسکۆسی گوناهبار، کوڕی بێرناردۆنێ، دڵت تەژییە لە گوناه، بەتاڵی کەوە و بحەوێوە!"

بەڵام من بێدەنگ بووم.

ئەوجا بەتووڕەیی گوتی: " ئەوەی گوتم بیلێرەوە!"

دەستم نایە سەر سەری، سەری دەتگوت پشکۆیەکی سووتێنەر و هەڵایساوە.

لەبەرخۆوە گوتم: "بەناوی خودا، ئیعتیرافکە ئەی فرانسیسکۆسی گوناهبار، کوڕی بێرناردۆنێ، دڵت تەژییە لە گوناه، بەتاڵی کەوە و بحەوێرەوە!"

ددان پیانانەکەی فرانسیسکۆس دەستی پێکرد، سەرەتا هێورو ئارام، بەڵام وردە وردە ترس دایدەگرت و هەڵدەچوو.

– "ژیانی من تا ئێستا هەر خواردن و شەراب و بلوێر ژەنین بووە، جلکی ئاوریشمین پۆشین و پەڕی سوور بەکڵاودا کردن بووە. بەدرێژایی ڕۆژ سەوداو مامڵەی کڕین و فرۆشتن بووە، گەزەکەم دەگرت بەدەستەوە و سەرگەرمی فریودانی خەڵکیی دەبووم، زێڕم کۆدەکردەوە و بەهەر دوو دەست تەخشان و پەخشانم دەکرد، هەر بۆیە خەڵکیی ناویان نابووم سەخیی. شەوانەیش شەراب و گۆرانیی. ژیانم ئاوهایی بوو.

بەڵام دوێنێ دوای نیوەشەو، کاتێ پێکەوە چووینە ماڵەوە و تۆ خەو بردیتییەوە و

نووستیت، وەک بڵێی ڕووپۆشێکم بەسەردا بدرێ و بتاسێم، هەستمکرد ماڵەکە هەوای تێدا نەماوە و خەریکبوو دەخنکام. بەئەسپایی لەپێپلیکانەکان چوومە خوارەوە و پاشان بەپێدزکێ ڕۆیشتمە باخچەکە، ئەوجا بێ سرتە دەرگای حەوشەم کردەوە و بەپەلە چوومە سەر جادده. مانگ پرشنگیی دەدا و خەریکبوو ئاوا دەبوو، هەموو شتێک ئارامبوو، چراکان کوژابوونەوە و شار لە باوەشی خوداوەنددا نوستبوو.

باسکم کردەوە و هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژت. هەستم دەکرد نەختێک حەواومەتەوە، ئەوجا بەرەو ژوور کەوتمە ڕێ. ڕۆیشتم و هەر ڕۆیشتم، بەلای کڵێسای قەدیس ڕوفینۆدا تێپەڕیم، هێشتا هەر هەستم دەکرد ماندووم. لەسەر ئەو شێرە مەڕمەڕییە دانیشتم کە پاسەوانیی دەروازەی کڵێساکە دەکا، ڕێک لەو شوێنەدا کە ئەمڕۆ تۆ دانیشتبوویت و سواڵت دەکرد، بەئەسپایی بەلەپی دەستم کەوتمە نەوازشکردنی شێرەکە، کە گەیشتمە لای دەمی، سەرنجم دا شتێکی لە بونیادەم چوو لە دەمیدایە و خەریکە قووتی دەدا، ئیدی من ترسام. بەخۆم گوت ئەدی ئەم شێرە چییە؟ بۆیە لێرە دانراوە تا پاسەوانیی دەرگای کڵێساکە بکا؟ ئەم شێرە کێیە؟ شەیتانە؟ ئەو مرۆڤ دەخوا و قووتی دەدا. چۆناوچۆنی لەیەکیان جیاوەکەم؟ کێ ئەوەم پێدەڵێ؟ خوداوەند یاخۆ شەیتان؟ لە ناکاوێکڕا هەستم دەکرد هەڵدێرێک لای ڕاستمەوەیە و هەڵدێرێک لای چەپمەوە و خۆیشم لە ناوەڕاستا، لەنێوان ئەو دوو بێ سەروبەرییەدا، لەسەر هێندەی یەک بست عەرد ڕاوەستاوم. سەرم گێژی دەخوارد و دونیا بەدەورمدا دەسووڕایەوە، ژیانم بەبەرچاومدا دەسووڕایەوە، قیژاندم: ئەرێ کەسێک نییە گوێی لێمبێ؟ ئاخۆ من بەو ڕادەیە لە دونیادا تەنیام؟ ئەی خوداوەند لەکوێیە؟ گوێی لێم نییە، دەستی نییە ڕایەڵی کاو بینێتە سەر سەرم؟"

کاتێک فرانسیسکۆس قسانی دەکرد، باسکی دەکردەوە، وڕێنەی دەکرد و بەزەحمەت دەیتوانی هەناسە بدا. چاوانی هەڵدەبڕی و لە پەنجەرەکەوە لە ئاسمانی دەنۆڕی. دەمویست دەستی بگرم تا ئارامی بکەمەوە، بەڵام بەتووڕەیی دەستی کێشایەوە و ناڵاندی: "لێمگەڕێ، لێمگەڕێ نامەوێ ئارام ببمەوە."

لەسەر لێواری تەختەنوێنەکەی تلی دەدا، دەنگی نووساو و ئازاری دەچەشت.

– "هاوارمکرد، هاوارم هەم بۆ خوداوەندو هەم بۆ شەیتانیش کرد، هەرکامێک لەو



دووانە بەدەنگمەوە هاتبان، ئەوا من هەستم دەکرد بەتەنێ نیم. نازانم بۆچیی ئاوها لەناکاو ئەو ترسەم لە تەنیایی تێدا وروژاو ترسێکی ئاوها باڵی بەسەردا کێشام؟ لەوساتەدا ئامادەبووم ڕۆحم بدەمە خوداوەند یاخود شەیتان، گرنگ نییە کامیان، تەنێ بۆئەوەی بەهاوڕێیەتییەکەوە ڕایەڵ بام و ئیدی نەمدەویست تەنیا بم. ئاوها نائومێدانە لەئاسمانم دەنۆڕی و چاوەڕێ بووم، دەنگێکم ژنەفت.... "

لە قسەکردن وەستا، بەزەحمەت دەیتوانی هەناسە بدا.

هەمدیس کەوتەوە قسە و ئارەقەش زەنگۆڵ زەنگۆڵ بەڕوخساریدا دەهاتە خوارەوە.

پێمگوت: "دەنگ؟ فرانسیسکۆس دەنگی چیی؟ چیی دەگوت؟"

– "نەمدەتوانی وشەکانی لەیەکتر جیاوەکەم. نا ئەوە دەنگ نەبوو، بەڵکو نەڕەی ئاژەڵێکی دڕندە بوو، نەڕەی شێرێک بوو. بڵێی نەڕەی ئەو شێرە مەڕمەڕییە نەبووبێ کە لەسەری دانیشتبووم، ئەوشێرەی بونیادەم قووتدەدا؟"

ڕاچڵەکیم و لەسەر پا ڕاوەستام. خەریکبوو کازێوەی دەدا، دەنگەکە هێشتا لەناوەوەمڕا تلیدەدا، وەک بروسکە تەژیی بوو بەدەنگ و لەدڵمەوە دەچوو بۆ ڕیخۆڵەکان، لەملای ناخمەوە دەچوو بۆ ئەو لای، زەنگەکان وادەی نوێژی بەیانییان ڕاگەیاند، منیش بۆ قەلاکە بەرەو ژوور بوومەوە، ڕامکرد و هەر ڕامکرد، کوتوپڕ هەستمکرد هەموو ئازای لەشم نیشتۆتە سەر ئارەقە. یەکێک لەدواوە بانگی کردم:

(بۆ کوێ ڕادەکەیت فرانسیسکۆس؟ فرانسیسکۆس بۆ کوێ ڕادەکەیت؟ تۆ ڕزگارت نابێت!)

ئاوڕم دایەوە، کەسم نەبینی. ئەوسا کەوتمەوە ڕاکردن، دوای چرکەیەک هەمدیس دەنگەکە بیسترایەوە:

(فرانسیسکۆس، فرانسیسکۆس، تۆ بۆچی لەدایکبوویت؟ بۆ ئەوەی ئاهەنگ بگێڕیت و گۆرانی بڵێیت و کچان فریو بدەیت؟)

ئیتر ئاوڕم نەدایەوە، ترسام و بۆ ئەوەی لەو دەنگە ڕزگارم بێ. هەمدیس کەوتمەوە ڕاکردن، بەڵام بەردێک لەبەرامبەرمدا کەوتە بانگکردنم: (فرانسیسکۆس، فرانسیسکۆس، تۆ بۆچی لەدایکبوویت؟ بۆ ئەوەی ئاهەنگ بگێڕیت و گۆرانی بڵێیت و کچان فریو بدەیت؟)

مووی سەرم ڕاست بۆوە. ڕامکرد. بەڵام دەنگەکەش لەگەڵ مندا ڕای دەکرد. ئەوسا بەئاشکرا هەستمکرد دەنگەکە لە دەرەوەی منەوە نایەت، چەندێک ڕامکردبوو لێی، بەڵام نەمتوانیبوو لێی ڕزگار ببم، ئاخر ئەو لەناو مندا بوو. کەسێک لە ناوەوەمڕا هاواری دەکرد، نەک من، نەک من، نەک کوڕەکەی بێرناردۆنێ، نەک ئەو جحێڵە شیرازە پچڕاوە، نا، بەڵکو یەکێکیتر بوو، لەناو مندا، باشتر لە من. ئەو کەسە کێ بوو؟ من نەبووم، ئاخر چۆناوچۆنیی ئەوەم زانیبا؟ ئەو یەکێکیتر بوو.

بەهەناسەبڕکێوە گەیشتمە قەڵاکە، هەر عەینەن لەو کاتەدا خۆر لەودیو چیاکەوە هەڵهات و گەرم داهاتم. دونیا پرشنگی دەدا، هەروەها ئەویش گەرمی بۆوە، کەسێک لەناوەوەمڕا هەمدیس کەوتەوە قسان، بەڵام ئەمجارەیان زۆر هێور، زیاتر لەوە دەچوو بچرپێنێ، وەک بڵێی یەکێک بیەوێ نهێنییەکم بۆ ئاشکراکات. سەرم داگرت و گوێم ڕادێرا، سوێند دەخۆم برا لیۆن چۆنی دەگێڕمەوە هەروا بوو. گوێم لێبوو گوتی: (فرانسیسکۆس، فرانسیسکۆس، ڕۆحی تۆ کۆترە، ئەو بازەشی دووی کەوتووە بیگرێ شەیتانە، وەرە باوەشم!) ئەمە ئەو وشانە بوو کە خۆم پێشتر کردبوومە گۆرانی و بەعود ئاوازم بۆ دانابوو، شەوانە لەبەر پەنجەرەکاندا ڕادەوەستام و دەمچڕی... بەڵام ئەلعان برا لیۆن بۆ یەکەمینجار تێدەگەم بۆچی ئەو وشانەم بەشیعر هۆنیونەتەوە و مانای نهێنیی ئەو وشانە چییە.... "

بێدەنگ بوو. زەردەخەنەیەکی هاتێ، سەری دانەواند و هەمدیس لەبەرخۆوە، بەوروژاوییەوە گوتی: "فرانسیسکۆس، فرانسیسکۆس، ڕۆحی تۆ کۆترە، ئەو بازەشی دووی کەوتووە بیگرێ شەیتانە، وەرە باوەشم...!" ئەوجا بێدەنگ بوو.

ئارامتر بۆوە. هەستم دەکرد ئەلعان دەتوانم دەستی تێوەبدەم بەبێ ئەوەی بسووتێم. دانەویمەوە، دەستیم گرت و ماچم کرد.

گوتم: "برا فرانسیسکۆس، هەموو بونیادەمێک، تەنانەت ئەوانەشی ئیمانیان نییە، لە قووڵایی دڵیاندا خوداوەندەکی لە جەستەوە پێچراویان هەڵگرتووە، ئەوە خوداوەند بووە کە جەستەکەی لاداوە و کەوتۆتە قسان!"

فرانسیسکۆس پێڵووەکانی لێکنان، بەدرێژایی شەو نەنووستبوو، بۆیە ئێستا کفت و خەواڵوو بوو.



بەئەسپایی پێمگوت: "فرانسیسکۆس بنوو، خەویش فریشتەیەکی تری خوداوەند، متمانەی پێبکە."

بەڵام وی ڕاپەڕیی و چاوانی زەقکردنەوە. بەدەنگێکی نیوە نووساو گوتی: "ئێستا من چ بکەم؟ ئامۆژگارییەکم بکە!"

بەزەییم پێیداهاتەوە، بەهەمان شێوە منیش ساڵانێک بوو دونیام تەی دەکرد و سواڵی ئامۆژگاریم دەکرد. وەڵامیمدایەوە: " سەرت لەسەر سینگت دانێ و گوێ ڕادێرە بۆ ئەو کەسەی کە لەناخترایە، بەدڵنیاییەوە هەمدیس جارێکیتر دەئاخڤێ، تۆیش هەرچیی گوت بەقسەی بکە!"

گوێم لێبوو دەرگای حەوشە بەئەسپایی کرایەوە و یەکێک لەسەر نووکی پا بەباغچەکەدا تێپەڕی. ئەوە خاتوو پیکا بوو لە نوێژ گەڕابۆوە. بەتەنیا بوو، هەناسەیەکی ئیسراحەتم هەڵکێشا، هەڵبەت ئەلعان جەنابی بێرناردۆنێ بەسواری ئەسپەکەیەوە لە ڕێی فلۆرێنس بوو.

گوتم: " فرانسیسکۆس، دایکت هاتەوە، ئێستا بنوو، منیش دەڕۆم."

دەستی گرتم و گوتی: "مەڕۆ! باوکم سەفەری کردووە، دەتوانیت لێرە بنوویت، بەتەنیا جێم مەهێڵە! تکات لێدەکەم!"

وای گوت و دەستی گرتم.

هەمدیس گوتی: " بەتەنها لەخەتەردا جێم مەهێڵە!"

– "فرانسیسکۆس، تۆ ئیتر تەنیا نیت، تۆ باش دەزانیت، کە هاوڕێیەکی بەهێزت لەناخترا هەڵگرتووە، گوێی بۆ ڕادێرە، بۆچی دەترسیت؟"

– " برا لیۆن، بەڵام ڕێک هەر لەبەرئەوەیە دەترسم، لەمە تێناگەیت؟ مەڕۆ!"

دەستم خستە سەر نێوچەوانی، نێوچەوانی خەریکبوو دەسووتا. دایکی هاتە ژوورێ و زەردەخەنەیەکی هاتێ.

–" کوڕی خۆم، بەسڵاوی مەریەمی پاقیژەی یارمەتیدەری تۆوە هاتوومەوە!"

وای گوت و چڵێک ڕێحانەی نایە دەستی فرانسیسکۆس.

***

## دوو

چەند شەو و چەند ڕۆژ نەخۆشییەکەی فرانسیسکۆس بەردەوام بوو؟ ناتوانم هەمووی بژمێرم، ئاخر من توانای پێوانەکردنی زەمەنم نییە. تەنها بیرمدێ مانگ چکۆڵەتر بۆوە، گەورە بۆوە و هەمدیس چکۆڵە بۆوە، بەڵام فرانسیسکۆس هێشتا هەر چاک نەببۆوە، پێدەچوو لەخەویدا تەقەللا بدا. گا وروژاو هاواری دەکرد و هێرشی دەهێنا، گا لە سووچێکی تەختەنوێنەکەیدا خۆی گرمۆڵە دەکرد و هەڵدەلەرزی. دواتر کاتێک چاکبۆوە، لەو بارەیەوە قسانی بۆ کردین کە بەدرێژایی ساتی نەخۆشییەکەی گا لەگەڵ عارەبەکاندا جەنگیوە و خۆی کردووە بەئۆرشەلیمدا و خاچی پیرۆزی لەسەر شانی هەڵگرتووە، گا لەگەڵ ئەو ڕۆحە شەڕانگێزانەدا جەنگیوە کە یان لەعەردەوە سەریان هێناوەتەدەر، یاخۆ لەسەر پەلکی درەختەکانەوە خۆیان هەڵداوەتە خوارەوە یاخود لە قووڵایی شەوەوە هاتوونەتە دەرەوە و شوێنی کەوتوون.

لەکاتی نەخۆشییەکەی فرانسیسکۆسدا، دایکی فرانسیسکۆس و من تەنیا مابووینەوە. خاتوو پیکا هەڵدەستا، دەچووە قوژبنێکەوە و دەگریا، پاشان بەدەسەسرە سپییەکەی فرمێسکەکانی وشک دەکردنەوە و دادەنیشتەوە، باوەشێنێکی لەپەڕی تاوس دروستکراوی هەڵدەگرت و باوەشێنی کوڕەکەی پێدەکرد کە لە تایەکی بەتیندا دەسووتا.

شەوێکیان فرانسیسکۆس خەونێکی بینی، بۆ بەیانییەکەی خەوەکەی بۆ گێڕاینەوە، هێشتا شپرزەییەکەی نەڕەویبۆوە و ڕستی بیرکردنەوەکانی بۆ ڕێک نەخرابۆوە. بەرلەوەی ئەو شەوە فێنکە دابێ و چرا نەوتییە برۆنزییەکان داگیرسێنرێن و دونیا میهرەبانتر بێتەوە، ئەو گێڕایەوە کە لەخەونەکەیدا مردووە. لەساتی گیانکێشاندا بووە دەرگاکە کراوەتەوە و مردن هاتۆتە ژوورەوە. بەڵام داسی بەدەستەوە نەبووە وەک ئەوەی لە تابلۆکاندا دەبینرێ، بەڵکو گازێکی ئاسنینی پێبووە وەک ئەوانەی سەگ کوژەکان بۆ گرتنی سەگی هار بەکاری دەهێنن. مەرگ ئاوها لە



تەختەنوێنەکەی نزیکبۆتەوە.

مەرگ پێی گوتووە: (هەستە کوڕەکەی بێرناردۆنێ، وەرە با بڕۆین!) ئەم وەڵامی داوەتەوە: (بۆ کوێ بڕۆین؟) ئەو گوتوویەتی: (ئەوە تۆیت دەپرسیت؟ تۆ کاتت زۆر بووە، بەڵام هەموویت لە ئاهەنگ و جل و بەرگی کەشخەو گۆرانیی چڕیندا بەهەدەر داوە، هەنووکەش کاتی ئەوە هاتووە سەری خۆت بقەبڵێنیت!) وای گوتووە و ئیدی مەرگ گازەکەی ڕایەڵ کردووە، فرانسیسکۆسیش خۆی لەژێر باڵشتەکاندا گرمۆڵە کردووە و هەڵلەرزیوە، ناڵە ناڵ بەمەرگی گوتووە: (ساڵێک مۆڵەتم بدەرێ، تەنها ساڵێک، دەرفەتم بدەرێ تا ژێوان ببمەوە!) مەرگ لە قاقای پێکەنینی داوە و هەموو ددانەکانی وەریونەتە سەر چەرچەفە ئاوریشمییەکان. گوتویەتی: (تازە درەنگە، ئەوە ژیانی تۆ بووە کە خستتە قومارەوە، ئیتر چ ژیانێکی تر نییە. دەی ئیتر وەرە و با بڕۆین!) ئەمیش گوتوویەتی: (تەنها سێ مانگ مۆڵەتم بدەرێ، یەک مانگ، سێ ڕۆژ، یەک ڕۆژ!) بەڵام مەرگ وەڵامی نەداوەتەوە، گازەکەی هەڵبڕیوە و ملی فرانسیسکۆسی پێگرتووە. ئەوجا فرانسیسکۆس قیژەیەکی بەسۆی کردووە و وەئاگابۆتەوە.

تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد. خاتوو پیکا قەفەسی کەنارییەکەی لە ژوورەکەی خۆی هێنا تا لای پەنجەرەکەوە هەڵیواسێ و بیکاتە هاودەمی کوڕە نەخۆشەکەی. هەنووکە کەنارییەکە گۆرانیی دەچڕی و دەنووکی بەرەو ئاسمان هەڵبڕیبوو.

– "خودای گەورە!"

ناکاو شادومانییەک فرانسیسکۆسی داگرت و ئارەقە بەنێوچەوانیدا چۆڕاوگەی بەست.

– "خودای گەورە!"

دەستی لە چەرچەفەکانەوە دا، دەستی لە میلی تەختەنوێنەکەوە دا، بەدەست بەدوای ئەژنۆی دایکیدا گەڕا و لای بۆ من کردەوە.

لەبەرخۆوە گوتی: "ئەمە بەڕاستییە؟" چاوانی پرشنگیان دەدا: "ئایا ڕاستە هێشتا زیندووم؟"

وەڵامدایەوە: "گەورەم تۆ زیندوویت و لە گوڕی لەش ساخیدایت، مەترسە!"

دەستی بەیەکدا ماڵی، ڕوخساری پرشنگی دەدا.

گوتی: "سوپاس خودایە کە هێشتا کاتم بەدەستەوەیە."

زەردەخەنەیەکی هاتێ و دەستی دایکیماچکرد.

دایکی گوتی: "کوڕم خەونت بینی؟ خەونی خێربێت!"

هەمدیس بەورووژانەوە لەبەرخۆیەوە گوتی: "خودایە سوپاس، هێشتا کاتم بەدەستەوەیە!" بەدرێژایی ئەو ڕۆژە تا ئێوارە، لەوە زیاتر قسەی تری نەکرد. چاوانی لێکنا و لە خەونێکی قووڵدا ڕۆچوو، تەواوی ڕوخسار و گەردنی بەڕۆشنایی پۆشرابوو.

خاتوو پیکا بەباوەشێنە لە پەڕی تاوس دروستکراوەکە باوەشێنی دەکرد. لەچاوترووکانێکدا لێوە خەمینەکانی هەڵێنا، ئەوەی بیرکەوتەوە کە چۆن کاتێک وی ساوا بووە لە جۆلانەدا ڕایژەندووە، ئەوسا بەدەنگێکی خۆش و هێور، بەشێوە زمانی زێدەکەی، کەوتە چرینی ئەو لایلایە دێرینە:

ئەی خەونی میهرەبان
ئەی ئەوەی منداڵانی ساوا دەبەیت
ها ئەوە ساوایەکی تریش بۆ خۆت
زۆر زۆر بەگچکەیی دەتدەمێ
کە گەورە بوو هەمدیس بمدەرەوە

بەهێواشیی و بۆ ماوەیەکی درێژ ئەو لایلایەیەی چریی و لەگەڵیشیدا باوەشێنی کوڕەکەی دەکرد. من دانیشتبووم و لە ڕوخساریم دەنۆڕی کە چۆن پرشنگیی دەدا، چۆن چرچ و لۆچییەکەی دەوروبەری دەم و برۆی دیار نەدەمان، چۆن پێستی ساف دەبۆوە و وەک پێستی منداڵی لێدەهات، چۆن هەموو ڕوخساری وەک بەردێکی بەر شەپۆلی زەریا، ئارام و سازگار دەدرەوشایەوە.

نزیکی ئێوارە فرانسیسکۆس چاوانی کردنەوە، حەوابۆوە و ئارام بوو. لەسەر تەختەنوێنەکەی دانیشت و وەک ئەوەی بۆ یەکەمجار بێ دونیا ببینێ، سەیری چواردەوری خۆی دەکرد، هەستی بەبوونی ئێمە دەکرد، زەردەخەنەیەکی هاتێ و



کەوتە گێڕانەوەی خەونەکەی. بەڵام لەگەڵ گێڕانەوەکەیدا، هەمان ترسی پێشوو لەخۆیەوە دەپێچا، چاوانی پڕ بوون لەتاریکیی. دایکی دەستی گرت، نەوازشی کرد و هێوری کردەوە.

گوتی: "دایکە وامزانی نوستووم، هەر وەکی جارانی منداڵیی، تۆیش ڕاتدەژەندم و لایەلایەت بۆ دەکردم. دایکە واهەستم دەکرد سەرلەنوێ منت بۆتەوە!"

هەمدیس دەستی دایکی گرتەوە و ماچی کرد، دەنگی وەک دەنگی منداڵێک میهرەبان بوو.

– "دایکە، دایە حەکایەتێکم بۆ بکە!"

لەناکاوێکرا ڕوخساری وەک هی منداڵێکی چکۆڵەی لێهات، کە قسانی دەکرد دەتگوت منداڵەو تازە زوبانی دەپژێت. خاتوو پیکا زراوی چوو، چونکە برایەکیشی کە وەک فرانسیسکۆس کەسێکی عەیباش و دەسبڵاو و سترانبێژێکی بەناوبانگ بوو، لە(ئاچیگنۆن)، بەهۆی خواردنەوەی شەرابی زۆر و گوتنی گۆرانی زۆرەوە، ئەقڵی لەدەستدابوو. گەییبووە ئەو ڕادەیەی کە لەسەر چوارپەل دەڕۆیشت، دەیباعان، گیای دەخوارد و لەخەیاڵی دێوانەیی خۆیدا پێیوابوو بۆتە مەڕ... ئەوا ئێستاش کوڕەکەی، وایدەزانی سەرلەنوێ بۆتەوە بەمنداڵ و داوای لێ دەکرد حەکایەتی بۆ بگێڕێتەوە. لەخۆی دەپرسیی بڵێی خوێنەکەی پیس نەبووبێ و خودا نەیەوێ لەسەر گوناهەکانی سزای بدات؟

بەدەم دەسهێنان بەنێوچەوانیدا تا فێنکی بکاتەوە، گوتی: "کوڕەکەم، چ حەکایەتێکت بۆ بگێڕمەوە؟"

– "هەرحەکایەتێک خۆت دەتەوێ، حەکایەتێک لە وڵاتەکەی خۆتەوە، لەبارەی (پیترۆس) ەوە، لەبارەی ئەو قەشە کێوییە پا پەتییەوە!"

– "کام پیترۆس؟"

– "ئەو مورتەدە گەورەیەی خەڵکی لیۆن؟"

– "بەڵام کوڕەکەم ئاخر ئەوە حەکایەت نییە!"

– "کە منداڵ بووم زۆر جاران ئەوەت بۆ گێڕاوەتەوە و پێمابووە حەکایەتە. من وەک شتێکی ترسناک لەو دێوە قەدیسە دەترسام، هەرجارێک کارێکی نابەجێم

کردبا، تۆ بەو قەشەیە دەتترساندم. بیرت دێ؟ دەتگوت: (ئێستا قەشە دێ و دەتبا!) منیش لەژێر چەرپاکەمدا خۆم دەشاردەوە و فرزەم لەخۆ دەبڕی، نەبا بمدۆزێتەوە و بمبا!"

ڕاپەڕیم و گوتم: "پیترۆس! ئەو قەشە بەناوبانگەی خەڵکی لیۆن دەڵێیت؟ خاتوو پیکا تۆ دەیناسیت؟ من زۆر شتم لەبارەیەوە بیستووە، زۆر موجیزە و شتی سەیر... بەوپەڕی زەلیلییەوە تکات لێدەکەم پێمبڵێیت ئایا ئەوت بینیوە؟ ئایا دەیناسیت؟ ئەدی کەسێکی چۆن بوو؟ من بەدوایدا گەڕام تا بیدۆزمەوە، بەڵام نەمدۆزییەوە، ئاخر ئەو ئیدی مردبوو."

فرانسیسکۆس زەردەخەنەیەکی هاتێ، بۆ ئەوەی سەربکاتە سەر دایکی، گوتی: "دایکم پێڵاوەکانی فڕێداو و ویستبووی بەپێی پەتی دوای کەوێ، ڕێگەیان نەدابوو، دوایی دەرگایان لەسەر داخست و بەمێردیاندا، دوای ئەوەی کوڕێکی بوو ئیتر هەموو شتێکی بیرچۆوە. ئاخر دایکم کوڕی ویستبوو نەک خودا!"

فرانسیسکۆس پێکەنی، بەڵام خاتوو پیکا تووڕە بوو.

بەهەناسە هەڵکێشانەوە گوتی: "بیرم نەچۆتەوە، بەڵکو کێشەی ترم بۆ دروست بوو. چۆن دەکرێ بیرم چووبێتەوە؟ زۆر جاران خەونیشی پێوە دەبینم."

– "دایکە، یەکەمجار چۆنت ناسی؟ بۆمان بگێڕەوە!"

وای گوت و پاڵی بەباڵشتەکانەوە دادایەوە. ئەو بەدرێژایی ڕۆژ نوستبوو، هەنووکەیش لە هەموو جەستەیدا هەستی بەحەوانەوەیەکی خۆشدەکرد، پێڵووی لێکناو گوتی: "گوێمان لێتە!"

خاتوو پیکا وەکی ئاگر هەڵایسابوو، سەری بەسەر سنگیدا شۆڕکردبۆوە و قەیرێک بێدەنگ بوو. پێڵووی بۆ سەرەوە و خوارەوە دەترووکاند، دەتگوت باڵی تەیرێکی بریندارن. بونیادەم هەستی دەکرد ئەو قەشەیە لە قووڵایی ویدا، لەتاریکترین گۆشەو قوژبنی ناخیدا دەژی و ئەمیش دەترسێ دەریبهێنێ و بیهێنێتە بەر ڕووناکیی.

دوای ئەو بێدەنگییە درێژە گوتی: "کوڕەکەم ناتەوێ حەکایەتێکی ڕاستیت بۆ بگێڕمەوە؟"



فرانسیسکۆس چاوانی کردنەوە و برۆی گرژ کرد.

– "نا... نا، حەکایەتی تر نا! کەنگێ یەکەمینجار ئەوت ناسی؟ کەنگێ و لەکوێ؟ چیی پێگوتیت؟ چۆن هەڵاتیت؟ خەڵکی زۆر شتی لێدەگێڕنەوە بەڵام باوەڕم پێیان نییە. هەنووکە ساتی ئەوە هاتووە حەقیقەتەکەی بزانم!"

فرانسیسکۆس تەماشای منی کرد و گوتی: "هەموو مرۆڤێک برینی نهێنییەکی سارێژ نەبوو لە ژیانیدا هەیە، برینەکەی دایکیشم ئەوەیە!"

خاتوو پیکا بەنائومێدیی گوتی: "باشە کوڕەکەم، هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە، هێور بەرەوە!"

دەستەکانی کەوتنە سەر کۆشی، پەنجەکانی باریک و ناسک بوون وەکی پەنجەکانی کوڕەکەی. بەتووڕەییەوە گەمەی بەدەسەسرە سپییەکەی دەکرد.

بەهێوریی کەوتە گێڕانەوە، وەک ئەوەی تەقەل بدات شتەکانی بیربکەوێتەوە:

– "ئێوارەیەکی درەنگی یەکشەممە بوو، بەئەسپایی چوومە باخچەکەی بابمەوە تا ئینجانەی گوڵەڕێحان و شیوەران و وەنەوشەکان ئاوبدەم. گوڵە شەمەدانییەکی سوور لە ئێوارەوە شکۆفەی کردبوو، منیش لایەوە ڕاوەستام و کەوتمە ستایشکردنی.

لە ناکاوێکڕا کەسێک بەتوندی پاڵی بەدەرگای حەوشەوە ناو هاتە ژوورەوە، بەترسەوە ئاوڕمدایەوە و بینیم قەشەیەکی قەڵەندەر و پێپەتیی کە جبەیەکی شڕوپڕی لەبەرداو گوریسێکی ئەستووری لەناوقەدەوە پێچابوو، لە بەرامبەرمدا ڕاوەستاوە.

دەمم کردەوە بۆ ئەوەی هاوارکەم، بەڵام ئەو دەستی ڕایەڵ کرد و دۆعای کرد: (خودایە ئاوا بێت ئەم ماڵە!) وای گوت و دەستی هەڵبڕی، دەنگی گڕ و تیژ بوو، بەڵام لەقووڵایی ئەو دەنگەدا هەستم بەمیهرەبانییەک کرد کە لە وەسفکردن نایەت. ویستم پرسیاری لێبکەم ئاخۆ ئەو کێیە، چیی دەوێت، بۆچی ئەوها هەناسەبڕکێی پێکەوتووە، کێ ڕاوێناوە. بەڵام قوڕگم بەجۆرێک وشک ببوو یەک وشەم بۆ نەگوترا.

ئەو پرسیارەکەمی لەسەر لێوەکانم خوێندەوە، گوتی: (بەڵێ، بەدوامەوەن، دوژمنەکانی مەسیح بەدوامەوەن، من قەشە پێترۆسم، ناو و شۆرەتی منت بەر گوێ نەکەوتووە؟ من ئەو کەسەم کە ئەو بەیداخە شڕو پڕەی مەسیحم بەرزکردەوە کە بەگوڵی سۆسەنی سپی نەخشێنراوە، من ئەو کەسەم کە بەزگی برسیی و پای پەتیی،

شاران و گوندانی لە پێوەداو قامچییەکەی لە دەستی مەسیح وەرگرت و ئێستاش بەو قامچییەوە زەناکاران و درۆزنان و فێڵبازان ڕاودەنێ و لە پەرستگای خودا دووریان دەخاتەوە.)

ڕیز ڕیز قسانی دەکرد، دەنگی هەراوزەنایەک لە جاددەوە دەهات. کۆمەڵێک خەڵک لەوێوە تێدەپەڕین، سووکایەتیی ئامێزانە پێدەکەنین و هەڕەشەیان دەکرد و لە دەرگاکانیاندەدا، زەنگی کڵێساکەی نزیکمان بەتووڕەیی کەوتە زرنگە.

قەشە دەستەکانی گرمۆڵە کرد، ئاوڕی بۆ دەرگای حەوشە دایەوە، لێوی خۆی گەست و زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕییانەی هاتێ.

– (ئەوانە بۆنی مەسیح، بۆنی گەورەترین دوژمنی خۆیان لەهەوادا کردووە. ئەوانە دەقیژێنن و پەلامار دەدەن تا هەمدیس مەسیح لە خاچ بدەنەوە. باشە، پیلاتۆس و کایفاس، ئەو ڕۆژە دێ، دێ، ڕۆژی ئاخیرەت دێ!)

خەڵکەکە لەوێوە تێدەپەڕین بەبێ ئەوەی بوێرن لە دەرگای ماڵی ئێمە بدەن، بۆ خوارەوە بەرەو لای پردەکە چوون و دیارنەمان. من لە باخچەکەدا بەتەنێ لەگەڵ قەشەدا مامەوە، دەلەرزیم و سەرنجم بڕیبووە گوڵە شەمەدانییە سوورەکە، تیشکێکی بەهێز لەو قەشە قەلەندەرەوە پرشنگی دەدا کە من نەمدەتوانی بەرگەی بگرم، بەچاوانێک سەیری دەکردم کە تەژیی بوون لە ژان و ناسکییەکی سەیر. دەستم ڕایەڵ کرد و گوڵی سووری شەمەدانی لە دەستمدابوو، بەڵام ئەو یەکسەر هەڵیپچوڕقاند، هاوارێکم کرد و فرمێسک زایە چاوانم. برۆ ئەستوورەکەی گرژ کرد.

– (شەرم ناکەیت ڕۆحت دەدۆڕێنیت بەوەی کە لەبری ئەوەی لەخولقێنەر بنۆڕیت لەخولقێنراو دەنۆڕیت؟ پێویستە هەموو جوانییەکانی سەر عەرد لەناوببرێن چونکە ناهێڵن نەبینراو ببینین؟)

فرانسیسکۆس کە تا ئەو کاتە سەری دانەواندبوو، گوێی ڕادێرابوو، ڕاچڵەکیی، گۆنای هەڵایسابوو.

هاواری کرد: " نا، نا!" ئەوجا لای بۆ کردمەوە و گوتی: "برا لیۆن تۆ دەڵێیت چیی؟"

– "گەورەم من چ بڵێم؟ ئەز کەسێکی سافیلکەم و بۆ ئەوەی باوەڕ بەشتێک بێنم





دەبێ ئەو شتە ببینم و بیژنەفم و دەستی تێوەبدەم. تەنێ کاتێک دەتوانم مەزەندەی نەبینراو بکەم کە بینراوم بینیبێ، گەر بینراو نەبێ ئەوا تیادەچم!"

فرانسیسکۆس لەپەنجەرە کراوەکەوە لەباخچەکەی دەنۆڕی. لە پەرژینی مێوەکە، لەو هەورە سپییانەی دەنۆڕی کە لەئاسماندا مەلەیاندەکرد. ئەوجا گوتی: "جوانیی کیژی خوداوەند، من دڵنیام جوانیی کیژی خوداوەند. تەنها کاتێک کە لە جوانیی دەنۆڕین، دەتوانین مەزەندەی ڕوخساری خوداوەند بکەین. دایکە لەسەر ئەو گوڵە شەمەدانییانەی قەشەکەت هەڵیپچوڕقاند، هەقە وی ڕەوانەی دۆزەخ بکرێ!"

خاتوو پیکا وەڵامی دایەوە: "ئاخر ئەو بۆ ڕزگارکردنی ڕۆحی من ئەوەی کرد، گوڵە شەمەدانییەک چییە لەچاو ڕۆحی ئینساندا؟ خۆت واتەنی (قەشەکەم) بەگوڵە سوورەکەی دەستییەوە دەچێتە بەهەشت، لەبەر ئەوەی ڕۆحی منی ڕزگارکرد."

فرانسیسکۆس بەسەرسوڕماوییی تەماشای دایکی کرد و گوتی: "چۆن؟ چۆن ڕۆحی تۆی ڕزگارکرد؟ ئەی تۆ نەتگوت کاتێک باوکت هاتۆتەوە، دەری کردۆتە دەرەوە و ئیتر هەموو شتێک کۆتایی پێهاتووە؟ تۆ وات بۆ گێڕاومەتەوە، کەچی ئێستا... بۆچیی ڕاستییەکەت پێنەگوتووم؟"

– "لەبەر ئەوەی ئەو کات تۆ منداڵ بوویت و کە گەورەش بوویت گەر پێم گوتبایت پێم پێدەکەنیت. بەڵام کوڕەکەم ئێستا تۆ نەخۆشیت و جەستەت ماندووە و دەتوانیت بێ ئەوەی پێبکەنیت پەیامە نهێنییەکانی خوداوەند ببیەیت، هەر لەبەر ئەوە بڕیارم دا ڕاستییەکەت بۆ بگێڕمەوە."

فرانسیسکۆس بەشپرزەییەوە گوتی: "بدوێ، دایکە بدوێ، من ئیدی پێناکەنم، ڕەنگە بگریم، ساتی ئەوە هاتووە، ڕاست دەکەیت دایکە، ساتی ئەوە هاتووە ئەو چیرۆکە ببیەم."

هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو، لە ناکاوێکڕا کوڵی گریانی بەربوو.

دایکی ترساو ئامێزی پێداکرد.

– "کوڕەکەم بۆچی دەگریت؟ بۆچی هەڵدەلەرزیت؟"

– "دایکە لەبەر ئەوەی هەستدەکەم خوێنی تۆ لە لەشی مندا دێ و دەچێ، دایکە..."

خاتوو پیکا بەدەسەسرەکەی ئارەقەی لاجانگە و گەردنی خۆی سڕیی و لە منی

نۆڕی. بۆ ساتێک دوودڵ بوو، وام لێکدایەوە کە ڕەنگبێ نەیەوێ لەبەردەمی مندا درێژە بەگێڕانەوەی چیرۆکەکە بدا. ئیدی من هەستام.

– "خاتوو پیکا دەتەوێ بڕۆم؟ ئەلعان دەڕۆم."

فرانسیسکۆس فەرماندەرانە دەستی ڕایەڵ کرد.

– "ڕاوەستە، تۆ نابێت بچیت بۆ هیچ کوێ! دایکە شەرم مەکە، بەردەوامبە!"

لەخاتوو پیکام نۆڕی. نیگایەکی بڕندەی ئاراستەکردم، برۆکانی بەرزکردنەوە، وەک ئەوەی بیەوێ هەڵمسەنگێنێ.

دواجار گوتی: "مەڕۆ، هەست بەهیچ شەرمێک ناکەم، دڵم پاقژە و دەدوێم."

– "ئەی دوایی!"

فرانسیسکۆس وای گوت و نائارامانە تەماشای دایکی کرد.

–" قەشە دەستی نایە سەر سەرم و منیش هەستم دەکرد بڵێسەی ئاگر ڕۆ دەچێتە نێو سەرمەوە، بەگەروومدا دەچێتە خوارەوە و ناخم دەسووتێنێ. ئەوە چ بڵێسەیەک بوو؟ ئارەزووم بوو بگریم یان لە ناوەڕاستی باخچەکەدا بکەومە سەما، یاخۆ ڕاکەمە دەرەوە بۆ سەر جادده، پێڵاوەکانم داکەنم و ڕێگەکان بدەم لەکۆڵەوە و ئیتر بۆ ماڵی بابم نەگەڕێمەوە. ئەز دەسووتام، ئەدی ئەو بڵێسەیە چ بوو؟ بەخۆمدەگوت: دەشێ خوداوەند خۆی بێت کە ئاوها ڕۆدەچێتە ناو ئینسانەکانەوە."

گۆنا و گەردنی خاتوو پیکا هەڵایسابوون، هەستایە سەر پا، گۆزەی کریستاڵیی ئاوەکەی لەسەر تاقی پەنجەرەکە داگرت، پەرداخێک ئاوی تێکرد و خواردییەوە، هەمدیس پەرداخێکی تریشی تێکردەوە و ئەویشی خواردەوە، دەتگوت گەرەکێتی ئاگری کڵپەسەندووی ناو ناخی بکوژێنێتەوە.

فرانسیسکۆس ئیتر نەیدەتوانی ئارام بگرێ، گوتی: "ئەی دوایی؟"

خاتوو پیکا سەری دانەواند.

– "کوڕەکەم دوای ئەوە بەتەواوی سەرم لێ شێوا، ئیتر لەوە بەدوا چ شوێنێکم لەماڵە باب نەما، کاتێک قەشە دەرگای حەوشەی کردەوە و ئیشارەتێکی بۆ کردم بچم لەگەڵی، ئیتر من پێڵاوەکانم لەباخچەکە فڕێ دا و بەهەڵەداوان دوای کەوتم."

فرانسیسکۆس بەچاوانێکی زەقەوە لەدایکی دەنۆڕی و هەوڵی دەدا بدوێ، بەڵام



نەیدەتوانی. من بەنیگەرانییەوە تەماشایم دەکرد، نەمدەتوانی تێبگەم ئاخۆ ئەوە چ شتێکە کە ئاوها ورووژاندوێتی و ڕوخساری گۆڕیوە: ترسە، شادومانییە یان هەستکردن بەسووکایەتییە، یاخۆ هەرسێکیانە یەک لەدوای یەک، یاخود هەرسێکیان پێکەوەیە؟ لەبەر ئەوەی گا ڕەنگی ڕوخساری دەپەڕی و گا هەڵدەئایسا.

سەرئەنجام توانی زار هەڵبێنێ و بدوێ.

–" ڕۆیشتیت؟ لەگەڵیدا ڕۆیشتیت؟ ماڵەکەتت بەجێهێشت؟"

خاتوو پیکا دەنگی هێورتر دەینواند. گوتی: "ئا، لەگەڵیدا ڕۆیشتم. تەمەنم شازدە ساڵان و دڵیشم کراوە و ئامادە بۆ پێشوازیکردنی هەموو جۆرە موجیزەیەک. خوداوەند لەو ئێوارەیەدا بەو شێوەیەی دەیویست خۆی پیشان دام. وی بۆ کیژانی تر خۆی لە شێوەی کوڕە بەگزادەیەکی جحێڵ و قۆزدا دەردەخا، بەڵام بۆ من لەشێوەی قەشەیەکی قەلەندەر و پا پەتیی و جلک دڕاودا وەدیارکەوت. بەدوایدا ڕامکرد، گوندەکانمان لەپێوەدا، ئەو لەبارەی هەژارییەوە قسانی بۆ دەکردم، لەبارەی پاقیژەیی و بەهەشت و دۆزەخەوە. عەرد لەژێر پا پەتییەکانماندا دیارنەدەما، لەبەر ئەوەی لەگەڵ قەشەدا بەرەو ئاسمان هەڵدەگژاین.

بەشاخەکاندا هەڵدەگژاین و دەهاتینە خوارەوە، وەک دوو سەرکردەی گەورە خۆمان بەگوندەکاندا دەکرد. قەشە لە گۆڕەپانی گوندەکاندا ڕادەوەستا، دەچووە سەر بەردێک و دەستی هەڵدەهێنا و دەکەوتە جنێودان بە بێ ئیمانان و بێ شەرەفان و سەرگەورەکانی دونیا. خۆ گەر شەوبا، ئەوا من بەچرایەکەوە لەبەردەمیدا ڕادەوەستام و ڕوخسارە ترسناکەکەیم ڕووناک دەکردەوە، بۆ ئەوەی جوتیارەکان بتوانن بیبینن و ترس باڵیان بەسەردا بکێشێ. لەولاشەوە بابم سوارەی ناردبووە شوێنم تا لە شاخ و گوندەکاندا بەدوامدا بگەڕێن و سەرەنجام بۆیان دۆزرامەوە. براکەمیان لەگەڵ بوو، گرتمی و لەپاشکۆی ئەسپەکەیدا داینام و بۆ ماڵەوە گەڕاینەوە."

خاتوو پیکا بێدەنگ بوو، تەماشای کوڕەکەی کرد و زەردەخەنەیەکی هاتێ.

– "ئیتر ئەوە بوو دوای چەند ڕۆژێک بەمێردیان دام."

فرانسیسکۆس چاوانی لێکنا. لەو بێدەنگییە گەورەیەدا، گوێمان لەکەنارییەکە بوو

کە ملی بەرەو ئاسمان بەرزکردبۆوە و شادومانانە دەیخوێند. هەڵبەت لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە خاتوو پیکا سەرگەرمی قسان بووە، ئەو هەر خوێندوویەتی، بەڵام ئێمە گوێمان لێی نەبووە. ئاخر ئێمە لەو کاتەدا خەیاڵمان تەژی بووە لە کیژێکی پا پەتیی کە بەهەناسەبڕکێوە دوای قەشەیەکی قەڵەندەر کەوتووە.

لەناکاوێکڕا فرانسیسکۆس چاوانی کردنەوە، دەنگی تیژ و نووساو بوو.

– "دەمەوێ بەتەنها بم، بچنە دەرەوە!"

من و دایکی هەستاینە سەرپێ، یەک وشەمان لەدەم نەهاتە دەرێ، دەرگاکەمان کردەوە و چووینە ژوورەوە.

بەدرێژایی ئەوشەوە فرانسیسکۆس ڕوخسەتی بەکەس نەدا بچێتە ژوورەکەی. ئێمە دەنگی هەناسەدانیمان دەژنەفت و گوێمان لێیبوو هەندێکجار هەڵدەسا پەنجەرەکەی دەکردەوە تا هەوایەک هەڵمژێ.

بۆ بەیانی گوێم لێیبوو بانگی کردم: "برا لیۆن!"

بەپەلە چوومە ژوورەوە. بینیم لەسەر پشت لەسەر چەرچەفەکە ڕاکشاوە و هەناسەبڕکێیەتی، ڕوخساری دەتگوت مۆمیاکراوە.

بێئەوەی تەماشام بکات گوتی: "برا لیۆن، من تیاچووم. لای ڕاستمەوە هەڵدێری خوداوەند و لای چەپیشمەوە هەڵدێری شەیتان. گەر باڵ شک نەبەم ئەوا دەکەومە خوارەوە و تیادەچم!"

– "فرانسیسکۆس چیتە؟ بۆچی هەڵدەلەرزیت؟ " وامگوت و لەئامێزمدا بەخۆمەوە گوشیم.

لەبەرخۆوە گوتی: " خوێنی دایکم، خوێنی دایکم... گوێت لێ نییە؟ شێتێتیی؟"

– "فرانسیسکۆس ئەوە شێتێتیی نەبوو، بەڵکو ئەوە خوداوەند بوو دایکتی هان دەدا."

– "شێتێتیی! تەواوی شەو خەونم بەوەوە بینی منیش پێڵاوەکانم لە باخچەکەی بابمدا تووڕدا و کەوتمە خوارەوە، دەستم دەگێڕا بۆ شتێک خۆمی پێبگرمەوە، بەڵام تەنێ بۆشاییەکی بەتاڵ بەدەستمەوە دەهات!"

باسکی ڕادەوەشاند، دەستی دەکردەوە و دایدەخست و هەوای دەگرت.



بەئەسپایی و هێور نێوچەوانیم دەشێلا. وردە وردە خەریکبوو هێور دەبۆوە، وەکی تەیرێکی بریندار سەری بەسەر ملیدا شۆڕکردەوە. دوای چرکەیەک خەوی لێکەوت.

کە نووست، من تەماشایم دەکرد، هەنووکە خەو هەمووی دەروازەکانی خۆی بەڕوویدا کردبۆوە، هەوڵمدەدا مەزەندە بکەم لەناوەوەیڕا چ باسە. چونکە هەر ساتێک و شێوەی ڕوخساری دەگۆڕا، گا بەسەرسوڕمانەوە برۆی بەرز دەکردەوە، گا لێوی بەخەمێکی لە وەسف نەهاتوو کەوانەیی دەکردەوە، گایش پرشنگێک سەراپای ڕوخساری دادەگرت و ئیدی پێڵووەی دەترووکاند، وەک بڵێی بەرگەی ئەو ڕووناکییە نەگرێ.

لە ناکاوێکڕا دەستی ڕایەڵ کرد و بەترسەوە قۆڵی گرتم.

گوتی: "برا لیۆن، ئەوە تۆیت؟ دەیبینیت؟"

– "گەورەم کێ؟ تۆ خەون دەبینیت!"

– "نا، خەون نەبوو نا، برا لیۆن گەر شتێک هەبێ لەحەقیقەت ڕاستتر بێت، ئەمە ئەو شتەیە!"

هەستاو لەسەر چەرپاکەی دانیشت و چاوانی هەڵگلۆفت.

–" واتزانی نوستبووم؟ نا، نەنوستبووم، دەرگاکان داخرابوون و ئەویش وەکی نابینایەک بەدەسگێڕان و بەباوەشێکی کراوەوە هاتە ژوورەوە. جلکێکی شڕوپڕ و پینەپینەی پۆشیو و بۆنێکی گەنیویشی لێدەهات. هاتە پێشەوە بۆ لای چەرپاکەم، دەستی گێڕا تا دۆزیمییەوە، گوتی: (تۆ کوڕە نازدارەکەی بێرناردۆنێیت؟) من بەهەڵلەرزینەوە وەڵامیم دایەوە: (بەڵێ ئەوم!) گوتی: (هەستە، جلکەکانم لەبەر داکەنە، بمشۆ، خواردنم بدەرێ!) داوای نەدەکرد بەڵکو ئەمری دەکرد. پێیمگوت: (تۆ کێیت؟) گوتی: (یەکەمجار جلکەکانم لەبەر داکەنە، بمشۆ، خواردنم بدەرێ!)

هەستام و کەوتمە داکەندنی جلکەکانی، خودایە چ جلکێکی شڕو پڕی لەبەردابوو! چ جلکێکی پینەپینە! چ جلکێکی پیس! کاتێک بەڕووت و قووتیی ڕاوەستا، خودایە چ لاشەیەک بوو، چ قاچ و قولێکی ئاوساوی تەژیی لە سەدان برین! ئەرەقچنەکەی سەریم داگرت، لاجانگەکانی جێ نیشانەی ئاسنێکی سوورەوە کراوی پێوەبوو، زامێکی سووری وەک خاچیش بەنێوچەوانییەوە. بەڵام ئەوەی وای لێ کردم بترسم،

ئەو چاڵە قووڵانە بوون کە لەدەست و پێیدابوون و خوێنیان لێ دەچۆڕا.

هەمدیس لێمپرسییەوە: (تۆ کێیت؟) وام گوت و بەترس و قێزلێهاتنەوەوە تەماشایم دەکرد.

وەڵامی دایەوە: (بمشۆ!) چووم ئاوم گەرم کرد و شۆردم. لەسەر ئەو سندووقە گەورەیەی ئەوێ دانیشت. ئەوجا گوتی: (ئێستا دەمەوێ نان بخۆم!) دەفرێکی گەورەی پڕ لە خواردنم لەبەردەمیدا دانا، دانەوێوە و مشتێک خۆڵەمێشی لە ئاگردانەکە دەرهێنا و کردییە خواردنەکەوە و ئەوسا کەوتە خواردنی.

کاتێک لە خواردنەکەی بۆوە، هەستا و دەستی گرتم. هەنووکە ڕوخساری میهرەبانتر دەینواند، هاوڕێیانە و میهرەبانانە تەماشای دەکردم. گوتی: (تۆ ئێستا برای منیت، ئەگەر تۆ بەسەر مندا بنوشتێیتەوە، ئەوا ڕوخساری خۆت دەبینیت، گەر منیش بەسەر ڕوخساری تۆدا بنوشتێمەوە، ڕوخساری خۆم دەبینم. تۆ برای منیت، خوداحافیز، ئێستا دەڕۆم!) گوتم: (بۆ کوێ دەڕۆیت؟) گوتی: (بۆ ئەو شوێنەی تۆی بۆ دەڕۆیت، بەئومێدی دیدار!)

وای گوت و دیار نەما، لە فەزادا بووە هەڵم. هێشتا بۆنی لە هەوادا دەکەم. باشە ئەو کێ بوو؟ برا لیۆن پێتوایە ئەو کێ بووبێ؟"

وەڵامیم نەدایەوە. لەسەر ئەو سندووقە هەستام کە لەسەری دانیشتبووم، تا لەگەڵ ئەو نەبینراوەدا لێک نەچوێنرێم. بەڕاست ئەو کێ بووە؟ پەیامێک بووە لەڕۆحە تاریکە شەڕانگێزەکانەوە؟ پەیامێک بووە لە دەسەڵاتە ڕووناکەکانەوە؟ تاقە شتێک لێی دڵنیابووم ئەوەبوو کە شەڕێکی گەورە لە فەزای دەوراندەوری ئەو کوڕە جحێڵەدا هەڵایسا بوو.

سێ ڕۆژی تر تێپەڕی، گۆنا ڕەنگپەڕیوەکانی فرانسیسکۆس خوێنیان تێزایەوە، خوێن بەنێو ماسولکەکانیدا کەوتەوە گەڕ، لێوەکانی سوور هەڵگەڕانەوە، ئارەزووی خواردنی تێهاتەوە، جەستەی پێویستی بەخۆراک بوو. لەگەڵ جەستەیدا ڕۆحیشی هێزی تێهاتەوە و دونیاش ڕەوتە ئاساییەکەی خۆی وەرگرتەوە. هەموو شتەکان بۆ دۆخی جارانیان گەڕانەوە: کورسی و قەنەفەکانی ژوورەکە، باخچەکە، بیری ئاوەکە، پەرژینی مێوەکە، دەنگە دەنگەکانی شەقام و شەوە ئەستێرانی ئاسمان. هەموو



شتەکان خۆیان لەو سیستێمەدا ڕێکخستەوە کە زەمەن و خوداوەند پێی بەخشیبوون، ئیدی لەگەڵ خوێنی فرانسیسکۆسدا هەمدیس دونیا خۆی ڕێکخستەوە.

ڕۆژی چوارەم کازیوە، زەنگی ناقوسەکانی کڵێسای ڕوفینۆ لێیان دا، خاتوو پیکا چوو بۆ نوێژ و دایەنە پیرەکەش لەگەڵیدا چوو. جەنابی بێرناردۆنێ هێشتا لە سەفەرەکەی نەگەڕابۆوە. ناقوسەکان زەنگی نوێژی جەژنی مەزنیان لێدا، چونکە ئەوڕۆ بیست و سێی سیپتێمبێر، جەژنی قەدیس (دامیانۆ)ی خۆشەویستی ئاسیزییەکان بوو.

کڵێسا چکۆڵەکەی ئەو قەدیسە لەوەدا بوو بڕووخێ، ئەو کڵێسایە کەوتبووە دەرەوەی شار و بەسەر دەشتەکەدا دەینۆڕی. ڕۆژگارێک ئەو کڵێسایە خاوەن شکۆ و ڕێزی خۆی بووە و هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا ئاهەنگێکی مەزن ڕێکدەخراو پەیکەرەکەی قەدیس بەزێڕو زیوی خەڵاتکراو دەڕازێنرایەوە. بەڵام ئێستا ئەو کڵێسایە داڕووخابوو، دیوارەکانی درزیان بردبوو، تاقە شتێک وەکی خۆی مابێتەوە، خاچێکی گەورەی بێزانسیی بوو کە مەسیحی لەخاچدراوی ڕەنگپەڕیوو خوێناوی لەسەر هەڵواسرابوو. میهرەبانییەکی سەیر ڕوخساری ئەو مەسیحەی پۆشیبوو، خەمێک بەڕوخسارییەوە بوو کە ئینسانیی بوو، بوونیم هەست پێدەکرد کە چۆن وەکی ئینسانێک گریاوە و مردووە. ئەو مەسیحییانەی لەبەردەمیدا کڕنۆشیان دەبرد و لێیان دەنۆڕی، لەرز دایدەگرتن، ئاخر پێدەچوو ئەوە خۆیان بن کە لە خاچدەدرێن و ئازار دەچێژن.

بەیانی لەگەڵ شەبەقدا چوومە ژوورەکەی فرانسیسکۆس. خاتوو پیکا لە نەبوونی مێردەکەیدا لەوێ، ژوورێکی چکۆڵەی بۆ دابین کردبووم و لەوێ دەمتوانی بنووم و نزیکی کوڕەکەیشی بم، چونکە هەمیشە لەبارەی نەخۆشیی کوڕەکەیەوە ڕاوێژی پێدەکردم و نەیدەویست لێی دوور بکەومەوە. وا ئەمڕۆ ئەوم بینی بەشادومانی لەسەر چەرپاکەی دانیشتبوو. چاوانی بڕیبووە دەرگاکە و چاوەڕێی منی دەکرد.

هەرکە بینیمی گوتی: "دە وەرە ژوورەوە ئەی شێری خوداوەند. دەبینم یاڵەکەت شانە کردووە و وەکو شێر سمێڵت لوولداوە و زوبانت دەلێسیتەوە، نانت خواردووە؟"

وەڵاممدایەوە: "خودا خێری دایکت بنووسێ فرانسیسکۆس، بەر لەوەی بچێت بۆ نوێژ، بەدایەنەکەدا نان و پەنیر و شیری بۆ هەناردم. بەڵێ گەورەم، من پێموایە خەریکە دەبمە شێر."

پێکەنی و ئاماژەی بۆ سندووقە وێنە لەسەر هەڵکۆڵراوەکەی نزیک چەرپاکە کرد و گوتی: "دانیشە!" کەنارییەکە هەمدیس کەوتەوە خوێندن، خۆر کەوتبووە سەری و سینگ و ملی تەژی ببوون لە گۆرانیی.

فرانسیسکۆس بۆ ماوەیەکی درێژو بەدەمێکی نیوە کراوەوە لەکەنارییەکەی نۆڕیی و چاوانی پڕ ببوون لەفرمێسک.

دواجار بەچرپەوە گوتی: "کەناری وەکی ڕۆحی بونیادەم وەهایە، وی تووڵە ئاسنینەکانی چوار دەوری خۆی دەبینێ، بەڵام نائومێد نابێ، بەڵکو گۆرانیی دەڵێ و هەر گۆرانیی دەڵێ. ئیدی برا لیۆن دەبینی ڕۆژێک دێ ئەو گۆرانییە تووڵە ئاسنینەکان لەت و پەت دەکا."

من زەردەخەنەیەکم هاتێ و لە دڵی خۆدا گوتم: "ئاخۆ لەتوپەتبوونی تووڵە ئاسنینەکان هێند سانایە!"

فرانسیسکۆس زەردەخەنەکەی بینیم و خەمبار بوو.

گوتی: "چییە؟ باوەڕ ناکەیت؟ باشە تۆ قەت بیرت لەوە نەکردۆتەوە پرسیار لەخۆت بکەیت ئایا جەستە – ئێسک و قژو گۆشت – هەیە، یاخود هەموو شتێک هەر ڕۆحە؟"

–" هەرگیز، فرانسیسکۆس هەرگیز، لێم ببوورە، من... پێمگوتیت من کابرایەکی خاکیم و ئەقڵیشم هەر خاکییانەیە!"

– "هەروەها منیش برا لیۆن، تا ساتی نەخۆشکەوتنم چ بەدگومانییەکم لە وەها شتێک نەبووە. خودا لەڕێگەی تەمبەڵییەوە تۆی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، پێموایە منیشی لەڕێگەی نەخۆشییەوە ڕاکێشاوە، بەڕۆژیش نا، بەڵکو بەشەو، لەو دەمەیدا کە نووستووم و چ بەرەنگاربوونەوەیەکم لەدەست نایەت. لەخەونەکانمدا بەخۆم دەگوت ڕەنگە چ جەستەیەک بوونی نەبێ، بەڵکو تەنها ڕۆح هەبێ، ڕۆحێک کە ئێمە دەتوانین دەستی لێوەبدەین و بیبینین و بەجەستە ناوی بەرین. هەموو شەوانێک لەکاتی نەخۆشییەکەمدا و کاتێک خەو بەدیلیی دەگرتم، هەستم دەکرد چۆن ڕۆحم سووکەڵە



و ئارام بەسەر تەختەنوێنەکەمەوە دەجووڵێ و لەپەنجەرەکەوە دەچێتە دەرێ و لەباخچەکەدا دەکەوێتە پیاسە، پاشان پاڵ بەپەرژینی باخچەکەوە دەداتەوە و ئەوجا وەکی شەپۆل بەسەر سەربانەکانی ئاسیزییدا دەسووڕێتەوە. ئیدی من لە ناکاوێکرا لەو نهێنییە گەورەیە تێگەیشتم کە چ جەستەیەک بوونی نییە، برا لیۆن چ جەستەیەک بوونی نییە، تەنها ڕۆح هەیە!"

لەسەر چەرپاکەی هەستا و ڕوخساری پرشنگی دەدا.

بەخۆشحاڵیی هاواری کرد: "مەزەندە بکە، برا لیۆن مەزەندە بکە گەر تەنها ڕۆح هەبێ، ئەوسا ئێمە دەتوانین بەیەک قەڵەمباز بگەینە کوێ! چ جەستەیەک نییە ببێتە بەربەستی بەردەم فڕینمان و بەیەک قەڵەمباز دەگەینە ئاسمان!"

بێدەنگ بوو. بەتەواوی لەقسەکانی حاڵی نەدەبووم، بەڵام ڕۆحم لە هەمووی حاڵی دەبوو.

– "من ئەو قەڵەمبازەش لەخەوندا دەدەم!" وای گوت و بەتوندی هەستا و باسکی وەکی باڵ بەرەو ئاسمان تەکان دا.

– "ئاوهایی! چ شتێک نییە ساناتر و سووکتر بێت لەو کاتەی کە بونیادەم خەون دەبینێت. بەڵام من ئەوە دەکەم، دەبینیت، بڕیاری خۆم داوە، خوێنی دایکم لەناوەوەمرا بانگم دەکا، گەر بێداریش بم هەر ئەوە دەکەم. بەڵام ئەوە شتێکی زۆر قورسە، برا لیۆن یارمەتیم بدە!"

– "بەسەرچاوان برا فرانسیسکۆس یارمەتیت دەدەم، بەخۆشحاڵییەوە یارمەتیت دەدەم، بەڵام چۆن یارمەتیت بدەم؟ دەسوخەتم وەکی شقڵی و پقڵیی منداڵان وەهایە و تێگەیشتنیشم هێندەی تۆزێکە. جگە لە دڵم چ شتێکیترم نییە، بەڵام چیی بەو دڵە دەکرێت؟ ئەو دڵە بەستەزمانەی کە لە ئەزەلەوە کەمێک گێل و سەر سواڵکەرە و هیی ئەوە نییە پیاو پشتی پێبەستێ. پێم بڵێ ئیتر چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم؟"

– "تۆ دەتوانیت، دەتوانیت، بەخێراییش دەتوانیت. گوێ ڕادێرە! سبەینێ من دەتوانم هەستم، تۆ وەرە ژێر باڵم و مەهێڵە بکەوم. دەچین بۆ کڵێسا گچکەکەی قەدیس دامیانۆ!"

بەسەرسامیی گوتم: "بۆ کڵێسای قەدیس دامیانۆ؟ ئەمڕۆ جێژنی ئەوە، گوێت لە زەنگی ناقوسەکان نەبوو؟"

فرانسیسکۆس دەستەکانی بەیەکدا ماڵی و گوتی: "ئەمڕۆ! هەر لەبەر ئەوەیشە......"

– "لەبەر چیی؟"

– "خەونێکم بینی... لەخەونمدا ویم بینی... شەوێکی درەنگ هاتە خەونەکەمەوە بۆ لام، جلک شڕ و پا پەتیی، خۆی بەسەر گۆچانەکەیدا دانەواندبۆوە و دەگریا. من ترسام، ڕامکرد تا یارمەتیی بدەم، چوومە ژێرباڵی و دەستیم ماچ کرد. گوتم: (ئەی قەدیسی خودا مەگری، چ شتێکت لێ ڕوویداوە کە ئاوها دەگریت؟ ئەدی چما تۆ لە بەهەشت نیت؟) سەری ڕاوەشاند و وەڵامی دامەوە: (مرۆڤ لە بەهەشتیشدا هەر دەگری، بەڵام بۆ ئەو کەسانە دەگری کە هێشتا لەسەر عەرد خۆیان ڕادەکێشن. من تۆم بینی کە بەئارامیی لەسەر متیلە پەڕەکەی سەر چەرپا جوانەکەت ڕاکشابوویت، خەفەتم بۆ خواردیت. تۆ بۆچی ڕاکشاویت و نووستوویت؟ شەرم ناکەیت؟ ئاخر کلێسا لە خەتەردایە!)

– (لە خەتەردایە؟ ئەدی من چ بکەم؟ دەتەوێ چ بکەم؟)

– (دەستت ڕایەڵ کە، شانت بنێرە ژێری، مەهێڵە داڕووخێ!)

– (من؟ من؟ کوڕەکەی بێرناردۆنێ؟)

– (بەڵێ تۆ، فرانسیسکۆسی ئاسیزیایی. وا دونیا بەسەر یەکدا دەڕووخێ، مەسیح لەخەتەردایە، هەستە. پشتت بنێرە ژێر دونیا تا نەڕووخێ، کلێسا و نوێژخانەکەی منیش هەمان شت خەریکە دەڕووخێن و وێران دەبن، ڕایانگرە!)

شانی گرتم و پاڵێکی توندی پێوەنام، ئیدی زەندەقچووانە وەئاگا بوومەوە."

فرانسیسکۆس شانی ڕووتکرد. گوتی: "بنۆڕە، پێموایە هێشتا دەتوانیت جێپەنجەکانی لەسەر شانم ببینیت، وەرە پێشتر... سەیرکە!"

نزیکی بوومەوە. بەڵام یەکسەر بەسەرسوڕماوییی گەڕامەوە دواوە و خاچم کێشا.

لەبەرخۆوە بەهەڵلەرزینەوە گوتم: " خودایە ڕوحمم پێبکە!" بەئاشکرا جێنیشانەی شین و ڕەشی پەنجەکانیم لەسەر شانی فرانسیسکۆس بینی.

فرانسیسکۆس گوتی: "مەترسە، ئەوە جێپەنجەکانی قەدیس دامیانۆیە!" پاش چرکەیەک گوتی: "ئێستا تێگەیشتیت بۆچی دەبێ بچین بۆ کلێسا گچکەکەی دامیانۆ؟ ئەو کلێسایە لەوەدایە بڕووخێ، برا لیۆن دەبێ ئێمە هەمدیس ڕۆینێینەوە،



دەبێ بەبەرد و چیمەنتۆ ئاوەدانی کەینەوە، دەبێ درزەکانی سەربانەکەی بگرین، دەبێ دیوارەکانی ڕۆنێینەوە کە داڕووخاون و هەمدیس چرا پیرۆزەکەی پڕکەینەوە لە زەیت، ئاوها سەرلەنوێ ڕوخساری ڕووناک دەبێتەوە."

– "فرانسیسکۆس، ئایا ئەمە هەموو ئەوەبوو کە ئەو دەیویست پێت بڵێ؟ یاخۆ......"

فرانسیسکۆس قسەکانی پێبڕیم و لێ نەگەڕا تەواوی کەم، وەک ئەوەی بترسێت زیاتر پێی لێ هەڵبڕم، گوتی: "ئا، ئەوە بوو. با جارێ لەمەوە دەست پێ بکەین، بێدەنگ!"

بێدەنگ بووم، بەڵام دڵم بەتوندی کەوتبووە تەپە تەپ. هەستم دەکرد ئەو خەونەی فرانسیسکۆس لەخوداوەوەند هاتبوو، ئەوە پەیامێکی نهێنیی و خەتەرناک بوو. من دەمزانی گەر خودا بیەوێ مرۆڤێک کۆنترۆڵکات، ئەوا نەک هەر ڕوحمی پێناکا، بەڵکو لە قولەپێیەوە تا تەوقی سەری ڕایدەوەشێنێ و ڕیشی تێدەچێ بیکاتە هەزار پارچەوە. هەر کە فرانسیسکۆسم بینی بەخۆشحاڵییەوە لەسەر چەرپاکەی هەستا، ئیدی زەندەقم چوو.

بۆ بەیانیی ڕۆژی دواتر، فرانسیسکۆسم بینی لەخەو هەستابوو. خۆی گرتبوو بەباسکی دایکییەوە و بەماڵەکەدا دەهات و دەچوو. ئارەزوومەندانە چاوانی دەکردنەوە و هەر دەتگوت یەکەمینجارە شتەکان دەبینێ، لە ژوورە گەورەو کراوەکانی دەنۆڕی، تەماشای سندووقە وێنە لەسەر هەڵکۆڵراوەکانی دەکرد، سەیری وێنەکانی قەدیسی دەکرد، کاتێک لەبەر دەرگای باخچەکەدا ڕاوەستا، بەشانازییەوە کەوتە ستایشکردنی بیری ئاوەکە بەلێوارە زیادە مەڕمەڕییەکانی و ئینجانەی گوڵە بۆنخۆشەکانی چواردەوری، کەوتە ستایشکردنی ئینجانەی گوڵە ڕێحان و شیوەران و وەنەوشەکان کە خاتوو پیکایان دەخستەوە یادی زێدەکەی. لە سووچێکی دیوارەکەدا و نزیک دەرگای حەوشە وێنەیەکی بەردینی چکۆڵەی خاتوونی پاقیژە دانرابوو کە کۆرپە چکۆڵەی بەباوەشەوە بوو.

هەر کە فرانسیسکۆس منی بینی، بەپێکەنینەوە گوتی: "ڕۆژباش، ڕۆژباش شێری خودا، ئەمە ئەو شێرەیە کە بۆلای مەڕەکان دەچێ، بەڵام لەبری ئەوەی لووشیان بدا، کەچی لێیان دەپارێتەوە!"

ئەوجا لای بۆ دایکی کردەوە.

– "دایکە ئەوە کام یەکێک لەنووسەرەوەی ئینجیلەکان بوو کە شێرێکی لەتەکدا بوو؟ لوقا بوو؟"

خـاتوو پیکا هەناسـەیەکی هەڵکێـشـاو وەڵامـی دایەوە: "نا کـوڕی خـۆم، ئەوە مارکیوس بوو. تۆ کە بەدەگمەن دەچیت بۆ کڵێسا، ئیتر لە کوێوە بزانیت!"

ئەوجا فرانسیسکۆس هات و خۆی بەمنەوە گرت و گوتی: "باشە، من مارکیۆسم و ئەمەیش شێرەکەمە. ئێستا وەرە با بڕۆین!"

خـاتوو پیکا هاواری کـرد: "بۆ کـوێ دەچیت؟ کوڕی خـۆم ئاخـۆ نابینیت هێـشـتـا ناتوانیت بەپێوە خۆت ڕاگریت؟"

فرانسیسکۆس قۆڵی گرتم و گوتی: "دایکە مەترسە، ئەی گوایە نابینیت شێرێکم لەگەڵە؟"

ئەوجا نیشانەی خاچی کێشا و گوتی: " بەناوی خودا!"

لەبەر دەرگای حەوشە ڕاوەستا.

– "دایکە، ئەمڕۆ چەند شەممەیە؟"

– "کوڕەکەم ئەمڕۆ یەکشەممەیە."

– "چ مانگێکە و چەندی مانگە؟"

– "کوڕەکەم ئەمڕۆ بیست و چواری سێپتێمبەرە. بەڵام بۆچی دەپرسیت؟"

– "دایکە بڕۆ، لەپشت ئەیکۆنەکەی لەخاچدراو بنووسە: یەکشەممە، بیست و چواری سێپتێمبەری هەزار و دوو سەد و شەش، دوای لەدایکبوونی ڕزگاریی، فرانسیسکۆسی کوڕم هەمدیس لەدایک بۆوە!"

***



## سێ

چ بەیانییەکی هیجرەت بوو ئەو بەیانییە! چ باڵگەلێک بوون ئەو باڵانەی کاتێک ئێمە بەجادەدە باریکەکانی ئاسیزییدا دەڕۆیشتین هەڵیانگرتین! گەیشتینە گۆڕەپانی قەدیس جیۆرج، بەدەروازەی شاردا تێپەڕین و چووینەوە سەر ئەو ڕێگەیەی کە بەرەو دەشتەکە شۆڕ دەبۆوە.

بەیانییەکی پاییزیی بوو، تەمێکی تەنک خۆی لە سەر دارزەیتون و ڕەزەکان هەڵخستبوو، ترێکان هێشوو هێشوو شۆڕ ببوونەوە و هەندێکیشیان لە ئەرزەکەدا دانرابوون و لەچاوەڕێی ترێ ڕناندا بوون، دوایین هەنجیرەکان بەلقی دارەکانیانەوە ڕەش داگەڕابوون و تەیرە چکۆڵە برسییەکان بەدەوریاندا دەفڕین و دەیانزیقاند. دارزەیتونەکان تەژیی بوون لەمیوە، ئەو میوانە بەهەموو گەڵایەکی چکۆڵە و بەهەموو دڵۆپە ئاوێکی زوڵاڵ کە دەچۆڕا، دەلەرینەوە. لەو خوارەیشەوە دەشتەکە ڕاکشاو و نوستوو، ئاخر هێشتا ئەو تەمە تەنکەی بەیانیی نەڕەویبۆوە. کێڵگە درەوکراوەکان دەدرەوشانەوە بەزێڕ و گوڵە خەشخاشەکان لەنێو پووش و پەڵاشەکانەوە دەبریقانەوە، وەک شازادە جلکی ئەرخەوانییان پۆشیوو و سەرو خاچێکی ڕەشیشیان بەسەر دڵەوە بوو.

ئەرێ چ شادومانییەک بوو ئەو شادومانییە! چۆناوچۆنی دڵمان نەکەوتبایە سەما؟ نەک بەتەنها هەر دڵی ئێمە، بەڵکو دڵی هەموو دونیا!

فرانسیسکۆس نەدەناسرایەوە، کەس نەیدەزانی لەکوێوە ئاوها شادومانییەک و ئاوها گوڕێکی تێڕژابوو؟ ئیتر ئەو چ پێویستی بەوە نەبوو خۆی بەمنەوە بگرێت، بەڵکو وەکی فریشتەیەک نەرم و سووکەڵە لەپێشەوە دەڕۆیشت. لەپێشەوە دەڕۆیشت و گۆرانی گۆرانیبێژە گەڕۆکەکانی بەزوبانەکەی زێدی دایکی دەچڕیی، هەر دەتگوت یەکەمینجارە دونیا دەبینێ.

دوو گای پیرۆز بەلاماندا تێپەڕین، ڕەنگیان سپی و تاجی گوڵەگەنمیان نرابووە

سەر، فرانسیسکۆس ڕاوەستاو بەشانازییەوە تەماشای دەکردن. نەرم و سووکەڵە ملە بریقەدارەکانیان بەلای ڕاست و چەپدا وەردەگێڕا، بەزوبانە زبرەکانیان کەپووە تەڕەکانیان دەلستەوە. فرانسیسکۆس دەستی هەڵبڕی و سڵاوی لێ کردن.

لەبەرخۆیەوە گوتی: "چەند بەشکۆیانەیە! چ هاوکارانێکی خوداوەند! چ جەنگاوەرانێکی مەزن!"

خۆی لێیان نزیک دەخستەوە، دەستی دەهێنا بەسمت و کەفەڵە سپیی و پانەکانیاندا. گاکان خواوڕاسان و بەهێوریی، لایان دەکردەوە و وەک بونیادەم تەماشای ئەویان دەکرد!

فرانسیسکۆس بەپێکەنینەوە گوتی: " گەر خوداوەند بام ئەوا ڕێگەم دەدا گاکانیش لەگەڵ قەدیسەکاندا بچنە بەهەشت. برا لیۆن دەتوانیت مەزەندەی بەهەشت بکەیت گەر گوێدرێژ و گاو تەیری لێ نەبێ؟ من ناتوانم. ئاخر فریشتە و قەدیسەکان بەس نین، نا، بەهەشت پێویستی بەگوێدرێژ و گا و تەیرەکانیش هەیە!"

پاشان پێکەنی و گوتی: "برا لیۆن هەروەها بەهەشت ئاتاجی بەشێرێکی وەکی تۆیش هەیە!"

منیش دەستم بەقژە درێژەکەیدا هێنا کە لە دواوە بەسەر شانیدا پەخش ببوو. گوتم: "فرانسیسکۆس هەروەها بەهەشت سترانبێژێکی وەکی تۆیشی پێویستە!"

بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن، بۆ خوارەوە سەرەو لێژایی بوو، بۆیە کەوتینە ڕاکردن. لە چاوترووکانێکدا فرانسیسکۆس بەسەرسامییەوە ڕاوەستا.

– "بۆ کوێ دەچین؟ ئەرێ بۆچیی ڕادەکەین؟"

– "گەورەم، ئەی بڕیار نەبوو بچین بۆ کڵێسای قەدیس دامیانۆ؟ بیرت چۆتەوە؟"

فرانسیسکۆس سەری ڕاوەشاند، دەنگی نائومێدانە دەینواند.

بەخەمەوە گوتی: " من پێموابوو بۆ ڕزگارکردنی مەرقەدی پیرۆز دەچین، من وامزانی لەبەر ئەوەیە کە ڕادەکەین!"

بەسوعبەتەوە گوتم: "ئێمە هەر هەردووکمان؟"

فرانسیسکۆس وەڵامی دامەوە و لە ناکاوێکڕا ڕوخساری ڕووناک بۆوە: "ئاخر ئێمە دووان نین، ئێمە دووان نین، بەڵکو سیانین!



من ڕاچڵەکیم، هەر بەڕاستیی ئێمە سێ کەس بووین! ئاخر ئەو شادومانییە، ئەو دڵنیاییە، پێشبڕکێی ئەو پیاوە بەهێزانە. ئەی ڕۆحی من، ئەوە ڕێڕۆیشتنێکی ئاشتییانە نەبوو، پێدەچوو شەڕێک هەڵایسابێت. سوپاکە پێکهاتبێ لەم خاوەن شکۆ جحێڵە و لە سواڵکەرێک و لە خوداوەندش کە لە پێشەوە دەڕۆیشت. ئێمە ئاوها هەڵمەتمان دەبرد.

لەو کاتەوە ساڵانێک تێپەڕیون. فرانسیسکۆس چۆتە بەهەشت و منیش هێشتا ئەوەم پێ ڕەوا نابینرێ و بەشایانی ئەوە نازانرێم عەرد جێبێڵم. من پیر بووم، قژم ڕووتاوەتەوە، ددانەکانم کەوتوون، ئەژنۆکانم ئاوساون، خوێنبەرەکانم ڕەقهەڵاتوون. هەنووکە کە قەڵەم دەگرم بەدەستمەوە دەستم دەلەرزێ، ئاو لەچاوانمەوە بەخوڕ دەڕژێ و پەڕە کاغەزەکانم تەژی بەپەڵە و فرمێسک دەبن. بەڵام ئەلعان کاتێک بیر لەو بەیانیی هیجرەتە دەکەمەوە، ئارەزووی ڕاکردنم تێدا دەورووژێ. ئارەزوو دەکەم پڕ بدەمە گۆچان و هەڵگژێم و زەنگەکان بهێنمە زرنگە و دونیا وەئاگا بێنمەوە. هەر بەڕاست برا فرانسیسکۆس قسەکەی تۆیە. چ جەستەیەک بوونی نییە، تەنها ڕۆح هەیە و هەر ئەویشە فەرمان دەدا. ڕابە ئەی ڕۆحی من، ئەو بەیانییە بهێنەرەوە یادت کە ئێمە بەرەو کڵێسای قەدیس دامیانۆ دەفڕین و هەموو شتێک بگێڕەوە، مەترسە، لە خانەگومانان و ترسنۆکان مەترسە!

هەروا کە بەرەو پێشەوە ڕاماندەکرد، لە ناکاوێکڕا هاوار و پێکەنینی کچانەمان هاتە گوێ. هەنگاوەکانمان خێراترکردن و گەیشتینە کڵێسا وێرانەکەی قەدیس دامیانۆ. دیوارەکان لار ببوونەوە و گژوگیا بەردەکانیان داپۆشیو و خۆیان لەژێر گوشاریاندا ڕەها کردبوو، زەنگی چکۆڵەی بورجەکە وێران ببوو، بەردەکانی هێشتا لە باخچەکەدا و لە نزیکیشیانەوە زەنگە گچکەکە کڕ و بێدەنگ کەوتبوو. دەنگی هاوار و پێکەنینمان لە هەموو لایەکەوە دەژنەفت، بەڵام چ کەسێکمان نەبینی. فرانسیسکۆس ئاوڕی بۆ دامەوە و بەحەپەساوی تەماشای کردم.

گوتی: "هەموو وێرانەکە پێدەکەنێ، ڕەنگبێ ئەوە فریشتەکان بن!"

من خەریکبوو دەشڵەژام، گوتم: "ئەی ئەگەر ڕۆحە شەڕانگێزەکان بن؟ وەرە با بڕۆین!"

– "برا لیۆن ڕۆحی شەڕانگێز ئاوهایی پێناکەنێ، ئەوە فریشتەکانن. ڕاوەستە، گەر دەترسیت ئەوا خۆم بەتەنیا دەچمە کڵێساکەوە."

شەرم دایگرتم، گوتم: "نا، لەتەکتا دێم، ناترسم!"

دەرگای حەوشەی کڵێساکە لە گرێژنە چوو بوو. بەبەر دەرگای پۆشراو بەگژوگیادا ڕۆیشتین و چووینە ژوورەوە. دوو کۆتر فرین و لە دوو پەنجەرەی گچکەوە هاتنە دەرەوە و دیارنەمان. گەرچی هێشتا نیوەڕۆ بوو، بەلام ئێمە هیچمان نەدەبینی، پاشان یەکسەر سەرنجی خاچێکی کۆن و گەورەمان دا کە بەژوور میحرابەکەوە هەلواسرابوو، مەزەندەمان کرد ڕوخسارێکی ڕەنگپەڕیو وەک تارمایی بەسەر خاچەکەوە بێ. وێنەیەکی قەدیس دامیانۆ و چرایەکی کوژاوەی شووشەش لەبەر پێیدا کەوتبوو.

بەئەسپایی بەلام بەزەحمەت چووینە پێش، پێدەچوو هەوا تەژی بوو بێت لە باڵ.

فرانسیسکۆس گەرچی دەیویست خۆی ئازا پیشان بدا، بەلام دەنگی دەلەرزی. گوتی: "هەر ئێستا قەدیس دامیانۆ بەگۆچانەکەیەوە دەردەکەوێ!"

زیاتر چووینە پێش. لە پەنجەرە چکۆلە و باریکەکەی نزیک میحرابەکەوە سەوزایی سەرنجی ڕاکێشاین، هەڵبەت لەوێدا درەختێکی بچووک لە نزیک کڵێساکەوە هەبوو، بۆنی ڕوسمارین و کاپریفولیۆم(*) دەگەیشتە کەپوومان.

فرانسیسکۆس گوتی: "وەرە با بچینە باخچەکەوە، لێرە دەخنکێین."

بەلام هەر هەمان ئەو کاتەی کە لە دەرگاکەوە دەچووینە دەرێ، گوێمان لە هانکە هانکی هەناسەبڕکێ و خشەخشی جلکی ئاوریشمین یاخود جلکی فریشتان بوو.

فرانسیسکۆس قۆڵی گرتم.

– "گوێت لێبوو؟ تۆ گوێت لێبوو؟ من وامزانی..."

بەلام بەر لەوەی قسەکانی تەواوکا، سێ کیژۆڵەی سپیی پۆش لەودیو میحرابەکە و لەو شوێنەدا کە خۆیان حەشاردابوو هاتنە دەرەوە، وەکی بروسکە بەلاماندا تێپەڕین و بەهاوارێکەوە بازیان دا و بەرەو باخچەکە چوونە دەرەوە.

(*) ناوی دوو جۆری گوڵە.





کیژۆڵەکان لەوێ دەستیان کردە پێکەنین، وەک بڵێی هەستیان بەترساویی ئێمە کردبێ و بیانەوێ سەر بکەنە سەرمان.

فرانسیسکۆس ڕاپەڕی و ڕایکردە باخچەکە، منیش بەخێرایی کەوتمە دوای.

کیژۆڵەکان ئێمەیان بینی و نەترسان، پێدەچوو فرانسیسکۆس بناسن، چونکە ئەو کیژۆڵەیەی کە لەدووانەکەی تر گەورەتر بوو، کاتێک فرانسیسکۆسی بینی ڕوخساری سوور هەڵگەڕا. فرانسیسکۆس پاڵی بەدەرگاکەوە دایەوە و ئارەقەی تەوێڵی سڕی.

کیژۆڵەکە لێی نزیک بۆوە، هەلایساو و دەم بەخەندە، چڵێک زەیتونی گەییوی وەکی تاجەگوڵینە بەقژییەوە کردبوو. فرانسیسکۆس هەروەک ئەوەی بترسێت هەنگاوێک گەڕایەوە دواوە.

بەچرپە لێمپرسی: "دەیناسیت؟"

وەلامی دایەوە: "بێدەنگ!" وای گوت و ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو، کیژەکە ئازایەتیی دایە بەر خۆی.

بەشەرمەوە گوتی: "جەنابی فرانسیسکۆس، بەخێربێن بۆ ماڵۆچکەکەمان."

فرانسیسکۆس تەماشای کرد و وەلامی نەدایەوە، بەلام چەناگە ڕەنگپەڕیوەکەی دەلەرزی.

بۆ ئەوەی بێدەنگییەکەی فرانسیسکۆس بشارمەوە، گوتم: "کچەکەم ئێرە ماڵی قەدیس دامیانۆیە، باشە لە کەنگێوە ئێوە لێرە بوونەتە خاوەن ماڵ؟"

دوو کیژۆڵەکەی تر کە کەمێک گچکەتر بوون و تەمەنیان سیازدە چواردە ساڵانێک دەبوو، لەسەرخۆ هاتنە پێشێ و دەستیان بەدەمیانەوە گرتبوو تا پێکەنینەکەیان وەشارن.

کیژۆڵەکە گوتی: "لەمڕۆ بەیانییەوە. هەرسێکمان بەدرێژایی ڕۆژ لێرە دەمێنینەوە. ئەمە (ئاگنیس)ی خوشکمە و ئەوەش (ئێرمێلیدا)ی دراوسێمانە. هەروا کە هاتووین بۆ ئێرە زەمیلەیەک خواردن و زەمیلەیەک میوەشمان لەگەڵ خۆماندا هێناوە."

وای گوت و هەمدیس ئاوڕی بۆ فرانسیسکۆس دایەوە.

– "گەر جەنابی فرانسیسکۆس حەزکات، ئەوا بەخۆشحاڵییەوە دەتوانێ لەگەڵ

ئێمەدا نان بخوا. ئاخر ئەو هاتووە بۆ ماڵی ئێمە و دەبێ میوانداریی بکەین."

فرانسیسکۆس بەئەسپایی گوتی: "کلارا بەدیدارت خۆشحاڵم."

دەنگی فرانسیسکۆس چ گەمە و بێپەروایییەکی تێدانەبوو، بەڵکو لە قووڵایی دڵییەوە هەڵدەقوڵیی، کیژەکە ڕاچڵەکیی. بەگلەیییەوە گوتی: "ئێمە بۆ گەمەکردن هاتووین بۆ ئێرە." ئەو قسەیەی واکرد وەک ئەوەی بیەوێ سەرزەنشتی فرانسیسکۆس بکا لەبەر ئەوەی یارییەکەیانی لێ تێکداون.

– "من هاتووم بۆ ئێرە لەبەر ئەوەی خەونم بینیوە، من بۆ یاریکردن نەهاتووم بۆ ئێرە."

کیژۆڵەکە بەمیهرەبانییەکی تاساوەوە گوتی: "نەخۆش بوویت؟"

فرانسیسکۆس وەڵامی دایەوە: "بەر لەوەی نەخۆشکەوم نەخۆش بووم!"

کیژۆڵەکە گوتی: "تێناگەم!"

– "خودا یارمەتیت بدا کە ڕۆژێک تێبگەیت!"

کیژەکە کە نەیدەزانی چ بڵێ و چۆن بەردەوامیی بداتە وتووێژەکە، گوتی: "شەوێکیان گوێم لە تۆ بوو گۆرانیت دبێژا!"

– "کلارا تۆ هەموو دەمە و نیوەشەوانێک گوێت لە من بووە گۆرانیم بێژاوە، بەڵام ئیتر لەمەولا گوێت لێم نابێت!"

کیژۆڵەکە سەری بادا، قژی بەسەر شانیدا کەوت و ئەو پەتەی کە قژی پێبەستبوو کرایەوە. ئەوجا چاوانی لە عەردەکە بڕی و گوتی: "بۆچی؟"

– "هێشتا نازانم بۆچی. کلارا پرسیارم لێ مەکە. من دەشێ ئیتر لەبەر پەنجەرەیەکی تردا گۆرانیی بێژم."

– "لەبەر پەنجەرەیەکی تردا؟ کام پەنجەرە؟ لە کوێ؟"

فرانسیسکۆس گوتی: "لەبەر پەنجەرەی خوداوەندا..." قسەکەی هێند بەچرپە کرد کە کیژۆڵەکە گوێی لێنەبوو، ناچار هەنگاوێک هاتە پێشەوە.

کیژەکە هەمدیس پرسییەوە: " کام پەنجەرە؟ لە کوێ؟"

بەڵام فرانسیسکۆس ئەمجارە وەڵامی نەدایەوە.



یەکێک لە کیژەکان گوتی: "کلارا... وەرە با یاری خۆمان بکەین، قسەی لەگەڵدا مەکە. باشە بۆچی قسەی لەگەڵدا دەکەیت؟"

ئەوجا کلارایان کێشکرد تا بەلای یاریکردنی خۆیانەوە بچن. بەڵام ئەو لە جێی خۆیدا بێ جووڵە ڕاوەستاو ئەو پەتە سەوزەی لە پەنجەیەوە دەئاڵاند کە لە قژی ببۆوە. ڕێک و لاواز و جلکێکی سپیی پۆشیبوو، چ زێڕو زیوێکی لەخۆنەدابوو، تەنها خاچێکی ئاڵتونیی نەبێت کە وەک یادەوەری غوسڵدانەکەی کردبوویە ملی و نوشتەیەکی سۆسەنی زیوینیشی کردبوو بەسینگە کەمەکێک هەڵتۆقیوەکەیەوە. ئەوەی ئەو کیژەی سەرنجڕاکێش کردبوو، برۆکانی بوو، برۆکانی باریک و تیژ بوون وەکی شمشێر، کاتێک ئەو برۆیانە بەخێرایی بۆ سەرەوە هەڵدەکشان، بەسەر چاوە ڕەشە بادامییەکانیدا دەهاتنەوە و جۆرێک لە هێز و ئیرادەیان پێدەبەخشی.

پێدەچوو توورە بووبێت، ئەوجا قژە پەخشبووەکەی گرت و بەپەتە ئاوریشمییەکە بەستی و ئاوڕی بۆ هاوڕێکانی دایەوە.

بەتووڕەیی گوتی: "وەرن با بڕۆین، وەرن با بەرەو خوار بینەوە بەرەو کڵێسایەکی تر لە (پورتیونکیولا) و لە جەنابی فرانسیسکۆس گەڕێین و لە کۆڵی ببینەوە، ئاخر ئەو دەڵێ خەونم بینیوە!"

ئێرمێلیدا لەبەرخۆوە شتێکی گوت و زەمیلە خواردنەکەی هەڵگرت، ئاگنێسی خوشکە چکۆڵەش زەمیلە میوەکەی هەڵگرت. کلارا لە پێشەوە دەرۆیشت و ئیدی لە نێو دارزەیتونەکانەوە بۆ دەشتەکە بەرەو خوار بوونەوە.

فرانسیسکۆس هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو لەبەر خۆیەوە گوتی: "ڕزگارمان بوو..." وای گوت وەک ئەوەی لە خەتەرێکی گەورە ڕزگارمان بووبێ.

***

فرانسیسکۆس لەبەر دەرگاکەدا دانیشت و لەسێ کیژەکەی دەنۆڕی کە پێدەچوو دابگیرسێن و بکوژێنەوە و دواجار لە نێو دار زەیتونەکاندا دیارنەمان.

– "ڕزگارمان بوو..." هەمدیس وای گوتەوە و هەستایە سەرپێ. " ئێستا دەبێ نیوەڕۆ بووبێت!" تەماشای کردم و هەموو ئاسەوارێکی ترس لەسەر ڕوخساری ڕەوییبۆوە.

– "برا لیۆن..." هەنووکە دەنگی گۆڕا بوو، بەحیرسەوە گوتی: "برا لیۆن، ئەی نەمانگوت ئێمە هەردووکمان سوپایەکی جەنگاوەرین و بۆ ڕزگارکردنی مەرقەدی پیرۆز هاتووین؟ بۆت نییە پێبکەنیت، دەبێ باوەڕ بکەیت! ئێمە دەبێ بەشتی سووک و هاسان دەست پێبکەین، پاشان وردە وردە دەست دەدەینە شتە گەورەکان. کاتێک لەوانە دەبینەوە، خۆمان بۆ شتی مەحاڵ تەرخان دەکەین. تێدەگەیت چ دەڵێم؟ یاخود پێتوایە هێشتا هەر لە ماڵەکەی بێرناردۆنێ و لەسەر چەرپاکەم ڕاکشاوم و ورێنە دەکەم؟"

بەترسەوە گوتم: "برا فرانسیسکۆس، شتی مەحاڵ، مەبەستت لە شتی مەحاڵ چییە؟ دەتەوێ بچین بۆ کوێ؟"

– "برا لیۆن تۆ خۆت نەتگێڕایەوە، ڕۆژێک چوویت بۆ لای زاهیدێکی بەناوبانگ کە لەسەر درەختێک ژیاوە. تۆ هاوارت بۆ کردووە: (باوکی پیرۆز ئامۆژگارییەکم بکە!) ئەویش لەسەر درەختەکەوە وەڵامی داویتەوە: (چەندێک لەتواناتدایە بڕۆ!) تۆ پێتگوتووە: (باوکی پیرۆز ئامۆژگارییەکی ترم بکە!) ئەویش وەڵامی داویتەوە: (چەندێک لەتواناتدا نییە بڕۆ!) باشە برا لیۆن، دەبێ چەندێک لە توانامان‌دا نییە بڕۆین. ئێستا خۆمان ئامادە دەکەین و بەکڵێسا وێرانەکەی قەدیس دامیانۆ دەسپێدەکەین. تێگەیشتیت چی مگوت؟"

وەڵامیم دایەوە: "فرانسیسکۆس پرسیارم لێ مەکە!" وامگوت و دڵم لە ئاگرێکدا دەسووتا کە بەشی سووتانی دارستانێکی دەکرد. " فرانسیسکۆس پرسیارم لێ مەکە، من لەهیچ شتێک تێناگەم و لە هەموو شتێکیش دەگەم، ئەمرکە!"

– "دەبێ بەردەکانی ئەم ناوە کۆکەینەوە، هێشتا شتێک لە پارەکانی بێرناردۆنێ لە پریاسکەکەمدا ماوە، بەو پارەیە ئەشیای کار و چیمەنتۆ دەکڕین و ئیتر ئێمە هەردووکمان هیمەمەت دەکەین و دەکەوینە ڕۆنانەوەی دیوارەکان. دەبێ خشت بۆ سەربانەکەشی بکڕین بۆ ئەوەی کە باران باری دڵۆپە نەکا، هەروەها بۆیەش بۆ بۆیاخکردنی دەرگاو پەنجەرەکان و زەیت بۆ چراوگەکەی قەدیس. دەبێ چەند ساڵ بێت دانەگیرسابێ؟ ئێمە هەمدیس دایدەگیرسێنینەوە.... لەگەڵمدایت؟"

قۆڵی کراسەکەم هەڵکرد، قسەکانی ئاگرێکیان تێدا هەڵایساندبووم.



گوتم: "کەنگێ دەست پێبکەین؟"

– "هەر ئێستا! قەدیس دامیانۆ تەڕە، سەرسم دەدا و لە حەژمەت تاریکیی پێی هەڵدەنوتێ، لەوە زیاتر ناتوانێ چاوەڕوانیی بچێژێ. بەڵام برا لیۆن تۆ پێتوایە ڕۆحی ئێمە بتوانێ چاوەڕێ بکا؟ ڕۆحیشمان تەڕە، لەتاریکیدا سەرسم دەدا و پێی هەڵدەنوتێ. دەی ڕابە هاوڕێم، بەناوی خودا!"

پاڵتۆ ئاوریشمییەکەی داکەند و کەوتە هەڵچنینی ئەو بەردانەی کە خلۆر ببوونەوە و باخچەکەیان لێ پڕ ببوو. منیش ڕامکرد و کەوتمە بەرد کۆکردنەوە و دەمخستنە جبەکەمەوە و دەمدایە دەستی. بەردە هەڵچنراوەکان بەرزبوونەوە، فرانسیسکۆس کاری دەکرد و ئەو گۆرانی ئەڤینانەی دەگوتەوە کە بەمنداڵیی ئەزبەری کردبوون و لەخۆشەویستیی دەدوان. چ خۆشەویستییەک؟ سترانبێژە گەڕۆکەکان گۆرانییەکانیان بەشانازیی دوڵبەرە دڵڕفێنەکانیانەوە دبێژا، بەڵام بەدڵنیاییەوە فرانسیسکۆس هەنووکە گۆرانیی بۆ مەریەمی پاقیژە دەچڕی.

درەنگ وەختانێک گەڕاینەوە ماڵەوە. بەدرێژایی ڕێگە، بەپەرۆشەوە، تەواوێک وەک دوو وەستای خانووبەرە باسی بەرد و چیمەنتۆ و چەمچەمان کرد. بەڵام وەک ئەوە وابوو باسی خودا و ڕزگاریی دونیایەک بکەین کە خەریکبوو دادەڕما. لەو ئێوارەیەدا بۆ یەکەمجار تێگەیشتم کە هەموو شتەکان یەکێکن و هەموویان هەمان شتن، تێگەیشتم کە لەودیو کاری ساکاری ڕۆژانەوە، چارەنووسی ئینسان کار دەکا. هەروەها فرانسیسکۆسیش لە قولاییڕا ورووژابوو، ئەویش هەستی دەکرد چ شتێک نییە ناوی ئیشی گەورە و ئیشی بچووک بێت، وی پێیوابوو دانانی بەردێکی بچووک لەدیوارێکی داڕووخاودا، وەک ئەوە وایە شانت نابێتە ژێر دونیا و نەهێڵیت بڕووخێ. هەروا وەک ئەوەش وایە کە ئینسان ڕۆحی خۆی قایم ڕاگرتبێ تا نەبا بکەوێ و هەپروون بەهەپروون ببێ.

کاتێک گەیشتینەوە ماڵەوە خاتوو پیکامان بینی لەبەر پەنجەرەکەدا دانیشتبوو. بەنیگەرانییەوە لە جاددە قەرەباڵخەکەی دەنۆڕی. هێشتا دونیا تاریک دانەهاتبوو، دونیا هێشتا ڕووناک بوو، لەدوورەوە ئێمەی ناسییەوە و هاتە خوارەوە تا خۆی دەرگاکەمان لێبکاتەوە. دەیویست کوڕەکەی سەرزەنشتکا چونکە بەو نەخۆشیی و

ماندووییەوە چۆتە دەرەوە و کاتێکی وا درەنگیش گەڕاوەتەوە. بەڵام کاتێک ڕوخساری کوڕەکەی بینی، هیچی بۆ نەگوترا. بەسەرسوڕمانەوە تەماشای کوڕەکەی کرد. سەیریکرد کە چۆن بۆتە ئینسانێکی تر. ئیتر دواجار زاری هەڵێنا.

– "کوڕەکەم بۆچی ڕوخسارت ئاوها پرشنگ دەدا؟"

فرانسیسکۆس بەپێکەنینەوە گوتی: "دایکە ئیتر لەمەولا ڕوخسارم هەر وادەبێت! ئەمە جارێ سەرەتایە، ئێمە جارێ لە یەکەمین پێپلیکانەداین. خۆی بەهەمووی حەفتا و حەوت هەزار پێپلیکانەیە!"

ئەوسا قۆڵی دایکی گرت و بەگوێیدا چرپاند: "ئەم ئێوارەیە برا لیۆن لەگەڵ خۆمان و لەسەر یەک خوان شێو دەکا!"

***

بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر وەک دز بەپارێزەوە لە ماڵ چووینە دەرێ و شۆڕ بووینەوە بەرەو بازاڕ و ئەشیامان کڕی. دوو چەکوش، دوو چەمچە، فلچە و بۆیاخ، بۆ خشت و چیمەنتۆش ڕامانسپارد بۆمان بهێنرێ و ئەوجا بەپەلە ڕێگەی کڵێسای قەدیس دامیانۆمان گرتەوە بەر.

ئاسمان تەژی بوو لە هەوری تەنک، هەوا سارد و کزەیەک لە شاخەوە هەڵیکردبوو. کەڵەشێرەکان لەباخچەکەدا قووقاندیان. بونیادەم و ئاژەڵان بێدار دەبوونەوە، دارزەیتوونەکان بریقەیان دەدایەوە، گاکان کاری پیرۆزی ڕۆژانەی خۆیان دەسپێکردبوو.

فرانسیسکۆس بۆ ساتێک ئاوڕی بۆ دامەوە و گوتی:"ڕۆحیش هەر ئاوها بێدار دەبێتەوە، خوداوەندش پێنج گای هەیە، بەیانیان زوو گاسنیان لێدەبەستێ و دەکەوێتە ئەرز کێڵان."

لە قسەکەی تێنەگەیشتم، گوتم: " چیی؟ چیی دەکێڵن؟"

– "ئەرزی بەهەشت. ئەرزی بەهەشت یاخۆ دۆزەخ!" فرانسیسکۆس ئاوها بەدەم وەڵامدانەوەمەوە دانەوێوە تاکو گوڵە مینایەکی جوان و زەرد لێکاتەوە کە لەقەراغی ڕێگەکەدا ڕووابوو، بەڵام هەرکە دەستی برد لێیکاتەوە، وەکی ئەوەی ژێوان بووبێتەوە دەستی ڕاگرت.



– "خودا ئەم گوڵەی لێرەدا بۆ نەخشی ڕێگاکە داناوە، ئێمە نابێ ڕێگە لە مەخلوقەکانی خودا بگرین ئەرکەکانی سەر شانیان بەجێ بێنن!"

وای گوت و دەستی بۆ گوڵە میناکە ڕاوەشاند، وەک ئەوەی خوداحافیزیی لەخوشکێکی ئازیزی خۆی بکا.

کاتێک گەیشتینە کڵێسا وێرانەکە، قەشەیەکمان بینی لەبەر دەرگاکەدا خۆی لەبەر هەتاودا هەڵخستبوو. ئەو قەشەیە پیرو بەتێپەڕینی ساڵان پشتی کۆمابۆوە، داڕماو و شەکەت و هەژار هەر عەینەن کڵێساکەی قەدیس دامیانۆ. کاتێک فرانسیسکۆس لە دوورەوە ئەوی بینی، بۆ ساتێک واقیوڕما. لەبەرخۆیەوە گوتی: "ئەرێ ئەوە قەدیس دامیانۆ خۆی نییە؟"

بەڵام هەر زوو حاڵی بوو. لە پیرەمێردەکە نزیک بۆوە و ناسییەوە.

– "ئای خۆ ئەمە باوە ئانتۆنیۆس ی پیرەمێردە، قەشەی کڵێساکەیە، دەیناسم."

بەئارامیی چووە پێشێ تا سڵاوی لێ بکا. ئەوسا داهاتەوە و دەستی ماچ کرد.

– "بەئیجازەی تۆ، ئێمە بەتەماین کڵێساکە ڕۆنێینەوە، قەدیس هاتە خەونمەوە و منیش بەڵێنی ڕۆنانەوەی کڵێساکەیم پێداوە."

قەشە لە ناکاوێکڕا سەری هەڵبڕی. گەرچی جەستەی داڕماو بوو، بەڵام هێشتا ڕووناکیی لەچاوانیدا هەر مابوو.

بەگلەیی و تووڕەییەوە گوتی: "باشە بۆچی نەهاتۆتە خەونی من؟ ئاخر من لە خزمەتی ویدا پیر بووم، وی داروندارمی هەڵلووشیوە تا بتوانم چرایەکی بۆ داگیرسێنم. دەی بچۆ گسکی بۆ بکرە و گسکی بۆ بدە، برۆ بخووری بۆ بکرە و بۆی داگیرسێنە، شەرابی بۆ بکرە و ئەیکۆنەکەی پێ بشۆ. کەچی جارێک نەهاتۆتە خەونم تا قسەیەکی هاوڕێیانەم لەگەڵ بکا و سوپاسێکم بکا! باشە تۆ کوڕەکەی جەنابی بێرناردۆنێ نیت؟ ئەو کوڕە دەسبڵاو و تووڕەهاتەی کە بەدرێژایی شەو بەسیتارەکەیەوە بەشەقامەکاندا دەسووڕێتەوە؟"

فرانسیسکۆس وەڵامی دایەوە: "با ئەوم، من ئەو دەسبڵاو و تووڕەهاتەم."

– "باشە خودا چاوەڕێی چیی لە تۆ دەکا؟"

فرانسیسکۆس وەڵامی دایەوە: "هیچ، هیچ، بەڵام من چاوەڕێی هەموو شتێک دەکەم لەو!"

– "هەموو شت وەک چی؟"

– "ڕزگاریی ڕۆحم!"

قەشە سەری دانەواند و شەرم دایگرت. دەستی لەسەر نێوچەوانی دانا تا چاوی لە تیشکی هەتاوەکە بپارێزێ، قەشە بێدەنگ بوو. بەڵام ئێمە قۆڵی کراسەکانمان هەڵکرد و ئیشی خۆمان دەسپێکرد، خۆنەویستانە پێکەوە وردە وردە کەوتینە گۆرانی چڕین. پێکەوە بەملاولادا ڕاماندەکرد، بەردمان کۆدەکردەوە، چیمەنتۆکەش گەیشت و چەمچەکانمان بەدەستەوە گرت. لە دوو تەیر دەچووین کە بەهاران هێلانەکەیان چێدەکەن.

لێمپرسی: " فرانسیسکۆس، ئێمە لە چی دەچین؟"

بەزەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دامەوە: "لە دوو تەیر کە بەهارانێ هێلانەکەیان چێدەکەن."

قەشە هەستابووە سەرپێ و بەبێدەنگیی تەماشای دەکردین. جار ناجار دزەنیگایەکی بۆ فرانسیسکۆس دەکرد و خاچی دەکێشا. دەمەو نیوەڕۆ، چۆوە بۆ ماڵە چکۆڵەکەی کە لەو نزیکانە بوو، پاش تاوێک گەڕایەوە و سینییەکی دارینەی بۆ ڕاگرتین کە دوو کولێرەی جۆو دوو مشت زەیتونی ڕەش و پیازێک و بوتڵێک شەرابی لەسەر بوو.

بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی: "پاولۆسی حەواری ڕایسپاردووە کە ئەوەی ئیش دەکا دەبێ نان بخوا."

هەستمانکرد برسیمانە. چوار مشقی لە باخچەکەدا دانیشتین و کەوتینە خواردن.

فرانسیسکۆس گوتی: "ئایا قەت نانێکی وا بەلەزەتت خواردووە؟" وای گوت و بەچێژەوە تامی نانەکەی دەکرد. "ئەی ئەم زەیتوونە خۆشە! قەت شەرابی ئاوها نایابت خواردۆتەوە؟"

وەڵامیمدایەوە: "یەکجار. تەنها یەکجار، ئەویش لە خەوندا، پێموابوو چوومەتە بەهەشت. هەڵبەت برسییان خەون بەنانەوە دەبینن، منیش چووبوومە بەهەشت و



فریشتەیەک بەسینییەکەوە هات، ڕێک وەک ئەم سینییە – لەگەڵ نانی جۆ و زەیتون و پیازێک و بوتڵێک شەراب. فریشتەکە پێیگوتم: (تۆ لە ڕێگەیەکی دوورەوە هاتوویت، هەڵبەت ئەلعان برسیتە، دانیشە، بەرلەوەی خۆت پیشانی خوداوەند بدەیت بخۆ و بخۆرەوە.) منیش لە نێو چیمەنەکەی بەهەشتدا لێی دانیشتم و کەوتمە خواردن، هەر پاروویەک کە دەمخوارد، هەر قوومێک کە هەڵمدەقوڕاند، دەچووە ناخمەوە و دەبووە ڕۆح. نان، شەراب، زەیتون و پیاز، هەمووی دەبوونە ڕۆح. تەواوێک هەر وەکی ئێستا."

هەمدیس کەوتینەوە ئیش، بەردەکانمان دادەتاشی، چیمەنتۆمان دەگرتەوە و درزی دیوارەکانمان پێ سواغ دەدا. هەموو ئەو گۆرانییانەمان دەچڕی کە دەمانزانین. خەریکبوو تاریکدادەهات. بۆ تاوێک مەزەندەم کرد کە قەدیس دامیانۆ هاتۆتە کڵێساکەوە و لەبەر دەرگاکەدا ڕاوەستاوە و بەسوپاسگوزارییەوە تەماشامان دەکا. بەڵام دوایی سەرنجمان دا کە ئەوە قەشەکەیە بەزەردەخەنەوە تەماشامان دەکا.

فرانسیسکۆس گوتی: "کێ چوزانێ، ڕەنگە ئەوە قەدیس دامیانۆ خۆی بێت!" وای گوت و پاشان سەرنجێکی پڕ لە ڕێزی دایە پیرەمێرد کە لەبەر دەرگاکەدا ڕاوەستابوو. گوتی: "ڕەنگبێ دوای ساڵانێکی زۆر لە نوێژ و هەژاریی هەردوو ئەو دووانە بووبێتنە یەک!"

کاتێک شەو داهات و ئێمە دەستمان لە ئیش هەڵگرت و خوداحافیزییمان لێ کرد، هەر بەڕاستیی ڕوخساری قەشە وەکی ڕوخساری قەدیسان پرشنگی دەدا.

***

هەنووکە ناتوانم بیگێڕمەوە کە چەند ڕۆژو چەند هەفتە ئێمە کارمان کرد، چۆناوچۆنیی دەتوانم ئەوەم بیر خۆم بێنمەوە؟ ئاخر زەمەن وەک ئاو دەڕژا و وەک ئاو خوڕەی دەهات و ئێمەیش لەگەڵ ئەودا دەڕژاین و خوڕەمان دەهات. ئێمە کارمان بەچەکوش، چەمچە و فلچەی بۆیاخ دەکرد، بەدیقەتەوە خشتەکانی سەربانمان دادەنا. خۆر هەڵدەهات، لەناوقەدی ئاسماندا ڕادەوەستا و ئەوجا خۆی نزم دەکردەوە، لای چەپەوە ئەستێرەی ئێوارە بەگومەزی ئاسمانەوە شۆڕدەبۆوە، شەو دادەهات، بەدەستوپلی چیمەنتۆیاویی و بەدڵیخۆشەوە دەگەڕاینەوە ئاسیزیی... تەنێ

دەتوانم ئەوەندە بەدڵنیاییەوە بڵێم کە لەماوەی ئەو ڕۆژان و هەفتانەدا ئێمە هەردووکمان هەمان ئەو شادومانیی و هەڵپە و عیشقەمان ئەزموون دەکرد کە تەیرێک لەمیانەی چێکردنی هێلانەکەیدا ئەزموونی دەکا. خودایە چ خۆشییەک هەبوو بگاتە ئەو خۆشییەی کە ئیدی هێلانە تەواو بووە و تەیرەکە تیایدا دەکەوێتە هێلکە دانان. ئێمە هەردووکمان، من و فرانسیسکۆسیش هەمان هەستمان هەبوو. لە هەموو ژیانماندا، ئەو ڕۆژانە وەکی ئاهەنگی ئەڵقە لە پەنجەکردن، بەشادومانیی و ئەڤین دەدرەوشێنەوە. وەک بڵێی ڕۆحمان لەگەڵ خودادا ئەڵقەیان کردبێتە پەنجەی یەکتر.

– "چ بووە؟"

بەیانییەک فرانسیسکۆس وای گوت کە تازە خەریک بووین دەکەوتینە ئیش.

– "برا لیۆن چ بووە؟ چما ئایا دونیا گۆڕاوە؟ چما ئایا ئێمە گۆڕاوین؟ ئەز دەگریم و پێدەکەنم، گریان و پێکەنینم لەلا بوونەتە یەک شت. من هەستدەکەم دەفڕم و بەژوور ئەرزەوەم و لە فەزادا دەخولێمەوە! برا لیۆن ئەدی تۆ؟"

– "من هەست دەکەم کرمێکم لە قووڵایی خاک و خۆڵی ئەرزدام، هەموو ئەرز بەسەر منەوەیە و قورسایی خۆی خستوومەتە سەر، منیش پەل دەکوتم تا درزێک بکەمە عەرد، کەلەبەرێک بەرەو سەرەوە بکەمەوە و خنەخن لە تونێکڵی عەردەوە بێمە دەرێ و ڕۆشناییم لێدا. چ کارێکی زەحمەتە درزێک بکەیتە تەواوی ئەرز. بەڵام من بەحەوسەڵەم، چونکە دڵنیام ئەو کاتەی لە قووڵایی ئەرزەوە دێمە دەرێ و ڕۆشنایی لێم دەدا، ئەوسا دەبمە پەپوولە!"

فرانسیسکۆس هاواریکرد: "وایە! وایە! ئەلعان تێگەیشتم برا لیۆن، ڕەحمەتی خودات لێ بێت! ئێمە دوو کرمین کە دەمانەوێ ببینە پەپوولە. کەواتە ئیشکە! چیمەنتۆ بگرەوە، بەرد بێنە و چەمچەکەم بدەرێ!"

***

کاتێک بێرناردۆنێی پیرەمێرد لە سەفەرەکەی گەڕایەوە، ئێمە خەریک بوو کارەکەمان لە کڵێسای دامیانۆ تەواو دەکرد. کە گەڕابۆوە تەواوێک سەری سوڕمابوو کاتێک کوڕەکەی لە دوکانەکەیدا نەبینیبوو. فرانسیسکۆس ئیدی زۆر نەدەچوو



یارمەتی باوکی لەکاروبارەکانیدا بدا، ئاخر ئەو هەر لە بەیانی شەبەقەوە دەچووە دەرێ و شەوان دەگەڕایەوە، بابی بەتەنێ نانی دەخوارد و زۆر نەیدەبینی.

بەنیگەرانییەوە لە ژنەکەی پرسیبوو: "ئەرێ کوڕە ئازیزەکەت هەموو بەیانییەک شەبەق دەڕوا و زۆر لە دوکانیش دەرناکەوێت، باشە ئەوە دەچێت بۆ کوێ؟"

خاتوو پیکا سەری داگرتبوو، چونکە زاتی نەکردبوو ڕاستەوخۆ چاو لە چاوانی شووەکەی ببڕێ. وەڵامی دابۆوە: "فرانسیسکۆس خەونی بینیوە، دامیانۆی میهرەبان هاتۆتە خەونی و داوای لێ کردووە کڵێساکەی بۆ ڕۆنێتەوە!"

– "ئەی دوایی؟"

– "هەموو بەیانییەک دەڕوا، دەڕوا و ئیش لە ڕۆنانەوەی کڵێساکەدا دەکا."

– "هەر خۆی؟ بەدەستەکانی خۆی؟"

– "بەدەستەکانی خۆی."

– "بەتەنێ؟"

– "لەگەڵ هاوڕێکەیدا، هاوڕێ سواڵکەرەکەی."

جەنابی بێرناردۆنێ برۆی گرژ کردبوو، مشتی هێنابۆوە یەک. گوتبووی: "کوڕەکەت ڕێگەیەکی خەراپی گرتۆتەبەر، ئەوەش خەتای تۆیە!"

– "من؟"

– "بەڵێ خەتای خوێنەکەی تۆیە، خەتای خوێنێک کە پڕە لە گۆرانیبێژ و بونیادەمی پەرکەمدار و خەڵکانی شێت!"

فرمێسک زابووە چاوانی خاتوو پیکا. بێرناردۆنێ گۆچانەکەی هەڵگرتبوو، گوتبووی:

– "من دەبێ بچم بیهێنمەوە. خۆ بەتەنها خوێنی تۆ لە جەستەی ویدا ناگەڕێ، بەڵکو خوێنی منیش لە جەستەیدا دەگەڕێ. نابێت ئەو خوێنە بەزایە بچێ!"

پێش نیوەڕۆ بێرناردۆنێ لای کڵێسای قەدیس دامیانۆوە دەرکەوت، ڕەنگی پەڕیو و لە حەژمەت ماندوویی ڕێگە، هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو. فرانسیسکۆس بەسەربانی کڵێساکەوە بوو، خشتە سوورەکانی ڕیز دەکرد. کاری ئەو ڕۆژەمان تەواو ببوو، هەنووکە فرانسیسکۆس ئارەزوویەکی فرەی تێدا درووژابوو کە بەزوبانی زێدی

دایکی تێچریکێنێ لە گۆرانی. بێرناردۆنێ گۆچانەکەی هەڵبڕیی.

هاواری کرد: " ئاوها، ئا وەستا وەرە خوارەوە، دەمەوێ قسانت لەگەڵ بکەم!"

فرانسیسکۆس لە سەربانەوە بەدەنگی بەرز وەڵامی دایەوە: "ڕۆژباش جەنابی بێرناردۆنێ، چیت دەوێ؟"

– "وا دوکانەکەی منیش خەریکە نابووت و وێران دەبێ، وەرە خوارەوە، ئەویش بهێنەرەوە مایە و هەڵیسێنەرەوە!"

– "من دوکانەکان هەڵناسێنمەوە، بەڵکو وێرانیان دەکەم. جەنابی بێرناردۆنێ بۆ ئەمەیان بمبوورە."

بێرناردۆنێ کەللەیی بوو. لەحەژمەت تووڕەیی، گۆچانەکەی کێشا بەبەردەکانی باخچەکەدا. دەیویست بدوێ بەڵام چ وشەیەکی بۆ نەهات، دەمی لە گۆ کەوتبوو.

ئاخرییەکەی نەڕاندی: "وەرە خوارەوە، فەرمانت پێدەدەم بێیتە خوارەوە. چییە نامناسیت؟ من باوکتم!"

–" جەنابی بێرناردۆنێ دەبێ بمبووریت! تەنێ خوداوەند بابی منە، تەنها ئەو و هیچ کەسێکی تر نا!"

جەنابی بێرناردۆنێ لە تووڕەییدا دەمی کەفی دەکرد. لەبەر هەتاوەکەدا ڕاوەستابوو، هەستم دەکرد دوکەڵ لە قژییەوە بەرز دەبێتەوە.

هەمدیس نەڕاندی: "ئەدی من؟ من چیم؟ من کێم؟"

– "تۆ جەنابی بێرناردۆنێیت، ئەوەی کە دوکانێکی گەورەی لە گۆڕەپانی ئاسیزیی هەیە و ئاڵتوون لە قاسەکانیدا کەڵەکە دەکا و لە بری ئەوەی جلک بکاتە بەری خەڵک، کەچیی ڕووتیان دەکاتەوە!"

قەشە لە ماڵەوە بوو، کە ئەو دەنگە دەنگەی ژنەفت، هاتە پێشەوە، هەر کە بێرناردۆنێی پیرەمێردی بینی هەموو شتێک تێگەیشت. بەترسەوە هاتە پێشێ و دەستی کرد بەبەر باخەڵیدا و ئەو پارەیەی دەرهێنا کە فرانسیسکۆس پێی دابوو تا زەیتی بۆ چراکەی قەدیس پێبکڕێ.

گوتی: "جەنابی بێرناردۆنێ بمبوورە، ئەم پارانە هی تۆن، کوڕەکەت داوییەتی پێم بەڵام دەستم بۆ نەبردووە."



بێرناردۆنێ پڕی کرد بەپارەکەدا و ئاخنییە گیرفانە قەبەکەیەوە، بەڵام لای نەکردەوە تاکو قەشە ببینێ. ئەمجارەیش گۆچانەکەی بەرەو سەربانەکە بەرزکردەوە.

نەڕاندی: "هەی نارەسەن، وەرە خوارەوە تا ئاقڵتکەم!"

فرانسیسکۆس گوتی: "واهاتم!" وای گوت و خۆی بۆ هاتنە خوارەوە ئامادە کرد!

من چەمچەکەم دانا و چاوەڕێم کرد بزانم چ ڕوودەدا.

فرانسیسکۆس تەپوتۆز و چیمەنتۆکەی لە جلکەکانی تەکاند و بەرەو لای باوکی هاتە پێشێ. بێرناردۆنێ تەماشای کوڕەکەی کرد، پێدەچوو بڵێسەی ئاگر لەچاوانییەوە هەڵچێ، بێ جووڵە وەستابوو، متەقی لەخۆبڕیبوو، گۆچانەکەی بەرزکردبۆوە و چاوەڕێی دەکرد کوڕەکەی بێتە پێشێ. ڕێک هەر هەمان ئەو کاتەی کە فرانسیسکۆس دانەویەوە تا سڵاوی لێ بکا و دەستی بەنیشانەی خاچ لەسەر سینگی دانێ، بێرناردۆنێ دەستە قورسەکەی هەڵبڕی و یەک شەپازللەی توندی لەلای ڕاستی فرانسیسکۆس سرەواند. ئەوجا فرانسیسکۆس لای کردەوە و لای چەپیشی بۆ ڕاگرت.

بەئارامیی گوتی: "جەنابی بێرناردۆنێ لەم لایەی تریشیان بدە! تا هەست نەکا فەرامۆش کراوە و گلەیی نەکا!"

من بەپەلە چوومە پێشێ تا لەسەر هاوڕێکەم بکەمەوە، بەڵام ئەو دەستی ڕایەڵ کرد و گوتی: "برا لیۆن، دەست وەرمەدەرە مەشیئەت و کاری خوداوە. جەنابی بێرناردۆنێ یارمەتی کوڕەکەی دەدا تا ڕزگاریی بدۆزێتەوە. جەنابی بێرناردۆنێ لەم لایەی تریشیان بسرەوێنە!"

بێرناردۆنێ زێدەتر کەللەیی ببوو، گۆچانەکەی بەرزکردەوە تا بیکێشێ بەسەری کوڕەکەیدا، بەڵام دەستی بێ جووڵە لە هەوادا ڕاگیرا. فرانسیسکۆس بەحەپەساویی سەری هەڵبڕی، دڵۆپە ئارەقەی درشت بەنێوچەوانی بێرناردۆنێدا دەهاتە خوارەوە و لێوی شین هەڵگەڕا بوو. ترس ڕوخساری کردبووە شتێکی تر، دەیبینی کە چۆن تەقەلا دەدا تا گۆچانەکە دابێنێتەوە و بیکێشێ بەسەری کوڕەکەیدا، بەڵام دەستی بەحەواوە وشک ببوو.

فرانسیسکۆسیش دەیبینی چۆن چاوە تەژی لە ترسەکانی بابی لە ئاسمانیان

نۆڕیوە، فریشتەیەکی توورە خۆی دابوو بەسەریا و دەستی لە هەوادا ڕاگرتبوو، فرانسیسکۆس ئەوەی نەدەبینی، هەروەها منیش نەمدەبینی، بەڵام هەردووکمان وژەی تووڕەی باڵ لەیەکدانی فریشتەکەمان لە فەزادا دەژنەفت.

فرانسیسکۆس گوتی: " باوکە، چ نییە، چ نییە... مەترسە!"

بەزەیی بەباوکیدا دەهاتەوە و دەیویست قۆڵی بگرێ، بەڵام لە ناکاوێکڕا بێرناردۆنێی پیر بەسەر بەردەکاندا کەوت.

کاتێک هاتەوە سەر خۆی، خۆر لە ناوەڕاستی ئاسماندا بوو. قەشەی پیر هێشتا ئەو پەرداخە ئاوەی پێبوو کە هێنابووی نێوچەوان و لاجانگەی بێرناردۆنێی لەهۆشخۆچووی پێتەڕکا. فرانسیسکۆس بەچیچکانەوە لەلای باوکییەوە دانیشتبوو، سەری نابووە نێو دەستەکانی و چاوانی بڕیبووە چیای (سوباسیۆ) کە لەنێو ڕووناکیدا مەلەی دەکرد.

بێرناردۆنێ هەستایە سەر پێ و گۆچانەکەی هەڵگرت، من تاوم دایە خۆم تا بچم و یارمەتی بدەم هەستێ، بەڵام بەئاماژەی دەست دووری خستمەوە. شەکەت و ماندوو هەستا و ئارەقەی تەوێڵی وشک کردەوە، بەبێ ئەوەی تەنها وشەیەک بڵێ یان سەرنجێکی کوڕەکەی بدا کە هێشتا لەسەر ئەرزەکە دانیشتبوو یاخۆ سەیرێکی قەشەی پیر بکا کە پەرداخە ئاوەکەی بەدەستەوە بوو. جلکەکانی تەکاند، توند خۆی بەگۆچانەکەیەوە ڕاگرت و بەهێوریی بەرەو ژوور لێیدا ڕۆیشت. ئیدی دوای تاوێک لە پێچی ڕێگاکەدا بزر بوو.

***

ئەو شەوە فرانسیسکۆس نەچۆوە ماڵێ و منیش لەلای مامەوە. چەند ڕۆژێک لەوەوبەر لە نزیک کڵێسای قەدیس دامیانۆوە ئەشکەوتێکی دۆزیبۆوە و هەمیشە کارەکەی جێدەهێشت و چەند سەعاتێک لەو ئەشکەوتەدا دەمایەوە. هەڵبەت بۆ نوێژ دەچوو بۆ ئەوێ، چونکە کە لە ئەشکەوتەکە دەهاتە دەرێ و دەکەوتەوە ئیشکردن، هالەی نوورێک دەوراندەوری سەری دەپۆشی وەکی ئەو هالانەی کە لە ئەیکۆنەکاندا بەدەوری سەری قەدیسانەوە دەبینرێن، ئەوە پرشنگی نوێژەکە بوو کە هێشتا بەوێوە دەمایەوە.



ئەو شەوە چووینە ئەو ئەشکەوتەوە، ئەوێ بۆشێی عەردی لێ دەهات، بەبێ ئەوەی چ شتێک بخۆین و بەبێ ئەوەی قسەیەک لەگەڵ یەکدیدا بکەین، دوو بەردمان کردە سەرین و لێی ڕاکشاین. من کفت بووم و یەکسەر خەو بردمییەوە، پێدەچوو شەبەقی دابێت کە بێداربوومەوە و لە ساتێکدا فرانسیسکۆسم بینی لەبەر دەرکی ئەشکەوتەکەدا دانیشتبوو، سەری نابووە نێو ئەژنۆکانییەوە و بەدەنگێکی کپ و یەکتا، لەژێر لێوەوە دەدوا، پێدەچوو بێدەنگ بگری نەبا خەبەرم بێتەوە. لەسالانی دواتردا ڕووی داوە کە زۆر جاران هەنسکی گریانی فرانسیسکۆس ببیەم، بەڵام ئەو بەیانییە گریانەکەی دەتگوت گریانی ساوایەکە کە داوای شیر بکا، بەڵام دایکی نەبێت.

بەرەو دەرکی ئەشکەوتەکە چووم، لە پاڵیدا لەسەر ئەژنۆ دانیشتم و چاوانم بڕییە ئاسمان. ئەستێرەکان لەوەدابوو بکوژێنەوە، هەندێکیان هێشتا بەو ئاسمانە سپییەدا شۆڕببوونەوە. لە یەکێکیانەوە، کە گەورەترینیان بوو، ڕەنگی سەوزو پەمەیی و شین پرشنگی دەدا.

بۆ ئەوەی خەیاڵی بەلایەکی تردا وەربگێڕم لێیم پرسی: "برا فرانسیسکۆس، ئەو ئەستێرەیە چ ئەستێرەیەکە؟ هیچت لە بارەیەوە بیستووە؟"

لە گریانەکەی ژێر بۆوە.

– "کێ چوزانێ، ڕەنگە سەرۆکی فریشتان بێت، گابریلی سەرۆکی فریشتان بێت کە ئاوها دەدرەوشێتەوە. وی ڕۆژێک دادەبەزێت بۆسەر ئەرز و دەڵێ: "ماریا سڵاوی هەیە!"

پاش تاوێک درێژەی بەقسەکانی دا: "ئەو ئەستێرە بەدرەوشەیەش، ئەوەی کە دەیبینی لە خۆرهەڵاتدا سەما دەکا و خەریکە ڕۆشنایی هەتاو هەڵیدەمژێت، ئەوە لۆسیفێری ئەستێرەی بەیانە."

بەسەرسوڕمانەوە هاوارم کرد: "لۆسیفێر؟ بۆچی؟ بۆچی؟ ئەوە ڕاست نییە، باشە ئەدی ئەو لە گابرێلی سەرۆکی فریشتان بەدرەوشەترە؟ ئەمە خودا ئاوها سزای دەدا؟"

فرانسیسکۆس بەدەنگێکی نیوە نووساو گوتی: "بەڵێ، ڕێک وایە. برا لیۆن چ

سزایەک قورستر نییە لەسزای ئاڵوگۆڕ پێکردنی شەڕ بەخێر!"

دوای تاوێک لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: "باشە بۆ سەرت سوڕما؟ چما خودا هەمان شتی لەگەڵ مندا نەکرد؟ لەگەڵ منی تووڕەهات و بەزیو و بێ فەڕدا، لەگەڵ منی ئەستێرە چکۆڵەی بەیاندا؟ لەبری ئەوەی برووسکەیەکم بۆ نازڵکاو بمکاتە قەرەبرووت، کەچیی شەوێکیان کاتێک کوێرانە گۆرانیم دبێژا و تێر ببووم لەخواردن و شەراب؟ هات قەدیس دامیانۆی ناردە خەونم و گوتی: (بکەوە خۆت، کڵێساکە ڕاگرە کە خەریکە دادەڕووخێ، من باوەڕم پێتە!) پێموابوو لەبارەی کڵێسا چکۆڵە و چۆڵ و وێرانەکەی خۆیەوە دەدوێ و ئیدی منیش ڕۆمنایەوە، بەڵام ئێستا..."

هەناسەیەکی هەڵکێشا، باسکی کردەوە و هەناسەی وەرگرتەوە.

بەنیگەرانییەوە تەماشایم کرد و گوتم: "ئێستا چی؟"

– "ئێستاش دڵم نەهاتۆتەوە سەر خۆی. نا، نا، ئەو مەبەستی لە کڵێسا چکۆڵە وێرانەکەی نەبووە، ئەمە ئەوەیە کە بەدرێژایی شەو بیرم لێ کردۆتەوە. برا لیۆن ئێستا وا تازە خەریکم لەو پەیامە نهێنی و خەتەرناکە تێدەگەم..."

وای گوت و بێدەنگ بوو.

– "برا فرانسیسکۆس دەتوانم گوێم لەو پەیامە بێ؟ پێمبڵێ تا منیش شادومان بم."

– "پێی شادومان نابیت برا لیۆن، پێی شادومان نابیت، بەڵکو پێت قەبوڵ ناکرێت. حەوسەڵەت هەبێ، لەگەڵ مندا وەرە، ئیمانت هەبێ، ئیدی وردە وردە تێدەگەیت و دەدەیتە قوڵپی گریان. بۆیشی هەیە ژێوان بیتەوە، ڕێگەکە سەخت و ناهەموارە، کێ چوزانێ، ڕەنگە هێدی هێدی ژێوان بیتەوە......"

دەستیم گرت و ویستم ماچی بکەم، بەڵام ئەو ڕێگەی نەدام.

– "برا فرانسیسکۆس، بۆ هەر کوێ بڕۆیت منیش دێم، ئیتر لەوە زیاتر پرسیارت لێ ناکەم، ڕێگەکەم پیشان دە!"

بێدەنگ بووین، بینیمان ڕۆشناییەکە تەشەنە دەسەنێ، هەورازی چیاکان وردە وردە ڕەنگێکی وەنەوشەییان دەپۆشی و پاشان ڕەنگێکی گوڵاڵە سوورەیی و دواجار





ڕەنگێکی تەواو سپیی. دارزەیتوونەکان، بەردەکان و ئەرز زەردەخەنەیان دەهاتێ. خۆر هەڵگژاو چوو لەسەر گاشەبەردێک دانیشت، ئێمەیش لەبەر دەرکی ئەشکەوتە تاریکەکەوە دەستمان بۆی ڕاوەشاند و سڵاومان لێ کرد.

من هەستام تا بەرەو کڵێسای دامیانۆ بچمە خوارەوە، ئەشیاکانمان کۆکەمەوە و گسکێک بدەم و دەستێک بەو ناوەدا بێنم.

فرانسیسکۆس گوتی: "ئەشیاکان بدەرە قەشەی پیر بۆ خۆی. بەڵام بەر لەوە یەکە یەکە ماچیانکە، ئاخر برا لیۆن ئەوان ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێ هێنا، زیاتر لەوە پێویستمان پێیان نییە. ئەم کڵێسایەی کە هەنووکە ڕۆنراوەتەوە، ئیدی چ ئاتاجی بەچەمچەو چیمەنتۆ نییە!"

زارم کردەوە تا پرسیاری لێ بکەم، بەڵام یەکسەر دەمم داخست. بەخۆم گوت: "ڕۆژێک دێ تێبگەم، تەنها حەوسەڵەم هەبێ!"

فرانسیسکۆس گوتی: "بڕۆ خودات لەگەڵ بێت، من بەدرێژایی ڕۆژ لێرە، لە ئەشکەوتەکەدا دەمێنمەوە. گەرەکمە خوداوەند بانگکەم، زۆر شتم هەن پێی بڵێم، دەمەوێ لێی بپاڕێمەوە هێزم بداتێ. ئەوە هەڵدێرێکە لەبەرامبەرمدا، دەمەوێ لێیبپرسم چۆناوچۆنیی دەتوانم بازی بەسەردا بدەم؟ بەڵام گەر ئەوە نەکەم، ئەدی چۆناوچۆنیی دەتوانم بەخوداوەند ڕابگەم؟"

من ڕۆیشتم. ساڵانێکی زۆر دواتر، کاتێک فرانسیسکۆس ئامادەی ئەوە بوو ئەرز جێبێڵێ، زانیم ئەو ڕۆژە چی لەو ئەشکەوتەدا ڕووی داوە. بیرم دێ ئەو شەوە نەیتوانی بنوێ، لەسەر ئەرزەکە و لە دەرەوەی پۆرتیونکولا ڕاکشابوو، مشکەکان هاتبوونە دەرێ و ئەوەی لەجەستەی مابۆوە دەیانکرۆژت. بانگی کردم لەلایەوە دانیشم و مشکەکانی لێ دووربخەمەوە و هاودەمیی بکەم. ئەو شەوە ئەوەی لەئەشکەوتەکەدا ڕووی دابوو بەئەمانەت بۆی گێڕامەوە.

کاتێک لەئەشکەوتەکەدا بەتەنیا مابۆوە، بەدەمدا ڕاکشابوو، ئەرزەکەی ماچ کردبوو، خوداوەند بانگ کردبوو. گوتبووی: "من دەزانم تۆ لە هەموو شوێنێکیت! بەردێک هەڵدەگرم و دەبینم تۆ لەوێدایت، بەسەر هەر کانی و ئاوێکدا دادەنەومەوە، ڕوخساری تۆی تێدا دەبینم، هەر کرمێک دەبینم، لە پشتیدا و لەو شوێنەی باڵی لێ

دەڕوێ، دەبینم ناوی تۆی لێ هەڵکۆڵراوە. تۆ لێرەیشیت، لەم ئەشکەوتەدا و لەم بەردە گڵێنەدا کە توێڵم ناوەتە سەر. تۆ دەمبینی و دەمبیبیەیت و بەزەییت پێمدا دێتەوە.

کەواتە باوکە گوێم بۆ ڕادێرە، دوێنێ شەو لەم ئەشکەوتەدا هاوارێکی پڕ لە شادومانیم کرد: (ئەوەی بەمنت سپارد بەجێم هێنا، کڵێساکەی قەدیس دامیانۆم ڕۆنایەوە.) تۆیش وەڵامتدامەوە: (ئەوە بەس نییە!) گوتم: (ئەوە بەس نییە؟ چما دەتەوێ چیتر بکەم؟ ئەمرکە!) هەمدیس گوێم لە دەنگت بۆوە: (فرانسیسکۆس، فرانسیسکۆس، فرانسیسکۆس ڕۆبنێرەوە و قاییمی کە، فرانسیسکۆسی کوڕی بێرناردۆنێ!) گوتم: (گەورەم چۆناوچۆنی دەتوانم ئەوە بکەم؟ ڕێگاکان زۆرن و پێمبڵێ کامە ڕێگەیان بگرمەبەر؟ چۆناوچۆنیی دەتوانم ڕۆحە شەڕانگێزەکانی ناو خۆم کەوی کەم؟ ئاخر ئەو ڕۆحانە زۆرن، گەر یارمەتیم نەدەیت ئەوا من شکست دێنم! خودایە چۆناوچۆنیی دەتوانم جەستە وەلانێم تا نەکەوێتە بەینمان و لە یەکترمانکا؟ خودایە ئەو ڕۆژە لە کڵێسای قەدیس دامیانۆ خۆت بینیت کاتێک ئەو کیژەم بینی چۆن پەشۆکام! خۆت بینیت چۆن کاتێک بابمم بینی دڵم شپرزە بوو! خودایە پێمبڵێ چۆناوچۆنیی لە باب و دایک و لە ژن ئازاد دەبم؟ چۆناوچۆنیی ئازاد دەبم لە ژیانی ئاسوودەیی، لە هاوڕێیان، لە خۆبەزلزانین، لە حەزی گەڕان بەدوای شانازییدا، پێمبڵێ چۆناوچۆنیی ڕزگاردەبم لە بەختەوەریی؟ گوناهە گەورەکان حەوتن و هەر ئەو حەوت ڕۆحە شەڕانگێزانە دڵم دەخۆن. خودایە چۆناوچۆنیی دەتوانم لە فرانسیسکۆس ڕزگار بم؟)"

فرانسیسکۆس ئاوها بەدرێژایی ڕۆژ سەری نابووە سەر عەردی ئەشکەوتەکە و هاواری کردبوو، بزرکاندبووی و هەڵلەرزیبوو. ئەو کاتەی من بەئاسیزییدا دەسووڕامەوەو سواڵم دەکرد، فرانسیسکۆس بەژوور سەرییەوە گوێی لە هاوارێک ببوو: (فرانسیسکۆس!) ئەم وەڵامی دابۆوە: (ئەمرکە گەورەم!) دەنگەکە گوتبووی: (فرانسیسکۆس دەتوانیت بچیت بۆ ئاسیزیی کە لەوێ لەدایک بوویت و خەڵکی ئەوێ هەموو دەتناسن، دەتوانیت بچیت بۆ ئەوێ و لەبەردەم ماڵی باوکتا ڕاوەستیت و بکەویتە گۆرانی چڕین و سەماکردن و چەپڵە کوتان و ناوی من ڕاگەیەنیت؟)

فرانسیسکۆس گوێی ڕادێرابوو، ڕاست ببۆوە و بێدەنگ ببوو، هەمدیس دەنگەکەی



بەژوور سەرییەوە هاتبۆوە گوێ، بەڵام ئەمجارەیان نزیکتر، وەکی بڵێی لەنێو گوێیدا هاواری کردبێ. گوتبووی: (دەتوانیت پێ لەم فرانسیسکۆسە بنێی و ئاسەواری نەهێڵیت؟ ئەمە خەتای ئەو فرانسیسکۆسەیە کە ناهێڵێ یەکتر بدۆزینەوە، تێکوپێکی بشکێنە! ئەوکات منداڵان بەدواتدا ڕادەکەن و بەردت تێدەگرن، کچان لە پەنجەرەکانەوە سەر دەهێننە دەرێ و پێتپێدەکەنن، تۆیش پۆشراو بەو خوێنەی بەردەکان لەسەرتیان هێناوە، بەشادومانییەوە ڕادەوەستیت و هاواردەکەیت: (ئەوەی بەردێکم تێدەگرێت، یەک جار ڕەحمەتی خودای لێ بێت، ئەوەی دوو بەردم تێدەگرێت، دووجار ڕەحمەتی خودای لێ بێت، ئەوەی سێ بەردم تێدەگرێت، سێ جار ڕەحمەتی خودای لێبێت، دەتوانیت؟ دەتوانیت؟ بۆچیی بێدەنگیت؟)

فرانسیسکۆس گوێی ڕادێرابوو، بەدەم گوێ ڕادێرانیشەوە هەڵلەرزیبوو. لە دڵی خۆدا گوتبووی ناتوانم، ناتوانم... بەڵام شەرمی کردبوو پێ لەوە بنێ، زاری هەڵێنابوو: (خودایە، ناکرێ بۆ شارێکی ترم بنێریت؟ لەوێ دەتوانم لە گۆڕەپانەکەیدا سەما بکەم و ناوی تۆ بەگوێی خەڵکیدا بدەم!) بەڵام دەنگەکە ڕەق و بەسووکایەتییەوە گوتبووی: (نا، تەنها بۆ ئاسیزیی!)

فرانسیسکۆس دەمی نابووە سەر عەردەکە و قەپاڵی بەخۆڵەکەدا کردبوو، بەچاوانێکی پڕ لەفرمێسکەوە هاواری کردبوو: (خودای میهرەبان مۆڵەتێکم بدەرێ تا ڕۆحم ئامادەکەم، تا جەستەم ئامادەکەم، من سێ ڕۆژ و سێ شەوم لێتدەوێ، لە سێ شەو و سێ ڕۆژ زیاتر نا!) دەنگەکە هەمدیس گرمەئاسا، نەک هەر لە گوێیدا، بەڵکو لە ناخیڕا گوتبووی: (نا، هەر ئێستا!) فرانسیسکۆس گوتبووی: (خودایە بۆچی پەلەتە؟ بۆچیی دەتەوێ ئاوها سزام بدەیت؟) دەنگەکە گوتبووی: (لەبەر ئەوەی خۆشمدەوێیت...) هەنووکە دەنگی خوداوەند هێور و ناسک لە دڵی فرانسیسکۆسدا بیسترابوو.

هێزێک، نەک هێزی خۆی، بەڵکو هێزی قودرەتمەند ڕژابووە دڵییەوە. ڕوخساری پرشنگی دابوو، هەستابووە سەرپێ، هەنووکە ئەژنۆکانی مەحکەم بوون، بۆ تاوێک لەبەر دەلاقەی ئەشکەوتەکەدا ڕاوەستابوو، خۆر خەریک بووە ئاوا بێ، نیشانەی خاچی کێشابوو. گوتبووی: (من دەڕۆم!)

هەر هەمان لەو کاتەدا من بەتوورەکەیەک نانە ڕەقەوە لە سوالّ گەڕابوومەوە، ئەوم بینیبوو کە لەبەر دەلاقەی ئەشکەوتەکەدا ڕاوەستاوە و ڕوخساری وەک ساتی هەڵهاتنی خۆر پرشنگی داوە. چاوانم ڕەشکەوپێشکەی کردووە و دەستم لەسەر چاوم ناوە تا باش بیبینم. بیرم دێ گوتوومە: (فرانسیسکۆس نانم هێناوەتەوە، تۆ بەدرێژایی ڕۆژ بەڕۆژوو بوویت و هەبێ و نەبێ ئەلعان برسیتە، دەی دانیشە و با نانەکەمان بخۆین.) بەڵام بەگوتنی ئەو قسەیە شەرم دایگرتووم، چونکە ئەو کاتەی سەیری ڕوخساریم کردووە، هەستم کردووە کە ئەو چ پێویستی بەنان نییە.

هەر کە منی بینی دەستی بەرزکردەوە.

گوتی: " وەرە دەڕۆین؟"

– "بۆ کوێ؟"

– "بۆ ئەوەی بازەکە بدەین!"

هەمدیس ترسام پرسیاری لێ بکەم. بازەکە بدەین؟ کام باز؟ بۆچیی؟ تێنەگەیشتم. ئەو پێشکەوت و بەپەلە هەنگاومان بەسەر بەرد و تەپۆڵکە گلّەکاندا نا و ڕێگەی ئاسیزییمان گرتە بەر.

***



## چوار

خەریک بوو ئێوارە دادەهات. ئاسمان لای چەپەوە مەیلەو تاریک و ڕەنگ وەنەوشەیی، هەورێکی سەیر بەرز بۆوە و میهرەبانانە ئەرزی فێنک دەکردەوە کە دوای ڕۆژێکی گەرم هێشتا هەڵمی لێهەڵدەسا. دەشتەکەی ئومبرییێن، قورس لەژێر باری بەرەکەیدا دەحەوایەوە. ئەو دەشتە تەواوێک ئەرکەکانی سەرشانی خۆی بەجێ هێنابوو، گەنم و شەراب و زەیتی پەخشیبووە خەڵکیی و ئەلعانیش پاڵی دابۆوە و پشووی دەدا. ئەوسا چاوانی بڕیبووە ئاسمان و تەژی لەمتمانە چاوەڕێی دەکرد باران ببارێ و دانەوێڵەکانی ناخی ئاوسکا.

جوتیاران دەگەڕانەوە ماڵەوە، گاکان هێور و بە شکۆ لە پێشیانەوە دەڕۆیشتن، ئەو گایانە قەڵەو بوون و میهرەبان، بۆ ساتێک خێرخوایانە و بەبێ ئەوەی بحەپەسێن ئاوڕیان لە ئێمە دایەوە، وەک ئەوەی ئێمەیش گا بین لەڕەگەزێکی تر و هەنووکە لەکاری ڕۆژانەمان بۆ لای کا و وێنجە و ئالیکەکانمان لە ئاسیزی بگەڕێینەوە.

فرانسیسکۆس لە پێشەوە دەڕۆیشت و لە فیکرەوە چووبوو، جاروبار ئیستێکی دەکرد و لەئاسمانی دەنۆڕی و گوێی ڕادەدێرا، دەتگوت چاوەڕێیە یەکێک قسانی لەگەڵ بکا. بەڵام هیچی نەدەژنەفت جگە لە وژەی (با) کە بەناو درەختەکاندا تێدەپەڕی و دەنگی ئەو سەگانەی کە لە دوورەوە، لەئاسیزیی دەوەڕین. هەناسەیەکی هەڵمژت و بەرەو ژوور بەڕێگەکەدا سەرکەوت.

یەک لەحزە ئاوڕێکی لێ دامەوە و چاوەڕێی کرد تا نزیک ببمەوە.

بەبێدەنگیی و متمانەوە پێیگوتم: "برا لیۆن، تۆ دەزانیت سەما بکەیت؟"

بەپێکەنینەوە گوتم: "سەما؟ برا فرانسیسکۆس بۆچی ئێمە دەچین بۆ شایی؟"

– "بەڵێ ئێمە دەچین بۆ شایییەک. برا لیۆن پێمەکەنە، خزمەتکارانی خوداوەند زەماوەندیانە......"

– "کام خزمەتکارانی خوداوەند؟"

–" خزمەتکارانی خوداوەند، ڕۆحی ئینسان شوو بەزاوای مەزن دەکا!"

– "برا فرانسیسکۆس، خوداوەند؟"

– "بەڵێ برا لیۆن خوداوەند. برا لیۆن ئێمەیش دەبێ لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەدا سەما بکەین، زەماوەندەکە بەرامبەر ماڵی بێرناردۆنێ ڕێکدەخرێ و دەبێ برا لیۆن، ئێمەیش چەپڵە لێدەین و گۆرانی بچڕین، خەڵکییش دێن و پیرۆزبایی گەرممان لێدەکەن و دیارییە نایابەکانیان – بەردو توێکڵە لیمۆ – مان دەدەنێ."

– "باشە ئەدی ئەوان شیرینی و چڵە داردێمشت و گوڵە لیمۆیان نییە؟ برا فرانسیسکۆس ئیدی بۆچی بەرد و توێکڵە لیمۆمان دەدەنێ؟"

– " ئاخر براکەم زاوا ئاوهای دەوێت!"

ملی ڕێگەکەی گرتەوە بەر و ئیدی لەوە زیاتری نەگوت. بەڵام من لە قاچە باریک و پا پەتیی و خوێناوییەکانی ئەوم دەنۆڕی کە هەڵدەنگوت و سەرسمی دەدا. هەنووکە کەوتبووە ڕاکردن، وەک ئەوەی لە ناکاوێکرا جۆرە پەلە پەلەییەیەک و جۆرە پەرۆشییەکی بەهێز لەخۆوەی پێچابێت. چاوانی بڕیبووە ئاسیزی و ڕایدەکرد.

بەڵام کاتێک گەیشتینە دەروازەی شار، لەسەر ئەژنۆ نوشتایەوە و ڕاوەستا. قۆڵی گرتم و بەهەناسەبڕکێ و پاڕانەوەوە گوتی: "برا لیۆن، تۆ ئەو شەوەی (چیای زەیتون) ت بیردێ کە چۆن مەسیح بازۆڵەکانی بەرەو ئاسمان هەڵبڕی و هاواری کرد: (باوکە، ئەم جامەم لێ دوورخەوە!) وای گوت و هەڵدەلەرزی و ئارەقە زەنگۆڵ زەنگۆڵ بەنێوچەوانیدا دەهاتە خوارەوە. من بینیم، برا لیۆن، من لەوێ بووم، من خۆم بینیم کە هەڵدەلەرزی..."

– "هێدی بەوە. برا فرانسیسکۆس هێدی بەوە، هەڵمەلەرزێ! وەرەو دەگەڕێینەوە ئەشکەوتەکەمان. بەدرێژایی ڕۆژ تۆ عیبادەت بکە و بەدرێژایی ڕۆژ منیش سواڵ دەکەم. کاتێکیش کە ئێوارە دادێ، هەردووکمان پاروویەک نان دەخۆین و لەبارەی خوداوە قسان دەکەین."

من بۆیە هێدی و ئارام دەدوام، چونکە لە چاوانی دەترسام کە پریشکی ئاگریان لێ دەبۆوە.



بەڵام ئەو دوور بوو، لە چیای زەیتوون بوو، قسەکانمی نەدەژنەفت.

هەمدیس لەبەرخۆوە گوتی: "ئەو هەڵدەلەرزی، ئەو هەڵدەلەرزی.... بەڵام جامەکەی هەڵگرت و بەیەک قوم چۆڕ بڕی کرد.... تا بنەکەی!"

قۆڵی بەردام و باوەڕبەخۆبووانە بەدەروازەکەدا چووە شارەوە، ئاوڕی دایەوە و تەماشای کردم و دەستی هەڵبڕی.

بەدەنگی بەرز گوتی: "وەرە با بڕۆین." پاشان بەچرپە گوتی: "ئەی مەسیح، یارمەتیم بدە!"

بەپەلە دوای کەوتم. مەزەندەی ژان و ئازارەکەیم دەکرد، بۆیە خۆم لێ نزیک کردەوە تا ئەو ژان و عەزابەی لەگەڵ بەشکەم. کاتێ بینیم هەڵدەلەرزێ و ڕەنگی پێنەماوە، لە دڵی خۆدا گوتم: "ڕۆحی ئینسان لەچی دەچێ؟ لە هێلانەیەکی پڕ لەهێلکەی تەیر؟ یاخۆ لە ئەرزێکی تینوو کە لەئاسمانێک دەنۆڕێ و هەرگیز باران نابارێنێ؟ یەک هەناسە هەڵکێشانە! ڕۆحی ئینسان یەک هەناسە هەڵکێشانە کە هەڵدەگژێ بەرەو ئاسمان."

هەمدیس فرانسیسکۆس ئاوڕی دایەوە و تەماشای کردم.

– "برا لیۆن، گەر حەز دەکەیت بڕۆ!"

وەڵامیمدایەوە: "ناڕۆم، گەر تۆیش بڕۆیت من دەمێنمەوە!"

– "ئای گەر بمتوانیبا بڕۆیشتمایە، بمتوانیبا ڕامکردبایە؟ بەڵام ناتوانم!"

پاشان سەرنجی لەئاسمان دا و گوتی: "خودایە، ڕوخساری تۆ لەودیو ئاو و نان و باوەش پێداکردنێکەوەیە، خودایە ڕوخسارت لەودیو تینوێتیی و برسێتیی و ماچەوەیە، ئیدی چۆناوچۆنیی خودایە دەتوانم لێت هەڵبێم؟"

بازێکی داو چووە یەکەمین باریکەشەقامی شارەوە، لە گۆڕەپانی قەدیس جیۆرج ڕاوەستاو کەوتە بازدان و چەپڵەکوتان و هاواری دەکرد: "وەرن! وەرن! وەرن و گوێ بۆ شێتێتییەکی نوێ ڕادێرن!"

ئەمە لەو کاتەدا بوو کە جوتیاران بەباری گوێ درێژەکانیانەوە لە باغ و ڕەزەکانیان دەگەڕانەوە، دوکانداران و پیشەوەران خەریک بوون دوکانەکانیان دادەخست و لە

مەیخانەکاندا کۆدەبوونەوە تا پێکێک بخۆنەوە و سەری قسان لەگەڵ هاوڕێکانیاندا دامەزرێنن، پیرێژنان لەبەر دەرگای ماڵەکانیاندا دانیشتبوون و لەوەدابوو چاوانیان قورس بێ، ئاخر ئەوانە بەشی خۆیان تەماشای جاددە و خەڵک و گوێ درێژەکانی ئاسیزییان کردبوو. بەڵام کوڕان و کیژانی جحێڵ خۆیان شتبوو، جلکیان گۆڕیو و هەنووکە لەم ئێوارەی شەممەیەدا بەو شارە گچکەیەدا دەهاتن و دەچوون و پیاسەیان دەکرد. بایەکی فێنک هەڵی کردبوو، هەورەکان ڕەویبوونەوە، قردێلەی پرچی کیژان دەلەرینەوە و کوڕانیش وروژاو و پەرۆش، دزەنیگای کیژۆڵانیان دەکرد، نەغمەی یەکەمین بلوێر لە مەیخانەکانەوە بەرز دەبۆوە.

لە ناکاوێکڕا دەنگی پێکەنین و هاوار و هوهاکێشان هاتەگوێ. هەمووان ئاوڕیان بۆ ئەوسەر، بۆ گۆڕەپانەکە دایەوە و فرانسیسکۆسیان بینی کە پێی بەعەردەکەدا دەکوتێ و جبەکەی لە هەوادا بادەدا و سەما دەکا و هاواردەکا:

– "وەرن! وەرن! براینە وەرن گوێ بۆ شێتێتییەکی نوێ ڕادێرن!"

لەودیویشییەوە، کۆمەڵێک منداڵ دەبینران کە پێی پێدەکەنین و ڕاویان دەنا و بەردیان تێدەگرت.

من بەدوای منداڵەکاندا ڕامدەکرد و بەگۆچانەکەم هەڕەشەم لێ کردن، بەڵام لە هەموو شەقامەکانی ئەو دەوروبەرەوە منالانی تر هاتن، هەموو یەکیان گرت و بەرەو لای فرانسیسکۆس هوروژمیان برد. بەڵام وی ئارام و هێور زەردەخەنەی دەهاتێ. ناو بەناو سەماکەی خاو دەکردەوە و دەستی بۆ مناڵەکان ڕایەڵ دەکرد و هاواری دەکرد: "ئەوەی بەردێکم تێدەگرێت، جارێک ڕەحمەتی خودای لێ بێت، ئەوەی دوو بەردم تێدەگرێت، دووجار ڕەحمەتی خودای لێ بێت، ئەوەی سێ بەردم تێدەگرێت، سێ جار ڕەحمەتی خودای لێ بێت...."

وای دەگوت و یەک لێزمە باران بەرد بەسەر سەریدا دەباری.

هەنووکە خوێن بەنێوچەوان و چەناگەیدا چۆڕاوگەی بەستبوو، لە مەیخانەکانەوە جوتیاران بەڕاکردن و پێکەنینەوە دەهاتن، تەنانەت سەگەکانی ئاسیزیش لەوێ کۆ دەبوونەوە و پێی دەوەڕین. من خۆم دایە بەر فرانسیسکۆس تا ژمارەیەک لەو بەردانەی کە تێی دەگیران بەر من کەون، بەڵام ئەو خستمییە لاوە، هەر بازی دەدا و



سەمای دەکرد، پۆشراو بەخوێن پرشنگی بەشادومانیی دەدا و هاواریی دەکرد: "براینە، گوێ ڕادێرن بۆ شێتێتییەکی تازە!"

هەمووان قاقا پێدەکەنین، کوڕان فیکەیان دەکێشا، بۆ ئەوەی دەنگی بنووسێنن وەکی پشیلە دەیانمیاواند، وەکی سەگ دەوەڕین. کیژان لەپاڵ عامودەکانی پەرستگە دێرینەکەدا ڕاوەستابوون و دەیانقریواند. لە مەیخانەکەی بەرامبەرەوە یەکێک هاواری دەکرد: "ئەرێ ئەوە فرانسیسکۆس، کوڕە خواپێداوەکەی بێرناردۆنێ نییە؟ فەرموو لەبارەی شێتێتییە تازەکەتەوە قسان بکە تا بیبینین و بیبیەین!"

لە هەموو لایەکەوە دەنگی پێکەنین و هاوار دەهاتە گوێ: "ئا، دەی بیلێ! بیلێ! بیلێ!"

فرانسیسکۆس چووە سەر پێپلیکانەی پەرستگەکە، باسکی بەرەو ئەو خەڵکە هوهاکێشە ڕایەڵ دەکرد و هاواری دەکرد: "ئەڤین! ئەڤین! ئەڤین!"

لەمسەری گۆڕەپانەکەوە ڕای دەکرد بۆ ئەوسەر، بازی دەدا، سەمای دەکرد و هاواری دەکرد. کیژۆڵەیەک لەبانیژەی ماڵێکی خۆشەوە دانەویبۆوە و سەیری دەکرد، سەیری دەکرد و دەگریا. دەنگێک لەناو ماڵەکەوە دەهاتە گوێ: "کلارا! کلارا!" بەڵام کیژۆڵەکە لە شوێنی خۆی نەدەبزووا.

لە ناکاوێکڕا نەڕەیەک هاتە گوێ و من لەجێی خۆمدا وشک بووم. خەڵکەکە کشانەوە، هەراوزەناکە هێوربۆوە، زەلامێکی بازوو ئەستوور شالاوی هێنا و ملی فرانسیسکۆسی گرت و ڕایوەشاند. ئەوە جەنابی بێرناردۆنێی باوکی فرانسیسکۆس بوو.

نەڕاندی: "وەرە با بڕۆین؟"

بەڵام فرانسیسکۆس خۆی بەعامودێکی پەرستگاکەوە گرتبوو، بەری نەدەدا.

گوتی: "بۆ کوێ؟ من بۆ هیچ شوێنێک نایەم!"

– "بۆ ماڵەوە!"

– "ئێرە ماڵی منە. ئێرە، ئەم گۆڕەپانە ماڵی منە، هەموو ئەم خەڵکەی لێرەشن، هەموو ئەم پیاو و ژنانەی کە مەسخەرەم پێدەکەن، باب و دایکی منن."

بێرناردۆنێی پیر کەللەیی ببوو. بەهەردوو دەست ناو قەدی کوڕەکەی گرتبوو تاکو لەعامودەکەی بکاتەوە.

فرانسیسکۆس زێدەتر خۆی بەعامودەکەوە دەچەسپاند و هاواری دەکرد: "من نایەم! من نە بابم هەیە و نە دایک، من ماڵم نییە، من تەنێ خوداوەندم هەیە!"

فرانسیسکۆس بێدەنگ بوو. بەڵام هەمدیس هاواری کردەوە: "تەنێ خودا! تەنێ خودا!"

خەڵکەکە هەموو لە قاقای پێکەنینیان دا.

ساباتینۆی لە جرج چوو، کە لەو کاتەدا ناسیمەوە، گوتی: " ئێمە دەمێکە لە قۆشمەچییەکمان کەم بوو تا بەبووکەڵانەکانی بمانخاتە پێکەنین و کاتمانی پێ بەسەربەرین، سوپاس بۆ خودا وا کوڕەکەی بێرناردۆنێی بۆ ناردین! هەنووکە دەی فرانسیسکۆس، ئەی ورچی خودا هەڵبەزەوە و سەمامان بۆ بکە!"

خەڵکەکە هەمدیس لە قاقای پێکەنینیان دایەوە.

هەر لەو کاتەدا، سێڤاسمیۆی پیر، سەرەک قەشەی ئاسیزیی بەلای گۆڕەپانەکەدا تێپەڕی. وی کەسێکی ساکار و لە نوتقەکانیدا میهرەبان بوو، بیری لە دۆزەخ دەکردەوە و هەڵدەلەرزی، بیری لە بەهەشت دەکردەوە و هەڵدەلەرزی، لە شەیتان دەپاڕایەوە ژێوان بێتەوە و ئارام و گوێڕایەڵ و بەبێ چ بەربەرەکانییەک بچێتەوە بەهەشت.

ئەو ئێوارەیە سەرەک قەشە پیاسەیەکی بەگەڕەکە هەژارنشینەکەدا کردبوو، پاشان قەشەی یارمەتیدەر بەزەمیلەیەکی بەتاڵەوە لەدوایەوە دەهات، سەرەک قەشە ئەو زەمیلەیەی پڕ کردبوو لەخواردن و بەسەر هەژاراندا دابەشی کردبوو، گۆچانێکی درێژی سەرەک قەشانەی بەدەستەوە بوو کە کەمەیەکی لەئێسکی فیل دروستکراوی هەبوو. هەنووکە گوێی لەو هەراوزەنایە بوو، ڕاوەستابوو. فرانسیسکۆس لێکدا لێکدا هاواری دەکرد: "من تەنێ خودام هەیە! من تەنێ خودام هەیە!" و خەڵکەکەیش قاقا پێدەکەنین.

سەرەک قەشە مەزەندەی کرد کەسێک لەخەتەردایە و هاواری بۆ دەکا یارمەتی بدا،



هەڵبەت وی نوێنەری خوداوەند بوو لە ئاسیزی. بەپەلە و بەهەموو گوڕی خۆی بەرەو لای پێپلیکانەکە ڕای کرد و لە فرانسیسکۆس نزیک بۆوە.

هێشتا تاریک دانەهاتبوو، هێشتا دوایین ڕۆشنایی ئێوارە مابوو. سەرەک قەشە سەیرێکی فرانسیسکۆسی کرد و ناسییەوە، هەروەها بێرناردۆنێی پیریشی ناسییەوە کە لە سەرووەوە تەقەللای دەدا کوڕەکەی ڕاکێشێ و لە عامودەکەی بکاتەوە. سەرەک قەشە گۆچانەکەی هەڵبڕی.

بەحیرسەوە گوتی: "جەنابی بێرناردۆنێ، شەرمەزارییە بۆ یەکێک لە کەسە بەناوبانگەکانی شار خۆی بکاتە مەسخەرە و گەمەی خەڵک. خۆ گەر هەرچییەکت لەگەڵ کوڕەکەتا هەیە ئەوا وەرە بۆ ماڵی ئێمە و ئیدی لەوێ قەزاوەت لەسەر مەسەلەکە دەدەین!"

ئەوجا ئاوڕی بۆ فرانسیکۆس دایەوە و گوتی: "کوڕەکەم، پڕکێشیی مەنوێنە، تۆ هاوار بۆ خودا دەکەیت، منیش نوێنەری خوداوەندم لە ئاسیزیی. وەرە لەگەڵم!"

فرانسیسکۆس عامودەکەی بەردا، لایکردەوە و منی لەپاڵ خۆیدا بینی. گوتی: "برا لیۆن وەرە لەگەڵم. ئیتر لەمەولا ڕێگەکە بەرەو ژوورەکەیە!"

سەرەک قەشە پێشکەوت، پاشان فرانسیسکۆس و ئەوجا من، بێرناردۆنێی پیریش دوور لەولاوە، توورە و لەژێر لێوەوە دەیبۆڵاند، خەڵکەکەش دوور لەولاترەوە بەدواماندا هاتن، هەمووان ورووژابوون.

بۆ ساتێک فرانسیسکۆس ئاوڕێکی بۆ دامەوە.

بەئەسپایی گوتی: "برا لیۆن دەترسیت؟ ئەی شەرم دەکەیت؟ من جارێکی تریش پێتدەڵێم گەر حەزدەکەیت دەتوانیت بڕۆیت. ئاخر تۆ بۆچی خۆت بەمنەوە گیرۆدە دەکەیت؟ بڕۆ!"

– "برا فرانسیسکۆس من هەر لەگەڵتدا دەبم، ناترسم و هەرگیز بەجێشت ناهێڵم."

بە حیرسەوە دووبارەی کردەوە: "نەچووە بچێ، من بەزەییم پێتا دێتەوە، بڕۆ!"

ئیتر نەمتوانی لەوە زیاتر ددان بەخۆدا بگرم و دامە قوڵپی گریان.

فرانسیسکۆس بەئەسپایی و دڵنەواییکردنەوە دەستی بەسەر شانمدا هێنا.

– "باشە، باشە ئەی شێری خوداوەند، بمێنەرەوە!"

گەیشتینە ماڵی سەرەک قەشە. حەوشەکە تاریک و چووینە ژوورەوە، هەندێک لە پیاوماقوڵانی شاریش هاتبوون تا لەزەت ببەن و بزانن ئەم بەزمەی کوڕەکەی بێرناردۆنێ بەکوێ دەگا.

چلچرا داگیرسا و ئەو ماڵە خوداپێداوە ڕووناک بۆوە، بەژوور کورسییەکەی سەرەک قەشەوە مەسیحی لەخاچدراو، قۆزو گۆنا سوورو لاواز هەڵواسرا بوو. سەرەک قەشە نیشانەی خاچی کێشا و لەسەر کورسییەکەی دانیشت. جەنابی بێرناردۆنێ لای ڕاستەوە و فرانسیسکۆس لای چەپەوە و لەدوای ئەوانیشەوە پێنج شەش پیاوماقوڵی شار و لەوسەریشەوە خەڵکەکە لای دیوارەکەوە ڕاوەستان.

من زۆر بەباشیی هەموو شتێکی ئەو ئێوارەیەم لەبیرە. قسەکانی سەرەک قەشە، هەڵسوکەوتی میهرەبانانە و درەوشاوەی فرانسیسکۆس، تووڕەیی بێرناردۆنێ. بەڵام دەمەوێ بەکورتی ئەوە بگێڕمەوە تا دوایی بێمە سەر مەسەلە سەرەکییەکە، بێمە سەر گێڕانەوەی ئەو ساتەوەختە مەزنەی کە فرانسیسکۆس خۆی لەبەردەم خوداوەند و خەڵکدا ڕووت کردەوە.

سەرەک قەشە لەسەر کورسییەکەی هەستا و دانیشتەوە، خاچی کێشا.

گوتی: "بەناوی خودا، جەنابی پیێترۆ بێرناردۆنێ. ئێستا دەمەوێ گوێم لەتۆ بێت. چ دەعوایەکتان لەسەر کوڕەکەتان هەیە؟"

بێرناردۆنێ بەدەنگێکی نووساو و ڕەق گوتی: "ئەم کوڕەی من ئەقڵی بەخۆی نەماوە، خەونی شێتانە دەبینێ، دەنگگەلێک دەبیستێ، زێڕ لە قاسەکانم دەبا و تەخشان و پەخشانی دەکا، نابووتی کردووم. تا ئەلعان ئەو پارانەی لە بەزم و ئاهەنگدا خەرج کردووە، بەڵام بەخۆم دەگوت قەیدی ناکا، جحێڵە و دواتر هۆش دەهێنێتەوە بەری خۆی. بەڵام وا ئیدی خەریکە بەتەواوی لێی نائومێد دەبم، تێکەڵاوی خەڵکانی تووڕەهات دەبێ، لە ئەشکەوتەکاندا دەنوێ، بەبێ چ هۆیەک دەکەوێتە گریان و پێدەکەنێ، ماوەیەکیشە هەوەسی چۆتە سەر ڕۆنانەوەی کڵێسا وێران و چکۆڵەکان. ئەم ئێوارەیەش خەراپترین شتی لێ ڕوودا، هاتووە بۆ ئاسیزی و لە گۆڕەپانەکەدا کەوتۆتە گۆرانیی گوتن و سەماکردن و خەڵکییش پێی پێدەکەنن... حەیای بردووم، من حاشای لێ دەکەم!"



سەرەک قەشە بەنیگەرانییەوە تەماشایەکی بێرناردۆنێی کرد و گوتی: "هەر ئاوها؟"

بێرناردۆنێ دەستی بەژوور سەری کوڕەکەیدا هەڵبڕی و گوتی: "بەڵێ ئاوها، لە بەردەمی خودا و خەڵکدا حاشای لێ دەکەم، لە میراتیی بێبەریی دەکەم، حاشا ئیتر ئەمە کوڕی من نییە!"

پیاوماقوڵان و خەڵکەکە چپەچپیان تێکەوت، بەڵام سەرەک قەشە دەستی هەڵبڕی و هەمووان بێدەنگ بوون. پرسی:"فرانسیسکۆس، تۆ وەڵامت چییە؟"

فرانسیسکۆس سەری هەڵبڕی. وەڵامی دایەوە: "هیچ. تەنها ئەمە...."

وای گوت و ئیتر بێئەوەی چ کەسێک فریاکەوێ بەری بگرێ، هەموو جلکە مەخمەلییەکانی لەبەری خۆی داکەند و پێچانییەوە و گرێیەکی لێدان، ئەوجا بەئارامیی دانەوێوە و بەبێ ئەوەی یەک وشە بڵێ، لەبەر پێی بێرناردۆنێی بابیدا داینان.

ئەوسا تەواوێک ڕووت، وەک ئەوەی کە هەر ئەلعان لەدایک بووبێت، ڕۆیشت و لەبەردەم سەرەک قەشەدا ڕاوەستا.

– "ئەم جلکانەش کە لەبەرم کردبوون هینی ئەون، وا ئەوانیشم دایەوە. وی ئیتر چ کوڕی نییە و منیش چیدی بابم نییە. ئێمە ئیتر ئازادین!"

هەمووان ڕاوەستابوون، چاوەڕێ بوون و لەسەر سوڕماندا دەمیان داپچڕیبوو. خەڵکانێکی زۆر چاویان تەژی ببوو لە فرمێسک. بێرناردۆنێ دانەوێوە و جلکەکانی هەڵگرتنەوە و خستنیە بن هەنگڵی.

سەرەک قەشە لەسەر کورسییەکەی هاتە خوارەوە، ئەویش فرمێسک زابووە چاوانی. جبەکەی لەخۆی کردەوە و لە فرانسیسکۆسی ڕووت و قووتیەوە پێچا.

ئەوجا بەسەرزنشتەوە بەفرانسیسکۆسی گوت: "کوڕی خۆم بۆ وادەکەیت؟ چما شەرم لە خەڵک ناکەیت؟"

فرانسیسکۆس بەدەنگێکی زەلیلانە وەڵامی دایەوە: "نا، تەنها لەخودا، تەنها شەرم لەخودا دەکەم، بمبوورە."

ئەوجا لای بۆ پیاوماقوڵان و خەڵکەکە کردەوە و گوتی:

– "براینە، گوێ ڕادێرن بۆ ئەو شتەی کە خودا فەرمانی پێ کردووم. تا ئێستا من جەنابی پیێترۆ بێرناردۆنێم بەبابم بانگ کردووە، بەڵام ئیدی لە ئێستاوە ئەوەی کە لە ئاسمانە بەبابم بانگی دەکەم. من هەموو ئەو زنجیرانەم پچڕاندوون کە بەعەردەوە بەستبوویانمەوە، ئیتر لێی دوور دەکەومەوە و دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەکەم لە ئاسمان. براینە ئەمە بوو ئەو شێتێتییە نوێیە، گوێی بۆ ڕادێرن."

بێرناردۆنێ ئیدی نەیدەتوانی لەوە زیاتر خۆی ڕابگرێ، لە تووڕەییدا کەفی دەچڕاند، دەستی بەرزکردەوە و هێرشی بۆ فرانسیسکۆس برد. بەڵام سەرەک قەشە کەوتە نێوانیانەوە و نەیهێشت.

بەبێرناردۆنێی گوت: "تۆ ئیتر چ زۆر و دەسەڵاتێکتان بەسەر کوڕەکەتانا نییە. جەنابی بێرناردۆنێ، ددان بەخۆتانا بگرن!"

بێرناردۆنێ لەژێر پەرچەمەکەیەوە سەیری چوار دەوری خۆی کرد. لە تووڕەییدا هەڵم لە سەرییەوە هەڵدەسا، لێوی گەست تا خۆی لە کفرکردن ببوێرێ، جلکە گرێدراوەکانی زیاتر لە بنهەگڵێدا قاییم کرد و لێیدا ڕۆیشت. دەرگاکەی بەتوندی لە دوای خۆیەوە بەیەک دادا.

سەرەک قەشە ڕووی کردە من و گوتی: "برۆ بەباخەوانە پیرەکە بڵێ هەندێک لەجلکە کۆنەکانی خۆیت بداتێ تا فرانسیسکۆس ڕووتێتی خۆی پێ بشارێتەوە."

من بەپەلە ڕۆیشتم و دوای ساتێک بەپاڵتۆ کۆنە پینەکراوەکەی باخەوانەوە گەڕامەوە. فرانسیسکۆس بەگەچ وێنەی خاچێکی لە پشتی پاڵتۆکە کێشاو پاشان لەبەری کرد.

ئەوجا دانەوێوە و دەستی سەرەک قەشەی ماچ کرد، دواتر لای بۆ پیاوماقوڵان و خەڵکەکە کردەوە و گوتی: "خوداحافیز. برایانم خودا بەزەیی خۆی بەسەر ڕۆحتانا پەخشکا!"

سەرەک قەشە لە باخچەکە چەند هەنگاوێکی بەدوای فرانسیسکۆسدا نا. بۆی دانەوێوە و بەئەسپایی گوتی: "فرانسیسکۆس ئاگات لەخۆت بێت، تۆ پێت زۆر لێ هەڵبڕیوە..."

فرانسیسکۆس وەڵامی دایەوە: " ئاخر خوداوەند لەوێدایە!"



سەرەک قەشە گوتی: "تەقوا ئاتاجی بەهاوسەنگیی هەیە، ئەگینا بەهاسانیی دەبێتە تەکەبور!"

–" ئەوە مرۆڤەکانن کە لە هاوسەنگیدا دەژین، لەسەروو هاوسەنگییەوە خودا هەیە، ئەوەش ئەو شوێنەیە کە من دەمەوێ بۆی هەڵگژێم!"

فرانسیسکۆس وای گوت و بەپەلە بەرەو لای دەرگای حەوشە چوو.

سەرەک قەشە بەتکاوە دەستی فرانسیسکۆسی گرت.

– "کوڕەکەم زۆر پەلە مەکە، من دەبینم دەوراندەوری سەرت تەژییە بەجەنگ و بەرخۆدان، ئاخر بەرخۆدانێکی نیگەرانیئامێز شەڵاڵە بەخوێن. کوڕەکەم بەر لەوەی نەیەیت بۆلام و بەر لەوەی سەردانم نەکەیت، نەچیت بۆ جەنگ. من پیرم و زۆر شتم بینیون و زۆریش ئازارم چەشتووە. ئەوەی تۆ ئێستا بۆی دەڕۆیت، منیش بۆی چووم، پێموایە لەوبارەیەوە دەتوانم یارمەتیت بدەم."

– "دەبێ بڕۆم. دۆعای خێرم بۆ بکە!"

فرانسیسکۆس وای گوت و لە دەروازەکەوە ئاودیو بوو.

***

من بەپەلە شوێنی کەوتم و چووینە سەر جادده. تاریکییەکی وەک قیر شاری تەنیبوو، هێشتا مانگ هەڵنەهاتبوو، ئاسمانیش تەژی بەهەور بەژوور سەرمانەوە، بایەکی شێدار هەڵی کرد، وەکی بڵێی هەر ئێستا باران لە چیا دایکردبێ.

شەقام چۆڵ و چراکان لە ماڵەکاندا داگیرسێنرابوون و خەڵکی شێویان دەکرد. ئێمە بۆ ساتێک لەناوەڕاستی شەقامەکەدا ڕاوەستاین. ئاخر چووباین بۆ کوێ؟ چ ڕێگەیەکمان بگرتایەبەر؟ بەرەو دەشتەکە شۆڕ ببووینایەتەوە؟ بەرەو چیاکە هەڵگژابایین؟ بەرەو سەر زەمینە قاقڕەکان چووباین؟ بۆ ناو خەڵک چووباین؟ ئاخر خودا لەلای چەپ و لە لای ڕاستیشەوە هەبوو، خودا لە دەشت و لە بیابانیشدا هەبوو. هەموو ڕێگاکان پیرۆز بوون.

فرانسیسکۆس هێشتا بڕیاری نەدابوو، بێ جووڵە لەناوەڕاستی شەقامەکەدا ڕاوەستابوو.

من گوتم: "برا فرانسیسکۆس ئێستا بچین بۆ کوێ؟"

فرانسیکۆس هێور و بەدڵخۆشییەوە پێکەنی.

گوتی: "بەرەو ئاسمان. ئەی نەتبینی چۆن شەقێکمان لەئەرز هەڵداو بازمان دا. دەی برا لیۆن، ئێستا بەناوی خودا بەرەو پێش!"

وای گوت و بەرەو لای ڕاست، بەرەو چیای سوباسیۆ لای کردەوە.

بەدەروازەکەی باکووری شاردا چووینە دەرەوە و پێمان نایە ناوچەیەکی بیابانییەوە و ئیدی بەرەو ژوور هەڵگژاین. فرانسیسکۆس بۆ ماوەیەکی زۆر قسانی نەکرد، ئەو لەپێشەوە بەتاریکاییەکەدا دەڕۆیشت، قلآفەتە لاوازەکەی وەکی شمشێر ئەو شەوە ڕەشەی دەکرد بەدوو کەرتەوە و جبە پینە پینەکەشی هەر لە باڵ دەچوو.

من هیلاک و برسیی بووم. ناو بەناو ڕادەوەستام و تەماشای ئاسیزیم لە خوارەوە دەکرد کە هێشتا چراکانی داگیرسابوون، هێشتا هەراوزەنای خەڵکی دەهاتە گوێ و سەگەکانیش دەوەڕین.

فرانسیسکۆس تەپەی پێی هەنگاوەکانمی لەدوای خۆیەوە نەبیست، ئاوڕی بۆ دامەوە و بینی چۆن لەو شەوە لە تاریکییدا ڕۆچووەی شار ڕاماوم.

هاواری کرد: "باشە، برا لیۆن بۆچی ڕادەوەستیت؟ بۆچی ئاوڕ لەدواوە دەدەیتەوە؟ ئەی گوایە بیرت چۆتەوە کە مەسیح لەو بارەیەوە ئەمری چیی پێ کردووین؟ تەپوتۆزی ئاسیزیی لە پێوپلت بتەکێنە، تەپوتۆزی باب و دایکت و هەروەها تەپوتۆزی خەڵکیش!"

وەڵامیمدایەوە: "خەفەت مەخۆ برا فرانسیسکۆس، منیش هەروا دەکەم، خەریکم تەپوتۆز لەخۆم دەتەکێنم!"

حەیفێک خودا نەیکردمە قارەمان، هەروەها نەیشیکردمە داماوێکی ترسنۆک، هەمیشە ڕۆحم لەنێوان ئەو دووەدا لە هاتوچۆدا بووە.

هەمدیس ڕێگەکەمان گرتەوەبەر. فرانسیسکۆس ئەمجاریش لە ژێرلێوەوە کەوتەوە چڕینی گۆرانی میللی بەزوبانەکەی زێدی دایکی، ئاخر وی ئاسوودە و خۆشحاڵ بوو، بەتەواوی فەرمانەکەی خودای بەجێگەیاندبوو، لەناو جەرگەی ئاسیزییدا گۆرانیی چڕیو و سەمای کردبوو، حاشای لە دایک و بابی کردبوو، ئەو زنجیرانەی لەتوپەت





کردبوون کە بەعەردەوە تەوقیان کردبوو، ئەو ئیدی بۆ خۆی ئازاد بوو. ئاخۆ ئەو کاتەی کە یەکەمین فەرمانی خودای بەجێ دەهێنا و کەوتبووە ڕۆنانەوەی کڵێساکەی قەدیس دامیانۆ، بەهەمان شێوە سترانی نەچڕیبوو؟ ئاخر ئەم فەرمانەیان گەلێک قورستر بوو لەوەی یەکەم، هەر بۆیە ئەلعان خۆشحاڵییەکەی گەلێک گەورەتربوو.

ئێمە ئێستا هاتبووینە ناو دارستانێکی چڕی دارگوێزەوە، مانگ تریفە ڕەنگپەڕییو و خەمینەکەی بەسەر پەلکی درەخت و بەردەکاندا دەڕژاند، تاوناتاوێک کونەپەپوویەک بەکپیی باڵەکانی لێ کدەدا و بەسەر سەرماندا دەفڕی. هەر هەمان ئەو کاتەی کە فرانسیسکۆس دەڕۆیشت و گۆرانیی دەچڕی، لە ناکاوێکڕا تەپەی پێی هەنگاوی قورس و هەناسەبڕکێی خەڵکمان لەنێو درەختەکانەوە دەژنەفت. فرانسیسکۆس گۆرانییەکەی بڕی، ڕاوەستاین.

من گوتم: "ئەوە چەتەکانن لەم ناوەدا خۆیان ناوەتەوە، ئەوە بۆ خۆمان تیاچووین!"

فرانسیسکۆس وەڵامی دامەوە: "ئەوە چ تیاچوونێک نییە برا لیۆن، ئەوە تیاچوون نییە. مەترسە!"

هەر ئەو کاتەی ئێمە قسانمان دەکرد، دەنگی خشەی پەلکی درەختەکان و نزیکبوونەوەی تەپەی پێمان بیست. لە ناکاوێکڕا پێنج شەش زەلامی دڕندەی چەقۆ بەدەست هێرشیان بۆ هێناین. دوانیان منیان گرت و دامیان بەئەرزدا، ئەوانی تریش بۆ فرانسیسکۆس چوون.

بەددانەجیرێوە نەڕاندیان: "ئێوە کێن؟"

فرانسیسکۆس بەهێمنیی وەڵامی دانەوە: "من پەیکی پادشایەکی مەزنم!"

– "ئەی لێرە چ دەکەیت؟"

– "هاتووم تا برا چەتەکانم بانگهێشتکەم بۆ ئاسمان. پادشای مەزن زەماوەند بۆ ژنهێنانی کوڕەکەی ساز دەکا و ئەو برایانەشی بۆ شاییەکە بانگێشت کردووە."

یەکێک لە چەتەکان بەمەشخەڵێکەوە نزیک بۆوە، لەڕوخسارە لاواز و ڕەنگپەڕیوەکەی فرانسیسکۆسی نۆڕی، تەماشای پێوپلە ڕووت و خوێناوییەکانی و جبە شڕوپڕەکەی کرد. هەموان دایانە قاقای پێکەنین.

– "کەواتە تۆ پەیکی ئەو پادشا مەزنەیت؟ تۆی پا پەتیی و سواڵکەر پەیکی ویت؟"

بەسووکایەتییەوە وایانگوت و ئەوسا کەوتنە گەڕان بەدوای پارەکانیدا. هیچیان نەدۆزییەوە، ئەوجا ئەو توورەکەیە گەڕان کە من کردبوومە کۆڵم، لەویشدا هیچیان نەدۆزییەوە، تەنانەت یەک لەتە نانیش. هەمدیس لەبەر ڕۆشنایی مەشخەڵەکەدا دیقەتی فرانسیسکۆسیان دایەوە.

یەکێکیان گوتی: "هەبێ و نەبێ ئەم کابرایە شێتە، لەوساوە بەهیلاکی بردین."

یەکێکی تریان گوتی: "دەبێ بیرازیان کەین و بیانخەینە چاڵێکەوە، لانی کەم حەقی هیلاکییەکەمان دەرهێنینەوە!"

قامچییە لەکلکی گا چنراوەکانیان ڕاکێشا و بێبەزەییانە کەوتنە قامچی لێدانمان. من لەتاو ئازار هاوارم دەکرد، بەڵام فرانسیسکۆس لەگەڵ بەرکەوتنی هەر قامچییەکدا خاچی دەکێشاو لەبەرخۆیەوە دەیگوت: "سوپاس بۆ خودا!"

چەتەکان لە قاقای پێکەنینیان دا.

یەکێکیان گوتی: "ئەمە شێت نییە، بەڵکو قەدیسە."

یەکێکی تریان کە پێدەچوو سەرۆکەکەیان بێ، وەڵامی دایەوە: "هەمان شتە. دەی هەڵیانگرن، دوای ئەوەی لە خزمەتکردنیان بووینەوە، دەی ئێستا فڕێیان بدەنە چاڵەکەوە!"

چوار دەستە هەڵیانگرتین و فڕێیاندانینە چاڵەکەوە. پاشان بەپێکەنین و جنێودانەوە بەڕێگەی خۆیاندا ڕۆیشتن.

فرانسیسکۆس دەستی ڕایەڵ کرد و بۆ دڵنەوایی کردنم هێنای بەپشتما.

پرسی: " برا لیۆن ئازارت هەیە؟"

بەتووڕەیی گوتم: "بۆچی برا فرانسیسکۆس تۆ ئازارت نییە؟ ئاخر ئەوە جەستەیە، بەرگە ناگرێ!"

– "برا لیۆن بەخەراپ باسی جەستە مەکە. بیرت نایە جارێکیان چیمان گوت؟ گوتمان: جەستەش ڕۆژێک دەتوانێ ببێتە ڕۆح. بەڵێ، ئەوەتا بووە بەڕۆح. برا لیۆن سوێند دەخۆم هەست بەئازار ناکەم!"



چاڵەکە قووڵ بوو، هەوڵمان دەدا بێینە دەرەوە، بەڵام چەندێک هەوڵمان دا، کەچی هەر دەخزاین و هەمدیس دەکەوتینەوە بنەوە.

فرانسیسکۆس گوتی: "برا لیۆن شوێنەکەمان باشە، پەناگەیەکی باشمان بۆ بەسەربردنی شەو دۆزیوەتەوە، بنۆڕە خودا چەند بەخشندەیە، ئەم شوێنەی بۆ ناردووین تا شەوی تێدا ڕۆژکەینەوە، سبەی بەیانی زوویش خۆرمان بۆ دەنێرێ و ڕێگاکەمان پیشان دەدا."

دونیا سارد بوو، پاڵمان بەیەکەوەدا و چاوانمان لێکنا. پشتم هێشتا ئازاری دەدام، بەڵام لەبەرئەوەی تەواوێک شەکەت بووم خەو بردمییەوە. ئاخۆ فرانسیسکۆسیش خەوی لێکەوت؟ نازانم، وا پێنەدەچوو، لەبەرئەوەی جاروبار لەخەوەکەمدا گوێم لە کەسێک بوو گۆرانیی دەچڕی.

خودا ڕۆژی کردەوە. بەچوارپەل لەچاڵەکە هاتینە دەرێ و هەمدیس ڕێگەمان گرتەوە بەر. تاوناتاوێک بۆ ماوەیەکی درێژ بێدەنگیی باڵی بەسەردا دەکێشاین، ناوبەناویش چەند وشەیەکمان لەبارەی خوداوە، لەبارەی زەمەنەوە، لەبارەی زستانەوە کە خەریک بوو نزیک دەبۆوە، ئاڵوگۆڕ دەکرد. کاتێک لە دوورەوە گوندێکمان بینی، فرانسیسکۆس بەخۆشحاڵییەوە قۆڵی گرتم و گوتی:

– "برا لیۆن پێ هەڵگرە، هەڵبەت ئێستا لەو ماڵە چکۆڵەیەدا ڕۆحێک هەیە هەناسە بۆ ڕزگاربوون هەڵدەکێشێ، وەرە با بڕۆین و ئەو ڕۆحە بدۆزینەوە."

چووینە گوندەکەوە، فرانسیسکۆس وەکی فرۆشیاری بازاڕ دەنگی لێ هەڵبڕی.

– "برایانی مەسیحیی وەرن بۆ ئێرە، وەرن بۆ ئێرە تا ببینن! من بەکەل و پەلی نوێوە هاتووم و دەمەوێ بەسەرتانا دابەشی کەم. ئەو کەسەی زوو بگا بەری دەکەوێ، بەخۆڕایی، بەبێ پارە، بەخۆڕایی."

***

بەڕێگاوە زەنگۆڵەیەکی گەورەی بزنمان دۆزیبۆوە، فرانسیسکۆس لە ڕێوبانە باریکەکانی گوندەکەدا لە زەنگۆڵەکەی دەدا و هاواری دەکرد. جوتیاران، پیاوان و ژنان ئەو هاوار هاوارەیان بیست و شاڵاویان هێنا تابزانن ئەو شتە چییە کە ئێمە هێناومانە و بەخۆڕایی بەسەر خەڵکیدا دابەشی دەکەین. ئیدی فرانسیسکۆس چووە

سەر بەردێک و لەبارەی ئەڤینەوە نوتقی دا، لەبارەی ئەوەوە کە دەبێ ئێمە، خودا و خەڵک و هاوڕێ و دوژمنەکانمان خۆش بوێ، لەبارەی ئەوەوە کە دەبێ ئێمە ئاژەڵ و تەیرو ئەو عەردەمان خۆشبوێ کە بەسەریدا دەڕۆین.

بەپەرۆشەوە لەبارەی ئەڤینەوە قسانی دەکرد، هەر کات وشە بەفریای نەگەییبا، ئەوا دەیدایە قوڵپی گریان. زۆر کەس گوێیان بۆ ڕادەدێرا و پێدەکەنین، هەندێکی تر تووڕە دەبوون، منالآن بەردیان تێدەگرت، چەند کەسێکی کەمیش خۆیان لێ نزیک دەکردەوە و بەدزییەوە دەستیان ماچ دەکرد. پاشان چووینە بەر دەرگاکان و دەستمان بۆ سواڵ پان کردەوە. خەڵکەکە نەختێک لەتە نانی وشکیان داینێ، پاشان ئاومان لەبیرەکەی گوند هەڵگۆزا و خواردمانەوە و ڕێگەی گوندێکی ترمان گرتەبەر. بیرم نییە ئەوە چەند ڕۆژو چەند هەفتەی خایاند، زەمەن بەدەوری خۆیدا دەسووڕایەوە و بەخێرایی تێدەپەڕی.

لە شارێکی گچکەدا کە ناوەکەیم بیرچۆتەوە، هاوڕێیەکی دێرینی فرانسیسکۆس دەژیا کە سەردەمانێک هەر خەریکی بەزم و عەیش و نۆش بووە. کاتێک فرانسیسکۆسی بینی لەناوجەرگەی گۆڕەپانەکەدا سەمادەکا و گۆرانی دەڵێ و بانگەشە بۆ شمەکە تازەکانی دەکا، بەترسەوە شالاوی بۆ هێناین.

گوتی: "فرانسیکۆس هاوڕێی دێرینم، ئەوە چۆن بەم وەزعە خەراپە گەیشتوویت؟ کێ تۆی بەم ڕۆژە گەیاندووە؟"

فرانسیسکۆس زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی: "خودا!"

– "ئەی کوا جلکە ئاورشمییەکانت و پەڕە سوورەکەی لا کڵاوەکەت و ئەنگوستیلە ئاڵتونەکانت؟"

– "ئەوە شەیتان بەمۆقەت دابووی پێم، بۆم گەڕاندەوە."

ئەو هاوڕێیە لە تەوقی سەرەوە تا قولەپێ دیقەتی فرانسیسکۆسی دا، دیقەتی جبە شڕوپڕەکەی و پێ خاوسەکانی و سەری ڕووتی. هەمدیس پرسیاری لێ کردەوە و نەیدەتوانی لە چ شتێک بگا.

بەهاوسۆزییەوە لێی پرسی: "فرانسیسکۆس لەکوێوە هاتوویت؟"



فرانسیسکۆس وەڵامی دایەوە: "لەم دونیایەوە!"

– "ئەی بۆ کوێ دەڕۆیت؟"

– "بۆ ئەو دونیا!"

– "ئەدی بۆچیی گۆرانیی دەڵێیت؟"

– "بۆ ئەوەی ڕێگەکەم لێ بزر نەبێ!"

هاوڕێکەی نائومێدانە سەری ڕاوەشاند. ئەو کوڕە گەنجە کوڕێکی میهرەبان دیاربوو، لەبەرئەوەی دەستی فرانسیسکۆسی گرت و ئاماژەیەکیشی بۆ من کرد، منیش بەهەڵەداوان دوایانکەوتم.

– "هاوڕێی دێرینم فرانسیسکۆس، گەر هەڵە نەبم، تۆ گەرەکتە دونیا ڕزگارکەیت. ئەلعان تۆیش گوێ بۆ من ڕادێرە! وا ئیتر زستانە، وەرە ماڵەوە تا جلکی گەرمت بدەمێ، ئاخر ئاوها لەسەرمادا ڕەقهەڵدێیت، ئیدی چۆناوچۆنیی دەتوانیت دونیا ڕزگارکەیت؟"

فرانسیسکۆس گوتی: "من خوداوەندم پۆشیوە، سەرمام نابێ!"

هاوڕێکەی پێکەنی.

گوتی: "تۆ خوداوەندت پۆشیوە، بەڵام ئەوە بەس نییە، تۆ پاڵتۆیەکی گەرمت دەوێت، تۆ بەزەییت بەکرمێکدا دێتەوە و پێت گوناهە پێی پیانرێ، بەڵام بەزەییت بەجەستەی خۆتدا نایەتەوە، دەی حیسابی جەستەش هەر وەکی ئەو کرمە بکە و لە جبەیەکییەوە بپێچە... ئەوەت بیر نەچێ!"

کاتێک گومانەکەی فرانسیسکۆسی خوێندەوە، درێژەی بەقسەکەیدا: "بیرت نەچێت کە جەستە شتێکی پێویستە بۆ ئەوەی بتوانیت دونیای پێ ڕزگارکەیت؟ بەبێ ئەوە..."

فرانسیسکۆس گوتی: "ڕاست دەکەیت، ئەمەش ئاقڵیی و تێگەیشتوویی تۆ دەگەیەنێت. بەخودا تۆ دانایت، ڕاستە هێشتا جەستە پێویستە، وەرە دەی با بڕۆین!"

چووینە ماڵەکەی. هاوڕێکەی فرانسیسکۆس دەوڵەمەند بوو، خۆی کرد بەژوورێکدا و بەپاڵتۆیەکی ئەستووری خورییەوە گەڕایەوە، هەروەها جووتێک پێڵاو لەوانەی شوانەکان هەیانە و گۆچانێک، گۆچانی شوانان.

گوتی: "ئەمە جلکی شوانەکەمە، بیکەرە بەرت!"

فرانسیسکۆس سەیری پاڵتۆ خورییەکەی کرد، تاقی کردەوە و تا سەر پێی دەپۆشی. کڵاوی پاڵتۆکەشی کردە سەری، هەمدیس دایکەندەوە و وەک منداڵێک پێکەنی.

دواجار فرانسیسکۆس گوتی: "بەدڵمە لەبەرئەوەی ڕەنگەکەی ڕێک لەڕەنگی عەردی کێڵراوی پاییزان دەچێ. ئەم جلکە خاکم دەهێنێتەوە یاد. ڕۆفینۆ بۆ خاتری مەسیح جلکێکی هەروەکی ئەمەش بدەرە براکەم، بیدەرە برا لیۆن!"

هاوڕێکەی بەبیستنی ئەو قسەیە خۆشحاڵ بوو.

گوتی: "مەزنە! ئیتر من بەوە دەچمە یادەوەریی خەڵکییەوە، لەبەر ئەوەی ئەم پاڵتۆیەم داوە بەتۆ و تۆیش وەک جبەی قەشەیی دەیپۆشیت! ئاخۆ لەخەیاڵی ئەوەدا نیت وەک قەدیس بێنێدیستوس فیرقەیەکی مەزهەبیی دامەزرێنیت؟"

– "من لە خەیاڵی ئەوەدا بم یان خوداوەند؟ لەو بپرسە، منیش هەر لەو دەپرسم!"

فرانسیسکۆس چووە ئەولاوە و جبە قەشەییە تازەکەی پۆشی، لە باخچەکە پارچەیەک گوریسی هێنا و نێوقەدی خۆی پێبەست. دواتر هاوڕێکەی فرانسیسکۆس جلکیشی بۆ من هێنا، لەبەرم کرد و منیش گوریسێکم بەنێوقەدمەوە بەست. پشتم گەرم داهات. هەروا کۆڵەپشتەکەی لێ وەرگرتم و چووە ژێرزەمینەکە و پڕی کرد لەخواردن و گەڕایەوە.

فرانسیسکۆس دەستی بۆ هاوڕێکەی ڕایەڵ کرد و گوتی: "ئەمە خۆڵی عەردە، وەری گرە!"

هاوڕێکەی پێکەنی و دەستی ڕایەڵ کرد و گوشی.

– "برا ڕۆفینۆ هاوڕێی دێرینم، خودا بکا ڕۆژێک بەجبەیەکی ئاوهاییەوە پا بنێیتە مەملەکەتی ئاسمانەوە. بەهیوای دیدار."

ڕۆفینۆ بەپێکەنینەوە گوتی: "بۆ کوێ؟ بۆ مەملەکەتی ئاسمان؟"

– "نا، بۆ مەملەکەتی عەرد. خودا ڕۆژێک ڕوحم بکا و بەو ڕێگەی شادومانییە ڕاستەقینەیەدا بڕۆیت."



هەمدیس ملی ڕێگەمان گرتەوە بەر. ئاسمان پۆشرا بوو بەهەور. دونیا سارد بوو.

فرانسیسکۆس بەزەردەخەنەوە گوتی: "دەبینی، کاتێک تۆ لە بیری ئەوەدا نیت کە دەبێ چ بخۆیت و چ بپۆشیت، خوداوەند لەبری تۆ بیر دەکاتەوە، ئەوجا ڕۆفینۆیەکت بەکۆڵەپشتێک خواردن و دوو پاڵتۆی خورییەوە بۆ دەنێرێ."

***

ڕێگەمان بەرەو خۆرهەڵات گرتبووەبەر. وەک دوو منداڵ بەجلکە تازەکانمان خەنیی بووین، پێدەچوو قەڵغانی جەنگمان پۆشیبێ و بۆ شەڕ بچین.

– "برا لیۆن دەزانیت لە دونیادا چ شادومانییەک نییە بگاتە ئەو شادومانییەی کاتێک کە خواستی خودا جێبەجێ دەکەیت هەستی پێدەکەیت. دەزانیت بۆ؟"

– "لەکوێوە بزانم برا فرانسیسکۆس، پێمبڵێ بزانم بۆ!"

– "با، چونکە ئەوەی خودا دەیەوێ ئێمەیش تەنها هەر ئەوەمان دەوێ، بەڵام لەوە تێناگەین. خودا دێ و ڕۆحمان ڕووناک دەکاتەوە، ئەو شتانە ئاشکرا دەکا کە کەسێک حەزی پێیەتی و تێیناگا. نهێنییەکە لێرەدایە برا لیۆن. من خواستی خودا جێبەجێ دەکەم، ئەمەش مانای ئەوەیە من ئەوە دەکەم کە لەقووڵایی حەزی مندا حەشاردراوە، لە قووڵایی توڕەهاتترین ئینسانیشدا خوداوەند نوستووە."

– "ئەدی کوا ئەو بیانووەی تۆ بەهۆیەوە کڵێساکەی قەدیس دامیانۆت پێ ڕۆنایەوە؟ کوا ئەو خواستەی خۆت کە لێینەدەگەیشتیت و خوداوەند هاتە خەونتەوە و بۆی ئاشکراکردیت؟ کوا ئەو بیانووەی تۆ بەهۆیەوە حاشات لە باب و دایکی خۆت پێکرد؟"

– "ئا، بەهەمان ئەو بیانووەی تۆ بەهۆیەوە هەموو شتێکی خۆت جێهێشت و دوامکەوتیت!"

من ڕەتیم دایەوە و گوتم: "بەڵام برا فرانسیسکۆس هەندێجار، هەندێجار زۆر شتمان دەوێ. باشە کام یەک لەوانە خواستی خودایە؟"

فرانسیسکۆس هەناسەیەکی هەڵکێشا و وەڵامی دامەوە:"قورسترینیان!"

لە دوورەوە هەور دەیگرماند و هەوا بۆنی بارانی لێدەهات.

– "ئەی ئێستا برا فرانسیسکۆس، لە قولاییتڕا چیت گەرەکە؟ دەتوانیت بەر لەوەی

خودا پێتبلێ، تۆ ئەو شتە بدۆزیتەوە؟"

سەری داگرت و هەمدیس هەناسەی هەڵکێشایەوە.

ئاخرییەکەی گوتی: "ناتوانم. من دەزانم چیم ناوێ، بەڵام نازانم چیم دەوێ!"

– "برا فرانسیسکۆس، ئەو شتە چییە ناتەوێ؟ ئەو شتە چییە لە هەموو ئەوانی تر زیاتر ڕقت لێیەتی و لێی دەترسیت؟ بمبوورە کە لەو بارەیەوە پرسیارت لێ دەکەم!"

فرانسیسکۆس بۆ ساتێک دوودڵ بوو، زاری هەڵێنا و هەمدیس دایخستەوە، ئەوجا بڕیاری خۆی وەرگرت و گوتی: "ئا، ناتوانم حەوسەڵەی گەڕەکانم هەبێ. ناتوانم بیانبینم. تەنانەت هەر کە لە دوورەوە دەنگی ئەو زەنگۆڵانەی بەپێوپلیانەوە کراوە تا هامشۆکەران لە دوورەوە ئاگادارببنەوە و خۆیانیان لێ لادەن، دەبییەم، تەنانەت هەر کە دەنگی ئەو زەنگۆڵانەیان دەبییەم ئیتر تووشی سەرە سووڕە دەبم. خودایە بمبوورە، چ شتێک نییە لە دونیادا بەلای منەوە لە گەڕەکان قێزەوەنتر بێ!"

تفی کردەوە. هەستی کرد دڵی تێکەڵ دێ و سەری لە گێژەوە دەچێ، بۆ ئەوەی بێتەوە سەر خۆی پاڵی بەدرەختێکەوە دا.

لەبەرخۆیەوە گوتی: "ڕۆحی ئینسان شەڕانگێز و لاواز و کلۆڵە، شەڕانگێز و لاواز و کلۆڵ... خودایە کەنگێ ڕوحمی پێدەکەیت و ڕزگاری دەکەیت؟"

باران دای کرد. کڵاوی پاڵتۆکانمان لەسەرکرد و پێمان هەڵگرت بۆ ئەوەی خۆمان بگەیەنینە نزیکترین گوند. کیژێک بەلاماندا تێپەڕی.

کچەکە سڵاوی کرد و گوتی: "ڕەحمەتتان لێ بێت ئەی قەدیسەکانی خودا."

فرانسیسکۆس دەستی نایە سەر دڵی و سڵاوەکەی سەندەوە، بەڵام چاوانی هەڵنەبڕی تا لە کەنیشکەکە بنۆڕێ، کیژەکە جوان و دڵڕفێن بوو.

لێم پرسی: "برا فرانسیسکۆس بۆچی چاوت هەڵنەبڕی؟"

وەڵامی دامەوە: "ئەدی چۆن دەتوانم چاو هەڵبڕم و لە ڕوخساری بووکی مەسیح بنۆڕم؟"

ئێمە ڕۆیشتین و هەر ڕۆیشتین. هەموو شوێنێک چۆڵەوانی و ئاسەواری مرۆڤ لە هیچ شوێنێکەوە دیار نەبوو، شەومان بەسەردا هات. بارانیش بەخوڕتر دەباری.



گوتم: "با ئەشکەوتێک بدۆزینەوە و شەوی تێدا ڕۆژکەینەوە، ئاخر خودا حەزناکا لەوە زیاتر بڕۆین، هەروەها خۆشمان نامانەوێ!"

لەو تاریکییەدا دەستمان گێڕا و لە هەموو شوێنێکی بناری چیاکەدا بۆ پەناگەیەک گەڕاین، ئاخرییەکەی ئەشکەوتێکمان دۆزییەوە و تێی خزاین. فرانسیسکۆس شادومانانە لێی ڕاکشا.

گوتی: "خودا باران دەنێرێ، بەڵام کڵاوی پاڵتۆشمان دەداتێ. باران بەخوڕتر دەبارێنێت، ئەوسا ئەشکەوتێکیشمان پیشان دەدا!"

گوتم: "ئەمە واتە ئەقڵ!"

فرانسیسکۆس قسەکەی بۆ ڕاست کردمەوە: "ئەمە واتە تیبەت!"

کۆڵە پشتەکەی کردەوە و منیش ئەو خواردنەم دابەش کرد کە ڕۆفینۆ لەکاتی خواحافیزییدا پێی دابووین، کەوتینە نانخواردن. هێند شەکەت بووین کە یەکسەر چاومان لێک نا و نووستین. من چونکە لادێیی بووم، یەکسەر خەو بردمییەوە، ئۆه، ئاخر من چ نیگەرانییەکم نەبوو خەوم لێ بزڕێنێ. بەڵام وابزانم فرانسیسکۆس خەوی لێ نەکەوت، بەیانی لەگەڵ شەبەقدا ڕاپەڕی و هاوارێکی کرد. بەئەسپایی دەستی کێشا بەپێمدا. گوتی: "برا لیۆن هەستە، ئیتر وا ڕۆژ بۆتەوە!"

خەواڵوو وەڵامیم دایەوە: "هێشتا تاریکە برا فرانسیسکۆس، پەلەی چیتە؟"

– "من پەلەم نییە برا لیۆن، ئەوە ئەوە، ئەوە خوداوەند پەلەیەتی. ڕابە!"

هەستام و گوتم: "خەونت بینی؟"

– "نا، بەدرێژایی شەو نەمتوانی خەوم لێبکەوێ. دەمەو بەیانیی چاوانم لێک نا و بانگی خوداوەندم کرد، پێم گوت: (خودایە لێگەڕێ بنووم، من کرێکارم، کرێکاری تۆم، ئەو شتەم کردووە کەتۆ ئەمرت پێداوم. ئاخر کڵێساکەی قەدیس دامیانۆم ڕۆنایەوە، سەمام کرد و خۆم کردە گاڵتەچیی هەموو خەڵکی ئاسیزیی. خۆم لە باب و دایکم بێبەریی کرد، ئیتر بۆچی ناهێڵیت بنووم؟ لەوە زیاتر چیت لێ مدەوێ؟ ئاخۆ ئیتر ئەوە بەس نییە؟)

ئەوسا بەژوور سەرمەوە، نا، بەژوور سەرمەوە نا، بەڵکو لەناوەوەمڕا دەنگێکی تووڕەم ژنەفت، گوتی: (نا، ئەوە بەس نییە!)

سوێند دەخۆم برا لیۆن نەنووستبووم، سوێند دەخۆم ئەوە خەون نەبوو، ڕەنگە هەموو شتەکانی تر، تۆ و من و ئەم ئەشکەوتە و بارانەکە خەون بن، بەڵام ئەو دەنگە خەون نەبوو. بەترسەوە هاوارم کرد: (ئەوە بەس نییە؟ لەوە زیاتر چی ترت لێ مدەوێ؟) گوتی: (ڕابە، ڕۆژ بۆتەوە، ڕێگەکە بگرەوەبەر، من لەبەر خاتری تۆ بارانەکە خۆش دەکەمەوە، ڕێگەی خۆت بگرەوە بەر و ئەوجا دەنگی زەنگۆڵەی گچکە دەبییەیت، ئەوە گەڕێکە من بۆم ناردوویت، لە باوەشی بگرە و ماچی کە، گوێت لێیە؟ وا مەنوێنە گوێت لێ نییە، چونکە وەڵام نادەیتەوە؟)

ئیتر لەوە زیاتر نەمتوانی ددان بەخۆمدا بگرم. پێمگوت: (تۆ هیچ باوک نیت، تۆ ئەو خەڵکەت خۆش ناوێ، تۆ بێبەزەیی و قادری ڕەهایت و گەمە بەئێمە دەکەیت. هەنووکە کە بەڕێگاوە بەهاوڕێکەمم گوت من ناتوانم دەست لە گەڕێکەوە بدەم، ئیدی تۆ ئەو قسەیەمت قۆستەوە و دەسوبرد دەتەوێ فرێم بدەیتە باوەشی گەڕێکەوە. خودایە، ئاخۆ چ ڕێگەیەکی تر نییە، چ ڕێگەیەکی هاسانتر نییە بۆ ئەو ئینسانە کلۆڵەی کە دەیەوێ تۆ بدۆزێتەوە؟)

ناوەوەم هەپروون بەهەپروون بوو، وەک بڵێی کەسێک پێم پێبکەنێ. دوای تاوێک گوتی: (نا، چ ڕێگەیەکی تر نییە!) وای گوت و ئیدی دەنگەکە سەرسوڕماوانە کڕ بوو."

بەهاوسۆزییەکی قووڵەوە لەفرانسیسکۆسم دەنۆڕی کە نائارام و ترساو لەبەر ئەشکەوتەکەدا ڕاوەستابوو. گوتم:"ئەدی ئێستا؟"

گوێی لێم نەبوو.

هەمدیس لێم پرسییەوە: "ئەدی ئێستا؟"

لایکردەوە، برۆی گرژکرد و گوتی: "کام ئێستا؟ چ شتێک نییە ناوی ئێستا بێت، هەستە و وەرە، دەڕۆین و دەیبینین."

– "کێ؟"

فرانسیسکۆس دەنگی نزم کردەوە. هەستم کرد تەواوی جەستە ئازار چەشتووەکەی دەلەرزێ. بەئەسپایی گوتی:"گەڕەکە!"

لە ئەشکەوتەکە هاتینە دەرێ. ڕۆژ ببۆوە و باران خۆشی کردبۆوە، هەورەکان



بەئاسماندا خولیان دەخوارد و وەکی بڵێی هەناسەی خوداوەند ڕاویانبنێ، دەڕەوینەوە. بەسەر هەموو گەڵای درەختێکەوە، دڵۆپە ئاوێک شۆڕببۆوە و دەبریقایەوە، پێدەچوو تەواوی پەلکەڕەنگینە لەدڵۆپە ئاوێکدا ڕاکشابێ.

بەڕێگەکەدا دەچووینە پێش، بەرەو دەشتەکە شۆڕ دەبووینەوە کە هێشتا پۆشراو بوو بەتەمومژی بەیان. فرانسیسکۆس بەهەنگاوی گەورە لەپێشەوە دەڕۆیشت، ئاخر ئەو پەلەی بوو.

خۆر لەودیو چیاکەوە هەڵهات. ئەرز گەرمی بۆوە و هەروەها ئێمەیش گەرم داهاتین. لەخوارەوە، لەودیو دارسنەوبەرەکانەوە سەرنجمان دا وا خەریکە شارێک دەردەکەوێ.

فرانسیسکۆس پرسی: "برا لیۆن، ئەو شارە کوێیە؟"

– "برا فرانسیسکۆس من سەرم گێژ دەخوا، پێدەچێ یەکەمینجار بێت هەموو شتەکان بینم. وابزانم ئەو شارە (ڕاڤێننا) یە."

لە ناکاوێکرا فرانسیسکۆس ڕاوەستا و ڕەنگی پەڕیی. قۆڵی گرتم.

بەئەسپایی گوتی: "گوێت لێیە؟"

– "نا، چیی؟"

– "زەنگۆڵە چکۆڵەکان...."

بەڵام هەر هەمان لەو کاتەدا کە ئەوەی گوت، هەر بەڕاستیی دەنگی زرنگەی زەنگۆڵەم لەدوورەوە، لەدەشتەکەوە کەوتە بەر گوێ. هەردووکمان ڕاوەستاین، فرانسیسکۆس چەناگەی دەلەرزی، دەنگی زەنگۆڵە چکۆڵەکان نزیک دەبۆوە.

فرانسیسکۆس بەلالەپەتێ گوتی: "ئەوەتا..." وای گوت و لەکاتێکدا کە هەموو جەستەی هەڵدەلەرزی، پاڵی بەدرەختێکەوە دا. " ئەوە هات....!"

بۆ ئەوەی بیگرم و نەهێڵم بکەوێ، لە ناو قەدەوە گرتم و گوتم: "وەرە با بڕۆین و ڕاکەین؟ دەی با بڕۆین!"

– "بۆ کوێ ڕادەکەیت؟ لە خوداوەند ڕادەکەیت؟ چۆن، برا لیۆنی کلۆڵ، چۆن شتی وەها دەبێ؟"

– "برا فرانسیسکۆس، دەی با ڕێگەیەکی تر بگرینە بەر!"

– "ئێمە دەبێ لە هەموو ڕێگەکاندا گەڕێک ببینین، بەچاوانی خۆت دەبینی کە هەموو ڕێگەکان پڕ دەبن لە گەڕ و کاتێک لە باوەشیان دەگرین ئەوجا دیارنامێنن. برا لیۆن کەواتە ئازایەتیی بدەرە بەر خۆت و هەر ئێستا دەڕۆین!"

هەنووکە زرنگەی زەنگۆڵە چکۆڵەکان تەواوێک نزیک، لەودیو درەختەکانەوە دەگەیشتە گوێمان. ئیدی وا دەگەیشتنە لامان.

گوتم: "برا فرانسیسکۆس غیرەت بدەرە بەر خۆت، خودا گوڕی ئەوەت دەداتێ بەرگە بگریت!"

بەڵام هەروا کە فرانسیسکۆس بەپەلە ملی ڕێگاکەی گرتبووەبەر، گەڕەکە لەنێو درەختەکانەوە گەیشتە بەردەمی. گۆچانێکی پڕ لەزەنگۆڵەی پێبوو کە ڕایدەوەشاند تا ڕێبواران گوێیان لەزرنگەکەی بێ و دوورکەونەوە. فرانسیسکۆس چووە پێشێ و باوەشی کردەوە. گەڕەکە کاتێک ئەوی بینی، پێدەچوو تۆقیبێ، یەک زریکەی توندی کرد و وەکی بڵێی لەپێ کەوتبێ، ڕاوەستا. تەواوێک شەکەت و ئیدی لەوە نەدەچوو بتوانێ لەوە زیاتر ڕێبکا. منیش لێی نزیک بوومەوە، کە سەیریم کرد لەرز دایگرتم. کەپووی تا نیوەی داخوراو و نەمابوو، دەستەکانی پەنجەیان پێوە نەبوو، بەڵکو دوو کوتە تەختەی وشک بوون، لێویشی یەک پارچە برینێکی کێماویی. فرانسیسکۆس بەرەو لای ڕایکرد و باوەشی پێداکرد، داهاتەوە و دەمی ماچ کرد. ئەوجا کردییە باوەشی، بەپاڵتۆکەی داپۆشی و بەهەنگاوی قورسەوە لە گەڵیدا بەرەو شار کەوتەڕێ. هەڵبەت لەوێ لە شار، خانەیەکی گەڕان هەیە کە بکرێ ئەم گەڕەی لێ دانرێ.

فرانسیسکۆس هەر ڕۆیشت و ڕۆیشت، منیش لە دوایەوە هەنگاوم دەنا و چاوانیشم لێوڕێژبوون لە فرمێسک. خوداوەند دڵڕەق و بەزەبروزەنگە، خوداوەند وێرانکەرە، چ بەزەییەکی بەئینساندا نایەتەوە. هەر ئەلعان فرانسیسکۆس چیی گوت؟ کە ڕەنگە خواستی خودوەندا قووڵترین خواستی ناخی خۆمان بێت و ئێمە تێینەگەین؟ نا! نا! خوداوەند پێمان دەڵێ: (هەر چیت ناوێ، من ئەوەم دەوێ. ڕقت لەهەر چییە، من ئەوەم خۆشدەوێ. ئەوە بیر خۆت بەرەوە کە حەزت لێی نییە، دەی



من حەزم لەوەیە!) دە ئەوجا سەیرکە، هەر ئێستا فرانسیسکۆسی داماو ئەو گەڕەی ماچ کرد و لە ئامێزی گرت.

خۆر بەرز ببۆوە و تا نزیکەی نیوەی ئاسمان هاتبوو، یەکەمین دڵۆپە تەرزە باران هەمدیس دەکەوتە خوارەوە. شارەکە هەنووکە گەورەتر دیاربوو، بۆ ساتێک بورج و کڵێسا و خانووەکانی لەبەر تیشکی هەتاودا پرشنگیان دەدا. ئێمە نزیکتر بووینەوە.

لە ناکاوێکڕا فرانسیسکۆسم بینی سەرسوڕماوانە ڕاوەستا. دانەوێوە و چمکی پاڵتۆکەی لادا تا تەماشای گەڕەکە بکا. بەڵام لە ترسا هاوارێکی توندی کرد، ئاخر ژێر پاڵتۆکە بەتاڵ بوو!

فرانسیسکۆس ئاوڕی دایەوە و تەماشای کردم، زاری هەڵێنا تا قسان بکا، بەڵام هیچی بۆ نەهات و دایخستەوە. ڕوخساری پرشنگی دەدا و دەسووتا، ڕیش و دەم و کەپووی، هەمووی لەکڵپەی ئاگرێکدا دەسووتان.

کەوتە سەر ئەرزەکە، بەدەمدا ڕاکشا، گریا و ئەرزەکەی ماچکرد. من بەژوور سەرییەوە ڕاوەستابووم و هەڵدەلەرزیم. چ گەڕێک لەئارادا نەبوو، بەڵکو ئەوە مەسیح خۆی بووە کە وەکی گەڕێک دابەزیبۆوە سەر عەرد تا فرانسیسکۆس تاقی کاتەوە.

جوتیارێک بەلاماندا تێپەڕی، کە فرانسیسکۆسی بینی لەسەر ئەرزەکە و لەبەر بارانەکەدا کەوتووە و دەگری، ڕاوەستا.

جوتیارەکە پرسی: "ئەوە بۆچی دەگری؟ چ رووی داوە؟خۆ ناشێ چەتەکان پەلاماریاندابێ و لێیاندابێ؟"

وەڵامیم دایەوە: "نا، مەسیح هەر ئێستا بێرەدا تێپەڕی و ئەوی بینی ئیدی لەخۆشیدا کوڵیی گریانی بەر بوو."

جوتیارەکە شانی ڕاوەشاند، لە قاقای پێکەنینی دا و بەخێرایی تێپەڕی.

فرانسیسکۆس چاوانی کردنەوە، لەو ئاسمانە بەهەور پۆشراوەی ڕوانی، تەماشای بارانی کرد کە نمە نمە دەباری وەهاوی تەم و مژاویی دەکرد. چاوی داگرت و منی بینی. هێشتا نەیدەتوانی بدوێ، زەردەخەنەیەکی بۆ کردم، منیش یەکسەر خۆم فڕێدایە لایەوە بۆ چەقی ڕێگەکە و ماچیم کرد و ڕوخساریم نەوازش کرد تا

کاریگەری ئەو هەورە بروسکەیەی خودای لەسەر هێورکەمەوە کە لێیدابوو. هێشتا جەستەی هەڵمی لێ هەڵدەستا.

چەندێک؟ چەند سەعات ئێمە ئاوها بێدەنگ لەو چەقی ڕێگەیەدا ڕاکشابووین؟ نازانم چەند سەعات، بەڵام کاتێک هەستاین و تەماشای چواردەوری خۆمان کرد، خۆر لەئاوابووندا بوو. هەنووکە فرانسیسکۆس هەمدیس دەیتوانی قسان بکا.

– "برا لیۆن بینیت؟ تێگەیشتیت؟"

– "بینیم برا فرانسیسکۆس... بینیم، بەڵام لە هیچ شتێک نەگەیشتم ئەوە نەبێت کە خوداوەند گەمەی لەتەکماندا کرد!"

– "من تێگەیشتم برا لیۆن. لە ماچکردنی هەموو گەڕەکان و هەموو ئیفلیجەکان و هەموو گوناهبارەکان گەیشتم..."

ئیدی بێدەنگ بوو. نەیدەوێرا دووی ڕستی خەیاڵاتەکانی بکەوێ.

– "ڕووناکم کەوە برا فرانسیسکۆس، ڕووناکم کەوە. لە تاریکیدا جێم مەهێڵە!"

دوای ساتێک ڕاپەڕی.

لەبەرخۆوە گوتی: "گەر ئینسان ماچی ئەوانە بکا، ئەوا هەموو ئەوانە، خودایە تۆبە، ئەوا هەموو ئەوانە دەبنە مەسیح!"

***

کە گەیشتینە ئەو شارە گەورەیە شەو داهاتبوو. دار سنەوبەرە بەژن زراڤە چڕەکانمان بینی. لەتاریکیدا سەرنجی بورجە بازنەییەکەمان دەدا و لەچواردەورماندا هەستمان بەهەناسەی قووڵ و ئازادی زەریا دەکرد. ئەو بۆنی خوێیاوە چالاکیی وورووژێنەمان هەڵدەمژت. ئێمە ئیدی گەیشتبووینە ڕاڤێننا، گەیشتبووینە ئەو شارە بەناو و شۆرەتە.

فرانسیسکۆس گوتی: "چ شارێکی خانەدان و ئەمیرانەیە، تەژییە بەکۆشک و کڵێسا و شانازیی دێرینە. دڵم پێی دەکرێتەوە."

گوتم: "با لێرە بمێنینەوە، بائەم زستانە لێرە ببەینە سەر. وەرزی باوبۆران دەستی پێکردووە، ڕووبارەکان هەڵدەسن، ئاخر ڕێگەی کوێ بگرینەبەر؟ برا فرانسیسکۆس هەڵبەت لێرە ڕۆحگەلێک هەن کە چاوەڕێت دەکەن."



ئاخر ئێمە شەکەت بووین و نەمانەدەتوانی لەوە زیاتر بڕۆین، لەنزیک شارەکە و بەرامبەر پەرستگە بەناوبانگەکەی قەدیس (ئاپۆللیناریۆ) ڕاوەستاین. دەرگاکان داخرابوون و شەوانە نەدەکرانەوە، ئیدی کەس نەیدەتوانی بچێتە ژوورێ. بارانیش بەلێزمە دەباری.

فرانسیسکۆس گوتی: "لێرە لە نزیک دەرگاکەوە دەنووین، بەیانیش زوو بەخواستی خودا بۆ نوێژ دەچینە ژوورەوە."

لە ناکاوێکرا فرانسیسکۆس هەستی کرد برسییەتی.

پرسی: "برا لیۆن چ خواردنێک لە کۆڵەپشتەکەدا ماوە؟"

– "هیچ شتێک براکەم هیچ شتێک، تەنها زەنگۆڵەکەی تێدایە. ئاخر بەدرێژایی ئەمڕۆ بەلای هیچ گوندێکدا تێنەپەڕیوین. برسیتە؟"

– "نا چ نییە. تا ڕۆژ دەبێتەوە چاوەڕێ دەکەین. ئێرە شارێکی گەورەیە و هەڵبەت هەمیشە ماڵێک هەیە بەکولێرەیەک نانەوە چاوەڕێمان کا. کەیبانوو ئەو نانانەی بۆ ئێمە برژاندوون."

خاچمان کێشا و لەنزیک دەروازەکەوە لەپاڵ یەکدا ڕاکشاین و لەبەرئەوەی تەڕ بووین و سەرمامان بوو، پاڵمان بەیەکەوە دا.

گوتم: "برا فرانسیسکۆس، شتێک هەیە بەدرێژایی ژیانم بیرم لێ کردۆتەوە، بۆم ڕوون کەوە. هەندێک هەیە سواڵ ناکەن و گەر یەکێک سەدەقەیەکیان بداتێ وەری ناگرن. هەندێک کەسی تر سواڵ ناکەن، بەڵام سەدەقە وەردەگرن. کەواتە ئەوانیش سواڵ دەکەن. ئەوە کامیان ڕاستە؟"

– "خۆنەویستیی پیرۆز برا لیۆن دەخوازێ کە ئینسان دەستی ڕایەڵ کا و سواڵ بکا و وەربگرێ، ئیدی شتەکانی تر هەمووی خۆبەزلزانییە. دەوڵەمەندان قەرزاری هەژارانن، لێگەڕێ ئەوانە قەرزەکانیان بدەنەوە. بەڵام ئێستا بەسە، لەوە زیاتر پرسیارم لێ مەکە، ڕاکشێ و بنوو. تۆ ماندوویت، هەروەها منیش ماندووم. شەوباش!"

من دەمزانی فرانسیسکۆس پەلەیەتی بۆ ئەوەی لەگەڵ خوداوەنددا بەتەنیابێ.

بێدەنگ بووم و چاوانم لێک نا، بەدرێژایی شەو لەخەوەکەمدا هەستم دەکرد فرانسیسکۆس قسان دەکا و گا پێدەکەنێ و گا دەگری.

بۆ بەیانی هەردووکمان لەبەردەم دەروازەکەدا ڕاوەستاین و چاوەڕێ بووین تا قەشەی دەرکەوان بێت و دەرگاکە بکاتەوە. لەودیو شیشەکانەوە و لەحەوشەکەوە لەباخچەکەمان دەنۆڕی بەداردێمشت و دارسەرووەکانییەوە و هۆدەی گومەزییش بەچواردەوریاندا. لەناوەڕاستیشدا بیرەئاوێکی مەڕمەڕیی و لەو دیویشیەوە کڵێسا بەناوبانگەکە هەبوو کە لەلایەن هونەرمەندگەلێکی بەتوانا و دەستڕەنگینی خۆرهەڵاتەوە ڕۆنراو و نەخشێنرابوو.

شەبەقی دا. دەرکەوان بەکلیلەکانییەوە هات. دەرکەوان کەسێکی گرژ و مۆن بوو، بەڕیشێکی کورتی لوول و پایشی پەتیی. شتێکی لەدەمیدا دەجوو بەڵام چەند ددانێک لە دەمیدا مابوونەوە، هەر کە ئێمەی بینی، سەروچاوی بەیەک دادا.

بەتووڕەیی گوتی: "سواڵکەرن؟ ئەم پەرستگەیە نانی ئێوەی نییە. تەمبەڵ و بەتاڵەن؟"

فرانسیسکۆس میهرەبانانە وەڵامی دایەوە: "باوکە دەرکەوان، ئێمە تەمبەڵ و بەتاڵە نین، ئێمەیش ئیش دەکەین، ئێمەیش کلیلمان پێیە کە دەرگایان پێدەکەینەوە و دەرگایان پێدادەخەین."

– "دەرگای کوێی پێدەکەنەوە و دەرگای کوێی پێدادەخەن هەی مورتەدینە؟"

– "دەرگای دۆزەخ!"

– "دۆزەخ؟"

– "بەڵێ دۆزەخ، واتە دڵمان!"

دەرکەوان وەکی سەگێکی هار حەپاندی، بەڵام هیچی نەگوت. کلیلەکەی بەدەستەوە گرت، بایدا و دەرگاکەی کردەوە، ئەڵقەڕێزەکەی ڕاکێشا و ئێمەیش چووینە ژوورەوە. قەشەکان لە هۆدەکانیان نەبوون، نوێژی بەیانی دەستی پێکردبوو. بونیادەم دەیتوانی نەغمەی تەرتیلەیەکی بەسۆز ببیەت. ڕۆشنایی بەخوڕ دەڕژا و بەباخچەکە ڕادەگەییشت، تەیرەکان بێدار ببوونەوە. قەشەیەکی گچکە لەبەر بیرەکەدا دانەویبۆوە



و ئاوی هەڵدەگۆزا. دوو دارسەرووی باریک وەکی شمشێر بەرەو لای ڕاست و بەرەو لای چەپی کڵێساکە هەڵکشابوون و وەکی دوو سەرەک فریشتان لەویادا ڕاوەستابوون. داردێمشتێکی چڕ لەناوەڕاستی باخچەکەدا بۆنە خۆشەکەی خۆی پەخش دەکرد.

فرانسیسکۆس گەڵایەکی لێکردەوە و ماچی کرد، ڕێک وەکی مۆمێکی داگیرساو بەدەستییەوە گرت، ئەوسا پاڵێکی بەدەرگای کڵێساکەوە ناو چووە ژوورێ. من تینوو بووم و ڕاوەستام تا ئەو قەشە گچکەیە ئاوەکە هەڵبگۆزێ و منیش لێی بخۆمەوە. ئاوەکەم خواردەوە و گورج بوومەوە. خاچم کێشا و سوپاسی خودام کرد کە تینوێتیی و ئاوی ئەفراندوون.

بەدەروازەکەدا چوومە کڵێساکە. قەشەگەل لەپەرستگەکانیاندا ڕاوەستابوون و گۆرانییان دەچڕی، بۆنی بخوور لە هەوادا بڵاوببۆوە. ڕۆشنایی لەپەنجەرە بۆیاخکراوەکانەوە پاڵەپەستۆی هاتنە ژوورەوەی بوو، پەنجەرەی بەڕەنگی سوورو شین و سەوز بۆیاخکراو. فرانسیسکۆسم بینی لەسەر بەردچنەکە دانیشتبوو لەسەر ئەژنۆ و بەنەشوەوە بەرەو ژوور، لەژوور میحرابەکەی دەنۆڕی.

منیش دیقەتی سەرەوەم دا، خودایە ئەوە چ موجیزەیەک بوو؟ ئاخۆ ئەوە بەهەشت بوو؟ مۆسایکێکی گەورە بەڕەنگی سەوز و سپیی و ئاڵتونیی، قەدیس ئاپۆللیناریۆ لە ناوەڕاستا بەشەیالەی زێڕینەوە و دەستی بۆ پاڕانەوە هەڵبڕیبوو. لەلای ڕاست و چەپییەوە مەڕی سپی سپیی، دار سەروو، داری بەردار و فریشتەگەل. خودایە ئەوە چ سەوزەڵانییەک! چ تەڕ و تازەیییەک! چ دڵڕفێنییەک بوو! چ هێمنییەکی نەمر و جاویدانیی بوو! چ مێرگێکی سەوز بوو بۆ ئەوەی ڕۆح تا ئەبەد تێیدا بلەوەڕێ! تەنانەت منێک کە لادێیی بووم، ئەو دیمەنە گەلێک کاری لێکردم. لەلای فرانسیسکۆسەوە لەسەر ئەژنۆ دانیشتم و دەستم کردە گریان.

فرانسیسکۆس بەئەسپایی گوتی: "بێدەنگ! مەگری، پێمەکەنە، قسان مەکە، ڕۆچۆ لە لەخۆبوردووییدا!"

وا بزانم بەدرێژایی ئەو ڕۆژە من و فرانسیسکۆس یەک تاقە وشە قسەمان لەگەڵ یەکدا نەکرد، بیرم نایەت چۆن لە کڵێساکە هاتینە دەرەوە یان ئاخۆ قەشەگەل

نانێکیان دابێ پێمان بیخۆین یاخود کەنگێ خۆمان کرد بەشاردا! تەنها ئەوەم بیر دێ کە چۆن بەجادەکاندا دەهاتین و دەچووین و لە خەڵکیمان دەنۆڕی، لە بورج و کۆشکەکانمان دەنۆڕی. بەڵام چ شتێکی ترمان نەبینی جگە لە مێرگێکی سەوزو پیاوێکی قەدیس لەناوەڕاستیدا و مەڕێک کە بەشادومانییەوە ڕایدەکرد و سڵاوی لێدەکرد. بەژوور سەریشییەوە خاچێکی گەورە هەبوو کە باوەشی کردبۆوە و فەزای لە باوەش دەگرت.

دەمەوئێوارە لەگۆڕەپانێکی گەورە ڕاوەستاین کە وێنەیەکی مەسیح لەناوەڕاستیدا بوو. وی بەرخێکی نابووە سەر شانی تا ئەو داماوە بۆ پشتیرەکەی بگەڕێنێتەوە. دوکانداران خەریکی داخستنی دوکانەکانیان بوون، جحێڵان لەگەڕەکەکانی ئەو نزیکانەوە بەرەو خوار ببوونەوە و هاتبوونە ئەوێ تا یەکتر ببینن و ببینرێن. باران خۆشی کردبۆوە، لەو هەوا پاقژ و شۆراوەدا بۆنی سنەوبەر دەهات. چاوترووکانێک و ئیدی فرانسیسکۆس زەنگۆڵەکەی ڕاوەشاند، وەک ئەوەی بیەوێ خەڵکەکە بانگهێشت کا تا بێن و گوێ بۆ ئەو شێتێتییە تازەیە ڕادێرن. بەڵام یەکسەر ژێوان بۆوە. هەڵبەت خەیاڵی لەشوێنێکی تر بوو، لەسەر عەردەکە دانیشت و لە خەڵکەکەی دەنۆڕی کە بەوێدا تێدەپەڕین.

منیش لە لایەوە هەڵتروشکابووم. لە ناکاوێکڕا لای کردەوە.

گوتی: "برا لیۆن، من لە جێگەیەک ئەو مێرگە سەوزە و ئەو مەڕە لەوەڕاوانە و قەدیس ئاپۆللیناریۆ و ئەو فریشتانەم بینیون کە بەدوایەوەن. بەڵام نازانم لە کوێ؟ چەند هەوڵ دەدەم بیرم بکەوێتەوە بەڵام ناتوانم. بڵێی لەخەوندا نەمبینیبن؟"

بۆ ساتێک بێدەنگ بوو، بەڵام یەکسەر بەخۆشحاڵییەوە دەستەکانی بەیەکدا ماڵی.

گوتی: "سوپاس بۆ خودا، ئێستا بیرم کەوتەوە، ئەوە چەند سەعاتێکە گینگڵم پێدەدا کەی و لەکوێ، ئەوا ئێستا دۆزیمەوە!"

ڕوخساری پرشنگی دەدا، چاوانی وەکی زومرود دەدرەوشانەوە.

بەخۆشحاڵییەوە لەژێر لێوەوە گوتی: "لە ناوەوەمڕا!"

شەو داهاتبوو. تا شەو زیاتر چووبایە پێش، ئاشکراتر دەنگەکانی شار دەبیستران. شار وەکی ئاژەڵێکی تێری هەزار سەر لەتاریکییدا ڕاکشابوو،



بەهەزارەها دەنگی بونیادەم و سەگ و ئەسپەوە، بەهەزاران جۆر ئاوازی بلوێر و سیتارەوە، شار پێدەکەنی و دەوەڕی و دەیحیلاند و گۆرانی دەچڕی، چاوترووکانێک و شەو قورس لەسەر هەموو ئەوانە ڕادەکشا، پێموابوو کە ئەوە مەسیحە لەوێدا، لە ناوەڕاستی شاردا ڕاوەستاوە و ئەوەش بەرخ نەبوو بەسەر شانییەوە کە دەیویست بۆ پشتیرەکەی بگەڕێنێتەوە، بەڵکو ئەوە تەواوی ڕاڤێننا بوو.

فرانسیسکۆس کە بینی سەرنجم داوەتە وێنەکەی مەسیح، گوتی:

– "برا لیۆن، بیر لە چ دەکەیتەوە؟ "

– "برا فرانسیسکۆس بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەوە بەرخ نییە، بەڵکو ئەوە ڕاڤێننایە!"

– " ئەوە ڕاڤێننا نییە، برا لیۆن، نا، ئەوە ڕاڤێننا نییە، بەڵکو ئەوە دونیایە. ئەوە هەموو دونیایە!"

***

هەمدیس بێدەنگ بووینەوە، پیرەمێردێکی کەڵەگەت هات و لەبەردەمماندا ڕاوەستا، ئەو پیرەمێردە توندوتیژ دەینوواند و ڕیشێکی سپیی درێژی هەبوو. بەو ڕۆشناییەی کە لە یەکێک لە مەیخانەکانەوە دەهات، ڕوخسارە هەتاو بردووەکەیمان بینی کە تەژی بوو بەجێزامی شمشێر. وی خواوڕاسان گوێی لەدوا وشەکانمان ببوو، هات و بەچیچکانەوە لە نزیکمانەوە دانیشت.

گوتی: "ببوورن، لەبەیانییەوە ئێوە دەبینم بەبێدەنگیی بەکۆڵە پشتێکی بەتاڵەوە بەم ناوەدا دێن و دەچن، هەروەک بڵێی هەردووکتان سواڵکەر بن و سواڵکەریش نەبن. ئێستاش گوێم لەدوا قسەکانتان بوو کە پێم قسەی حیسابیی بوو. بیرم زۆر کردەوە و لە خەیاڵی خۆمدا دەمهێنا و دەمبرد کە ئاخۆ دەبێ ئێوە چ بن؟ سواڵکەر بن؟ بەتاڵە بن؟ خەڵکانی داماو بن؟ پیاوانی قەدیس بن؟ هەر چەندمکرد نەمتوانی هەڵیبێنم."

فرانسیسکۆس پێکەنی، پەنجەی هەڵبڕیی و ئاماژەی بۆ وێنەکەی مەسیح کرد.

گوتی: "ئا، ئێمە ئەو بەرخە ونبووەین و هاواردەکەین و بەدوای مەسیحدا دەگەڕێین. ئەوە مەسیح نییە بەدوای ئێمەدا دەگەڕێ، بەڵکو ئەوە ئێمەین بەدوای ویدا دەگەڕێین!"

پیاوەکە بەکەمێک گاڵتەجاڕییەوە گوتی: "باشە ئێوە هاتوون بۆ ڕاڤێننا تا ئەو لێرە بدۆزنەوە؟"

فرانسیسکۆس وەڵامی دایەوە: "ئەو لە هەموو شوێنێک هەیە، بەڵام نازانین لە کوێ میهرەبانیی دەنوێنێ و خۆیمان پیشان دەدا. ڕەنگە لە ڕاڤێننا."

پیرەمێرد سەرە سپییەکەی ڕاوەشاند، دەستی بەڕیشیدا هێنا و دەنگی نزم کردەوە. گوتی: "من جارێکیان ئەوم بینی و دۆزیمەوە، لە شوێنێکی دوور دوور، لەوپەڕی دونیا، لە گەرمەی هەلایساوترین جەنگدا. کاتێک خۆی پیشان دام قەڵافەتی بونیادەمی لەخۆگرتبوو. قەڵافەتی پادشایەکی گەورە!"

پیرەمێرد هەناسەیەکی هەڵکێشا، بونیادەم هەستی دەکرد کە چۆن خەریکە دڵی شەقار دەبێ. فرانسیسکۆس دەستی نایە سەر ئەژنۆی. پێیگوت:

– "پیرەمێرد، بەمەسیح سوێندت دەدەم، بەو کەسەی کە بەژوور سەرمانەوە ڕاوەستاوە، پێمان بڵێ کەی و لەکوێ ئەوت بینیوە! یارمەتیمان بدە تا ئێمەیش بتوانین بیدۆزینەوە."

پیرەمێرد سەری داگرت و بۆ ساتێک بێدەنگ بوو. بونیادەم دەیتوانی لە سیمایدا ئەوە بخوێنێتەوە کە چۆن خەریکە ئەو وشانە لە ناوەوەیڕا تاووتوێ دەکا کە دەیەوێ بیانڵێ و چۆناوچۆنی دەبێ بکەوێتە قسان. دواجار زاری هەڵێنا، هەمدیس دایخستەوە و بێدەنگ بوو.

ئەوجا گوتی: "ئەوە دوور دوور لەخۆرهەلات، لەو شارە دێرینەی ئۆرشەلیم، زیاتر لە بیست ساڵێک لەمەوبەر ڕووی داوە. ئەوێ دونیایەکی سەیر بوو، تەژی بوو لە بۆنی عەتر و بۆنی گەنیو و لە دارخورما، وەک ئەوانەی ئێمە لە تابلۆکاندا دەیبینین، درەختی سەیرتر لەوانەیشی لێبوو بەجۆرێکی ترێی دەنک زلەوە کە هێندەی زەلامێک دەبوون. ژنان دەتگوت تارماییین و لە تەوقی سەرەوە تا قولەپێیان پۆشرابوو، گەر بونیادەم جارێک لەجاران نینۆکی پەنجەی پایانی بینیبا، دەیبینی کە بەڕەنگێکی سوور بۆیەکراون، وەکی بۆیەکردنی لەپی دەست و بنی پێیان. بەسەیرکردنی ئەو چەند کەسەدا زانیم کە ئێمە بە دیلمان گرتبوون. پیاوانیشیان، عارەبگەلێکی موسوڵمان، کاتێک ئەسپیان غاردەدا، لەگەڵ ئەسپەکانیاندا دەبوونە یەک، بونیادەم



نەیدەتوانی ببینێ ئاخۆ ئەسپەکە لە کوێدا کۆتایی دێ و سوارەش لە کوێوە دەس پێدەکا، بەڵکو دوو سەرو شەش پێ و ڕۆحێکی دەبینی. پادشاکەشیان سوڵتان سەلاحەدین، کە جلکێکی جەنگیی زرێداری و پۆشیبوو، جەنگاوەرێکی گەورە بوو، لە گەرمەی غاردانلدا خۆی هەڵدەدایە سەر ئەسپەکەی. کۆشکەکەی پڕ بوو لە شەشێر و خەنجەر. لە مەرقەدی پیرۆز بەچیچکانەوە دادەنیشت و سمێڵی لوول دەدا و هەڕەشەی لەخاچپەرستان دەکرد."

فرانسیسکۆس هەناسەیەکی هەڵکێشا:

– "خودایە چ شەرمەزارییەک! لەبری ئەوەی تاو بدەینە خۆمان و بچین مەرقەدی پیرۆز ڕزگارکەین، کەچی لێرە لە ڕاڤێننا بێ ئیش دانیشتووین و دێین و دەچین و سواڵ دەکەین!"

من ڕەتیمدایەوە: "گەر دەتەوێ مەرقەدی پیرۆز ڕزگارکەیت، ئەوا ڕۆحی خۆت ڕزگارکە!"

پیرەمێردەکە سەری ڕاوەشاند.

– "منیش کەڕەتێکیان تاوم دایە خۆم و بۆ ڕزگارکردنی مەرقەدی پیرۆز ڕۆیشتم. ئەوکات من لێرە لە ڕاڤێننا کەسێکی دەوڵەمەند و سەرێکی ناو سەران بووم، خاوەن منداڵ و کێڵگە و ڕانەمەڕ و ئەسپێکی سپیی بووم کە وەک کوڕەکەم خۆشم دەویست. ئەسپەکەم نەبێ هەموو شتێکم جێهێشت و تەنیای تەنیا ڕۆیشتم و تەنها ئەوم لەگەڵ خۆم برد. دوو پارچە قوماشی سوورم بەشێوەی خاچ لەسەر پشتی جلکەکەم دووری و بەرەو ڕزگارکردنی مەرقەدی پیرۆز کەوتمە ڕێ!"

هەمدیس بێدەنگ بۆوە، دەستی ڕاوەشاند.

گوتی: "لە کوێوە دەست پێبکەم؟ سەرم تەژییە لە زەریا و بیابان و بورجی بەرز بەهیلالگەلەوە. لەناوجەرگەی بیرکردنەوەکانیشمدا ئۆرشەلیمی پیرۆز ڕاوەستاوە. من بەکەشتی سەفەرم کردووە، سوار ئەسپ بووم، خەڵکانێکم ناسیون کە بەزوبانگەلی جیاواز دواون، خەڵکانی کێویی بەڕەنگی جیاوازەوە. بەسوار ئەسپەوە بە(کوستانتینیە)ی بەناوو شۆرەتدا، ئەو پایتەختە مەزنەی کە کەوتۆتە نێوان دوو کیشوەرەوە، خۆرهەلات و خۆراوا، تێپەڕیوم و لەسەرسوڕماندا لە جێی خۆم وشک

بووم. ئەدی خەونەکانی من چ بوون لەچاو هەموو ئەوەدا؟ موجیزەیەکی ئاوهایی لە تێگەیشتن و فامی خەڵکیان تێپەڕاندووە. خەونەکان هەژارن و کەنگێ توانیویانە شتێکی ئاوهاییمان بۆ بخەنەڕوو؟ بەهەر چواردەوری خۆمدا دەسووڕامەوەو نەمدەتوانی تێربم لەسەیرکردنی کۆشک و کڵێسا و ئاهەنگ و ژن، خودایە تۆبە، ئەوانە مەرقەدی پیرۆزیان لەبیر بردبوومەوە.

کاتێک گەیشتمە ئۆرشەلیم، مەرقەدی پیرۆز کەوتبووە دەست مەسیحییەکان، ئەو پادشایەشی حوکمی ئۆرشەلیمی دەکرد...."

پیرەمێرد ڕیشی بادا و ڕوخساری شاردەوە، پاشان درێژەی بەگێڕانەوەکەی دا:

– "پادشا جحێڵێکی تەمەن بیست ساڵان بوو. خەڵکی بە(بالدوییین) بانگیان دەکرد، بەڵام من یەکسەر تێگەیشتم کە ئەو بونیادەم نییە، بەڵکو شتێکیترە. خودایە تۆبە، ڕەنگە ئەو کەسە بووبێت کە من بەدوایدا گەڕاوم. کاتێک بۆ یەکەمجار ئەوم بینی لەرز دایگرتم. عارەبەکان هەمدیس بەئەسپ و وشترەکانیانەوە شاڵاویان هێنایەوە، تا لە پشتی ئۆرشەلیمەوە پەلامارمان بدەن. پادشا هاواری کرد، فوو بەشەیپوورەکاندا کرا، ئاڵای جەنگ بەرزکرایەوە، زرێمان پۆشی و بەپیادە و سوارە لە دەشتەکەی دەرەوەی ئۆرشەلیمدا کۆبووینەوە و چاوەڕێ بووین تا پادشا تەشریف بێنێ.

ئۆی خودایە، چۆن کاتێک ئەوەم بیردێتەوە دڵم هەپروون بەهەپروون نابێ؟ ئاخر یەکەمینجار بوو ئەو ببینم! ئەوجا تێگەیشتم کە ڕۆحی ئینسان قادیری ڕەهایە، تێگەیشتم کە لە ناخی ئینساندا خوداوەند دەژێ و ئیدی ئێمە پێویست ناکا بۆ دۆزینەوەی دونیای بەدوادا تەی کەین، تەنها هێندە بەسە دانەوینەوە و لەناو دڵی خۆمان بنۆڕین.

پادشایان لە قەفەسێکدا هێنا، نیوەی ڕوخساری گەنیو و نیوەکەی تریشی نەمابوو، نە پەنجەی مابوو، نەدەست و نە پا، نەیدەتوانی ڕێبکات، ئاخر چۆناوچۆنی ڕێی کردبا؟ ناچار هەڵیانگرتبوو. گەڕیی چاوانیشیی مەحف کردبوو، کوێر ببوو. خواوڕاسان من لەنزیکییەوە بووم و دانەویمەوە تا تەماشای کەم، بەڵام ناچاربووم کەپووم بگرم، ئاخر بۆنێکی گەنیوی بەچواردەوری خۆیدا بڵاوکردبۆوە.



پادشا لە کوتێک گۆشتی گەنیو زیاتر نەبوو. بەڵام لە ناوەڕاستی ئەو کوتە گۆشتەدا، ڕۆح قینج و قیت و نەمر ڕاوەستابوو. ئەدی بۆچی خودا قێزی نەدەهاتەوە کە لەئاوها وێرانەیەکدا حوکمڕانیی بکا؟ سوڵتانی خەتەرناک قەڵا تۆکمەکەی (کێراک)ی لە بیابانی (مواب)، لەودیو زەریای مردووەوە، گەمارۆدابوو. پادشا بەو بیابانەدا کە گەرما تاوی تێداسەندبوو چووە پێشێ و ئێمەیش شەکەت و ماندوو کەوتینە دوای. بەڵام لەو قەفەسەدا هێزێک تاوی سەندبوو، کڵپەیەک دەسووتا، هەوا وەک دارسنەوبەرێکی گڕگرتوو بڵێسەی دەدا!"

پیرەمێرد بێدەنگ بوو. نەیدەویست زیاتر قسان بکا. چما نەیدەویست یاخۆ نەیدەتوانی؟

دواجار گوتی: "کاتێک بیر لەوە دەکەمەوە، زەینم دەورووژێ، هەرگیز ئاوها ئاشکرا و ڕوون موجیزەی خودام نەبینیبوو. کاتێک وی مرد تەمەنی بیست و چوار ساڵان بوو، من لەوێ بووم، لە هۆڵە گەورەکەی کۆشکدا لە ئۆرشەلیم، ئەو لەوێ دواهەناسەی دا. دایکی، دایکە چاوچنۆک و سەرچڵەکەی و (سیبێللا)ی خوشکیشی، خوشکە فێڵباز و جوان و هەوەسبازەکەی بەدەورییەوە بوون. هەروەها هۆڵەکە تەژی بوو لە بارۆنگەل، کۆنتگەل، مەرکیزگەل و گەورە پیاوانی خوێنمژ کە پەلەیان بوو پادشا زوو بمرێ و ئەوجا وەکی گورگی برسی پەلاماری شانشینی ئۆرشەلیم بدەن و بەکەڵبەکانیان هەلا هەلای کەن و هەریەکەیان کوتێکی بۆ خۆی بەرێ. بەڵام پادشا، بەشکۆ و نەجیب، لە تەمەنی بیست و چوار ساڵییدا، تاجی دڕک بەسەر سەرە گەنیوەکەیەوە، بێدەنگ و ئارام ڕۆحی خۆی سپاردە خودا."

جەنگاوەری دێرین سمێڵی دەجوی و فرمێسکی درشت بەسەر گۆنا چرچ و لۆچەکەیدا دەڕژا. فرانسیسکۆسیش سەری بەسەر ئەژنۆکانیدا شۆڕکردبۆوە، لە ناکاوێکراو لە تاریکیدا دای لە قوڵپی گریان.

پاشان جەنگاوەری دێرین فرمێسکەکانی وشک کردنەوە، شەرمی دەکرد کە گریاوە، دەستی لەسەر عەردەکە دانا و ئێسکە پیرەکانی تەقین و ئەوجا هەستایە سەر پێیان. پاشان بێدەنگ و بەبێ هیچ قسەیەک دیار نەما.

فرانسیسکۆس هێشتا هەر دەگریا.

دواجار سەری هەڵبڕی و لەبەرخۆیەوە گوتی: "ئەمە یانی ڕۆح، ئەمە یانی خوداوەند، ئەمە یانی ئینسانی ڕاستەقینە، ئیدی لەم ساتەوەختەوە، ئەو گەڕە دەبێتە پێشەنگمان و ڕێنوێنیمان دەکا. هەستە برا لیۆن، دەی با بڕۆین."

– "بەناوی خودا، بۆ کوێ؟"

– "بۆ ئاسیزی دەگەڕێینەوە، لەوێ بازەکە دەدەین، دەی با بڕۆین ئەی تەمبەڵی خوداوەند!"

– "هەر ئێستا، بەم نیوەشەوە؟"

– "بەڵێ، ڕێک هەر ئێستا. پێتوایە خوداوەند چاوەڕێ دەکا تا ڕۆژ بێتەوە؟"

***



# پێنج

بەدرێژایی ڕێگەی گەڕانەوە پادشای گەڕ لە پێشەوە دەڕۆیشت و ڕێنوێنیی دەکردین. باران بەخوڕ دەباری و ڕووبارەکان هەستابوون و ڕێگەکان سڕدرابوونەوە، دەڕۆیشتین و تا ئەژنۆ لەقوڕدا بووین. لە سەرمادا تەزی بووین و برسێتیی بڕستی لێ بڕیبووین، لە زۆر گوندان خەڵکیی بەردیان تێ دەگرتین و ڕاویان دەناین، فرانسیسکۆسیش هاواری دەکرد: "ئەڤین! ئەڤین! ئەڤین!" وای دەگوت و جوتیارەکان سەگیان تێ بەردەداین.

فرانسیسکۆس بۆ ئەوەی دڵم بداتەوە گوتی: "ئەمە چییە لەچاو ئەو ئازارانەی کە دەبێ بۆ مەسیح بچێژرێن، ئەمە لەچاو ئەوەدا وەکی گەمەی منداڵان وەهایە! پادشا گەڕەکە بێنەوە یادی خۆت!"

شەوێکیان کە تەواوێک شەکەت بووین و لەتاو سەرماو برسێتیی و تەڕیی کە دزەی کردبووە نێو ئێسکەکانیشمانەوە، خەبەرمان بۆوە، لە دوورەوە ڕووناکیی دەیرێکمان بینی، بەپەلە بەرەو ئەوێ چووین تا بەڵکو قەشەکان بەزەییان پێماندابێتەوە و ڕێگەمان بدەن بچینە ژوورەوە، ڕەنگبێ لەوێش تیکە نانێکمان بدەنێ و لای ئاگری پیرۆزەوە دانیشین و گەرممان بێتەوە. خودا بەلێزمە بارانی دەباراند، دونیا وەکی قیر ڕەش دەچۆوە، دەکەوتینە چاڵەوە و دەهاتینەوە دەرەوە و پاشان دەکەوتینەوە ڕاکردن. من جنێوم بەباران و تاریکیی و سەرما دەدا، بەڵام فرانسیسکۆس گۆرانیی دادەنا و ئەوجا دەیچڕی.

خودایە ئەمە چ موجیزەیەکە
باڵەکان لە قوڕدان
خودا لە ئاسمانە
خوداوەند، کاتێک کرمەکان بیر لە تۆ دەکەنەوە
چتاقیان دەبنە پەپوولە!

خۆشحالانە باوەشی دەکردەوە و هەوا و بارانی لەئامێز دەگرت، کاتێ پای دادەنا و دەکەوتە چاڵێکەوە، دەیگوت: "قورِ خوشکمە، با یش برام!"

بۆ ساتێک ڕادەوەستاو چاوەڕێی دەکرد بیگەمێ، من هەمدیس کەوتبوومە چاڵێکەوە و هاتبوومە دەرەوە و دەشەلیم.

گوتی: "برا لیۆن، هەر ئەلعان گۆرانییەکم دانا، حەزدەکەیت بیبیستیت؟"

بەتووڕەیی وەڵامیم دایەوە: "برا فرانسیسکۆس، ئێستا لە کوێ تاقەتی ئەوەمان هەیە گوێ لە گۆرانیی ڕادێرین؟"

– "گەر ئێستا گۆرانیی نەڵێین برا لیۆن، ئەدی کەنگێ دەبێ بیلێین؟ گوێ ڕادێرە! ئەوەڵین ئاژەڵێکی بچکۆلانە کە لەبەر دەروازەی بەهەشتا ڕاوەستا تا بچێتە ژوورەوە هێلکە شەیتانۆکە بوو. پیترۆس دانەوێوە و گۆچانەکەی پێدا هێنا، پێیگوت: (ئەرێ ئەوە هێلکە شەیتانۆکەی بچکۆلانە لێرە بەدوای چیدا دەگەڕێیت؟) هێلکە شەیتانۆکە وەڵامی دایەوە: (بە دوای نەمرییدا!) پێیگوت: (نەمرییت بۆچییە؟) هێلکە شەیتانۆکە وەڵامی دایەوە: (پێمەکەنە، ئاخۆ منیش مەخلوقی خودا نیم؟ ئاخۆ منیش وەکی میخاییل فریشتەیەکی خودا نیم؟ من هێلکە شەیتانۆکەیەکی فریشتەم!) پێترۆس لێی پرسی: (گەر وایە ئەی باڵە ئاڵتونییەکانت کوان؟ ئەی کوانێ پێڵاوە پادشاییە سوورەکانت؟ کوا شمشێرە بریقەدارەکەت؟) هێلکە شەیتانۆکە وەڵامی دایەوە: (ئەوەتان لە ناخمدا، نوستوون و چاوەڕێ دەکەن!) پێترۆس پرسی: (چاوەڕێی چ دەکەن؟) هێلکە شەیتانۆکە وەڵامی دایەوە: (چاوەڕێی ساتەوەختی مەزن!) پێترۆس گوتی: (کام ساتەوەختی مەزن؟) هێلکە شەیتانۆکە گوتی: (ئا ئەم ساتەوەختە!) هێلکە شەیتانۆکەکە وای گوت و وەک بڵێی باڵی لێ ڕوابێ، قەڵەمبازێکی دا و خۆی بەبەهەشتدا کرد."

فرانسیسکۆس بەپێکەنینەوە لێی پرسیم: "تێگەیشتیت؟ ئێمە هێلکە شەیتانۆکەین برا لیۆن، لە ناوەوەمانڕا باڵ و شمشێر هەیە، گەر بمانەوێ بچینە بەهەشت، ئەوا دەبێ بازێک بدەین. وەرە برای جمکم، وەرە و بازەکە بدە!"

دەستی گرتم و بەپەلە کەوتینەوە ڕۆیشتن، بەڵام دوای ساتێک بەهەناسەبڕکێوە ڕاوەستا.



– "برا لیۆن، بەئارامیی گوێ بۆ ئەوە ڕادێرە کە پێتی دەڵێم، گوێت تیژکەوە. گوێت لێیە؟ من وا هەست دەکەم تۆ زۆر بەم تەرزە ژیانەمان خۆشحاڵ نەبیت، خەمباریت و پێدەچێ ئەم ژیانەت پێ دژوار بێ!"

– "نا برا فرانسیسکۆس، من بۆ ئەوە خەمبار نیم، بەڵام ئاخر ئێمە ئینسانین. تۆ ئەوە لەبیردەکەیت کە ئێمە ئینسانین، بەڵام من ئەوە لەبیرناکەم، ئەوە هەموو شتێک بوو."

– "برا لیۆن دەزانیت باڵاترین بەختەوەریی چییە؟ "

وەڵامیم نەدایەوە. هەڵبەت دەمزانی باڵاترین بەختەوەریی چییە، باڵاترین بەختەوەریی ئەوەبوو بگەینە ئەو دەیرەو بەزەییان پێمان دابێتەوە و دەرگاکەمان لێ بکەنەوە، باڵاترین بەختەوەریی ئەوەبوو ئاگردانەکەمان بۆ داگیرسێنن، چوارمشقی لەبەریدا دانیشین، ژەمێک خواردنی خۆش و گەرممان بۆ ئامادەکەن و لە ژێر زەمینی پەرستگەکەوە یەک بوتڵی گەورە شەرابی کۆنمان بۆ بێنن! بەڵام چۆن دەکرا ئەم شتە ئاقڵانانەیە بەفرانسیسکۆس بگوترێ! ئەڤینی ئەو بۆ خودا وای لێ کردبوو چاو لەویستەکانی ئینسان بپۆشێ. بۆ ئەو برسێتیی نان و تینوێتیی ئاو و شەراب بوو، ئیدی چۆناوچۆنیی دەیتوانی لەبرسێتیی و تینوێتیی بگا؟ بۆیە منیش وەڵامیم نەدایەوە و قورِ و قەپم لێ کرد.

– "برا لیۆن، بەباشیی ئەمەت لە بیر بێت کە پێتی دەڵێم، گەر ئێمە بەتەقواترین کەس و خۆشەویستترین مەخلوقی خوداش بین لەسەر ئەرز، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەوە بەختەوەریی باڵا نییە!"

لە تاریکییدا بەردەوام بووین لەڕۆیشتن، فرانسیسکۆس هەمدیس ڕاوەستایەوە.

لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی لە تاریکییەکەدا جیام کاتەوە، بەدەنگێکی بەرز گوتی:

– "برا لیۆن، برا لیۆن تەنانەت گەر ڕۆشنایی ببەینەوە بۆ چاوانی کوێرەکان و ڕۆحگەلی شەڕانگێز لەمرۆڤەکان دەرکێشین و مردووان زیندووکەینەوە، ئەوەی پێتی دەڵێم باش بیهێنەرەوە بیری خۆت، تەنانەت گەر ئەوانەش بکەین، بەدڵنیاییەوە ئەوە بەختەوەریی باڵا نییە!"

من بێدەنگ بووم، ئاخر چۆن دەکرا بونیادەم لەگەڵ پیاوێکی قەدیسدا بکەوێتە

جەدەلەوە؟ لەگەڵ ڕۆحە شەڕەنگێزەکاندا دەکرێ، بەڵام لەگەڵ پیاوێکی قەدیسدا ناکرێ، لەبەر ئەوە بێدەنگ بووم.

دەچووینە پێش و قاچمان لە بەرد و لەو پەلکی درەختانە هەڵدەنگاوت کە باران شکاندبوونییەوە. فرانسیسکۆس هەمدیس ڕاوەستایەوە.

– "برا لیۆن، گەر تەنانەت بتوانین بەزوبانی هەموو ئینسان و فریشتەکان بدوێین، گەر بتوانین بەقسەکانی خوداوەند وەعز بدەین و هەموو کافران بکەینە مەسیحیی، برا لیۆن شتێکت پێدەڵێم لەبیری نەکەیت، بەدڵنیاییەوە ئەوەش بەختەوەریی باڵا نییە!"

ئیتر حەوسەڵەم نەما. ئاخر من برسی بووم و لەسەرمادا تەزیی بووم، قاچم دەئێشا. بەبێزارییەوە گوتم: "باشە پێم بڵێ بەختەوەریی باڵێ چییە؟"

فرانسیسکۆس هەنگاوەکانی خێراترکرد و وەڵامی دامەوە: "دوایی دەیبینیت!"

ئیتر ئێمە ئەلعان گەیشتبووینە دەیرەکە. دەرگاکەی داخرابوو، بەڵام هێشتا لە هۆدەکاندا چرا هەڵکرابوو. فرانسیسکۆس لەزەنگە چکۆڵەکەی دا، من لەبەرئەوەی تەزیی بووم، دەسوبرد خۆم خزاندە لای سووچێکی دەرگاکەوە.

گوێمان هەڵخستبوو چاوەڕێ بووین تا بزانین ئاخۆ دەرکەوانەکە دێت دەرگاکەمان لێ بکاتەوە یان نا؟ من هەنووکە شەرم دەکەم کە ئەوە دەڵێم، بەڵام کاتێک مرۆڤ ددان بەگوناهێکدا دەنێ، ئیتر ئەو گوناهە دەسڕدرێتەوە و بەگوناه ناژمێردرێ. من لەناوەوەمرا نەفرەتم لەو چارەنووسە دەکرد کە منی بەفرانسیسکۆس، بەو ئاژەڵە کێوییە ترسناکەی خوداوە بەستبۆوە. بێئەوەی بەخۆی بزانێ وەک پادشا گەڕەکەی ئۆررشەلیمی لێ هاتبوو، کوتێک گۆشت و چنگێ ئێسکی لێ مابۆوە و لەناوەوەشڕا تەژی بوو لە ئەونیی خودا. لەبەرئەوە بوو کە ئەو ئاوهابوو، لەبەرئەوە بوو کە هەستی بەبرسێتی و تینوێتیی و سەرما نەدەکرد و ئەو بەردانەی تێی دەگیرا بەلایەوە گوڵە لیمۆ بوون و فێنکیان دەکردەوە. بەڵام من ئینسان بووم، ئینسانێکی ئاقڵ و داماو، من برسی بووم و بەردەکانیشم بەلاوە هەر بەرد بوون.

لە ناوەوە دەرگایەک کرایەوە و تەپەی هەنگاوگەلێکی قورس هاتنە گوێ.

بەخۆم گوت: "ئەوە دەرکەوانەکە هات، سوپاس بۆ خودا، هەر دەبێ بەزەیی پیاماندا بێتەوە!"



دەنگێک بەتووڕەیی گوتی: "ئێوە کێن کە بەم ناوەختە هاتوون؟"

فرانسیسکۆس بەمیهرەبانیی وەڵامی دایەوە: "ئێمە دوو خزمەتکاری هاکەزایی مەسیحین، برسین و سەرمامانە و ئێستایش بەم شەوە، لەم پەرستگە پیرۆزەدا بەدوای پەناگەیەکدا دەگەڕێین. دەی برای دەرکەوان دەرگاکەمان لێ بکەوە!"

دەنگەکە نەڕاندی: "بڕۆن بەڕێی خۆتانەوە، ئێوە خزمەتکاری مەسیحن؟ گەر وایە ئەی بۆچی بەم ناوەختە لەم ڕێوبانانەدا دەسوڕێنەوە؟ ئێوە چەتەن کە پەلاماری خەڵکی دەدەن و دەیانکوژن و پەرستگەکان دەسووتێنن، دەی بەڕێی خۆتانەوە بڕۆن!"

هاوارم کرد: "ئەرێ تۆ ڕوحمت نییە برای دەرکەوان، دەتەوێ لەسەرمادا ڕەق بینەوە؟ گەر باوەڕت بەمەسیح هەیە ئەوا دەرگاکەمان لێ بکەوە و کونجێکمان بدەرێ تێیدا خۆمان لەباران بپارێزین و لەتێ نانیشمان بدەرێ بیخۆین. ئێمە خەڵکانی مەسیحین و بەزەییت پیاماندا بێتەوە!"

دەنگی کێشانی گۆچانێکمان بەبەردچنی حەوشەکەدا هاتە گوێ.

دەنگە تووڕەکە گوتی: "هەر ئێستا دێمە دەرەوە و بیرازێکی چاکتان دەکەم هەی فێڵباز و هیچ و پووچینە!" دەنگەکە وای گوت و قوفڵی دەرگای حەوشە لە تەق و هوڕی کرانەوەدا بوو.

فرانسیسکۆس لای بۆ کردمەوە و گوتی: "برا لیۆن ئازابە! چ بەربەرەکانییەک مەنوێنە!"

دەرگاکە کرایەوە. قەشەیەکی زل بەتێلایەکی ئەستوورەوە هێرشی هێنا، ملی فرانسیسکۆسی گرت.

نەڕاندی: "هەی تاوانبارینە، پیاوکوژینە، هاتوون پەرستگەکە وێرانکەن؟ کەواتە دەی بخۆ! بخۆ!" وای گوت و بەتێلاکە کەوتە بیرازکردنی جەستە لاواز و باریک و بنێسەکەی فرانسیسکۆس. من شالاوم برد تا لەژێر دەستی قەشەی دەربێنم، بەڵام فرانسیسکۆس دەستی ڕایەڵ کرد و گوتی:

– "برا لیۆن بەربەرەکانی خواستی خودا مەکە! برای دەرکەوان لێمدە، تۆ ڕزگارکەری منیت!"

دەرکەوان بەگاڵتەجاڕییەوە پێکەنی، لای بۆ من کردەوە و ملی گرتم.

– "ئێستا نۆرەی تۆیە هەی کەڵەکچی!"

منیش دارەکەمم بەرزکردەوە تا بەرگریی لەخۆم بکەم، بەڵام فرانسیسکۆس نائومێدانە هاواری کرد:

" برا لیۆن توو ناوی مەسیح چ بەربەرەکانییەک مەنوێنە!"

بەتووڕەبوونەوە هاوارم کرد: "ئەدی لێی گەڕێم بمکوژێ؟ نا، دەبێ بزانیت، منیش هەقی خۆم دەکەمەوە."

– "برا لیۆن، برا لیۆن، گەر منت خۆشدەوێ بەربەرەکانیی مەنوێنە. لێگەڕێ تا برای دەرکەوان ئەرکی خۆی بەجێبێنێ، خودا ئەرکی ئەوەی پێ سپاردووە کە لێمان دا، لێگەڕێ با ئەرکەکەی سەرشانی بەجێ بێنێ!"

دارەکەم لەسەر عەردەکە فڕێ دا و دەستم بەنیشانەی خاچ دانا.

لەکاتێکدا کە لە تووڕەییدا لێوەلەرەم پێکەوتبوو، گوتم: "لێمدە برای دەرکەوان، دەی تووڕەیی خوداوەند دامرکێنەوە!"

دەرکەوان بەقسەکانمان پێکەنی، وی بۆنی شەراب و سیری لێدەهات، ئەوجا کەوتە بیرازکردنی من، بیرازکردنێکی وەها کە گوێم لەخرۆهوڕی شکانی ئێسکەکانم بوو. فرانسیسکۆس لەسەر ئەرزەکە لەقوڕەکەدا دانیشتبوو، قسانی لەگەڵ دەکردم و ئازایەتیی دەدامە بەر.

– "هاوار مەکە برا لیۆن، کفر مەکە، دەست بەرز مەکەرەوە، پادشای گەڕ بهێنەوە بیری خۆت، مەسیح بهێنەوە بیرت ئەو دەمەی کە لە خاچدرا، ورەت هەبێ!"

دەرکەوان لەکاری خۆی بۆوە، بەڵام بەوەشەوە هێشتا سەروو تێلایەکی تری پێداکێشاین و ئەوجا دەرگاکەی کلۆم دا.

من لەسووچێکدا کەوتم، ئازارم هەبوو، لە دڵی خۆدا جنێوم دەدا، بەڵام نەمدەوێرا زار هەڵبێنمەوە. فرانسیسکۆس خۆی بۆ ئەو شوێنە کێش کرد کە منی لێ کەوتبووم، بەمیهرەبانییەوە دەستی گرتم و شانە کوتراوەکانمی نەوازش کرد. ئەویش خزایە سووچەکەوە و ئیدی پاڵمان بەیەکەوەدا تا گەرممان بێتەوە.

چرپاندی بەگوێمدا وەک ئەوەی نەیەوێ کەس گوێی لێی بێ: "برا لیۆن، ئەمەیە بالاترین بەختەوەریی!"



برا فرانسیسکۆس زۆر پێی لێ هەڵبڕیوە، من ئیتر کەللەیی بووم.

بەدەنگی بەرز گوتم: "ئەمە بالاترین بەختەوەرییە؟ بمبوورە برا فرانسیسکۆس، بەڵام من ئەمە ناو دەنێم بالاترین لووت بەرزیی. دڵی بونیادەم لاف و گەزاف لێدەدا بەوەی کە جگە لەو شتانەی حەزی لێ نین، نایەوێ شادومانانە پێشوازی لە چ شتێکی تر بکا. خوداوەند بەو دڵە دەڵێ: من خواردنم داوە پێت تا بیخۆیت، شەرابم داوە پێت تا بیخۆیتەوە، ئاگرم داوەپێت تا خۆتی پێگەرم بکەیتەوە، کەچی ئەو دڵە بێشەرمە وەڵام دەداتەوە: نا، نا، نامەوێ! ئاخر کەنگێ دەبێ ئەو دڵە خۆبەزلزانە شێتە بڵێ، بەڵێ دەمەوێ؟"

– "برا لیۆن کاتێک خودا ئامێزی خۆی دەکاتەوە و بەو دڵە دەڵێ: وەرە! ئیدی دڵ بەهەمووە ئەو بابەتی شادومانییە گچکە و نادیارانە دەڵێ: نا، نا، نا! پێتوایە بۆچی؟ بۆ ئەوەی خۆی لێیان ڕزگارکا و یەکسەر بێتە سەر بەڵێ مەزنەکە."

–" ئاخۆ ناتوانێ جگە لەو ڕێگەیە، بەڕێگەیەکی تردا بگاتە ئەوێ؟"

– "نا، ناتوانێ. تەنها ئەو (نا) گەلەن براکەم کە ڕێگە بەرەو (بەڵێ) گەورەکە خۆش دەکەن."

– "بەڵام بۆچی خودا ئەو شتە خۆشانەی لەسەر ئەرز خوڵقاندوون؟ بۆچی ئەو خوانە بەشکۆیەی بۆ ڕازاندووینەتەوە؟"

– "بۆ ئەوەی ئیرادەمان تاقی کاتەوە برا لیۆن؟"

– "چۆناوچۆنی بتوانم لەگەڵتدا پێک بێم برا فرانسیسکۆس؟ لێگەڕێ با بنووم، ئاخر خەو لەخوداوەند بەڕوحمترە، خەو ڕێگەم دەدا خەون بەنانەوە ببینم!"

چاوانم لێکنان و خۆم گرمۆڵە کرد. خۆشبەختانە خەونی بەبەزەیی هات و بردمی.

شەبەقی دابوو کەسێک بەپایدا کێشام، ئەوە فرانسیسکۆس بوو، خەبەرم بۆوە.

– "گوێ ڕادێرە برا لیۆن، وا ئەو هات!"

دەنگی دەرکەوانەکە لە حەوشەکەوە دەهات. کلیلەکان لەبەر پشتێنەکەیدا زرنگەیان دەهات، دەرگاکە کرایەوە.

لەبەر خۆوە گوتم: "سوپاس بۆ خودا، عەزابمان تەواو."

پێم دانا و خۆم ئامادەکرد بچمە ژوورێ.

فرانسیسکۆس لای کردەوە و تەماشای کردم، چاوانی تەژی بەئازارێکی قەدیسانە پرشنگیان دەدا.

لێی پرسیم: "بچینە ژوورەوە؟ دەڵێی چی ئەی شێری خودا، بچینە ژوورەوە؟"

تێگەیشتم. دەیویست سەر بکاتە سەرم، لەبەرئەوەی برسی بووم و لەوە زیاتر نەمدەتوانی بەرگەی برسێتیی بگرم. ئەمەش لە عیزەتی نەفسمی دادەبەزاند.

وەڵامیم دایەوە: "نا، ناچینە ژوورەوە! برسیم نییە!" وام گوت و گەڕامەوە.

فرانسیسکۆس باوەشی پێداکردم.

– "ئافەرین برا لیۆن، من دەمەوێ ئاوها بیت، دەمەوێ ئازا بیت!"

ئەوجا بەرەو پەرستگەکە لای کردەوە.

– "خوداحافیز ئەی دەیرە پیرۆزە میوان نەویستەکە، برا لیۆن پێویستی پێت نییە و نایەتە ژوورەوە!"

ئەوجا خاچمان کێشا و هەمدیس ملی ڕێگەمان گرتەوەبەر. فرانسیسکۆس خەریک بوو لە خۆشحاڵییدا دەفڕی.

***

خۆر هاتبووە دەرێ و باران نەدەباری. ئەرز ڕاکشاو و تازە خۆشتوو پرشنگی دەدا، درەخت و بەردەکان زەردەخەنەیان دەهاتێ. دوو قژقرە لەپێشمانەوە باڵە تەڕەکانیان ڕادەوەشاند و وەک بڵێی گاڵتەمان پێبکەن، تەماشای ئێمەیان دەکرد و دەیانخوێند، بەڵام فرانسیسکۆس دەستی بۆ ڕاوەشاندن و سڵاوی لێ کردن و گوتی: "ئەمانە قەشەی تەیرەکانن، بنۆڕە چۆن جلکیان پۆشیوە؟"

پێکەنیم و گوتم: "ڕاست دەکەیت برا فرانسیسکۆس، من جارێکیان هەر بەڕاستیی لە کڵێسایەکی نزیک پیرۆجیا قژقرەیەکم بینی کە فێر ببوو سروودی eleison Kyrie(*) بچڕێ، ئەو تەیرە قەشەیەک بوو بۆ خۆی!"

فرانسیسکۆس هەناسەیەکی هەڵکێشا.

(*) وشەیەکی گریکییە، واتا "خودایە ڕوحمم پێ بکە!" یەکێکە لە سروودەکانی قوداسی کاسۆلیکی. وەرگێڕی سوێدی





– "ئاخ گەر کەسێک بیتوانیبا تەیرەکان، گاو مانگا، بەرخ، سەگ، گورگ و بەرازە کێوییەکانی فێری ئەو دوو وشەیە eleison Kyrie کردبا! ئاخ گەر بەهەمان شێوە هەموو بەیانییەک سەرجەم مەخلوقاتەکان لەخەو ڕابوونایە و بونیادەم بیتوانیبا گوێی لێیان بووایە کە لەسەر درەخت و لەناو تەویلەکان و لەباخچە و دارستانەکانەوە ستایشی خودا دەکەن و هاوار دەکەن"!eleison Kyrie

گوتم: "جارێ لێگەڕێ با خەڵکیی فێری ئەو دوو وشەیە بکەین. من پێموایە تەیر و گا و مانگاکان پێویستییان بەو دوو وشەیە نییە، چونکە ئەوان گوناه ناکەن!"

فرانسیسکۆس چاوانی زەق کردنەوە و دیقەتی دام.

– "ڕاستە، برا لیۆن تۆ ڕاست دەکەیت. لە هەموو مەخلوقاتەکاندا تەنها ئینسانە گوناه دەکا."

– "بەڵام برا فرانسیسکۆس ئینسان تەنها مەخلوقێکیشە کە دەتوانێ لەسروشتی خۆی تێپەڕێنێ و بچێتە بەهەشتەوە، تەیر و گا و مانگا ناتوانن ئەوە بکەن."

فرانسیسکۆس ڕەتی دامەوە: "ئێمە ئەوە نازانین، چ کەسێک نازانێ سنووری ڕەحمەتی خودا تا کوێیە!"

ئاوها لەبارەی خودا و تەیرەکان و ئینسانەوە دەدواین تا بەیانییەکیان گەیشتینە ئاسیزییە خۆشەویستەکەمان. زەنگی بورجەکان، بورجی قەڵاکە، قەڵاکە، دارسەرووەکان و گوڵەکانی بەر هەتاو، چاوانیان پڕکردین لە بەختەوەریی.

فرمێسک زایە چاوانی فرانسیسکۆس.

گوتی: "ئەز لەم خاکە خوڵقاوم، ئەز چرایەکی چکۆڵەی قوڕینیی ئەم خاکەم."

ئەوجا دانەوێوە و مشتێک خۆڵی هەڵگرت و ماچی کرد. گوتی: "من مشتێک خۆڵ قەرزاری ئاسیزییم، دەبێ دواتر مشتێک خۆڵی بۆ بگەڕێنمەوە. برا لیۆن لەهەر کوێیەک مردم، دەبێ بمهێنیتەوە ئێرە تا لێرە بنێژرێم."

ئەوڕۆ یەکشەممە بوو، بەجاددەیەکی باریکی سەر داپۆشراودا هاتین، زەنگەکان لێیان دەدا و وادەی نوێژ تەواو ببوو. فرانسیسکۆس کە بەزەحمەت قسەکانی بۆ تەواو کرا، بەسەرسوڕمانەوە ڕاوەستا، پشتی بەدیوارێکەوە دا و هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو. بەپەلە دوای کەوتم، بەڵام لە ناکاوێکڕا منیش تەنگەنەفەس بووم.

کیژۆڵەیەکی سپی پۆش کە گوڵێکی سووری بەسینگەوە بوو، لەبەرامبەرماندا ڕاوەستا، ئەوە کیژۆڵەکەی کۆنت چیفیی بوو، ڕەنگپەڕیو و خەمبار و بازنەی شین ژێر چاوانی پۆشیبوو. بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە ئێمە نەمانبینیبۆوە، لەو ڕۆژەوەی کە لە کڵێسای قەدیس دامیانۆ بینیبوومان، گریان و شەونخوونیی لە کچێکی چکۆڵەوە کردبوویانە ژنێک!

لە دوایەوە دایەنە پیرەکەی بەشکۆوە دەڕۆیشت، هەرکە بینی کیژەکە ڕاوەستاوە ئەمیش ڕاوەستا. ئەوان لە نوێژ دەگەڕانەوە، هەموو بەیان لەخۆردا خۆی دەشت، بۆیە ئەوان درێژترین ڕێگەیان گرتبووەبەر بۆ ئەوەی تا دەکرێ درەنگ بگەنەوە ماڵە ئەمیرانەکەیان و ئەوجا دەرگا لەسەر خۆیان کلۆم دەن.

کاتێک کلارا فرانسیسکۆسی بینی، ئەژنۆی سست بوو، دەیویست بگەڕێتەوە بەڵام شەرمی دەکرد. غیرەتی دایە بەر خۆی، چاوانی هەڵبڕی و ڕێک لەچاوانی فرانسیسکۆسی ڕوانی. ڕوانینێکی ڕەق و خەمبار، پاشان هەنگاوێکی نا، ملی هێنایە پێشێ و تەماشای جلکە شڕوپڕەکانی فرانسیسکۆس و پا پەتیی و پۆخڵەکانی و ڕوخسارە لەڕو لاوازەکەی کرد و بەنابەدڵییەوە سەری ڕاوەشاند.

بەدەنگێکی نائومێدانە و نیوە نووساو گوتی: "شەرم ناکەیت؟"

– "لە کێ؟ "

– "لە بابت، لە دایکت، لە من. بۆ کوێ دەچیت؟ هاوار هاواری چیتە؟ بۆچیی لە ناوەڕاستی شەقامدا وەک گاڵتەجاڕێک سەما دەکەیت؟"

فرانسیسکۆس بەسەری نەوی و جەستەی کوڕ و ئەژنۆی نیوە نوشتاوەوە گوێی ڕادێرابوو. هیچی نەدەگوت، کلارا بەسەریدا نوشتایەوە، چاوانی لێوڕێژ ببوون لە فرمێسک.

بەدەنگێک کە سوێی ڕۆ دەبردە دڵەوە گوتی: "من لەخەمی تۆدام. کاتێک بیر لە تۆ دەکەمەوە، وەختە دڵم هەپروون بەهەپروون ببێ!"

من فرانسیسکۆسم گرتبوو تا نەکەوێ، بەدەنگێکی هێند نزم کە تەنها من گوێم لێی بوو، گوتی: "هەروەها منیش......"



کلارا ڕاچڵەکی. ڕوخساری پرشنگی دایەوە، لەجووڵەی لێوی فرانسیسکۆسەوە، مەزەندەی ئەو قسانەی دەکرد کە فرانسیسکۆس دەیەوێ بیانهێنێتە سەر زار.

– "فرانسیسکۆس تۆیش بیر لە من دەکەیتەوە؟" وای گوت و ئۆخژنێکی پێداهات.

فرانسیسکۆس سەری هەڵبڕی.

– "من، هەرگیز!" فرانسیسکۆس وای گوت و دەستی ڕایەڵ کرد، وەک ئەوەی بیەوێ کلارا لەسەر ڕێگەکەی دوور خاتەوە تا بتوانێ ڕەتبێ.

کیژۆڵەکە قیژەیەکی کرد. دایەنەکە بەهەڵەداوان هاتە پێشەوە تا یارمەتیی بدا.

بەڵام کلارا پیرێژنەکەی لاخست، چاوانی بروسکەیان دەدا و دەستی هەڵبڕی.

بەتووڕەیی گوتی: "نەفرەت لەو کەسە بێ کە پێچەوانەی خواستی خودا ڕێدەکا، نەفرەت لەو کەسە بێ کە وەعز دەدا ئێمە نابێ بەیەک بگەین، کە نابێ منداڵ بخەینەوە، کە نابێ ماڵ چێکەین، کە پیاوان نابێ پیاوگەلێکی واقیعیی بن و جەنگ و شەراب و ژن و شانازییان خۆش بوێ، کە ژنان نابێ ژنگەلی واقیعیی بن و جلکی جوان و ژیانی ئارام و ئەڤینیان خۆشبوێ...... ئەمە یانی ژیان وەکی بونیادەمێکی ئاسایی، فرانسیسکۆسی داماو، لەم قسانەم ببوورە!"

بەخۆم گوت: "بەڵێ، بەڵێ، ئەوە یانی ژیان وەکی بونیادەمێکی ئاسایی، فرانسیسکۆسی داماو، لەم قسانەم بمبوورە .... " وام گوت و دڵخۆش بووم بەڕاستگۆیی ئەو کیژەو جوانییەکەی و قسە ناوازەکانی.

دایەنەکە نزیک بۆوە و ناوقەدی کلارای گرت.

گوتی: "وەرە کچی خۆم با بڕۆین، با خەڵکمان لێ کۆنەبنەوە!"

کلارا سەری نایە سەر سینگی دایەنەکە و لەناکاوێکڕا دایە قوڵپی گریان. مەگەر هەر خودا بزانێ چەند مانگان لە دڵیدا خەریکی هۆنینەوەی ئەو قسانە بووبێت و عەوداڵی ئەو ساتەوەختە بووبێ کە فرانسیسکۆسی تێدا ببینێ تا ئەو قسانەی پێبڵێ و باری دڵی خۆی سووک کات، بەڵام کە هەنووکە ئەو قسانەی گوتن و باری دڵیشی سووک نەبوو، ئیدی دڵی هاڕەیەکی کردووە و بەجۆرێک شکاوە کە هەپروون بەهەپروون بووە.

دایەنەکە هێور و میهرەبان کلارای دوورخستەوە، ڕێک هەر ئەو کاتەی کە لەگۆشەی جاددە باریکەکەدا ئاوڕیان دایەوە، کلارا ڕاوەستا، گوڵە سوورەکەی لە بەرۆکی کردەوە، لای کردەوە، فرانسیسکۆسی بینی کە هێشتا نوشتابۆوە، ئەوجا گوڵەکەی بۆ فڕێ دا.

گوتی: "هەڵی گرەوە، ئەی پیاوی بەسەزمان هەڵی گرەوە. هەڵی گرەوە و بیر لە من بکەوە! بیر لەو دونیایە بکەوە کە ئێمەی تێدا دەژین!"

گوڵەکە کەوتە بەر پای فرانسیسکۆس.

ئەوجا کیژەکە بەدایەنەکەی گوت: "دەی وەرە با بڕۆین، هەموو شتێک تەواو!"

فرانسیسکۆس لەوێدا ڕاوەستاو و ڕوانینی لە ئەرزەکە بڕیبوو، وردە وردە سەری بەرزکردەوە و بەترسەوە سەیری چواردەوری خۆی کرد.

بەئەسپایی گوتی:"ڕۆیشت؟"

من گوڵەکەم لەسەر ئەرزەکە هەڵگرتەوە و گوتم: "بەڵێ ڕۆیشت!"

فرانسیسکۆس بەترسەوە گوتی: "دەستی لێوە مەدە، لە قەراغی جاددەکەدا داینێ تا کەس پێی پێدا نەنێ. دەی ئێستا ئیدی با بڕۆین."

– "بۆ کوێ؟ بۆ ناو ئاسیزیی؟ ئەوە دیدارێکی ناکامانە بوو برا فرانسیسکۆس، لێگەڕێ با ڕێگەیەکیتر بگرینە بەر!"

– "نا، بۆ ناو ئاسیزیی!" وای گوت و کەوتە ڕاکردن. گوتی:"زەنگۆڵەکە دەربێنە و زەنگ لێبدە! زەنگ لێبدە کە من زەماوەند کردن، مناڵ خستنەوە، ماڵ چێکردن ئەفەرۆز دەکەم!"

– "نا برا فرانسیسکۆس، خودایە تۆبە، بەڵام من پێموایە ئەو کیژە ڕاست دەکات، بونیادەمی واقیعیی......"

– "بونیادەمی واقیعیی ئەوەیە کە سنووری ئینسان دەبەزێنێ، من وا دەڵێم. تکایە برا لیۆن ئێستا بێدەنگبە!"

بێدەنگ بووم. ئاخر چیم گوتبا؟ چەندێک زیاتر لەگەڵ فرانسیسکۆسدا ژیابام، ئاشکراتر هەستم دەکرد کە بۆ گەیشتنە لای خوداوەند دوو ڕێگە هەیە، یەکەمیان



ڕێگە تەخت و هەموارەکەی خەڵک – کە ئەویش ئینسان بەژن و مناڵەوە، ڕیش تاشراو و زگ تێر و بۆنی شەراب لێهاتوو – دەگاتە لای خوداوەند، ڕێگەی دووەمیش کە ڕێگەی تەقوای بەرەو سەرەوە هەڵگژانە – ئینسان بەجلکی شڕ و پڕ و ڕوخسار ڕەنگپەڕیو و پیس و پۆخڵ و بۆنی بخوور لێهاتوو دەیگاتێ، من حەزم دەکرد ڕێگەی یەکەمیانم هەڵبژاردبا، بەڵام کێ هەیە پرسیارم لێ بکا؟ دە منیش هەر لەبەرئەوە ڕێگەی بەرەو سەرەوە هەڵگژانەکەم گرتبووەبەر، خودا هێز و حەوسەڵەم پێ ببەخشێ!

چووینە شارەوە، من لە پێشەوە دەڕۆیشتم و زەنگۆڵەکەم ڕادەوەشاند: "وەرن، وەرن، وەرن گوێ بۆ پەیامی ئەم شێتێتییە نوێیە ڕادێرن!" ڕێبواران ڕادەوەستان، بەخۆم دەگوت هەر ئەلعان بەردبارانمان دەکەن، هەر ئەلعان مناڵان لە هەموو کۆڵانەکانەوە دەردەپەڕن و دەکەونە هوها لێکێشانمان. کەچی هیچ نەبوو، هەموو شتێک ئارام. ترسام، ئاخر دەکرا بێینە شارەوە بەبێ ئەوەی هوهامان لێ بکێشرێ؟

کەس دەستی لێ بەرز نەکردینەوە و ئێمەیش دەچووینە پێش. بێرناردۆنێ چەماوە و ڕەنگپەڕیو لە دەرەوەی دوکانەکەی ڕاوەستابوو. فرانسیسکۆس ئەوی بینی و بۆ ساتێک لەرز دایگرت، پێدەچوو بیەوێ ڕووی وەرگەڕێنێ و ڕێگەیەکی تر بگرێتە بەر.

قۆڵیم گرت و بەئەسپایی گوتم: "وەرت هەبێ برا فرانسیسکۆس، دەبێ ئێستا تۆ ڕوحمی خۆت پیشان بدەیت!"

بێرناردۆنێ ئاوڕی دایەوە و ئێمەی بینی. ڕاچڵەکی، خۆی کرد بەدوکانەکەیدا، گۆچانێکی هێنا و بەنەڕە نەڕەوە شاڵاوی بۆ هێناین. فرانسیسکۆس هاتە پێشێ و ئاماژەی بۆ کردم.

– "جەنابی بێرناردۆنێ، ئەوە باوکمە بیبینە، ئەو دۆعای خێرم بۆ دەکا و تۆیش بەنەفرەتم دەکەیت، ئەو بابی منە!" هەمدیس وای گوتەوە و پاشان دەستی گرتم و ماچی کرد.

فرمێسک زایە چاوانی بێرناردۆنێ. فرمێسکەکانی بەسەر قۆڵەکەی سڕیی، چەند ڕێبوارێک بەوێدا تێپەڕین و بەڕقەوە تەماشای ئەو بازرگانە دەوڵەمەند و کوڕە جلک شڕوپڕەکەیان کرد. باوکە (سیلڤێستێر)ی سەر بەفیرقەی (نیکۆلاو) لەوێوە تێپەڕی،

ویستی ناوبژیی باب و کوڕ بکاو ئاشتیان کاتەوە، بەڵام ژێوان بۆوە. لەبەرخۆوە گوتی: "لێگەڕێ با سەرو گوێلاکی یەکتری بێننە خوارەوە!" وای گوت و بەرەو کڵێسا کەوتەڕێ.

بێرناردۆنێ سەری دانەواند و تاقە یەک وشەی نەگوت، بەڵام لە ناکاوێکڕا ڕوخساری گرژ بوو، خۆی بەگۆچانەکەیەوە گرت و قاچی خەریکبوو لە ژێریدا دەنوشتایەوە.

ماوەیەکی زۆر بەبێدەنگیی دیقەتی کوڕەکەی دا، دواجار بەدەنگێکی تەژی لە خەم و سەرزەنشت گوتی: "بەزەییت بەدایکتا نایەتەوە؟"

فرانسیسکۆس ڕەنگی پەڕی، زاری هەڵێنا بۆ ئەوەی بدوێ، بەڵام چەناگەی لەرزی و نەیتوانی. بێرناردۆنێ هەمدیس گوتی: "بەزەییت بەدایکتا نایەتەوە؟ بەدرێژایی ڕۆژ دەگری، بەدرێژایی شەو دەگری، وەرە ماڵەوە و سەردانی بکە...."

فرانسیسکۆس وەڵامی دایەوە: "با جارێ پرس بەخوداوەند بکەم."

بێرناردۆنێ بەپاڕانەوەوە لە کوڕەکەی ڕوانی و گوتی: "ئەوە چ خوداوەندێکە کە ڕێگە نادا دیدەنی دایکت بکەیت؟"

فرانسیسکۆس وەڵامی دایەوە: "نازانم، نازانم، لێم گەڕێ با جارێ پرس بەو بکەم."

بەرەو ژورووی شار، بەرەو دەیرەکە هەڵگژا. بۆ ساتێک ئاوڕی دایەوە و بێرناردۆنێی بینی کە هێشتا وەک بەرد لە ناوەڕاستی جاددەکەدا ڕاوەستاوە، بەدەستی چەپی قوڕقوڕاگەی گوشیبوو، وەک ئەوەی بیەوێ گریان و جنێوەکانی ناخی بتاسێنێ.

لەبەرخۆوە گوتم: "بەڵێ ڕاستە، دەبێ ئەوە چ خوداوەندێک بێ!" وام گوت و دایکە داماوە مردووەکەمم کەوتەوە بیر." دەبێ ئەوە چ خوداوەندێک بێ کە کوڕ لە دایک بکا؟"

لەفرانسیسکۆسم دەنۆڕی کە لەپێشمەوە بەخێرایی و بەهەنگاوی گەورە بەبناردا هەڵدەزنی و خەریکبوو دەگەیشتە قەڵاکە، هەستم دەکرد لەو جەستە لاوازە نیوە زیندووەدا هێزێکی دڵڕەق و نائینسانیی وا خۆی حەشارداوە کە نە دایکی مەبەستە و



نە باب، هێزێک کە ڕەنگە دڵخۆش بێ بەحاشالێکردنیان. ئاخر ئەمە چ خوداوەندێک بوو، هەر بەڕاستیی من لەوە دەگەیشتم! ئاخ گەر کرابا لەکوڵانێکەوە خۆم بدزیایەتەوە و ڕامکردبا! خۆم کردبا بەمەیخانەیەکدا و لەسەر مێزێک دانیشتبام و دەستم بەیەکدا دابا: (هێی ساقی، برسیمە، نان و شەراب و گۆشتم بۆ بێنە! من برسێتیی عەزابم دەدا، دەی خێراکە! خۆ ئەگەر فرانسیسکۆسی کوڕی بێرناردۆنێ لێرەوە تێپەڕی و هەواڵی منی لێ پرسیت، ئەوا پێی بڵێ نەمبینیوە!)

بەبناری چیاکەوە ئەشکەوتێکی قووڵ هەبوو کە فرانسیسکۆس دەیزانی لەکوێدایە، فرانسیسکۆس چووە ئەو ئەشکەوتەوە.

گوتی: "برا لیۆن خوداحافیز، من دەبێ سێ ڕۆژان تەنیا بم. زۆر شتم هەن کە دەمەوێ لەخوداوەندیان بپرسم، بۆ ئەوەش دەبێ من و ئەو، هەردووک بەتەنیا بین. خوداحافیز، سێ ڕۆژیتر یەکتر دەبینینەوە."

کە دەدوا لاواز و لاوازتر دەبۆوە، لەنێو ڕۆشنایی نیوە تاریکی ئەشکەوتەکەدا توایەوە، وەک هەناسەیەک لە هەوادا دیار نەما.

لەبەر دەلاقەی ئەشکەوتەکەدا، لەسەر ئەژنۆ دانیشت، دەستی بەرەو ئاسمان هەڵبڕی، هاوارێکی کرد کە سوێی دەبردە دڵەوە. پێدەچوو خوداوەند بانگ کات تا بێتە پێشەوە و خۆی پیشان بدا. من لە دوورەوە ڕاوەستابووم و تەماشایم دەکرد و خوداحافیزیم لێ کرد. لەدڵی خۆدا گوتم: "کێ دەڵێ بەزیندوویی لەو نوێژەی دەگەڕێتەوە!" مەزەندەی شەڕێکی خەتەرم دەکرد، شەڕێک کە ژیانی فرانسیسکۆسی تیادا لە مان و نەماندا بێ.

***

لەو سێ ڕۆژەدا من بەئاسیزییدا سووڕامەوە و سواڵم کرد، هەموو ئێوارانێک ئەوەی کە مەسیحییە خێرەومەندەکان لەڕووی بەزەیییەوە دەیاندا پێم، هەڵمدەگرت و لەسەر بەردێک لەدەرەوەی ئەشکەوتەکە دامدەنا و بەپەلە لەوناوە نەدەمام تا نەبا فرانسیسکۆس بمبینێ و خەیاڵاتی بەرەو سەر ئەرز دابەزێ. بەڵام ڕۆژی دواتر کە دەچوومەوە ئەوێ، دەمبینی خواردنەکە هەر لەسەر بەردەکەیە و دەستی لێ نەدراوە.

ڕۆژێکیان بەلای ماڵی بێرناردۆنێدا تێپەڕیم. خاتوو پیکا لەپەنجەرەکەوە بینیمی و

بەپێپلیکانەکاندا هاتە خوارەوە و بردمییە ژوورەوە. دەیویست قسانم لەگەڵ کا و پرسیارم لێ بکا، بەڵام گریان بواری پێ نەدەدا، بەڵکو تەنها بەبێدەنگیی تەماشای دەکردم.

خودایە ئەم ژنە چۆن وا گۆڕا و چیی وا پیری کرد. گۆنا سوورەکانی جارانی ژاکابوون، چرچ و لۆچیی قووڵ دەوری دەمیان داو و چاوانیشی سوور دەچوونەوە. بەدەسەسرەکەی فرمێسکەکانی وشک کردنەوە.

دواجار توانی بڵێ: "ئەو کوا؟ چ دەکا؟"

– "خاتوو پیکا، ئەو شەوانە لە ئەشکەوتێکدایە، عیبادەت دەکا..."

– "بڵێی خوداوەند ڕێگەی بدا من ببینێ؟"

– "نازانم، ئیدی نوێژ دەکا و پرسیاری لێدەکا، تا ئێستا چ وەڵامێکی دەسگیر نەبووە."

– "کورسییەک بێنە، دانیشە و هەموو شتێکم بۆ بگێڕەرەوە، ئاخر گەورەیە عەزابی دایک، گەورەیە وەکی خوداوەند، بەزەییت پێمدا بێتەوە و بۆم بگێڕەوە."

هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە. هەر لەو ڕۆژەوەی لەبەردەم سەرەک قەشەدا خۆی ڕووت و قووت کردەوە تا ئەو گەڕەی کە لە ڕێگە بینیمان، ئەو گەڕەی کە مەسیح خۆی بوو. ئەوجا باسی ڕاڤێننام بۆ کرد کە چۆن لەوێ جەنگاوەرێکی پیرمان بینی و باسی ئەو دەیرەی کە لەوێ دارکارییان کردین و دواجار باسی کلارای کیژی کۆنت و نیگەرانییەکەی.

خاتوو پیکا گوێی ڕادەدێرا و فرمێسک هۆن هۆن بەسەر گۆناکانیدا دەڕژا و بەسەر گەردنە سپییەکەیدا دەهاتە خوار، کاتێک من لە گێڕانەوەکەم بوومەوە، هەستاو چووە بەر پەنجەرەکە تا هەناسەیەک بدا، پرسیارێکی ترسناک بەسەر زارییەوە دەشنایەوە، بەڵام نەیدەوێرا بیهێنێتە سەر زوبان. من لەوە دەگەیشتم و بەزەییم پێیدا دەهاتەوە.

لەوەوە کە مەزندەی پرسیارەکەیم کردبوو، گوتم: "کوڕەکەت بەبێ لەتردان بەسەر یەکەبەیەکەی ئەو پێپلیکانە لێژەدا سەرکەوتووە کە دەچێتەوە لای خوداوەند. ڕەنگە ئەوە جۆرە بوومەلەرزەیەک بێ لە ناخی ویدا کە دونیا ژێرەو ژوورکا، بەڵام سوێند بێ



بەو ڕۆحەی ڕۆژێک تەسلیمی خوداوەندی دەکەمەوە، ڕۆحی ئەو ڕۆحێکی تۆکمە و پاقژە."

کاتێک خاتوو پیکا گوێی لەو وشانەی دوایی بوو، سەری هەڵبڕی و چاوە فرمێسک تێزاوەکانی پرشنگیان دا، وەک بڵێی جحێڵ بووبێتەوە. خاچی کێشا و لەبەرخۆوە گوتی: "سوپاس بۆ خودا، خودایە ئیتر چ شتێکی ترم لێت ناوێ."

ئەوجا دایەنەکەی بانگ کرد.

گوتی: "ئەو کۆڵەپشتەی لێ وەرگرە و پڕی کە لە خواردن."

ئەوجا لای بۆ من کردەوە و گوتی: "سەرمایەتی؟ گەر جلکی خوریت بدەمێ بۆی ببەیت، بڵێی لەبەری کا؟"

وەڵامیم دایەوە: "باوەڕناکەم!"

– "ئەی سەرمای دەبێ؟"

– "نا، سەرمای نابێ. ئەو دەڵێ و خودا گەرمی دەکاتەوە."

– "ئەی تۆ، ئەی تۆ سەرمات نابێ؟ شتێکی گەرمت دەدەمێ لەبەری کە."

– "من سەرمام دەبێ، شەرم دەکەم وا دەڵێم، بەڵێ من سەرمام دەبێ. گەرچی سەرمام دەبێ، بەڵام ئەو جلکە لەبەر ناکەم کە دەمدەیتێ، شەرم دەکەم."

– "لە کێ؟"

سەرم ڕاوەشاند.

– "چوزانم، لە فرانسیسکۆس، لە خۆم، ڕەنگە لە خوداوەندیش. حەیف ئەو ڕێگەیەی منی پێدا دەڕۆم، بەدەڤەری ئارامی و ئاسوودەییدا تێناپەڕێ!"

هەناسەیەکم هەڵکێشا، چەند حەزمدەکرد پاڵتۆیەکی گەرم و جووتێک گۆرەوی ئەستوور و جووتێک پێڵاوی تۆکمەم هەبایە، بۆ ئەوەی چیتر پێوپلم بریندار نەبێ، هەروەها فەرەنجییەکیش بەکونی کەمەوە.

دایەنەکە بەکۆڵەپشتێکی پڕ لە خواردنەوە هاتەوە. خاتوو پیکا هەستایە سەرپێ.

– "بەئومێدی دیدار، خوداتان لەگەڵ بێ، بەکوڕەکەم بڵێ دایکت دەیگوت ئەوەی ئەو دەیکا، من یەک جار نەمتوانیوە لە ژیانمدا بیکەم. دۆعاو ڕەحمەتی منی لەگەڵ بێ."

سێ ڕۆژەکە تێپەڕین. بەیانی زووی ڕۆژی چوارەم، بەرەو ئەشکەوتەکە هەڵگژام و لە دەرەوە دانیشتم و چاوەڕێ بووم. کۆڵەپشتەکەم پڕ بوو لەخواردنی خۆش و ڕەحمەتم بۆ خاتوو پیکاو ژێر زەمینەکەی دەنارد. دڵشاد بووم، بەڵام کە بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ فرانسیسکۆس چۆن ببینم، لەرز دایدەگرتم. ئاخر سێ ڕۆژان قسەکردن لەگەڵ خوداوەند دا خەتەرێکی گەورەیە. خوداوەند دەتوانێ یەکێک فڕێبداتە هەڵدێرێکی خەتەرناکەوە، خوداوەند بەرگەی ئەوە دەگرێ، بەڵام ئینسان نا. کێ چوزانێ لەو سێ ڕۆژی قسە نهێنییەیاندا منیش فڕێدەدەنە کام هەڵدێرەوە. ئازابە ئەی ڕۆحی من، من دەبێ چمکی جبەکەی فرانسیسکۆس بگرم و وەها کە....

هەروا کە لەوێدا ڕاوەستابووم و بیرم لە هەموو ئەو شتانە دەکردەوە و هەڵدەلەرزیم، فرانسیسکۆس لەئەشکەوتەکە هاتە دەرەوە. وەکی پشکۆیەک هەڵایسابوو. هەمدیس عیبادەت جەستەی هەڵمژتبوو، بەڵام ئەوەی لێی مابۆوە وەک ڕۆحێک دەدرەوشایەوە. شادومانییەکی سەیر ڕوخساری پۆشیبوو، دەستی ڕاکێشام.

– "ئێ برا لیۆن، تۆ ئامادەیت؟ بەچەک، قەڵغان، زرێ، ئەژنۆبەندی ئاسنین، بەرچاوگەی ئاسنین و خودەی زیوینی پەڕی شین پێوەکراوەوە؟"

پێدەچوو وڕێنە بکا، چاوانی کلّپەیان سەندبوو، هەر کە نێزیک بۆوە، لە ڕوانینیدا فریشتە و وەحییم بینی. لەرز دایگرتم. بەخۆم گوت: " بڵێی ئەقڵی لەدەس نەدابێ؟"

لە ترسەکەم گەییشت و پێکەنی. بەڵام هێشتا کڵپەی ئاگر لە ناوەوەیڕا هەر دەسووتا.

گوتی: "خەڵکیی زۆر گۆرانیی ستایشیان بەسەر خودادا چڕیوە، بەڵام من دەتوانم گۆرانیی زیاتریش بچڕم. گوێ ڕادێرە بزانە من بەچیی بانگی دەکەم: هەڵدێری بێ بن، هەرگیز تێر نەخۆر، بێڕوحم، ماندوویی نەناس، قاییل نەبوو، ئەو کەسەی کە بەئینسانی داماو ناڵێت جارێ بەسە!"

زیاتر هاتە پێشێ. دەمی نا بەگوێمەوە و بەدەنگێکی گرمەئاسا گوتی: "ئەوە بەس نییە! ئەوە بەس نییە! برا لیۆن گەر لێم دەپرسیت، خوداوەند لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا لە ئەشکەوتەکەدا، لێکدا لێکدا فەرمانی چیی دەدا، پێت دەڵێم فەرمانی



ئەمەی دەدا: (گوێ ڕادێرە: ئەوە بەس نییە! ئەوە بەس نییە!) ئەمە ئەو قسەیە بوو کە خوداوەند هەموو ڕۆژێک و هەموو سەعاتێک بەو ئینسانە داماوەی دەفەرموو. ئەوە بەس نییە! ئەوە بەس نییە! ئەوە بەس نییە! ئینسان دەینالاند و دەیگوت: (ئاخر ناتوانم!) ئەو وەڵامیدەدایەوە: (دەتوانیت!) ئینسان بەشیکایەتەوە دەیگوت: (ئاخر هەپروون بەهەپروون دەبم!) ئەو وەڵامی دەدایەوە: (دە هەپروون بەهەپروونبە!)

خەریک بوو دەنگی دەنووسا. تنۆکە فرمێسکێکی گەورە لەچاوانییەوە ڕژا.

تووڕەببووم. بەزەییم پێیدا دەهاتەوە و خەم باڵی بەسەردا کێشام.

گوتم: "ئاخر لەوە زیاتر چی لێ تدەوێ؟ ئەی کڵێساکەی قەدیس دامیانۆت بۆ ڕۆنەنایەوە؟"

– "ئەوە بەس نییە!"

– "ئەی حاشات لە باب و دایکت نەکرد؟"

– "ئەوە بەس نییە!"

– "باوەشت بەگەڕەکەدا نەکرد و ماچت نەکرد؟"

– "ئەوە بەس نییە!"

– "باشە ئەی لەوە زیاتر چیی تری دەوێ؟"

– "برا لیۆن، منیش پرسیاری ئەوەم لێ کرد. پێم گوت خودایە لەوە زیاتر چیی ترت لێم دەوێ؟ ئەو وەڵامی دایەوە: (بەرەو خوار بەرەوە بۆ کڵێساکەم لە پورتیۆنکولا، لەوێ وەڵامی ئەو پرسیارەت دەدەمەوە.) کەواتە وەرە با بڕۆین بۆ ئەوێ بزانین چی دەوێ. برا لیۆن خاچ بکێشە، پشتێنەکەت ببەستە. ئەوە خودایە خودا، ناتوانین لێی هەڵبێین!"

بەپەلە لە شاخەکەوە شۆڕبووینەوە. بەبێ ئەوەی لابدەین، بەئاسیزییدا تێپەڕین و گەیشتینە دەشتەکە. سەرمایەک بوو تەزێنەر. مانگی فێبرایەر بوو، درەختەکان هێشتا چرۆیان نەکردبوو، ئەرز پۆشراوبوو بەزوقمی بەیان، هەر دەتگوت بەفر باریوە.

بەلای کڵێساکەی قەدیس دامیانۆدا تێپەڕین، باخی زەیتوونەکەمان لەدوای

خۆمانەوە جێهێشت و چووینە دارستانێکی چکۆڵەی دارسنەوبەر و گوێزەوە. خۆر ڕژابوو بەسەر سنەوبەرەکاندا و بۆنی لەهەوادا بڵاوکردبۆوە. فرانسیسکۆس ڕاوەستا، هەناسەیەکی هەڵمژت و ڕوخساری کرایەوە. لەبەرخۆیەوە گوتی: "چ تەنیاییەکە! چ بۆنێکە! چ ئارامییەک!"

هەر ڕێک ئەو کاتەی کە فرانسیسکۆس دەدوا، کەروێشکێکی کێویی لە بێشەلانەکەوە هاتە دەرێ، گوێی تیژکردبۆوە و ئاوڕی لێ داینەوە و تەماشایکردین. نەدەترسا، بەئارامیی تەماشای دەکردین، وەک بڵێی بیەوێ سەما بکا. کێلەکی کرد و ئەوجا هەمدیس لەتەلانەکاندا دیارنەما.

فرانسیسکۆس بەورووژانەوە گوتی: "برا لیۆن بینیت؟ برا کەروێشکە چکۆڵە کێوییەکەمان، کە ئێمەی بینی شادومان بوو، بەپێ گچکەکانی گەمەی کرد و سڵاوی لێ کردین. چ ئاماژەیەکی باشە! برا لیۆن، مەزندە دەکەم ئێمە ئیتر گەیشتووین."

تاوێکی تریش ڕۆیشتین، لەنێو داربەڕووەکانەوە کڵێسا بچکۆلەکەی (سانتا ماریا) مان بینی لەپورتیونکیولا، شادومان بەچۆڵەوانییەکەی، ئەو کڵێسایە لەمەڕمەڕی دێرین ڕۆنراو و دوو سێ هۆدەی داڕووخاو دەوریان دابوو کە لاولاوو کاپریفولیم لە باوەشیان گرتبوون. لە ناکاوێکڕا دارچوالەیەکی جحێڵی تەژی بەگوڵ لەبەرامبەرماندا دەرکەوت – ئێمە تا ئەوکات ئەومان نەبینیبوو – کە لە کەڵێساکەوە هاتبووە دەرێ و هەڵچووبوو، بۆ بەخێرهێنانمان هاتبوو.

فرانسیسکۆس گوتی: "ئەمە مەریەمی پاقیژەیە."

فرمێسک زایە چاومان و خاچمان کێشا.

فرانسیسکۆس باسکی کردەوە و گوتی: "خوشکی چکۆڵەمان دارچواڵە، تۆ کە خۆت گۆڕیوە و ئارایشتت کردووە، ئێمە خۆشحاڵین بەدیدارت."

فرانسیسکۆس خۆی نزیک کردەوە و دەستی بەقەدەکەیدا هێنا.

ئەوجا گوتی: "ڕەحمەت لەو دەستە بێ تۆی ڕواندووە، ڕەحمەت لەو چوالەیەی تۆ دەیهێنیتەبەر. تۆ دێیتە پێشەوە، تۆ ناترسیت، خوشکەکەم تۆ یەکەمین کەسێکیت جورئەتت کرد زۆران لەگەڵ زستاندا بگریت و بڕازێیتەوە بەگوڵ. ڕۆژێک بەخواستی خودا، یەکەمین براکان دێن و لێرە، لەژێر پەلکە سەوزەکانتا دادەنیشن."



پاڵێکمان بەدەرگای کڵێساکەوەنا و چووینە ژوورەوە، بۆشێ و بۆکەڕوو هات بەسەرماندا، پەنجەرە چکۆڵەکە چووبوو لەگرێژنە و لە ساپیتەکەشیەوە لەتە چیمەنتۆ و پارچەدار بەدەوروبەری پەیکەرەکەی خانمی پاقیژەدا کەوتبوون و جاڵجاڵۆکەش داوێکی گەورەی جوانیان چنیبوو.

داوی جاڵجاڵۆکەکەمان لابرد تا لەبەردەم پەیکەرەکەدا نوێژکەین. لێرە ڕەنگەکانمان بۆ جیادەکرایەوە، پاقیژەی پیرۆز پۆشرابوو لەعەبایەکی شینەوە و پێیە پەتییەکانیشی دەنا بەهیلالێکی تیژدا. گروپێک فریشتەی خڕپن و بەهێز و تووکی ڕەشی نەرم لەسەر گۆنا، هاوڕێیی وییان دەکرد و بەرەو ئاسمانیان دەبرد.

ئینجیلی پیرۆز بەکراوەیی لەسەر میحرابەکە دانرابوو، کۆن و چڵکن ببوو بەپەنجەی خەڵک، مارو مێروو کرۆژتبوویان و لە کەڕوودا سەوز دەچۆوە.

فرانسیسکۆس قۆڵی گرتم.

– "برا لیۆن، بنۆڕە لە ئاماژەی خوداوەند! برۆ و ئەو ئینجیلە کراوەیە بخوێنەرەوە. خوداوەند ئەو ئینجیلەی کردۆتەوە تا خواستی خۆیمان بۆ ئاشکراکا. بەدەنگی بەرز بیخوێنەوە تا وشەکان دەنگ بدەنەوە و پاقیژەی پیرۆز پاش ئەو هەموو ساڵانە وشەکان ببییەت و خەنیی بێ!"

هەتاو لەپەنجەرە شکاوەکەوە دەهاتە ژوورێ و دەیدا لە ئینجیلەکە. من دانەویمەوە و بەدەنگی بەرز کەوتمە خوێندنەوە: (بچنە دەرێ و مەوعیزە بدەن و بڵێن: شانشینی ئاسمان لێتانەوە نزیکە، نە زێڕ و نە زیو و نە مس مەکەن بەپشتێنەکانتانەوە، نە کۆڵە پشت و نە فانیلە و نە پێڵاو و نە دارعەساش......)

هاوارێکی بەرزم لە دواوە ژنەفت و ئاوڕم دایەوە. فرانسیسکۆس لەسەر ئەژنۆ کەوتبووە سەر عەردەکە و هاواریدەکرد. دەنگیی زیقن بوو وەکی قریشکەی باز: "هیچ! هیچ! هیچ! دەبێ هیچ نەبەین لەگەڵ خۆمان، خودایا ئەمرت لەسەر سەر، تەنها چاومان لەگەڵ خۆمان دەبەین، تەنها دەستمان، تەنها پامان، تەنها لێومان، دەچین و وەعز دەدەین: مەملەکەتی ئاسمان نزیکە!"

وای گوت و بەتوندی ڕایکێشام و چووینە دەرەوە، ئەوجا گۆچان و پێڵاوەکانی تووڕ هەڵدا.

بە زوبانێکی فەرماندەرانە گوتی: "تۆیش تووڕیان هەڵدە! چما گوێت لێنەبوو؟ نە گۆچان، نەپێڵاو!"

بەحەسرەتەوە کۆڵەپشتەکەم بەخۆمەوە نوساند و گوتم: "کۆڵەپشتیش؟"

– "کۆڵەپشتیش! ئەی گوێت لێنەبوو؟ کۆڵەپشتیش!"

کۆڵەپشتەکەم لەشانم داگرت و بەتووڕەیی لەبەرخۆوە گوتم: "خودا داواکاریی لە خەڵکیی زۆرە، ئاخۆ بۆچی ئاوها نائینسانییانە مامڵەمان دەکا؟"

فرانسیسکۆس وەڵامی دامەوە: "ئاخر لەبەر ئەوەی خۆشی دەوێین! گلەیی مەکە!"

– "برا فرانسیسکۆس گلەیی ناکەم، بەڵام من برسیمە. تەنها ئەمڕۆش کۆڵەپشتەکە پڕ بووە لە خواردنی خۆش، لانی کەم لێگەڕێ با تامێکی بکەین!"

فرانسیسکۆس بەهاوسۆزییەوە تەماشایەکی کردم و زەردەخەنەیەکی هاتێ.

بەچیچکانەوە لەسەر ئەرزەکە دانیشتم، کۆڵەپشتەکەم کردەوە و کەوتمە خواردن، بوتڵێکی بچووک شەرابیشی تێدابوو، سەرم پێوەنا و هەموویم هەڵقوڕاند. هەتا توانیم خواردم، زیاتریش لەتوانای خۆم خواردم، وەک وشترێک خواردم کە خۆی بۆ سەفەری بیابان ئامادە دەکا.

بەدرێژایی ئەو کاتەی کە دەمخوارد، فرانسیسکۆسیش بەچیچکانەوە لەلامەوە دانیشت و قسانی دەکرد.

– "تۆ تێدەگەیت برا لیۆن کە خودا ڕاستە. تا ئێستا ئێمە بیرمان لە منە بچکۆلەکانمان کردۆتەوە، تەنها بیرمان لە ڕۆحی خۆمان کردۆتەوە، تەنها بیرمان لەوە کردۆتەوە کە چۆناوچۆنی دەتوانین ڕۆحی خۆمان ڕزگارکەین. ئاخر ئەمە بەس نییە! برا لیۆن ئێمە دەبێ بجەنگین تا ڕۆحی خەڵکانی تریش ڕزگارکەین. گەر ئێمە خەڵکانی تر ڕزگار نەکەین، ئەدی چۆن دەتوانین ڕۆحی خۆمان ڕزگارکەین؟ من بەهاوارەوە بەخودام گوت: (خوداوەند ئاخر ئێمە چۆن بجەنگین؟) ئەو وەڵامی دایەوە: (بچۆ بۆ پورتیونکولا، لەوێ پێتدەڵێم، لەوێ گوێت لە فەرمانەکەم دەبێ!) دەی ئەوەتا گوێم لێبوو. تۆیش برا لیۆن بەگوێی خۆت گوێت لێبوو: (بچنە دەرێ و مەوعیزە بدەن و بڵێن: مەملەکەتی ئاسمان لێتانەوە نزیکە!) براکەم، ئەی هاوڕێی ڕۆژانی جەنگم، ئەمەیە ئەرکی نوێی ئێمە، ئەرکی چوونە دەرەوە و مەوعیزەدان! لێگەڕێ با چەندێک دەتوانین برا لە دەوری خۆمان کۆکەینەوە، چەندێک دەم و لێو کە دەکرێ مەوعیزە بدا،



چەندێک دڵ کە دەکرێ ئەڤین بکا و چەندێک پا کە دەکرێ حەوسەڵەی ڕێ ڕۆیشتنی بەڕێگەکاندا هەبێ. ئێمە دەبێ ببینە لەخاچدراوانی نوێ، ئێمە دەبێ پێکەوە ڕێکەوین بەرەو ڕزگارکردنی مەرقەدی پیرۆز. کام مەرقەدی پیرۆز؟ ئا برا لیۆن، ڕۆحی ئینسان!"

بێدەنگبوو، دوای ساتێک درێژەی بەقسەکانیدا.

گوتی: "ڕۆحی ئینسان مەرقەدی پیرۆزی ڕاستەقینەیە. لێرە لەجەستەی ئینساندا مەسیح بەلەخاچدراویی دانیشتووە. برا لیۆن لەبەر ئەوەیە کە ئێمە دەبێ بکەوینە ڕێ، لەبەر ئەوەیە کە دەبێ بەرەو ئەو شەڕە بکەوینە ڕێ، نەک لەبەر خاتری خۆمان، بەڵکو لەبەر خاتری ڕۆحی ئینسان. ئێستا هەستە، خواردت و خواردتەوە، وەرەو دەڕۆین هاوڕێیانی نوێ هەڵدەبژێرین، دووان بەس نییە، بەڵکو هەزارانمان پێویستن. بەناوی خودا!"

ڕووی بەرەو ئاسیزیی وەرچەرخاند، خۆر لەودیو قەڵاکەوە دابەزیبوو، شار وەکی گوڵێکی پشکوتوو دەدرەوشایەوە. فرانسیسکۆس خاچی کێشا و دەستی گرتم.

گوتی: "دەی وەرە بڕۆین، کێ تا ئێستا نەیهێشتووە لەگەڵ خودادا یەکانگیربم؟ بێگومان فرانسیسکۆس! دەی تۆیش برا لیۆنەکەی خۆت وەلانێ، وا شەڕێکی تر هەڵایسا!"

هیچم نەگوت و دوایکەوتم. لە دواوە چمکی جبەکەیم گرت و لەدڵی خۆدا گوتم: "وا ئیدی هەڵدێر دەستی پێکرد!"

***

بەرەو ئاسیزیی هەڵگژاین و لە گۆڕەپانەکە ڕاوەستاین. فرانسیسکۆس زەنگۆڵەی بزنەکەی لەبەر پشتوێنەکەی دەرهێناو کەوتە زەنگلێدان و هاوارکردن تا خەڵکیی نزیکمان ببنەوە. هەندێک لەڕێبواران ڕاوەستان و ئەڵقەیەکیان بەدەوریدا دروست کرد، هەندێک کەسی تریش بەڕاکردن هاتن کە لەو ئێوارەی یەکشەممەیەدا لە مەیخانەکان کۆببوونەوە تا پێکێک هەڵدەن. فرانسیسکۆس دەستی ڕایەڵ کرد و سڵاوی لێ کردن.

هەر کەسێک نزیک دەبۆوە، فرانسیسکۆس پێی دەگوت: "ئاشتیی باڵیت بەسەردا

بکێشێ! ئاشتیی باڵیت بەسەردا بکێشێ!"

کاتێک خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە و گۆڕەپانەکە پڕبوو، ئەوسا فرانسیسکۆس دەستی ڕایەڵ کرد و گوتی: "ئاشتیی باڵ بەسەر دڵتانا، بەسەر ماڵەکانتانا، بەسەر دوژمنەکانتانا، بەسەر دونیادا بکێشێ! مەملەکەتی ئاسمان نزیکە!"

دەنگی بەفرپای نەدەگەیشت، قسانی دەکرد و ناچار دەبوو هەمان قسە دووبارەکاتەوە، کاتێک کە ئیتر نەیدەتوانی بئاخڤێ، دەیدایە قوڵپی گریان و هاواری دەکرد: "ئاشتیی، ئاشتیی، ئێمە ئاشتیمان دەوێ لەگەڵ خودا، لەگەڵ خەڵک، لەگەڵ دڵی خۆمان. بەڵام چۆن؟ تەنها یەک ڕێگە هەیە: ئەویش ڕێگەی خۆشویستنی یەکدییە!"

هاواری دەکرد: "ئەڤین! ئەڤین!" هاواری دەکرد و هەمدیس لە قوڵپی گریانی دەدا.

خەڵکەکە زۆر پێ نەکەنین، گاڵتەیان زۆر پێنەکرد. ژنان لەدەرگای ماڵەکانیان هاتبوونە دەرەوە، چووبوونە سەر سەربانەکان و گوێیان بۆ ڕادێرابوو.

فرانسیسکۆس هەموو ڕۆژێک بەجاددەکانی ئاسیزییدا دەهات و پەیڤی خودای ڕادەگەیاند، هەمیشە هەمان قسەی دەگوتەوە و هەمان فرمێسک لە چاوانییەوە دەڕژان. منیش بێدەنگ لە لایەوە ڕادەوەستام و دەگریام. بەرەبەیانیی هەموو ڕۆژێک، زەنگۆڵەی بزنەکەم هەڵدەگرت و ڕامدەکردە سەر جاددە و هاوارم دەکرد:

– "وەرن، وەرن، فرانسیسکۆس دەیەوێ قسانتان بۆ بکا!"

ئێوارەیەکیان کە فرانسیسکۆس لەوەعزدان بیوۆوە و دەبوو بچینەوە ئەشکەوتەکەمان تا شەوی تێدا بگوزەرێنین، بازرگانێک لە فرانسیسکۆس هاتە پێشەوە، ئەو بازرگانە قوماشی دەفرۆشت و ناوی (بێرناردۆ) و خەڵکی (کیونتاڤالێ) بوو. وی کەمێک چووبووە تەمەنەوە و خاوەن ڕوخسارێکی نوقم لە ڕامان و چاوانێکی شینی تەژی لەخەون بوو. وەک دواتر زانیم، وی هەرگیز لە ئاهەنگ و شەونشینییەکاندا هاوڕێیی فرانسیسکۆسی نەکردبوو، بەڵکو زۆر کاتی شەوانی بەخوێندنەوەی کتێبی پیرۆزەوە گوزەراندبوو، (یاهوڤا)ی قەڵەندەر لە کتێبی ئەهدی ئەتیقدا دەیترساند، بەڵام کاتێک دەگەیشتە سەر مەسیح، دڵی پڕ دەبوو لەغەم و میهرەبانیی.



ئەووەڵینجار کاتێک دەنگوباسی فرانسیسکۆسی بەرگوێکەوتبوو، پێکەنیبوو. پێی وابوو کە ئەوە چ نییە جگە لەهەوا و هەوەسێکی کاتیی کوڕە بەناز پەروەردەبووەکەی بێرناردۆنێ. پێی وابوو ڕۆنانەوەی کڵێساکان، ماچکردنی گەڕەکان، خۆڕووتکردنەوە لەبەردەم خەڵکداو پێدانەوەی جلکەکانی بەبابی جگە لەهەواو هەوەسێکی کاتیی چ شتێکی تر نین... و ئێستایش بەزەنگۆڵەیەکەوە جاددەکان لە پێوەدەدا و وەعز دەدا و خۆی گوتەنی شێتێتییەکی نوێ ڕادەگەیەنێ. کام شێتێتیی؟ بێرناردۆ نەیدەتوانی تێبگا. ئاخر هەموو ڕۆژێک ئەوی دەبینی لە گۆڕەپانەکە ڕاوەستاوە و دەگری و دەڵێ کاردەکا بۆ ڕزگارکردنی ئینسان لەگوناه. کێ؟ ئەوەی کە تا ئێستا هەموو شەوەکانی ژیانی بەئاهەنگ و قریوە گوزەراندووە؟ کەچیی هەنووکە بەرگەی ئەم شێتێتییەی گرتووە، بڵێی خودا گوڕی ڕاستەقینەی پێ بەخشیبێ کە ئاوها بەرگەی برسێتیی و ڕووت و ڕەجاڵیی و گاڵتەپێکردنی خەڵکیی گرتووە؟ خۆزیا شەرمم نەکردایە و لێ ینزیک بوومایەتەوە و لەگەڵیدا دوابام، ئەوە چەند شەوێکە چاوم نەچۆتە خەو، بەردەوام و لێکدا لێکدا خۆیدەکا بەبیرکردنەوەمدا و ئاماژەم دەداتێ. بڵێی ئەوە چ ئاماژەیەک بێ؟

ئیتر ئێوارەیەکیان لەوە زیاتر نەیتوانی ددان بەخۆیدا بگرێ و ئیدی خۆی لە فرانسیسکۆس نزیک خستەوە.

گوتی: "جەنابی فرانسیسکۆس منت بیردێتەوە؟ من بێرناردۆم، خەڵکی کیونتاڤاللێ، حەزدەکەیت ئەمشەو بێیت و لای من بمێنیتەوە؟"

فرانسیسکۆس لێی ڕوانی و خەم و ترسی لە چاوانیدا خوێندەوە.

– "برا بێرناردۆ، ئەوە چ موجیزەیەکە؟ من دوێنێ شەو تۆم لە خەونمدا بینی. براکەم خودا تۆی ناردووە، خۆشحاڵم بەدیدارت. ئەم هاتنەی تۆ مانایەکی شاراوەی هەیە، فەرمووو با بڕۆین!"

فرانسیسکۆس وای گوت و ئاماژەیەکی بۆ کردم.

– "برا لیۆن تۆیش لە گەڵماندا وەرە، ئاخر من و تۆ لەیەکتر جیانابینەوە."

بەرەو ماڵە خۆشەکەی بێرناردۆ چووین، لەوێ خزمەتکارەکان خوانێکیان بۆ ڕازاندینەوە. فرانسیسکۆس لەبارەی خوداوەندەوە قسانی کرد، لەبارەی ڕۆحی

ئینسانەوە، لەبارەی ئەڤینەوە. خزمەتکارەکان پاڵیاندابوو بەدەرگاکانەوە و گوێیان ڕادێرابوو، هەوا تەژی ببوو لە مەلایکەت، بونیادەم لەپەنجەرە کراوەکەوە بەهەشتی دەبینی سەوز و ڕووناک. لەو سەوزاییە نەمرەدا، قەدیسەکان دەست لەناو دەستی مەلایکەتەکاندا دەڕۆیشتن و بەیەکەوە دەدوان، (کیریوبیم) و (سێرافیم) وەکی ئەستێرە بەژوور سەریانەوە دەدرەوشانەوە.

کاتێک فرانسیسکۆس لەقسەکانی بۆوە، هەمدیس دونیا بۆ دۆخی جارانی گەڕایەوە. لەپەنجەرەکەوە باخچەکە هەمدیس بەئینجانە گوڵەکانی چواردەوری بیرەکەوە بینرایەوە. یەکێک لەکارەکەرەکان دایە قوڵپی گریان، ئاخر وی بۆ ساتێک چووبووە بەهەشت و هەنووکەش هەمدیس وەکی کارەکەرێک بۆ سەر ئەرز گەڕابۆوە.

کات گەییبووە نیوەشەو، بێرناردۆ سەری نەوی و بەسەرسامییەوە گوێی ڕادێرابوو. فرانسیسکۆس ئیدی نەدەدوا، بەڵام بێرناردۆ لە ناوەوەیڕا هەستی دەکرد چۆن فرانسیسکۆس جلک شڕو پێپەتی و بەسرووود چرینەوە ڕێ دەکاو چۆن بەسەر لادەکاتەوە و ئاماژە بۆ ئەم دەکا. بێرناردۆ سەری هەڵبڕی.

گوتی: "جەنابی فرانسیسکۆس، بەدرێژایی شەو گوێم لێتە باسی ونیی ئەم دونیایە دەکەیت، باسی ئەوەی کە جگە لە ڕۆح چ شتێکی تر نەماوە و ئەویش گۆڕانیی بۆ هەڵدێری خوداوەند دەچڕێ. بەڵام جەنابی فرانسیسکۆس من تێنەگەیشتم چیی ڕاستییە و چیی خەونە، وەک دەڵێن شەو بەوەفاترین و خۆشەویسترین پەیامهەڵگری خودایە، لێگەڕێ بزانین ئەمشەو چ پەیامێکمان بۆ دێنێ؟"

ئەوجا هەستایە سەرپا و گوتی: "جەنابی فرانسیسکۆس، ئەمشەو دەبێ ئێمە لە ژوورێکدا بخەوین!"

پاشان بۆ ئەوەی ورووژاویی خۆی حەشاردا، پێکەنیی و گوتی:

– "دەڵێن تەقوا نەخۆشییەکی سارییە، بابزانین وایە!"

بەڵام بێرناردۆ فێڵێکی خۆی هەبوو، دەیویست فرانسیسکۆس تاقی کاتەوە. هەر زوو واخۆی نوواندبوو نوستووەو کەوتبووە پرخەلێدان. فرانسیسکۆس هەڵخەڵەتاو وای زانیبوو بێرناردۆ هەر بەڕاستیی لەخەودا ڕۆچووە، لە جێگەکەی هاتبووە خوارەوە، لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوو، دەستەکانی نووقاو و ئەوسا بەدەنگێکی نزم



کەوتبووە نزا. بێرناردۆ ورد گوێی هەڵخستبوو، تەنها ئەو وشانەی گوێ لێبوو:

–" خوداوەدی من و تاقە شتێکی باشی من.... خوداوەندی من و تاقە شتێکی باشی من..."

هەتا شەبەقی دا، ئەو نزایە بەردەوامببوو. ئەوجا فرانسیسکۆس چووبووە سەر جێگاکەی و وا خۆی نواندبوو نوستووە. بێرناردۆ هەستابوو، بەدرێژایی شەو کە گوێی لە فرانسیسکۆس ببوو، گریا بوو، هەنووکەش چووبوو بۆ حەوشە. من ئەوکات بێداربووم و چوومە دەرەوە ئاو لە بیرەکە هەڵگۆزم، ئاوڕم دایەوە و ئەوم بینی، چاوانی سوور دەچوونەوە.

گوتم: "جەنابی بێرناردۆ چ بووە؟ چاوانت تەواوێک سوورن!"

– "بەدرێژایی شەو فرانسیسکۆس پێڵووی لێکنەناو هەر نوێژی دەکرد، کڵپەی ئاگرێکی گەورە ڕوخساری دەلستەوە!"

– "ئەوە کڵپەی ئاگر نەبووە جەنابی بێرناردۆ، ئەوە کڵپەی ئاگر نەبووە، بەڵکو ئەوە خودا بووە!"

فرانسیسکۆس هاتە دەرەوە، بێرناردۆ دەست و برد خۆی بەسەر پایدا دا.

– "جەنابی فرانسیسکۆس شتێک عەزابم دەدا، ڕەحمەتتم پێببەخشە و دڵم ئارامکەوە."

فرانسیسکۆس دەستی بێرناردۆی گرت و هەڵیساندە سەر پا.

– "برا بێرناردۆ گوێم لێتە، من نا، بەڵکو خوداوەند. ئەو ئارامیی دەبەخشێتە دڵت. عەزابەکەت بگێڕەوە!"

– "قودرەتمەندێک گەنجینەیەکی گرانبەهای لە لا داناوم تا بۆی بپارێزم، ساڵانێکی زۆرە ئەو گەنجینەیەم پاراستووە، ئەلعانیش دەمەوێ سەفەرێکی خەتەرناک و دوورو درێژ بکەم، دەمەوێ بزانم ئیدی چیی لەو گەنجینەیە بکەم؟"

فرانسیسکۆس وەڵامی دایەوە: "برا بێرناردۆ، گەنجینەکە بۆ ئەو کەسە بگەڕێنەرەوە کە بەئەمانەت لای داناویت. باشە ئەو قودرەتمەندە کێیە؟"

– "مەسیح. هەموو ئەو سەروەتەی هەمە، بەهیی ئەوی دەزانم. چۆن دەتوانم بۆی بگەڕێنمەوە؟"

فرانسیسکۆس لە فیکرەوە چوو.

گوتی: " برا بێرناردۆ، ئەوەی تۆ لێت پرسیم، وەڵامدانەوەی زۆر قورسە. بەتەنها هەر خۆم ناتوانم چ وەڵامێکت بدەمەوە. وەرەو دەچین بۆ کڵێسا تا پرسیار لە مەسیح خۆی بکەین."

***

هەرسێکمان بەرەو دەرگای حەوشە دەچووین، بەڵام هەر ڕێک لەو کاتەدا یەکێک لە دەرگاکەیدا. بێرناردۆ بەپەلە چوو کردییەوە. ئەوسا بەخۆشحاڵییەوە هاواری کرد:

– "ئەوە تۆیت جەنابی پیێترۆ؟ بۆ وا زوو؟ چییە ڕەنگت تەواوێک پەڕیوە!"

جەنابی پێیترۆ مامۆستایەکی ناوداری یاسا بوو لەزانکۆ لە بولۆگنا، وی خەڵکی ئاسیزیی و بەردەوام و هەمیشە بۆ حەوانەوە دەگەڕایەوە ماڵە بابی. بەڵام دوو ڕۆژ پێشتر خۆشەویستترین قوتابیی خۆی لە بولۆگنا مردبوو، لەبەر ئەوەی بەهیچ شتێک نەیدەتوانی سەبووریی خۆی بداتەوە، بۆیە سەفەری کردبۆوە و هاتبۆوە ماڵی بابی و دەرگای لەسەر خۆی داخستبوو، حەزی نەدەکرد کەس ببینێ.

پرسیی: "بێرناردۆ بەتەنیایت؟"

– "نا، فرانسیسکۆس کوڕی بێرناردۆنێ لێرەیە، دەیناسیت، لەگەڵ هاوڕێیەکیدایە."

– "کێشە نییە، دەتوانم لە ئامادەیی ئەوانیشدا بدوێم." پێیترۆ وای گوت و هاتە حەوشە.

ئەو زەلامێکی کەتە، بەئەدەب و خاوەن چاوانێکی خۆڵەمێشیی و بڕندە و ڕیشێکی کەم، بەڵام خوێندن و شەونخوونیی گۆناکانیان تواندبۆوە و تەواوی ڕوخساری وشک و زەرد بوو وەک ئەو کاغەزە گرانبەهایانەی کە قەشەگەل مێژووی عەزابەکانی مەسیحیان لەسەر دەنووسییەوە.

تەواوێک شەکەت لەسەر سەکۆیەک دانیشت. ئێمەیش هەرسێکمان بەدەوریدا دانەوینەوە و گوێمان بۆ ڕادێرا. هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژت.

گوتی: "ببوورن، من دەبێ هەموو شتێکتان لەسەرەتاوە بۆ باسکەم. قوتابییەکم



هەبوو ناوی (گیویدۆ) بوو، وەکی کوڕی خۆم خۆشم دەویست. قوتابییەک کە سەری لەسەر کتێبان بەرز نەدەکردەوە، لە تەمەنی بیستساڵیدا هێند بەتوانا و کەسێکی خوێنەواری لێ دەرچووبوو، دەتگوت ئینسانێکی کامڵە. شتێکی گەلێک دەگمەن، شتێکی پرشنگدار یەکانگیری ئەو بەهرە درەوشاوەیەی ببوو، هەر لەبەر ئەوەش خۆشم دەویست. حەیف پێرێ ئەو قوتابییەم مرد......"

لە حەژمەتا لێوی خۆی گەست، تا گریانەکەی ناخی قووت بداتەوە، بەڵام دوو دڵۆپە فرمێسکی درشت لەچاوانییەوە ڕژان. بێرناردۆ پەرداخێک ئاوی بۆ تێ کرد و خواردییەوە.

ئەو ڕۆژەی گیانیدەدا، بەسەر سەریدا دانەویمەوە و گوتم:

(گیویدۆ کوڕی خۆم، گەر خوداوەند بڕیاریدابێ بەرەو لای خۆیت بانگکاتەوە، ئەوا من داواکارییەکم هەیە پێی بڵێیت!) وەڵامی دایەوە: (باوکە چیت دەوێ؟ داواکارییەکەت چییە؟) گوتم: (داواکارییەکەم ئەوەیە شەوێک بێیتە خەونم و باسی ئەوەم بۆ بکەیت کە ئەو دونیا چۆنە!) گوتی: (دێم!) ئەو کوڕە جحێڵە لەبەر خۆیەوە وای گوت و دەستی لەنێو دەستم نا، پاشان ئیدی خەوی یەکجارەکیی لێ کەوت.

من دەسوبرد بولوگنام جێهێشت و هاتمەوە بۆ ئێرە تا لە تەنیاییدا چاوەڕێ بکەم، بەڵکو ئەو جحێڵە مردووە بێتە خەونم!"

جەنابی پێیترۆ هەمدیس بێدەنگ بۆوە، بەزەحمەت دەیتوانی قسەکانی بێنێتە سەر زوبان. دواجار گوتی:

" ئەمڕۆ شەبەق ئەو هات...."

بێرناردۆ دانەوێوە و دەستی گرت.

– "جبەیەکی سەیری قەشانەی پۆشیبوو، نا، جبەی قەشانە نەبوو، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر شریتی کاغەزیی بەدەوری جەستەیدا پێکەوە دووراببوون، ئەوە هەموو ئەو شتانە بوو کە لەتافی خوێندنیدا نووسیبوونی، پرسیار و هاوکێشەی جۆراوجۆر، گومانە فەلسەفیی و یاساییەکان، کێشە و گرفتە تیۆلۆگییەکان و عەزابی ئەوەی چۆن دەتوانرێ ڕزگاربکرێین، چۆن دەتوانین لە دۆزەخ ڕزگاربین و بچینە بەرزەخ و لەوێشەوە بچینە بەهەشت... ئەو کاغەزی پۆشیو و هەوڵی دەدا بێتە پێشێ، بەڵام

نەیدەتوانی. بایەک هەڵی کرد و کاغەزەکانی شەکاندەوە، هەر کە کاغەزەکان شەکینەوە، پەیکەرە ئێسکییەکەی وی دەرکەوت کە تەژی بوو بەقوڕ و گژوگیا. هاوارم کرد: (گیویدۆ، کوڕی خۆم، ئەو شریتە کاغەزانە چییە پێتەوە کراوە و ناهێڵن برۆیت؟) وەڵامی دامەوە: (ئاخر من لە دۆزەخەوە هاتووم و هەوڵ دەدەم بچمە بەرزەخ، بەڵام ناتوانم. ئەو شریتە کاغەزانە لێناگەڕێن بچم...)

وای گوت و چاوێکی بووە دڵۆپە فرمێسکێک و ڕژا بەمندا و دەستی سووتاندم. ئەها ئەوەتا!"

دەستی ڕاستی ڕایەڵ کرد و ئێمە برینێکی بازنەیی سوورمان وەکی چاو لەسەر دەستی بینی.

ترس باڵی بەسەر هەرسێکماندا کێشا. تەنها فرانسیسکۆس بەئارامیی زەردەخەنەی دەهاتێ.

جەنابی پێترۆ هەستایە سەر پێ.

گوتی: "ئێستاش هەموو شتێک تەواو. بەر لەوەی بێم بۆ ئێرە، هەموو دەسنووسەکانم و هەموو کتێبەکانم فڕێدانە ناو ئاگردانەکەوە و چتاقیان سووتان. ئیدی من ئازاد بووم! سوپاسی قوتابییەکەم دەکەم کە لەو دونیاوە بەو پەیامەوە هات بۆ لام. سوپاس بۆ خودا، ئیتر من ژیانێکی نوێ دەس پێدەکەم!"

بێرناردۆ لێی پرسیی: "ئەی ئێستا پێترۆی ئازیز، بەتەمایت چ ڕێگەیەک بگریتەبەر؟ بەتەمایت کام ژیان دەس پێ بکەیت؟"

مامۆستای خوێنەوار تێفکری و وەڵامی دایەوە: "هێشتا نازانم، نازانم..."

فرانسیسکۆس هاواری کرد: "من دەزانم!" وای گوت و ئەوسا دەستی ڕایەڵ کرد و دەرگای حەوشەی کردەوە. گوتی: "من دەزانم، لەتەکمدا وەرە!"

فرانسیسکۆس پێشکەوت و ئەو دوو هاوڕێیەش قۆڵ لە قۆڵی یەکدا لە دوایەوە و پاشان من. پێموابوو ئیدی ڕۆحی ئەوان ئامادەیە، ئامادەیە بۆ ڕێڕۆیشتن بەرەو هەڵگژان.

بەلای کڵێساکەی قەدیس ڕیوفینۆدا تێپەڕین، ڕێوڕەسمی نوێژ و خەڵکێکی زۆر



لەوێ کۆببوونەوە، ئێمە لامان نەدا. هەر لەسەر سووچەکەوە داگەڕاین و چووین بۆ کڵێسا چکۆڵەکەی (نیکۆلایۆ). کڵێساکە چۆڵ بوو. فرانسیسکۆس پاڵی بەدەرگاکەیەوەنا و چووینە ژوورێ. لەخاچدراو بەژوور میحرابەکەوە بوو، چرایەکی بچووک داگیرسابوو، وێنەی قەدیس نیکۆلایۆ لەسەر دیوارەکە کێشراو و بەدەوریشیدا ماسی و بەلەمگەل و زەریا.

فرانسیسکۆس گوتی: "برا بێرناردۆ، تۆ پرسیارت لێ کردم، بکەوە سەر ئەژنۆ، ئێستا مەسیح وەڵامدەداتەوە!"

بەرەو میحرابەکە چووەپێش، سوژدەی برد، خاچی کێشا و ئەوسا ئینجیلە ئەستوورە بەرگ زیوینەکەی هەڵگرت.

گوتی: " ئەمە زاری مەسیحە!"

ئینجیلەکەی کردەوە، دەستی خستە سەر لاپەڕەیەک و بەدەنگی بەرز خوێندییەوە:

(گەر دەتەوێ بەکامڵیی بگەیت، ئەوا برۆ و هەرچیت هەیە بیفرۆشەوە و بیدەرە هەژاران، ئەوسا لە بەهەشتدا گەنجینەیەک وەردەگریت.)

هەمدیس ئینجیلەکەی داخستەوە و سەرلەنوێ کردییەوە و خوێندییەوە:

(گەر کەسێک دەیەوێ دووم کەوێ، دەبێ نکوڵیی لەخۆی بکا، دەبێ خاچی خۆی لە کۆڵ نێ و لەدووم بێ!)

فرانسیسکۆس لای بۆ بێرناردۆ کردەوە کە کڕنۆشی بردبوو، گوێی ڕادەدێرا و دەگریا.

گوتی: "برا بێرناردۆ، هێشتا دوودڵیت؟ حەزدەکەیت لێگەڕێم جارێکی تریش مەسیح بئاخڤێ؟"

بێرناردۆ بەورووژانەوە لەپڕ هەستایە سەر پاو گوتی: "نا، نا، ئامادەم."

دەنگێک لە دواوە گوتی: "هەروەها منیش!"

ئەوە جەنابی پێیترۆ بوو کە سەری بەرەو عەردەکە شۆڕکردبۆوە و گوێی ڕادێرابوو.

فرانسیسکۆس قۆڵی لە ناوقەدی هەردوو ئەو قوتابییە نوێیە ئاڵاند و بەشادومانییەوە گوتی:"دەی وەرن با برۆین! جەنابی پێیترۆ تۆ هەرئێستا ئەوەت

ئەنجام داوە کە مەسیح داوای کردووە، سەروەت و سامانەکەت – دەسنووسەکانت، کتێبەکانت، پەڕە کاغەزەکانت سوتاندوون و هەموو مەرەکەبەکەت ڕشتووە، تۆ ئیدی خۆت ئازادکردووە. برا بێرناردۆ ئیتر نۆرەی تۆیە! دەرگای دوکانەکەت بخە سەر پشت، هەموو هەژاران بانگ کە، ئەو قوماشانەی کە دەیفرۆشیت، خەڵکە ڕووت و قووتەکانی پێ پۆشتەکەوە! گەزەکەت بشکێنە، سنووقەکانت بکەوە، دابەشی کە، دابەشی کە و دڵت بحەوێنەوە! ئێمە دەبێ برا بیرناردۆ، ئێمە دەبێ هەرچیمان لە برا هەژارەکانمان قەرز کردووە، بیاندەینەوە. گەر پارەیەکی ئاڵتوون ڕۆحی قورس کردوویت و ڕێگەت نادا هەڵگژێی، ئەوا ئەو پارەیە تووڕ هەڵدە!"

ئەوجا ئاوڕی بۆ میحرابەکە دایەوە و ڕووی کردە مەسیح و گوتی:

– "ئەی مەسیح تۆ چ هەرزان شمەکەکانت بەئێمە دەفرۆشیت! ئێمە دوکانێکی بچووک دەدەین و بەهەشت وەردەگرین، بڕێک کاغەزە کۆن دەسووتێنین و بەرامبەر ئەوە دەچینە ناو ئەبەدییەتەوە!"

بێرناردۆ گوتی: "دەی با بڕۆین، با کات بەهەدەر نەدەین!" وای گوت و کلیلی دوکانەکەی لەبەر پشتێنەکەی دەرهێنا و بەپەلە کەوتەڕێ.

هەنووکە خەڵکیی لەنوێژ دەهاتنە دەرەوە. کڵێساکان دادەخران، مەیخانەکان دەکرانەوە، خەڵکیی لەمەیدانەکە چووبوون بەیەکدا و گیزو ویزیان بوو. خۆر وەدیارکەوتبوو، هەورەکان ڕەویبوونەوە، ئەو فێبرایەرە کورتە، گەرم بوو وەکی بەهار، درەختەکان یەکەمین گۆپکەی چکۆڵەی شەپۆلاویی خۆیان دەردەکرد.

زۆر جاران من بەهارم لە ژیانمدا بینیبوو، بەڵام ئەوە یەکەمینجار بوو کە هەستم بەمانای بەهار دەکرد. ئەوساڵ بۆ یەکەمینجار ئەوەمزانی، ئاخر فرانسیسکۆس فێری کردبووم کە هەموو شتەکان یەکێکن، هەموو شتەکان گوێڕایەڵی هەمان یاسای خودان، درەخت و ڕۆح، ڕۆحیش بەهاری خۆی هەیە و چرۆ دەکا.

چووین بۆ گۆڕەپانی قەدیس جیۆرج، بێرناردۆ کلیلەکەی دەرهێنا و دوکانەکەی کردەوە، لەبەر دوکانەکەدا ڕاوەستاو هاواری کرد:

– "هەموو هەژاران، هەموو ئەوانەی کە چ جلکێکیان نییە، با بێن بۆ ئێرە! بەناوی مەسیحەوە هەموو شمەکەکانم دابەش دەکەم!"



فرانسیسکۆس لە لای ڕاستییەوە ڕاوەستا، پێیترۆ لای چەپییەوە و منیش تۆپە قوماشی هەڵچنراوم دەهێنا و لە لای ڕاستەوە لەبەر دەمیدا دامدەنا.

خودایە بەچ ڕاکردنێک هاتن. ژنان و پیرەمێردان و هەموو جلک شڕوپڕەکان، چۆن چاوانیان پرشنگی دەدا و لەو ئێوارەی یەکشەممەیەدا بەچ پەرۆشییەکەوە دەستەکانیان ڕایەڵ دەکرد! بێرناردۆ شادومان و لەخۆشحاڵییدا پێدەکەنی، لەگەڵ یەکێکدا سوعبەتی دەکرد و سەری دەخستە سەر یەکێکی دیکە، مقەستێکی گەورەی گرتبوو بەدەستەوە و قوماشەکانی پێدەبڕی.

جاروبار لای دەکردەوە و دەیگوت:

– "برا فرانسیسکۆس ئەمە چ بەختەوەرییەکە! چ ئازادییەکە!"

باوکە سیلڤێستێر بەوێدا تێپەڕی، بێرناردۆی بینی وا دارونەداری خۆی تەخشان و پەخشان دەکا، ئاگر لە هەناوی بەربوو.

لەبەرخۆوە گوتی: "حەیفێک کە ئاوها سەروەت و سامانێک بەهەدەر دەچێ! هەڵبەت فرانسیسکۆسی دێوانەی خوداوەند ئەوەی ئاخنیوەتە کەللەیەوە!"

لەوێدا ڕاوەستا، سەری بادەدا و سەیری دەکرد، فرانسیسکۆس مەزەندەی خەیاڵاتەکانی وی کرد.

گوتی: "باوکە سیلڤیستێر، بیرتدێتەوە مەسیح چیی گوتووە؟ بمبوورە کە ئەوەت بیر دەخەمەوە: مەسیح دەڵێ: (گەر دەتەوێ بگەیتە کامڵیی، ئەوا ئەوەی هەتە بەسەر هەژاراندا دابەشی کە، ئەوسا لە بەهەشت گەنجینەیەک دەبەیتەوە.) ئەدی بۆچیی سەر بادەدەیت؟"

باوکە سیلڤێستێر کەوتە کۆکین، سوور هەڵگەڕاو بەڕێی خۆیەوە ڕۆیشت.

فرانسیسکۆس خەمبار بوو کە هەستی وی بریندار کردووە.

هاواری کرد: " باوکە سیلڤێستێر!"

قەشە ئاوڕی دایەوە.

– "بمبوورە کە قسەکەی مەسیحم بیر خستیتەوە. تۆ وەک خزمەتکاری خوداوەند، باشتر لەمنی گوناهبار ئەو شتانەت ئەزبەرە!"

گەر فرانسیسکۆس نزیکتربا، ئەوا دوو دڵۆپە فرمێسکی دەبینی کە بەگۆنای قەشەدا دەهاتنە خوار.

ئیتر ئێوارە داهاتبوو، دوکانەکە بەچوار دیواری خاڵییەوە مایەوە. بێرناردۆ گەزەکەی هەڵگرت، شکاندی و هەڵیدا بۆ سەر جاددەکە. هەروەها مقەستەکەشی تووڕ هەڵدا و خاچی کێشا.

گوتی: "سوپاس بۆ خودا، ئیدی من ئازادم." وای گوت و دەستی لە نێوقەدی پێیترۆوە ئاڵاند و هەردووکیان شوێنی فرانسیسکۆس کەوتن.

ئەم ڕەوتارە سەیرەی دەوڵەمەند و فرۆشیارێکی بەهرەداری وەک بێرناردۆ و خوێنەوار و مامۆستایەکی یاسای وەک پێیترۆ لەسەراپای ئاسیزییدا دەنگی دایەوە. ئێمە زانیمان کە هەمان شەو، ژمارەیەکی زۆر لە پیاوماقووڵە نیگەرانەکان لەماڵی مامێکی بێرناردۆ کۆبوونەتەوە تا ڕێوشوێنی ئەوە دانێن کە چۆناوچۆنی ئەو تاعونە بنەبڕکەن. گوتوبییان ئەو نەخۆشییە سارییە، ئەو بەڵایە توانیویەتی هەندێک لە جحێڵان لە خشتە بەرێ، با تا زووە بیرێک لە حاڵی خۆمان بکەینەوە، تا کوڕەکانمان نەچوون ئەو سەروەت و سامانەی باوکانمان بەئارەقەی نێوچەوان پەیدایان کردووە بەسەر خەڵکانی بەتاڵە و پا پەتییدا دابەشی کەن. هەنووکە ئەو دێوانەی خودایە دێ و مێشکی کوڕەکانمان تێکدەداو بناغەی ماڵەکانمان لە بنەوە هەڵدەتەکێنێ. دەی با هەر چۆنێک هەیە لێرە وەدەری نێین، با شارەکەمان جێبێڵێ و بڕواو بەنەفرەت بێ! هەروا ئەو پیاوماقووڵانە بڕیاریان دابوو بچن بۆ لای سەرەک قەشە و بۆ لای ئەنجومەن تا ئەو بەڵایە لە ئاسیزیی دووربخەنەوە.

لە ژوورە بچووکەکەی (گیۆڤاننا)ی بێوەژن، زەلامێکی بەهێز و خۆربردووی گورجوگۆڵ لای ئاگرەکەوە دانیشتووە و خۆی گەرم دەکاتەوە. پوورە پیرەکەی بینی کە خاچ دەکێشێ و دۆعا بۆ قەدیسی نوێ دەکا، ئەو قەدیسەی کە بەفرانسیسکۆس بانگیان دەکرد. ئەو زەلامە تەماشای پووری دەکاو گاڵتەی پێدەکا، ئەم قسانە چەند ڕۆژێک دواتر خۆی بۆی گێڕاینەوە.

– "ئاخ سەیر دەبێ هەروا بەئاسانی بەرەڵاو قوشقییەکی وا ببێتە قەدیس. من ئیگیدیۆ نیم گەر نەچم و ئەو قەدیس فرانسیسکۆسەی تۆ نەدۆزمەوە، گرەو دەکەم بزانن چۆن بەبوتڵێک شەراب و پلێک بەرازی برژاو تەواو سەرخۆشی دەکەم و پەتێک



دەکەمە ملی و بەرەو گۆڕەپانەکە ڕایدەکێشم، لەوێ دەس بەیەکدا دەماڵم و وەکی ورچ دەیخەمە هەڵەکە سەما!"

***

ڕۆژان تێدەپەڕین. ئێمە هەنووکە چوار کەس بووین و ئاسیزیمان جێهێشتبوو، لە کلێسا چۆڵەکەی پۆرتیونکولا، پەناگەیەکمان بۆ خۆمان دۆزیبۆوە. بەرامبەر دارچوالە چرۆ کردووەکە کوختێکمان ڕۆناو بەگەچ سواخماندا، ئەوێ ئیدی بووە یەکەمین دەیری ئێمە.

چەندین سەعات لەسەر ئەژنۆ دادەنیشتین، سەرمان بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە و نوێژمان دەکرد. فرانسیسکۆس لەبارەی ئەڤینەوە بۆمان دەدوا، لە بارەی هەژارییەوە، لەبارەی ئاشتییەوە، لەبارەی ئاشتیی لە ڕۆحی ئینساندا و لەبارەی ئاشتیی لە دونیادا. من کە تا هەنووکە تەنها پرسیارکردن و پشکنینم بەدوای وەڵامدا دەزانی، ئەوا ئێستا ئیدی لەگەڵ ئەو برایانەدا فێری بێدەنگیی ببووم. ڕۆژێکیان جەنابی پێیترۆ قسەیەکی کرد کە هەرگیز یادم ناچێتەوە، ئەو گوتی: "زەینم بەردەوام دەدوێ و پرسیار دەکا و دەپشکنێ، بەڵام دڵم چ نادوێ، چ ناپشکنێ، بەڵکو بەبێدەنگیی، خۆی بەخوداوەند دەسپێرێ. مێشکم پارێزەری شەیتانە، بەڵام دڵم خزمەتکاری خوداوەند، وی دادەنەوێتەوە و بەخوداوەند دەڵێ: (ئەمرکە بەچاوان!)"

فرانسیسکۆس گوێی بۆ ئەو قسانە ڕادەدێرا و زەردەخەنەی دەهاتێ.

گوتی: "جەنابی پێیترۆ – ئاخر هەمیشە وەک ڕێز ئەوی بەجەناب بانگ دەکرد – تۆ ڕاست دەکەیت. کاتێک لە ئاسیزیی دەچووم بۆ قوتابخانە، زانایەکی تیۆلۆگ لە کریسمیسدا هات بۆ ئاسیزیی. وی لە کلێسای ڕیۆفینۆ چووە سەر مینبەر و کەوتە قسان. چەندین سەعات لەبارەی لەدایکبوونی مەسیح و ڕزگارکردنی دونیا و ئەفسانەی ترسناکی بەئینسانبوون دووا کە چۆن خوداوەند لە قەڵافەتی ئینساندا خۆی دەگۆڕێ. من لەفیکرەوە چووبووم و حەپەساو سەرم لەگێژەوە چووبوو. چیدی نەمدەتوانی بەرگەبگرم. هاوارم دەکرد: (مامۆستا بێدەنگ، بهێڵە با گریانی مەسیح لە جۆلانەکەیدا ببیەین!) کاتێک هاتینەوە ماڵەوە، باوکم لێیدام، بەڵام دایکم بردمییە ئەولاوە و دۆعای بۆ کردم."

بەدەگمەن برا بێرناردۆ زاری دەکردەوە تا بئاخڤێ. هەر کە شەبەقی دەدا، لەژێر درەختێکدا کرنۆشی دەبرد و دەپاڕایەوە، بونیادەم کە سەیری پێڵووە لێکنراوەکانی و گۆنا بەقووڵاچووەکانی و لەرەی لێوە ناسکەکەی دەکرد، ئیدی دەیزانی وی لەگەڵ خوداوەندا دەئاخڤێ.

هەر کە خۆر هەڵدەهات، ئێمە لەیەکدی جوێ دەبووینەوە، یەکێکمان دەچوو بۆ ئاوهێنان، یەکێک بۆ دار، یەکێکی تر بۆ سواڵ و فرانسیسکۆسیش بەجاددە باریکەکانی ئاسیزیی و گوندە نزیکەکاندا دەگەڕا و لەبارەی ئەو شێتێتییە نوێیە – ئەڤین – ەوە نوتقی دەدا. زۆر جاران گسکێکی بەدەستەوە دەگرت و کڵێساکانی گسک دەدا.

دەیگوت: "ئەمەماڵی خودایە، منیش گسکدەرم و بەرپرسیاری ئەوەم!"

بەیانییەکیان، کە جێژنی قەدیس جیۆرج بوو، ئێمە لەکوختەکەماندا کەوتبووینە سەر چۆک و نوێژی بەیانیمان دەکرد، زەلامێکم بینی بەهێواشیی و بەپێدزکێ نزیکدەبۆوە. بوتڵێک شەرابی نابووە بن هەنگڵ و شتێکیتریش کە لە گەڵێ لیمۆیەوە پێچابوو، بۆنی گۆشتی سوورەوەکراو گەیییە کەپووم.

زەلامێکی درێژ بوو، هەتاو بردبووی و قەڵافەتێکی پتەوی هەبوو، بەهەنگاوی نەرم لەکوختەکەمان نزیک دەبۆوە، سەری بەرەو پێشەوە دانەواند و لەنێو پەلکی درەختەکانەوە سەرەتاتکێی بوو، منیش بەتیلەی چاو هەر تەماشایم دەکرد.

فرانسیسکۆس وەک هەموو بەیانییەک ڕاهاتبوو، لەبارەی ئەوەی کە شەو چیی بەخوداوەند گوتووە و خوداوەندیش چیی بەم گوتووە، دەکەوتە قسان. ئەو زەلامە نەناسەش، زاری کردبۆوە و گوێی تیژ کردبۆوە و گوێی ڕادێرابوو. لە ناکاوێکڕا ئاوڕی دایەوە و بەخێرایی بەنێو درەختەکاندا ڕۆیشت و بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوە، هەمدیس پاڵی بەکوختەکەوەدا و گوێی ڕادێرایەوە.

فرانسیسکۆس گوتی: "خودایە گەر من لەبەر ئەوە تۆم خۆشبوێ کە بمخەیتە بەهەشت، ئەوا مەلایکەتەکەت بەشمشێرێکەوە بنێرە تا دەرگاکەم لەسەر داخا. خودایە گەر من لەبەر ئەوە تۆم خۆشبوێ کە لە دۆزەخ دەترسم، ئەوا فڕێمدەرە دۆزەخ، بەڵام ئەگەر من لەبەر خاتری خۆت تۆم خۆشدەوێ، تەنێ لەبەر خاتری خۆت،



ئەوا ئامێزت بکەوە و لە باوەشمگرە!"

پیاوەکە کە گوێی ڕادێرابوو، هەنگاوێکی ناو لەبەر دەرگاکە ڕاوەستا، ڕەنگی پەڕیبوو، دوو دڵۆپ فرمێسکی درشت بەگۆناکانیدا هاتنە خوارەوە، کەوت بەسەر پای فرانسیسکۆسدا.

گوتی: "برا فرانسیسکۆس بمبوورە! من ناوم ئێگیدیۆیە و خەڵکی ئاسیزییم، من بووم کە گاڵتەم پێ کردوویت و گرەوم کردووە لەسەر ئەوەی کە دەبێ سەرخۆشتکەم و گوریسێک بکەمە ملت و بۆ گۆڕەپانی قەدیس جیۆرج ڕاتکێشم و لەوێ چەپڵە لێدەم و بتخەمە هەلەکەسەما!"

فرانسیسکۆس بەپێکەنینەوە گوتی: "برا ئێگیدیۆ بۆ نەچین؟ بۆ نەچین بۆ مەیدانی قەدیس جیۆرج و ئەمڕۆ خەڵکێکی زۆر لەوێ کۆدەبنەوە، تۆ چەپڵە لێدە و منیش دەکەومە سەما. ئاخر حەز ناکەم گرەوەکەت بدۆڕێنیت!"

وای گوت و دەستی نایە ژێر باڵی و هەڵیساند.

گوتی: "دەی با بڕۆین، خەڵکێکی زۆر لەوێ چاوەڕوانن."

هەردووکیان بەڕێکەوتن. دەمەوئێوارە، هەرسێکمان، من و بێرناردۆ و پێیترۆ دانیشتبووین و چاوەڕێ بووین.

من گوتم: "برا فرانسیسکۆس درەنگی پێچوو، بڵێی هێشتا هەر سەما بکا؟"

جەنابی پێترۆ گوتی: "هەر سەما دەکا!" وای گوت و بێدەنگ بوو. دوای تاوێک گوتی: "بە داخەوە من ئازایەتیی ئەوەم نییە شتێکی لەو جۆرە بکەم، من هێشتا شەرم لە خەڵک دەکەم، دەمەوێ بڵێم شەرم لەخودا دەکەم!"

کاتێک ئێمە لەوێدا دانیشتبووین و دەدواین، فرانسیسکۆس هات و ئێگیدیۆی کەتەش بەپێکەنینەوە بەهەنگاوی نەرمەوە لە دوایەوە دەڕۆیشت، وەکی ئەوەی بفڕێ.

فرانسیسکۆس دەستی نابووە نێو دەستی هاوڕێکەی و بەرەو پێشەوە بۆ لای ئێمە هاتن.

بەزەردەخەنەوە گوتی: "ئێگیدیۆ هێنامیە سەما، منیش ئەوم هێنایە سەما. یەکەمجار من لەبەردەم خودادا سەمام دەکرد و ئەو چەپڵەی لێدەدا، بەڵام دوای

ساتێک برا ئێگیدیۆ ئیرەیی برد و ئیدی لە چەپڵەکوتان کەوت، ئەوسا شانی گرتم و هەردووکمان پێکەوە کەوتینە سەما. پێمانوابوو هەموو مەخلۆقەکان شانیان گرتووین و هەموو لەتەک ئێمەدا لەبەردەم خوداوەند دا کەوتوونەتە سەما.

برایینە ئەوە چ سەمایەک بوو! سەماکردن بەتەنێ شتێکە و سەمای بەکۆمەڵیش شتێکی تر. لە سەرەتاوە دوو کەس، پاشان سێ، دوای ئەوە سی و سێ، سێ سەد هەزار، هەموو خەڵکیی، پاشان سەرەک قەشە و تەیرەکان و درەختەکان و زەریاو چیا، هەموو مەخلۆقەکان لەبەردەم خوداوەند دا سەمایان دەکرد. برا ئێگیدیۆ وابوو؟"

ئێگیدیۆ بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە: "من چ ئیشێکی ترم ناوێ، تەنێ سەما باشە، برا فرانسیسکۆس من دەمەوێ تا ئەبەد دەستت بگرم و سەمات لەگەڵدا بکەم!"

فرانسیسکۆس گوتی: "سڵاو لەم برا تازەیەمان." وای گوت و ئامێزی بۆ کردەوە.

ئێمەیش گوتمان: " بەخێربێن!" وامان گوت و باوەشمان بەئێگیدیۆدا کرد.

ئێگیدیۆ سوور هەڵگەڕا. حەزی دەکرد شتێک بڵێ، بەڵام دوودڵبوو، دواجار ئازایەتی دایە بەر خۆی.

گوتی: " برا فرانسیسکۆس، من بڕێک خواردن و بوتڵێک شەرابم لەگەڵ خۆمدا هێناوە...."

فرانسیسکۆس دەستی هێنا بەسەر شانە پانەکانی ئێگیدیۆداو گوتی:

–" برا ئێگیدیۆ بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونتەوە ئاهەنگ دەگێڕین و پێکێک بەشانازیی تۆ دەخۆینەوە. ئەوە چ نییە، خودا دەبوورێ گەر بونیادەم جاروبار بێ وەفا بێ بەرامبەر قەدیسانی برسێتیی و تینوێتیی.... دەی بڕۆ و ئەشیای گوناه بێنە!"

ئێگیدیۆ بەپڕتاو چوو لەنێو تەلانەکاندا بەرازە برژاو و بوتڵە شەرابەکەی هێنا.

فرانسیسکۆس گوتی: "بە خۆشیی سەرفرازیی برا ئێگیدیۆ." وای گوت و پێکەکەی بەرز کردەوە و هەڵیقوڕاند. گوتی: "ئەمڕۆ ئەو لەدایک بووە، ئارەزووی تەمەن درێژیی بۆ دەکەین! ئەمڕۆ ئەو زەماوەند دەکا. ئەمڕۆ ئەو بەکیژێک گەیشتووە ناوی هەژارییە، ئارەزووی تەمەن درێژیی بۆ دەکەین!"

***



ماوەیەکی زۆر تێنەپەڕیبوو کە باوکە سیلڤێستێر لەبەر دەروازەی پورتیۆنکۆلادا وەدیارکەوت، چەماوە و ڕوخساری شەرمەندە دەینواند و بوخچەیەکی لە بنهەنگڵی نابوو، ئەو هەر هەمان لەو کاتەدا هات کە ئێمە بەرەو کاری ڕۆژانەمان دەچووین. هێند گریا بوو چاوانی سوور دەچوونەوە و دەستیشی دەلەرزی.

فرانسیسکۆس ئەوی بینی و باوەشی بۆ کردەوە.

گوتی: "باوکە سیلڤێستێر هاتنت خێر، دەبێ ئەوە چ بایەک بێ کە بۆ ئەم عەردە قاقڕەی ئێمەی هەڵگرتوویت؟"

قەشە وەڵامی دایەوە: "بای خودا. برا فرانسیسکۆس تۆ لەو ڕۆژانەدا قسەیەکت پێگوتم، ئەو قسەیە وەکی ئاگرێک هەم دڵی سووتاندم و هەم دڵیشی پاقژکردمەوە."

– "ئەو قسەیە هیی من نییە، باوکە سیلڤێستێر ئەو قسەیە هی من نییە، بەڵکو ئەو قسەیە هی مەسیحە."

– "بەڵێ، ئەو قسەیە هی مەسیحە، بەڵام تۆ بەشێوەیەک ئەو قسەیەت کرد کە پێدەچوو یەکەمینجار بێ گوێم لێی بێت و هەرگیز ئینجیلیشم موتالا نەکردبێ. ئەز ڕۆژانە ئینجیل دەخوێنمەوە، بەڵام وشەکانی هاوار و پیتن، ئاگر نین... برا فرانسیسکۆس بۆ یەکەمینجار تێگەیشتم هەژاریی مانای چییە، بۆ یەکەمینجار تێگەیشتم ئەڤین مانای چییە و ویستی خودا مانای چییە. ئەوە وا ئەلعانیش هاتووم!"

– "ئەدی ئەوە چییە لە بوخچەکەتا؟"

– "دەستێک جل، پێلاوی تۆکمە و چەند شتێکی تر کە پەیوەندییەکی تایبەتی و بەهێزم پێیانەوە هەیە."

فرانسیسکۆس بەپێکەنینەوە گوتی: "جارێکیان زاهیدێک هەبوو، چەندین ساڵ تێدەکۆشا بۆ ئەوەی خوداوەند ببینێ، بەڵام هەر شکستی دەهێنا. هەموو جارێک شتێک لەبەردەمیدا قووت دەبۆوە و دەبووە ڕێگر کە خوداوەند ببینێ، ئەو کڵۆڵە هاواری دەکرد، دەگریا، دەپاڕایەوە، بەڵام هەمووی بێ سوود بوو! ئەرێ باشە ئەوە چ شتێک بوو دەبووە ڕێگر لەبەردەم بینینی خوداوەند دا؟ هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی تێبگا. بەیانییەکیان بەشادومانییەوە لەخەو ڕاپەڕی، ئەو ڕێگرەی دۆزیبۆوە و ئەویش

گوڵدانێکی چکۆڵە بوو کە لە هەموو شتەکانی تر بۆی مابۆوە و زۆری خۆش دەویست. ئیدی گوڵدانەکەی هەڵگرت و تا دەستی گرتی تووڕی دا و گوڵدان هەپروون بەهەپروون بوو. پاشان چاوانی هەڵبڕی و بۆ یەکەمینجار خوداوەندی بینی. باوکە سیلڤێستێر، تۆیش، گەر تۆیش حەزدەکەیت خوداوەند ببینیت، ئەوا بوخچەکەت تووڕ هەڵدە!"

باوکە سیلڤێستێر دوودڵبوو، فرانسیسکۆس میهرەبانانە دەستی گرت.

گوتی: "وەرە لەگەڵم، ئێستا دەچینە دەرەوە و دەچینە سەر ڕێگەکە. بۆ خاتری ئەڤینی مەسیح، بوخچەکەت بدەرە یەکەمین هەژارێک کە دەیبینین. ئاخر باوکە سیلڤێستێر، بونیادەم بەبوخچەوە ناچێتە بەهەشت!"

قەشە بەدوودڵییەوە گوتی: "باشە تەنێ پێڵاوەکانم گل دەدەمەوە..."

هەمدیس فرانسیسکۆس گوتی: "بونیادەم تەنێ بەپای پەتیی دەتوانێ بچێتە بەهەشت. براکەم ماملە مەکە، دەی با بڕۆین!"

وەک چۆن گورگ بەکەڵبەکانی پەلاماری مەڕ دەدا، ئاوهاش فرانسیسکۆسیش پڕیدایە باوکە سیلڤێستێر تا فڕێی بداتە بەهەشتەوە.

***

خودایە، گەورەیە، گەورەیە، دەوڵەمەند و خاوەن چاوانێکی زۆرە بەخشندەیی تۆ، وەکی پەڕی تاوس دونیا دادەپۆشێ و بەدرەوشانەوەوە خۆی پەخش دەکا و خۆنەویستترین و بێ لاف و گەزافترین ڕۆحەکانیش دادەپۆشێ و پڕیان دەکا لە خۆی. ئاخر زۆری نەبرد دوو داماو کە ببوونە گاڵتەجاڕی خەڵکی ئاسیزیی، هاتن و دەستی فرانسیسکۆسیان ماچ کرد و داوایان لێ کرد ببنە قوتابی وی. یەکێکیان ناوی (ساباتینۆ) و ئەوی تریشیان بە(کاپیللۆ) بانگ دەکرا، بۆیە بەو ناوەوە بانگ دەکرا چونکە هەمیشە و تەنانەت لە کاتی خەوتنیشدا شەپقەیەکی مەخمەلیی سەوزی گەورەی بەپەتێکی سوورەوە لە سەردابوو. هەرچیی ساباتینۆشە، هەرکە بینیم یەکسەر ناسیمەوە، ئەو هەمان ئەو کەسە بوو کە ئەو ئێوارەیەی هاتم بۆ ئاسیزیی و پاڕامەوە هاولاتییەکی مەسیحیی خێرێکم پێ بکا، ئەو گاڵتەی بەفرانسیسکۆس کرد. وی کەسێکی باریکەلە و زەردهەڵگەڕاو بوو، ڕوخساری لە





مشک دەچوو، بالوکەیەکی توکن لەسەر کەپووی بوو. بەڵام کاپێللۆ کەتەو درێژ، سمێڵی لوولدراو و کەپووی تیژو قلێشێک لە لێویدا هەبوو، کە دەدوا زوبانی دەیگرت و قسانی بێسەروبەرەی دەکرد.

ساباتینۆ گوتی: "برا فرانسیسکۆس من ئیتر ناتوانم خەوم لێبکەوێ، ئاخر من زوبان بەدییم بەرامبەر کردوویت، بەخیلییم پێبردوویت لەبەر ئەوەی تۆ دەوڵەمەند بوویت و منیش هەژار، تۆ قۆز بوویت و من ناشیرین، تۆ جلکی جوانت لەبەردا و منیش جلکی شڕ، بەدرێژایی ئەم ماوەیەی دوایی هەوڵمدەدا بنووم، بەڵام هەرگیز خەوم لێنەکەوت! گەر بۆ یەک چاوتروکانیش خەو بردمێتییەوە، ئەوا تۆ هاتوویتەتە خەونم و پێتگوتووم: (قەیدی ناکا برا ساباتینۆ، من ناخوازم شەڕت بێتەڕێ، بنوو!) ئەو میهرەبانییەی تۆ خەریک بوو دڵی هەلا هەلا دەکردم، ئیتر لەوە زیاتر بەرگەم نەگرت و بۆ ئێرە هاتم. چیم لەگەڵدا دەکەیت بیکە، دەمەوێ تا مردن شوێنپێکانی تۆ هەڵگرم."

کاپێللۆش گوتی: "برا فرانسیسکۆس هەروەها منیش، منیش دەمەوێ تا مردن لەگەڵ تۆدا بڕۆم. من لە دونیادا عەزابم کێشاوە، دونیا بۆ من بۆتە عەزاب، جگە لەخودا چ پەناگەیەکی تر شک نابەم. بەڵام برا فرانسیسکۆس مەرجێکم هەیە، ئەویش ئەوەیە ڕێگەمبدەیت شەپقەکەمم لەسەردا بێت، من جگە لەوە چ شەپقەیەکی ترم ناوێ. ڕەنگە تۆ بڵێیت ئەوە شتێکی ئاسایی نییە، بەڵام ئاخر تازە ئەو شەپقەیە بۆتە بەشێک لە سەرم، گەر ئەو شەپقەیەم لەسەر لابدەیت، ئەوا وا هەست دەکەم ملم هەڵکێشراوە!"

فرانسیسکۆس پێکەنی، بەڵام یەکسەر ڕوخساری جیددی بۆوە. گوتی:

– "براکەم ئاگات لەخۆت بێ. ڕەنگە شەیتان بووبێتە شەپقەیەک و چووبێتە سەرت، ئاگات لەخۆت بێ فڕێتنەداتە هەڵدێرەوە. لە شەپقەوە بکەویتە خوارەوە بۆ جبەی قەشە و بڵێیت ئەوەت ناوێ، لە جبەی قەشەوە بکەویتە خوارەوە بۆ ناو برایان و بڵێیت نامەوێن! لە برایانەوە بکەویتە خوارەوە بۆ ئەڤین و بڵێیت نامەوێ هەستی پێ بکەم! لە ئەڤینەوە بکەویتە خوارەوە بۆ خوداوەند و بڵێیت نامەوێ بیناسم!"

فرانسیسکۆس بێدەنگ بوو. لەفیکرەوەچوو. پاش ساتێک گوتی:

– "ڕێگەی بەرەو ژوورکەیە براکەم، خودا لەسەری سەرەوەیە لەسەر ترۆپک، بەڵام ڕێگەی بەرەو خوار، دۆزەخ لە ژێرەوەیە لە بنەوە، کوڕەکەم ڕەنگە ئەو شەپقەیە فڕێتداتە دۆزەخەوە."

فرانسیسکۆس بەقووڵیی لە چاوانی کاپێللۆی ڕوانی، ئەم قوتابییە نوێیەش ددانی بەخۆیدا نەگرت و خوڕ خوڕ دایە قوڵپی گریان.

گوتی: "گەر ڕوخسەتم نەدەیتێ ئەم شەپقەیە لەسەرکەم، ئەوا تیادەچم، دەڕۆم و ڕێگەیەکی دی دەگرمە بەر!"

فرانسیسکۆس بەزەیی پێیداهاتەوە و دەستی نایە سەر شانی. گوتی: "بمێنەوە، من متمانەی خۆم دەبەخشمە خوداوەند."

***

چ ڕۆحگەلێکی زۆر هەن پەرۆشیی ڕەهایین و کاتێ گوێیان لەو دەنگە دەبێ کە بانگیاندەکا ئیدی دەکەونە خۆ و بەدەنگییەوە دەچن. هاوڵاتییەکی بەختەوەر و کەسێکی بێلانە و ماڵ شەوێکیان لە بێدەنگییدا گوێیان لە یەکێک دەبێ بانگیان دەکا. بەترسەوە ڕادەپەڕن و هەریەکەیان ژیانی تا ئێستای خۆی بێمانا، بەهەدەرچوو، دیلی شەیتان دێتە پێش چاو، ئیدی دەکەون بەسەر پای ئەو دەنگەدا کە بانگی کردوون.

بەدەنگەکە دەڵێن: "لەگەڵ خۆتدا بمانبە، ڕزگارمانکە، تۆ ئەو کەسەیت چاوەڕێت بووین!"

ڕۆژێک نەبوو یەکێک بەنێو دارستانەکەدا نەیەت بۆ پورتیونکۆلا و نەکەوێ بەسەر پای فرانسیسکۆسدا و نەڵێ: "بمبە! ڕزگارم کە، تۆ ئەو کەسەیت کە چاوەڕێت بووم!" ئاوهایان دەگوت و پاشان جلکەکانیان دادەکەند و جبەی قەشەییان دەپۆشی.

ڕۆژێکیان جوتیارێکی میهرەبان و دەوڵەمەند و دڵ و دەروون کراوە، کە تەمەنی سیی ساڵێک دەبوو، هات بۆ لامان و گوڵدانێکی بەدەستەوە بوو وێنەی هەر حەوت گوناهەکەی لەسەر کێشاو و لەژێریشیاندا ناوەکانیانی نووسیبوون: فیز، تەماح، بەخیلیی، دەعارەت، چاوچنۆکیی، تووڕەیی، تەمبەڵیی. هات و کەوت بەسەر پای فرانسیسکۆسدا.



گوتی: "براکەم، بابەکەم، گوێم بۆ ڕادێرە: من بەئارامیی لە گوندەکەم دەژیام، عەردم دەکێڵا، پەلکی زیادەی درەختەکانم دەبڕی و ترێ ڕنییم دەکرد، ئیدی ژیانی خۆم دەژیام. من چ ژنم نەبوو، چ منداڵم نەبوو، پێموابوو ئیدی چ گرفتێکم نییە. بەڵام کاتێک گوێم لەدەنگی تۆ بوو، ئەوسا تێگەیشتم من بەختەوەر نیم. لە دڵی خۆم دەنۆڕی و وامدەزانی بێگوناهە، کەچی هەر حەوت گوناهەکەم تێدا بینی. ئەوسا ئەم گوڵدانەم هێنا و هەر حەوتیانم لەسەری وێنەکێشا و ناوەکانیانم لەژێریاندا نووسی. وا ئێستاش لەبەر پێی تۆدا دەیشکێنم. نەفرەت لە هەر حەوتیان بێت!"

گوڵدانەکەی کێشا بەبەردەکاندا و هەپروون بەهەپروون بوو.

– "بەهەمان شێوە دڵی منیش هەپروون دەبێ و هەر حەوت گوناهەکە بەسەر بەردەکاندا دەڕژێن!"

فرانسیسکۆس هاوڕێیانە دەستی بەسەریدا هێنا.

– "براکەم ناوت چییە؟"

– "کیدرۆ."

– "کیدرۆ، بەخواستی خوداوەند هەزاران ڕۆح هێلانەی خۆیان لەسەر پەلکەکانت چێدەکەن."

***

## شەش

ئادەم و حەوا لەبەهەشت دانیشتبوون و قسانیان دەکرد.

–" با دەرگاکە بکەینەوە و بچینە دەرێ!"

–" هاورێم بچین بۆ کوێ؟"

– "با دەرگاکە بکەینەوە و بچینە دەرێ!"

– "ئاخر دەرەوە نەخۆشییە و خەم و مردن."

– "با دەرگاکە بکەینەوە و بچینە دەرێ!"

بمبوورە خودایە، بەڵام من لەناوەوەمرا هەردووک ئەو دەنگانەم دەژنەفت. دەمژنەفتن کە فرانسیسکۆس و ڕۆحی من لە بەهەشتن، ئیدی برسێتیم بیردەچۆوە، ڕووتێتیی و دونیام بیردەچوونەوە. لە ناکاوێکرا دەنگێکی یاخییانە دەهاتە گوێم و دەیگوت: بەڕێگەی خۆتا بڕۆ!"

ڕۆژێکیان فرانسیسکۆس بینیمی دەگریام. دانەوێوە، دەستی نایە سەر شانم و گوتی: "برا لیۆن، برا لیۆن ئەوە بۆچی دەگریت؟"

– "شتم بیردێتەوە برا فرانسیسکۆس، شتم بیردێتەوە!"

– "چیت بیر دێتەوە؟"

– "بەیانیەکیان دەستم بۆ پەلکی دارهەنجیرێک برد و هەنجیرێکم لێکردەوە و...."

– "هەر ئەوە؟"

– "هیچیتر نا برا فرانسیسکۆس، لەبەر ئەوەیە دەگریم."

فرانسیسکۆس لەسەر ئەرزەکە لەپاڵما دانیشت و دەستی گرتم.

– "گوێڕادێرە شتێکت پێبڵێم، بەڵام ئەو قسەیە بەکەس نەڵێیت!"

– "گوێم ڕادێراوە برا فرانسیسکۆس."



کە دەستم لە نێو دەستیدا بوو، هەستم دەکرد گەرمایی لە جەستەیەوە دێ. نا، لە جەستەیەوە نا، بەڵکو لە ڕۆحییەوە، گەرماییەک کە ڕۆحی منیشی گەرم دەکردەوە. کاتێک بینیم بێدەنگە، هەمدیس گوتم:

– "برا فرانسیسکۆس گوێمڕادێراوە."

دەستی بەردام و هەستایە سەرپێ. دەنگی توورە و توندوتیژ بوو.

– "برا لیۆن، تەقوا بەتەنێ لەسەر گاشەبەردێکی چەپەک دادەنیشێ و تەواوی ئەو شادومانییانەی ئەم نەیچەشتوون، بەزەینیدا تێدەپەڕن، ئیدی فەزیلەت لە حەژمەتا دەستدەکاتە گریان."

فرانسیسکۆس وای گوت و ئەوجا دانەوێوە و لەنێو درەختەکاندا بزر بوو.

***

دەڵێن گەر جارێک لە جاران، دڵۆپێک هەنگوین بکەوێتە خوارەوە، مێشهەنگەکان لەهەوادا بۆنی ئەو هەنگوینە ڕژاوە دەکەن و لە هەموو لایەکەوە بۆ تامکردنی دەکەونە خۆ. بەهەمان شێوەیش خەڵکی بۆنی دڵۆپە هەنگوین – واتە ڕۆحی فرانسیسکۆس – یان لە هەوادا دەکرد و لە پورتیونکولا کۆدەبوونەوە. ئێوارەیەکیان، هەر ڕێک لەو کاتەدا کە خۆرئاوا دەبوو، ڕوفینیۆی هاوڕێ دێرینەکەی فرانسیسکۆس هات، ڕۆفینیۆ ئەو کەسەی کە یەکەمین دوو جبەی بەمن و فرانسیسکۆسدا و بەپێکەنینەوە گوتی: "ئەوا زستان هات، خودا بۆ گەرمکردنەوەتان بەس نییە، پاڵتۆیەکی گەرمیشتان پێویستە!" وای گوت و ئەم جبە قەشەییانە و پێڵاو و گۆچانی پێداین.

فرانسیسکۆس ئەوی بینی و پێکەنی. پێیگوت:

– "ئێ هاوڕێی دێرین، دەبینم تەنێ پاڵتۆی گەرم بەس نییە، بەڵکو خوداش پێویستە!"

ڕۆفینیۆ سەری داگرت و گوتی: "برا فرانسیسکۆس بمبوورە، من ئەو کات کوێر بووم. مەبەستم لە کوێریی ئەوەیە تەنێ دونیای بینراوم دەبینی، بەڵام ئەوەم نەدەبینی کە لەودیویەوە خۆی حەشاردابوو. بەڵام کاتێک تۆ هاتیت و بۆ ساتێک لە ماڵەکەم مایتەوە، هەوای ماڵەکەم گۆڕا، پڕبوو لەدەنگی هاندەر و دەستیی بانگێشتکەر کە کێشیاندەکردم بێمە دەرێ و ڕێگە بگرمەبەر. ئیدی ڕۆژێک هات لەوەندە زیاتر

نەمتوانی ددان بەخۆدابگرم. دەرگای ماڵەکەم بەکراوەییی جێ هێشت، کلیلەکانم فڕێدانە ڕووبارەکەوە و هەنووکەش وا ئیدی هاتووم."

– "بەڵام هاوڕێی ئازیزم، ئاخر ئەم ژیانەی ئێمە گەلێک زەحمەتە، چۆن دەتوانیت لێرە بەرگە بگریت؟ ئۆه، حەیف بۆ ئەو کەسەی بەخواردنی خۆش و جلکی نەرم و گەرمایی ژن ڕاهاتووە!"

– "بەڵام برا فرانسیسکۆس سێجار حەیف بۆ ئەو کەسەی ناتوانێت خۆی لەخواردنی خۆش و جلکی نەرم و گەرمایی ژن دوورخاتەوە. برا فرانسیسکۆس دەس بەڕوومەوە مەنێ، گلم بدەرەوە!"

– "ڕۆفینۆی ئازیز، ئێمە شتێکی تریشمان هەیە، وەک بزانم تۆ لە زانکۆی بولۆگنا خوێندووتە و سەرت تەژییە بەپرسیار. بەڵام ئێمە لێرە پرسیار ناکەین، ئێمە تازە گەیشتووینەتە دڵنیایی. تۆ دەتوانیت بەرگەی برسێتیی و ڕووت وڕەجاڵیی و تەهارەت بگریت، بەڵام بڵێی بیرکردنەوەت بەبێ چ یاخیبوونێک بەرگەی ئەو دڵنیاییەی ئێمە بگرێ؟ ئەمە گەورەترین هەوەسە بۆ ئەو کلۆڵەی کە لەژێر درەختی ماریفەتدا دانیشتووە و مارەکە تامی گوێ و چاو و لێوی دەکا."

ڕۆفینۆ بێدەنگبوو.

فرانسیسکۆس بەهاوسۆزییەوە لە هاوڕێکەی ڕوانی و لێیپرسی: "ئێ، دەتوانیت؟"

نائومێدانە و بەئەسپایی وەڵامی دایەوە: "برا فرانسیسکۆس ناتوانم!"

فرانسیسکۆس ڕاچڵەکی و هاوڕێکەی لە ئامێز گرت. گوتی:

– "تۆ دەتوانیت! تۆ دەتوانیت! تۆ ئازایەتیی ئەوەت هەیە کە بڵێیت ناتوانیت، ئەمەش واتە تۆ دەتوانیت. ئاخر دڵ نێزیکترین شتێکە لە خوداوە، دووی کەوە، لە ئەقڵ گەڕێ، تەنێ دڵە ڕێگەی بەهەشت بەڵەدە. جلکەکانت داکەنە و جبە قەشەییەکەی ئێمە بپۆشە! ئەو جلکە شوانکارەییەت لەیادە کە بەئێمەت بەخشی؟ ئێمە دواتر لەسەر ئەوە، جبە قەشەییەکانمان دووری. ئاخر ئەوە ڕەنگی ئەرزە. دەی برا ڕوفینۆ ئەرز بپۆشە!"

***

ڕۆژێکی تر فرانسیسکۆس جحێڵێکی قۆزی لە گوندێک بینی کە جلکی مەخمەلی



لە بەردا و بەشمشێر و چەکمە و پەڕ بەکڵاوەوە و قژە لوولەکەی تازە شۆراو و بۆنی سابونی میسکی لێدەهات.

– "هێی ئەی جحێڵی قۆز، ئاخۆ هیلاک نەبوویت لە پۆشینی جلکی جوان و بادانی سمێڵت؟ ئیدی کاتی ئەوەیە گوریسێک لە ناوقەدتەوە بپێچیت و کڵاوێک بکەیتە سەرت و بەپێی پەتیی بەقوڕ و لیتاودا بڕۆیت. وەرە لەگەڵم من نازناوی سوارەی خوداوەندت دەدەمێ!"

کوڕەی جحێڵ سمێڵی بادا، لەو قەشە جلک شڕەی ڕوانی کە قسانی لەگەڵ دەکرد و ئیدی دایە قاقای پێکەنین.

وەڵامی دایەوە: "چاوەڕێکە تا دڵیشم با دەدەرێ ئەوسا دێم!"

سێ ڕۆژی نەبرد هات بۆ پورتیۆنکولا. سڕ وەک تەیرێکی مار پێوەداو، (ئانگیلۆ تانکرێدی) هات و بۆ خۆی بوو بەداوی خوداوە.

کڕنۆشی برد و دەستی فرانسیسکۆسی ماچ کرد و گوتی:"وا هاتم، ئیتر بەسە کە هێندەم جلکی جوان پۆشیی و سمێڵم بادا، لەگەڵ خۆت بمبە!"

بەڵام ئەو نەهەنگە زلە دڕندەیەی کە ئەویش بوو بەتۆڕی خوداوە، دوای چەند ڕۆژێک وەدیارکەوتەوە. من و فرانسیسکۆس لەبەر دەرگاکە دانیشتبووین لە پورتیۆنکولا، خۆر هێشتا ئاوا نەببوو، برایانیش هێشتا لەسواڵ نەگەڕابوونەوە، تەنها بێرناردۆ نەبێت، کە دوای ساتێک گەڕایەوە و خۆی بەسەر پای فرانسیسکۆسدا دا و داوای بەخشینی کرد، ئاخر ئەو هەر کاتێک کە دەچوو بۆ عیبادەت وای دەکرد، لەبەرئەوەی دڵنیا نەبوو ئاخۆ بەسلامەتی لە نوێژەکەی دەگەڕێتەوە یان نا.

فرانسیسکۆس لەفیکرەوە چوو. هیچیی نەگوت، تەماشای دەست و پای خۆیکرد و هەناسەی هەڵکێشا.

دوای بێدەنگییەکی درێژ گوتی: "برا لیۆن، کاتێک بیر لە ئازارەکانی مەسیح دەکەمەوە، پێم دەکەوێتە ژان، وەک بڵێی کونیان تێبووبێت، ژان ڕۆدەچێتە لەپی دەستمەوە وەک ئەوەی کونیان تێبووبێ. بەڵام کوان بزمارەکان؟ کوا خوێنەکە؟ کوا خاچەکە؟ ڕۆژێکی هەینی درێژ دێتەوە یادم لە جێگەیەکی نزیک کڵێسای قەدیس

ڕوفینۆ، ئەو ئەکتەرانەش لە ئاسیزیی بوون کە ئەو ڕۆژانە دەگەڕان و مێژووی عەزابەکانی مەسیحیان دەنواند. ئەو ئەکتەرەی ڕۆڵی مەسیحی یاریی دەکرد، بەتوندی بەسەر خاچەکەوە هەناسەبڕکێی بوو، ئەوانی تریش وایان دەنواند وی لە خاچ دەدەن. ئەوان ڕەنگی سووریان کردبوو بەدەست و پێی ئەکتەرەکەدا تا وا بنوێنرێ کە ئەوە خوێنە دەڕژێ. ئەو ئەکتەرەی ڕۆڵی مەسیحی دەبینی، ناڵەیەکی وەهایکرد کە سۆی بردە دڵەوە، من بەوە یەکسەر فرمێسک لەچاوانمەوە ڕژا، خەڵکەکە غەڵبەغەڵبیان تێکەوت، ژنان قیژاندیان و دایانە قوڵپی گریان، ئیدی نواندنەکە تەواوبوو. ئەو ئەکتەرەی دەوری مەسیحی دەبینی هات بۆ ماڵی ئێمە و دایکم خوانێکی بۆ ڕازاندەوە، لێکدا لێکدا سوعبەتی دەکرد و پێدەکەنی، ئاوی گەرمیان بۆ هێنا تا ڕەنگی سووری دەست و پای پێلێکاتەوە. من ئەوکات منداڵ بووم و تێنەدەگەیشتم مەسەلە چییە.

لە ئەکتەرەکەم پرسی: "ئەدی تۆ لە خاچ نەدرایت؟"

بەڵام ئەو بەپێکەنینەوە گوتی: "نە کوڕە بچکۆلەکەم، ئەوە هەمووی تەمسیل بوو، تێگەیشتیت. ئەوە تەمسیل بوو، من وامنواند کە لە خاچدەدرێم."

بەڵام من لە تووڕەییدا سوور هەڵگەڕام. پێمگوت: "کەواتە تۆیش درۆزنیت؟" وامگوت و دایکم لەسەر ڕانی داینیشاندم و گوتی:

" بێدەنگبە کوڕەکەم. تۆ هێشتا منداڵیت و تێناگەیت!"

بەڵام برا لیۆن من هەنووکە گەورەم، گەورەم و تێدەگەم. من لە خاچ نەدرام، بەڵکو بیر لە لەخاچدان دەکەمەوە، برا لیۆن ئاخۆ بڵێی ئێمەیش ئەکتەر نەبین؟"

هەناسەی هەڵکێشاو گوتی: "سەیری دەستم کە، سەیری پێم کە، ئەدی کوان بزمارەکان؟ ئاخۆ هەموو ئەم بەرخۆدانەی ئێمە تەمسیلە؟"

هەر هەمان لەو کاتەدا، زەلامێکی کەتە لەنێو درەختەکانەوە وەدیارکەوت، تەمەنی سیی ساڵێک دەبوو، جەستەیەکی بەخۆی هەبوو، نێوچەوانی کەوانیی و قژیشی وەک یاڵی شێر درێژ، پێی پەتیی، بەهەنگاوی قورس دەڕۆیشت. لەبەردەم فرانسیسکۆسدا ڕاوەستا، دەستی نایە سەر دڵی و سڵاوی کرد.

– "من بەدوای فرانسیسکۆسی ئاسیزییدا دەگەڕێم کە برایان کۆدەکاتەوە بۆ



دامەزراندنی فیرقەیەکی ئایینیی. من ناوم (ئێلیاس بۆباڕۆنێ) یە و خەڵکی (کورتۆنا) م. خوێندنی زانکۆم لە بۆلۆگنا تەواوکردووە، هەستدەکەم کتێب بەس نییە بۆم، دەمەوێ بەهۆی کارگەلی مەزنەوە لە دونیا بگەم."

فرانسیسکۆس وەڵامی دایەوە: "من ئەو کەسەم کە تۆ بەشوێنیدا دەگەڕێیت، بەڵام من برایانم کۆنەکردۆتەوە تا فیرقەیەکی ئایینیی دامەزرێنم، بەڵکو لەبەر ئەوە کۆمکردوونەتەوە تا هەمووان تێکۆشین بۆ ڕزگارکردنی ڕۆحی خۆمان. ئێمە خەڵکانی نەخوێنەوار و ساکارین، تۆیەک کە دەرچووی زانکۆیت دەتەوێ لەناو ئێمەدا چ بکەیت؟"

– "برا فرانسیسکۆس منیش دەمەوێ ڕۆحی خۆم ڕزگارکەم، ئاخر ئەو ڕۆحە بەکتێب ڕزگار ناکرێ. من چتی زۆرم لەبارەی ژیانی تۆوە زانیون و ئەو شتانە سەرنجیان ڕاکێشاوم. دەکرێ کەسێک نەخوێنەوار و ساکار بێ و شوێنپێی دڵ هەڵگرێ، لە ساتێکدا بۆی هەیە ئەو کەسە شتی وا بدۆزێتەوە کە هەرگیز ئەقڵ پەی پێنەبردووە. بەڵام برا فرانسیسکۆس ئەقڵیش پێویستە، ئەویش دیاریی خودایە کە بەئینسانی بەخشیوە، بەخشیویەتی بەو مەخلوقە گرانبەهایەی خۆی. ئەدی ئینسانی کامڵ کێیە؟ ئینسانی کامڵ ئەو کەسەیە کە لەنێوان دڵ و ئەقڵدا هاوگونجانی ڕۆناوە. ئەدی فیرقەی کامڵ کامەیە؟ فیرقەی کامڵ ئەوەیە دڵ دەکاتە بناغەو ئەقڵی لەسەر هەڵدەچنێ."

– "بێ ئەندازە جوان دەدوێیت هاوڕێی ناکاوم، بێئەندازە وەستایانە مێشکت چنراوە، من لەپێناوتا دەترسێم. تکات لێ دەکەم لە جێگەیەکی تر بەدوای ڕزگاربووندا بگەڕێ."

– "برا فرانسیسکۆس تۆ مافی ئەوەت نییە ڕۆحێک جوابکەیت کە ئەویش دەخوازێ هەمان ئەو ڕێگەی ڕزگاربوونەی تۆ بگرێتە بەر. باشە تۆ ئەو ڕێگەیەت بۆ کێ کردۆتەوە؟ تەنها بۆ نەخوێنەواران؟ بەڵام هەر خۆت نەتگوتووە کە خەڵکە خوێنەوار و لە زانکۆ دەرچووەکان پێویستییەکی زۆریان بەوە هەیە ڕزگارکرێن، چونکە خوێنەوارەکان شتیان زۆر گەرەکە و ڕێگەی زۆر دەکەنەوە، ئیدی ئەقڵ بەلاڕێدا دەیانبا کە دواجار نازانن کامەیان بگرنەبەر. برا فرانسیسکۆس، من متمانەم بەو

ڕێگەیە هەیە کە تۆ کردووتەتەوە."

فرانسیسکۆس بەپێ ئەرزەکەی هەڵکۆڵی و بێدەنگ بوو. ئێلیاس بەبێ ئەوەی ڕوخسەت بخوازێ لەبەر دەرگاکە لە لایەوە دانیشت.

لەبەرخۆوە گوتی:

– "چ تەنیاییەکە! چ ئارامییەک!"

خۆرئاوابوو، قەدی درەختەکان سوورهەڵگەڕان، تەیرەکان بۆ هێلانەکانیان گەڕانەوە، برایان لە سواڵ گەڕانەوە، کێدرۆ لای ئاگردانەکەوە دانیشت و دایگیرساند تا خواردن ئامادەکا. لەو ڕۆژەوەی کە هاتبوو ئەو چێشتی بۆ لێدەنایەن. بێرناردۆش بەدارستانەکەدا هاتەوە، وا ئەمڕۆیش بەزیندوویی لە نوێژەکەی گەڕابۆوە. بەڵام چاوانی پڕ بوون لە فرمێسک، وەک کوێرێک دەڕۆیشت و تەماشای دەکردین، بەڵام ئێمەی نەدەبینی.

ئێلیاس لەخۆرە ئاوابووەکەی ڕوانی و هەمدیس گوتی: "چ تەنیاییەکە! چ ئارامییەک!"

فرانسیسکۆس لای کردەوە و تەماشای ئەو میوانە نوێیەی کرد. من هەستم دەکرد چ ململانێیەک ناخی تەنیوە، وەک بڵێی مەزەندەی ئەوە بکا کە ئەم زەلامە کەتەیە پشێویی بخاتە ئەو برایەتییە ئارام و پڕ لە ئاسوودەیییەوە.

بێدەنگییەکی درێژ باڵی کێشا. لە ناکاوێکڕا کێدرۆ لای ئاگرەکەوە هەستا و دەستی بەیەکدا ماڵی.

گوتی: "برایان، لۆبیاکە کولاوە و وەرن بیخۆن، بەناوی خودا!"

فرانسیسکۆس هەستا و دەستی میوانە تازەکەی گرت، بەرەو ژوورەوە ڕێنوێنیی کرد و گوتی: "براینە خوداوەند هێزێکی نوێی بۆ ناردووین، برایەکی نوێ کە ناوی ئێلیاس بۆبارۆنێ یە و خەڵکی کۆرتۆنایە، هەستن و سڵاوی لێبکەن."

هەمووان چووینە ژوورێ و لەسەر ئەژنۆ لەسەر ئەرزەکە دانیشتین، فرانسیسکۆس نزیکی ئاگردانەکە بوو، کێدرۆ ڕۆیشت و خواردنەکەی تێکرد. لەبەرئەوەی برسیمان بوو، بەپەرۆشەوە کەوتینە خواردن. لە ناکاوێکڕا فرانسیسکۆس کەوچکەکەی دانا و



گوتی: "براینە ئەم لۆبیایە بێئەندازە بەتامە، لەبەرئەوەی جەستە بێئەندازە چێژ وەردەگرێ، ئەوە گوناهێکی گەورەیە، من مشتێک خۆڵەمێش دەکەمە خواردنەکەوە."

وایگوت و مشتێک خۆڵەمێشی لەئاگردانەکە دەرهێنا و کردیە دەفرەکەیەوە و ئەوجا هەمدیس کەوتەوە خواردن.

گوتی: "براینە بمبوورن، من لە ئێوە باشتر نیم، نا، بەڵام جەستەی من گوناهبارترە، نابێ لێگەڕێم یاخی بێ!"

ئێلیاس پرسیی: "برا فرانسیسکۆس بۆچی ئێمە ئەوەندە لەجەستە دەترسین؟ ئاخۆ ئێمە چ متمانەیەکمان بەگوڕی خۆمان نییە؟"

فرانسیسکۆس وەڵامی دایەوە: "نا برا ئێلیاس نیمانە!"

وای گوت و چنگێک خۆڵەمێشی تری کردە خواردنەکەیەوە.

***

ڕۆژی دواتر فرانسیسکۆس بەشادومانییەوە پێیگوتم: "ئەو لێوانەی وەعز بۆ پەیڤەکانی خوداوەند دەدەن ڕۆژ بەڕۆژ لەزیاد بووندان."

وەڵامیم دایەوە: "بەڵام ئاخر ئەو لێوانەیش کە دەیانەوێ بخۆن ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر و زیاتر دەبن، چۆناوچۆنی هەموویان تێر دەکەیت؟"

لە ڕاستیدا خەڵکی ئاسیزیی خەریک بوو بێزار دەبوون و ماندوو ببوون لە پێدانی خواردن بەو ژمارە زۆرەی سواڵکەرانی خوداوەند. بەیانییەکیان سەرەک قەشە بەنوێنەرێکدا پەیامی بۆ فرانسیسکۆس هەناردبوو کە دەیەوێ قسانی لەگەڵ بکا. فرانسیسکۆس خاچی کێشا و گوتی: "لە خزمەتیدام!" وای گوت و لای بۆ من کردەوە و گوتی:

– "برا لیۆن مەزەندە دەکەم سەرەک قەشە بیەوێ سەرزەنشتم کا، تۆیش لەگەڵم وەرە."

سەرەک قەشە لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو. بەپەنجەکانی دەنکی ڕەشی تەسبیحەکەی دەجووڵاند و ڕۆچووبووە نێو ئەو کێشە و گرفتانەی لە ئاسمان و لەسەر ئەرز گیرۆدەیان کردبوو. عیبادەت ڕۆحی کردبووە دوو کەرتەوە. ئاخر ئەو

کرابووە شوانی خەڵک و دەبوو چاوی لەو پەزانە بێ کە خودا بەئەمانەت پێی سپاردبوون. ڕەشەبرین نەخۆشییەکی سارییە و دەبوو ئەو ئاگای لەوەبێ هەر بەرخێک ئەو نەخۆشییە بگرێ، ئەوا لە بەرخەکانی تری جیاکاتەوە. هەروەها دەبێ لە لایەکی ترەوە بیر لەڕۆحی خۆیشی بکاتەوە، چونکە ئەو بۆ خۆیشی یەکێک بوو لە بەرغەلی خودا و دەبوو پابەندی شوانی گەورە بێ.

هەر کە فرانسیسکۆسی بینی، وا خۆی نوواند نارِازییە، بەڵام نەیتوانی هەستی خۆی حەشاردا. ئاخر ئەم ئیمانداره یاخییەی خۆشدەویست چونکە حاشای لە هەموو ئەو شتانە کردبوو کە خەڵکیی لەم دونیایەدا هۆگریین و هەموو ئەو شتانەشی قەبووڵ کردبوو کە خەڵکیی لەم دونیایەدا ڕقیان لێیەتی و لێی دەترسن: تەنیایی و هەژاریی و تەنانەت گوێی لە سوکایەتیکردنەکانی خەڵکیش خەواندبوو، بەجۆرێک کە بەپای پەتیی دەگەڕا و پەیڤی ئەڤینی بەگوێی خەڵکیدا دەدا.

دەستە قەڵەوەکانی ڕایەڵ کرد، فرانسیسکۆس نوشتایەوە و ماچی کرد. هەستایەوە و دەستی بەنیشانەی خاچ دانا و چاوەڕێی کرد.

سەرەک قەشە لەکاتێکدا زۆری لەخۆی کرد چەندێک دەکرێ دەنگی فەرمانده‌رانە بێ، گوتی: "کوڕەکەم فرانسیسکۆس، من دەبێ سەرزەنشتت کەم، زۆر شتم لەبارەی تۆوە بیستووە، هەموو ئەو شتانەی بیستوومن شتی باشن، تەنها یەکێکیان نەبێت کە بەدڵم نییە!"

فرانسیسکۆس گوتی: "حەزدەکەم بزانم ئەو شتە چییە. گەر ئەو شتە لە خوداوە بێت ئەوا تۆیش حەزی پێدەکەیت و دەبێ ڕووبدا، گوێڕایەڵیی پیرۆز کیژی گرانبەهای خودایە."

سەرەک قەشە کۆکی، لەناوەوەیڕا دەیهێنا و دەیبرد کە دەبێ چ بڵێ و چۆن ئەوەی دەیەوێ بیڵێ بەجۆرێک بیهێنێتە سەر زوبان کە فرانسیکۆسی پێ بریندار نەبێ.

دواجار گوتی: "فرانسیسکۆس، ئەو ئیماندارانەی دوات دەکەون ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندان، زانیومە هەموو ڕۆژێک ئەوانە دەڕژێنە شار و گوندەکانەوە و لە دەرگای مالان دەدەن و سواڵ دەکەن. ئەوە شتێکی ڕاست نییە. ئاخر هەموو خەڵکی ئێرە هەژارن، ئیدی چۆن دەتوانن و لە کوێیان بوو نانی ئێوەش بدەن؟"



فرانسیسکۆس سەری داگرت و هیچی نەگوت. سەرەک قەشە دەستی ڕایەڵ کرد و قورس دەستی خستە سەر ئەو ئینجیلە کراوەیەی لەلایەوە دانرا بوو.

ئەمجارە بەنەغمەیەکی تووڕە گوتی: "ئاخۆ بیرت چۆتەوە، بیرت چۆتەوە ئینجیل چ دەڵێ؟ ئینجیل دەڵێ ئەوەی ئیش نەکا نان ناخوا!"

فرانسیسکۆس لەبەرخۆوە گوتی: "ئێمە نوێژ دەکەین و پەیڤی خوداوەند ڕادەگەیەنین، ئەوە ئیشی ئێمەیە!"

بەڵام سەرەک قەشە گوێی لە فرانسیسکۆس نەبوو، درێژەی بەقسەکانی دا.

– "وەک سەرەک قەشەیەک و وەک باوکێک کە خۆشی دەوێی، دوو داواکاریم لەتۆ هەیە. هەموو ئەوانەی پێوەندیت پێوەدەگرن، داوایان لێبکە کار بکەن و لەسەر ئارەقە و ماندوویی خەڵکانی تر نەژین. پاشان مولْکێک بۆ خۆتان دابینکەن، بۆ نموونە کێڵگەیەک، ڕەزێک، باخێک، لەوێ ئیشکەن و ئەو بەرە بچیننەوە کە خودا هەموو ساڵێک دەیداتە ئیشکەران. مەبەستم لەوە نییە ئیش بکەن بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بن، خودا شتێکی لەو چەشنەی قەدەغە کردووە! بەڵکو مەبەستم لەوەیە ئێوە دەبێ ئیش بکەن تا نەبن بەبار بەسەر براگەلێکەوە کە ماڵ و منداڵیان هەن و چ شتێک لە خۆیان زیاد نییە تا بیدەنە سواڵکەران. کوڕی خۆم، هەژاریی تەواوەتیی دژی خودا و خەڵکییە.

ئەمە ئەوە بوو ویستم پێت بڵێم و هەرلەبەر ئەوەش بانگم کردیت بۆ ئێرە. ئێستاش ئەوەی کە پێم گوتیت بەوردیی بیری لێ بکەوە و وەڵامم بدەوە."

سەرەک قەشە پێڵووی لێک نا و سەری بەکورسییەکەوە دادایەوە. قسەکان ماندوویان کردبوو، تەسبیحەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە. من دانەویمەوە هەڵمگرتەوە و دامەوە دەستی. دەستەکانی نەرم و سپیی بوون و بۆنی بخووریان لێدەهات.

فرانسیسکۆس سەری هەڵبڕی. گوتی: "بەیارمەتیت دەمەوێ وەڵام بدەمەوە."

– "کوڕی خۆم فرانسیسکۆس، بەسەربەستیی بدوێ، دڵم لاتە!"

– "شەوێکیان گریام و بەخوداوەندم ڕاگەیاند ئەقڵم ڕۆشن کاتەوە و لێگەڕێ

بڕیارێک بدەم کە ئێمەیش ببینە خاوەنی کێڵگەیەکی بچووک وماڵێکی بچووک و دەخیلەیەک بەشتێک پارەوە بۆ کاتی پێویستیی، شتێک کە ئێمە بتوانین بڵێین هیی خۆمانە. ئەوسا خودا وەڵامی دامەوە: (فرانسیسکۆس، فرانسیسکۆس ئەوەی خانوویەکی هەبێ، ئەوا خۆی دەبێتە دەرگاو پەنجەرە، ئەوەی کێڵگەیەکی هەبێ، ئەوا خۆی دەبێتە عەرد، ئەو کەسەیشی ئەڵقەیەکی چکۆڵەی ئاڵتوونی هەبێ، ئەوا ئەو ئەڵقەیەی لێ دەبێتە تەڵەیەک و لە ملەوە دەیگرێ و دەیخنکێنێ!) خودا ئاوها وەڵامی دامەوە!"

سەرەک قەشە سوور هەڵگەڕا، دەیویست وەڵام بداتەوە، بەڵام وشەکان لەدەمە بێ ددانەکەیدا ئاڵۆزکان، دەمارەکانی ملی ئاوسان، قەشەیەکی کورتەباڵای یارمەتیدەر کە دەست بەنیشانەی خاچەوە ڕاوەستابوو، کەوتە خۆو پەرداخێک ئاوی پێدا. سەرەک قەشە هاتەوە سەر خۆی و ڕووی کردەوە فرانسیسکۆس.

– "کێ گەرەنتی ئەوە دەدا کە ئەوەی قسەی لەگەڵ کردوویت خوداوەند بووە؟ زۆر جاران کاتێک ئێمە نوێژ دەکەین، دەنگی خۆمان دەبییەین و وا دەزانین ئەوە دەنگی خوداوەندە. زۆر جاران شەیتان ڕوخسار و دەنگی خوداوەند هەڵدەگرێ و دێ و ڕۆحمان گومڕا دەکا. دەتوانیت دەست بەئینجیلدا بدەیت و سوێند بخۆیت کام دەنگێک لەو دەنگانەی لە نوێژەکەتدا هاتە گوێت دەنگی خۆت بووە و کامەشیان هی خوداوەند بووە؟"

فرانسیسکۆس ڕەنگی پەڕی، لێوە لەرەی پێکەوت.

لەبەرخۆوە گوتی: "نا، ناتوانم..."

وای گوت و ئەژنۆی نوشتایەوە و کەوتە سەر ئەرزەکە.

– "ڕوخسەتم بدە بگریم... وشەکانت وەکی نەشتەر دڵیان شەقارکردم. چۆناوچۆنی دەتوانم خودا لە فرانسیسکۆس و فرانسیسکۆس لە شەیتان جیاوەکەم؟"

ئەوجا ڕوخساری لە نێو دەستیدا شاردەوە و دایە قوڵپی گریان.

سەرەک قەشە بەزەیی پێیداهاتەوە، لەسەر کورسییەکەوە دانەوییەوە و ژێر باڵی گرت و هەڵیساندەوە.



به قەشە یارمەتیدەرەکەی گوت: "کوڕم، پەرداخێک شەراب بۆ میوانەکەمان بێنە، سێ پەرداخ شەراب بێنە، هەموومان بەسڵامەتی وی دەخۆینەوە."

فرانسیسکۆس لەنێو کورسییەکەدا ڕۆچوو. فرمێسکەکانی لەسەر گۆنا و ڕیشیی وشک کردنەوە.

گوتی: "بمبوورە، نەمتوانی ددان بەخۆدا بگرم."

قەشەی یارمەتیدەر لەسەر سینییەکی دارین سێ پەرداخ شەرابی هێنا.

سەرەک قەشە گوتی: "کوڕەکانم، شەراب خواردنەوەیەکی پیرۆزە، لەگەڵ نزای قەشەدا شەراب دەبێتە خوێنی مەسیح. فرانسیسکۆس، بەسڵامەتی تۆ دەخۆمەوە، بڕۆ و ڕەحمەتی خوداوەندت لەگەڵ بێت. من نامەوێ هەر ئێستا دەستوبرد وەڵامم بدەیتەوە. بیر لەو قسانە بکەوە کە بۆم کردیت، بەوردیی بیریان لێ بکەوە، پاشان وەرەوە بۆ لام و پێمبڵێ چ بڕیارێکت داوە. هەژاریی باشە، بەڵام تا سنوورێکی دیاریکراو، دەوڵەمەندیی باشە، بەڵام تا سنوورێکی دیاریکراو. هەموو شتێک، هەموو شتێک دەبێ بەپێوانە دەستی بدرێتێ. تەنانەت میهرەبانیی و تەقوا و قێز هاتنەوە لە شتە باشەکانی دونیا. کوڕەکەم هەموو شتێک کە پێوانەی بەزاند، ئەوا ئەوە خەتەری نزیکبوونەوەیە لەدۆزەخ. ئاگات لەخۆت بێ، خوداحافیز!"

فرانسیسکۆس ویستی دانەوێتەوە و هەمدیس دەستی سەرەک قەشە ماچکا و ئەوسا بڕوا، بەڵام ڕاوەستا، ئەوە دەنگێک بوو لە ناوەوەیڕا بەرز بۆوە و پێیگوت: "مەڕۆ، لێی مەترسە! وەڵامی بدەوە!"

فرانسیسکۆس گوتی: "دەنگێک لە ناوەوەمڕا بەرز بۆتەوە و هانم دەدا نەڕۆم!"

– "کوڕەکەم ئەوە چ دەنگێکە؟ بڵێی دەنگی شەیتان نەبێت؟ دەڵێ چی؟"

– "دەنگەکە دەڵێ: (شەیتان خەنیی دەبێ کاتێ دەبینێ خەڵکیی لە هەژاریی دەترسن. تاقە ڕێگەیەک کە بەرەو خوداوەندت دەبا ئەوەیە هیچت نەبێ، خاوەنی هیچ نەبیت. جگە لەوە چ ڕێگەیەکی تر بوونی نییە!)"

سەرەک قەشە هەنووکە تووڕە ببوو، دەستی کێشا بەئینجیلەکەدا.

گوتی: "شەیتان خەنیی دەبێ کاتێک دەبینێ تۆ بەرپەرچم دەدەیتەوە.

فرانسیسکۆس چ شتێکی تر مەڵێ، فەرموو بەڕێی خۆتا بڕۆ، خودا ڕوحمت پێبکا و دەستی خۆیت بەسەردا بهێنێ و شەفات بدا، ئاخر تۆ نەخۆشیت!"

فرانسیسکۆس دانەوێوە، دەستی سەرەک قەشەی ماچ کرد و پاشان چووینە دەرێ.

***

ئاسیزییمان جێهێشت و بەلای کلێسای قەدیس دامیانۆدا تێپەڕین و لە پۆرتیونکولا نزیک بووینەوە. بەدرێژایی ڕێگە چ قسەیەکمان لەگەڵ یەکدا نەکرد، فرانسیسکۆس لە دوو ڕێیانەکەدا ڕاوەستا.

گوتی: "قسەکانی قەشە کاریگەر بوون، برا لیۆن من دەمەوێ بەتەنێ بم. دەمەوێ بەلای چەپدا بەرەو کەناری ڕووبارەکە داگەڕێم و بچم بۆ ئەو گوندە گچکەیەی دارستان!"

– "ئاخر خەڵکی شەڕانگێز لەوێن، دەترسم برا فرانسیسکۆس ئازارت پێبگەیەنن."

– "منیش ڕێک لەبەر ئەوە دەچم بۆ ئەوێ، ئەی مەڕی خودا، ئاخر ناتوانم بەرگەی ئەم ژیانە خۆش و ئارامە بگرم."

بەتەنێ گەڕامەوە پۆرتیونکولا، ئیدی چ ئارەزوویەکم نەبوو بڕۆم و سواڵ کەم، منیش پێموابوو قسەکانی قەشە کاریگەر بوون و خودایە تۆبە هەروەها ڕاستیش بوون. بەڵێ، ئەوەی ئیش نەکا، نایشبێ نان بخوا، ئێمە دەبێ بکەوینە خۆ، کارێک بدۆزینەوە و بەو شێوەیەی خوداوەند فەرمانیداوە نانی خۆمان بەئارەقەی نێوچەوانمان پەیداکەین.

نیگەران لەبەر دەرگاکەی پورتیۆنکولادا ڕۆنیشتم. چاوەڕێ بووم ئێوارە دابێ و برایان بگەڕێنەوە، چاوەڕێ بووم ئێوارە دابێ و فرانسیسکۆس بگەڕێتەوە. دڵم ناڕەحەت بوو، نەدەبا بەتەنیا جێم هێشتبا، ئاخر خەڵکانی بەدخوو لەو گوندە گچکەیە هەن کە ئەمی بۆ چووە، ئەو خەڵکانە مورتەدن و دەشێ ئەزیەتی بدەن.

هەستامە سەرپا، خۆر هێشتا ئاوا نەببوو، بەپەلە ڕێگەی کەناری ڕووبارەکەم گرتەبەر، گەیشتمە ئەو گوندە شەڕانگێزە و چوومە ناو گوند. چ کەسێک لە گوندەکە نەدەبینرا. تەنها وەڕەی سەگ و قاووقیژ و دەنگی قاقای پێکەنین و هاوار هاوارم



هاتە گوێ. بەڕاکردن بەرەو ئاراستەی دەنگەدەنگەکە چووم. خودایە چیم بینی. پیاوان، ژنان و منداڵان فرانسیسکۆسیان خستبووە سەر لێواری بیرێک و کەوتبوونە بەرد بارانکردنی. فرانسیسکۆس دەستی بەنیشانەی خاچ دانابوو، خوێن لە سەرییەوە دەچۆڕا و جارناجار دەستی ڕایەڵ دەکرد و لەبەرخۆوە دەیگوت:

–" سوپاس مناڵەکانم، ئەوە باشە....." وایدەگوت و هەمدیس دەستی لەسەر سینگی دادەنایەوە.

هەر ڕێک لەو کاتەدا کە بەرەو پێشەوە تاوم دایە خۆم تا خۆم بخەمە بەردەمی و بیپارێزم، نەڕەیەکی دڕندانە لەودیو فرانسیکۆسەوە هاتە گوێ و هەمووان ئاوڕیان بۆ دایەوە. زەلامێکی کەتە، خەڵکەکەی لەسەر ڕێگەی خۆی لادا و فرانسیسکۆسی وەکی مناڵێک لە نێو باوەشیدا بەرز کردەوە و بەسەریدا نوشتایەوە.

– "فرانسیسکۆسی داماو، دەتەوێ بۆ کوێت هەڵگرم؟"

– "تۆ کێیت؟"

– "ناوم (ماسیۆ) یە، من ڕێنوێنم، هەموو دونیا دەمناسێ، دەتەوێ بۆ چ جێگەیەکت بەرم؟"

فرانسیسکۆس وەڵامی دایەوە: "بۆ پۆرتیۆنکولا، برا ماسیۆ منیش هەر ڕێنوێنم، بەڵام من خەڵکیی لەعەردەوە دەهێنم و بەرەو ئاسمانیان دەبەم!"

ماسیۆ، فرانسیسکۆسی کردە باوەش و کەوتەڕێ، منیش بەدوایاندا ڕام کرد، لای خۆرئاوابوون گەیشتینە پۆرتیۆنکولا. ماسیۆ فرانسیسکۆسی لەباوەشی داگرت و لەبەر دەرگاکە دانیشتین. بێرناردۆ لە قوژبنێکدا ڕاکشاو و نزایدەکرد، کاپێللۆو ئانگیلۆ لەسواڵ گەڕانەوە، ئیدی برایان یەک لەدوای یەک پا پەتیی و برسیی و گوریس لەناوقەد گرێدراو گەڕانەوە و ڕوخساریان بەبەختەوەریی پرشنگی دەدا. وردە وردە دونیا تاریکیی دەکرد، تاریکییەکی ئارام و چێژبەخش، تەیرەکان دەیانجووکاند و خوداحافیزییان لەڕۆشنایی دەکرد، ئەستێرەی ئێوارە بەئاسمانەوە دەدرەوشایەوە. ئێگیدۆ بەبێدەنگیی نوست. من ئاوم هێنا و برینەکانی فرانسیسکۆسم شت. برا کیردۆ داری لەنێوان دوو بەرددا دانا تا ئاگر بکاتەوە، جەنابی پێیترۆ و ڕۆفینۆ لەکەناری ڕووبارەکە پەلکی داردێمشتیان کۆکردبۆوە و ئەیکۆنەکەی خاتوونی

پاقیژەیان لە کڵێسا پێ دەڕازاندەوە.

***

فرانسیسکۆس لەناکاوێکڕا گوتی: "ئەم ئێوارەیە ئێمە زەماوەندی ئەڵقە لە پەنجەکردنمان هەیە. ماسیۆ دەتەوێ ببیتە شاهێدی زەماوەندەکە؟"

هەمووان بەسەرسوڕمانەوە لەفرانسیسکۆسیان ڕوانی. نەماندەزانی مەبەستی چییە. کاپێللۆ بەخۆشحاڵییەوە ڕاپەڕی و کڵاوەکەی گرت بەدەستییەوە و تەپوتۆزەکەی لێ تەکاند.

گوتی: "برا فرانسیسکۆس زەماوەند؟ زەماوەندی چی؟"

فرانسیسکۆس زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی: "لەڕێگە بێوەژنێکم بینی کە ساڵانێکە بەپای پەتیی و جلکی شڕ و زگی برسییەوە دەگەڕێ، تا ئێستا کەس دەرگای لێ نەکردۆتەوە و میهرەبانییەکی بەرامبەر نەنواندووە. برایان ئێمە ئیدی دەبێ دەرگای لێ بکەینەوە!"

برایان هاواریان کرد: "توو ناوی خودا برا فرانسیسکۆس باتێبگەین، مەبەستت کام بێوەژنە؟"

–" براکانم بێوەژنەکەی مەسیح دەڵێم، ئاوها دیقەتم مەدەن، بێوەژنەکەی مەسیح، هەژاریی دەڵێم. لە پێناوی ئەڤینی یەکەمین مێردیدا دەبێ بیکەمە هاوسەری خۆم."

ئەوجا هەستایە سەرپێ و تەماشای خۆی کرد.

گوتی: "وەکی زاوایەک خۆم گۆڕیوە، نامەوێ جلکی تر بپۆشم. ئەو جبە پینە پینەیە، ئەم گوریسە ئەستوورە گرێدراوە، ئەم پێوپلە پیس و پۆخڵانە، ئەم زگە بەتاڵە، ئیدی لەهیچم کەم نییە، هەروەها بووکێش لە چ شتێکی کەم نییە. دەی وەرن با بڕۆین، شاهێدی زەماوەند تۆیش وەرە تاجە گوڵینە بنێ سەرمان!"

فرانسیسکۆس پێشکەوت و ماسیۆش لەدوایەوە، پاشان ئێمە هەموومان چووینە کڵێساکەوە.

– "ئەی کوا باوکە سیلڤێستێر؟" فرانسیسکۆس وای گوت و چاوی بۆ گێڕا.

گوتی: "با ئەویش بێ و زەماوەندەکە بەرەکەتدا."



من گوتم: "ئەی بووکێ کوا؟ نایبینم!"

فرانسیسکۆس وەڵامی دامەوە: "تۆ نایبینیت برا لیۆن، تۆ نایبینیت لەبەر ئەوەی چاوانت کراونەتەوە. چاوانت لێک نێ ئەوسا دەیبینیت!"

لەبەردەم میحرابەکەدا کڕنۆشی بردو بەرەو لای ڕاست ئاوڕی دایەوە.

بەدەنگێکی ورووژاو گوتی: "ئەی خوشکە هەژاریی بەشکۆ و بەڕێز، ئەی خۆشەویستترین هاوسەری مەسیح، تۆ بەدرێژایی ژیانت بەوەفابوویت بۆی، هاوڕێی دلێری ڕۆژانی جەنگی وی بوویت و تا بەرپێی خاچەکە، تا قەبر لێی جوێنەبوویتەوە. من دەست ڕایەڵ دەکەم و لەڕێگەکان هەڵتدەگرمەوە، من دەتکەمە ژنی خۆم، دەی دەستتم بدەرێ!"

فرانسیسکۆس لەهەوادا دەستی بەرەو لای ڕاستی خۆی ڕاگرت.

ئێمە هەموومان بەرامبەر میحرابەکە کڕنۆشمان برد و بەسەرسوڕمانەوە لەو زاوا سەیرەمان دەنۆڕی و گوێمان بۆی ڕادێرابوو کە قسانی دەکرد و دەستی بۆ لای بووکە نەبینراوەکە ڕاگرتبوو.

چاوانم لێکنا و ژنێکی ڕەنگپەڕیوم لەنزیک فرانسیسکۆس و لە لای ڕاستییەوە بینی، جلکێکی شڕی ڕەشی پۆشیو و خانەدان وەکی شازادە بێوەژنێک. ماسیۆش لەبەردەمیاندا ڕاوەستاو و دوو تاجەدڕکی نایە سەریان. باوکە سیلڤێستێر مۆمێکی داگیرساوی بەدەستەوە و تەرتیلەی شادومانیی زەماوەندی دەچڕی.

چاوانم کردنەوە و ڕوانیم، ڕوخساری هەموو برایان پرشنگی دەدا، بڵێسەی ئاگری پیرۆز لە چاوانیانەوە هەڵدەقوڵی. بەیەک گوژم هەستاینە سەرپێ، دەستی یەکترمان گرت و بەجۆش و خرۆشەوە بەدەوری فرانسیسکۆس و بووکە نەبینراوەکەیدا کەوتینە گۆرانی و سەما. برا بێرناردۆ دایە خوڕەی گریان و برا کاپێللۆ کڵاوە بەناوبانگەکەی گرتبوو بەدەستەوە و لەهەوادا ڕایدەوەشاند و ئێگیدۆش لەلایەوە چەپڵەی لێدەدا. هەروا ماسیۆ زاتی کرد بلوێرەکەی لەبەر پشتوێنەکەی دەربێنێ، ئەو ڕاهاتبوو شەوانە کاتێک بەتەنێ بەڕێگەکاندا دەڕۆیشت، دەکەوتە بلوێر ژەنین، لەبەردەم فرانسیسکۆسدا کڕنۆشی برد و کەوتە ژەنینی ئاوازی خۆشی شوانان. هەنووکە ئەو کڵێسا پەڕپووتە وەکی پشتیرێک کە شوانەکەی زەماوەند دەکا دەنگیدەدایەوە،

مەریەمی پاقیژەش سەرسام و لەنێو ئەیکۆنەکەیەوە لەو زەماوەندە سەیرەی دەنۆڕی و زەردەخەنەی بۆ کوڕەکەی دەکرد و پێدەچوو پێی بڵێ: "کوڕەکەم، ئەو ئەڤینە هێند بەخوڕە کە ئیدی هاوڕێکانتی شێت کردووە، سەیریان کە چۆن بەبێ شەراب مەست بوون، بەبێ بووک بوونەتە زاوا، لە برسێتییدا تێر بوون، لە هەژارییدا دەوڵەمەند بوون. کوڕەکەم ئەوانە سنوورەکان دەبەزێنن، ئەوانە هەموو سنوورەکانی ئینسان دەبەزێنن، ساتێک و ئیدی دەبنە فریشتە، ئەویش لە ناوەڕاستیاندایە، دەیبینی؟ ئەوە فرانسیسکۆسی هاوڕێمانە، گاڵتەگێڕە ئازیزەکەی خوداوەند."

کاتێک لە کڵێسا دەهاتینە دەرێ، ئاسمان تەژی بوو بەئەستێرە. فرانسیسکۆس لە تاریکاییەکەدا بەرەو پێشەوە هەنگاوی دەنا و دەیویست تەنیا بێت. ئێمەش هەموو لەسەر ئەرزەکە ڕاکشاین و گوێمان بۆ شەو ڕادێرا.

چ نەدەدواین، ناو بەناو ئەو زەماوەندە سەیرەمان لەزەینماندا دەژیانەوە. یەکەمجار هەندێک لەبرایان خەریک بوو دەیاندایە قاقای پێکەنین، بەڵام وردەوردە ڕۆدەچووینە مانا نهێنییەکەیەوە، پێکەنین بووە فرمێسک و فرمێسکیش بووە بەختەوەریی. پێموابوو دەبێ ئەوانە لەبەهەشتا بگرین، دەبێ ئەوانە لەبەهەشتا پێبکەنن، بەختەوەریی دەبێ لە سەرەوە ئاوها بێ، بۆ چاوتروکانێک ڕۆحمان بەتاڵ بۆوە لە ئەقڵ و لە جەستەو ئیدی چ موحتاجی چەند ڕاستییەکی هەژارانەی ئاشکرا نەبوو، بەڵکو ڕۆحمان ببووە نەوڕەس کە لەزەریای خودادا مەلەی دەکرد و لەسەر شەپۆلەکان هەڵدەگڕا و دادەکشا و ڕەحمەتی خودا یار و یاوەری بوو.

فرانسیسکۆس ئەو شەوە نەگەڕایەوە، ڕۆژی دواتریش هەر نەگەڕایەوە. ئێمە دڵمان کەوتە ختوورە، بەڵام چمان نەگوت. ئێوارە داهات و هەمووومان لە دەرەوەی پۆرتیۆنکولا دانیشتبووین، هەریەکە ئەو خواردنانەی دەرهێنا کە کۆیکردبۆوە تا بیخۆین. من تیکەیەک نانم لەزارمنا، بەڵام بەقوڕگما نەدەچووە خوارێ. هەستامە سەرپێ.

گوتم: "من دەڕۆم و بەدوای فرانسیسکۆسدا دەگەڕێم!" وامگوت و ئیدی ڕۆیشتم.

ملی ڕێگەم بەرەو ئاسیزیی گرتەبەر و بەبناری سوباسیۆدا هەڵزنیم، وام مەزەندەکرد لەیەکێک لەئەشکەوتە ئازیزەکانیدا دەیدۆزمەوە، دڵنیابووم ئەلعان لەوێ



کرنۆشی بردووە و نزادەکا. هەستم دەکرد هەنووکە ساتەوەختێکی قورس دەگوزەرێنێ، سەرگەرمی جەنگێکە کە ناخیی وردوخاش کردووە، وی هەنووکە لەگەڵ خودادا چۆتە خەڵوەتەوە و داوای یارمەتیی لێدەکات.

دەمەو نیوەشەو گەیشتمە ئەوێ و دوو سێ ئەشکەوت گەڕام، لەو ئەشکەوتانەدا نەمدۆزییەوە. لە ناکاوێکڕا دەنگی گریانێکیم ژنەفت، گریانێکی ئارام و پڕ لە گلەیی، تەواوێک وەک گریانی منداڵێکی چکۆڵە. ئاخۆ ئەو گریانە لە کوێوە دەهات؟ لە تاریکاییەکەدا ڕوخسارێکی ڕەنگپەڕیو و دوو دەستم جیاوەکرد کە هەڵبڕدرابوون و دەجووڵان، هەناسەم لەخۆ بڕی و گوێ مڕادێرا، پێموابوو یەکێک دەئاخڤێ، پێموابوو فرانسیسکۆس لەگەڵ یەکێکدا دەئاخڤێ.

فرانسیسکۆس دەیگوت: "من دەزانم تۆ چیت دەوێ، من دەزانم تۆ چیت دەوێ، بەڵام ناتوانم!"

پاشان بێدەنگییەک باڵی کێشا. گوێم لەفرانسیسکۆس بوو قوڵپ قوڵپ دەگریا و سینگی خۆی دەکوتی، ئەوجا هەمدیس دەنگی هاتەوە گوێ:

– "من، منی بەنەفرەتکراو، چۆناوچۆنی بتوانم خەڵکی تر ڕزگارکەم؟ چ کەسێکی تر ناتوانێ تۆ نەبێت. خودایە ئەمە چ دۆزەخێکە، چ تاریکاییەکە، چ پۆخڵییەکە کە ناخی تەنیوم!"

هەمدیس بێدەنگیی باڵی کێشایەوە. وەک بڵێی فرانسیسکۆس گوێی بۆ وەڵامێک ڕادێرابێ.

حەزمدەکرد بکشێمەوە تا گوێم لەهیچ نەبێ، ئاخر ئەو دووانە لەگەڵ یەکدیدا دەدوان و شوورەیی بوو ئینسان خۆی بنێتەوە و بەدزێوە گوێ بۆ قسەی خەڵکانی تر ڕادێرێ. بەڵام جارێکی تریش دەڵێم من لادێییم و ئەو شتانە نازانم. هەر بۆیە بەدەمدا لەسەر عەردەکە درێژ بووم و گوێم ڕادێرا.

هەمدیس دەنگی فرانسیسکۆس هاتەوە گوێ، دەنگێک تەژی لە ترس.

– "لە گوناهەکانم دەبووریت؟ من پرسیاری ئەوەت لێ دەکەم کە ئاخۆ لە گوناهەکانم دەبووریت؟ ئەگەر نا خودایە چۆن بتوانم دەست پێبکەم؟ من چ متمانەیەکم نییە بەو تۆپەڵە پۆخڵییەی کە بەفرانسیسکۆس بانگی دەکەن."

ماوەیەکی درێژ تێپەڕی و گوێم لەهیچ نەبوو، نە دەنگی قسە و نە دەنگی گریانیش، هەروەها لە تاریکاییەکەدا نەیشمتوانی دەستەکانی ببینم کە دەجووڵێن.

بەڵام لە ناکاوێکڕا فرانسیسکۆس ناڵەیەکی کرد، ناڵەیەک کە سوێی دەبردە دڵەوە.

– "کەنگێ کاتی ئەوە دێت بڵێیت بەسە؟ ئاخر کەنگێ؟ کەنگێ؟"

بەگوڕێک هەستایە سەرپێ. ڕۆشناییەکی ڕەنگپەڕیو و لەرزۆک دزەی کردە ژووریٚ و گاشەبەردی دیواری ئەشکەوتەکەی ڕووناک کردەوە. فرانسیسکۆس هەنگاوێکی نا، بەهەڵە ڕۆیشت و سەری بەر گاشەبەردەکە کەوت، من بینیم خوێن بەهەنییەیدا چۆڕا، هاوارێکی کرد و ئیدی لێی چوومە پێش.

– "برا فرانسیسکۆس مەترسە، ئەوە منم، برا لیۆنم!"

سەری هەڵبڕی و تەماشای کردم، ماوەیەکی خایاند تا بینیمی، دواجار هەمدیس ناسیمییەوە.

بە ئەسپایی و بەهەناسەبڕکێوە گوتی: "برا لیۆن لەجەنگ بووم. ماندووم!"

لە ئەشکەوتەکە هاتینە دەرێ، قۆڵیم گرت تا نەبا بکەوێ.

هەنووکە ڕۆشناییەکە گەیبووە ترۆپکی چیاکە، دونیا بێدارببۆوە، فرانسیسکۆس ڕاوەستا.

پرسی: "بچین بۆ کوێ؟ بۆ کوێم دەبەیت؟ من ئێرەم باشە. برا لیۆن ماندووم... ماندوو!"

لە ترۆپکی چیاکەی ڕوانی کە ڕۆشنایی خۆی بەسەر بنارەکەدا پەخش دەکردەوە و بەرد و تەڵانی دڕک و خاک بێدار دەبوونەوە. کەوێک بەتوندی باڵەکانی لێکدا و بەقاسپەقاسپەوە بەلاماندا فڕی. ئەستێرەی بەیان لەخۆرهەڵاتدا سەمای دەکرد و زەردەخەنەی دەهاتێ.

هەمدیس گوتی: "ئێرەمان باشە، شەو تێپەڕی و سوپاس بۆ خودا بەسەر چوو!"

هەناسەیەکی هەڵکێشا. لەسەر بەردێک خۆی گرمۆڵە کرد و دەستەکانی ڕایەڵ کرد و لەبەر هەتاوەکە ڕایگرتن تا گەرمیان بێتەوە.

ئەوجا سەری هەڵبڕی و ئاماژەی بۆ کردم لەلایەوە دانیشم. لەملاولای خۆی ڕوانی



وەک بترسێ لەوەی نەبا یەکێک لەو ناوەدا بێ و گوێی لێمان بێ. ئەوسا دەستی نایە سەر ئەژنۆم.

بەئەسپایی گوتی: "برا لیۆن، خودا درەوشاوەترین ڕوخساری ئومێد و درەوشاوەترین ڕوخساری نائومێدیشە. لەنێوان ئەو دوو خەرەندەدا ڕۆحی ئێمە دەفڕێ و دەست دەگێڕێ!"

هیچم نەگوت. ئاخر چیم گوتبا؟ هەستم دەکرد فرانسیسکۆس زۆر لەدوورەوە هاتۆتەوە، لەو ترۆپکە بەرزانەوە شۆڕبۆتەوە خوارێ، لەوێوە بەپەیامی سەختەوە هاتۆتەوە.

دوای ساتێک گوتی:

– "برا لیۆن ئاخۆ پێڵاوەکانت ئاسنینە؟ هاوڕێی بەوەفام، تۆ دەبێ پێڵاوی ئاسن لەپێ کەیت. هاوڕێی کلۆڵم، ئاخر ڕێگەیەکی درێژو بەردەڵانمان لە پێشە!"

وەڵامیم دایەوە: "من پێی خۆم هەن کە لە ئاسنیش تۆکمەترن. دەخوازیت بۆ کوێم ببەیت؟"

فرانسیسکۆس زەردەخەنەی هاتێ.

– "برا لیۆن خۆت هەڵمەکێشە، من لە ڕێیەکی گەلێک دوورەوە هاتوومەوە، شتگەلێکی ترسناکم بینیون و بیستوون. گوێم بۆ ڕادێرە: گەر ترس بۆ فرۆشتن هەبێ، برا لیۆن ئەوا ئێمە دەبێ هەرچیمان هەیە بیدەینە ترس!"

لەبەرخۆوە گوتم: "تێناگەم!"

فرانسیسکۆس گوتی: "زۆر باشتر!"

وای گوت و هەمدیس بێدەنگ بۆوە.

***

هەنووکە چیاکە لە ڕۆشناییدا نوقووم ببوو. تەڵانە گیایەکی کێویی لەبەردەمماندا پشکوتبوو بەگوڵ و بۆنێکی خۆشی پەخش دەکرد. هەورێکی چکۆڵەی گوڵڕەنگ لە ئاسماندا مەلەی دەکرد و هێور هێور لەخۆردا دەتوایەوە و دیار نەدەما. تەیرێکی چکۆڵە بەپۆپنەیەکی سوورەوە هات و لەسەر بەردێک لە بەرامبەرماندا نیشتەوە، تەیرەکە کلکی بادەدا و بەدوودڵییەوە سەری بەهەموو لایەکدا دەجووڵاند و لە ئێمەی

دەنۆڕی. هەر کە ئێمەی بینی ناسینییەوە، ئازایەتیدایە بەر خۆی و یەکەمجار وەک بڵێی شەرمنانە خوێندی، بەڵام دواتر ملی درێژ کرد و لە چریکەیدا. لە ئاسمانی دەنۆڕی، لە خۆری دەنۆڕی، گەرووی ئاوسا، بونیادەم بەچریکەی مەست دەبوو، هەموو شتێک دیار نەدەما، تەنها ئەو و خوداوەند نەبێ، تەنێ دەنووکێکی بەچریکە و خوداوەند لە دونیادا مابوون.

فرانسیسکۆس چاوانی لێ کنا و گوێی ڕادێرا، تەرزە نیگەرانییەک کە بەوشە دەرنابڕدرێ و جۆرە هاواری شادومانییەک لەسەر ڕوخساری نیشت و لێوەلەرەی پێکەوت.

لە ناکاوێکڕا تەیرەکە لە چریکە کەوت. لە شەقەی باڵی دا و دیار نەما. فرانسیسکۆس چاوانی کردنەوە.

لەبەرخۆوە گوتی: "خودایە تۆبە، بۆ چاوترووکانێک خۆم لەبیرکرد!"

ئەوسا بەپەشۆکاویی هەستا.

– "برا لیۆن، دەی با بڕۆین!"

بەڕێگەکەدا شۆڕ بووینەوە.

گوتی: "چەندێک دڵت ئارام و خاوەن بڕیار بێ، کاتێک گوێ بۆ چریکەی تەیرێکی چکۆڵە ڕادەدێریت، ئیدی دڵت ڕادەچڵەکێ!"

بۆ ئەوەی بەئاسیزییدا نەڕۆین، ڕێگەکەمان گۆڕی و گەیشتینە پۆرتیۆنکولا.

کەس لەوێ نەبوو. برایان هەریەکەیان لە شوێنێک بوون و دەبوو بۆ ئێوارە بگەڕێنەوە.

فرانسیسکۆس گوتی: "برا لیۆن بچۆ مەرەکەب و پەڕەمووچ بێنەو بنووسە!"

چووم ئەشیای نووسینم هێنا و بەرامبەری لەسەر ئەژنۆ دانیشتم.

قۆڵیی ڕایەڵ کرد و فەرمانی دا: "بنووسە!" بۆ ساتێک بێدەنگ بوو، منیش پەڕەمووچ بەدەست و چاوەڕێ بووم.

– "بنووسە: (ئێستا ئیتر بەسە، بەشی خۆمم بینی! بەشی خۆم بەژێر درەختە گوڵکردووەکاندا ڕۆیشتم، بەشی خۆم ئاژەڵە کێوییەکان هاتن و دەستیان لستمەوە،



بەشی خۆم ڕووبارەکان خۆیان بۆ کردمەوە تا پیایاندا تێپەڕم، بەشی خۆم بەئاگردا ڕۆیشتم بەبێ ئەوەی بسووتێم! بەشی خۆم بینی. ئاخۆ دەبێ هەر لێرە بمێنمەوە و لە دڵنیایی و تەمبەڵیی و عەیش و نۆشدا بگەنێم؟ دەرگاکە واڵاکە و من دەچمە دەرێ! من فریشتە نیم، من مەیموون نیم. بەڵکو ئینسانم، ئینسان واتە جەنگاوەر، کرێکار، شۆڕشڤان. مەزنەندە دەکەم لە دەرەوەی ئێرە ئاژەڵگەلێکی کێویی هەبن کە قەپاڵ بگرن، ڕووبارگەلێک هەبن خەڵکیی نوقوومکەن، ئاگرگەلێک هەبن بسووتێن. دەخوازم بچمە دەرێ و بجەنگم! دەی دەرگاکە بکەوە و من دەچمە دەرێ!)"

فرانسیسکۆس ئارەقەی توێڵی سڕی. تەماشای ئەملاولای خۆی کرد نەبا کەسێک قسەکانی بژنەڤێ.

– "ئەوەی گوتم نووسیت؟"

– "ئا، نووسیم برا فرانسیسکۆس، بەڵام بمبوورە تێناگەم مەبەستت لە چییە؟"

– "قەیدی ناکا. کاغەزێکی تر دەربێنە و بنووسە: (سەرەک قەشە ڕاست دەکا. دەبێ ئێمەیش نانی خۆمان بەئارەقەی نێوچەوانمان پەیداکەین، دەبێ ئیشکەین، ئاخر ئەوە خواستی خودایە. بەڵام ئەی سەرەک قەشە بمانبوورە، ئێمە هەژاریمان کردۆتە هاوسەری خۆمان و ناتوانین لێی جیابینەوە.) بنووسە: (هەر برایەک پیشەیەک دەزانێ، دەبێ ئیش بکا، بەڵام نابێ ئەو ئیشە بێئابڕووانە بێ و ببێتە کۆسپی بەردەم ڕزگاربوونی ڕۆح. وەک کرێش دەبێ برایان هێندە وەرگرن کە بەشی ژیانیان بکا، هەرگیز پارەی زیاتر نا، پارە بەرد و زبڵە، بەڵام گەر ئیشەکەیان گوزەرانیانی بەڕێوەنەبرد، نابێ شەرمکەن لەوەی کە لەدەرگای ماڵان بدەن و سواڵ بکەن، چونکە ڕوحم ئەرکی یاساییمانە بەرامبەر هەژاران. خودی مەسیح شەرمیی نەکردووە لەوەی هەژار و غەریب بێ و لە سای ڕوحمی خەڵکانی تردا بژێت.

برایان بزانن نابێ ئێمە لە پێناوی شتی نائاشکرا و کاتیدا، وەک شتە خۆشەکانی دونیا، بەشی خۆمان لە بەهەشت بدۆڕێنین. کاتێک لەناو خەڵکانی ساکار و سووکایەتیپێکراو و هەژار و نەخۆش و گەڕو سواڵکەراندا دەبن، دەبێ خۆنەویست و دڵ و دەروون باش و ڕوخۆش بن.)

برا لیۆن بنووسە: (هەژاریی، گوێڕایەڵیی، تەهارەت و لەپێش هەموو شتێکیشەوە

ئەڤین، هاورێیانی مەزنی سەفەری ئێمەن. یەک کەس، شەو و ڕۆژ لە پێشمانەوە دەڕوا، ئەو کەسەش مەسیحە و دەبێ هەمیشە لێی بنۆڕین. گەر وی برسیی بێ، دەبێ ئێمەیش برسیمان بێ، گەر ئەو لە عەزابدا بێ، دەبێ ئێمەیش لەعەزابدا بین، گەر وی لە خاچ بدرێ، دەبێ ئێمەیش لە خاچ بدرێین، گەر وی زیندوو بێتەوە، دەبێ ئێمەیش ڕۆژێک زیندوو ببینەوە.)"

من هەر نووسیم و هەر نووسیم و کاغەزەکان ڕەش بوونەوە. فرانسیسکۆس پەڕەمووچەکەی هەڵگرت و بەدەستخەتێکی قەبە لەژێرەوە ناوی خۆی نووسی: "فرانسیسکۆس، هەژارە بچکۆلەکەی خودا."

گوتی: "ئەمانە یاساکانی ئێمەن، ئێستا لەسەرەوەی کاغەزەکە بنووسە: (بۆ باوکی پیرۆز، پاپا ئینۆسێنتیۆس.)"

بەسەرسوڕمانەوە لە فرانسیسکۆسم ڕوانی.

– "برا فرانسیسکۆس، ئێمە ئەمە بۆ پاپا دەنێرین؟"

– "نا برا لیۆن، ئێمە هەردووکمان دەڕۆین و ئەمەی بۆ دەبەین. ئەدی پای تۆ لە ئاسن نییە؟ ئەوەی من لە ئاسنە. ئێمە دەبێ بەپای پیادە، وەکی حاجییەکی هەژار بڕۆین بۆ ئەو شارە پیرۆزە، دەبێ ئێمە بەم دەستانەی خۆمان ئەم کاغەزە بدەینە پاپا، گەر حەز بکا ئەوا مۆری خۆی لێدەدا، گەر حەزیش نەکا، ئەوا خوداوەند مۆری خۆی لێدەدا. خوداوەند لەوبارەیەوە گفتی داومەتێ!"

– "کەنگێ دەڕۆین؟"

– "ئەم ئێوارەیە."

– "برا فرانسیسکۆس هەروا زوو؟"

– "ئۆف برا لیۆن، چەند جارت پێ بڵێم خوداوەند ناتوانێ چاوەڕێ بکا!"

کاتێک ئێمە دەدواین، برایان یەک لەدوای یەک هاتنەوە و هەمووان هیلاک و ماندوو، لەسەر ئەرزەکە دانیشتن.

برا بێرناردۆ بەچرپە بەوەی تەنیشتی گوت: "ئێمە کاتی خۆمان بەهەدەر دەدەین، واتە ئێمە ڕۆحی خۆمان دەدۆڕێنین کە بەدرێژایی ڕۆژ دەسووڕێینەوە و لە دەرگای مالان دەدەین، لەبری ئەوەی بەئارامیی کڕنۆش بەرین و نوێژ کەین. تاکەی برا



پێیترۆ، تاکەی؟"

جەنابی پێیترۆ گوتی: "تا ئەو کاتەی ئێمە دەممان هەیە و ئەو دەمەش خواردنی گەرەکە. بێرناردۆی ئازیز پشووت درێژ بێ!"

هەر لەوکاتەدا، هەمووان ڕوویان بەلای فرانسیسکۆسدا وەرگێڕا کە هەستابووە سەرپێ و خەریک بوو دەدوا.

فرانسیسکۆس ماوەیەک، یەکە یەکە لە برایانی ڕوانی، چاوانی تەژی بوون لەخەم و نیگەرانیی، ئەو دەیزانی شەیتان فێڵبازە، دەیزانی دڵی ئینسان خۆشباوەڕە و جەستەش چێژ ویست و دەسەڵاتی ڕەها ویستە.

گوتی: "برایانم، لە خوداوەندەوە پەیامێکم پێگەیشتووە، من دەبێ بۆ ماوەیەکی کەم جێتان بێڵم. ئێمە ئێستا ژمارەمان زیادی کردووە، ئێمە ئیتر بووینەتە فیرقەیەکی تەواو، دەبێ ئیتر یاساو بنەما بۆ خۆمان داڕێژین. من دەڕۆم بۆ ئەوەی بکەوم بەسەر پای سێبەرەکەی مەسیحدا لەسەر ئەرز و لێی بپاڕێمەوە کە ڕوحمی خۆیمان پێ ببەخشێ. خەمبار مەبن، ئێوە تەنیا نابن، من بەنەبینراویی شەوو ڕۆژ لە ناوتانا دەبم، ئاخر نەبینراو باشتر دەبینێ، باشتر دەبیستێ، باشتر خەیالاتی خەڵکیی دەخوێنێتەوە. بەڵام وریابن و فامیدە! ئەو شتانە لە یادمەکەن کە لە شەونخونییە پیرۆزەکانماندا لێیان دواوین. ئەوانیش: گوێڕایەڵیی، عیبادەت، هەژاریی و لەپێشی هەمووشیانەوە ئەڤین! مناڵەکانم، وەک دوا پەیامیش ئەمەتان پێدەڵێم: ئیتر سواڵ مەکەن، هەریەکەتان دەبێ کارێک پەیداکا، یەکێک لە نەخۆشخانە، یەکێک لە دارستان دار ببڕێ و بیفرۆشێ، یەکێک حەماڵیی بکا، یەکێک زەمیلە بچنێ، یەکێک پێلاو بدوورێ، یەکێک ئەرز بکێڵێ و ئەوە بچنێتەوە کە خوداوەند دەیبەخشێ. بەڵام ئەوەتان یاد نەچێ کە ئێمە هەژاریمان کردۆتە هاوسەری خۆمان و کەس نابێ خیانەتی لێ بکا، کاری ڕۆژانە دەبێ تەنیا خەرجیی ڕۆژانە پڕکاتەوە، ئەوەی لەوە زیاترە لە شەیتانەوە هاتووە. مناڵەکانم: تاعەت، هەژاریی، تەهارەت و ئەڤین! هەر کەسێک لە ئێوە بەهرەی ئەوەی تێدایە قسان بۆ خەڵک بکا، ئەوا با خاچ بکێشێ و بچێتە دەرێ. دوو دوو بەڕێگەکاندا بڕۆن، تا یەکێکتان دڵنەوایی ئەویترتان بکا، هەر کاتێک خەڵکی دەبینن ڕاوەستن، پەیامی ئەڤین ڕاگەیەنن، ئەڤینی پاقژ، بۆ هاوڕێیان و

بۆ دوژمن، بۆ هەژار و بۆ دەوڵەمەند، بۆ شەڕانگێز و بۆ میهرەبان، هەمووان زارۆکی خودان، هەمووان برای ئێمەن.

من باوکە سیلڤێستێر لە جێگەی خۆم دادەنێم. چەندێک لێرە نیم، گوێڕایەڵیی بن، ئەو قەشەی خودایە، ئەو قوداس لە بەردەم میحرابەکەدا دەخوێنێتەوە، ئەوە نان دەکاتە جەستەی مەسیح و شەرابیش دەکاتە خوێنی مەسیح. ئەو لە ئێمە لەخودا نێزیکترە.

باوکە سیلڤێستێر وا من برایان لای تۆ جێدێڵم، ئاگات لێیان بێت. گەر بەرخێک نەخۆش کەوێ، ئەوە خەتای شوانە، گەر بەرخێک لە پەرژینەکەوە بازبدا و لە پەچەکە هەڵبێ، ئەوە خەتای شوانە، باوکە سیلڤێستێر وریابە!"

ئەوجا باوەشی کردەوە و یەکەیەکە برایانی لە ئامێزگرت.

– "خوداحافیز براکانم، من تەنها برا لیۆن، ئەم مەڕەی خودا لەگەڵ خۆم دەبەم. ئەمشەو مانگەشەوە، ئەو ڕێگەیەی دەچێتەوە سەر ڕۆما ڕووناکە، ئێستا ئێمە دەکەوینە ڕێ. برا لیۆن خاچ بکێشە، بەناوی خودا!"

ئێگیدیۆ، ماسیۆ و بێرناردۆ دایانە قوڵپی گریان، ئەوانی تریش بەبێدەنگیی دەستی فرانسیسکۆسیان ماچ کرد. ڕۆفینۆ لە فرانسیسکۆس نزیک بۆوە و شتێکی بەگوێیدا چرپاند، بەڵام فرانسیسکۆس سەری بادا.

گوتی: "نا، نا برا ڕۆفینۆ، نە گۆچان و نە پێڵاو و نە نان، خودا هەموومان پێ دەبەخشێ. خوداحافیز مناڵەکانم!"

چەند هەنگاوێکی هەڵێنا، پاشان ئاوڕی دایەوە، چاوانی فرمێسکیان تێ زابوو.

گوتی: "ئێوە باب و دایک و برایانی منن، شەیتان ئاڵاکەی بەرزکردۆتەوە. خودا هاواردەکا: ئەی جەمعی ئیمانداران! گوێ بۆ دەنگی ڕادێرن! خودایە ئێمە وادێین، دەبێ هاوارکەن. برایانم ئازابن، ئەوە شەڕێکە لەنێوان خێرو شەڕدا، دەبێ خێر سەرکەوێ. برایانم ترس نییە، برسێتیی یان تینوێتیی یان نەخۆشیی یاخود مەرگ نین، تەنێ خودا هەیە!"

– "دەی با بڕۆین!" وای گوت و قۆڵی گرتم و بەپەلە بەڕێکەوت.

***

چ ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەو شەوەدا تێپەڕیون کە ئێمە خاچمان کێشا و کەوتینە



ڕێ. هەنووکە من لە هۆدەکەمدا دانیشتووم و چاوانم لێکناون و لە فیکرەوە چووم: چەند مانگ، چەند بەهار و هاوین تێپەڕیون و چەند تنۆکە فرمێسک ڕژاون! هەڵبەت هەنووکە فرانسیسکۆس لەبەر پای خوداوەنددا دانیشتووە، دانەویوەتەوە و لە عەردێ دەنۆڕێ، هەوڵ دەدا پۆرتیونکولا بدۆزێتەوە، بەڵام ناتوانێ، کڵێسایەکی گەورە بەبورج و ناقوسەوە، بەپەیکەر و مۆمدانی زێڕەوە شوێنی گرتۆتەوە! چیدی برایانیش بەپای پەتیی ڕێناکەن، بەڵکو پێڵاویان لەپێدا و جبەی گەرم و گوریان لەبەردا، هەندێکیشیان – خودایە تۆبە – گوریسی ئاوریشمیان لەناوقەدیان گرێداوە.

بۆ ساتێک بەژێر تریفەی مانگدا ڕۆیشتین. بیرم دێتەوە فرانسیسکۆس لە ناکاوێکرا ئاوڕی دایەوە و بەترسەوە لە پشتەوەی خۆی ڕوانی – وەک بڵێی زەنگی ناقوسی بیستبێ و کڵێسایەکی سێ نهۆمیی بینیبێ  هاوارێکی کرد و خاچی کێشا، پاشان کڵێساکە لەنێو تریفەی مانگدا دیارنەما. لەژێر لێوەوە گوتی: "سوپاس بۆ خودا، ئەوە ڕاست نەبوو!"

حەیفێک ئەوە ڕاست بوو برا فرانسیسکۆس، ئەوە ڕاست بوو! ئاخر چۆناوچۆنی دەتوانرێ واهیمە و خۆبەزلزانیی خەڵکی جڵەوکرێ؟ چۆناوچۆنیی تەقوا دەتوانێ بەسەر ئەرزدا بڕوا بەبێ ئەوەی پێوپلی قوڕاویی بێ؟

سەفەرەکەمان ڕۆژان و شەوانێکی زۆری خایاند. گەر بەڕێگەوە گۆرانیمان نەگوتبا، گەر لەبارەی خوداوە نەدوابایـن، گەر هەستمان نەکردبا کە مەسیح لەپێشمانەوە دەڕوا و ناوبەناو ئاوڕمان بۆ دەداتەوە و زەردەخەنەمان بۆ دەکا، باوەڕ ناکەم بمانتوانیبا بەرگەی ئەو هەموو زەحمەتە، ئەو هەموو برسێتیی و لەسەرمادا تەزینەی شەوانمان گرتبا!

دەچووینە گوندەکانەوە، برسیی دەبووین و لە دەرگاکانمان دەدان و سواڵمان دەکرد، هەندێجار یەکێک نانێکی دەداینێ، هەندێجاری تر بەردێک یاخۆ مشکێکی مردوویان دەنایە دەستمان و لە قاقای پێکەنینیان دەدا. بەڵام ئێمە هەر بەردەوام بووین. دۆعای خێرمان بۆ ئەو ماڵەش دەکرد کە خەراپ مامڵەیان دەکردین.

بەهار بوو، وەرزی شادومانیی خوداوەند. درەختەکان کەوتبوونە چرۆ کردن، دارمێوەکان شکۆفەیان کردبوو، دارهەنجیرەکان یەکەمین گەڵا ناسکە چکۆڵەکانی

خۆیان دەردەدا.

فرانسیسکۆس گوتی: "برا لیۆن ئەمە ڕۆژی مەزنە، بەهارێکە مردووان وەکی گوڵ لە ڕۆشناییدا زیندوو دەبنەوە!"

ڕۆژێکیان ڕێگەمان کەوتە گوندێکی گەورەوە. ئەو ئێوارەیە کوڕو کیژە جحێڵەکان ئاهەنگیان دەگێڕا و لەو ئاهەنگەدا پیرە زستانیان دەسووتاند. ئێمە دەچووین بۆ گۆڕەپانی گوند و لەوێ زستانمان لە ناوەڕاستدا دەبینی کە لەبەردەم کلێسادا دانرابوو، لە پەلکی وشکی درەخت و کا دروستکراو و ڕیشێکی درێژی لە لۆکە بۆ کرابوو. کوڕ و کیژە جحێڵەکان مەشخەڵی هەڵایساویان بەدەستەوە و بەدەوری زستاندا سەمایان دەکرد و گۆرانییە ئابڕووبەرەکانی بەهاریان دەچڕی. هەمووان شاگەشکە و خەنیی بوون، ئاخر ئەوانە جحێڵ بوون و خوێنیان قوڵپی دەدا، هەروەها شەرابیشیان خواردبۆوە، ئەوانە هەموو بوخچەی نەکراوە بوون و بەهار سینگ و گورچیلەیانی پەنماندبوو. ژندار و شووکردووەکان و بەتەمەنەکان بەدەوریاندا ڕاوەستابوون، تەماشایان دەکردن و پێدەکەنین.

فرانسیسکۆس لە گۆڕەپانەکە پاڵی دابوو بەدرەختێکەوە و تەماشای دەکرد. من چاوەڕێ بووم تووڕە بێ و قۆڵم بگرێ تا بەرێگەی خۆماندا بڕۆین، بەڵام بەچاوانێکی کراوە و پەرۆشەوە تەماشای دیمەنەکەی دەکرد.

گوتی: "برا لیۆن ڕەگەزی ئینسان نەگۆڕە، لەو کوڕ و کیژە جحێڵانە بنۆڕە، بنۆڕە چۆن ڕوخساریان پرشنگ دەدا، چۆن چاوانیان دەدرەوشێتەوە، بنۆڕە چۆن تەماشای یەکتری دەکەن، وەک ئەوەی بەیەکدی بڵێن: (تەنها من و تۆ لەسەر عەرد ماوین، دەی با پڕیکەین لە کوڕو کیژ!) برا لیۆن ئەوانە ڕێگەی خۆیان بەرەو لای خودا دەگرنەبەر، ئێمە لەڕێی هەژاریی و تەهارەتەوە، ئەوانیش لەڕێی خواردن و یەکتر لەئامێزگرتنەوە."

ڕێک لەو کاتەدا کە فرانسیسکۆس ئەو قسەیەی کرد، یەکێک لەجحێڵەکان، ئەوەی کە لەپێشەوە سەمای دەکرد، بۆ پێشەوە تاوی دا و مەشخەڵە هەڵایساوەکەی بۆ زگی زستان هەڵدا. هەر یەکسەر ئەو پیرەمێردە لە کا دروستکراوە ئاگری گرت، کڵپەی ئاگرەکە نێڵەی کرد و بڵێسەکەی هەڵگڕا و داکشا و زستانی کردە خۆڵەمێش. کوڕان



و کیژان هاوارێکی بەرزیان کێشا و مەشخەڵەکانیان فڕێ دا و بەدەم قیژە و هاوارەوە ڕێگەی خۆیان گرتەبەر و لە تاریکیدا بەگێژو وێژیی کەوتنە ڕاوەدوونانی یەکتر. گوندەکە تەژی ببوو لە پێکەنین و هەناسەبڕکێ.

فرانسیسکۆس دەستی گرتم. بەرەو کلێساکە کەوتینە ڕێ و لەژێر دەروازە کەوانەییەکەیدا هەڵترووشکاین.

پاڵی دا بەچوارچێوەی دەرگاکەوە تا بەو شێوەیە شەو بگوزەرێنێ. گوتی: "ئەمڕۆ ڕۆژێکی خۆش بوو، ڕوخسارێکی تری ئینسانی جەنگاوەرمان بینی، خۆزیا ئەویش بەر ڕەحمەتی خودا دەکەوت!"

***

بەیانی زوو هەمدیس ڕێگەمان گرتەوە بەر.

فرانسیسکۆس بەخۆشحاڵییەوە گوتی: "برا لیۆن ئەوە چ ئازادییەکە! ئێمە ئازادترین خەڵکی دونیاین، لەبەرئەوەی ئێمە هەژارترینیانین، ئاخر هەژاریی و ساکاریی و ئازادیی یەکێکن و هەمان شتن!"

هەمدیس کەوتینەوە گۆرانیی چڕین تا برسێتیی و ماندوویيمان لەبیربچێتەوە. بەڵام دڵی فرانسیسکۆس ڕۆژ دوای ڕۆژ سەغڵەتتر دەبوو. ئاخر بۆ هەر شار و بۆ هەر گوندێک دەچووین، شەیتان ئەوێی کردبووە زێدی خۆی. خەڵکەکەی کوفریان دەکرد و شەڕیان دەکرد و چەقۆیان لەیەکتری دەسویی و سەردانی کلێسایان نەدەکرد و خاچیان نەدەکێشا.

فرانسیسکۆس پێیگوتم: "برا لیۆن ڕۆحی ئینسان لە عیززەتی نەفسی خۆی تەوەللا بووە و چیدی لە خودا ناترسێ. شەیتان لە چوار ڕاکاندا ڕاوەستاوە، هەر قلافەتێکی بوێ لە خۆی دەگرێ و خەڵکیی گومڕا دەکا. گا لە قلافەتی قەشەیەکدا و گا لە شێوەی کوڕێکی قۆزدا و گا لە ڕوخساری ژنێکدا!"

ڕۆژێکیان لە شارێکی پیرۆز نزیک دەبووینەوە. پێدەچوو لای نیوەڕۆ بێت، بۆ ئەوەی هەناسەیەکمان بەبەردا بێتەوە لەژێر دار سەروویەکدا ڕاکشاین. خوێن بەپێوپلماندا دەچۆڕا، تۆزوخۆڵ بەرەو ژوور تا سەر ئەژنۆ و لەوێشەوە تاسەرو قژمان نیشتبوو، هەر لە بەیانییەوە لەبارەی عەزابەکانی مەسیحەوە دوابووین، گریابووین و چاوانمان

پەنماو و سوور هەڵگەڕابوون. هەر لەو کاتەدا کە پێڵوومان لێکنا و خەو ڕوحمی پێکردین و لەگەڵ خۆی بردینی، قەشەیەکی لەشساخ و و دڵخۆش، جووتێک پێڵاوی سووری لە پێدا و کڵاوێکی سووری لەسەردا، ڕیش تاشراو و بۆن لە خۆداو، زەلامێکی تا بڵێی جوان و جحێڵ، لە نێو دارسەرووەکانەوە هاتە پێشێ، ئیتر ئێمە نەماندەزانی ئاخۆ ئەو قەشەیە خۆی ئاوها بوو یان بەهۆی خەواڵووییمانەوە وامان دەبینی و بەو شێوەیە لەبەر چاوماندا خۆی نو اند؟

نزیکمان بۆوە و بەویقارەوە سڵاوی کرد. دەسەسرێکی ئاوریشمیی لەسەر بەردێک ڕاخست و لەسەری دانیشت.

گوتی: "براکانم، بەجبە شڕوپڕەکانتان و بەپێ پەتییەکانتانا وا مەزەندە دەکەم سەر بەفیرقەیەکی نوێی ئایینی زۆر سەخت و وشکوبرینگ بن و ئەلعانیش بۆ حەج بەرەو ڕۆما بەڕێوەبن."

فرانسیسکۆس وەڵامی دایەوە: "ئێمە براگەلێکی هەژارین، گوناهبارو نەخوێنەوار، لە توێژی ژێرەوەی خەڵکین، هەنووکەش دەڕۆین بکەوین بەسەر پای پاپادا و داوای ئیمتیازێکی لێ بکەین!"

– "چ ئیمتیازێک؟"

– "ئیمتیازی هەژاریی تەواوەتیی، هەژارییەک کە خاوەنی هیچ نەبیت، هیچ!"

قەشەی قەڵەو پێکەنی.

گوتی: "بە شڕوپڕیی جبەکانتانا هەست بەلووتبەرزیتان دەکەم. هیچ شتێک واتە هەموو شتێک، ئاخر ئەو دووە هەر یەکێکن، ئەوەی داوای هیچ شتێک بکا، ئەوا داوای هەموو شتێکی کردووە. ئەی ڕێوییە فێڵبازەکان، ئێوە باش ئەمە دەزانن، بەڵام خۆتان ئاوها پیشان دەدەن، بۆ ئەوەی بەبێ چ بەرهەڵستییەک و بەبێ ئەوەی کەس تێبگا، هەموو شتێک بۆ خۆتان لووشدەن!"

فرانسیسکۆس هەستایە سەرپێ، بەڵام هەمدیس لەژێر دارسنەوبەرەکەدا دانیشتەوە.

بەلێوەلەرەوە گوتی: "هەموو شتێک؟"



–" ئا هەموو شتێک. تۆ هەی فێڵباز خاوەنی هەموو شتێکیت، تۆ دەوڵەمەندترین کەسی دونیایت!"

– "من؟"

– "ئا، تۆ! لەبەر ئەوەی ئومێدت بەخودا بەستووە. بەڵام من دەخوازم تۆ ئەوەندە هەژاربیت کە ئیدی ئومێدی ئەوەت نەبێ بۆ کەرەتێکیش خوداوەند ببینی. دەتوانیت؟ دەتوانیت؟ ئەوەیە هەژاریی ڕاستەقینە، ئەوەیە زوهدی ڕاستەقینە، ئەوەیە باڵاترین تەقوا. دەتوانیت؟"

فرانسیسکۆس هاواری کرد و خاچی کێشا: "تۆ کێیت؟ هەی شەیتان لەسەر ڕێگەکەم لاچۆ!"

لە ناکاوێکڕا قەشە لەهەتاوەکەدا توایەوە و ئیدی ئێمە هیچمان نەبیست جگە لەپێکەنینێکی کپ و گاڵتەجاڕییانە کە دوور دەکەوتەوە و لەنێو دار سنەوبەرەکاندا دیار نەماو بۆنێکی وەک بۆنی قیر و گۆگردی لەهەوادا جێهێشت.

فرانسیسکۆس بەپڕتاو هەستایە سەر پێ.

گوتی: "هەستە با بڕۆین، سێبەری دارسەرووەکان قورسە. برا لیۆن ئاخۆ کەست بینی و گوێت لە کەس بوو؟"

– "بیستم و بینیم برا فرانسیسکۆس. دەی وەرە با بڕۆین!"

هەمدیس ملی ڕێگەمان گرتەوە بەر، بەڵام دڵی هەردووکمان بەتوندی لێیدەدا. تا ئێوارە فرانسیسکۆس یەک تاقە وشەی نەگوت، لەپێشەوە دەڕۆیشت و وەک بڵێی ڕابکا. هەمیشە و بەردەوام گوێم لێی بوو هەناسەی هەڵدەکێشا. دەمەو ئێوارە ئاوڕی بۆ دامەوە و بینیم ڕەنگی پێ نەماوە.

لەبەرخۆوە گوتی: "پێتوایە ئەو ڕاست بکا؟ پێتوایە ئەو سێ جار بەنەفرەتبووە ڕاست بکا؟ بەڵام ئەگەر ئەو ئومێدەش بدۆڕێنم، ئەوا مانای وایە خۆم دۆڕاندووە."

هەوڵێکی زۆرم لەگەڵدا تا دڵنەوایی بکەم. گوتم: "ئەوە قسەی شەیتان بوو، تەڵەی شەیتان بوو، فرانسیسکۆس نەکەویتە ناوی!"

بەڵام ئەو نائارامانە سەری لەقاند.

–" زۆر جاران قسەی شەیتان قسەی خوداوەندە. برا لیۆن زۆر جاران ئەو دووانە یەکێکن و یەک شتن. جاروبار خوداوەند شەیتان ڕەوانە دەکا تا خواستی خۆیمان پێ ڕابگەیەنێ!"

بێدەنگ بوو. بەڵام دوای ساتێک بەهەناسە هەڵکێشانێکەوە درێژەی بەقسەکانییدا:

–" ئەو ڕاست دەکا! هەژاریی ئێمە زۆر لە دەوڵەمەندیی دەچێ، لەبەر ئەوەی بەهەشتی لەقوولایی تابووتەکەیدا شاردۆتەوە. بەڵام برا لیۆن هەژاریی ڕاستەقینە، واتای ئەوە دەگەیەنێ کە دەبێ تابووتەکە تەواوێک تابنی بنەوە بەتاڵ بێت، نە بەهەشت و نە نەمرییش. هیچ شتێک، هیچ شتێک، هیچ شتێک!"

بۆ ساتێک بیری کردەوە و هەمدیس ژیانی تێ هاتەوە. ویستی شتێک بڵێت، بەڵام قسەکەی گەڕاندەوە. دواجار چەند وشەیەکی خەتەرناک لە زاری هاتنە دەر.

لەبەرخۆوە گوتی: "خوداوەند، گوڕی ئەوەم بدەرێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانم نکوڵیی لە ئومێد بکەم، نکوڵی لەئومێدی ئەوەی کە ڕۆژێک بتبینم! کێ دەزانێت، ڕەنگە ئەمە، ڕەنگە تەنها ئەمە هەژاریی تەواوەتیی بێ!"

فرمێسکەکانی دەنگیان تاساند. لەتری دەداو گرتبووم تا نەبا بکەوێ.

– "برا فرانسیسکۆس شتی وەها مەڵێ. ئاخر ئەوە لەهێزی ئینسان ئەولاوەترە!"

– "بەڵێ، بەڵێ، برا لیۆنی کڵۆڵ، ئەوە لەهێزی ئینسان ئەولاوەترە، بەڵام ڕێک لەبەر ئەوەیە کە خوداوەند داوایەکی ئاوها لە خەڵکیی دەکا، ڕێک لەبەر ئەوەیە. هێشتا لەوە تێنەگەیشتوویت ئەی هاوسەفەری کڵۆڵم!"

من تێنەدەگەیشتم و ناشمەوێ هەرگیز تێیبگەم. ئایا ئینسان سنووری نییە؟ ئایا خوداوەند خۆی ئەو سنوورانەی دانەناون؟ ئیتر بۆچی داوادەکا کە دەبێ ئێمە لەو سنوورانە تێپەڕێنین؟ باشە خۆ ئەو باڵی پێ نەداوین، ئیدی بۆچی داوامان لێ دەکا بفڕین؟ حەیفێک، خۆزیا باڵی دابایەنێ!

چووینە دارستانێکی چڕی سنەوبەرەوە، بەدرێژایی ڕۆژ خۆر لەپەلکی درەختەکانی دەدا، کەتیرە بەقەدی درەختەکاندا دەچۆڕا و بۆنی بەو ناوەدا پەخش کردبوو. لەسەر عەردەکە ڕاکشاین تا شەو لەوێدا بەسەربەرین. هەندێک نانمان پێ مابوو، بەڵام نە ئارەزووی خواردنمان هەبوو، نە ئارەزووی قسەش.



چاوانم لێکنان. بۆ نووستن نا، بەڵکو لەبەرئەوەی لەوە زیاتر نەمدەتوانی ڕوخساری فرانسیسکۆس ببینم. هەرگیز ترسێکی لەو جۆرەم بەڕوخسارییەوە نەبینیبوو. لێوی خۆی دەگەست، بەڵام من دەنگی ناڵەیەکم لەسینگیدا دەژنەفت، ناڵەیەک وەک ئەوەی لە ئاژەڵێکی کێویی بریندارەوە بێ.

ئەستێرەکان هەڵاتن و دەنگەکانی شەو لە ئەرزەوە بەرز دەبوونەوە، هەستم دەکرد وردە وردە خەریکە چێژی شەوم تێدەڕژێ و بەسۆزەوە ناخم دەپێچێتەوە. ئەستێرەیەک لە ئاسمانەوە کەوتە خوارەوە.

فرانسیسکۆس گوتی: "برا لیۆن بینیت؟" وای گوت و ئاماژەی بۆ ئاسمان کرد." ئەوە فرمێسکێک بوو کە بەگۆنای خوداوەند دا ڕژایە خوار. خوداوەند، ئاخۆ تۆیش دەگریت؟ باوکە تۆیش وەک من عەزاب دەچێژیت؟"

بێدەنگ بوو. ئەوجا بەشەکەتییەوە پاڵی بەدارسنەوبەرەکەوەدا. چاوانم لێکنان و خەریک بوو بەئارامیی لەخەودا ڕۆدەچووم، بەڵام دەنگی فرانسیسکۆس دەنوساو وەک بڵێی بتاسێ، ئیتر دەنگیم نەدەناسییەوە.

– "برا لیۆن، لێت دەپاڕێمەوە، بەتەنها جێم مەهێڵە، مەنوو! خەیاڵێکی ترسناک لەناوەوەمرا بەرزدەبێتەوە، نامەوێ بەتەنێ لە گەڵیدا بم!"

چاوانم کردنەوە و کاتێک دەنگیم ئاوها لەرزۆک هاتە گوێ ترسام.

– "برا فرانسیسکۆس چ خەیاڵێک؟ هەمدیس شەیتانە؟ بۆم بگێڕەوە تا ئارام بیتەوە!"

فرانسیسکۆس نوشتایەوە و دەستی نایە سەر ئەژنۆم.

– "ئینسان لە نەمامێکی چکۆڵە بۆتەوە، دەزانیت برا لیۆن ئینسان لە نەمامێکی چکۆڵەوە بۆتەوە. فریشتەکان و شەیتانەکان هەوڵ دەدەن لەو نەمامە چکۆڵەیەی بکەنەوە. ئەویش برسییە و تینوو، بەخوڕ ئارەقە لەجەستەیەوە دەڕژێ، خوێن بەخوڕ لەجەستەیەوە دەڕژێ، دەگری و کوفر دەکا، بەڵام هەر لێنابێتەوە. ئەو نەمامە چکۆڵەیە ناخوازێ لە عەرد، لەو تەڵە گیایە ببێتەوە کە بەعەردەوە گرێی داوە. برا لیۆن ئاخر نەمامێکی چکۆڵە، ئەویش بەهەشتێکە بۆ خۆی!"

بێدەنگ بوو، هەستم دەکرد هەموو جەستەی هەڵدەلەرزێ.

هەستامە سەرپا و کوتوپڕ هاوارم کرد: "ئەوە فرانسیسکۆس نییە دەدوێ، ئەوە فرانسیسکۆس نییە دەدوێ، بەڵکو ئەوە شەیتانە!"

وەڵامی دامەوە: "ئەوە فرانسیسکۆس نییە دەدوێ، ئەوە شەیتان نییە دەدوێ، ئەوە خوداوەند نییە دەدوێ، بەڵکو ئەوە ئاژەڵێکی دڕندەی بریندارە کە لە ناوەوەمڕا دەئاخڤێ!"

زارم کردەوە تا بدوێم، بەڵام فرانسیسکۆس دەستی ڕایەڵ کرد.

بەناڵینێکەوە گوتی: "زیاتر مەدوێ، بنوو، زیاتر مەدوێ!"

***

بۆ بەیانی کە خەبەرم بۆوە هەتاو کەوتبوو. فرانسیسکۆسم لەلامەوە نەبینی. لەژێر دارسنەوبەرێکەوە چووم بۆ ژێر دارسنەوبەرێکی تر و بانگیم کرد. لە ناکاوێکڕا چاوانم هەڵبڕی و فرانسیسکۆسم لە سەرەوە لەسەر پەلکی درەختێک بینی دانیشتبوو. لەنێو گەڵاکانەوە سەیری دوو پەڕەسێلکەی دەکرد کە بەجیکەجیکەوە دەفڕین و دەهاتنەوە و بەدەنووکیان گا پووشێک، گا تەڵی یاڵی ئەسپێک کە لە ڕێگەکەدا کەوتبوو، گا دەنکێک گڵیان بۆ چێکردنی هێلانەکەیان دەهێنا.

بانگیم کرد: "برا فرانسیسکۆس وەرە خوارەوە، وەرە خوارەوە خۆر کەوتووە. دەی با بڕۆین!"

وەڵامی دایەوە: "من ئێرەم باشە، بچین بۆ کوێ؟ ئێرە ڕۆمایە، ئێرە پاپایە، لێرە دەتوانم ڕوخسەتی ئەوە وەربگرم وەعز بۆ پەیڤی خوداوەند بدەم!"

هیچم نەگوت. بۆ ساتێک ترسام نەبا مامۆستاکەم ئەقڵی لەدەس دابێ. لەژێر دارسنەوبەرەکەدا هەڵتروشکام و چاوەڕێ بووم. هەمدیس دەنگی هاتەوە گوێم.

–" بۆ هیچ کوێیەک نایەم. من ڕوخسەتم لە پەڕەسێلکەکان وەرگرتووە، ئیتر چ پێویست ناکا پاپا ببینین!"

هەمدیس بێدەنگ بووم و چاوەڕێ بووم تا بەڵکو ئاگری خوداوەند لە ناوەوەیڕا دامرکێتەوە.



بۆ ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بووین. بۆ سێیەمین جار دەنگی بیسترایەوە.

– "برا لیۆن بۆچی شتێک ناڵێیت؟ " هەنووکە دەنگی ئارام و تەژی بوو لە سۆز.

وەڵامیم دایەوە: "برا فرانسیسکۆس من چاوەڕێم تا ئاگری خوداوەند لە ناوەوەتڕا دامرکێتەوە!"

ئەوجا لەنێو پەلکی درەختەکانەوە پێکەنی، پێکەنینێکی خۆشحاڵانە و گەش و مناڵانە.

– "برا لیۆن بۆچی چاوەڕێی ئەوە دەکەیت؟ هەتا من گۆشت و ئێسک بم، ئەو ئاگرە هەمیشە هەر دەسووتێ. ئەو ئاگرە یەکەمجار گۆشت و ئێسک دەخوا و پاشان دەکەوێتە خواردنی ڕۆح و ئەوجا دادەمرکێتەوە. برا لیۆن بۆچی چاوەڕێی ئەوەیت؟ بنۆڕە وا هاتمە خوارەوە!"

خۆی لەژێر پەلکەکاندا دانەواند و بازی دایە خوارەوە. ڕوخساری ئارام و دەدرەوشایەوە.

گوتی: "پێموایە، من لەمڕۆ بەیانییەوە لە زوبانی تەیرەکان دەگەم، گوێت لێیە؟ ئەوانیش لەبارەی ئەڤینی خوداوەندەوە دەدوێن."

– "برا فرانسیسکۆس کێ؟"

– "پەڕەسێلکەکان؟"

خەریک بوو لە قاقای پێکەنین بدەم، بەڵام یەکسەر ئەوەم هاتەوە بەخەیاڵدا کە ئێمە هەموومان چاو و گوێی ڕووکەشمان هەن. بەڵام فرانسیسکۆس لەناخیشیدا چاو و گوێچکەی هەیە. کاتێک تەیرەکان دەچریکێنن، ئێمە تەنێ دەنگی چریکەکەیان دەبییەین، بەڵام فرانسیسکۆس لە وشەکانیشیان تێدەگا.

لەژێر دارسنەوبەرەکەدا کڕنوشمان برد و نوێژمان دابەست، ئەوجا هەمدیس ملی ڕێگەمان گرتەوە بەر.

***

دڵم وەک کارژۆڵەیەکی تازە لەدایکبوو لنگەفرتێی بوو. ساڵەهای ساڵ بوو خەونم بەوەوە دەبینی بچمە ئەو شارە پیرۆزەوە، کە منیش لای مەرقەدی حەوارییەکانەوە

کرنۆش ببەم، کە لای ستونگەی کڵێساکەوە ڕاوەستم و ئەو تارماییە پیرۆزەی نوێنەری خوداوەند لەسەر ئەرز ببینم. دەڵێن ئینسان بەبێ لەچاوکردنی عەدەسەی خۆر ناتوانێ دەستی ببینێ.

ئێمە نزیک و نزیکتر دەبووینەوە، چەندێک نزیکتر باینایەتەوە، زیاتر ژاوەژاوی بەرزی ئەو شارە پیرۆزەمان دەژنەفت: دەتگوت بۆڕەی مانگایەکە لەساتی گۆلک زاندا، دەتگوت نەڕەی ئاژەڵێکی دڕندەیە لەساتی برسێتییدا. ناوبەناو دەنگی خەڵکی دەبیسترا، ئاوازی شەیپوور، زەنگی ناقوسەکان. بەڕێگە سەرەکییەکەدا پیاوانی زرێپۆش و ژنانی دەوڵەمەند بەسوار ئەسپی ڕەش و سپییەوە تێدەپەڕین و تۆزو خۆڵێکی زۆریان هەڵدەسان، گەرما بۆژۆکەر و هەوا تەژی بوو بەبۆنی تەرسی ئەسپ و بەبۆنی تەپاڵەی گا و بەبۆنی پیسایی ئینسان.

فرانسیسکۆس گوتی: "برا لیۆن، ئێمە ئێستا دەچینە ماڵەکەی (پێترۆس)ی حەواریی، ئەوەی کە دەیبینی و دەیبیستی، مانایەکی نهێنیی هەیە، وریابە! ئەو ژنە بەگزادانەت بینی کە لەپێشمانەوە بەسواری ئەسپی ڕەش و سپییەوە بوون؟ چاکەخوازیی و گوناهیش هەر بەو جۆرە، وەکو خانمانی بەگزادە دێن و دەچن!"

گوتم: "برا فرانسیسکۆس گوناه، گوناه لێرە لای پێترۆسی حەوارییش؟"

فرانسیسکۆس پێکەنی.

– "چەند سافیلکە و بێ ئەزمونیت و چەندم خۆش دەوێیت برا لیۆن! ئەی ئاخۆ پێتوایە گوناه لە کوێ هەیە؟ با گوناه لێرە، لەم شارە پیرۆزەش هەیە. لێرە شەیتان ڕووبەڕووی مەترسیی دەبێتەوە و لێرەدا سەربازەکانی کۆدەکاتەوە. دەی با خاچ بکێشین و لە دەروازەکە تێپەڕین، وا گەیشتین."

چووینە سەر جاددەیەکی پانوپۆڕ. پێچەوانەی ئەوەی کە پێی ڕاهاتبووین، خەریک بوو لەو شارە گەورەیەدا، کەڕ دەبووین بەقیژەقیژ و هاوار، بەوەڕینی سەگ و بەحیلەی ئەسپ. بازرگانان دەنگیان نووساو بەبانگهێشتکردنی خەڵک بۆ کڕینی شمەکەکانیان، ئەسقەفەکان بەسەر کەژاوەی ئاوریشمینەوە تێدەپەڕین و پاسەوانەکانیان پێشدەکەوتن تا ڕێگەیان بۆ بکەنەوە، ژنانی خۆئارایشتکردوو بەلاماندا تێدەپەڕین و تەواوی شەقامەکە بۆنی میسک و یاسەمینی دەگرت....



لەبەرخۆوە گوتم: "ئەوە گوناهەکانن!" وام گوت و چاوانم داگرت.

لە ناکاوێکڕا من و فرانسیسکۆس هاوارێکمان لێ هەستا. لە کۆتایی شەقامەکەوە کاروانێکی سەیر دەبینرا. پێنج شەش سوارەی ڕەشپۆش کەوتبوونە پێش کاروانەکە و فوویان بەشەیپوورە برۆنزییەکانیاندا دەکرد، بەردەوام و لێکدا لێکدا ڕادەوەستان و جارچییەکی وشترسوار بەدەنگێکی زل وەعزی دەدا و دەیگوت: "ئەی مەسیحییەکان، ئەی مەسیحییەکان، مەرقەدی مەسیح داگیرکراوە، بیر لەوە بکەنەوە و شەرم بتانگرێ! تاکەی کافران ژێر پێی بنێن و پۆخڵیکەن؟ برایان بەناوی خودا، چەک هەڵگرن و هەمووان بکەونە خۆ بۆ ڕزگارکردنی مەرقەدی مەسیح!" بێدەنگ بوو، ئەوجا هەمدیس فووی بەشەیپوورەکەیدا کردەوە. پاشان عارەبانەیەک بەکاوەخۆ هات کە چوار گای ڕەش ڕایاندەکێشا، لەسەر عارەبانەکە وێنەیەکی مەرقەدی مەسیح دانرابوو کە لە تەختە و چوارچێوەی ئاسن و پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگ دروست کرابوو، لەسەر ئەسپە دارینەیەکیش فیگۆرێک دانرابوو کە جلکی عارەبیی پۆشیو و ئاڵایەکی سەوز، کە هیلالێکی لەسەر وێنەکێشرابوو ڕادەوەشاند، ئەسپەکەش کلکی لەهەوادا بەرزکردبۆوە و تەرسی بەمەرقەدی مەسیحدا دەکرد. پاشان کۆمەڵێک ژنانی ڕەشپۆش لە دواوە بەقژی ژاکاو و بژەوە دەڕۆیشتن و سنگی خۆیان دەکوتی و شیوەنیان دەکرد.

کاروانەکە بەلاماندا تێپەڕی. لە گۆشەی جاددەکەوە داگەڕاو دیارنەما، بەڵام لە چاوانماندا هەر مایەوە و دەڕۆیشت و هەر دەڕۆیشت و کۆتایی نەبوو... فرمێسک لە چاوانمانەوە دەڕژا، شار لەبەر چاوماندا کاڵ دەبۆوە و ئیدی هیچی ترمان نەدەبینی جگە لە مەرقەدی مەسیحی پۆخڵکراو، هیچی ترمان نەدەبینی جگە لە ڕۆحی پۆخڵکراوی خۆمان.

فرانسیسکۆس بەدەم سڕینی فرمێسکەکانییەوە گوتی: " برا لیۆن ئێمە هێشتا شتی زۆرمان ماوە بیکەین، ئاخر ژیان کورتە، بڵێی فریاکەوین؟ براکەم تۆ چ دەڵێیت؟"

گوتم: "ئەم ژیانەی سەر عەرد هێشتا مانای خۆی هەیە، ئیدی بۆچی وەکو ترسنۆکێک لێی ڕاکەین؟"

فرانسیسکۆس بێدەنگ و لەفیکرەوە چوو. من خەنیی بووم کە قسەکەم بووە مایەی بیرکردنەوەی ئەو، ئاخر من ژیانم خۆشدەویست، ئەم نەمامە چکۆڵەیەم خۆشدەویست و حەزم نەدەکرد جێی بێڵم.

***

ئێوارە داهات. شەکەت و ماندوو لەو شەقامە باریکانەدا ڕاوەستاین و بەدوای جێگەیەکدا دەگەڕاین بتوانین لێی ڕاکشێین و بنووین. پیرەمێردێکی چکۆلانە بەڕیشێکی سپیی و تیژەوە کە ماوەیەک بوو شوێنپێی هەڵگرتبووین، لێمان نێزیکبۆوە.

گوتی: "بمبوورن، پێدەچێ غەریبە بن و وەکی منیش هەژار بن، گەر ئێوەیش وەک مەسیح شتێکتان نییە سەری بنێنە سەر، ئەوا لەگەڵ مندا وەرن."

فرانسیسکۆس گوتی: "خودا تۆی ناردووە، ڕێگەمان پیشان دە دێین."

بەجادە باریکە پیس و پۆخڵەکاندا ڕۆیشتین، جاددەگەلێک کە تەژی بوون بەخەڵکانی هەژار. منالانی پێ پەتیی خۆیان لە قوڕدا گەوزاندبوو، ژنان لەچەقی شەقامدا شتیان دەشت و چێشتیان لێدەنا، پیاوان دەستەوئەژنۆ دانیشتبوون و یاری تاوڵەیان دەکرد... ئەو پیرەمێردە گچکەیە بەپەلە لەپێشمانەوە دەڕۆیشت و ئێمەیش بەبێدەنگیی دوای کەوتبووین.

بۆ ساتێک فرانسیسکۆس دانەوێوە و بەگوێمدا چرپاندی: "بڵێی ئەمە کێ بێت؟ ڕەنگبێ مەسیح بێ کە ئاوها ڕوحممان پێدەکا!"

وەلامیمدایەوە: "ڕەنگبێ شەیتانیش بێ، با وریای خۆمان بین."

گەیشتینە میوانخانەیەکی داڕووخاو بەباخچەیەکی گەورە و بیرە ئاوێکیش لەناوەڕاستیدا. هۆدەی پەڕپووتی بێ دەرگا، وەک پەڵەی ڕەش دەوری باخچەکەیان دابوو، ئەو هۆدانە هەر لە ئەشکەوت دەچوون.

پیرەمێردی گچکە ڕاوەستاو سەیرێکی ئەملاولای خۆی کرد و بەرەو ژوورێکی بردین و چرایەکی لێ داگیرساند.

– "براینە لێرە دەتوانن بەدڵنیایی شەو بگوزەرێنن. ئەو شارە نەفرەتییە بەشەوان خەتەرناکە، خودا ڕوحمی پێکردن."



فرانسیسکۆس دیقەتی لە پیرەمێردە گچکەکەدا و لێی پرسیی: "براکەم تۆ کێیت؟"

پیرەمێرد لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: "ئێرە دوو سەکۆ و گۆزەیەک ئاوی لێیە، ئێستاش دەچم نان و زەیتوونتان بۆ دێنم و دوایی دەدوێین. ئێوە پێدەچێ خەڵکانی هەژار و ئیماندار بن، منیش هەروا هەژار و ئیماندارم، هەڵبەت ئێمە شتمان زۆرە کە بەیەکدی بڵێین. تاوێکی تر دەگەڕێمەوە لاتان!"

وای گوت و لە تاریکایی باخچەکەدا بزر بوو.

تەماشای فرانسیسکۆسم کرد.

گوتم: "ئەم پیرەمێردە ناچێت بەدڵمدا، لە میهرەبانییەکەیدا مەبەستێکی شاراوە هەیە."

دوو حەسیر لەسەر ئەرزەکە ڕاخرابوون، لەمیانەی خاچێکی بچووکەوە کە بەبەرزاییەوە هەڵواسرابوو، چەند ئەستێرەیەک دەبینران. هەنووکە ئیدی شەو داهاتبوو.

پیرەمێردە گچکەکە بەنان و زەیتوونەوە گەڕایەوە، دوو هەناریشی پێبوو.

گوتی: " براینە، لە ولاتەکەی من مەسەلێک هەیە دەڵێ: (شتێکی کەم و ئەڤینی زۆر. خۆشهاتن!)"

خاچمان کێشا و کەوتینە خواردن. پیرەمێرد دانیشتبوو لەسەر ئەژنۆ و تەماشای دەکردین.

کاتێک لەخواردنەکە بووینەوە و شوکری خودامان کرد، بەرلەوەی پیرەمێردەکە فریاکەوێ پرسیارکا، فرانسیسکۆس ئاخافت:

– "ئێمە دوو برای هەژارین، هەروەها برای تریشمان هەن، بەستایشکردنی خوداو سواڵ دەژین. ئێمە نامانەوێ خاوەنی چ شتێک بین، وا ئێستایش هاتووین بۆ ئەم شارە پیرۆزە، تا داوای ئیمتیازێکی گەورە لەنوێنەری خودا بکەین، ئەویش ئیمتیازی هەژاریی تەواوەتییە. ئێستا پیرەمێرد تۆ هەموو شتێکت لەبارەی ئێمەوە زانی، هەنووکە نۆرەی ئێمەیە گوێت بۆ ڕادێرین."

پیرەمێردە گچکە کۆکی و ڕیشی لە دەستیدا گوشیی. تاوێک بێدەنگ بوو، دواجار

زاری هەڵێنا و گوتی: "ئێوە ئیعتیرافتان کرد و منیش ئیعتیرافتان بۆ دەکەم. خودا شاهیدمە و هەموو ڕاستییەکەتان پێدەڵێم. من خەڵکی (ڕۆڤێنسێ)م و لایەنگیری فیرقەی ئایینی کاتارێنا(*)م کە یەکێکە لە فیرقە واقیعییەکان و بەدڵنیاییەوە دەبێ ناویتان بیستبێ. ئێوە هەژارییتان خۆشدەوێ، هەروەها ئێمەیش. بەڵام لەسەروو هەموو شتێکەوە ئێمە تەقوا و تەهارەت و پاک و خاوێنیمان مەبەستە، هەر لەبەر ئەوەشە کە بەکاسارییەکان(**) یش بانگمان دەکەن. ئێمە ڕقمان لە مادده و چێژ و ژنە، گەر ژنێک لەسەر سەکۆیەک دانیشێ، ئەوا ئێمە هەرگیز لەسەری دانانیشین، ئەو نانەی ژنێک بیبرژێنێ هەرگیز نایخۆین. ئێمە ژن ناهێین، مناڵ بۆ دونیا ناخەینەوە، گۆشت ناخۆین، لەبەر ئەوەی گۆشت لەمیانەی جووتبوونی دوو مەخلوقی نێرو مێوە دروست دەبێ. شەراب ناخۆینەوە، خوێنی کەس ناڕێژین، کەس ناکوژین، ناچین بۆ شەڕ. حەز ناکەین چ شتێ لەبارەی ئەم دونیایەوە بزانین، لەبەر ئەوەی ئەم دونیایە دونیایەکی بێ ئابڕوو، درۆزن، لەرزۆک و تەڵەیەکە کە شەیتان ناوێتییەوە. چۆن دەبێ خودا ئەم دونیایەی خوڵقاندبێ. نا، ئەوە ئیشی خوداوەند نییە، بەڵکو ئەوە ئیشی شەیتانە. خوداوەند تەنها دونیای ڕۆحیانەتی خوڵقاندووە و شەیتانیش دونیای سەر ئەرز کە تیایدا ڕۆحمان بەسەر یەکدا وێران دەبێ و دەتاسێ... لێگەڕێ با لەو دونیایە هەڵبێین تا ئازاد بین! بەڵام چۆن؟ بەخێر بێت مەرگ، بەخێر بێت فریشتەی ڕزگاربوون!"

هالەیەک بەڕوخساری ئەو پیرەمێردەوە پرشنگی دەدا. هەوای دەوراندەوری سەری دەدرەوشایەوە.

فرانسیسکۆس سەری لەنێو دەستەکانیدا شاردبۆوە و گوێی ڕادێرابوو.

پیرەمێرد بەورووژاوییەوە درێژەی بەقسەکانی دا: "مەرگ چییە؟ فریشتەیەکی دەرکەوانە. مەرگ دەرگاکەمان لێ دەکاتەوە و ئیدی دەچینە نەمرییەوە!"

---

(*) فیرقەیەکی مەسیحیی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپای خۆرئاوایە، بیروباوەڕی لە مەزەبی گنۆستیسماکیستەوە هەڵگۆزیوە، ئەوان پێیان وایە کە مادده شەڕە و مەعریفەی ڕۆحیی ڕێگەی ڕزگاربوونە. وەرگێڕی سوێدی

(**) لە کاسارۆسەوە هاتووە کە وشەیەکی گریکییە و بەمانای پاکژ دێ.



فرانسیسکۆس سەری هەڵبڕیی، بۆ ساتێک ڕوخساری تاریک داهات، وەک بڵێی باڵی مەرگ بەژوور سەریدا تێپەڕیبێ.

گوتی: "بمبوورە پیرەمێرد، پێموایە تۆ گەلێک ڕقت لە دونیا دەبێتەوە، ئاخر دونیا کەناڵێکە کە ئێمە لێی پەڕیوینەوە تا گەمە بکەین و بجەنگین، تا تێیدا جەستە بکەین بەڕۆح. تەنها ئەو کاتەی کە هەموو شتێک دەبێ بەڕۆح، ئەوجا ئیدی ئەم دونیایە پێویست نییە و نۆرەی مەرگە کە بێت، نەک بەر لەوە. ئاخر ئێمە دەبێ لە خودا بپاڕێینەوە کاتمان بداتێ تا جەستە وێران کەین!"

پیرەمێردی گچکە سەرسەختانە وەڵامی دایەوە: "تەنها مەرگ دەتوانێ جەستە وێران کا!"

فرانسیسکۆس گوتی: "ئەی باشە کە وایە ئینسان چ بەهایەکی هەیە؟ ئێمە، ئێمە دەبێ جەستە وێران کەین نەک مەرگ!"

فرانسیسکۆس هەستا، چراکەی لەسەر تاقەکە داگرت و لەڕوخساری پیرەمێردەکەی نزیک خستەوە.

بەترسەوە لێی پرسیی: "تۆ کێیت؟ قسەکانت خەتەرناک و لە خشتەبەرن و شەیتانیش هەر ئاوها دەدوێ، من دەمەوێ بەڕێگەی خۆمدا بڕۆم."

ئەوسا ئاوڕێکی دایەوە و ئاماژەیەکی بۆ کردم و گوتی: "برا لیۆن، وەرە با لێرە بڕۆین!"

ئاخر بۆ کوێ ڕۆیشتباین؟ من خەوم دەهات و جووڵەم بۆ نەدەکرا.

گوتم: "برا فرانسیسکۆس، ئاخۆ پێتوایە شتێکی زیرەکانە و ئازایانە بێت ئێستا بڕۆین؟ لێگەڕێ با لێرە بمێنینەوە، بۆچی لێی دەترسیت؟ لێگەڕێ با لەبارەی ئەو ڕێگەیەوە بدوێ کە بۆ لای گەیشتنە لای خودا هەڵیبژاردووە. خۆ ڕێگەکان زۆرن!"

فرانسیکۆس لەبەر دەرگاکەدا ڕاوەستا و لە شەوی نۆڕی. هەراوزەنای شار هێور ببۆوە. ئەستێرەکان بەژوور عەردەوە هەڵواسرابوون و دەلەرینەوە. پەپوویەک لەو خانووە وێرانەدا هەناسەی هەڵدەکێشا.

گەڕایەوە، لەسەر حەسیرەکە دانیشت و پشتی بەدیوارەکەوەدا.

لەبەرخۆوە گوتی: "ڕێگاکان زۆرن، زۆر......" وای گوت و ئەوسا بێدەنگبوو.

پیرەمێردەکە هەستایە سەر پێ.

گوتی: "پێتان خۆشبێت یان نا، وشەکانم چووە گوێچکەتانەوە، ئەو وشانە هێدی هێدی بەناوەوەتانڕا دەڕۆن تا دەگەنە دڵتان. من قسەی خۆم کرد، من تۆوی خۆم وەشاند و ئەوەی دەمێنێتەوە لەئەستۆی خوداوەند دایە."

وایگوت و ئەوسا لە تاریکایی باخچەکەدا دیار نەما.

ئێمە بەتەنێ ماینەوە و چراکەمان کوژاندەوە. بۆ ماوەیەکی درێژ هیچمان نەگوت. چاوانم لێکنا تا بنووم، بەڵام دەنگی فرانسیسکۆسم میهرەبان و ئارام و خەمین هاتە گوێ.

– "برا لیۆن، متمانەم بەدڵی تۆ هەیە، بدوێ! "

وەڵامیمدایەوە: "برا فرانسیسکۆس، ئەرز بەخشندەیە و قسەی ئەو شەیتانە پیرە نەچێ بەگوێچکەتا. من دەخوازم جەستەم بەکیسەڵێکەوە ببەستم و چەندێک دەکرێ هێور هێور بەسەر ئەرزدا سەفەر بکەم، لەبەر ئەوەی ئەرزم خۆشدەوێ. خودایە تۆبە، جوانیی بەهەشت جوانییەکی بەلێشاوە، بەڵام بۆنی دارچواڵە لە بەهاراندا......!"

فرانسیسکۆس بەدەم ڕاکشانەوە گوتی: "شەیتان دوور کەوە! ڕۆحی من ئەم ئێوارەیە کەوتە داوی دوو هەوا و هەوەسەوە، ئەلعان بنووە!"

لەمە چاکترم نەدەویست. چاوانم لێکناو یەکسەر خەو بردمییەوە. بەیانیی کاتێک خەبەرم بۆوە، فرانسیسکۆسم بینی لەبەر دەرگاکەدا لەسەر ئەژنۆ دانیشتووە و بەنەشوەوە گوێی بۆ دونیا ڕادێراوە کە خەریک بوو خەبەری دەبۆوە.

***



## حەوت

هێشتا دوای تێپەڕینی ئەو هەموو ساڵانە، کاتێک بیر لەو شارە پیرۆزە دەکەمەوە، سڕ دەبم. هێشتا فرانسیسکۆس دەبینم لەسەر کورسییەکی نزم لە ژووری چاوەڕوانیی دانیشتووە و چاوەڕێ دەکا تا دەرگاکە بکرێتەوە و بچێتە لای پاپا. ڕۆژێک، دووان و سیان، ئێمە هیلاک و برسیی و پێ پەتیی هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارێ لەوێ دادەنیشتین. ئەسقەفەکان، کاردیناڵەکان و خانمە بەگزادەکان بەجلکی ئاڵووالاوە دەهاتن و دەڕۆیشتن. فرانسیسکۆسیش لەسەر کورسییە گچکە هاکەزاییەکەی نزای دەکرد و چاوەڕێ بوو.

سێیەمین ڕۆژ بەبێزارییەوە گوتم: "خۆ گەر مەسیح بووایە بینینی هاسانتر بوو!"

وەڵامی دامەوە: "زۆر بەشکۆیە، ڕوخساری پاپا زۆر لە بالاوەیە، سێ ڕۆژمان تێپەڕاندووە و سبەینێ دەیبینین، خەونم بینیوە، برا لیۆن حەوسەڵەت هەبێ!"

لەڕاستیدا سێیەمین ڕۆژ، قەشە گچکە دەرکەوانەکە ئیشارەتێکی بۆ کردین. دەرگاکە کرایەوە. فرانسیسکۆس خاچی کێشا، بۆ ساتێک بێ جووڵە مایەوە و ئەژنۆی سست بوو.

بەئەسپایی گوتم: "برا فرانسیسکۆس غیرەت بدەرە بەر خۆت، بیرت نەچێ مەسیح تۆی ناردووە، مەلەرزە!"

لەبەرخۆوە گوتی: "برا لیۆن نالەرزم." وای گوت و بەحیرسەوە لە دەرگاکەوە ئاودیو بوو.

هۆڵێکی لاکێشەیی بەئاڵتون نەخشێنراو و وێنەی مەسیحی لەخاچدراو بەدیوارەکانییەوە، لای چەپ و ڕاستەوە وێنەی دوانزە حەوارییەکە. لە پشتەوە پیرەمێردێکی بە شکۆ لەسەر عەرشێک دەبینرا، سەری نابووە نێو دەست و چاوانی لێکناو و لە فیکرەوە چووبوو. دیاربوو ئاگای لە هاتنە ژوورەوەی ئێمە نەبوو، هیچ نەجوولا. من لای دەرگاکەوە ڕاوەستام و نەچوومە پێشێ، بەڵام فرانسیسکۆس لەرزە

لەرز چووەپێشێ، خۆی لەعەرشەکە نزیکخستەوە. کڕنۆشی برد و نێوچەوانی نایە سەر عەردەکە.

بێدەنگییەکی درێژ باڵی کێشا. گوێمان لەو پیرەمێردە بوو کە قورس و خەمۆک هەناسەی دەدا، وەک بڵێی هەناسە هەڵبکێشێ وەهابوو. نەماندەزانی ئاخۆ نزا دەکا یاخۆ بەچاوانێکی نیوەکراوەوە دزەنیگامان دەکا؟ من وا هەستم دەکرد وی ئاژەڵێکی دڕندەیە و خۆی کردووە بەنوستوو، بەخۆم دەگوت هاکا لە ناکاوێکڕا ڕاپەڕی و شاڵاوی بۆ هێناین.

فرانسیسکۆس بەئەسپایی و پاڕانەوەوە گوتی: "باوکی پیرۆز...!"

پاپا هێدی هێدی سەری بەرزکردەوە، لەخوارەوەی ڕوانی و فرانسیسکۆسی بینی. کونە کەپووی دەلەرزیی.

برۆی بۆ سەرێ و خوارێ برد و بەسووکایەتییەوە گوتی: "ئەم پیس و پۆخڵییە چییە؟ ئەم جلکە شڕوپڕەی بەرت؟ ئەم پا پەتییانە چین؟ تۆ کێیت؟"

فرانسیسکۆس کە هێشتا هەر سەری لەسەر عەردەکە بوو، وەڵامی دایەوە: "باوکی پیرۆز، من بەندەیەکی خزمەتکاری خودام و خەڵکی ئاسیزیم."

–" لە چ گەوڕێکەوە هاتوویت؟ پێتوایە ئەم بۆنە لە بەهەشت هەیە؟ بۆچیی خۆت نەشتووە و جلکێکی پاکت نەپۆشیوە تا ئەو کات بێیت و خۆتم پیشان دەیت؟ دەی بزانم چیت دەوێ؟"

هەڵبەت فرانسیسکۆس بەدرێژایی هەموو ئەو شەوانە، لە زەینیدا هەموو ئەو قسانەی هۆنیبوونەوە کە دەبوو بەپاپای بێژێ، هەموو وشەکانی لە ناوەوەیرا بەحیرس و وردبینانە، هەر لەسەرەتاوە تاکۆتایی چنیبوو، بەڵام هەنووکە کە لەبەردەم سێبەرەکەی خودادا ڕاوەستابوو، چتاقیانی بیرچووبوونەوە. دووجار زاری هەڵێنا، بەڵام نەیتوانی یەک تاقە وشە بەڕەوانیی بێژێ، وەکی مەڕ هەر باعەباعی بوو.

پاپا برۆی گرژ کرد.

– "ناتوانیت بدوێیت؟ چیت دەوێ؟"

– "باوکی پیرۆز هاتووم تا بەسەر پاتا بکەوم و داوای ڕەحمەتێکتان لێ بکەم!"



– "چ ڕەحمەتێک؟"

– "ئیمتیازێک!"

– "ئیمتیازێک، تۆ؟ چ ئیمتیازێک؟"

– "باوکی پیرۆز، ئیمتیازی هەژاری تەواوەتیی!"

– "زۆر داوا دەکەیت!"

– "ئێمە چەند برایەکین و دەمانەوێ هەژاریی بکەینە هاوسەریی خۆمان. وا ئێمەیش هاتووین ئەی بابی پیرۆز تا ئەو یەکێتییەمان بەرەکەت دەیت و ڕوخسەتمان پێ بفەرموویت کە وەعز بدەین و ئەو پەیامە ڕاگەیەنین!"

– "وەعزی چ بدەن؟"

– "وەعزی هەژاری تەواوەتیی، تاعەتی تەواوەتیی، ئەڤینی تەواوەتیی."

– "ئەوە پێویستی بەئێوە نییە، ئێمە خۆمان وەعزی ئەوانە دەدەین. دەی بڕۆ بەڕێی خۆتەوە و خودات لەگەڵ بێ!"

فرانسیسکۆس سەری لەسەر عەردەکە هەڵبڕی و هەستایە سەر پا.

هەنووکە بەدەنگێکی یەکلاکەرەوە گوتی: "باوکی پیرۆز بمبوورە، ناڕۆم. خودا ئەمری پێ کردووم بێم و لەگەڵتا بئاخڤم و ئیدی منیش هاتم. لێت دەپاڕێمەوە گوێم بۆ ڕادێرە! ئێمە خەڵکانێکی هەژار و نەخوێنەوار و جلک شڕین، ڕێگەکان لەپێوە دەدەین و دەڕۆین و خەڵکیی بەرد و توێکڵە لیمۆمان تێدەگرن، خەڵکیی لەنێو ماڵ و دوکانەکانیانەوە دێنە دەرێ و هوهامان لێ دەکێشن. بەڵێ، سوپاس بۆ خودا، ئێمە ئاوها سەفەرەکەمان دەست پێ کرد، ئاخۆ هەموو ئومێدێکی گەورە لەسەر عەرد بەهەمان شێوە دەست پێ ناکات؟ ئێمە پشتمان بەهەژاریی خۆمان و نەخوێنەواریی خۆمان و دڵی کڵپە سەندووی خۆمان بەستووە. بابی پیرۆز کاتێ ملی ڕێگەم گرتەبەر تا بۆ لای ئێوە بێم، هەموو ئەو قسانەم هۆنیبوونەوە و ئاشکرا و پوخت لەزەینمدا ئامادەم کردبوون کە پێتی بێژم و تۆیش پێی قاییل بیت و مۆری خۆتی لێدەیت. بەڵام وا هەنووکە هەموو شتێکم بیرچۆوە، تەماشات دەکەم و لەپشتتەوە لەخاچدراو دەبینم و لەودیو لەخاچدراوەوە زیندووبوونەوەی مەسیح و لەودیو زیندوو بوونەوەی

مەسیحەوە زیندوو بوونەوەی ئەو دونیا هەژارە بەدبەختە دەبینم. بابی پیرۆز ئەرێ ئەمە چ شادومانییەکە! ئیدی چۆناوچۆنی بونیادەم ناشڵەژێ!

دەی من ئاوها شڵەژام. نازانم لەکوێوە دەس پێ بکەم و نازانم کامە سەرەتایە و کامە ناوەڕاستە و کامە کۆتایی؟ بابی پیرۆز هەموو شتەکان یەکێکن، هەموو شتێک وەکی هەناسە هەڵکێشانێکە، هەموو شتێک وەکی سەمایەکە، وەکی نائومێدییەکی گەورەیە، وەکی قیژەیەکە لە ئومێدەوە. ئۆه ئەی بابی پیرۆز گەر ڕێگەت دابام گۆرانیم گوتبا، ئەوسا دەمتوانی ئەوەی لە دڵمدایە پێتی بڵێم!"

لەو قوژبنەوە کە لێی ڕاوەستابووم، قسەکانی فرانسیسکۆسم دەژنەفت و هەڵدەلەرزیم. پێوپلی نائارام و بەشەپۆل دەجووڵاند، هەنگاوێکی بەرەو چەپ دەنا و هەنگاوێکیش بەرەو لای ڕاست، گا خاو و گا خێرا، وەک ئەو سەماکەرە بەهرەمەندانەی کە لەسەرەتاوە بەئەسپایی چەند هەنگاوێکی کوتوپڕ دەنێن بۆ ئەوەی سەرەسورەی پیرۆزی سەما لەخۆیانەوە بپێچێ. بەدڵنیاییەوە ئەوە هەناسەی خوداوەند بوو گەمارۆی دابوو، وا هەنووکە پێدەچوو بکەوێتە چەپڵەکوتان و سەما و ئیدی پاپا وەدەرمانێ.

ڕێک هەر ئەو کاتەی کە بیرم لەوە دەکردەوە، فرانسیسکۆس دەستی هەڵبڕی.

– "بابی پیرۆز، ئارەزوویەکم هەیە، تکایە پێی بێزار مەبە، ئەویش ئەوەیە دەخوازم هاوارێکی توند بکەم، دەخوازم چەپڵە بکوتم و بکەومە سەما. خوداوەند بەسەر سەرمەوە، خوداوەند لە ژێرمەوە، خوداوەند لای ڕاستمەوە و لای چەپمەوە هەڵی کردووە و وەکی گەڵای وشکی نەمامێک دەمهێنێت و دەمبا."

من بەبێدەنگیی نزیک بوومەوە.

بەچرپە گوتم: "فرانسیسکۆس براکەم، تۆ لەبەردەم پاپادا ڕاوەستاویت، چما چ ڕێزێکت بۆی نییە؟"

بەدەنگی بەرز وەڵامی دامەوە: "من لەبەردەم خوداوەند دا ڕاوەستاوم. گەر سەما نەکەم و گۆرانیی نەڵێم، ئیدی چۆناوچۆنی و بەچ ڕێگەیەکی تر دەتوانم لێی نزیک ببمەوە؟ من دەمەوێ سەما بکەم!"

سەری بۆ دواوە تەکان دا، باسکەکانی بەرەو لای ڕاست و بەرەو لای چەپ ڕایەڵ





کرد، پێیەکی لە پێشەوە دانا، ئەوجا پێیەکەی تریشی، لەسەر ئەژنۆ نوشتایەوە، هەڵبەزێوە، هەمدیس نوشتاندنییەوە، لەسەر ئەژنۆ لەسەر عەردەکە گیرسایەوە، چاوترووکانێک و دەستی لە عەردەکەی دا، گورێکی تری خواردەوە و بەباسکی ڕایەڵ کراوەوە بازێکی تری لە هەوادا دا. بونیادەم باوەڕی دەکرد کە ئەوە مەسیحی لەخاچدراوە و سەما دەکات.

من بەسەر پای پاپادا کەوتم.

– "بابی پیرۆز، لێی ببوورە، ئاخر ئەو مەستە بەخوداوەند و هەنووکە خۆی لەبیرکردووە. ئەو هەمیشە بەسەما نوێژ دەکا!"

پاپا لە عەرشەکەی هەستا، زۆری لەخۆی کرد ئەوجا توانی تووڕەیی خۆی بخواتەوە. شانی فرانسیسکۆسی گرت.

هاواری کرد: "بەسە! خوداوەند شەراب نییە سەرخۆشت کا، بڕۆ بۆ مەیخانەکان و لەوێ بڕەقسە!"

فرانسیسکۆس لەسەما کەوت و بەهەناسەبڕکێوە پاڵی بەدیوارەکەوە دایەوە. سەیری دەوروبەری خۆی کرد و بەخۆیدا هاتەوە.

پاپا دەستی ڕایەڵ کرد تا لە زەنگە چکۆڵەکە بدا و دەرکەوانەکە بانگ کا. هاواری کردەوە: "بچۆ دەرێ!"

بەڵام فرانسیسکۆس ئارام ببۆوە.

– "بابی پیرۆز حەوسەڵەت هەبێ، حەزدەکەم لێرە بڕۆم بەڵام ناتوانم، هێشتا وشەیەکی تریشم ماوە پێتی بڵێم، دوێنێ شەو خەونێکم بینی......"

– "خەون؟ قەشە من کێشە و گرفتی زۆرم هەن، دونیا وا بەسەر شانی منەوەیە و کاتم نییە گوێ بۆ گێڕانەوەی خەون ڕادێرم!"

– "لێت دەپاڕێمەوە بابی پیرۆز، دەکرێ ئەو خەونە پەیامێک بێ لەئاسمانەوە، ئاخر شەو مەزنترین پەیامگەیەنەری خودایە، تکایە گوێم بۆ ڕادێرە!"

– "ئا، شەو مەزنترین پەیامگەیەنەری خودایە، دەی بدوێ!"

پاپا وای گوت و هەمدیس بەتێفکرینەوە لەسەر عەرشەکەی دانیشتەوە.

– "بابی پیرۆز لە خەونەکەدا پێموابوو بەسەر شاخێکی بەرزو لاکەوتەوە ڕاوەستاوم و لەکلێسای (لاتێران)، لەدایکی هەموو کلێساکانم دەنۆڕی. کاتێک لە کلێساکەم دەنۆڕی، لەناکاوێکڕا هەستم کرد دەلەرزێ، بورجی ناقوسەکە لار بۆوە و دیوارەکان خەریکبوو دەڕمین. هاوارێکم لە فەزادا ژنەفت: (فرانسیسکۆس یارمەتیی!)"

پاپا دەسکی کورسییەکەی گرت، بەخێرایی لە کەمەر بەرەو ژووری لەشی بۆ پێشەوە برد، وەک ئەوەی بیەوێ شالاو بۆ فرانسیسکۆس بێنێ، بەهەناسەبڕکێ و دەنگێکی قرخنەوە گوتی:

– "ئەی دوایی؟ ئەی دوایی؟ بەردەوامبە!"

– "بابی پیرۆز ئیتر لەوە زیاتر چیدیکەم نەبینی، خەونەکەم ڕەوییەوە و خەبەرم بۆوە!"

پاپا بەیەک قەڵەمباز لەسەر عەرشەکەی هاتە خوارەوە، دانەوێوە و ملی فرانسیسکۆسی گرت.

بەزوبانێکی فەرماندەرانە گوتی: "ڕوخسارت مەشارەوە! سەرت بەرزکەوە تا بتبینم!"

– "بابی پیرۆز شەرم دەکەم، ئاخر من لە کرمێک زیاتر نیم!"

پاپا هەمدیس فەرمانی پێ دایەوە: "کڵاوەکەت داگرە، سەرت بەرزکەوە تا بتبینم!"

– "سەیرکە بابی پیرۆز!" وای گوت و کڵاوەکەی داگرت و ڕوخساری پیشانی پاپا دا.

تیشکێکی هەتاو لەپەنجەرەکەوە هات و لە ڕوخساری فرانسیسکۆسی دا. گۆنا چرچ و لۆچەکەی، لێوە وشکهەڵگەڕاوەکەی و فرمێسکی درشتی چاوانیان ڕووناک کردەوە.

پاپا هاواری کردەوە.

– "تۆ؟ تۆ؟ نا، نا، باوەڕ ناکەم. کەی ئەو خەونەت بینی؟"

– "بوومەلێڵ!"



پاپا بەهەناسە هەڵکێشانەوە گوتی: "من، منیش لە بوومەلێڵدا هەمان خەونم بینی!"

چوو بۆ لای پەنجەرەکەوە و بەپەشۆکاوییەوە کردییەوە، هەراوزەنای شار خۆی بەژووردا دەکرد، هەمدیس پەنجەرەکەی داخستەوە.

بەهەنگاوی هێور بەرەو لای فرانسیسکۆس گەڕایەوە، شانی فرانسیسکۆسی ڕاتەکاند.

بەتووڕەیی و لێوڕێژ لە سووکایەتیی پرسی: "تۆ هەرگیز خوداوەندت بینیوە؟"

– "بابی پیرۆز بمبوورە، بەڵێ، دوێنێ شەو بینیم."

– "قسانی لەگەڵ کردیت؟"

– "بەدرێژایی شەو پێکەوەبووین بەڵام قسەمان لەگەڵ یەکدیدا نەکرد. تەنها من ناوبەناو پێمدەگوت: (باوکە!) ئەویش وەڵامیدەدامەوە: (کوڕی خۆم!) لەوە زیاتر چیدیکە نا، تاریک و ڕوون خەونەکەشم بینی."

پاپا دانەوێوە و پەرۆش و پەشۆکاو دیقەتی ڕوخساری فرانسیسکۆسیدا.

– "هەڵدێرە مەشوەرەتی خوداوەند، هەڵدێرێک... قەشە، ئەمڕۆ تاریک و ڕوون خەونەکە تۆی جێهێشتووە، هاتووە و منی دۆزیوەتەوە... منیش لە خەونەکەمدا کلێساکەم بینی لار دەبۆوە... بەڵام قەشە، من شتێکی تریشم بینی کە تۆ نەتبینی، من قەشەیەکی ناشیرین و جلک شڕیشم بینی......"

ئازارێک لە خۆیەوە پێچاو بێدەنگ بوو.

پاش تاوێک هاواری کرد: "نا، نا، ئەمە شەرمەزارییەکی گەورەیە. چما ئەمە لەگەڵ شان و شەوکەتی پاپادا دێتەوە؟ چما ئەدی من هەردوو کلیلەکەی ئاسمان و عەردم پێ نییە؟ ئەدی خوداوەند بۆ ناحەقیم بەرامبەر دەکەیت؟ ئاخۆ هەر من نەبووم کە ئەو (کاتارینا) نە تاوانبار و وەحشییە مورتەدانەم تارومار کردن و ئیمانم بۆ (پرۆڤێنسێ) گەڕاندەوە؟ ئاخۆ هەر من نەبووم کە شاری (کوستەنتینییە)، ئەو شارە مێشهەنگەم بەپا پلیشاندەوە و هەر من نەبووم سەروەت و سامانە خەیاڵییەکەیم لەزێڕ و جبەی گرانبەهای کاهین و ئەیکۆن و دەسنووس و کۆیلە و ژنە کۆیلە تاڵان

کرد و هەموویم بۆ زێدەکەی تۆ هەناردەوە؟ ئاخۆ هەر من نەبووم خاچم بەسەر هەموو قەلاکانی ئیتاڵیادا داکوتی؟ چما ئەدی من نەجەنگیوم بۆ ئەوەی مەسیحییەت بەرەو دەرەوە تاو بداتە خۆی و مەرقەدە پیرۆزەکەت ڕزگارکات؟ ئیدی بۆچی منت بانگ نەکرد؟ تەنێ قەشەیەکی ناشیرین و جلک شڕت دەسکەوت کە شانی بداتە بەر دیوارەکانی کڵێسا تا ڕێگە لە ڕووخانی بگرێ!"

پاپا هەمدیس ملی فرانسیسکۆسی گرتەوە و ڕایکێشا و بردییە بەر ڕۆشنایی پەنجەرەکە. سەری بۆ دواوە وەرچەرخاند و بەپەشۆکاوی و هەڵلەرزینەوە بەسەریدا چەمییەوە.

گوتی: "تۆ ئەویت؟ ڕوخساری ئەو قەشەیە لە تۆ دەچوو! ئەوە تۆیت کە دەتەوێ کڵێسا ڕزگارکەیت؟ نا، من شتێکی لەو جۆرەم بەئەقڵدا ناچێ! خوداوەند، ئاخر من سێبەری تۆم لەسەر ئەرز، مەهێڵە شەرمەزارت کەم و شەرمت بۆ بێنم!"

بەتوندیی فرانسیسکۆسی ڕاتەکاند. ئەوسا دەستی ڕایەڵ کرد، تا دەرگاکەی پیشان بدا و دەریکاتە دەرەوە.

– "بچۆ دەرێ!"

فرانسیسکۆس گوتی: "بابی پیرۆز، دەنگێک لە ناوەوەمڕا پێمدەڵێ نەڕۆم!"

– "ئەوە دەنگی شەیتانە، دەنگی یاخیگەرانەی شەیتان!"

– "ئەوە دەنگی مەسیحە ئەی بابی پیرۆز، دەیناسمەوە. ئەمرم پێدەکا: مەڕۆ، دڵی خۆتبکەوە بەڕووی نوێنەرەکەی مندا لەسەر ئەرز. ئاخر ئەو دڵی تەژییە بەسۆز و بەزەیی و ڕەحمەتی خۆیت پێدەبەخشێ."

پاپا سەری دانەواند، بەهەنگاوی هێور گەڕایەوە و لەسەر عەرشەکەی دانیشتەوە. بەژوور سەرە قورسەکەیەوە و لەسەرووی عەرشەکەوە، دوو کلیلی ڕەنگێنراوی زۆر گەورە دەبریسکانەوە، یەکێکیان لە زێڕ و ئەویدییان لە زیو.

بەدەنگێکی نەرم گوتی: "بدوێ، من هێشتا نامەوێ دوا داوەریی لەبارەی هیچ کەسێکەوە بدەم. چیت دەوێ؟ گوێم لێتە!"

– "باوکی پیرۆز نازانم چ بڵێم و لەکوێوە دەسپێ بکەم و چۆن دڵم لەبەر پا



پیرۆزەکانتا دانێم. من گاڵتەگێڕی خوداوەندم، هەڵدەبەزمەوە و سەمادەکەم و گۆرانیی دەچڕم تا بۆ ساتێک زەردەخەنەی بخەمە سەرلێوان. من جگە لەوە چ شتێکی تر نیم، جگە لەوە چ شتێکی بەنرخم لەدەسنایە بیکەم. بابی پیرۆز ڕوخسەتم بدەرێ لە شاران و لە گوندان گۆرانیی بڵێم و سەما بکەم، ڕوخسەتم بدەرێ بەجلکی شڕەوە بم و پام پەتیی بێ و چ شتێک بۆ خواردن شک نەبەم!"

– "بۆچی تۆ ئەوەندە پەرۆشیت پەیڤی خودا بەخەڵکیی ڕاگەیەنیت؟"

– "لەبەر ئەوەی ئەی بابی پیرۆز من هەست دەکەم کە ئیدی ئێمە واین بەسەر لێواری هەڵدێرەوە. مۆڵەتم بدەرێ هاواربکەم: (ئێمە وا دەکەوینە هەڵدێرەوە!) من چ شتێکی ترم ناوێ، تەنها ڕێگەم بدە هاوارکەم: ئێمە وادەکەوینە هەڵدێرەوە!"

– "قەشە، تۆ پێتوایە بەو هاوارەت بتوانیت کڵێسا ڕزگارکەیت؟"

– "خودا ڕوحمم پێ بکات، من چۆناوچۆنی دەتوانم کڵێسا ڕزگارکەم؟ ئەی پاپا چییە؟ ئەی کاردینالڵ و ئەسقەفەکان چین؟ ئەدی مەسیح خۆی پارێزگاریی کڵێسا ناکات؟ تۆ دەزانیت، من تەنێ یەک شت داوادەکەم، ئەویش ئەوەیە هاوارکەم: وا ئێمە دەکەوینە هەڵدێرەوە!"

ئەوجا قانوننامەکەی لەبەر پشتوێنەکەی دەرهێنا، ئەو قانوننامەیەی کە پێی گوتبووم و من نووسیبوومەوە، پاشان لە عەرشەکە نزیک بۆوە و لەسەر ئەژنۆ دانیشت.

– "بابی پیرۆز، وا ئەم قانوننامەیە کە مەبدەئی من و براکانمە، دەخەمە بەر پای عەرشەکەتان، لوتف بکە مۆرە پیرۆزەکەتانی لێدە!"

پاپا بەوردیی دیقەتی فرانسیسکۆسی دا.

بەئەسپایی و قورس، وەک ئەوەی بەنەفرەتی کا، گوتی: "فرانسیسکۆسی ئاسیزیایی، هەست دەکەم کڵپەی ئاگر دەوراندەوری ڕوخسارتی داوە، ئاخۆ ئەوە کڵپەی دۆزەخە یاخۆ کڵپەی بەهەشت؟ ئاخر من متمانەم بەڕۆحانییەک نییە بەدوای مەحاڵدا بگەڕێ – بەدوای ئەڤینی تەواوەتیی و بەدوای تەهارەتی تەواوەتیی و بەدوای هەژاریی تەواوەتییدا–! بۆچی دەخوازیت سنوورەکانی ئینسان ببەزێنیت؟ چۆن زات دەکەیت و بۆچ دەتەوێ بگەیتە ئەوەی کە مەسیح پێیگەیشت و بگەیتە ئەو شوێنەی کە

ئەوی تێدا تەنیا کەوتەوە؟ ئەمە لەخۆبەزلزانییەکی گەورە زیاتر چیدیکە نییە. فرانسیسکۆسی ئاسیزیایی، لەخۆباییبوون ڕوخساری ڕاستەقینەی شەیتانە. کێ دەڵێ ئەوە شەیتان نییە کە هانت دەدا پێش هەموو کەسێک بکەویت و وەعزی مەحاڵ بدەیت؟"

فرانسیسکۆس خۆنەویستانە سەری داگرت.

گوتی: "بابی پیرۆز، ڕێم بدە بەمەسەل بدوێم!"

پاپا بەحیرسەوە گوتی: "ئەمەش هەر لەخۆبایی بوونە! مەسیحیش هەر ئاوها دەدوا!"

– "بمبوورە ئەی بابی پیرۆز، بەڵام من بەو ڕێگەیە نەبێت ناتوانم. کاتێک ماوەیەکی زۆر خەیاڵاتەکانم لەناوەوەمرا دەمێننەوە، بەبێ ئەوەی خۆم بمەوێ، دەبنە حەکایەت. نەک هەر بەتەنها خەیاڵاتەکانم، بەڵکە گەورەترین ئومێدەکان و گەورەترین نائومێدییەکانیش. بابی پیرۆز گەر دڵم شەقارکەیت، جگە لە سەما و حەکایەت چیدیکەی تیادا نادۆزیتەوە، هیچ شتێک!"

دەستی بۆ خاچ دانا و بێدەنگ بوو. پاپا بەبێدەنگیی تەماشای دەکرد.

فرانسیسکۆس چاوەڕێی پاپا بوو قسەیەک بکا، بەڵام ئەو بێدەنگ بوو. فرانسیسکۆس سەری هەڵبڕی.

– "بابی پیرۆز، دەتوانم بدوێم؟"

– "گوێم لێتە!"

– "کاتێک لە چلەی زستاندا دارچوالە بەگوڵ دەڕازێتەوە، هەموو درەختەکانی دەوروبەری، فیکەی لێ دەکێشن و هاواری لێ دەکەن. دەڵێن: (ئۆی چ بێ حەیاییەکە! چ شەرمەزارییەکە! پێیوایە بەهاری هێناوە!) دارچوالەیش شەرم دایدەگرێ و گوڵەکانی لە شەرمدا سوور هەڵدەگەڕێن. دەڵێ: (خوشکەکانم ببوورن، سوێند دەخۆم نەمویستووە بەهار بێنم، بەڵام لەناکاوێکڕا هەستم کرد شنەیەکی گەرمی بەهاریی لەدڵمدا هەڵی کردووە!)"

پاپا ئیدی لەوە زیاتر نەیتوانی ددان بەخۆیدا بگرێ. نەڕاندی:



– "بەسە! لەخۆبایی بوون و خۆنەویستیت چ سنووریان نییە. لە ناوەوەتڕا شەیتان و خودا لە جەنگدان، خۆیشت ئەمە دەزانیت!"

– "بابی پیرۆز دەزانم، هەر لەبەر ئەمەشە هاتووم تا داوای ڕزگار بوونت لێ بکەم. دەی دەستت ڕایەڵ کە و یارمەتیمبدە! چما ئەدی تۆ سەر گەورەی مەسیحییەت نیت؟ چما منیش ڕۆحێک نیم لە خەتەردا؟ یارمەتیی!"

– "من لەگەڵ خوداوەنددا دەدوێم و ئەوجا بڕیاری خۆم دەدەم، خوداحافیز!"

فرانسیسکۆس ڕوخساری نایە سەر عەردەکە، هەستایەوە و بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشت و چووە دەرێ، منیش بەدوایدا.

بەجاددەکاندا دەڕۆیشتین و وەکی دوو مەست پێمان بەهەوادا دەنا. جاددەکان وەک ئۆکۆردیۆن دەکشان و دەچوونەوە یەک، خانووەکان دەلەرینەوە، بورجی ناقوسەکان لار دەبوونەوە، هەوا تەژی بوو بەباڵی سپیی. ئێمە وەک بلێی مەلە بکەین، دەستمان ڕایەڵ دەکرد تا بتوانین بچینە پێشێ. هەمیشە و لێکدا لێکدا پێمانوابوو کەسێک بانگمان دەکا، بەڵام کاتێک ئاوڕمان دەدایەوە، چ کەسێکمان نەدەبینی. خانمان وەک کەشتی جەنگیی کە چارۆکەیان هەڵدابێ و بای هات پاڵیان بنێ، بەبەردەممانڈا تێدەپەڕین، دەنگی زەریایەکمان لە خەڵکیی، لە مەیخانەکانەوە دەهاتە گوێ، دەنگی حیلەی ئەسپمان لە دوای خۆمانەوە دەژنەفت. لە پەنجەرەکانەوە هێشووە ترێی ڕەشی دەنک زل شۆڕببوونەوە، کڵێسای دێرینی لاتێران، مێوێکی هەزار ساڵە بوو کە پەلکە جاڵجاڵۆکەیییەکانی لە دەرگا و پەنجەرە و بانیژە و هەموو شارەوە ئاڵاندبوو تا هێور هێور بەبەرزایی ئاسمانەوە دیار نەمابوو.

بەرەو ڕووبارەکە دەڕۆیشتین و بۆ کەنار شۆڕ دەبووینەوە، بۆ تاوێک سەرمان بەژێر ئاوەکەدا دەکرد و خۆمان فێنک دەکردەوە. بیرو خەیاڵاتمان تۆکمەتر و دونیا تۆکمەتربۆوە و هێشووە ترێکان لەچاوانمان بزر بوون. فرانسیسکۆس بەسەرسوڕمانەوە وەک بلێی یەکەمینجار بێ بمبینێ، لای بۆ کردمەوە.

بە نیگەرانییەوە گوتی: "تۆ کێیت؟"

بەڵام یەکسەر هاتەوە سەر خۆی و باوەشی پێداکردم.

–" برا لیۆن بمبوورە. پێدەچێ من هەمیشە شتەکان بۆ یەکەمینجار ببینم، ئەرێ

ئەو هەراوزەنایەی چواردەورمان چییە؟ ئەم هەراوزەنایە هی ئەم شارەیە؟ هی ڕۆمایە؟ ئەی کوان حەوارییەکان؟ ئەی مەسیح کوا؟ وەرە و با بڕۆین!"

لە چواردەوری خۆی ڕوانی و دەنگی نزم کردەوە.

– "گوێت لێیبوو؟ تۆ لەوێ بوویت و گوێت لێی بوو کە چۆن ئاقڵانە و خاکیی و دڵنیا و ئارام دەئاخافت! ئەوەی دوای کەسێکی وەک ئەو کەوتبێ هەرگیز تیاناچێ، بەڵام قەتیش ناتوانێ لەو زەلکاوەی ئینسان بێتە دەرێ و ئەو سروشتە تووڕەهاتەی ببەزێنێ. ئەدی ئێمە برا لیۆن، ئامانجی ئێمە چییە؟ ئامانجمان ئەوەیە لە زەلکاوی ئینسان بێینە دەرێ!"

غیرەتم دایە بەر خۆم و پرسیم: "ئاخۆ دەتوانین؟"

هەر کە پرسیارەکەم کرد یەکسەر لێی ژێوان بوومەوە.

فرانسیسکۆس وچانێکی داو پرسیی: "گوتت چی؟"

خۆم گرمۆڵە کرد و گوتم: "هیچ برا فرانسیسکۆس، هیچم نەگوت، بەڵکو ئەوە شەیتان بوو شتێکی لە مندا گوت!"

فرانسیسکۆس بەناڕەحەتییەوە زەردەخەنەیەکی هاتێ.

– "برا لیۆن تا چەندێکی تر شەیتان لە تۆدا دەدوێ؟"

– "تا ئەو کاتەی دەمرم برا فرانسیسکۆس. کە مردم ئەویش لەگەڵمدا دەمرێ!"

– "متمانەت بەڕۆحی ئینسان هەبێ برا لیۆن، گوێ لە ئەقڵ مەگرە، گوێ لە ئەقڵ مەگرە، برا لیۆن ڕۆح مەحاڵ وەدی دەهێنێ!"

بەخێرایی بەرەو کەنارەکەی تر چوو. خۆی فڕێدایە قوڕاوی کەنارەکەوە، لەناکاوێکڕا ڕاوەستا و چاوەڕێی منی کرد. دەستی قورس نایە سەر شانم.

– "برا لیۆن زەینت بکەوە و ئەوەی پێتدەڵێم لەناویدا هەڵیکۆڵە: جەستەی ئینسان وەک تیروکەوان وەهایە، خودا کەوانەکەیە و ئینسانیش تیرەکە. تێگەیشتیت؟"

– "برا فرانسیسکۆس تێدەگەم و تێشناگەم. مەبەستت چییە؟ هاسانتر بدوێ تا بتوانم تێبگەم!"

– "ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەمەیە: سێ جۆر نزا هەن:



یەکەمیان: خودایە، ڕامکێشە ئەگینا دەڕزێم.

دووەمیان: خودایە، زۆرم ڕامەکێشە ئەگینا دەپچڕێم.

سێیەمیان: زۆر زۆرم ڕاکێشە خودایە، دە لێگەڕێ بابپچڕێم.

بنۆڕە برا لیۆن، ئەمەیە نزای ئێمە، زۆر زۆرم ڕاکێشە با بپچڕێم! نزاکان سێ جۆرن، هەروەها ئینسانەکانیش سێ جۆر، ئەوە باش لە زەینتدا بچەسپێنە و مەلەرزە. من چەند جار شتێکم پێگوتوویت و وا جارێکی تریش هەمدیس پێتی دەڵێمەوە: هێشتا تۆ کاتت بەدەستەوەیە بەڕێی خۆتدا بڕۆیت و ئازاد بیت و لە پچڕان ڕزگاربیت!"

دانەویمەوە، دەستیم گرت و ماچم کرد.

گوتم: "برا فرانسیسکۆس زۆر زۆرم ڕاکێشە و لێگەڕێ با بپچڕێم!"

ماوەیەک بەبێدەنگیی ڕۆیشتین، من پێم لە شوێنپێکانی فرانسیسکۆسدا دادەنا و خەنیی بووم. بەڵام هاوکات جەستەم کەوتە سەر لەرز کاتێ خۆم بینی کە منی تووڕەهات دوای پیاوێکی ڕەنگپەڕیوو ئازای وا کەوتووم کە داوا لەخودا دەکا زۆر ڕایکێشێ تا بپچڕێ. ئەدی باشە چیم کردبا؟ خۆ منیش نوێژم دەکرد، بەڵام فرانسیسکۆس لە نوێژدا قریوەی لێدەدا و من لەنوێژدا هەڵدەلەرزیم. ئەو دەڵێ گوایە من دەتوانم بەڕێی خۆمدا بڕۆم، بەڵام بۆ کوێ چووبام؟ ئاخر ئەو نانی فریشتانەی ئەو دەیداپێم گەلێک بەچێژ بوو. بیرم دێتەوە ئێوارەیەکیان لەبەرئەوەی برایان برسییان بوو کەوتبوونە منجە منج، فرانسیسکۆس بڕۆی گرژ کرد و تووڕە بوو. گوتی: "ئێوە لەبەر ئەوە برسیتانە چونکە ئەو نانەی فریشتەکان نابینن کە هێندەی بەرداشێک گەورەیە و لەبەر دەمتانا دانراوە. ئێوە ئەو نانە نابینن و دەست نابەن لەتێکی لێکەنەوە و تا ئەبەد برسێتییەکەتان بڕەوێننەوە و خۆتان تێرکەن!"

لەناکاوێکڕا، دەنگێکی ئاشنامان لە دواوە ژنەفت.

– "برا فرانسیسکۆس! برا فرانسیسکۆس!"

ئاوڕمان دایەوە. قەشەیەک ڕای دەکرد و هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو، دەیویست هەرچیی زووترە بمانگاتێ.

فرانسیسکۆس هاواری کرد: "برا سیلڤێستێر!" وای گوت و گوڕی دایە خۆ و لێی نزیک بۆوە.

–" برا سیلڤێستێر ئەوە بەدوای چییدا دەگەڕێی؟ ئەدی بۆچ پەزەکانمت جێهێشتوون؟" وای گوت و ئەوجا باوەشی پێداکرد.

باوکە سیلڤێستێر بەهەناسەبڕکێ و گریانەوە کەوتە قسان.

–" هەواڵی ناخۆشم پێیە برا فرانسیسکۆس! تۆ چەندێک لەگەڵماندابوویت، شەیتان بەدەوری پشتیرەکەماندا خولی خواردووە و ددانی تیژ کردۆتەوە و لوراندوویەتی، بەڵام نەیوێراوە بەسەر پەرژینەکەدا بازبدا و خۆی بەژووردا بکا. برا فرانسیسکۆس ئاخر ئەو بۆنی تۆی کردووە و ترسی لێ نیشتووە، بەڵام کاتێک تۆ ڕێگەی سەفەرت گرتە بەر......"

–" ئاخۆ لەودیو پەرژینەکەوە بازی داوە و هاتۆتە ئەمدیو؟"

–" ئا برا فرانسیسکۆس، لەودیو پەرژینەکەوە بازی داوە و هاتۆتە ئەمدیو. شتێکی بەگوێی ساباتینۆ و ئانگێلۆ و ڕوفینۆدا چرپاندووە، هەروەها پەلاماری براکانی تریشیداوە. ئاخر کاتێ ڕادەکشان و خەو دەیبردنەوە و ڕۆحیان بەبێ پشت و پەنا دەمایەوە، دەچوو سەری قسەی لەبارەی نوێنی گەرم و نەرم و خواردن و ژنەوە لەگەڵ دادەمەزراندن... بۆ بەیانییش برایان بێتاقەت و بەبیانوو لەخەو ڕادەبوون و بەبێ چ هۆیەک دەکەوتنە سووکایەتی پێکردنی یەکتر و شەڕ بەیەکدی فرۆشتن. زۆر جاران بەیەکدا هاتوون و منیش بێهوودە ناوبژیم کردوون و پێم گوتوون: (یەکێتیی، براینە یەکێتیی! چما ئێوە لە خودا ناترسن؟ چما شەرم لە فرانسیسکۆس ناکەن؟ ئەو هەنووکە لەناوماندایە و تەماشامان دەکا و گوێی لێمانە!) بەڵام ئەوان چ مەبەستیان نەبوو گوێم بۆ ڕادێرن. ساباتینۆ هاواری دەکرد: (ئێمە برسیمانە! ئاخر ئەو ورچەی بەرۆژوو بێ سەما ناکا، پێی بێژە ئێمە خواردنمان دەوێ، خواردن!) ئیدی شەیتان لە زگەوە گرتبوونی و بەرەو دۆزەخ پەلکێشی دەکردن!"

فرانسیسکۆس بەترسەوە پرسیی: "ئەی بێرناردۆ و پێترۆ؟"

– "ئەوان بەجیا دەژین، هەمیشە پێکەوەن و نوێژ دەکەن."

– "ئەی ئێلیاس؟"



– "برا فرانسیسکۆس، ئێلیاس دەیەوێ قانوننامەکەت بگۆڕێ. ئەو پێیوایە هەژاریی تەواوەتیی سەخت و قورس و نا ئینسانییانەیە و سروشتی ئینسان ناتوانێ بەئەڤینی تەواوەتی و تەهارەتی تەواوەتییدا ڕابگا. ئەو دێ و دەڕوا و قسان دەکا، بەنهێنیی لەگەڵ ئەوانی تردا دەدوێ، شەوانیش ئانتۆنیۆ دەبا و قانوننامە نوێیەکەی پێدەنووسێتەوە. وی پلانی گەورەی لە بن سەردایە، دەیەوێ کڵێسا و دەیر و زانکۆ ڕۆبنێ و موبەشیر بەهەر چوارلای ئەرزدا بنێرێ و دونیا کۆنترۆڵکا، ئەو دەڵێ دەبێ هەموو دونیا کڵاوی قەشانە بنێتە سەر و بەو ڕوخسارەوە خۆی پیشانی خودا بدا!"

فرانسیسکۆس هەناسەیەکی هەڵکێشا.

– "باوکە سیلڤێستێر چیترت هەیە بیڵێ، خەمی منت نەبێ، بدوێ!"

– "کاپێلاش ئاڵای خۆی بەرزکردۆتەوە، ئەمیش پێیوایە قانوننامەکەت گەلێک نەرم و نیانە و نیازی وایە بەرەو ڕۆما بکەوێتە ڕێ تا داوا لە پاپا بکا مۆڵەتی بداتێ فیرقەیەکی نوێ ڕۆبنێ. ئەو دەڵێ دەبێ ئێمە ساڵی جارێک گۆشت بخۆین، ئەویش لە جێژنی پاکدا، ڕۆژانی تر دەبێ ئاو و کلۆش بخۆین و تەنها ڕۆژانی هەینی بۆمان هەیە تۆزێک خوێی تێکەین. هەروەها دەڵێ ئێمە ئیتر نابێ لەگەڵ یەکدیدا بدوێین، لەبەر ئەوەی ئاخاوتن کات بەهەدەردان و هەوەسە، ئێمە تەنها دەبێ لەگەڵ خوداوەند دا بدوێین. ئەو ئیدی کڵاوە سەوزەکەی بەپەتە سوورەکەیەوە توور هەڵداوە و وەک شێت بەپێوە چووەتە سەری!"

فرانسیسکۆس گوتی: "زیاتر برا سیلڤێستێر زیاتر، ئەمە گەورەترین زامە، بەردەوامبە!"

– "برا فرانسیسکۆس، لێکدا لێکداش براگەلی تازە دێن. برایانی ڕۆشنبیر و خوێنەوار و بەهرەمەند، هەمیشە دەسنووسی ئەستوور ئەستووریان بەدەستەوەیە و خەریکی نووسین و موتاڵان و لە کڵێساکان نوتق دەدەن. ئەوانە جبەی تازە دەپۆشن و پێڵاوی چەرم لەپێ دەکەن، تەماشای ئێمەومانان دەکەن و پێدەکەنن. ئاخر ئێمەیش، هاوڕێ دێرینەکان، چۆناوچۆنی بتوانین بڕکەین؟ برا فرانسیسکۆس ئێمە ئیدی هێزمان تێدانەماوە، تۆ دووریت و چۆن بتوانین بەرگە بگرین؟ بەبێ تۆ ئێمە پەرتەوازەین. شەوێکیان دوو کەس لەو برا تازانە لە دەرەوە نوستبوون، بەیانی کە

بینیم شەکەت و بەهەناسەبڕکێوە دێنەوە، لێم پرسین: ئەمشەو لەکوێ بوون؟ ئەوان نەیانویست وەڵامم بدەنەوە، هێند بۆنێکی سەیر و تیژیان لێدەهات، کە برا بێرناردۆ لە حەژمەتا بوورایەوە؟"

فرانسیسکۆس خۆی بەمنەوە ڕاگرت تا نەکەوێ.

برا سیلڤێستێر لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: "برا فرانسیسکۆس من بەحەوسەڵە بووم، بەخۆم دەگوت بەو زووانە دەگەڕێیتەوە و ئەو شەیتانە ڕاودەنێی و چتەکان ڕێک دەخەیتەوە. بەڵام برا فرانسیسکۆس شتێکی خەتەرناک ڕوویدا. هەموو برایان لە ئێوارەی هەینی درێژدا کۆببووینەوە، چ شتێکمان شک نەدەبرد بیخۆین، ئاخر خەڵکیی لە نان پێدانمان بۆژۆ بوون و ئیدی چ بەزەیییەک بەرامبەرمان نانوێنن. من کەوتمە باسکردنی ئازارەکانی مەسیح بۆیان و ستایشی خودام کرد و سوپاسم کرد کە بواری داوین ئەم ڕۆژە، ڕۆژی لەخاچدان بەڕۆژووی تەواو و نزاوە بگوزەرێنین. پێمگوتن: (زگی تێر وەک قورقوشمی لێدێ و ناهێڵێ نزاکان بگەنە ئاسمان!) پێمگوتن: (شەیتان شاد و خەنیی دەبێ، چونکە دەبینێ کە ئاوها خەڵکیی لە برسێتیی دەترسن.) کاتێ من نوتقم بۆ دەدان، نێرە بزنێکی ڕەشی قەڵەوی قۆچ پێچاوپێچم لەبەر دەرگاکەدا بینی، من ترسام. چاوانی لە تاریکاییەکەدا سەوز دەچوونەوە و کڵپەی ئاگر لەڕیشە تیژەکەیەوە دەردەپەڕی. پێنج شەش کەسێک لە براکانمان هەر کە بزنەکەیان بینی قریوەیەکیان لێدا و گوڕیان بۆ خواردەوە، یەکێکیان چەقۆیەکی درێژی پێبوو، ئەوانی تر گوریسەکانیان لە خۆیان کردەوە و ئەڵقەیەکیان کردە گوریسەکە تا بۆ ملی بزنەکەی هەڵدەن و بیگرن. بزنەکە سڵەمێوە و کێلەکی کرد، تاوێک سەمای کرد و هەڵبەزێوە و پاشان لەدارستانەکەدا بزر بوو. برایان بەدوایدا تاویان دایە خۆیان و منیش ڕامکرد و هاوارم لێ کردن: (براینە ڕاوەستن، ئێوە نابینن، ئەوە بزن نییە، بەڵکە ئەوە خودی شەیتانە، خودایە تۆبە!) بەڵام ئەوان گوێیان بۆ ڕانەدێرام، ئاخر برسێتیی شێت و هاری کردبوون. ئەڵقەی گوریسەکەیان بۆ هەڵدەدا و براکەی تریش بەچەقۆکەی دەستییەوە دادەنەوێوە و خۆی دەنایەوە و بۆی دەچووە پەسێرەوە و چەقۆکەی دەوەشاند، بەڵام تەنێ هەوای دەپێکا. بزنەکە خۆی لێڕزگارکردن، ئاوڕی دەدایەوە و تەماشای دەکردن، چاوانی لەو



تاریکاییەدا تەژی لە کڵپەی ئاگر بوو. هاوارم کرد: (ئەوە شەیتانە، ئاخۆ کڵپەی ئاگرەکەی چاوانی نابینن؟ سوێندتان بەمەسیحی لەخاچدراو دەدەم دەس هەڵگرن!) هەندێک لە برایان ترسان و دەسیان هەڵگرت، بەڵام پێدەچوو بزنەکەش ترسابێ لەوەی برایان هەمدیس بۆی بچنەوە، بۆیە ئەویش ڕاوەستا. هەر ڕێک لەو کاتەدا برای چەقۆ بەدەست، دەسوبرد خۆی هەڵدایە سەر بزنەکە، بۆ ساتێک بینیمن کە یەکیان دەهێنا و دەبرد، بەڵام لەچاوتروکانێکدا چەقۆکە ڕۆچوو بەزگی بزنەکەدا و ئیدی ئەو ئاژەڵە ڕەشە بەدەم باعەیەکی شادومانییەوە تەختی عەردەکە بوو. برایانی تر هاتنە پێشێ، ئەمانیتریش هێرشیان برد، لەیەک چاوتروکاندا بزنەیان هەلاهەلا کرد. هەر یەکێک لەبرایان پلێک گۆشتی خوێناویی لە دەمیدا دەجوو، خێرا خێرا گۆشتەکەیان لەدەمدا دەجووی و قووتیان دەدا و پاشان پلی تریان لێ دەبڕی، ئەوجا وەک سەرخۆش بەدەوری سەری بڕاوی بزنەکەدا کەوتنە سەما و قۆچی بزنەکەیان لە هەوادا بادەدا. خوێن و کڵپەی ئاگر بەدەم و لێویاندا دەچۆڕا. بەڵام من سینگی خۆم دەکوتی و دەگریام، بۆنێکی قورسی گۆگرد لە هەوادا بڵاوبۆوە. لەناکاوێکڕا، خودایە تۆ چەند گەورەیت، لە ناکاوێکڕا بینیم، بەم چاوانەی خۆم بینیم کە چۆن سەری بزنەکە جووڵایەوە و بەرزبۆوە، ئەوجا جەستەشی بەسەرە بڕاوەکەوە نووسایەوە و لەسەر چوارپەل خۆی لەسەر عەردەکە دانایەوە و ئەوسا باعەیەکی گاڵتەجاڕییانەی لێ هەستا و ئیدی لەناو تاریکایی شەودا دیار نەما. براکانیش هێشتا هەر بێ پەروا دەیانخوارد و سەمایان دەکرد. شەیتان چاوانیانی ئەفسوون کردبوو، هیچیان نەدەبینی. من ئیتر نەگەڕامەوە بۆ لایان، بەڵکو ڕێک کەوتمە ڕێ و بەرەو ئێرە هاتم. ئەوەتا برا فرانسیسکۆس، ئێستاش گەیشتوومەتە ئێرە تا بەسەر پێتا بکەوم و پێت بڵێم: برایان لە خەتەردان. ڕۆحمان لەخەتەردایە. وەرەوە!"

فرانسیسکۆس لە ئاوی ڕەشباوی ڕووبارەکەی دەنۆڕی کە ئارام و ئەستوور بەرەو زەریا دەبۆوە و لەبەر خۆوە گوتی: "قورسە، زۆر قورسە شوانکارەیی. ئەوە خەتای منە. لەم سەفەری حەجەمدا کێشە و گرفتی نوێ سەرقاڵیان کردم و بۆ ساتێک ڕۆحم خۆی لەبیرکرد، ئیدی نەیپەرژا کە بەسەریاندا بچەمێتەوە و ئاگای لێیان بێ، ئەوسا ئەوانیش تەنیا و پەرتەوازە کەوتنەوە. ئەوە خەتای منە! باوکە سیلڤێستێر، بڕۆرەوە و

کۆیانکەوە، سوێندیان بدە حەوسەڵەیان هەبێ، من دەگەڕێمەوە، خوداحافیز!"

باوکە سیلڤێستێر دانەوێوە و دەستی فرانسیسکۆسی ماچ کرد. گوتی: "بە هیوای دیدار." وای گوت و ڕێگەی خۆی بەرەو باشوور گرتەبەر.

فرانسیسکۆس لای بۆ کردمەوە و هەمدیس بەهەناسە هەڵکێشانەوە گوتی: "خەتای من بوو، ئەوە من بووم گوناهم کرد، ئەوە من بووم کە خەیاڵی ژن و خواردن و نوێنی نەرم دایان لەسەرم و دەمم پڕکرد لە پلە گۆشتی بزن. من، من...... " وای گوت و بەسینگی خۆیدا کێشا و هەناسەی هەڵکێشا.

باسکم لەناو قەدییەوە ئالاند و کەوتینە ڕێ. لە ڕۆخی ڕووبارەکە و لەژێر دارسنەوبەرێکی چڕدا دانیشتین، فرانسیسکۆس شەکەت و ماندوو چاوانی لێکنان، برایان لەزەینی نەهاتبوونە دەرێ، چونکە لێکدا لێکدا هەناسەی هەڵدەکێشا. سەرەنجام چاوانی کردنەوە.

گوتی: "خەونەکان تەیری شەوانەی خودان و بەپەیامەوە دێن. بەرلەوەی بەرەو ئەم شارە پیرۆزە بکەوینە ڕێ، خەونێکم بینی. لە خەونەکەمدا مریشکێکی ڕەشم بینی هێند چکۆڵە و سیس و هێند باڵەکانی گچکە بوون، کە نەیدەتوانی هەموو جووجەڵەکانی لەژێر باڵیدا جێگە بکاتەوە. باران دەباری و زۆر لەجووجەڵەکان لەژێر باڵی دایکیاندا جێگەیان نەبوو تا خۆیانی تێدا لە باران بپارێزن، لە دەرەوە دەمانەوە و تەڕ دەبوون، من دەبوو لەو پەیامە گەیشتبام و ئەوێم جێ نەهێشتبا...."

کاتێک فرانسیسکۆس دەدوا، قەشەیەکی سەیر هات کە جبەیەکی سپیی پۆشیبوو، پشتوێنێکی چەرمی بەنێوقەدەوە و پێڵاوێکی قەبەی لەپێدا و کڵاوێکی چەرمی لە پێستی بەراز دووراو بەسەرە تاشراوەکەیەوە بوو. ڕوخساری چرچ و چاوانیشی درندانە وەک دوو پشکۆی هەڵایساو. لای کردەوە و فرانسیسکۆسی بینی و بەسەرسوڕماوییەوە ڕاوەستا. هاوکات شڵەژاو و خەنیی دەینوواند. باوەشی کردەوە و هاواری کرد:

– "براکەم تۆ کێیت؟"

فرانسیسکۆس گوتی: "بۆ وا بەحیرسەوە تەماشام دەکەیت؟ ئاخۆ لەوەوبەر منت بینیوە؟"



– "بەڵێ، بەڵێ دوێنێ شەو لە خەونمدا. لەخەونمدا مەسیحم بینی گەلێک تووڕە بوو، دەستی بەرزکردەوە تا دونیا هەپروونکا. بەڵام خاتوونی پاقیژە هاتە پێشێ و گوتی: (کوڕەکەم بەزەییت بەدونیادا بێتەوە! حەوسەڵەت هەبێ، ئاخر دوو خزمەتکاری ئیمانداری تۆی لێن کە خەریکی ڕزگارکردنی دونیان!) یەکێک لەو دوو کەسە من بووم، منی تووڕەهات. ئەویتریشیان، ئەویتریشیان وابزانم تۆ بوویت، براکەم ڕوخسارت، قڵافەتت، جبەکەت، کڵاوەکەت، هەر تەواوێک ئاوهایی بوون! براکەم ئەدی تۆ کێیت؟ خودا ئێمەی یەکانگیر کردووە!"

فرانسیسکۆس وەڵامی دایەوە: "من ناوم فرانسیسکۆسە و خەڵکی ئاسیزییم، بەڵام بەهەژارە گچکە و گاڵتەگێڕەکەی خوداش بانگم دەکەن، ئەدی تۆ؟"

وای گوت و جێگەی بۆ ئەو ڕێبوارە کردەوە تا دانیشێ.

–" من قەشەیەکی خەڵکی ئیسپانیام، لەوسەری دونیاوە هاتووم تا داوا لە پاپا بکەم مۆڵەتم بداتێ فیرقەیەک ڕۆنێم تا دژی مورتەد و کافران بجەنگم. من ناوم دۆمینیۆسە."

– "منیش داوام لە پاپا کرد مۆڵەتم بدات فیرقەیەک ڕۆنێم و وەعز بدەم."

– "برا فرانسیسکۆس وەعزی چی؟"

– "هەژاری تەواوەتیی و ئەڤینی تەواوەتیی برا دۆمینیۆس."

– "ئەدی ناخوازیت لە هەموو گوندێکدا ئاگرێک بکەیتەوە و مورتەد و گوناهبار و کافران بسووتێنیت؟"

فرانسیسکۆس لەرز دایگرت و بەحیرسەوە گوتی: "نا، نا، گەر من گوناهباران بکوژم، گوناهم نەکوشتووە. من ناخوازم دژی شەڕانگێزان و کافران جەنگ هەڵایسێنم، بەڵکو دەخوازم وەعزی ئەڤین و یەکێتیی و برایەتیی نێوان هەموو خەڵکیی بدەم. بمبوورە برا دۆمینیۆس، ئەوە ڕێگەی منە!"

قەشەی سپیی پۆش بەتووڕەیی گوتی: "ڕەگی ئینسان شەڕانگێزییە. ئینسان شەڕانگێز و فێڵبازە و زارۆکی شەیتانە. ئەو میهرەبانییەی تۆ باسی دەکەیت داد نادا، بەڵکو زەبروزەنگ پێویستە. گەر جەستە ڕێگرە، ئەوا با وێرانکرێ تا ڕۆح ئازاد بێ. من دەخوازم ئاگرێک لە ئیسپانیا بکەمەوە و لێگەڕێم ڕۆحەکان هەڵگژێن بەرەو

بەهەشت، لێگەڕێم ڕۆحەکان عەرد لەژێر خۆیانەوە جێبێڵن و جەستەش بۆ خۆی ببێتە خۆڵەمێش، سینیزا یا نادا! سینیزا یا نادا!"(*) ئەوجا قەشە کەوتە هاوار و مشت گرمۆڵە کردن: "خۆڵەمێش و هیچیتر نا!"

– "ئەڤین!"

– "زەبرو زەنگ!"

– "بەزەیی!"

– "برا فرانسیسکۆس، ژیان پیاسە نییە. ژیان ئەوە نییە قۆڵ لە قۆڵدا بڕۆیت و سترانی ئەڤین بچڕیت، بەڵکو ژیان جەنگە، ماندووییە، زەبروزەنگە! چییە؟ خۆر کەوتووە؟ دەی کەواتە ڕابە، ئاو لە بیرەکە هەڵگۆزە و بیخۆرەوە، گەر دەتەوێ شەڕ لە ناوبەریت، ئەوا بکێشە بەسەری شەڕانگێزییدا، کە مردیت تەورێک لەگەڵ خۆتا ببە تا دەرگای بەهەشتی پێ بشکێنیت، گەر ویستت بچیتە بەهەشت، ئەوا بزانە کە بەهەشت کلیلی نییە، دەرکەوانی نییە، بەڵکو تەور کلیلی بەهەشتە. تۆ ئەی قەشەی فەقیر، ئاوها بەترسەوە تەماشام مەکە. کتێبی پیرۆزییش دەڵێ: (ئەوانەی بەهێزن، سەر بەمەملەکەتی بەهەشتن!)

فرانسیسکۆس هەناسەیەکی هەڵکێشا.

گوتی: "من نەمزانیوە زەبروزەنگ لەخوداوەیە. تۆ خەیاڵم بەرفەراوان دەکەیت، بەڵام دڵم بەربەرەکانی دەکا و هاواردەکا: ئەڤین! ئەڤین! ئاخر براکەم کێ دەزانێ، ڕەنگە ئێمە لە ناکاوێکرا لەڕێگە جیاوازەکانی ئەو خەرەندەدا یەک بگرینەوە، ئەو ڕێگەیەی کە دەچێتەوە لای خوداوەند!"

قەشە گوتی: "خودا بکا. بەڵام من دەترسم تۆ مەڕێک بیت و کەوتبیتە ناو گەلە مرۆڤی گورگەوە و بەر لەوەی بگەیتە ترۆپکی خەرەند هەڵتلووشن. بمبوورە ڕاشکاوانە لەگەڵتا دەئاخڤم. تۆ هەست بەئەڤین دەکەیت، بەڵام ئەوە بەس نییە، دەبێت فێربیت کە ڕقیش لە خوداوەندەوەیە و ئەویش لەخزمەتی خوداوەنددا ڕاوەستاوە. لەم زەمەنەشدا کە ئێمەی تێدادەژین و لە دونیایەکی وەک ئەمەی ئێستادا، ڕق زۆر لەوە زیاتر خزمەت دەکا وەک ئەوەی ئەڤین دەیکا!"

(*) واتە خۆڵەمێش و هیچی تر نا. وەرگێڕی سوێدی.





– "برا دۆمینیۆس من تەنێ ڕقم لە شەیتانە!" بەڵام هەر کە فرانسیسکۆس ئەو قسەیەی کرد ڕاچڵەکی، وەک ئەوەی ترسا بێت کە قسەیەکی زۆر خەراپی کردبێ.

بۆیە یەکسەر گوتی: "نا، نا، ڕقیشم لەو نییە، زۆر جاران سەر دەنێمە سەر عەرد و لە خودا دەپاڕێمەوە لەو برا گومڕایەشمان ببوورێ!"

– "لە کێ؟"

– "لە شەیتان، برا دۆمینیۆس!"

برا دۆمینیۆس پێکەنی.

گوتی: "تۆ ئەی مەڕی خوداوەند، گەر بمتوانیبا هەڵبژێرم، ئەوا ئەوەم هەڵدەبژارد کە ببوومایەتە شێری خوداوەند، ئاخر مەڕ و شێر بەیەکەوە ڕێناکەن. خوداحافیز!"

وای گوت و هەستایە سەرپا تا بڕوا.

– "خوداحافیز برا دۆمینیۆس، مەڕ و شێر، ئەڤین و زەبروزەنگ، ڕوناکیی و ئاگر، میهرەبان و شەڕانگێز یەکێکن، دەزانیت هەموو ئەوانە بۆ سەر خەرەندی هەمان چیا، چیای خودا هەڵدەگژێن، بەڵام ئەوان خۆیان ئەمە نازانن. بەدڵنیاییەوە ڕق ئەمە نازانێ، بەڵام هەڵبەت ئەڤین دەیزانێ. دەشمەوێ براکەم کەوا ئێستا دەڕۆیت، نهێنییەکی خۆشت لەلا بدرکێنم: ڕۆژێکیان هەمووان لەو ترۆپکە بەیەک دەگەن کە خودای بەئامێزی کراوەوە لێ ڕاوەستاوە. تۆ ئەی شێری خوداوەند، دەشێ بەبەخشندەیی خوداوەند، من و تۆیش لەسەر ئەو ترۆپکە یەکانگیر ببین، بەڵام تۆ دەبێ ئەوکاتە مەڕەکەیت نەخواردبێ!"

فرانسیسکۆس پێکەنی و دەستی خوداحافیزیی بۆ قەشەی ئاگرین ڕاوەشاند.

ئێمە تەماشای قەشەی سپیی پۆشمان دەکرد کە لە هەوادا دەشەکایەوە و لای کەناری ڕووبارەکەوە دیارنەما. فرانسیسکۆس لای بۆ کردمەوە و زەردەخەنەیەکی بەرینی هاتێ. گوتی:

– "برا دۆمینیۆس دەخوازێ هەڵمانلووشێ. ئەو نازانێ، ئاخر چۆناوچۆنی بزانێت کە ڕۆژی مەزن دێ و ئیدی مەڕ و گورگ یەکانگیری یەکدی دەبن."

***

سەرم بەسەر دەستنووسەکەدا شۆڕکردۆتەوە و دەنووسم، بۆ ساتێک لەنووسین ڕادەوەستم و پشوویەک دەدەم. پەرەمووچەکە دەکەم بەلا گوێ چرچۆڵەکەمەوە، چاوانم لێکدەنێم و بیر لەو هەموو ڕۆژ و شەوانەی ئەو شارە پیرۆزە دەکەمەوە. کڵێساکانم بیردێنەوە، ئەسقەفەکانم بیردێنەوە کە مەراسیمی نوێژیان بەڕێوەدەبرد، منالآنی دەستبژێر کە گۆرانییان بۆ خوداوەند دەچڕی، ئەو خۆرەم بیردێتەوە کە لەناوجەرگەی ئاسماندا ڕادەوەستا و دەیبرژاندین و ئەو ڕۆژەم بیردێتەوە کە شەستە بارانێکی ترسناک ئەو عەردە بەخۆر وشکهەڵگەڕاوە و دڵی ئێمەی نوقووم کرد. بیرم دێ فرانسیسکۆس لەژێر دەروازەی کڵێسای قەدیسە پیرۆزەکاندا لەپاڵما ڕاوەستابوو، بەنەشوەوە چاوانی زەق کردبوونەوە و لە بارانەکەی دەنۆڕی، کەپووی دەلەری و بۆنی ئەرزی هەڵدەمژت، بۆن لە خاکەوە دەڕژاو فرمێسکی ئارام و شادییش لە چاوانی ئەوەوە.

پێیگوتم: "برا لیۆن، ئاسمان یەکانگیریی ئەرز دەبێ، خودا یەکانگیریی ڕۆحی ئینسان دەبێ، هەستت نەکردووە چۆن لە ئەرزی ناوەوەترا پیتەکانی ئینجیل وەک دەنکە جۆ ئاو دەخۆنەوەو چرۆ دەکەن؟ من هەست دەکەم چۆن ناوەوەم پڕ دەبێ لە سەوزایی و زەینم تەژی لە گوڵە خەشخاش دەبێ."

ئیدی ڕۆژێک، دوای ئازار و دڵەڕاوکێیەکی زۆر، قانوننامەکەمان بەپاپا مۆرکرد. مۆرە گەورەکەی پاپا و دوو کلیلی گەورەش کە بەپەتێکی ئاوریشمیی بەژێر قانوننامەکەوە گرێدرابوو. بیرم دێتەوە چۆناوچۆنی وەک سەرخۆش ڕامان دەکرد بۆ بەردەم کڵێسای گەورەی لاتێران و دوو قۆڵیی کەوتینە هەڵبەز و دابەز و سەما. فرانسیسکۆس وەک شوان پەنجەی نایە زاری و فیکەیەکی بۆ پەزە نەبینراوەکانی کێشا.

وەی خودایە چ شادومانییەک بوو، وەی خودایە دڵی ئینسان چ هێزێکی تێدایە بۆ خوڵقاندنی نەغمە لەهەوای بەتاڵ! بەفرانسیسکۆسم گوت: "ئەمەیە بەهەشت، مەسیح ڕاستی گوتووە کە مەملەکەتی ئاسمان وا لەناوەوەی خۆماندا. نە برسێتیی هەیە و نەتینوێتیی و نە کۆست، تەنها دڵی ئینسان هەیە!"

ئەوکاتەی ئێمە لەوێدا سەمامان دەکرد و فیکەمان دەکێشا، خانمێکی دەوڵەمەندی



جحێڵ، هات نزیکمان بۆوە و بەپێکەنینەوە پرسیی:

– "ئەوە چیتانە قەشەیینە؟ کێ شەرابی دەرخوارد داون و سەرخۆشی کردوون؟"

فرانسیسکۆس بەچەپڵە لێدانەوە وەڵامی دایەوە: "خوداوەند! لە بەرمیلە پڕ لەشەرابەکانی سەرخۆشی کردووین. وەرەو تۆیش لێی بخۆرەوە!"

– "ئێوە خەڵکی کوێن؟"

– "هیچ شوێنێک!"

– "ئەی نیازتانە بەرەو کوێ بڕۆن؟"

– "بەرەو لای خوداوەند. لەنێوان ڕێگەی هیچ شوێنێک و خوداوەنددا ئێمە سەما دەکەین و دەگرین!"

پێکەنینەکەی سەرلێوی خانمی جحێڵ کوژایەوە. بەدەستی ڕاستی لاگەردنە ڕووتەکەی شاردەوە و هەناسەیەکی هەڵکێشا.

گوتی: "چما لەبەر ئەوە ئێمە لەدایک بووین؟"

– "بەڵێ لەبەر ئەوە. بۆ ئەوەی سەما بکەین و بگرین و بچین بۆ لای خوداوەند!"

– "من ناوم (گیاکۆمینا) یە و ژنی جەنابی (گراتیانۆ فرانگیپانیس) م. بەڕادەیەک لە ژیانمدا بەختەوەرم کە شەرم دەکەم و بەڕادەیەک ژیانم بێخەمە کە دەمترسێنێ. ئێستا ناتوانم لەبەردەمی ئەم هەموو خەڵکەدا قسانت بۆ بکەم. گەر حەزدەکەیت وەرە ماڵەوە بۆ لام!"

وای گوت و ڕۆیشت، ئێمەیش بەدوایدا.

کێ دەیگوت ئەم خانمە شۆخە، دوای خوشکە کلارا، دەبێتە بەوەفاترین و خۆشەویستترین پەیڕەوکارانی فرانسیسکۆس! کێ دەیگوت بەختەوەریی بەلێشاو، ڕۆحێکی میهرەبان و نەجیب بەرەو لەخاچدان و فرمێسک کێش دەکا.

کاتێ بەرەو ماڵە خۆشەکەی دەڕۆیشتین، گیاکۆمینا پێیگوتین: "شەرم دەکەم هەموو شتێکم هەن و ژنانێکی زۆریش نییانە. ئاخر ئەمە دادوەرانە نییە، دادوەرانە نییە! گەر خوداوەند دادوەرە، ئەوا لێی بپاڕێرەوە تووشی بەڵایەکی گەورەمکا. گەر ئازاد بام، ئەوا بەپێی پەتیی بەشەقامەکاندا دەگەڕام و دەرگا بەدەرگا سواڵم دەکرد، بەڵام

چبکەم، منداڵ و مێردم هەن و بەستراومەتەوە!"

فرانسیسکۆس بەستایشەوە لێی دەنۆڕی.

– "تۆ ڕۆحێکی میهرەبان و میزاجێکی پیاوانەت هەیە. ڕێم بدە بە برا بانگت کەم نەک خوشکە گیاکۆمینا. برا گیاکۆمینا ددان بەخۆتا بگرە، ئەو ڕۆژە هەر دێ ئازاد بیت و بەپێی پەتی بڕۆیت و سواڵ بکەیت. خودا گەورەیە، بەزەیی بەژناندا دێتەوە و ڕوحمت پێدەکا. هەمدیس یەکتر دەبینینەوە!"

– "کەنگێ؟ لە کوێ؟"

– "برا گیاکۆمینا، ڕۆحێک لە ناوەوەمڕا پێم دەڵێ، لە ساتەوەختی ترسناکی مەرگدا!"

دەستی هەڵبڕی و بەرەکەتی دا و هەمدیس گوتی: "یەکتر دەبینینەوە!"

هەر کە لەماڵە خۆشەکەی گیاکۆمینا هاتینە دەرێ و ڕێی گەڕانەوەمان گرتەبەر، یەکسەر پێمگوت: "برا فرانسیسکۆس بۆچی لە بارەی مەرگەوە دوایت؟ نەفرەتیی لێبێ، خۆ ئێمە هێشتا کاری ڕۆژانەمان لەسەر ئەرز تەواو نەکردووە."

فرانسیسکۆس سەری ڕاوەشاند.

– "برا لیۆن، ئەو کاتەی سەمام دەکرد و فیکەم دەکێشا و پێموابوو کە بەبەرزترین ترۆپکی شادومانیی و خۆشبەختییەوەم، فریشتەی تاریک لە ئاسمانەوە دابەزی. من ئاماژەم بۆ کرد و پێیمگوت: (برا مەرگ، چاوەڕێکە، نەختێکی تر چاوەڕێکە!) ئەویش زەردەخەنەیەکی هاتێ و لە بۆشاییدا ڕاوەستا. برا لیۆن ئارامبە! من لە ساتی خۆیدا دەمرم، نە پێشتر و نە پاشتر!"

بەرەو باکوور کەوتینە ڕێ و تۆز و خۆڵی ڕۆمامان لە پێوپلمان تەکاند. وەک ئەسپێک دەرۆیشتین کە دەیەوێ بۆ ئاخوڕەکەی بگەڕێتەوە. ناو بەناو ئاوێکمان دەبینی و لامان دەدا، سەرمان دادەنەواند و ئاومان دەخواردەوە، ئەوجا لەسەر بەردێک دادەنیشتین و دوور دوور لە ئاسیزییمان دەنۆڕی. چەندێک نزیکتر کەوتباینایەوە، زیاتر ڕوخساری فرانسیسکۆس تاریک دادەهات و بەزەحمەت زاری بۆ هەڵدەهاتەوە و دەیتوانی بدوێ، تەنها ئەو کاتە نەبێ کە منداڵێکمان دەبینی، یان



گوڵە کێویلەیەکی جوانمان دەبینیی، یاخود تەیرێک کە بەسەر پەلکی درەختێکەوە نیشتبۆوە و گۆرانیی دەچڕی. تەنێ لەو ساتانەدا ڕوخساری فرانسیسکۆس ڕووناک دەبۆوە.

جارێکیان پێیگوتم: "برا لیۆن تا منداڵ و گوڵ و تەیر لە دونیادا هەبن، چ پێویست ناکا بترسیت. هەموو شتێک بەباشیی بەڕێوە دەچێ!"

هەر ڕۆیشتین و ڕۆیشتین، پێوپلمان پۆشراوبوو بەبرین و خوێنیان لێ دەچۆڕا و ئیدی نەیاندەتوانی جەستە هەڵگرن، ئێمە برسیی و بەشەوانیش لە سەرمادا دەتەزین. من خەیاڵم کردەوە و لێوم لستەوە و لەدڵی خۆدا گوتم: "ئای ئێستا مەڕێکی سوورەوەکراومان لەسەر سینییەک و بوتڵێک شەرابمان هەبوایە و نوێنێکی گەرمیش تێیدا ڕاکشاینایە! ئەوسا بەچ ئارەزوویەکەوە دەکەوتمە ستایشکردنی خوداوەند!"

بێهوودە سەرم ڕادەوەشاند تا هەوا و هەوەسی لەو جۆرە، سینیی و قاپ و نوێن لە خۆم دوورخەمەوە کە هەمیشە دەهاتنەوە وێزەم و لە هەوادا دەستیان بۆ ڕادەوەشاندم.

فرانسیسکۆس مەزەندەی خەیاڵاتەکانمی کرد و بەزەیی پێمداهاتەوە. بەمیهرەبانیی دەستی نایە سەر شانم.

– "برا لیۆنی ئازیز، نازانم بۆچی هەر ئەلعان زاهیدێکی گەلێک گەورەم هاتەوە یاد کە جارێکیان قسەیەکی پێگوتم هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە. حەزدەکەیت گوێت لە قسەکەی بێت؟"

من بەشەرمەوە چاوم داگرت، ترسام نەبادا سینیی و بوتڵە شەراب و نوێنەکە ببینێ.

گوتم: "بەڵێ، گوێم لێتە."

– "ڕۆژێکیان ڕێبوارێک ئەو زاهیدەی بینی هەناسە هەڵدەکێشێ. لێی پرسی: (ئەی پیاوی پیرۆزی خودا، بەدوای چییدا وێڵیت و بۆچی هەناسە هەڵدەکێشیت؟)

زاهید وەڵامی دایەوە: کوڕەکەم بەدوای پەرداخێک ئاوی سازگاردا وێڵم.

– جا ئەوە شتێکی هاسانە، شەوانە گۆزەیەک لە دەرەوە دانێ، بەیانی کە هەستایت لە خەو ئاوەکەی سازگار دەبێ!

– کوڕەکەم جارێکیان ئاوهام کرد، بەڵام شەوەکەی خەونێکم بینی. لە خەونەکەمدا لەبەر بەهەشت ڕاوەستابووم و لە دەرگاکەیم دەدا، یەکێک لەودیوەوە گوتی: تۆ کێیت؟ من گوتم: ئەوە منم، ناوم (پاچۆمیۆس)ە و خەڵکی (سێبیس) م. دەنگەکە گوتی: بەڕێی خۆتا بڕۆ، بەهەشت بۆ ئەو کەسانەیە کە شەوانە گۆزە لە دەرەوە دانانێن تا هێند سازگار بێ بۆ خواردنەوە دەسبدا!

خۆم بەسەر پێی فرانسیسکۆسدا دا.

– "بمبوورە برا فرانسیسکۆس، من هێشتا نەمتوانیوە جەستە ببەزێنم، ئاخر برسیمە و ماندووم و سەرمامە. تۆ بۆ هەر شوێنێک بڕۆیت، منیش دێم، بەڵام هەموو کاتێک خەیاڵم بەشوێنتەوە نییە، بەڵکو لاساریی دەیگرێ و بەربەرەکانیی دەنوێنێ. من لەبەردەم بەهەشتا ڕاوەستاوم بەڵام دەرگاکەی ناکرێتەوە!"

– "برا لیۆن متمانەت بەخۆت لەق نەبێ. گەر شەیتان زۆری بۆ هێنایت مەترسە، دەرگای بەهەشت دەکرێتەوە و ئەوسا هەردووکتان بەیەکەوە دەچنە بەهەشت!"

فرانسیسکۆس وای گوت و دەستی نەوازشی بەسەرمدا هێنا.

– "ئاخۆ شەیتانیش ڕێگەی دەدرێ بچێتە بەهەشت؟ برا فرانسیسکۆس لە کوێوە دەزانیت؟"

– "برا لیۆن بەدڵمدا هەست بەوە دەکەم، ئاخر دڵم کراوەیە و پێشوازی لە هەموو شتێک دەکا. بەدڵنیاییەوە بەهەشتیش هەر ئاوهایە!"

***

گەیشتینە شارۆچکەیەک کە کەوتبووە شوێنێکی بەرز و چەپەکی چیایەکی بڵندەوە. بەترۆپکی چیاکەوە، قەڵا و بورج هەبوون بەدوو ئاڵای بەرزەوە، لەوێدا خاوەنی قەڵاکە لەگەڵ بازەکانیدا دەژیا. بەبناری چیاکەشەوە، شار ڕاکشابوو بەڕەز و دارزەیتوونەکانییەوە، بەخانووە گچکە و هەژارانەکەیەوە کە باران و زەمەن و هەتاو وێرانی کردبوون. فرانسیسکۆس بەزەیی پێمدا دەهاتەوە.

گوتی: "سێ ڕۆژان لێرە دەمێنینەوە و دەحەوێینەوە. لەنێو دار زەیتونەکانەوە دەیرێکی گچکە دەبینم. برا لیۆن خوداوەند بەزەیی پێتدا هاتەوە!"

چووینە شارۆچکەکەوە، کرێکاران لە کارەکانیان دەگەڕانەوە، خۆر خەریک بوو



ئاوادەبوو. لە باخچەی کڵێسایەکی وێراندا دانیشتین، چواردەورمان درەختی سەروو بوو، پەرژینەکە بۆنی دەپرژاند. لە ناوەڕاستا دارچنارێک هەڵکشابوو بەگەڵای سەوزی تۆخی تازە پشکوتووەوە و تۆزێکیش لەولا چنارەکەوە ئاوی کانییەک پرشنگی دەدا. فرانسیسکۆس لەچوار دەوری خۆی ڕوانی و هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژت.

گوتی: "برا لیۆن هەڵبەت ئەمە بەهەشتە، ئیدی سەرەوەی بۆ مەگەڕێ، ئەمە بۆ ڕۆحی ئینسان بەسە، ئەوپەڕی بەسە!"

چریکەی تەیرەکان سەریان بەفرانسیسکۆس هەڵبڕی. پۆلێک چۆلەکە لەنێو هێلانەکەیان لەسەر دارچنارەکە نیشتنەوە تا شەو لەوێدا بەسەر بەرن، بەرلەوەی بخزێنە هێلانە چکۆڵەکانیان و سەریان بنێنە نێو سینگە پەڕنەکانیانەوە و بنوون، لەسەر پەلکی درەختەکە نیشتنەوە، پاشان دابەزینە خوارەوە بۆ حەوشە و شادومانانە کەوتنە جریوەجریو.

فرانسیسکۆس بەئەسپایی بەرەو لای کانییەکە چوو کە لەوێدا چۆلەکەکان کۆببوونەوە، دەستی سڵاوی بۆ هەڵبڕین.

گوتی: "برا لیۆن، ئارامبە، مەجووڵێ نەبا بیانتارێنیت، من چ خواردنێکم نییە بیاندەمێ، لەبەرئەوە پەیڤی خودایان دەدەمێ، ئیدی بەدەم گوێڕادێرانەوە دەچنە بەهەشت."

ئەوجا ڕوویکردە تەیرەکان. دانەوێوە و بەئامێزێکی کراوەوە کەوتە قسان:

– "برا تەیرەکانم، خودا وەک باوکی تەیر و مرۆڤەکان، ئەنگۆی زۆر خۆشدەوێ و ئەنگۆ خۆشتان ئەمە دەزانن. هەر لەبەر ئەوەشە کە لەگەڵ خواردنەوەی هەر قومە ئاوێکدا، سەرە چکۆڵەکانتان هەڵدەبڕن و سوپاسی دەکەن، بەیانیانیش کاتێ هەتاو لەسینگتان دەدا، ئەوسا تەژی بەستران دەکەن و لەم چڵەوە دەفڕن بۆ ئەو چڵ و ستایشی خوداوەند دەکەن کە هەتاوی ناردووە و ئەو درەختە سەوزانەی ناردوون و گۆرانیی ناردووە. ئێوە بەرز بەرز بەئاسماندا دەفڕن تا زیاتر لێ ینزیک ببنەوە و دەنگتان ببیەت!"

فرانسیسکۆس دەدوا و پۆلێک کۆتر کە گوێیان لەدەنگە بەسۆزەکەی بوو دابەزین و

بەدەوری پای فرانسیسکۆسدا نیشتنەوە. کۆترێکی گچکەشیان بەرزبۆوە و گماندی و لەسەر شانی ڕاستی نیشتەوە. فرانسیسکۆس زیاتر خۆی چەماندەوە و جبەکەشی وەک باڵ دەشەکاندەوە و دەنگیشی وەکی دەنگی بولبول دەژنەفترا. پێدەچوو بیەوێ ببێتە تەیر، ببێتە چۆلەکەیەکی گەورە کە حەز دەکا لەگەڵ خوداوەنددا یەکانگیر ببێ.

– "برا چۆلەکە و کۆترەکانم، بیر لە هەموو ئەو شتە باشانە بکەنەوە کە خودا پێ یبەخشیون. خودا باڵی پێ بەخشیون تا بەئاسماندا سەفەری پێبکەن، پەڕی پێ بەخشیون تا زستانان سەرماتان نەبێ و جۆرەها خواردنیشی بۆ هەڵداونەتە سەر عەرد و سەر درەختەکان تا برسیتان نەبێ!"

ئەوجا پەڕەسێلکەکان هاتن و بەڕیز بەرامبەر ئێمە لەسەر پەرژین و سەربانی کڵێساکە نیشتنەوە. باڵیان لێکدەدا و ملیان درێژ دەکرد و گوێیان ڕادەدێرا. فرانسیسکۆس ڕووی تێ کردن و سڵاوی لێ کردن.

– "بەخێرهاتن برا پەڕەسێلکەکانمان کە هەموو ساڵێک لەسەر باڵە شمشێرییەکانتان بەهار دێنن. هێشتا دونیا ساردە و باران دەبارێ و خۆریش ڕووت و هەژار، کەچیی ئێوە هەست دەکەن دڵتان گەرمە و تەژییە بەهاوین. لەسەر گوێسوانەی بەخشت ڕۆنراوی پۆشراو بەبەفری خانووەکان دەنیشنەوە، لەم چڵی ڕووتەوە دەفڕن بۆ ئەو چڵی ڕووت و بەدەنووکە تیژەکانتان دەنووک لەزستان دەدەن تا هەرچیی زووە بەڕێگەی خۆیدا بڕوا. کە ڕۆژی ئاخیرەتیش دێ برا پەڕەسێلکەکانم، ئێوە بەر لە تەیرەکانی تر و بەر لە مەلایکەتە شەیپوور بەدەستەکان دەفڕن بۆ قەبرسانەکان و دەنووک لە کێلەکان دەدەن و گۆرانی زیندووبوونەوە دەچڕن، ئیدی مردووەکان گوێیان لێتان دەبێ و گوڵە بەیبوونی سەر گۆڕەکانیان لەخۆیان دەتەکێنن و هەڵدەسنە سەرپێ تا سڵاو لەو بەهارە نەمرە بکەن!"

پەڕەسێلکەکان بەشادومانیی باڵەکانیان لێکدەدا و کۆترەکان دەیانگماند و چۆلەکەکانیش لێی نێزیک ببوونەوە و نەرم و ئارام دەنووکیان لە جبەکەی دەدا. فرانسیسکۆس دەستی بەسەریاندا دەهێنا، خاچی دەکێشا و بەرەکەتی دەدان. پاشان دەستی بەهەر چوار لادا بۆ ڕاوەشاندن و خوداحافیزیی لێ کردن و گوتی:

– "برا چۆلەکە و کۆتر و پەڕەسێلکەکان، ئیتر وا ئێوارەیە و بچن بۆ خۆتان



بحەوێنەوە. گەر خودا لوتف بفەرمووێ و هەندێ خەونتان پێ ببەخشێ، ئەوا ڕەنگە ئەمشەو خەون بەخاتوونی پیرۆزی پەڕەسێلکەکانەوە ببینن کە وەک پەڕەسێلکەیەکی گەورە بەسەر هێلانەکانتاندا دەفڕێ."

کاتێک فرانسیسکۆس دەدوا، سوارێک بەوێدا تێپەڕی. ئەو سوارەیە قەشەیەکی بینی کە لەگەڵ تەیردا دەدوێ، ئیدی ڕاوەستاو دایە قاقای پێکەنین. وی بەگزادەیەکی تەمەن مام ناوەندیی بوو، خاوەن کەپوویەکی ئەستوور و ناقۆڵاو لچ و لێوێکی شۆڕ و شەهوانیی، جلکێکی ڕەنگاوڕەنگی لەبەردا و تاجێکی گەڵای داردێمشتی بەسەرەوە بوو، زنجیرێکی ئاڵتونی ئاڵاندبوو لە ناوقەدییەوە کە مەیمونێکی چکۆڵەی ئاوریشمینی وەک نوشتەی بەخت پێوەبوو، بلوێرێکییشی بەشانیدا کردبوو.

کۆمەڵێک کوڕو کچ لەدوایەوە دەڕۆیشتن کە تاجی لاولاو و گوڵیان بەسەرەوە بوو. هەر کە پێشەواکەیان بینی ڕاوەستا، ئەوانیش ڕاوەستان و لە قاقای پێکەنینیان دا. ڕوخساری کابرای سوارە پرشنگی دەدا و دوا تیشکی خۆر لێی دەدا و قژی وەک بڵێسە زەرد هەڵگەڕاندبوو. من خۆم بەسەر پەرژینەکەدا چەماندەوە و ئاماژەیەکم بۆ یەکێک لە کوڕەکان کرد و ئەویش نێزیک بۆوە.

لێیم پرسیی: "ئەو جەنابە، ئەو سوارەیە کێیە؟ لە پادشا دەچێ!"

وەڵامی دامەوە: "ئەوە جەنابی (گیویلێلمۆ دیڤینی)، پادشای سترانە، چما هیچت لە بارەیەوە نەبیستووە؟ وی لە ڕۆماوە هاتووە، لەوێ لە (کاپیتۆلیۆم) تاجی گەڵێ داردێمشتی لەسەر نراوە و نازناوی پادشای سترانی پێ بەخشراوە!"

– "سترانەکانی باسی چ دەکەن؟"

– "باسی ئەڤین. قەشە باسی ئەڤین، چما ناوبانگی گۆرانییەکانیت بەرگوێ نەکەوتووە؟"

وای گوت و دایە قاقای پێکەنین و بۆ لای هاوڕێکانی گەڕایەوە.

هەنووکە کۆترەکان هاتبوون و پاشان پەڕەسێلکەکان، سوارەیش بێ جووڵە ڕاوەستاو گوێی ڕادەدێرا. بۆ ساتێک ڕاچڵەکی و ڕوویکردە هاودەمەکانی کە لە قاقای پێکەنینیان دابوو.

بەتووڕەیی هاواری لێ کردن: " بێدەنگ بن!"

ئیدی فرانسیسکۆس شەوباشی کردبوو لە تەیرەکان و لەوەدا بوو بەحەوشەکەدا بچێتە دەرێ، بەڵام سوارە لە ئەسپەکەی بازێکی دا و بەسەر پێی فرانسیسکۆسدا کەوت.

پێوپلە خوێناوییەکەی فرانسیسکۆسی ماچ کرد و گوتی: "من کوێر ببووم و وا ئەلعان بیناییم بۆ گەڕایەوە، من مردبووم و وا هەنووکە هەمدیس ژیانم تێ هاتەوە، هەڵمگرەوە، لەم دونیایە دەرمبێنە و ڕۆحم قووتارکە! بەدرێژایی ژیانم هەر سەرقاڵی گۆرانیی گوتن و شەراب و ژن بووم، ئیتر ئەوانە با بەس بن و تەواو. لەگەڵ خۆتدا بمبە و لێگەڕێ با ستران بۆ خودا بچڕم! من ناوم (گیویلێلمۆ دیڤینی) یە و هەر ئێستا ئەو خەڵکە شێتە تاجیان لەسەر نام و نازناوی پادشای سترانیان پێبەخشیم!"

وای گوت و تاجەکەی لەسەری داگرت. گەلێ دێمشتەکانی هەڵپڕواند و لە ئەرزەکەدا ورد وردی کردن.

گوتی: "وا ئیدی ئارام بوومەوە. هەروا جلکە ڕەنگاوڕەنگەکانیشم دادەکەنم. باوکی پیرۆز جبەیەکی قەشەییم بدەرێ، ئەم زنجیرە زێڕەش لە خۆم دەکەمەوە، گوریسێکی گرێدراوم بدەرێ!"

فرانسیسکۆس دانەوێوە. هەڵیساندە سەر پێ و نێوچەوانی ماچ کرد.

– "برا ئیرێنیۆ(*) هەستە سەر پێ. براکەم من بەو ناوە بانگت دەکەم، لەبەر ئەوەی تۆ لەم ساتەوە چوویتەتە نێو ئارامیی خوداوە. من نێوچەوانت ماچ دەکەم کە هێشتا پڕە لە گۆرانی. تا ئێستا تۆ گۆرانیت لەبارەی دونیاوە گوتووە، لەمەولا گۆرانیی لەبارەی کەسێکەوە دەچڕیت کە دونیای خوڵقاندووە. بلوێرەکەت با پێبێ و ئەویش بۆ خزمەتی خودا بەکاربێنە. براکەم ئیرێنیۆ، دەبێ بزانیت کاتێک ساتەوەختی مەزنیش دێ، تۆ هەر بەبلوێرەکەی شانتەوە دەچیتە بەهەشت و مەلایکەتەکانت لێ کۆدەبنەوە تا فێری گۆرانییەکانی خۆتیان بکەیت."

کوڕو کیژەکان کەوتنە کۆکردنەوەی گەلێ دێمشتەکانی سەر ئەرزەکە و سەیری ئەو گۆرانیبێژە بەنێوبانگەیان دەکرد و نەیاندەزانی ئاخۆ ئەوە سوعبەتێکی نوێیەتی یاخۆ

(*) بەزوبانی گریکی واتە ئاشتی، ئارامی. وەرگێڕی سوێدی.



هەر بەڕاستیی سەری لێ شێواوە و دەیەوێ ببێتە قەشە.

بەڵام برا ئیرێنیۆ ئاوڕی بۆ دانەوە و خوداحافیزیی لێ کردن.

– "خوداحافیز هاوڕێیانی ئەو ژیانەی پێشووم. ڕێگەی خۆتان بگرنەبەر. ئیدی گیویلێلمۆ دیڤینی مرد، بڕۆن و لاشەکەی بەخاک بسپێرن، ئەو مەیموونەش بخەنە سەر تابووتەکەی و ئەوجا بینێژن!"

وای گوت و زنجیرە ئاڵتونەکە و مەیموونە ئاوریشمینەکەی بۆ هەڵدان. هەمدیس پێی گوتنەوە: "خوداحافیز، ئێمە ئیتر یەکتر نابینینەوە!"

کوڕو کیژەکان بەسەر سوڕماوییی بڵاوەیان لێ کرد و ئیدی ئێمە هەرسێکمان ماینەوە. فرانسیسکۆس لەپێشەوە دەڕۆیشت و ئێمەیش بەدوایدا بەرەو ئەو دەیرە چکۆڵەیەی ناو دارزەیتوونەکان ملمان دەنا. برا ئیرێنیۆ بەدەم ڕێوە سترانی دەچڕی.

گوتی: "برا فرانسیسکۆس، وەک تەیرێک وەهایە دڵی من، وەکی بولبولێکە کە لەگەڵ تەیرەکانی تردا هاتبوو تا گوێت بۆ ڕادێرێ. دڵم گوێی بۆ ڕادێرایت و ئەوسا دەنووکی بۆ ئاسمان هەڵبڕی و کەوتە چڕینی سترانێکی نوێ."

فرانسیسکۆس پێکەنیی.

گوتی: "من بەشێتێتییەکی نوێوە هاتووم بۆ دونیا، تۆیش بەسترانێکی نوێوە، ستران لەبارەی ئەو شێتێتییە نوێیەوە. برا ئیرێنیۆ من خۆشحاڵم کە یەکترمان ناسی. خۆشهاتیت بۆ لامان!"

سێ ڕۆژان لەو دەیرە ماینەوە و حەواینەوە. قەشەکان هەر کە ئێمەیان بینی، لە سەرەتاوە کەمێک بەرامبەرمان شەڕانگێزبوون. فرانسیسکۆس پێدەکەنی، ئیرێنیۆ بلوێرەکەی دەژەند و منیش بەدەنگە قرخنەکەم لەسەر ئاوازی بلوێرەکە گۆرانیم دبێژا.

سەرۆکی دەیرەکە پێیگوتین: "پێتانوایە ئێوە لەکوێن؟ ئێرە دەیرە، ماڵی خوداوەندە!"

– "برای سەرەک دەیر، تۆ پێتوایە دەبێ بەگریانەوە بێینە ماڵی خوداوەند؟ خوداوەند دەڵێ: ئیتر بەسە فرمێسک و شیوەن، من حەزم لەهەناسە هەڵکێشان نییە. ئاخر بەڕوخساری مۆن خەمین دەبم، من پەرۆشم بۆ ژنەفتنی پێکەنین لەسەر ئەرز!

دەی برا ئیرێنیۆ بلوێرەکەت کۆککە، گۆرانییەک بچڕە تاخوداوەند دڵی گەرمدابێ!"

قەشەکان وردە وردە لێمان کۆدەبوونەوە و پێمان ڕادەهاتن. فرانسیسکۆس ئێواران لە حەوشەکەدا کۆی دەکردنەوە و لەبارەی ئەڤین و هەژاریی و بەهەشتەوە قسانی بۆ دەکردن.

پێیدەگوتن: "پێتانوایە بەهەشت چۆنە؟ پێتانوایە بەهەشت کۆشکێکی گەورەیە بەپێپلیکانەی مەڕمەڕیی و زێڕین و هۆدەی زۆرەوە؟ نا، نا! من شەوێکیان بەهەشتم لەخەونمدا بینی. بەهەشت گوندێکی چکۆڵەی دەورە دراوە بەسەوزەگیا، لە ناوەڕاستی گوندەکەشدا و لە کوختێکی گچکە و هەژارانە و هاکەزاییدا و لەلای بیرە ئاوێکەوە، ڕۆحی ئینسان دانیشتووە کە تەواوێک لە مەریەمی پاقیژە دەچێ ئەو کاتەی شیری خۆی دەداتە خوداوەند...."فرانسیسکۆس دەدوا و شەو تەژی بەئارامیی باڵی بەسەرماندا دەکێشا. هەوا پڕ دەبوو لەباڵی شین، قەشەگەلیش خەنیی و خۆشحاڵ چاوانیان لێکدەنا و خۆیان بەبەهەشتا دەکرد.

دوای سێ ڕۆژ هەمدیس بەرەو باکوور ملی ڕێگەمان گرتەوە بەر. پێدەچوو ڕێگەکەمان کورت بووبێتەوە، چونکە برا ئیرێنیۆ بەدرێژایی کات هەر گۆرانیی دەچڕی. تا ئیدی ئێوارەیەکیان قەڵا و بورجەکەی ئاسیزیی ئازیزمان لێ وەدیارکەوت. فرانسیسکۆس دەستی هەڵدەبڕی و شاری بەرەکەت دەدا.

– "تۆ ئەی شاری ئازیز. شادومانم دەتبینمەوە، خودایە یارمەتیم بدە، لێگەڕێ با لە ئارامییدا براکانم ببینمەوە!"

خۆر ئاواببوو کە ئێمە بەشەکەتیی گەیشتینە پۆرتیۆنکولا. فرانسیسکۆس لەپێشەوە و من و ئیرێنیۆش لەدواوە، بەهێواشیی نزیک دەبووینەوە. فرانسیسکۆس ویستی لەناکاوێکڕا خۆی پیشانی براکان بدا، تا بزانێ چ دەکەن، گوێی لێ بێ بزانێ چ دەڵێن، بەڵام هەر چەندێک زیاتر نزیک دەبووینەوە، زیاتر دەنگی هاوار و پێکەنینمان دەژنەفت. سەرنجمان دا دوکەڵ لە سەربانەکەوە بەرز دەبێتەوە. هەڵبەت برایان ئاگریان کردبۆوە، بۆنی گۆشتی برژاو گەیییە کەپوومان، هەڵبەت خەریکی چێشت لێنان بوون. فرانسیسکۆس ڕاوەستا.

لەبەرخۆوە گوتی: "برایان ئاهەنگیان هەیە، گۆشت دەخۆن!"



سواڵکەرێکی پیر بەوێدا تێپەڕی. ئەویش لە دوورەوە بۆنی گۆشتەکە گەییبووە کەپووی و بەهەڵەداوان هاتبوو تا بەڵکو بەزەییيان پێیدا بێتەوە و پلێکی بەش بدەن.

فرانسیسکۆس پێیگوت: "براکەم، دەتوانیت یارمەتییەکم بدەیت؟ کڵاوەکەت و گۆچانەکەت و تورەکەکەتم بدەرێ، دەڕۆم و سڵاو لەو برایانە دەکەم و دواتر یەکسەر شتەکانت بۆ دەگەڕێنمەوە. ئەم یارمەتییەم بدە خوداوەند پاداشتی خێرت دەداتەوە."

– "ئەرێ تۆ فرانسیسکۆس نیت؟ ئەوەی بەفرانسیسکۆسی ئاسیزیایی بانگی دەکەن؟"

– "بەڵێ براکەم ئەوم."

– "هانێ!"

فرانسیسکۆس کڵاوەکەی کردە سەر و بەسەر گوێیدا دایدایەوە، تورەکەکەی نایە کۆڵ و خۆی بەسەر گۆچانەکەدا نوشتانەوە و لە دەرگای پورتیۆنکولایدا.

بەناڵەناڵەوە گوتی: "بۆ خاتری ئەڤینی مەسیح، براکانم بۆ خاتری ئەڤینی مەسیح بەزەییيەکتان بەم پیرەمێردە نەخۆش و برسییەدا بێتەوە!"

برایان وەڵامیان دایەوە: "پیرەمێرد وەرە ژوورەوە، لای ئاگردانەکەوە دانیشە و بخۆ!"

فرانسیسکۆس بۆ ئەوەی برایان ڕوخساری نەبینن و نەیناسنەوە، کۆمەکۆم چووە ژوورێ و لای ئاگردانەکەوە دانیشت و پشتی کردە برایان. قوتابییەکی جحێڵ قاپێک شۆربا و لەتێک نانی بۆ هێنا. فرانسیسکۆس داهاتەوە و چنگێک خۆڵەمێشی لە ئاگردانەکە دەرهێنا و ڕۆی کردە ناو شۆرباکەوە و ئەوجا کەوتە خواردن. برایان دەسوبرد ناسییانەوە، بەڵام کەسیان نەیانوێرا ئەوە ئاشکراکەن. شەرم دایگرتبوون کە ئاوها فرانسیسکۆس لە کاتی خواردنی گۆشت و ئاهەنگ گێڕاندا بەسەریاندا هاتبوو. پارووەکانیان لە قوڕگیاندا گیرابوو، کەسیان نەیاندەتوانی لەسەر خواردن بەردەوام بن، گرمۆڵە بەدیار دەفرەکانیانەوە دانیشتبوون و چاوەڕێ بوون. دەیانزانی تاوێکی تر گەردەلوول هەڵدەکا.

فرانسیسکۆس دوو دەفر شۆربای خوارد، پاشان دەفرەکانی لەولاوە دانان و ڕووی کردە برایان.

گوتی: "براکانم بمبوورن. کاتێک هاتم و ئێوەم بەرامبەر ئەم هەموو خواردنە زۆرە بینی، هیچ باوەڕم نەکرد. لەخۆم پرسی: ئاخۆ ئەمانە ئەو برا هەژارانەن کە لەدەرگای مالانیان دەدا و سوالیان دەکرد؟ ئەوانەی کە خەلکیی مەزەندەی دەکرد بەتەقوا و قەدیس بن؟ ئەوانەی کە خەلکی دەیانگوت گەر بچینە فیرقەکەیانەوە، ژیانێکی بێ خەم و ئارام دەگوزەرێنین. توو ئەڤینی مەسیح پێم بلێن، ئاخۆ ئێوە هەمان برا سادە و ساکارەکانی فرانسیسکۆسی ئاسیزیایی هەژارن؟"

براکان لەوە زیاتر نەیانتوانی خۆیان ڕاگرن، هەندێکیان دایانە قولپی گریان، هەندێکی تر بەپێدزکێ و بەترسەوە چوونە دەرێ و دیارنەمان، هەندێکی تریش کەوتنەوە بەسەر پێی فرانسیسکۆسدا و داوای لێبوردنیان لێ کرد. فرانسیسکۆس دەستی بەنیشانەی خاچ لەسەر سینگی دانا و وەک ڕاهاتبوو ئەمجارە باوەشی نەکردەوە تا لە لەئامێزیان بگرێ. ئێلیاس نزیک بۆوە، وی نە گریا و نە داوای لێبوردنیشی کرد.

گوتی: "برا فرانسیسکۆس چییە برایان ناناسیتەوە؟ کاتێک دوور بوویت، ژمارەمان زیاتر بووە، دەستت ڕایەل کە و بەرەکەتیان بدە!"

بەلام فرانسیسکۆس بەبێدەنگیی سەری بەسەر سینگیدا شۆڕکردەوە. برایان بەدەوریدا بەترسەوە لێیان دەنۆڕی.

ئێلیاس هەمدیس گوتی: "برا فرانسیسکۆس، پاپات بینی؟ قانوننامەکەی مۆر کرد؟"

فرانسیسکۆس دەستی لەسەر سینگی دانا.

– "برا ئیلیاس پەلە مەکە، بەدوو کلیلەکەوە ئەوەتا لێرەدایە، گەر خودا بیکا سبەینێ لەو بارەیەوە قساندەکەین. وەرن ئێستایش با بڕۆین بۆ کلێسا و لەخودا بپاڕێینەوە تا ئەویش مۆری خۆی لە کاغەزەکان بدا!"

***

بۆ سبەینێ هەموو برایان لە جێگەیەکی کراوە لە دارستانەکە کۆبووینەوە. ئێلیاس هاتوچۆی دەکرد و بەنهێنیی قسانی بۆ دەکردن. قلافەتە کەتەکەی هەموانی شاردبۆوە، فرانسیسکۆس هێند چکۆلە و بێ نموود بوو کە بەحال لە پال ئێلیاسدا



دەبینرا. من هەرگیز، خودایە تۆبە، من هەرگیز ئیلیاسم نەچوو بوو بەدلدا. ئاخر چاوانی پڕ بوون لە فیز و لە تەماح، ڕۆحی بێزی نەدەهات چ شوێنێک لە پورتیۆنکولا بگرێت بۆ خۆی، بێزی نەدەهات چ ژوورێک لەهەژاریی و ئەڤین بگرێت بۆ خۆی. ئەو حەزی بوو پەل بهاوێ و دونیا بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، نەک بەمیهرەبانیی، بەلکو بەزەبرو زەنگ و بەسواری ئەسپەوە بچێتە مەملەکەتی ئاسمان. ئەو دەبوو لەگەل دۆمینیکۆس، ئەو قەشە ئیسپانییە دلڕەقەدا با نەک لەگەل ئەم پیاوە هەژارە ئاسیزییەدا. نازانم خوداوەند بۆچی کەسێکی لەو جۆرەی بۆ ناردبووین؟ ئاخۆ دەبێ مەبەستی نهێنیی خوداوەند لەناردنی پیاوێکی لەو جۆرەدا چ بووبێ؟ بلێی خوداوەند نەیەوێ لێکنەچووەکان یەکانگیرکا؟ ڕۆژێکیان غیرەتمدایە بەر خۆم و بەفرانسیسکۆسم گوت:

– "برا فرانسیسکۆس، برا ئێلیاسم خۆشناوێ. هەموو برایەتییەک یەهودایەکی خۆی هەیە. خودا وەک درۆزنێک بەدرۆم بخاتەوە گەر ئەم پیاوە یەهودای ئێمە نەبێ!"

فرانسیسکۆس وەلامی دامەوە: "برا لیۆن یەهوداش میهرەبانە. ئەویش خزمەتکارێکی تری مەسیحە. گەر خوداوەند لەنێوچەوانی نووسیبێ کە دەبێ خیانەت بکا، ئەوا ئەو ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ هێناوە و خیانەتی کردووە!"

تاوێک بیری کردەوە و دەنگی نزم کردەوە.

– "تۆ سەربوردەی گورگەکەی (گیوبیۆ) ت لەیادە کە فێر ببوو دەچووە پشتیرەوە و بەرخی دەبرد؟ ئەو گورگە هەموو شوێنێکی گوندەکەی تێکوپێک دابوو. من بەزەییم بەخەلکی گوندەکەدا هاتەوە و چووم بۆ دارستان تا بەناوی خوداوەند سوێندی بدەم کە چیتر بەرخ نەفڕێنێ. کە چوومە دارستانەکە هاوارم لێ کرد و هات. دەزانیت چیی وەلام دامەوە؟ گوتی: (فرانسیسکۆس، فرانسیسکۆس نەزمی خوداوەند مەشێوێنە، بەرخ گژوگیا دەخوا و گورگیش بەرخ. ئاخر خودا ئاوها ئەمری فەرمووە. بۆچی؟ مەپرسە بۆچی. گوێڕایەلیی خواستی خودایە و ئیدی لێمگەڕێ با ئازاد بم بەرەو پشتیرەکان بچم. کاتێک برسێتیی هێرشم بۆ دێنێ و دەیەوێ گوڕی بەرگرییم تاقی کاتەوە، منیش وەک تۆ ئەی پیاوی قەدیس لەخوداوەند دەپاڕێمەوە و پێیدەلێم: ئەی باوکی ئێمە کە فەرمانڕەوایی جەنگەلەکان دەکەیت و ئەمرم پێدەکەیت بەرخ

بخـۆم، دەی وەعـدی خـۆت بـەجێ بێنـە و بەرخی ڕۆژانەی خـۆمم بدەرێ تا تـێـر بم و ستـایشت بکەم. خـودایە تۆ گـەورەیت، تۆ کـە ئەو هـەمـوو گۆشـتـە خۆشـەی بەرخت خـوڵقـاندووە، گـەر ڕۆژێـک مـردم، ئەوا ڕێگـەم بدە زیندوو ببـمـەوە و هـەروەها ئـەمـر بفـەرمـوو هـەمـوو ئەو بەرخـەکـانەیش لەگـەڵ مندا زینـدوو ببنەوە کـە خـواردوومن تا جارێکی تریش بیانخۆمـەوە.) برا لیۆن، گورگـەکە ئاوها وەڵامی دامـەوە. ئیدی منیش سـەرم داگرت و بـەکوێدا چووبووم، هـەر بەوێشدا گـەڕامـەوە. بۆچی؟ بۆچی؟ برا لیـۆن ئێمە چ بێعارین کە پرسیار دەکەین!"

ئای خـۆزیا دڵێکی وەکی ئەوەی فرانـسیسکۆسم هـەبا کە جێگەی هـەمـوو کەسێکی تێـدا دەبـۆوە و لە هـەمـوو کـەسـێک دەبوورا! ئـەمـڕۆ (ئێلیـاس بـۆباڕۆنـێ) دەبینم کـە بەگوێی براکاندا دەچپێنێ، لە ترس و تووڕەییدا هـەڵدەلەرزم.

کـاتێک هەمـوو برایان کـۆبوونـەوە، فرانـسیکۆس هەسـتـایە سـەرپێ. وەک ڕاهـاتبـوو دەستی بەنیشانەی خاچ دانا و ئارام و هێـور و خەمین کەوتە ئاخافتن. ناو بەناو وەک ئەوەی سـواڵبکا دەسـتی بۆ برایان ڕایەڵ دەکرد. بەوشـەی سـاکار گێڕایەوە کـە چۆن ئێمە چووین بۆ ئەو شارە پیرۆزە و چۆن چۆنی باوکی پیرۆزمان بینیوە. گێڕایەوە ئەو چیی پێگوتووە و ئەم چیی وەڵام داوەتەوە، چۆناوچۆنی دانەویوەتەوە و قـانوننامـەکـەی لەبەر پێیدا داناوە. ئیدی دوای سێ ڕۆژان پاپا قـانووننامـەکەی مۆرکردووە. هـەڵبـەت خـودا ئـەمری پێفـەرمـووە، تەمـاشـاکـەن ئـەمەتا! ئـەوسـا دەسنووسـە پیـرۆزەکـەی لەبەر سـینـگی دەرهێنا و بەهـێـواشـیـی کـەوتە خـوێندنەوەی وشـە بـەوشـەی. برایان هـەمـوو کـەوتنە سـەر چۆک و گـوێیـانڕادێرا . کـاتێ لـەخـوێندنەوەی بۆوە، دەسـتی ڕایـەڵ کـرد و دوو قسـەی تریشـی کـرد، نـا ، قسـانی نـەکـرد، بەڵکو دەسـتی ڕایەڵ کرد و پاڕایەوە:

– "ئەی خـاتونی پیـرۆزی هـەژاریی ئێـمـە، ئێـمـە لەم مـەملـەکـەتـەدا کـەسـیـتـر شک نابەین، بەجێمانمەهێڵە! لێگەڕێ با هـەمیشـە هـەر برسیی بین و لە سـەرمادا بتەزین و شوێنێک نەبێ پاڵی پێوە بدەین!

ئەی خـاتوونی پیـرۆزی تەهـارەتی ئێـمـە، خـواسـتـمـان پاقـژکەوە، دڵـمان پاقـژکـەوە، هەوای هـەناسـەدانمان پاقـژکـەوە! یـارمـەتیـمـاندە بەسـەر شـەیتـاندا زاڵ بین کـە وەکی شێرێک بەدەوری پۆرتیۆنکولادا ، بەدەوری دڵماندا ماتەماتێتیی!





ئەی خاتوونی پیرۆزی ئەڤینی ئێمە، ئەی کیژە گەورەی خودا ، ئەز دەست هەڵدەبڕم و گـوێم بـۆ ڕادێرە، دڵـمـان هـێند بەرین بکە جـێگـەی هـەمـوو خـەڵکیی تێـدابێـتـەوە. خێرەومەند و شـەڕانگێز، دڵمان هێند بەرین بکە جێگەی هەموو ئاژەڵانی تـێدابێتەوە، کێویی و مـاڵیی. دڵمـان هێند بەرین بکە جێگەی هـەموو درەختـێکی تێدابێتـەوە، زڕو بـەردار. دڵمــــان هـێند بـەرین بکـە جـــێگـەی هـەمــــوو بەرد و ڕووبـار و زەریـایەکـی تێدابێتـەوە. ئێـمـە هـەمـوومـان بـراین، هـەمـوومـان یـەک بابمان هەیە و هـەمووشـمـان دواجار ملی ڕێگە دەگرین و دەگەڕێینەوە ماڵە باب!"

بێدەنگ بوو. ڕەنگبێ ویسـتبێتیی شـتی تریش بڵێ، بەڵام برا ئێلیاس ڕاپەڕی. هـەڵم لە جـەسـتـە کـەتـەکـەیەوە هـەڵدەسـتـا و ئـارەقـەش بەلاجـانگەکـانیـدا دەهاتە خـوار. بەدەنگێکی قـەبە و کـاریگەر گـوتی: "برا فـرانسـیسـکۆس ڕێگە بەبرایانـی تریش بدە بدوێن، ئێـمـە هـەمـوومـان لەبەردەمی خـوداوەند دا وەک یەکین، دەی با هـەمـووان ئازاد بین لە دەربڕینی بیروڕای خۆمان. برایان ئێـوە گوێتان بۆ ئەو قـانوننامەیە ڕاگرت کە فـرانسیسکۆس لە دەستی پاپای وەرگـرتۆتەوە و ئەویش بۆ ئێـمەی هێناوەتەوە. ئاخـۆ ئێوە پێتان باشە یان نا؟ با هـەر کەسێک ئازاد بێ هـەستێ و قسان بکا!"

بۆ سـاتێک هەمـووان بێـدەنگ بـوون. هـەندێکیـان ناڕازیی بوون، بەڵام لـەبەر ڕێزی فـرانسیسکۆس بێدەنگ بوون. هـەندێکی تریان چ قسـەیەکیان نەبوو بیلـێن، بەوردی لەوە نەگـەیشـتن کە فـرانسـیسـکۆس خـوێندییـەوە، لەبەرئەوە بێـدەنگ بوون. منیش هـەر بێـدەنگ بووم، لەبـەر ئەوەی لەگـەڵ فـرانسـیـسـکۆسـدا کـۆک بووم و نەمـدەزانـی چۆن چۆنـی ئەوە دەربڕم.

سەرەنجام باوکە سیلڤێستێر بەهەناسە هەڵکێشانێکەوە هەستایە سەر پا .

گـوتیی: "بـرایینە، من لە هـەمـووتان بەتەمـەنترم، هـەر لەبەر ئەوەش پـڕکێشیم کـرد و یەکـەمین کـەس هـەسـتـام بـدوێم. برایینە گـوێم بۆ ڕادێرن، دونیـا تـاریک داهـاتووە و لە کـۆتـاییدایە، با بـەسـەر هـەمـوو ئـەرزدا بڵاوبینەوە و وەعـزی ئەوە بدەین کـە زەمـەن لە کـۆتـاییدایە. دەبێ خـەڵکی بـتـرسـێنرێن تا ژێوان ببـنەوە و خـۆیان ڕزگـارکـەن. ئـەمـە مەبەستی منە، ئێوەش ئەوە بکەن کە خوداوەند ڕانومایيتان دەکا!"

سـاباتینۆ لە جێگەکەی ڕاپەڕی. ڕوخساری زەرد و ژەهراویی بوو.

نەڕاندی: "دونیا تاریک دانەهاتووە. ئەوە پیاوماقوڵەکانن کە تاریکداهاتوون. با ڕاپەڕین، با ڕاپەڕین و پەلاماری پیاوماقوڵەکان بدەین، ڕاپەڕین و قەڵاکانیان ئاگر تێبەردەین، جلکە ئاوریشمییەکانیان ئاگر تێبەردەین، ئەو پەڕانە ئاگر تێبەردەین کە دەیکەن بەکڵاوەکانیانەوە، ئەمە ڕاستەقینەترین بەرخۆردانی خاچە، تەنها لەم ڕێیەوە دەکرێ ئێمە مەرقەدی پیرۆز ڕزگارکەین. کام مەرقەدی پیرۆز؟ ئەو خەڵکە بەدبەختەی کە لەخاچ دەدرێن. هەستانەوەی خەڵک واتە هەستانەوەی مەسیح!"

کێدرۆ ئاگرگرتووانە هاواری کرد: "خەڵکیی برسییانە و هێزی ئەوەیان نییە لەسەر پێ ڕاوەستن، با یەکەمجار تێرکرێن تا هێزیان تێبێتەوە، تەنانەت چاویشیان نابینێ کە ببینن چ ناحەقییەکیان بەرامبەر دەکرێ، با ئێمە چاویان بکەینەوە! برا فرانسیسکۆس با ئێمە بۆ ساتێک مەملەکەتی ئاسمان جێ بهێڵین و لەمەملەکەتی ئەرز بنۆڕین، دەبێ ئێمە لەوێوە دەست پێ بکەین. ئەمە ئامانجی منە، دەبێ یەکێک هەبێ هەموو قسەکان بنووسێتەوە!"

برا بێرناردۆش هەستایە سەرپێ و چاوە شینەکانی فرمێسکیان تێ زابوو.

گوتی: "برایینە با دونیا جێ بێڵین، چۆن دەکرێ لەگەڵ جەنابگەلی ئەم زەمەنەدا خۆمان هاوشانکەین و بیانهێنینە ڕێزەی خۆمانەوە؟ با دوورکەوینەوە، دوور دوور بەرەو بیابان و لەوێ شەوان و ڕۆژانمان بۆ عیبادەت تەرخانکەین. براکانم عیبادەت قودرەتی تەواوەتییە، کاتێ ئینسان لە ترۆپکی چیایەکدا نوێژ دەکا، ئیدی نزاکانی بەگوڕ لە چیاکەوە دێنە خوارەوە و دەچنە شارەکانەوە و دڵە گوناهبارەکان دەهێننە لەرە، ئەوجا بۆ بەرپای خودا بەرزدەبنەوە و لەبارەی عەزابی ئینسانەوە دەئاخڤن. براکانم تەنێ بەتەقوا، نەک بەدەوڵەمەندیی، نەک بەچەک ئێمە دەتوانین دونیا ڕزگارکەین."

منیش هەستامە سەرپا تا بدوێم. چەند قسەیەکم بەلاڵەپەتێ کرد، بەڵام یەکسەر ڕستی قسەکانم لێ ئاڵۆزکا، سەرم لەنێو دەستمدا حەشاردا و لە قوڵپی گریانم دا. هەندێک لەبرایان پێکەنین، بەڵام فرانسیسکۆس باوەشی پێداکردم و لای دەستە ڕاستی خۆیەوە دایینیشاندم.

گوتی: "کەستان ئاوها ڕوون و بەگوڕەوە نەدوان. برا لیۆن نزای خێری منت لەگەڵ بێ!"



ئەوجا هەستایە سەرپێ و وەک ڕاهاتبوو باوەشی کردەوە.

گوتی: "ئەڤین! ئەڤین! نە شەڕ، نە زەبروزەنگ. برا بێرناردۆ تەنها عیبادەت بەس نییە، بەڵکو کردەوەشی دەوێ، قورس و زەحمەتە لەنێو خەڵکیدا بژیت و بوونت پێویست نەبێ، ئەوە گەلێک خۆش و هاسانە لەبیابانێکدا خۆت گۆشەگیرکەیت و نزا بکەیت، ئاخر عیبادەت بەهێوریی موجیزەی خۆی دەنوێنێ. بەڵام کردەوە خێراترە، دڵنیاترە، زەحمەتترە. لەهەر کوێیەک خەڵک هەبێ، ئەوا خەم و نەخۆشیی و گوناه هەن، براکەم ئەوێ شوێنیی ئێمەیە، نێو گەڕەکان، نێو گوناهبارەکان، برسییەکان. کرمێکی خەتەر و پیس لەناخی هەموو کەسێکدا سەر خەو دەشکێنێ، تەنانەت لە ناخی پیرۆزترین زاهیدیشدا. دانەوەرەوە و بەو کرمە بڵێ: خۆشمدەوێی! هەر کە وا دەڵێی ئیدی ئەو باڵ دەردەکا و دەبێتە پەپوولە... ئەی ئەڤین، من بۆت دەنوشتێمەوە و قودرەتی ڕەهای تۆ بەرز ڕادەگرم، وەرە و براکانمان ماچکە، وەرەو موجیزەی خۆت بنوێنە!"

کاتێک فرانسیسکۆس دەدوا، برا ئێلیاس لەسەر ئەو بەردەی کە لەسەری دانیشتبوو، ئاوڕی دەدایەوە و بەنیگەرانی و بۆڵەو خورتەوە سەری بادەدا و ئاماژەی بۆ ڕەفیقەکانی دەکرد. دواجار ئیدی نەیتوانی ددان بەخۆیدا بگرێ و بەرزە پێ هەستایە سەرپێ.

– "برایینە گوێی لێ مەگرن، ئەڤین بەس نییە، جەنگ هەموو شتێکە، جەنگ! فیرقەکەمان پێویستە ببێتە فیرقەیەکی جەنگیی و براکانیشمان ببنە جەنگاوەری دلێر کە بەدەستێک خاچ هەڵگرن و بەدەستەکەی تریش تەور. ئینجیل دەڵێ ئەو درەختە زڕە بەڕەگەوە هەڵدەکێشم و دەیخەمە ئاگرەوە. ئەی چۆن بتوانین بەسەر دەسەڵاتداراندا سەرکەوین؟ باشە، تەنها ئەو کاتە دەتوانین کە لەوان بەهێزتر بین. نە هەژاریی، نە هەژاریی تەواوەتیی، برا فرانسیسکۆس ئەم لەخۆباییبوونە بۆ؟ خودی مەسیح ئیجازەی داوەتە حەوارییەکانی کە پێڵاو و گۆچان و کۆڵەپشتیان هەبێ و یەکێک لە حەوارییەکانیش سەرپەرشتیی دەخیلەکەی کردووە و هەوڵی داوە پڕ بێ تا خواردنی بۆ هەمووان پێ دابین کا. باشە برا فرانسیسکۆس زات دەکەیت و دەتەوێ لە مەسیحیش بالاتر بیت؟ سەروەت و سامان شمشێرێکی خاوەن قودرەتی ڕەهایە،

با لەم دونیا بێشەرمە چەقۆ وەشێنەدا بێچەک نەبین! سەرۆکەکەمان نابێ مەڕ بێ، بەڵکو دەبێ شێر بێ، لەبری پەلکی پیرۆز دەبێ قامچیمان بەدەستەوە بێ. برا فرانسیسکۆس ئاخۆ بیرت چۆتەوە کە مەسیح بەقامچی بازرگانانی لەپەرستگەی خوداوەند کردە دەرەوە؟ برایان من دەیڵێم و ئەمجارەش دەیڵێمەوە: شەڕ!"

پێنج شەش کەس لەبرا جحێڵەکان هەستانە سەرپێ و بەهاواری شادومانیی برا ئێلیاسیان خستە سەر شانیان.

هاواریان دەکرد: "تۆ شێریت. دەی بۆ پێشەوە و ڕێنوێنمانبە!"

فرانسیسکۆس ڕەنگپەڕیو و شەکەت دەستی نایە سەر شانم و هەستایە سەرپا، دەنگی پڕ لە نزا و خەم هاتە گوێ.

هاواری کرد: "براکانم ئاشتیی! ئاشتیی! چۆناوچۆنیی دەتوانین ئاشتیی لەدونیادا بخولقێنین کە ئاشتیی لەخودی دڵی خۆماندا نەبێت؟ ئاخر شەڕ شەڕی تری بەدوادا دێ و خوێنی ئینسانیش هەرگیز ناگیرسێتەوە. ئاشتیی، بیرتان نەچێ ئاشتیی، برا ئێلیاس مەسیح مەڕێک بوو کە گوناهی هەموو دونیای بەکۆڵەوە بوو."

ئێلیاس وەڵامی دایەوە: "مەسیح، برا فرانسیسکۆس مەسیح شێرێک بوو، ئەی خۆی نالێت: من نەهاتووم تا ئاشتیی بهێنم، بەڵکو هاتووم و شمشێرێکم وا بەدەستەوەیە؟"

وای گوت و ئەوسا ڕووی کردە براکان.

– "گوێتان لێ بوو؟ ئەوە قسەی مەسیحە، قسەی من نییە، بەڵکو مەسیح ئەو قسەیەی کردووە کە دەڵێ: من نەهاتووم ئاشتیی بهێنم، بەڵکو هاتووم و شمشێرێکم وا بەدەستەوەیە!"

برایان پشێوییان تێکەوت. هەندێکیان بەدەوری فرانسیسکۆسدا ڕاوەستان و دەگریان، زوربەیش بەپێکەنینەوە دەوری ئێلیاسیان دا. هەمووان لەیەککاتدا بەتووڕەیی پێکەوە هاواریان دەکرد. باوکە سیلڤێستێر چووە نێوانیانەوە.

گوتی: "براینە، شەیتان، ئەو بزنە ڕەشە گەڕاوەتەوە ناومان، چاوە سەوزەکانی دەبینم!"



فرانسیکۆس ڕێی خۆی بەنێو ئەو برایانەدا کردەوە کە دەوریان دابوو، نزیک بۆوە و دەستی ئێلیاسی گرت.

گوتی: "برا ئێلیاس، ئێوەیش برایانی تر گوێم بۆ ڕادێرن. ئەمە ساتەوەختێکی دژوارە کە برایەتیی ئێمەی پێدا تێدەپەڕێ. با هەموو بەهانە و دژەبەهانەکان کە لەم بەیەککگەیشتنەماندا گوێتان لێبوو، هێور هێور بیری خۆتانی بەرنەوە. شەڕ؟ ئاشتیی؟ عیبادەت لە تەنهاییدا؟ زەمەن باشترین پەیکی خودایە کە ڕێگەمان پیشان دەدا. بەڵام برایان ئەرکی خۆتان لەیاد نەچێ! پاپا ئیمتیازی پێ داوین وەعز بۆ پەیڤەکانی خوداوەند بدەین. هەموو ڕێگاکانی عەرد خۆیان بۆ واڵاکردووین، با ئەو ڕێگایانە برایانە لەنێوان خۆماندا دابەش کەین! دەی با ڕێکەوین و دەس پێ بکەین، ئەم جێگەیەمان چکۆڵەیە و ئیدی لە پۆرتیۆنکولا جێگەمان نابێتەوە، ئێمە وا خەریکین دەکەوینە بازوو شکاندنەوەی یەکتر، خەریکین دەکەوینە ئەوەی کە پاڵ بەیەکترەوە بنێین، هەڵدەچین و تووڕە دەبین و ئیدی شەیتانیش دێ. بچنە هەوای ئازادەوە، ڕێگا گەورەکان بگرنەبەر، دوو دوو بەڕێکەون، ببنە خزمەتکار و هاندەری یەکتر. لەهەر کوێ بینیتان خەڵکیی کۆبوونەتەوە، لەوێ ڕاوەستن و تۆوی نەمریی، پەیڤی خودا بووەشێنن. بەیارمەتی مەسیح، من ڕێگەی عارەبستان دەگرمەبەر و سوار کەشتییەک دەبم و بەزەریادا سەفەر دەکەم. گەر خودا حەزبکا ئەوا بەرەو ئەو وڵاتە دوورانەی کافران دەڕۆم، لەوێ خەڵکانێکی بێشومار هەن کە هەرگیز ناوی مەسیحیان نەبیستووە. گەر خوداوەند حەزبکا ئەوا دەڕۆم و ئەوەیان فێردەکەم! برایان بەناوی خوداوەند بۆ پێشەوە! با بەسەر ئەرزدا بڵاوبینەوە، پاشان بۆ پۆرتیۆنکۆلا، بۆ ئەو لانکە و بۆ ئەو شوێنە دەگەڕێینەوە کە لێی لەدایک بووین و ئیدی بۆ یەکتری دەگێڕینەوە لەم هێرشە حەوارییەماندا چیمان بینیوەو بەرگەی چیمان گرتووە و چیمان کردووە!

براکانم، کوڕەکانم، بەنزای خێری منەوە بەسەر ئەرزدا بڵاوببنەوە. هەموو ئەرز کێڵگەیەکی خودایە، ئەو کێڵگەیە بکێڵن و تۆوی هەژاریی و ئەڤین و ئاشتیی تێدا بووەشێنن. ئەو دونیایە قایمکەن کە خەریکە دادەڕمێ، ڕۆحی خۆتان قاییم کەن و دڵتان لە تووڕەیی و تەماح و ئیرەیی بەتاڵ کەنەوە. مەڵێن: من، من! ئاژەڵێکی دڕندەو

تێرنەخۆرە (من من) کردن. بەئەڤین خوداوەند ڕامکەن، (من) ناچێتە بەهەشت، بەڵکو لەبەر دەرگای بەهەشتا ڕادەوەستێ و دەبۆڵێنێ. هەنووکەش مناڵەکانم لەساتەوەختی خوداحافیزییدا، دەمەوێ مەسەلێکتان بۆ بگێڕمەوە، کاتێ بەبیری خۆتانی دەهێننەوە، وەک ئەوە وایە منتان بیری خۆتان هێنابێتەوە!

زاهیدێک بەدرێژایی ژیانی دەجەنگی بۆ ئەوەی بگاتە کامڵیی، هەموو سەروەت و سامانەکەی بەسەر هەژاراندا دابەش کرد، ئەوسا لە بیاباندا خۆی گۆشەگیرکرد و شەوو ڕۆژ لە خودا دەپاڕایەوە. تا ڕۆژی خۆی هات و مرد، بەرزبۆوە و لەدەرگای بەهەشتی دا. یەکێک لەناوەوە گوتی: (تۆ کێیت؟) زاهیدەکە وەڵامی دایەوە: (ئەوە منم!) دەنگەکە گوتی: (لێرە جێگەی دوو کەسمان نییە، برۆ بەرێی خۆتەوە!) زاهیدەکە دابەزییەوە سەر ئەرز و هەمدیس کەوتەوە جەنگین: هەژاریی، ڕۆژوو، نزا و گریانی بەردەوام. ڕۆژی خۆی هاتەوە و مرد، هەمدیس لە دەرگای بەهەشتیی دایەوە. هەمان دەنگی پێشوو پرسییەوە: (تۆ کێیت؟) ئەم گوتی: (ئەوە منم!) دەنگەکە گوتی: (لێرە جێگەی دوو کەسمان نییە، بەرێی خۆتا برۆ!). زاهید بەنائومێدیی هەمدیس دابەزییەوە سەر ئەرز و جارێکی دی بەرخۆدانێکی تری بۆ ڕزگاریی دەسپێ کردەوە. زاهید پیر بوو، تەمەنی گەییە سەد ساڵ و مردەوە، هەمدیس لە دەرگای بەهەشتیی دایەوە. دەنگەکە پرسییەوە: (تۆ کێیت؟) زاهید وەڵامی دایەوە: (تۆیت، خوداوەند تۆ!) وای گوت و دەرگای بەهەشتیان لێ کردەوە و وەژوور کەوت!"

***



## هەشت

هاوین بوو. خۆر سووتێنەر و زەریا بەدرەوشە. دورگەکانی گرێکستان کەوتبوونە چەپەوە و جەنگاوەرگەلێکی زرێپۆش، جحێڵ و کامڵ و پیرەمێردگەلێکی ڕیش سپیی لە کەشتییەکەدا بوون. ئەوانە بەرەو ڕزگارکردنی مەرقەدی پیرۆز دەچوون. چەند مانگێک بوو جەنگاوەرانی مەسیح (دامییێتێ) یان گەمارۆدابوو، بەڵام سوڵتان (مەلیک ئەلکامیل) کە جەنگاوەرێکی دلێر بوو، بەری لە خۆبەدەستەوەدانی شارەکە گرتبوو.

لە کلکەی (مالیبا) ڕووبەڕووی تۆفانێکی گەورە بووینەوە و زەریا بەهەزاران سەر و بەهەزاران دەمەوە هەڵدەچوو تا هەڵمانلووشێ. پیاوەکان ڕەنگیان پێ نەمابوو، تەژی لە پەرۆشیی، لەنیشتمانیان دەنۆڕی و هەناسەیان هەڵدەکێشا: ئای گەر توانرابا بازێک درابا تا گیان غیرەتی وەبەر دەهاتەوە، خۆ بەپەلکێکەوە ڕاگیرابا! ئەو ژنانەی کە لەگەڵ ئەواندا سەفەریان دەکرد، دەیانزریکاند. فرانسیسکۆس لەمیانەوە دەچوو بۆ لای ئەویان و لەبارەی خوداوەندەوە قسانی بۆ دەکردن، ئەوانیش گوێیان بۆ ڕادەدێرا و سەبووریان دەهاتەوە. شەو دادەهات، هەورێکی ڕەش سەراپای ئاسمانی سەر زەریای دادەپۆشی و پاپۆڕەکە لەنێوان ئاسمان و ئاودا بازی بەسەر شەپۆلەکاندا دەدا و بەتوندی خۆی پێدادەکێشان و دەنگیی تەقوهۆڕی شکانی دەهات. فرانسیسکۆس لەپێشی کەشتییەکەدا و لەنێو گلۆڵەی چارۆکەکاندا کڕنۆشی دەبرد و بانگی خوداوەندی دەکرد.

خۆم لێ نێزیک خستەوە. بەڵام ئەو منی نەبینی و نەیژنەفتم، ڕووی کردبووە زەریا، لەبەرخۆوە و بەنەغمەیەکی تەرتیلەئامێز گۆرانییەکی دەچڕی. دەتگوت جادوویەک دەخوێنێتەوە: "زەریا، زەریا، ئەی کیژی خوداوەند، ڕوحم بەبراکانت بکە... ئاخر ئەوان بەرەو ئامانجێکی شەنگ و باڵێ دەڕۆن، ئەوان بەرەو مەرقەدی پیرۆز دەڕۆن، ئەوانە نە بازرگانن و نە چەتەی زەریا، چما خاچە سوورەکانی سەر سینگیان نابینیت؟ ئەوانە جەنگاوەرانی مەسیحن، جەنگاوەرانی خودان و ڕوحمیان پێبکە....

بیرت بێتەوە کە ڕۆژێکیان مەسیح پێی گوتیت هێور بەوە و ئیدی تۆ هێور بوویتەوە. من خزمەتکارێکی ناچیزەی مەسیحم، بەناوی مەسیحەوە سوێندت دەدەم: هێوربەوە!"

لەسەر عەردی کەشتییەکە درێژ بووم و گوێم بەگلۆڵەی چارۆکەکەوە نا و گرمەی زەریا و شیوەنی خەڵکانی سەر کەشتییەکەم دەژنەفت و لەنێوان ئەو زەریا هەڵچووە و شین و زاریی خەڵکیدا، دەنگی ئارامی فرانسیسکۆس دەهاتە گوێ کە دەپاڕایەوە و خودای بانگ دەکرد. لەو ساتەدا بۆ یەکەمینجار لەو بەهایە حاڵیبووم کە لەقودرەتی ئینساندا هەیە بەوەی لەنائومێداویترین ساتەوەخت و لەو ساتەدا کە دونیا دادەڕمێ، وی دەپارێتەوە. من دڵنیابووم زەریا گوێ بۆ قسەکانی فرانسیسکۆس ڕادەدێرێ و خوداش گوێی لێ دەبێ و مەرگیش گوێی لێ دەبێ و هەمووان گوێیان لێی دەبێ. ئیدی بنۆڕە، سوێند بەو ڕۆحەی تەسلیمی خودای دەکەمەوە، موجیزەکە ڕووی دا. نا، ئەوە موجیزە نەبوو، بەڵکو ساکارترین و سروشتیترین شتێکی دونیا بوو: زەریا هێور بۆوە. سەرەتا کەمەکێک لە گرمەکەی کەمبۆوە، بەڵام هێشتا تووڕەییەکەی نەنیشتبۆوە و هێشتا هەر ملی نەدەدا و نەیدەویست بسرەوێ و نەیدەویست تەسلیم بێ. بەڵام وردە وردە ئارام و هێوربۆوە و ئیدی لە نیوەشەودا، پەلاماری کەشتییەکەی نەدەدا تا تێکوپێکی بشکێنێ، بەڵکو ئارام و خۆنەویستانە و ئاشتیی ویستانە خۆی هەڵخست. گومانداران با هەر نکوڵی لەوە بکەن کە ڕۆح بتوانێ لەگەڵ زەریادا بئاخڤێ و ئەمری پێبکا، بەڵام من نهێنییەک دەزانم کە فرانسیسکۆس فێری کردووم، ئەویش ئەوەیە ڕۆح لە زەریا بەهێزترە، ڕۆح لە مردن بەهێزترە و دەتوانێ لە جەستەی ئینسان دەرپەڕێ و ئەو دونیایە ڕاگرێ کە خەریکە لار دەبێتەوە. بەسینگەخشکێ چووم بۆ لای فرانسیسکۆس و پێوپلە خوێناوییەکەیم ماچ کرد، بەڵام ئەو هەستی پێ نەکردم، ڕۆحی بەتەواوەتی بەسەر ئەو ئاوە ڕەشەوە دەشنایەوە و شەونخوونیی دەکێشا تا نەبادا زەریا هەمدیس تێ هەڵچێتەوە و سەرلەنوێ سەر بڵند بکاتەوە.

خودا خۆری هەڵێنا. ئاسمان و عەرد پرشنگیان دەدایەوە و زەردەخەنەیان دەهاتێ، سەرنشینانی کەشتییەکەش پرشنگیان دەدایەوە و زەردەخەنەیان دەهاتێ.



فرانسیسکۆس هێشتا لە پێشی کەشتییەکەدا دانیشتبوو لەسەر ئەژنۆ و ڕەنگی پەڕیو و بەقورسیی هەناسەی دەدا. چاوی لێکنابوو، هەنووکە وی کاری خۆی بەباشیی ئەنجام دابوو، ئیدی خۆی تەسلیمی خەون کردبوو.

ڕۆژان و شەوانێک تێپەرین. کە لە (ئانکۆنا) وە بەڕێکەوتین مانگ هیلالێکی چکۆڵە بوو، هێدی هێدی گەورە بوو تا شێوەی بازنەیەکی وەرگرت، پاشان هەمدیس چکۆڵە بۆوە و دیارنەما. هەموو چاوانمان بڕیبووە باشوور و چاومان دەگێڕا تا بەڵکو ئەو وڵاتە نەفرەتییەی موسوڵمانان ببینین. وردە وردە زەریا سەوز هەڵدەگەڕا. ناخودای کەشتییەکە گوتی: "وا ئاوی زەریا خۆی لەگەڵ ئاوی نیلدا یەکانگیرکرد، ئیدی وا گەیشتین!" لەڕاستیدا بۆ سبەینێ بەیانیی، لە ئاسۆوە بەڕۆشنیی ئەو وڵاتەمان دەبینیی، نزم و لمین و کەنارەکانی بەیەکەمین تیشکی هەتاو گوڵڕەنگ دەبوون.

لە پێچێکی دووری کەناردا لەنگەرمان گرت. فرانسیسکۆس کڕنۆشی برد، نزای کرد و وێنەی خاچی لێرە، لەسەر لمەکە کێشا. جەنگاوەران کەوتنە ڕێ تا خۆیان لەگەڵ مەسیحدا یەکانگیرکەن. ئێمەیش هەردووکمان، من و فرانسیسکۆس لەو کەنارە چۆڵەدا ماینەوە. لە دووری دوورەوە بورج و منارەکانمان بۆ جیا دەکرایەوە. فرانسیسکۆس بەسۆزەوە تەماشای دەکردم.

گوتی: "برا لیۆن، ئەی مەڕی خوداوەند، ئێمە ئیدی واین لەنێو لانەی شێردا، ئاخۆ ناترسیت؟"

وەڵامیم دایەوە: "با برا فرانسیسکۆس دەترسم، بەڵام وا خۆم پیشان نادەم کە دەترسم، ئاخر تۆ بۆ هەر کوێ بڕۆیت منیش لەگەڵت دێم!"

بەپێکەنینەوە گوتی: "برا لیۆن بۆ بەهەشتیش؟"

– "بەڵێ برا فرانسیسکۆس، بۆ بەهەشتیش."

دەستی بەرەو منارە دوورەکان هەڵێنا.

– "کەواتە دەی وەرە و با بڕۆین، لێرەوە ڕێگەکە دەچێتەوە سەر بەهەشت!" وای گوت و پێشکەوت.

خۆر بەرز بەئاسمانەوە بوو. پێوپلمان بەلمەکە دەسووتا، کەوتینە گۆرانیی چڕین و

ئازارمان بیرچۆوە. ناو بەناو فرانسیسکۆس ڕادەوەستا و ئازایەتیی دەدامەبەر، پاشان پێشدەکەوتەوە و هەمدیس دەکەوتەوە گۆرانیی چڕین.

گوتی: "ئای گەر لێرە برا (ئیرنیۆ) مان بەبلوێرەکەیەوە لەگەڵبا، ئەوا دەمانتوانی وەک سێ قەشەی سەرخۆش خۆمان پیشانی سوڵتان دابا، سێ قەشە کە خودایان زۆر خواردۆتەوە و پێی سەرخۆش بوون!"

لەبەر ئەوەی بڕستم لێ بڕابوو، گوتم: "برا فرانسیسکۆس برسیمە!"

– "برا لیۆن حەوسەڵەت هەبێ، بنۆڕە وا منارەکان گەورە و گەورەتر دەبن، ئەلعان دەگەین. ئارامبە، هەرکە سوڵتان دەمانبینێ فەرماندەدا سینیی بنێنە فڕنەوە!"

ئەو کاتەی ئێمە دەدواین، نەڕەیەکمان ژنەفت و دوو قولەڕەش بەشمشێری لەکالان ڕاکێشراوەوە شالاویان بۆ هێناین.

فرانسیسکۆس هاواریکرد: "سوڵتان! سوڵتان!" وای گوت و ئاماژەی بۆ منارەکان کرد.

دوو قولەڕەشەکە لێیانداین و پاشان بەلقەلێدان و پێکەنینەوە خستیانینە ئەملاولای خۆیانەوە و بردیانین. ئێوارەیەکی درەنگ فڕێیان داینە بەر پێی سوڵتان.

سوڵتان زوبانەکەی ئێمە بەڵەد بوو. هەر کە ئێمەی بینی، پێکەنی و شەقێکی تێهەڵداین.

– "ئێوە کێن ئەی قەشە بەشەراب سەرخۆشەکان؟ بۆچی هاتوونەتە ناو دەمی شێرەکەمەوە؟ چیتان گەرەکە؟"

من چاوانم هەڵبڕی و تەماشایم کرد. سوڵتان پیاوێکی قۆز بوو بەڕیشێکی لوولەوە، کەپوویەکی جوانی چەماوە و چاوانیشی گەورە و ڕەش وەکی خەڵووز. مێزەرێکی زلی سەوزی بەسەرەوە و هیلالێکی لەمەرجان دروستکراوی پێوەکردبوو. جەللاد کە قولەڕەشێکی کەتە بوو، بەخەنجەرەوە لەلایەوە ڕاوەستابوو.

هەمدیس پرسییەوە: "ئێوە کێن؟ چیتان دەوێ؟ هەستنە سەرپا!"

هەستاینە سەر پا، فرانسیسکۆس خاچی کێشا.

گوتی: "ئێمە مەسیحیین، مەسیح ئێمەی هەناردووە، لەبەرئەوەی ئەی سوڵتانی



بەناوبانگ مەسیح بەزەیی پیاتا هاتەوە و ویستی ڕۆحت ڕزگارکا!"

سوڵتان بێهوودە هەوڵی دا بەر بەپێکەنینەکەی بگرێت. گوتی: "ڕۆحی من ڕزگارکا؟ قەشە، ڕۆحی من چۆن ڕزگار دەکرێ؟"

– "سوڵتان، بەهەژاریی تەواوەتیی، بەئەڤینی تەواوەتی، بەتەهارەتی تەواوەتیی!"

سوڵتان چاوانی زەق کردنەوە.

گوتی: "ئەرێ ئەوە تێکچوویت؟ قەشە ئەم قسە هەلەق و مەلەقانە چییە دەیانکەیت؟ تۆ مەبەستت لەوەیە سەروەت و سامانەکەم، کۆشکەکانم و ژنەکانم جێبێڵم و ببمە شڕوپڕ پۆشێکی وەک تۆ و لەدەرگای مالان بدەم و سواڵ بکەم؟ مەبەستت لەوەیە بەلای ژندا نەچم؟ بەڵام ئەدی بۆچی دەژیم؟ دەتوانیت پێم بڵێیت؟ ئەدی بۆچی خوداوەند کلیلی ژنی داوەمەتێ؟ دەتەوێ ببمە قەشە؟ ئەوەت دەوێ؟"

فرانسیسکۆس گوتی: "ژنان....."

سوڵتان بەتووڕەیی دەستی ڕایەڵ کرد.

– "قەشە دەمت داخە، بەخەراپ باسی ژن نەکەیت، ئەگینا زوبانت لەبنا دەقرتێنم! بیر لەدایکت بکەوە، گەر خوشکت هەیە بیر لە خوشکت بکەوە، لەپێش هەموو شتێکیشەوە تۆ وەک مەسیحییەک بیر لە مەریەم، لەدایکی مەسیح بکەوە!"

فرانسیسکۆس سەری دانەواند و وەلامینەدایەوە.

سوڵتان ئیشارەتێکی بۆ جەللاد کرد تا نێزیک بێتەوە و ئەوجا گوتی: "ئەی مەبەستت لەوە چی بوو پێتگوتم ئەڤینی تەواوەتیی؟"

– "کە دوژمنەکانت خۆشبوێ سوڵتان!"

– "دوژمنەکانم خۆشبوێ؟" ئەمجارەیان سوڵتان دای لە قاقای پێکەنین و بەجەللادەکەی گوت: "خەنجەرەکەت بنێوە کێلان، ئەم نەگبەتانە شێتن، شێتی خودان، نایانکوژین."

هەمدیس ڕووی کردەوە فرانسیسکۆس. ئەمجارەیان دەنگی نەرم و میهرەبانتر بوو، وەک ئەوەی لەگەڵ نەخۆشێکدا بدوێ.

پرسی: "ئەرێ ئەم بەهەشتەی ئێوە چۆن چۆنییە؟ گەر بهێنێ ئەوا دەچین و دەیبینین!"

– "پڕە لە مەلایکەت و ڕۆحگەلی پیاوچاکان، خوداش لەژوور هەمووانەوەیە!"

– "ئەی بونیادەم لەو سەرەوە چ دەخوا؟ چ دەخواتەوە؟ چ لەباوەش دەگرێ؟"

– "کوفر مەکە. لەسەرەوە بونیادەم نان ناخوا، ناخواتەوە و چ کەسێک لە باوەش ناگرێ، هەموو شتەکان ڕۆحن."

سوڵتان هەمدیس لە قاقای پێکەنینی دایەوە.

– "ڕۆح؟ مەبەستت لە هەوایە؟ بەهەشتەکەی خۆمان هەزاران جار لەوەی ئێوە باشترە. چیاگەلێک لەخواردنی خۆش، ڕووبارگەلێک لەشیر و هەنگوین و کچگەلێک کە دوای هەموو لێکالانێک لەتەکیاندا، سەرلەنوێ پاکیژە دەبنەوە. ئیدی قەشە، خۆ شێت نەبووم بۆ بەهەشتەکەی تۆ بێم، لێمگەڕێ!"

فرانسیسکۆس لەتووڕەییدا قوڵپی دەدا. لە بیری چووبۆوە لەکوێیە، بیری چووبۆوە کە سوڵتان دەتوانێ بەیەک ئیشارەت ملی بپەڕێنێ. بەبێ ترس کەوتە وەعزدان لەبارەی ئازارەکانی مەسیح و زیندوو بوونەوە و ڕۆژی مەزن و ئەو دۆزەخەوە کە بێ باوەڕانی تا ئەبەد تێدا دەسووتێنرێن. ئیدی دوای ئەوەی لە وەعزدانەکەیدا بەپەیڤی خودا سەرخۆش بوو، کەوتە چەپڵەلێدان و سەما کردن. پێدەکەنی، تەرتیلەی دەچڕی و فیکەی دەکێشا، هەڵبەت ئەقڵی لەدەس دابوو. سوڵتانیش تەماشای دەکرد و پێدەکەنی، ئەوسا ئەویش کەوتە چەپڵەلێدان و فیکەکێشان تا هانی فرانسیسکۆس بدا زیاتر سەما بکا.

لەناکاوێکڕا فرانسیسکۆس لەسەما کەوت. زەنگۆڵ زەنگۆڵ ئارەقەی پێدا دەڕژایە خوار و هالاو لە دەمییەوە دەهاتە دەرەوە.

سوڵتان گوتی: "قەشە بەرەکەتی منت بەنسیب بێ کە بەشی خۆم پێکەنیم، ئێستا هێوربەرەوە. قسەیەکیشم هەیە دەمەوێ پێت بڵێم، پێغەمبەری من حەزی لە عەتر و پاکیی و گوڵ بووە و ئاوێنەیەکی چکۆڵە و شانەیەک لەبەر پشتوێنەکەیدا بووە تا قژی پێدابێنێ، هەروەها حەزی بەجلکی جوانیش بووە. بەڵام دەڵێن پێغەمبەرەکەی تۆ پا پەتیی، خۆنەشتوو، بەقژی شانە نەکراوەوە گەڕاوە و جبەکەی هەزاران پینەی پێوەبووە و دەشڵێن هەر هەزارێک پینەیەکی داوەتێ. ئەوە ڕاستە؟"

فرانسیسکۆس بەئەفسوونەوە هاواری کرد: "ئەوە ڕاستە! ئەوە ڕاستە! ئاخر ئەو



هەژاریی پۆشیبوو، هەموو خەم و عەزابی دونیای پۆشیبوو!"

سوڵتان ڕیشی هەڵگڵۆفت، ئاوێنەیەکی چکۆڵەی لەبەر پشتوێنەکەی دەرهێنا و سمێڵی سڕی، ئەوجا سەبیلێکی درێژی بەدەستەوە گرت کە سەرێکی عەنبەرینیی هەبوو. منداڵێک کڕنۆشی برد و سەبیلەکەی بۆ داگیرساند. چەند جارێک دوکەڵەکەی هەڵمژت و بەخۆشحاڵییەوە پێڵووی لێکنا. فرانسیسکۆس ڕووی کردە من و بەچرپە گوتی:

– "برا لیۆن ئەمە ساتەوەختێکی جوانە بۆ مردن. ئامادەیت؟ دەنگی کردنەوەی دەروازەکانی بەهەشت دەبییەم!"

وەڵامیمدایەوە: "برا فرانسیسکۆس بۆچی مردن؟ چاوەڕێکە!"

سوڵتان چاوانی کردنەوە.

گوتی: "محەممەد، دروودی خودای لەسەربێ، بەتەنێ هەر پێغەمبەر نەبوو، بەڵکو ئینسانیش بوو. حەزی لەوەبوو کە ئینسان حەزی لێی بوو، ڕقی لەوە بوو کە ئینسان ڕقی لێی بوو، هەر لەبەرئەوەیە سوژدەی بۆ دەبەم و بەرز و پیرۆز ڕایدەگرم و منیش وەکو ئەو دەگەڕێم. بەڵام پێغەمبەرەکەی ئێوە لە بەرد و هەوا بوو. پێغەمبەرێکی لەو جۆرە بەکەڵکی من نایەت."

ئەوجا ڕووی کردە من.

– "ئەی تۆ قەشە، دەی قسەیەک بکە با گوێم لەدەنگت بێ!"

گوتم: "من برسیمە!"

سوڵتان قاقا پێکەنی و دەستی بەیەکدا ماڵیی، ئەو دوو قولەڕەشەی کە ئێمەیان هێنابوو بۆ ئەوێ، هاتنە ژوورەوە.

سوڵتان ئەمری کرد: "خواردنیان بدەنێ. سینییەکیان لە فڕنەکە بۆ دەربێنن، پاشان ڕێگەیان بدەن بڕۆن و مەسیحییەکان، ئەو وێنەپەرستە کافرانە بدۆزنەوە. ئەم فەقیرانە شێتن، هەر تەواوێک شێتن، ئێمەیش دەبێ چاومان لێیان بێ و ڕێزیان بگرین!"

شارەکە تەژی بوو لە خەڵکی خۆرهەڵاتیی و لە بۆگەنیی، لاشەی نەنێژراو لە

جاددەکاندا کەوتبوون، لاشەی ئەسپ کەوتبوو بەزگی هەڵدراوەوە، دەروێشەکان لەبەردەم مزگەوتەکاندا زیکریان دەکرد و چەقۆی درێژیان بەسەری خۆیاندا ڕۆدەبرد و خوێن بەجبە سپییەکانیاندا دەهاتە خوارەوە. منالانی قەڵەو لە چایخانەکاندا گۆرانی دوور و درێژی خۆرهەلاتییانەیان دەچڕی و ئامێرێکی سەیری لاکێشەییان لەگەڵ دەژەند کە پێیاندەگوت تەنبوور. ژنانی سەراپا پۆشراو لەوێوە تێدەپەڕین و بۆ ساتێک بۆنی میسک لەو هەوا تاعوناوییەدا بلاودەبۆوە.

ئێمە کەپوومان گرتبوو تا ئەو بۆنە هەڵنەمژین. بەدوای دوو قوولەڕەشەکەوە بەکۆلانە باریکەکاندا بەخێرایی بەرەو دەرەوەی شار دەڕۆیشتین. قوولەڕەشەکان ڕاوەستان، دەستیان ڕایەڵ کرد و ئاماژەیان بۆ دوور کرد، بۆ ئەودیو گردۆڵکەیەکی لمین. هاواریان کرد: "ئەوە مەسیحییەکانن!" وایان گوت و ددانە سپییەکانیان لەبەر هەتاودا دەبریسکایەوە، ئەوجا دوو مشتەکۆڵەی توندیان بەپشتماندا کێشا و بەڕاکردن گەڕانەوە.

بەبێدەنگیی ملی ڕێگەمان گرتەبەر، فرانسیسکۆس وەک بڵێی دەمی مۆری لێدرابێ، داخراو و لە عەردەکەی دەنۆڕی و لەفیکرەوە چووبوو. بەلام من بەچاوانێکی زەقەوە بەهەموو لایەکدا دەمنۆڕی، دونیام زۆر گەورە دەهاتە پێش چاو، هەزارەها میل دوور لە ئاسیزییەوە، ڕۆحگەلێکی بێ شومار لێرە لەگوناهدا دەژیان و هەرگیز ناوی مەسیحیان نەبیستبوو. ئاخۆ چۆناوچۆنیی بتوانین وەعزی پەیڤی خوداوەند بۆ ئەو هەموو ڕۆحە بدەین؟ ژیان کورتە و ئێمە پیاڕاناگەین، دونیا بێ کۆتاییە و ئەدی یەکەمجار لەکوێوە دەس پێ بکەین؟

بەردەممان ئەرزێکی تەختانیی لمین بوو. تەیری سەیر و ڕەنگ سوور و ژێر زگ سپیی بەژوور سەرماندا دەفڕین، لە دواشمانەوە هەراو زەنای ئەو شارە موسوڵماننشینە دەهاتە گوێ و لەودیو گردۆڵکە لمینەکەی پێشیشمانەوە، دەنگی تەپڵ و حیلەی ئەسپ دەبیسترا. وردە وردە لە سوپاکەی مەسیحیان نزیک دەبووینەوە کە چەند مانگێک بوو ئەو شارەی کافرانیان گەمارۆدابوو.

لەناکاوێکڕا فرانسیسکۆس ڕاوەستا.

گوتی: "برا لیۆن کاتێک بۆ نیشتیمان دەگەڕێینەوە – گەر بگەڕێینەوە – هەر



هەژارێک ببینم داوای پینەیەکی لێ دەکەم و جبەکەمیان لێ دروست دەکەم. سوڵتان ڕاست دەکا."

– "برا فرانسیسکۆس هەرزان نەجاتمان بوو!"

وەلامیدامەوە: "بەلام هەلێکمان بۆ چوونە بەهەشت لەدەس چوو!"

هەنووکە گەیشتبووینە گردۆڵکە لمینەکە. لەخوارەوە هۆبە ڕەنگاورەنگ و بەیەکداچووەکانی سوپاکەی مەسیح هەڵدرابوون.

***

حەز ناکەم ئەو ڕۆژ و مانگانە وەبیرخۆ بێنمەوە. هێشتا ژاوەژاوی ئەو ڕۆژ و مانگانە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە و کاسم دەکا. کاتێک گەیشتینە ئەو دەشتاییی ەی کە جەنگاوەرانی مەسیح خێوەتەکانیان لێ هەڵدابوو، خودایە چ بۆگەنییەک چوو بەسەرماندا، خودایە چ گۆرانیگەلێکی بێشەرمانە و چ کوفرکردنێک چوو بەگوێماندا. پێدەچوو فرانسیسکۆسی فەقیر گوێی ئاخنیبێ تا گوێی لە هیچ نەبێ. باشە جەنگاوەرانی مەسیح ئاوهایین؟ باسی ئەو شالاوی تالانکارییەیان دەگێڕایەوە کە ئەنجامیان دابوو، باسی ئەو ژنانەیان دەگێڕایەوە کە بە دیلیان گرتبوون و باسی ئەو عارەبانەیان دەگێڕایەوە کە قەتلوعامیان کردبوون، بەلام هەرگیز ناوی مەسیحیان بەزاردا نەدەهات. نازانم چەند هەفتە لەوێ لەلایان ماینەوە. فرانسیسکۆس دەچووە سەر بەردێک و وەعزی پەیڤەکانی خودای دەدا، لەبارەی مەرقەدی پیرۆز و ڕوحمی خوداوە دەئاخافت، بەلام جەنگاوەرانی مەسیح بەلایدا تێدەپەڕین، هەندێکیان تەنانەت بۆ یەکجاریش ئاوڕیان نەدایەوە تەماشایەکیشی بکەن، ئەوانەیشی کە دەوەستان بۆ ئەوە بوو پێی پێبکەنن و لمی تێبگرن.

هەمدیس شەڕ هەلایسایەوە. مەسیحییەکان پەلاماری سەنگەرەکانیان دا و بەرەو شوراکان چوون، پیایاندا هەڵگژان و دابەزینە ناو شارەوە، ئیدی تالانیی و خوێنڕێژیی دەستی پێکردەوە. فرانسیسکۆس دەگریا و ڕای دەکرد و سوێندی جەنگاوەرانی مەسیحی دەدا کە ڕوحم بنوێنن، بەلام ئەوان بەسەریدا دەیانقیژاند و پاڵیان پێوەدەنا و ئەوجا دەکەوتنە شکاندنی دەرگاکان. هەرگیز ناتوانم زریکەی ژنان و نەڕەی ئەو پیاوانەم بیرچێتەوە کە شەلاڵی خوێن کران! ڕووباری خوێن بەخوڕ

دەڕژا، بۆ هەر کوێ دەڕۆیشتیت پێت بەر سەرێکی بڕاو دەکەوت. هەوا تەژی بوو لە گریان و زریکە.

گەرمایەکی خنکێنەر بوو. ڕوخساری ئاسمان شەلاڵ بوو بەدوکەڵی خانووی سووتاو و لاشەی برژاو. ئالای مەسیح بەکۆشکەکەی سوڵتانەوە دەشەکایەوە، بەڵام خودی سوڵتان توانیبووی خۆی هەڵبداتە سەر ئەسپێکی تیژڕۆ و هەڵبێت و ژنگەل و سەروەت و سامانەکەی جێ بێڵێ. فرانسیسکۆس لەبەر دەروازەی کۆشکەکەدا دەکەوتە سەر چۆک، دەستی بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی و لەخوداوەند دەپاڕایەوە کە ڕووی خۆی لە (دامیێتێ) وەرگێڕێ و نەبینێ کە لێرە لەسەر عەرد، جەنگاوەرەکانی چ دەکەن. فرمێسک بەچاوانیدا دەڕژایە خوارێ و هاواری دەکرد: "خودایە، خودایە ئینسان لەم قەسابخانەی جەنگەدا بۆتە ئاژەڵێکی دڕندە، بۆتە ئاژەڵێکی تینوو بەخوێن، ئیدی ئەو ڕوخسارەی دۆڕاندووە کە تۆ پێت بەخشیوە و لەبری ئەوە ڕوخساری گورگ یاخۆ ڕوخساری بەرازێکی پیسی پۆشیوە. خودایە ڕوحمی پێبکە. خودایە ڕوخساری ئینسان، ڕوخساری ئادەمیزادی بدەرەوە!"

پیرەمێرد و پیرێژنان و ئەوانەی کە نەخۆش بوون لەمزگەوتێکدا کۆببوونەوە. فرانسیسکۆس دەچوو بۆ لایان و لەلایان دەمایەوە و دڵی دەدانەوە. زوربەیان بەهۆی نەخۆشییەوە کوێر ببوون، خوێن و جەراعەت لەچاوانیانەوە دەڕژایە خوار. فرانسیسکۆس دادەنەوێوە، دەستی دەنایە سەر پێڵووی نەخۆشەکە و لە خودا دەپاڕایەوە شەفای بدا. دەیگوت: "خودایە، ئەمانیش ئینسانن، زارۆکی خۆتن، ڕوحمیان پێبکە!" ئەوجا فووی لە چاوانیان دەکرد و پەیڤی دڵنەوایی و ئەڤینی بەگوێیاندا دەچرپاند. تا ئیدی ڕۆژێک چاوانی فرانسیسکۆسیش نەخۆشییەکەی بۆ گوێزرایەوە، سوور هەڵگەڕاو کەوتە برژانەوە، دواجار ڕووناکیی چاوانی کوژایەوە و نەیدەتوانی بەتەنێ ڕێبکا، من دەستیم دەگرت و ڕێنوێنیم دەکرد.

گوتم: "برا فرانسیسکۆس پێمگوتیت لێیان نزیک مەبەوە و دەستیان تێوە مەدە!"

وەڵامی دامەوە: "تۆ زیاد لە پێویست ئاقڵیت برا لیۆن، ئەوەی تۆ دەیڵێیت لەوە زیاترە کە ئەقڵ داوای دەکا. کەواتە تۆ ناتەوێ باز بدەیت؟ دەتەوێ هەر بڕۆیت و هەمیشە سەرسم بدەیت؟"



– "برا فرانسیسکۆس بازی چی؟"

– "باز بەسەر ئەقڵی خۆتا، باز لە فەزادا!"

ناتوانم و هەرگیزیش نامەوێ ئەوە بکەم. ئاخر من لە ژیانمدا تەنێ بازێکم داوە، ئەویش ئەو بازە بوو کە دووی فرانسیسکۆس کەوتم، ئیدی ناتوانم بازێکی تر بدەمەوە... زۆر جاران خۆشحاڵم بەوەی کە ئەو بازەم داوە و زۆر ساتەوەختی تریش لێی ژێوانم. ئای، سروشتی من لەگەڵ بوون بەقەدیسدا نایەتەوە.

ڕۆژی دواتر پێیگوتم: "برا لیۆن دونیا گەورەیە، لەودیو عارەبەکانەوە قوولەڕەشەکان هەن، لەولا ئەوانیشەوە جۆرە خەڵکانێکی بونیامخۆر هەن، دوور لەودیو ئەوانیشەوە زەریایەکی بێ سنوور کە بەستوویەتیی و بووەتە شەختە و دەتوانیت بەسەریدا بڕۆیت. ئاخر چۆناوچۆنیی دەتوانین پیاڕابگەین کە ئەو پەیامە خۆشە، پەیامی هاتنی مەسیح بۆ دونیا بەگوێیاندا بدەین؟"

– "برا فرانسیسکۆس نیگەران مەبەو کات بەش دەکا، بەشی هەموو شتێک دەکا!"

فرانسیسکۆس لەبەرخۆوە گوتی: "کات... کات... بەڵام ئەوکات ئیتر ئێمە نەماوین."

– "برا فرانسیسکۆس ئەوکات تۆ لە ئاسمانیت و دەتوانیت ببینیت. هەڵبەت تۆ بەسەر ئەسپی زەمەنەوەیت و دەیئاژوویت!"

فرانسیسکۆس هەناسەی هەڵکێشا.

گوتیی: "برا لیۆن، جارێکیان زاهیدێک هەبوو مرد و بەرەو ئاسمان بەرزبۆوە. کە سەرکەوتە سەرێ، ڕێک بەرەو باوەشی خوداوەند ڕۆیشت و بەبەختەوەریی تەواوەتی گەیشت. بەڵام ڕۆژێکیان بەسەر ئەرزدا دانەوێوە و گەلایەکی سەوزی بینی. گوتی: (خودایە، خودایە، ڕێگەم بدە بڕۆمەوە سەر ئەرز و جارێکی تر دەست لەو گەڵێ سەوزەوە بدەم! برا لیۆن تێگەیشتیت؟)

وەڵامیم نەدایەوە، بەڵکو لەرز دایگرتم. ئای لەڕاستیدا چەند بەهێزە گوڕی ناو ئەو گەڵێ سەوزە!

***

هاوین تێپەڕی و پاییز هات.

– "برا فرانسیسکۆس، ئیتر وا پاییزە. کەنگێ ڕێگە دەگرینە بەرو دەڕۆین؟ من

بەعەزرەتەوەم بگەڕێمەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێی لەدایک بووین. ئاخر ئێرە دونیایەکی ترە، ڕەنگە خودایەکی تریشی لێ بێ. وەرە و با ڕێگە بگرینە بەر و بڕۆین!"

وەلامی دامەوە: "برا لیۆن، کاتێک دوو ڕێگە لەبەردەمی خۆتا دەبینیتەوە و تۆ دەبێ یەکێکیان هەڵبژێریت، دەزانیت کامیان ڕێگە ڕاستەکەیە؟ دەزانیت کامیان ئەو ڕێگەیەیە کە دەتباتەوە لای خوداوەند؟"

– "ئەدی برا فرانسیسکۆس کامەیانە؟"

– "سەختترین و لێژترینیانە. لێرە ژیان سەخت و ناهەموارە، کەواتە لێگەڕێ با هەر لێرە بمێنینەوە!"

هەموو ڕۆژێک دەڕۆیشت و وەعزی بۆ پەیڤەکانی خوداوەند دەدا، بەڵام کەس ڕانەدەوەستا گوێی بۆ ڕادێرێ. هەمووان فیکر و داڵغەیان لای پەلاماردانی ئۆرشەلیم و تالانکردنی بوو.

فرانسیسکۆس نائومێدانە پێیدەگوتن: "براکانم بیر لە مەسیح ناکەنەوە؟ براینە ئێوە لەوپەڕی دونیاوە هاتوون تا مەرقەدەکەی وی ڕزگارکەن، ئاخر ئێوە بۆ ئەوە هاتوون!"

بەڵام خەڵکەکە بەو دواییە کەوتبوونە گاڵتەپێکردنی، جبەکەیان ڕادەکێشا و بەردیان تێدەگرت، دەیاندا لە قاقای پێکەنین کاتێک لە شەقامەکاندا دەردەکەوت و زەنگۆڵەی بزنەکەی ڕادەوەشاند. بەڵام ئەو شادومان بوو بەوەی کە لەلایەن خەڵکییەوە سووکایەتی و گاڵتەی پێ بکرێ، ئەمیش لەگەڵیاندا پێدەکەنی و لە چەقی جاددەکەدا دەکەوتە سەما کردن و وەعزدان.

– "من گاڵتەگێڕیی خوداوەندم، گاڵتەگێڕی خەڵکم، دەی وەرن و پێبکەنن!"

ڕۆژێکیان لەبەر دەروازەیەکدا ڕاکشابووین، کاتی نیوەڕۆ و دونیا گەرم، ئێمە ماندووبووین و یەکسەر خەومان لێکەوت. لە شیرینە خەودا و لە ناکاوێکڕا گوێم لە فرانسیسکۆس بوو ڕاپەڕی و هاوارێکی کرد. چاوانم کردنەوە و منیش هاوارێکم کرد. دوو جەنگاوەری مەسیح هەر بۆ ئەوەی سەر بکەنە سەری فرانسیسکۆس، قەحپەیەکی ڕووت و قووتیان لەپاڵیدا خەواندبوو! بێشەرمانە دەستی کردبووە ملی



فرانسیسکۆس و ئەمیش بەهەڵلەرزینەوە ڕاپەڕی. کیژەکە دەستی ڕایەڵ کرد و بانگی فرانسیسکۆسی کرد و بەدەنگێکی هەوەسبازانە گوتی: " وەرە، وەرە، من بەهەشتم، وەرە ژوورەوە!"

فرانسیسکۆس بۆ ئەوەی نەیبینێ، دەستی بەچاوانییەوە گرت، بەڵام لە ناکاوێکڕا سۆزی بەرامبەری جوولا.

پێیگوت: "خوشکێ، خوشکی سۆزانیی، بۆچی ناتەوێ ڕۆحی خۆت ڕزگارکەیت؟ ئاخۆ چ مەیلێکت بۆ ڕزگاربوون نییە؟ بەدرێژایی ئەو سالانەی کە جەستەی خۆت تەسلیمی پیاوان کردووە، ئاخۆ چ مەیلێکت بۆ ڕزگاربوون نەبووە؟ ڕێگەم بدە دەست بنێمە سەر سەرت و لە خوداوەند بپاڕێمەوە ڕوحمت پێبکا!"

ژنەکە لە قاقای پێکەنینی دا.

– "قەشە دەی دەستت بخە سەر سەرم، دوعای خۆت بکە و خوداوەندکەت بانگ کە تا بێتە خوارەوە و موجیزەی خۆی بنوێنێ!"

فرانسیسکۆس دەستی نایە سەر قژی ڕەش و ژاکاوی ژنە و چاوانی بۆ ئاسمان هەڵبڕین.

لەبەرخۆیەوە گوتیی: "مەسیح تۆ کە لە پێناوی هەژاراندا نازیڵ بوویت، لە پێناوی گوناهباران و سۆزانییەکاندا نازیڵ بوویت، دەی ڕوحم بەم ژنە ڕووتوقووتە بکە. لە قووڵاییڕا ئەم ژنە خاوەن دڵێکی میهرەبانە، بەڵام ئیدی ئەو ڕێگە خەراپەی گرتۆتەبەر. دەست ڕایەڵ کە و بەرەو ڕێگەی ڕزگاربوون ڕێنوێنیی بکە!"

ژنەکە چاوی لێکنا. هێور هێور ڕوخساری نەرم بوو، بەدڵنیاییەوە هەستی بەو هێزە پیرۆزە کردبوو کە لە دەستی فرانسیسکۆسەوە دەڕژایە خوارێ بۆ ناو سەری، بۆ ناو دڵی، بۆ تەواوی ناخیی. ئیدی لە ناکاوێکڕا کوڵی گریانی بەربوو. فرانسیسکۆس دەستی کێشایەوە و نیشانەی خاچی بەسەر ئەو جەستە ڕووتوقووتەدا کێشا.

پێیگوت: "خوشکەکەم مەگری. خودا میهرەبانە، دەبوورێ. بیرت دێ کە وی کاتێک لەسەر عەرد بوو چیی بەسۆزانییەکە گوت. پێیگوت: تۆ دەبەخشرێیت، لەبەرئەوەی زۆرێکت خۆشویستوون!"

سەوبازەکان کە بەدرێژایی ئەو ماوەیە لەوێدا ڕاوەستابوون و پێدەکەنین، هەنووکە کەوتنە فیکەلێدان بۆ ژنەکە و سووکایەتیی پێکردنی. بەڵام ئەو بەخێرایی جلکەکانی لەسەر ئەرزەکە هەڵگرتنەوە، توند لەخۆیەوە پێچاو ئەوجا بەسەر پای فرانسیسکۆسدا کەوت.

گوتی: "من گوناهبارم، چ دەیرێکت هەیە بۆ من؟ بمبە بۆ ئەوێ!"

– "خوشکەکەم هەموو دونیا دەیرە، تۆ دەتوانیت لەنێو خەڵکیشدا وەک زاهیدێک بژیت. بڕۆ و دەرکیماڵەکەت لەسەر خۆت داخە و مەترسە، خودات لەگەڵە!"

***

زستانمان بەسەردا هات. سوپا خێوەتەکانی پێچایەوە و بەرەو ئۆرشەلیم ڕیزی بەست. هەوری تەنک بەئاسمانەوە دەبینرا، بەڕۆژ پۆلە قەلەڕەش و شەوانەیش ڕەوە کەمتیار دوای سوپا جەنگاوەرەکەی خوداوەند دەکەوتن. ئێمەیش بەخێرایی بەدوای سوپاکەدا دەڕۆیشتین. من دەستی فرانسیسکۆسم گرتبوو، چاوانی چکۆڵەتر ببوونەوە، ببوونە دوو درزی سووری باریک و وەک بڵێی چینێک شەختەیان لەسەر نیشتبێ و دونیایان لێ تاریک کردبێ.

سێیەمین ڕۆژ بەیانییەکەی شەکەت و ماندوو بەعەردەکەدا کەوت.

– "برا لیۆن، ئیتر تەواو پێم نەما. حەزدەکەم هەتا ئامانج بڕۆم بەڵام ناتوانم ببینم!" وای گوت و پێوپلی پیشان دام کە خوێن و جەراعەتێکی زەردیان لێوە دەهاتە دەرەوە.

هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی: "برا لیۆن، وەک بڵێی ئەم برینانە کەم نەبوون، ڕۆحگەلی شەیتانیی نوێ لە ناوەوەمڕا هەستاونەتە سەر پا!"

نەموێرا لێی بپرسم، خەریک بوو پێی بڵێم مەزەندەم کردووە ئەو شەیتانە نوێیانە کە.... بەڵام بێدەنگ بووم.

لمێکی بێ سنوور گەمارۆی دابووین. سوپاکە دیارنەما، دوور زۆر دوور لە بیابان، هەورەکە چڕ ببۆوە و خۆر دیار نەمابوو. دوور لای چەپمانەوە زەریا پرشنگی دەدا، فرانسیسکۆس بوورایەوە، دانەویمەوە و کردمە کۆڵ، ئیدی بەهەرچی هێزێک کە تیامدا بوو گوڕمدایە خۆم و خۆم بەرەو زەریا کێش کرد. بۆ نیوەڕۆ گەیشتینە کەنار، کەشتییەک کە خاچێکی ڕەش لە پێشەکەیدا بوو لەوێدا لەنگەری گرتبوو، چ هەوای



نەدەهات و چارۆکەکەی شۆڕببۆوە. چەند ماسیگرێک تۆڕەکانیان ڕادەکێشایە دەرێ، بەدرێژایی کەنارەکە چەند خانوویەکی گچکە هەبوون کە بەخشت و کاو زیخ ڕۆنرابوون. دوور لەولاتریشەوە، زەریا بوو، زەریای شینی سەوزباو. فرانسیسکۆسم لە کەنار دانا و ئاوی زەریام پرژاند بەدەموچاویدا، چاوانی کردنەوە.

تەژی لە پەرۆشیی گوتی: "زەریا؟ زەریا؟"

– "بەڵێ برا فرانسیسکۆس زەریا. ئیدی ئێمە دەگەڕێینەوە!"

هیچی نەگوت، چ بەرهەڵستییەکی نەنواند. ئەوم جێهێشت و بەرەو لای کەشتییەکە ڕامکرد. ناخودای کەشتییەکەم بینی و بەسەر پایدا کەوتم.

باوەشم کرد بەئەژنۆکانی دا و گوتم: "گەر بۆ نیشتیمان دەگەڕێیتەوە، ئەوا بمانبەوە! چ پارەمان پێ نییە بتدەینێ، خوداوەند دەتداتێ!"

– "کەی دەمداتێ؟"

– "لەو دونیا، لەو دونیای ڕاستەقینە."

ناخودا پێکەنی.

– "کەرە مەمرە بەهارە، ئیتر بۆ خۆت بکەوە وێنجە خواردن! خوداوەند مشتەرییەکی گەلێک خەراپە و زۆر قەرزارمە، تا ئێستا نەمدیوە دەست بەباخەڵیدا بکا!"

هەمدیس گوتمەوە: "بمانبەوە! بیر لە دۆزەخ بکەوە، بیر لە بەهەشت بکەوە، دوو ڕێگەت لەبەردەمدایە، هەڵبژێرە!"

ناخودا بەبێزارییەوە چنگی بەڕیشیدا کرد.

– "قەشە گوێ ڕادێرە. ئەوە سێ ڕۆژە لێرەدا بێ ئیش چاوەڕێ دەکەم بای گونجاو هەڵکا و کەچی هیچ. باشە تۆ و هاوڕێکەت کە ئاوها سەودا و مامەڵە بەخوداوەندەوە دەکەن، لێی بپاڕێنەوە کە با هەڵکا و چارۆکەکەم بخاتە جووڵە؟ گەر ئەو بایەم بۆ تەگبیرکەن، ئەوا سواری کەشتییەکەتان دەکەم، جگە لەوە بەهیچ نرخێکی تر ناتانبەم. دەی ئێستا بچۆ بۆ لای هاوڕێکەت و بکەونە دوعاکردن!"

بەپەلە گەڕامەوە لای فرانسیسکۆس. گەر فرانسیسکۆس بیەوێ لە خوداوەند

بپارێتەوە، ئەوا هەڵبەت خوداوەند گوێی لێ دەگرێ.

–" برا فرانسیسکۆس، کەشتییەکی لای دەڤەرەکەی ئێمە لێرە لەنگەری گرتووە. خاوەنەکەی دەڵێ لەگەڵ خۆم دەتانبەم گەر لەخوداوەند بپارێنەوە بای گونجاو هەڵکا. دەی تۆیش دەست بۆ ئاسمان هەڵبڕە و هاوار بۆ خوداوەند بەرە!"

وەڵامی دامەوە: "برا لیۆن من تەنێ باوەڕم بەموجیزەی دڵ هەیە، ئیتر لەوە بەدەر داوای شتێکی ترم لێ مەکە، چونکە ناتوانم."

بەقیرسیچمەیی گوتم: " هاوار بۆ ئاسمان بکە و هەر هاوارکە و گوێی لێت دەبێ!"

فرانسیسکۆس گەرچی نیوە مردوو بوو، کەچی قینج و قیت هەستایە سەرپێ و ملی گرتم.

– "برا لیۆن تووڕەم مەکە، لێکدا لێکدا داوام لێ مەکە هاوار بۆ خوداوەند بەرم و بڵێم: بێنە! بێنە! بێنە! بۆچی تۆ وا دەزانیت خودا چ ئیشێکی تری نییە بیکا جگە لەوەی نان و جلکی گەرم و بای گونجاو ببەخشێ؟ ئەو خۆی فرێیداوینە ئەم بیابانەوە و هەموو هیلاکیشمان بەهەدەر چوو، ئەوە خواستی خۆیەتی. یەک باڵی ڕەشی لەسەر چاوانم داناوە و ڕۆژی ڕوەناکی لێ تاریک کردووم، ئەوە خواستی خۆیەتی. کەشتییەکی هێناوەتە بەر دەستمان بەڵام چ بایەکی گونجاو نییە فوو بەچارۆکەکەیدا بکا، ئەوە خواستی خۆیەتی. چما دەتەوێ حیساب و کیتابی لەگەڵدا بکەین؟ ئەوا ئێستایش هاتوویت و دەڵێیت با لێی بپاڕێینەوە تا خواستی خۆی بگۆڕێ! برا لیۆن بێدەنگ، دەستت بەنیشانەی خاچ دانێ و شوکری خودا بکە، ئەو کەنگێ بیەوێ وەکی برسێتیی یان وەکی بای گونجاو یاخود وەکی تاعون بەسەرماندا هەڵدەکا!"

سەرم سوڕما کە گوێم لە فرانسیسکۆس بوو بەئاوها نەغمەیەکی تووڕە دەدوا. دانەویمەوە و دەستیم ماچ کرد و هیچم نەگوت. بەڵام ئەو تێگەیشت نیگەرانی کردووم و ژێوان بۆوە.

– "برا لیۆن بمبوورە، ئەو ڕۆحە شەیتانییە نوێیانەی ناوەوەم، دڵ و زوبانیان ژەهراویی کردووم!"

ئەو ڕیز ڕیز دەدوا و بیرم نایەت چی تری گوت، لە زەریام دەنۆڕی و دەگریام. ئەو کاتەی من دەمنۆڕی و دەگریام، زەریا وردە وردە جوولەی تێ کەوت و کەوتە



شەپۆلدان. سینگی نەرم نەرم بۆوە و بایەکی گەرم لە باشوورەوە هەڵی کرد. یەکسەر فرانسیسکۆس لە قسان ڕاوەستا. بایەکی گونجاو هەڵی کردبوو، منیش بینیم کە چارۆکەی کەشتییەکە جووڵەی تێ کەوت و ئاوسا. ناخودای کەشتییەکە خۆشحاڵ و خەنیی هاواری کرد: "هێی قەشەکان!"

دانەویمەوە و چوومە ژێر باڵی فرانسیسکۆس.

– "برا فرانسیسکۆس، بای گونجاو هەڵی کردووە، ئەوە ناخودای کەشتییەکە بانگمان دەکا. دەی وەرە و با بڕۆین!"

فرانسیسکۆس لەبەرخۆوە گوتی: " بونیادەم لێی دەپاڕێتەوە و ئەو گوێی لێ ڕاناگرێ، بونیادەم لێی ناپاڕێتەوە کەچی گوێی لێی ڕادەگرێ. سوپاس و شوکور بۆ ناوەکەی! بەڵێ، دەی با بڕۆین!"

کاتێک سواری کەشتییەکە بووین و چوار مشقی لە پێشی کەشتییەکەدا دانیشتین و لە کەنارەکانی عارەبستانمان دەنۆڕی کە دوور دەکەوتەوە، فرانسیسکۆس دەستی لەسەر ئەژنۆم دانا.

– "برا لیۆن، کاتێک ئێمە لە خوداوەند دەپاڕێینەوە نابێ داوای هیچی لێ بکەین، هیچ شتێک. هەرچەندێک زیاتر زەمەن دەگوزەرێ، زیاتر تێدەگەم لەوەی کە ئەو حەزی بەگریان و کڕوزە کڕوز و سواڵکردن نییە. برا لیۆن من پێمۆایە ئێمە زۆر دەگرین و دەکڕوزێینەوە، ئێمە زۆر سواڵ دەکەین. ڕۆژێکیان بۆ یەکەمجار دەنگێکم ژنەفت، دەنگێک کە هاواری لێ کردم:

(ڕێگەکە، ڕێگەیەکی ترە!) کام ڕێگە؟ برا لیۆن لەوە زیاتر نازانم، لەوە زیاتر ناتوانم چ شتێک جیاوەکەم. دەی با بزانین چۆن دەبێ!"

زەریا بۆنێکی خۆشی لێ هەڵدەسا. کەشتییەکە بەچارۆکەی پڕەوە دەڕۆیشت. وای... ڕێگەی بەرەو ماڵەوە بوونەوە چەندێک جوان بوو. ڕۆژان و شەوان وەکی بروسکەی خێرای ڕەش و سپیی تێدەپەڕین. من لەپێشی کەشتییەکەدا پاڵم بەگلۆڵەی گوریسەکانەوە دا و بیرم لە هەموو ئەو هیلاکییە بەهەدەرچووەمان دەکردەوە. فرانسیسکۆس ڕاست دەکا، سوڵتان نەبووە مەسیحیی و هەموو فرمێسک و پەیڤەکانی فرانسیسکۆس بێ سوود بوون. جەنگاوەرە مەسیحییە زرێپۆشەکان

گوێیان بۆ ڕادێرا و ئەوجا بێشەرمانەش کەوتنە تالآنکاریی و خوێنڕێژیی و بیریان چووبۆوە بۆچی هاتوون. ئایا ئەمە خواستی خودا بوو؟ بۆچی؟ بۆچی؟

نائومێدانە پرسیارم لەخۆم دەکرد، پرسیارم دەکرد و نەمدەتوانی چ وەڵامێک پەیداکەم، جورئەتیشم نەدەکرد لابکەمەوە و لە فرانسیسکۆس بپرسم کە لە لامەوە ڕاوەستابوو. لەبەرئەوەی شەوێکم بیرهاتەوە کە ئێمە لەژێر تریفەی مانگدا گوێمان لە بولبولێک بوو دەیچریکاند، هەردووکمان هەستاینە سەرپا، هەناسەمان لەخۆ بڕی و گوێمان ڕادێرا.

فرانسیسکۆس بەئەسپایی گوتی: "برا لیۆن ئەوە خوداوەند، ئەوە خوداوەند لە گەرووی ئەو بولبولەدا دانیشتووە و گۆرانی دەچڕێ!"

هەر کە فرانسیسکۆس ئەوەی گوت، بولبولەکە لەسەر پەلکی درەختەکەوە هەڵفڕییە سەر عەردەکە، فرانسیسکۆس دانەوێوە و لەنێو لەپی خۆینا، بولبوولەکە هەموو دەنوکی خوێناویی بوو.

فرانسیسکۆس ملە چکۆڵە هێشتا گەرمەکەی بولبولەکەی ماچ کرد و گوتی: "لەبەر گۆرانیی چڕینی زۆر مرد!"

بەڵام من تووڕە بووم و گوتم: "ئاخر بۆچ دەبێ ئەم بولبوولە خاوەن گەرووە چکۆڵە گەرمە بمرێ؟ بۆچ دەبێ چاوانی ئینسان ببنە خۆڵ؟ بۆچی؟ بۆچی؟"

فرانسیسکۆس بڕۆی گرژ کرد.

گوتی: "بۆچی، بۆچی ئینسان هێند بێ چاو و ڕووە کە پرسیار دەکا؟ پێتوایە خوداوەند دەبێ وەڵامی بداتەوە؟ بێدەنگبە و لە پرسیاری بێشەرمانە گەڕێ!"

وا ئەلعانیش، لەسەر کەشتییەکە هەمدیس بیر و خەیاڵات ڕاست بوونەوە و پرسیار دەکەن. منیش قسەکانی فرانسیسکۆسم بیرکەوتەوە و بێدەنگ بووم.

ئیدی بەیانییەکیان کەناری نیشتیمان وەدیارکەوت، فرانسیسکۆس بەبێزارییەوە لێم نێزیک بۆوە.

– "برا لیۆن خەونێکم بینیوە، خودا بکا نەیەتەدی!"

وەڵامیمدایەوە: "هەموو خەونەکان لەخوداوە نین، برا فرانسیسکۆس مەترسە!"



– "لەخەونما ببوومە مریشک، پێشتریش ئەو مریشکەم لەخەونمدا بینیبوو، مریشکێک کە لە کولانەکەمدا هەڵنیشتبووم و جووجەڵەکانم نابووە ژێر باڵم. لە ناکاوێکڕا بازێک لە ئاسمانەوە شاڵاوی هێنا، زۆر ترسام و لە حەژمەتا دەرپەڕیم و جووجەڵەکانم بەتەنهاو بێ پشت و پەنا جێ هێشتن. ئیدی بازەکە هات و بەچەنگاڵەکانی جووجەڵەکانمی هەڵگرت و لێیدا فڕی!"

هیچم نەگوت. بەڵام لەرزێکم تێگەڕا و بەخۆم گوت، بێ شک ئەو بازە ئێلیاس بووە.

فرانسیسکۆس هەناسەیەکی هەڵکێشا.

لەبەرخۆوە گوتی: "من نەدەبوو دوور کەوتمایەتەوە، نەدەبوو مناڵەکانم بێ پشت و پەنا جێ هێڵابا. برا لیۆن دەبێ ئەو بازە کێ بووبێ؟"

– "برا فرانسیسکۆس چەند ڕۆژێکی تر لە پۆرتیۆنکولاین و دەبینین!"

زیاتر و زیاتر لە کەنار نێزیک دەبووینەوە. لەپێشی کەشتییەکەدا دانەویبووینەوە و تەژی لە پەرۆشیی لە کەنارمان دەنۆڕی. خانووەکان، دار زەیتوون، دارهەنجیر و ڕەزەکان وەدیاردەکەوتن. سەرەتای بەهار بوو، زەرعاتەکان کەوتبوونە گوڵکردن، عەرد بۆنێکی خۆشی لێ هەڵدەسا، تەرخون و پونگە چرۆیان کردبوو.

فرانسیسکۆس گوتی: "ناتوانم نیشتیمان بەڕوونیی ببینم، بەڵام هەست دەکەم کیژۆڵەیەکە و لەئامێزمدایە!"

پێمان نایە وشکانیی. فرانسیسکۆس دانەوێوە و هەروەها منیش دانەویمەوە و خاکەکەیمانما ماچ کرد. خاچمان کێشا و بەپەلە بەڕێکەوتین. خودایە چ خۆشییەکە گەڕانەوە بۆ نیشتیمان کە بەهار بێ و درەختەکان چرۆیان کردبێ! من دەستی فرانسیسکۆسم گرتبوو تا پێی هەڵنەنگوێ و نەکەوێ، هەردووکمان لەفیکرەوە چووبووین. ناو بەناو فرانسیسکۆس ڕادەوەستا، دەستی هەڵدەبڕی و ڕووەو باکوور، ڕووەو پۆرتیۆنکولا خاچی دەکێشا، وەک بڵێی دوعای بۆ بکا، وەک بڵێی سوێندی پێ بخوا.

شەوێکیان کە لە کایانێکدا نوستبووین، تاریک و ڕوون خەبەری کردمەوە. بەئارامیی گوتی: "هەمدیس خەونێکی ترم بینییەوە، نا، خەون نەبوو، بەڵکو بەچاوانێکی کراوەوە پۆرتیۆنکولام لەنێو درەختەکاندا بینی. سێ ڕۆحی شەڕانگێز

پەلاماریان دابوو، باڵەکانیان دەتگوت باڵی شەمشەمەکوێرەیە، چەنگاڵ و شاخیان پێوە و بەکلکە پێچاوپێچەکانیان خۆیان لە کلێسا چکۆڵەکەمان و هۆدەکەمان دەئالاند. ئیدی من هاوارێکم کرد: (بەناوی مەسیح، ونبە ئەی ڕۆحگەلی پۆخڵ!) ئەوسا خاچم کێشا و ئیدی ئەوان ڕەوینەوە!"

بۆ ئەوەی هێوری بکەمەوە، گوتم: "برا فرانسیسکۆس ئەوە خەونێکی خێر و موبارەکە، خودا سەردەکەوێ!"

فرانسیسکۆس خەنیی بوو. لەناوەڕاستی کایانەکەدا هەڵبەزێوە و کەوتە سەماکردن. بەڵام کوتوپڕ ترسێک ڕوخساری پۆشی، وەک بڵێی دیمەنێکی ترسناکی لە کایانە نیوە تاریکەکەدا بینیبێ. بەدەمدا کەوتە سەر ئەرزەکە و لەرز دایگرت.

بەترسەوە هاوارم کرد: "برا فرانسیسکۆس، چ بووە؟ چ شتێکت لە فەزادا بینیی؟"

لەبەرخۆیەوە گوتی: "برا لیۆن، ڕوحمم پێبکە، یارمەتیم بدە و لە دۆزەخ دەرمبێنە. وەرە دەچین بۆ سەر شاخێکی بەرزو لەوێ لەنێو بەفردا دەپاڕێینەوە. من بەرلەوەی برایان ببینم، دەبێ خوداوەند ببینم، بۆ ئەوەی پاقژ ببمەوە!"

لەرزم لێهات.

– "ئاخر برا فرانسیسکۆس لەسەرمادا ڕەق دەبینەوە. هێشتا زستان تەواو نەبووە و لە شاخ هێندەی بالای زەلامێک بەفر نیشتووە!"

فرانسیسکۆس سەری ڕاوەشاند.

– "برا لیۆن گەر ئیمانت نەبێ، ئەوا هەڵبەت لەسەرمادا ڕەق دەبیتەوە، بەڵام گەر ئیمانت هەبێ ئەوا ئارەقە بەجەستەتا چۆڕاوگە دەبەستێ و هەڵاو لە سەرتەوە هەڵدەسێ. خاچ بکێشە، ڕۆژ بۆتەوە، دەی با بڕۆین!"

کەوتینە ڕێ و بەچیاکەدا هەڵگژاین، تا زیاتر سەرکەوتباین هەوا ساردتر دەبوو. من لەسەرمادا هەڵدەلەرزیم، گەیشتینە بەفر. پێوپلە پەتییەکانمان لە بەفردا ڕۆ دەچوو، یەکەمجار تا کلاوەی پێ و دواتریش تا قولەپێ. بۆ ئێوارە گەیشتینە لوتکە.

لێی پرسیم: "برا لیۆن سەرماتە؟"

لێوم لە سەرمادا شین هەڵگەڕابوو، تەواوێک ببوومە شەختەو نەمدەتوانی بدوێم. فرانسیسکۆس بەمیهرەبانییەوە دەستی کێشا بەپشتمدا.



– "بیر لە خوداوەند بکەوە برا لیۆنی کلۆڵ، بیر لەخوداوەند بکەوە تا گەرم بیتەوە!"

بیرم لە خوداوەند کردەوە و هەر بیرم لێ کردەوە، بەڵام گەرمم نەبۆوە! سەرما کردبوومییە شەختە، خەوم دەهات و برسیشم بوو. بەخۆم گوت: "ئای ئێستا لێرە، لەناو ئەم بەفرەدا لێی ڕانەکشێیت، بنوویت و ئیدی بەئاگا نەیەیتەوە و بۆ خۆت ئازاد بیت! ئاخر ئیتر بەشی خۆمم چەشتبوو. ئاخر من بۆ ئەوە نەخوڵقابووم ببمە قارەمان یاخۆ قەدیس! ئەو کاتە هەڵەم کرد کە دوای قارەمان و قەدیس کەوتم! بۆ ئەوە باش بووم تەمبەڵ و تەوەزەل لەناو خەڵکیدا بێم و بچم و لە دەرگای ماڵان بدەم و سەر لەمەیخانەکان بدەم و بەشێوازە هاسانەکەی خۆم بەدوای خوداوەنددا بگەڕێم.

فرانسیسکۆس لەسەر بەفرەکە کڕنۆشی دەبرد و دەپاڕایەوە. شەو داهات. ئاسمان تەژی لە ئەستێرە بوو. هەرگیز لە ژیانمدا ئەستێرەی ئاوها گەورە و بەورشە و لە ئینسانەوە نزیکم نەبینیبوو. دەنگی فرانسیسکۆسم دەژنەفت.

– "برا لیۆن لەکوێیت، ناتبینم!"

– "ئەوەتام لەپاڵتام برا فرانسیسکۆس، دەتەوێ بڵێی چیی؟"

– "برا لیۆن، بیستوومە دەڵێن، ئەو زاهیدگەلە موبارەکانەی کە لە ترۆپکی چیاکاندا دەژین، لەوێ جلکەکانیان لەبەری خۆیان دادەکەنن و چاڵ لە بەفرەکەدا هەڵدەکەنن و دەچنە ناوی و ئارەقە زەنگۆڵ زەنگۆڵ بەقوڵ و باسکیاندا دێتە خوارەوە!"

بەنیگەرانییەوە وەڵامیمدایەوە: "من زاهید نیم، گەر حەز دەکەیت تۆ جلکەکانت داکەنە!"

ئەو جلکەکانی داکەند. لە بەفرەکەدا خۆی خلۆرکردەوە و بەدەنگێکی بەرز کەوتە گوتنی ئەو گۆرانیی ئەڤینەی کە سێ کوڕە جحێڵەکە لە کووانوویەکی هەڵپڕووکێنەردا چڕیبوویان. ئەوسا جبەکەی لە خۆیەوە پێچا و لێی ڕاکشا تا بنوێ.

– "برا لیۆن ڕۆحگەلێکی شەڕانگێزی تر عەزابم دەدەن، بۆیە لەبەفرەکەدا خۆم خلۆرکردەوە تا بترسن و بەڕێی خۆیاندا بڕۆن!"

بیرم کردەوە بڵێم جا من چبکەم. بەڵام هیچم نەگوت.

کاتێک دەدوا، چاوانی دەرپەڕین و لەرز دایگرت، دەستی ڕایەڵ کرد وەک ئەوەی

بیەوێ خۆی لە شتێک بپارێزێ، بەگوڕ هەستایە سەرپێ، هەنگاوێک گەڕایەوە دواوە، هەنگاوێکی تر و پێی هەڵەنگاوت.

لەبەرخۆوە بەهەڵلەرزینەوە گوتی: "ئەوە ئەوە، هەمدیس هاتۆتەوە! هەمدیس هاتۆتەوە!"

لەسەرێم ڕوانی. چۆڵ بوو. کەسی لێ نەبوو.

گوتم: "برا فرانسیسکۆس، کێ دەبینیت؟"

– "سواڵکەرێک، سواڵکەرێک کڵاوێکی لەسەردایە و دەست و پێیشی کون کون، خوێن لەزامەکانییەوە دەچۆڕێ، خاچێک لەنێوچەوانیدایە. ئەوەتا! ئەوەتا!"

هەموو جەستەی هەڵدەلەرزی. باوەشم پێداکرد. بۆ ئەوەی هێوری بکەمەوە، بەئەسپایی و میهرەبان لەگەڵیدا دەدوام.

هەمدیس هاواری کردەوە: "ئەوەتا! ئەوەتا! تەژی لە ڕق تەماشام دەکا، سەر ڕادەوەشێنێ......"

هەڵدەلەرزی، لەسەرمادا نا، بەڵکو لە ترسدا. چاوانی هێشتا دەرپەڕیو و دیقەتی ئەو فەزا چۆڵەی دەدا. لەناکاوێکڕا بەهەموو جەستەی ڕاچڵەکی و ددانەچۆقەی پێکەوت. قیژاندی: "یارمەتیم بدە، واهات!"

باوەشم پێیدا کرد تا نەکەوێ.

– "هاوار بۆ خودا بەرە برا فرانسیسکۆس، هاوار بۆ خودا بەرە تا ڕاوینێی!"

لەبەرخۆوە گوتی: "ئەدی ئەگەر لەلایەن خوداوە نێردرابێت چیی؟"

دانەوێوە و تۆپەڵێک بەفری هەڵگرت تا تێیگرێ بەڵام ژێوان بۆوە و هەنگاوێک لێی چووە پێشێ.

– "براکەم، براکەم، ئەمرکە!"

وای گوت و بێدەنگ بوو، چاوەڕێی وەڵام بوو.

– "بۆچیی هیچ ناڵێیت؟ تۆ کێیت؟ کێ تۆی ناردووە؟ بۆچیی سەر ڕادەوەشێنیت؟"

گوێی ڕادێرا، وەک ئەوەی یەکێک قسانی بۆ بکا.

گوتی: "بەرۆکم بەردە، بەڕێی خۆتا بڕۆ! ئاخۆ ئەدی من ئازاد نیم؟ من لەگەڵ ڕۆحە شەڕانگێزەکاندا دەجەنگم، من حەزم بەوەیە، من مەلایکەت نیم، من ئینسانێکم و



هەموو ئەو ڕۆحە شەڕانگێزانەش وان لە مندا. من لەگەڵ ئەواندا دەجەنگم. من خودام لەگەڵە و چ پێویستییەکم بەتۆ نییە. دەی بەڕێی خۆتا بڕۆ! بۆچی دەستە کون کونەکانتم پیشان دەدەیت؟ بڕۆ!"

ئەوجا دەستی هەڵبڕی و تۆپەڵە بەفرەکەی تێ گرت.

هاواری کرد: "من مەلایکەت نیم، حەزیش ناکەم ببمە مەلایکەت. من بەشمشێرەکەی خۆم ڕاهاتووم!"

ئەوجا لە قاقای پێکەنینێکی شێتانەی دا، گوتی: "تۆپەڵە بەفرەکە بەر دەم و چاوی کەوت و بەڕێی خۆیدا ڕۆیشت، لە کۆڵمان بۆوە!"

داکەوتە سەر ئەرزەکە، قۆڵی گرتم و ڕایکێشام، منیش لە پاڵیدا کەوتم.

قەیرێک بێدەنگ بوو. تۆپەڵێک بەفری هەڵگرت و هێنای بەسەر لاجانگەکانیدا کە خەریک بوو دەسووتان. دواجار لای کردەوە و تەماشای کردم.

– "برا لیۆن دەمەوێ قسەیەکت پێبڵێم، پرسیارێکت لێ بکەم، تکات لێ دەکەم مەترسە. ئەوە من نیم کە دەدوێم، بەڵکو ئەوە ڕۆحە شەڕانگێزەکانن."

گوتم: "برا فرانسیسکۆس گوێم لێتە!" وام گوت و شەویلەکانم چۆقەیان پێکەوت.

– "باشە بۆچی خودا ژنی دروست کردووە؟ دەتوانیت پێم بڵێیت بۆ؟ بۆچی خودا پەراسوویەکی پیاوی دەرهێنا و ژنی پێ دروست کرد؟ ئەی بۆچی پیاو بەدرێژایی ژیانی لەدووی ئەوە وێڵە کە پەراسووە دەرهێنراوەکەی بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە؟ ئاخۆ ئەوە دەنگی خوداوەند؟ ئاخۆ ئەوە دەنگی شەیتانە؟ برا لیۆن تۆ ڕات چییە؟ ئایا ژن هێنان و منداڵ خستنەوە نهێنییەکی پیرۆزن؟"

کە ئەو قسانەیم گوێ لێبوو لەرز دایگرتم. ئەو دەدوا و هەڵدەلەرزی و هەر بەڕاستیی دەمبینی کە ئارەقە بەنێوچەوانیدا چۆڕاوگەی بەستووە. باشە ئەو ڕۆحە شەڕانگێزانە ئاوهایین؟ کێ دەتوانێ باوەڕکا کە ئەوان دڵ و گورچیلەیان شەقار شەقار کردووە؟

بەترسەوە لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: "برا لیۆن، بێدەنگ مەبە، بدوێ! کێ ناڵێ ئێمە ڕێگە خەراپەکە، ئەو ڕێگەیەمان هەڵبژاردووە کە پێچەوانەی خواستی خودایە؟ ئەی چما خۆی نەیگوتووە: زیادبن و وەک لمی زەریا خۆتان زۆرکەن؟"

وەڵامیمدایەوە: "برا فرانسیسکۆس، بەسەر پێڵاوەکانتا دەکەوم، بمبوورە کە ئەم قسەیە دەکەم، بەڵام ئەوە ڕۆحی شەیتانە، ڕۆحی شەیتانی جەستەیە کە ئەلعان لە زاری تۆدا دەدوێ، ئەوە شەیتانە بەمەمکە زلەکانییەوە!"

هاوارێکی بەرزی کرد و کەوتە سەر بەفرەکە. گوریسەکەی لەناوقەدی کردەوە و بەدرێژایی شەو گوێم لێی بوو کە بەورەوژانەوە دەیکێشا بەپشت و سمتی خۆیدا و دەینالاند. بۆ بەیانی تەواوێک ڕووت لە شوێنەکەی ڕاپەڕی، بەڵام جەستەی بەلێدان و سەرما شین و مۆر ببۆوە، پاشان کەوتە تۆپەڵکردنی بەفر و بەڕیز ئینسانە بەفرینەی لە بەردەمی خۆیدا دانا.

گوتم: "برا فرانسیسکۆس ئەوە چ دەکەیت؟" وام گوت و ترسام ئەقڵی لەدەسدابێ.

وەڵامیدامەوە: "دەیبینیت! تاوێکی تر دەیبینیت!" وای گوت و سەرقاڵی دروستکردنی دەست و قاچ بوو بۆ ئەو حەوت شێرە بەفرینەیەی کە لەبەردەمی خۆیدا ڕیزی کردبوون.

– "دەیبینیت برا لیۆن، تاوێکی تر دەیبینیت!"

لەڕاستیدا دوای قەیرێک، حەوت پەیکەرە بەفرینەم بەجوانیی لە ڕیزی یەکدا بینین. ژنێکی کەتە بەمەمکی زلی شۆڕەوە، لەلای ڕاستییەوە دوو کوڕ و لای چەپیشییەوە دوو کچ، لەدواشییەوە ژن و پیاوێک بەسەری نەوییەوە.

فرانسیسکۆس تەماشای کردن و لە قاقای پێکەنینی دا.

گوتی: "بنۆڕە جەنابی فرانسیسکۆس، ئەی کوڕەکەی بێرناردۆنێ، ئەمە ژنەکەتە، ئەمانەش منداڵەکانتن، ئەوانەی دواشیانەوە خزمەتکار و کارەکەرەکەتن. هەموو خێزانەکە چوونەتە دەرەوە بۆ پیاسە، تۆیش لە پێشەوە دەڕۆیت، تۆی پیاو و تۆی باوک و تۆی عالیجەناب!"

کوتوپڕ پێکەنینەکەی وشک هەڵگەڕا. ڕوخساری گرژبوو، دەستی بەرەو ئاسمان هەڵبڕی. هەر هەمان لەو ساتەدا خۆر نزمبۆوە و سەراپای چیاکەی ڕووناک کردەوە. ئاسیزیی وەکی وێنەی خەونێک و وەک خەیاڵێک، هەروەک ئەوەی کە لە زوقمی بەیان خوڵقابێ، لە فەزادا دەستی ڕادەوەشاند.

فرانسیسکۆس بەدەنگێکی بەسۆ هاواری کرد: "خودایە، خودایە، ئەمر بەخۆر



بفەرموو بەسەر خێزانەکەمدا بکەوێ و بیتوێنێتەوە، دەمەوێ ئازاد بم!"

ئەوجا خۆی بەعەردا دا و کوڵی گریانی بەربوو. من نزیکی بوومەوە و لە جبەکەیمەوە پێچا و گوریسە خوێناوییەکەم هەڵگرت و لەنێو قەدیم گرێ دا. ئەوسا قۆڵیم گرت و هەڵمساند.

گوتم: "برا فرانسیسکۆس، وەرەو دەچینەوە بۆ پۆرتیۆنکولا، لەوێ برایان ئاگرێک دەکەنەوە و گەرمت دەبێتەوە، هەردووکمان گەرممان دەبێتەوە. ئاخر لێرە بین لەسەرمادا ڕەق هەڵدێین. خۆت باش دەزانیت، کە ئێمە هێشتا ئامادەی ئەوەنین بمرین و خۆمان پیشانی خوداوەند بدەین!"

فرانسیسکۆس لەتری دەدا، بەپێوە خۆی ڕانەدەگرت، دەستی لەنێو دەستمدا دەلەرزی. هەردووکمان بێدەنگ بووین. خۆر گەرمتر دەبوو، بەمیهرەبانییەوە لە باوەشی دەگرتین و گەرمی دەکردینەوە، وەک بڵێی خودا چاوی لێمان بێ و بەزەیی پێمانداببێتەوە. کاتێک من لەو خۆرەم دەنۆڕی، خەیاڵم دەڕۆیشت و دەستی فرانسیسکۆس لەنێو دەستمدا دەخزا. دوو هەنگاوی هەڵێنا، هەڵخلیسکا و بەدەمدا بەعەردەکەدا کەوت. ڕامکرد تا هەڵیسێنمەوە، سەری خوێنی لێ هاتبوو، دوو بەردی تیژ، زامێکی قووڵیان لە شێوەی خاچدا کردبووە نێوچەوانی. دەستی هەڵبڕی و بەزامەکەیدا هێنا و لە ترسا ڕاچڵەکی.

– "برا فرانسیسکۆس چییە؟ بۆچیی هەڵدەلەرزیت؟"

– "ئەو نیشانەیە چییە لەسەر نێوچەوانم؟"

– "خاچە!"

– "خاچ؟"

لەرز دایگرتبوو. بۆ ساتێک زاری کردەوە تا بدوێ، بەڵام لێکی نایەوە، زانیم دەیەوێ چ بڵێ.

گوتم: "بێدەنگ برا فرانسیسکۆس بێدەنگ، تێگەیشتم!"

دەستیم گرت. منیش وەکو ئەو هەڵدەلەرزیم، هەمدیس ملی ڕێگەمان گرتەوەبەر. خودایە چۆناوچۆنیی توانیمان و هێزی ئەوەمان لە کوێوە هێنا لە چیاکە دابەزین! چۆن توانیمان دەشتەکە ببڕین و نەکەوین لە کاتێکدا کە برسێتیی و سەرما و

نائومێدیی تەنگی پێ هەڵچنیبووین! ئاسیزیی لە دوورەوە، لە ئاسۆوە خۆی پیشان دەداین و تا دەهات گەورە و گەورەتر دەبوو. ئێمە هەستمان دەکرد ئەوە وەهم و خەون نییە، بەڵکە ئاسیزییەکە لە بەرد و گەچ. لە دوورەوە قەڵاو بورج و کڵێساکانیمان ناسییەوە. لەو باوەڕەدا بووم ئەوە ئاسیزیی بوو کە هەرچەندێک نێزیکیی دەبووینەوە، زیاتر گوڕی ئەوەی دەداینێ لە ڕێڕۆیشتن بەردەوام بین. فرانسیسکۆس نەیتوانی ئەوانە ببینێ، ئاو لەچاوانییەوە دەچۆڕا و بێوچان دەبرژایەوە، بەڵام من هەموو شتێکم بۆ وەسف کرد.

– "شار نزیک و نزیکتر دەبێتەوە، ئەوە ئیدی بورجەکان بەتەواویی دەرکەوتن، ئەوە گومەزەکەی کڵێسای قەدیس ڕوفینیۆیش دەرکەوت......"

فرانسیسکۆس گوێی ڕادەدێرا و ئازایەتیی تێدەگەڕا و هەنگاوەکانی خێراتر دەکردن.

چەند جارێک گوتی: "دەترسێم، دەترسێم... برا لیۆن خەونەکەت بیر دێتەوە... ئاخۆ دەبێ برایان چۆن ببینین؟ بڵێی بازەکە چەند دانەیانی ڕفاندبێ؟ من بەپەلە دەڕۆم بۆ ئەوەی زووتر بگەم، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەخۆم دەڵێم: ئای خۆزیا قەت نەگەیشتبام!"

خۆر ئاوابووبوو کاتێک ئێمە گەیشتینە پورتیۆنکولا. دڵمان پەلە پەل لێیدەدا وەک ئەوەی ساڵانێک بێ دوور بین و پورتیۆنکولاش مەخلوقێکی زیندوو بێ، وەک ئەوەی پورتیۆنکولا دایکمان بێ... بێدەنگ دەچووینە پێش. بێ سرتە پەلکی درەختەکانمان لادەدا و نێزیک دەبووینەوە. دەرگاکە کرابۆوە و حەوشە چۆڵ بوو، چ دەنگێک نەدەبیسترا... لەترسا لەرز دایگرتین. ئاخۆ برایان چییان بەسەر هاتبێ؟ وا شەوە دەبوو هەنووکە گەڕابێتنەوە. چووینە ژوورەوە، چراکە لە گۆشەیەکدا داگیرسابوو. برا (ماسیۆ) مان لەبەر کووانووەکەدا بینی دانیشتبوو بەچیچکانەوە و ئاگرەکەی خۆش دەکرد. دارەکان تەڕ بوون و دوکەڵیان دەکرد، فرانسیسکۆس هەناسەی گیرا و کەوتە کۆکە، ماسیۆ ئاوڕی دایەوە. ناسییەوە و خۆی بۆ ئامێزی کوتا.

هاواری کرد: "برا فرانسیسکۆس، بەخێربێینەوە!" وای گوت و ئەژنۆ و دەست و شانی ماچ کرد. گوتی: " ئێمە وامان بیست کە تۆ لە عارەبستان مردوویت، ئیدی



برایان کەوتنە شەڕ فرۆشتن بەیەکدی و لەوە زیاتر نەیانتوانی بەیەکەوە بژین و بڵاوەیان لێ کرد... ئیلیاس زوربەیانی برد، جحێڵکانیانی برد، ئەلعان بەگوندەکاندا دەگەڕێن زێڕ کۆدەکەنەوە. وەک دەڵێن دەیانەوێ کڵێسایەکی گەورە ڕۆنێن. بێرناردۆ و پیێترۆ بەتەنێ لەدارستانەکە دەژین و خەریکی نوێژ و نزان، باوکە سیلڤیستێریش برا بەساڵاچووەکانی برد و هەنووکە لە گوندەکاندا وەعز بۆ پەیڤی خودا دەدەن. ناو بەناو دەگەڕێنەوە ئێرە و هەمدیس دەڕۆنەوە. من بەتەنێ لێرە ماوم، لێرە دادەنیشم و ئاگر دەکەمەوە و چاوەڕێی تۆ دەکەم. برا فرانسیسکۆس هەزار جار بەخێربێنەوە!"

وای گوت و هەمدیس کەوتەوە ماچکردنی فرانسیسکۆس و دەست بەشاندا هێنانی.

فرانسیسکۆس بەبێدەنگیی لەبەر ئاگردانەکەدا کروشکەی کرد. لەئاگرەکەی دەنۆڕی کە دارەکەی هەڵدەلوشیی، دەستی ڕایەڵ کرد تا گەرمی بێتەوە و ناوبەناویش زاری دەکردەوە و لەژێر لێوەوە دەیگوت: "خوشکە بڵێسەی ئاگر، خوشکە بڵێسەی ئاگر..."

وای دەگوت و هەمدیس بێدەنگ دەبۆوە.

ماسیۆ پەرۆش بوو قسەیەک لە فرانسیسکۆسەوە ببیەت. گوتی: "برا فرانسیسکۆس هیچ ناڵێیت! حەزدەکەیت هەموو برایان کۆکەمەوە و بیانهێنم بۆ ئێرە؟ من ماندوو بووم کە ئەوەندە بێ ئیش لێرەدا دانیشتم، ئەمرکە!"

فرانسیسکۆس وەڵامی دایەوە: "چ بڵێم برا ماسیۆ، ئەمری چ بکەم؟ لێرەدا لای ئاگرەکەوە دانیشتووم و چاوەڕێ دەکەم. دەنگێک لەناوەوەمرا پێمدەڵێ: چاوەڕێکە!"

ئاوم گەرم کرد و لە گۆشەیەکدا لەسەر ئەژنۆ دانیشتم و پێوپلە خوێناوییەکەی فرانسیسکۆسم شت، پاشان بەپارچە پەڕۆیەکی تەڕ بەئاوی شلەتێن کەوتمە شتنی چاوانی کە جەراعەتی پێدا دەهاتە خوارەوە.

هەرسێکمان بێدەنگ بووبن. هەنووکە کە فرانسیسکۆس لێرە لەگەڵماندا بوو، من و ماسیۆ لەناوەوەمانرا هەستمان بەئارامیی و دڵنیاییەکی قووڵ دەکرد. لەدەرەوە بایەکی توند هەڵی کردبوو، با خۆی بەدرەختەکاندا دەکێشا و پەلکەکانیانی دەشکانەوە. لە دوورەوە سەگەل دەوەڕین.

ماسیۆ قابلەمەکەی نایە سەر ئاگرەکە تا ئەو خۆراکەی کە هەبوو بۆمان لێبنێ. بەدرێژایی ئەو ماوەیەی ئێمە لەوێ نەبووین، ئەو قامیش و شوڵکەداری لە کەنار زەریا لێکردبۆوە و زەمیلەی پێ چنیبوون و فرۆشتبوونی و بەپارەکەیان خۆی ژیاندبوو. بەدرێژایی ئەو ماوەیە فرانسیسکۆس دەستی بەسەر ئاگرەکەدا ڕایەڵ کردبوو، وەک ئەوەی نزابکا، لە جۆرە ئارامییەکی دەگمەندا غەرق ببوو. ئینسان ئەو ئارامییەی لە ڕوخساریدا دەخوێندەوە. ئاخر ئیدی ئەو عەردی بیر چووبۆوە و بۆ ساتێک وا هەستم دەکرد کە لەو شوێنەی دانیشتبوو، لای ئاگردانەکەوە بەرزبۆتەوە و بەفەزاوە دەشەکێتەوە. بیستبووم کاتێک قەدیسان بیر لەخودا دەکەنەوە، قورسایی جەستە دەبەزێنن و بەئازادیی لە فەزادا دەشەکێنەوە. هێور هێور فرانسیسکۆسم بینی کە هەمدیس لە فەزاوە دادەبەزییەوە و سەرلەنوێ بەئارامیی لەبەر ئاگردانەکەدا دادەنیشتەوە. ئێوارە داهاتبوو، کەس هیچی نەدەگوت. هەرسێکمان بەختەوەرانە بێدەنگ بووین.

لەناکاوێکڕا ماسیۆ لای کردەوە و من ڕووم بەلای دەرگاکەدا وەرگێڕا. کەسێک لە دەرگای دا.

ماسیۆ گوتی: "دەشێ ئەوە یەکێک لە براکان بێت، من دەچم و دەیکەمەوە!"

هەستا. قلافەتی کەتە و خەریک بوو سەری دەیدا لە ساپیتە قامیشەکە. دەرگاکەی کردەوە و دەستوبرد گوێم لێی بوو کە بەدەنگێکی بەرز قسانی دەکرد:

– "ئێە، چیت دەوێ؟ ژن نابێ بێتە ژوورەوە، ئێرە شوێنێکی پیرۆزە!"

بەسەرسامیی هەستامە سەرپێ. بینیم ژنێک لەبەر دەرگاکەدا ڕاوەستاوە و بەجۆرێک خۆی پێچابۆوە کە تەنها توانیم چاوانی ببینم.

بەدەنگێکی میهرەبانانە گوتی: "برا ڕێگەم بدە بچمە ژوورێ. من دەمەوێ، من دەبێ باوکە فرانسیسکۆس ببینم!"

فرانسیسکۆس دەنگەکەی ژنەفت و ڕاپەڕی. سەری لەنێو دەستەکانیدا حەشاردا، وەک ئەوەی بیەوێ دیارنەمێنێ. منیش دەنگەکەم ناسییەوە و خۆم لەفرانسیسکۆس نزیک خستەوە.

بە ئەسپایی گوتم: "برا فرانسیسکۆس، کلارا......"



فرانسیسکۆس قۆڵی گرتم.

بەترسەوە قیژاندی: "نامەوێ بیبینم! برا لیۆن ڕوحمم پێ بکە نامەوێ بیبینم!"

ئەوجا ڕووی بەلای ئاگرەکەدا وەرگێڕا و لەژێر لێوەوە گوتی: "ئەی بڵێسەی ئاگری خوشکم، ئەو لە بەفرە... لەبەفر، دە بیتوێنەرەوە تا ببێتە ئاو و دیارنەمێنێ! ببێتە ئاو و بڕژێتە زەریای خوداوە!"

بەڵام کیژەکە هەنووکە لە دەرگاکە هات بەمدیودا و لەبەر پای فرانسیسکۆسدا کڕنۆشی برد و ڕوخساری وەدیارخست. فرانسیسکۆس هێشتا سەری لەنێو دەستەکانیدا شاردبۆوە و لای نەکردەوە تا کیژەکە ببینێ.

کیژەکە بەدەنگێکی تەژی لە میهرەبانیی و گلەیی گوتی: "باوکە فرانسیسکۆس، بەزەییت پێمدابێتەوە، سەر هەڵبڕە و تەماشام بکە!"

– "گەر تۆ هەر بەڕاستی کیژەکەی کۆنت چیفیسیت، گەر خودات خۆشدەوێ، گەر لەخودا دەترسیت، ئەوا هەستە و بەڕێگەی خۆتا بڕۆ!"

دەستی لابرد و ڕوخساری بەو تێشکاوی و وێرانیی و خوێنەوە وەدیارکەوت کە لە چاوانییەوە دەهاتە خوار.

گوتی: "گەر مایەی قێز و ئازار نیم ئەوا تەماشام کە، من کوێر بووم، سوپاس بۆ خودا ئیدی ناتوانم بتبینم!"

کیژەکە ڕوخساری بەپای فرانسیسکۆسەوە نووساند و وەڵامی دایەوە: "باوکە فرانسیسکۆس مەترسە، من سەر هەڵنابڕم تا بتبینم، هەروا ناشمەوێ تۆ من ببینیت، تەنێ گوێم بۆ ڕادێرە. گوێم بۆ ڕادێرە بزانە چ دەڵێم!"

فرانسیسکۆس خاچی کێشا و گوتی: "بەناوی مەسیحی لەخاچدراو، گوێ ڕادەدێرم!"

کیژەکە بەحیرسەوە و بەدەنگێکی قووڵ گوتی: "باوکە فرانسیسکۆس، ئەو ڕۆژەت بیردێتەوە کە تۆم شروپڕ پۆش و پێپەتیی لە شەقامێکی ئاسیزیی بینیی؟ لەو ڕۆژەوە چ جێگەیەک بۆ ڕۆح لەجەستەمدا نییە، ڕۆحم دەیەوێ هەڵفڕێ. باوکە فرانسیسکۆس گەر دانەویتەوە و لە ڕوخسارم بنۆڕیت ئەوا دەبینیی کە چۆن وەکو مۆم تواومەتەوە و ئیدی زەندەقت دەچێ. بەڵام گەر ڕۆحم ببینیت، ئەوا خەنیی دەبیت، باوکە

فرانسیسکۆس ڕۆحم جبەیەکی وەک ئەوەی تۆی پۆشیوە و کڵاوێکی وەک ئەوەی تۆی لەسەر کردووە و گوریسێکی وەک ئەوەی تۆی لەناوقەدییەوە گرێداوە و بەپێی پەتیی دەگەڕێ. چ شادومان نیم بەوەی کە ئیتر لەگەڵ دایک و بابما، لەگەڵ هاوڕێکانمدا، لەگەڵ خەڵکیدا بژیم. دونیا بەبەرم تەنگە و دەخوازم بڕۆم! باوکە فرانسیسکۆس قژم ببڕە و بیخەرە نێو ئاگرەکەوە. لە جبەکەی خۆتمەوە بپێچە، بەگوریسەکەت بمبەستەوە، دەخوازم بەرەو بیابان بچم، دەخوازم وەک پەرەسێلکانی چیا، لەسەر گابەردێک هەڵنیشم، باوکە فرانسیسکۆس دەخوازم دوورکەومەوە، دەخوازم لە ئەرز دوورکەومەوە!"

هەر بەڕاستیی وەک پەرەسێلکەیەک خوێندی. من و ماسیۆ سەرمان داگرت و گریاین، وەی ئەوە چ پەرۆشییەکی گەورە بوو بۆ یەکانگیر بوون لەگەڵ خوداوەنددا!

فرانسیسکۆس گوێی بۆ ڕادێرا. ڕوخساری بێ جووڵە و ڕەق وەکی بەرد.

کیژەکە جار دوای جار لە قسەکردن دەوەستا، ڕوخساری نابووە سەر پای فرانسیسکۆس و پرچی بەخۆڵەمێشی ئاگردانەکە خۆڵەمێشاویی ببوو. چاوەڕێ بوو فرانسیسکۆس بدوێ. چاوەڕێی دەکرد و چاوەڕێی دەکرد، بەڵام فرانسیسکۆس کڕ و تا دەهات ڕوخساری ڕەقتر دەبوو.

کیژەکە گوتی: "باوکە فرانسیسکۆس، ڕووت وەرمەگێڕە، تووڕە مەبە. تۆ بەپای پەتیی دەڕۆیت و سەما دەکەیت و گۆرانیی دەچڕیت و هاوار لەکریاران دەکەیت: (وەرن، من ئەو ڕێگەیەم کە دەچێتەوە لای خوداوەند، وەرن شوێنم کەون!) هەر کە گوێم لەدەنگی تۆ بوو، باب و دایکم و ماڵەکەم و هەر شتێک کە هەمبوو بەجێمهێشت. جحێڵیم جێهێشت، جوانیم و هیوام بەمنداڵ خستنەوە لەبار برد و هاتم بۆ ئێرە. ئەوە خەتای تۆ بوو. پێت خۆش بێ یان نا، تازە دەبێ گوێم بۆ ڕادێریت. گوێ ڕادێرە، ئەمڕۆ من ماڵئاواییم لە دونیا کرد، گرانبەهاترین جلکەکانم پۆشی، بۆ دوایەمینجار پرچە زەردەکەم شانە کرد، گوارە ئاڵتونەکانم لەگوێ کردن و ملوانکە ئاڵتوونە دەنک درشتە مروارییەکانم کردە مل و بۆ کڵێسا چووم تا خەڵکی بمبینن، تا خەڵکی جوانییەکەم ببینن و پێی بڵێن خوداحافیز. تا خۆیشم ناشیرینیی خۆم ببینم و پێی بڵێم خوداحافیز. پاشان چووم بۆ لای دەستە خوشکەکانم بۆ ئەوەی بۆ دوایەمینجار



بیانبینم. پێدەکەنیم و لە شادومانیدا سەمام دەکرد، ئەوانیش بەسەرسامییەوە لێیان دەپرسیم:

(کلارا چیتە؟ ئەرێ بۆچی ئەوەندە خۆشحاڵیت؟ چییە شوو دەکەیت؟) وەڵامم دانەوە: (ئا، شوودەکەم. زاواش لەخۆر جوانترە و لەپادشاش بەهێزترە.) گوتیان: (ئەی کەنگێ زەماوەندەکە ڕێکدەخەن؟) پێکەنیم و گوتم: (ئەم ئێوارەیە، ئەم ئێوارەیە!) گەڕامەوە ماڵەوە، ماوەیەکی زۆر بەبێدەنگیی لە بابم و دایکم و خوشکەکانم نۆڕی و ئەوجا خوداحافیزیم لێ کردن. هەنووکە دەنگی شین و زارییان دەبییەم کە چەند سەعاتێک دواتر، بەدوامدا گەڕاون تا بمدۆزنەوە. ئەدی چۆناوچۆنیی دەتوانن لە ئامێزی خوداوەنددا بمدۆزنەوە! کە ئێوارە داهات، بەبێدەنگیی لەژوورەکەم هاتمە خوارەوە، ڕێگەی لای دارزەیتوونەکانم گرتەبەر، بەلای کڵێساکەی قەدیس دامیانۆدا تێپەڕیم، ئەوسا فڕیم و باوکە فرانسیسکۆس گەیشتمە ئەم ناوچە پیرۆزەی تۆ، بانگت کردم و ئیدی منیش هاتم!"

فرانسیسکۆس گوتی: "من؟ من؟"

– "بەڵێ تۆ باوکە فرانسیسکۆس تۆ، دوێنێ شەو کە نوستبووم– خۆت دەزانیت لەکاتی نوستنندا جەستە دەنوێ و ڕۆح بەئاگایە – گوێم لێتبوو بەناو بانگت کردم. باوکە فرانسیسکۆس تۆ بوویت تۆ. وەک بڵێیت هەمدیس لەبەر پەنجەرەکەمدا ڕاوەستابیتەوە و بانگم کەیت: (وەرە! وەرە!) ئیتر منیش هاتم."

فرانسیسکۆس هاوارێکی کرد و هەستایە سەرپا، ویستی بڕوا، بەڵام هەمدیس دانیشتەوە. بەچواردەوری خۆیدا دەستی گێڕا و پارچە دارێکی بەدەستەوە هات و فڕێیدایە ناو ئاگرەکەوە. پاشان هەمدیس سەری لەنێو دەستەکانی نایەوە و ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو. وەک بڵێی غەم زوبانی لەگۆ خستبێ و نەیەوێ کیژەکە ببینێ.

کیژەکە چاوەڕێی دەکرد و هەر چاوەڕێی دەکرد، بەڵام فرانسیسکۆس یەک وشەی لەزار نەهاتە دەرەوە، تووڕە دیار بوو. کیژەکە لەسەر ئەژنۆ هەستا و دەستەکانی گرمۆڵە کرد.

گوتی: "باوکە فرانسیسکۆس، من دڵم لەبەر پێتا خاڵیی کردەوە. ئەدی بۆچی وەڵام

نادەیتەوە؟ پێویستە لەسەرت وەڵامم بدەیتەوە!"

بێدەنگیی باڵیی کێشابوو. لەدەرەوە وژەی بایەکی توند دەهات و خەریک بوو دەرگاکەی لە گرێژنە دەبرد. فرانسیسکۆس دەستەکانی کردنەوە، لەملاولای خۆی ڕوانی، پێڵووی ترووکاند و تەماشای ئێمەی کرد.

وەک ئەوەی لەخەتەردا بێ و داوای یارمەتیی بکا، گوتی: "برا لیۆن، برا ماسیۆ، وەرنە ئێرە بۆ لام!"

پاشان چنگێک خۆڵەمێشی هەڵگرت و بەپرتاو کردی بەسەری خۆیدا و لە گۆناکانی هەڵسوویی و خۆڵەمێشەکە چووە چاوانییەوە.

گوتم: "برا فرانسیکۆس، ئاخۆ بەزەییت پێیدا نایەتەوە؟ ڕوحمی پێبکە!"

قیژاندی: "نا...!" بۆ یەکەمجار هەستم کرد چ توندوتیژیی و غەمێک لەدەنگیدا هەیە. دەستمی بەتوندی لەسەر شانی لابرد و هەمدیس هاواری کردەوە: " نا! نا!"

کیژەکە هەستایە سەرپێ و برۆکانی گرژکرد و ڕوخساری مۆن بوو، شکۆ و شانازیی باوانی لەناوەوەیرا بریندار ببوو.

گوتی: "من لێت ناپاڕێمەوە و ئیدی بەسەر پێتا ناکەوم، گوێم بۆ ڕادێرە. منیش وەک تۆ ڕۆحێکی نەمرم کە لە خەتەردایە، تۆ بەشار و گوندەکاندا دەگەڕێیت و وەعزی ڕزگارکردنی دونیا دەدەیت، دەی کەواتە ڕزگارمکە! ئەوە ئەرکی تۆیە ڕزگارمکەیت. گەر ئەوە نەکەیت، گەر ڕزگارکردنی ڕۆحم ڕەتکەیتەوە، ئەوا لێپرسراوێتیی ڕۆحی منت دەکەوێتە ئەستۆ و ئەوسا لە دۆزەخدا ڕۆدەچیت. هەستە، ئەو جبەیەم بدەرێ کە داوام لێ کردیت، هەستە قژم ببڕە و بیخەرە ئاگرەکەوە، ئەوجا دەست بنێ سەر قژە دەسکەنەکراوەکەم، دۆعا بکە و بەخوشکە کلارا بانگم کە!"

فرانسیسکۆس لە جێگەکەی ڕاپەڕی و لەدەرگاکەی ڕوانی، وەک ئەوەی بیەوێ بچێتە دەرەوە. من و ماسیۆ هەستاین تا بەر لە ڕۆیشتنی بگرین. ئەو ڕاوەستا، سەری داگرت و هەموو جەستەی کەوتە هەڵلەرزین. ئاخر ئەو هەموو جارێک کە بڕیارێکی گرینگی پێچەوانەی خواستی خۆی دابا ئەوا جەستەی هەڵدەلەرزی. بەلەتردانەوە گەڕایەوە و خۆی بەئاگردانەکەوە گرت، بڵێسەی ئاگرەکە لەسەر ڕوخساری پرشنگیدەدایەوە و واپێدەچوو ڕوخساری هەڵایسابێ. بەدەنگێکی بەسۆ و



تەژی لەسووکایەتیی، گوتی: "ئەی کچی کۆنت، ئەی کچە دەسەڵاتدارەکەی کۆنت فاڤۆڕینۆ چیفیی، دەتوانیت بەپای پەتیی بەسەر ئەرزا بڕۆیت؟"

کیژەکە بەدڵنیایی و شانازییەوە وەڵامی دایەوە: "دەتوانم!"

– "دەتوانیت بەرگەی برسێتیی بگریت و لە دەرگای ماڵان بدەیت و داوای سەدەقە بکەیت؟"

– "دەتوانم!"

– "دەتوانیت گەڕەکان بشۆیت؟ دەتوانیت دەمیان ماچ کەیت؟"

– "بەڵێ دەتوانم!"

– "دەتوانیت ئەی کیژی جوان، خۆت ناشیرین بکەیت و ئەوسا منداڵان لە جاددەکاندا دواتکەون و هوهات لێ بکێشن و بەژنەی سیحرباز و گێڕەی بێ تەربێت و بەپشت کۆم بانگت کەن؟ ئایا دەتوانیت شادومان بیت بەوەی لەپێناوی مەسیحدا بوویتەتە ژنێکی سیحرباز و گێڕێکی بێ تەربێت و پشت کۆم؟"

کیژەکە وەک ئەوەی سوێند بخوا، دەستی هەڵبڕی و هەمدیس گوتی: "بەڵێ دەتوانم، دەتوانم!"

– "ئاخر ناتوانیت!"

– "با، دەتوانم. کیژەکەی کۆنت چیفیی هەر بەتەنها بەرگەی ژیانی خۆش و ئارام ناگرێ، بەڵکو بەرگەی هەژاریی و ڕووت و ڕەجاڵیی و سووکایەتیش دەگرێ، دەتوانێ هەموو ئەو شتانە بکا کە خەڵکی تر دەیکەن."

– "من متمانەم بەژن نییە، مارەکەی حەوا تا ئەبەد گوێچکەو دەم و لێوتانی لستۆتەوە! هەوا و هەوەسم مەخەرە بەر، ژنانی ترت لێ کۆدەبنەوە، پێکەوە دەچنە سەربانی دەیرەکەتان و لەوێوە لە برایان دەنۆڕن، برایانیش دەچنە سەربانی دەیرەکەی خۆیان و لەوێوە لەئێوە دەنۆڕن. ئیدی دێوی جەستە خۆشحاڵ و خەنیی لەنێوان ئەو دوو دەیرەدا دێ و دەچێ! هەستە، بچۆرەوە ماڵەوە، نامانەوێ ژنمان لەگەڵ بێ!"

– "ئاخر ژنیش مەخلوقی خودایە، ئەویش ڕۆحێکی هەیە و دەیەوێ ڕزگاری کا!"

– "ڕێگەی گەیشتنە لای خودا بۆ ئێوە ڕێگەیەکی ترە. ئێوە دەبێ شووبکەن و منداڵ

بخەنەوە، تەقوای ئێوە شکۆفەکردن و بەرگرتنە، ئەویش نەک لە تەنیاییدا، بەڵکو لەناو خەڵکدا!"

– "تۆ ناکرێ سنوور بۆ تەقوا دانێیت، ئاخر تەقوا لە هەر کوێ حەز بکا شکۆفە دەکا و بەر دەگرێ، بەڵام زیاتر تەنیایی پێ خۆشترە."

– "هۆشیاریی هەیە لای ژن لە تێگەیشتووییەوە نییە. کێ فێری کردوویت وەڵام بۆ هەموو شتێک بدۆزیتەوە؟"

– "دڵم!"

فرانسیسکۆس ئەو دیوارەی جێهێشت کەپاڵی پێوەدابوو. بەسەرسەمدانەوە بۆ ناوەڕاستی ژوورەکە هاتە پێشێ، من ڕامکرد تا قۆڵی بگرم.

گوتی: "بەرمدە، دەستم لێوە مەدە!"

پاشان لەناکاوێکرا بەیەک قەڵەمباز خۆی گەیاندە لای ئاگردانەکە. دانەوێوە، مشتێک خۆڵەمێشی هەڵگرت و بەقورسیی کردی بەسەری کیژەکەدا، خۆڵەمێشەکەی لە پرچ و ڕوخسار و ملی هەڵسویی و برێکیشی کردە دەمییەوە. لێوی جووڵاند، شتێکی لەژێر لێوەوە گوت، بەڵام کەس لەیەک وشەی حاڵیی نەبوو، دەنگی زیاتر لە مرەی ئاژەڵێک دەچوو، بەڵام وردە وردە و دوای ماندووییەکی زۆر ئەوجا دەنگی بۆوە بەدەنگی ئینسان. لەو بێدەنگییە خەتەرناکەدا، دوو وشەی ئینسانییانە بیسترا، تەنێ دوو وشە:

– "خوشکە کلارا.... خوشکە کلارا......"

ئاگرەکە کڵپەی سەندبوو، لەسەر ڕوخساری فرانسیسکۆس و کلارا شەوقی دەدایەوە. هەردووکیان تەواوێک لە خۆڵەمێش هەڵکێشرابوون.

چراکە کەوتە پرتە پرت، ڕوناکییەکەی کزبوو، کەس نەجووڵا نەوتی تێکا، وەک بڵێی هەموومان ڕەق هەڵاتبین. چراکە کوژایەوە و تەنها تیشکی ئاگری ئاگردانەکەمان بۆ مابۆوە، دەنگی فرانسیسکۆس بیسترا، ئارام و ئاشتییانە و تەواوێک ئینسانیی و گەلێک میهرەبان.

– "خوشکە کلارا خۆشهاتیت بۆ لامان!"

***



بەخێرایی دەماودەم لەگوندەکانی دەوروبەر و لە ئاسیزییدا هەواڵی ئەوە بڵاوبۆوە کە فرانسیسکۆس لە عارەبستانەوە گەڕاوەتەوە و لەوێ موجیزەی نواندووە و سوڵتانی کردۆتە مەسیحیی و ئیدی سوڵتان شارەکەی خۆی، (دامیێتێ)ی تەسلیمی خاچپەرستان کردووە. ئیدی ئەو هەواڵە خۆشانە بەگوێی برایان دەگەیشتن و لە هەموو لایەکەوە بەشەرمەزاریی بۆ پۆرتیۆنکولا، بۆ پشتیرە کۆنەکەیان دەگەڕانەوە. فرانسیسکۆس ئامێزی بۆ کردنەوە و پێشوازیی لێ کردن.

هەمووان دەگەڕانەوە و پۆرتیۆنکولایان لێ پڕ دەبۆوە. پەلکی درەختیان دەهێناو لەو دەوروبەرەدا دەکەوتنە ڕۆنانی کوخ. بێرنارد و پێیترۆ بەچاوانێکی نیوە لێکنراوەوە گەڕانەوە و هێشتا هەر غەرقی عیبادەت بوون. کاپێللۆ بێدەنگ و بەبێ کڵاوەکەی، هەروەها ئیرنیۆش بەبلوێرەکەی شانییەوە هاتەوە.

دواجار ئێلیاس و لایەنگیرانیشی گەڕانەوە. ئێلیاس توندوتیژ، دڕندە، قڵافەتێکی پتەو، برۆ چڕ و سمێڵ تاشراوو کتێبێکی ئەستووریشی بەدەستەوە بوو.

گوتی: "برا فرانسیسکۆس، خودا بێ ئەندازە خۆشی دەوێی، ئاخر ئەو هێشتا لەسەر ئەرز گلی داویتەوە تا بەئامانجە باڵاکانت بگەیت. من پێموایە هێشتا خەرەندێکیتر لە پێش ماوە پیایدا هەڵزنێیت!"

فرانسیسکۆس وەڵامی دایەوە: "برا ئێلیاس دەبێ بزانیت کە ئامانجی باڵا بۆ ئینسان خودایە، ئێمە بەر لەمردن ناتوانین بەوە بگەین!"

ئێلیاس ڕەتی دایەوە: "بمبوورە، بەڵام من پێموایە تەنێ لە ژیاندا دەتوانین بەوە بگەین!"

هەمووان بێدەنگ بوون و چاوەڕێ بوون گەردوولەکە هەڵکا.

ماوەی سێ ڕۆژ بوو فرانسیسکۆس بەناو برایاندا دەگەڕا، پرسیاری دەکرد، قسانی بۆ دەکردن، هەوڵی دەدا بزانێ کاتێک ئەم لەسەفەری عارەبستان بووە، ئەوان چ ڕێگەیەکیان گرتۆتەبەر. هەندێک لە برایان بەرەو شارە بەناوبانگەکەی بۆلۆگنا چووبوون و لەوێ کەوتبوونە وەعزدان، بەڵام ڕووبەڕووی بەرهەڵستی زانا ئایینییەکانی ئەوێ ببوونەوە و ئەمانیش بەشەرمەوە بەرگەی ئەو هەلومەرجەیان گرتبوو. بەڵام هەر کۆڵیان نەدابوو، قوتابخانەیەکیان لەو شارە لەخۆباییە کردبۆوە و

لەو قوتابخانەیەدا برا گەنجترەکان، دەسنووسە پیرۆزەکانیان موتالاکردبوون، کتێبی ئەستووریان کڕیبوو، شەوانیان بەموتالا و دەرسکردنەوەوە بردبووە سەر. ئەوان نە وەعزیان دابوو، نە عیبادەتیان کردبوو، نە کاریشیان کردبوو، بەڵکو تەنها سەرگەرمی خوێندن ببوون.

فرانسیسکۆس گوێی بۆ هەموو ئەوانە ڕادێرا و دڵی لەڕق و تووڕەییدا جۆشی سەندبوو.

پێیگوتم: "برا لیۆن، ئێمە شکستمان هێنا. ئێمە تۆومان کرد و هەنووکە بنۆڕە کێڵگەکە پڕە لە خەشخاش و گەزنە. ئەم پیاوە خوێنەوارانە چ گەلە گورگێکن هاتوونەتە پشتیرەکەمانەوە؟ من چ مەعریفەتێکم ناوێ، چ زانایییەکم ناوێ، شەیتان لەمێشکدا دانیشتووە، لەدڵیشدا خوداوەند. دڵ لە شتە زانستییەکان تێناگا، هەرگیز کتێب ناکاتەوە. برا لیۆن پێتوایە چیمان بەسەر بێ و بکەوینە کوێوە؟ خەرەند؟"

ڕۆژی دواتر خوێنەوارێکی بینی کە نەیدەناسی، خوێنەوارێک تەواو ڕەنگپەڕیو و گۆنا چرچولۆچ و چاو گەورە، بەسەر کتێبێکدا نوشتابۆوە و بەپەرۆشەوە دەیخوێندەوە. دوور لە خوداوەندو دوور لەبرایان، دونیا لەبەر چاوانیدا ون و جگە لە خۆی و کتێبەکەی چ شتێک لە ئاسمان یاخۆ لەسەر ئەرزدا نەمابوو.

فرانسیسکۆس لێی نزیک بۆوە و دەستی بەشانیدا کێشا. کوڕە گەنجەکە ڕاچڵەکی.

– "ناوت چییە؟"

– "ئەنتۆنیۆ."

– "خەڵکی کوێیت؟"

– "خەڵکی پورتوگال!"

– "کێ ڕوخسەتی پێداویت کتێبت پێبێت؟"

کوڕە گەنجەکە کتێبەکەی بەسینگییەوە نووساند و وەڵامی دایەوە: "برا ئێلیاس!"

فرانسیسکۆس دەستی ڕایەڵ کرد و کتێبەکەی لێ وەرگرت.

– "بەڵام من ڕوخسەتت نادەم!" بەتووڕەیی وای گوت و کتێبەکەی هەڵدایە ناو



ئاگرەکەوە. هاواری کرد: "خۆڵەمێش! خۆڵەمێش! خۆڵەمێش!"

بەڵام کاتێک فرانسیسکۆس کوڕە گەنجەکەی بینی بەچاوانێکی فرمێسک تێزاوەوە لە بڵێسەی ئاگرەکە دەنۆڕێ، بەزەیی پێیدا هاتەوە.

– "کوڕی خۆم گوێ ڕادێرە. هەموو ساڵێک من لەجەژنی پاکدا زیندوو بوونەوەی مەسیحم بینیوە، هەموو ئێمەی مەسیحییان بەدەوری مەرقەدەکەیدا کۆدەبینەوە و دەگرین، دەگرین و نائومێدانە بەئەرزدا دەکێشین تا بەڵکو خۆی بکاتەوە. دەی بنۆڕە، هەر ڕێک ئەو کاتەی ئێمە لەوێدا ڕاوەستاوین و دەگرین، کێلی قەبرەکەی هەپروون دەبێ و بەئالایەکی سپییەوە لەنێو ئەرزەوە دێتە دەرێ و بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ و بەزەردەخەنەوە لێمان دەنۆڕێ. من تەنێ لەیەک جەژنی پاکدا زیندووبوونەوەی ئەوم نەبینیوە، ئەویش ئەو ساڵە بوو کە زانایەکی گەورەی ئایینیی هاتبوو کە لە زانکۆ لە بۆلۆگنا دەیخوێند، سەرکەوتە سەر مینبەری کڵێسا و چەندین سەعات لەبارەی زیندووبوونەوەی مەسیحەوە ئاخاقت، هەر دەدواو ڕوونی دەکردەوە و ئێمەیش تەواوێک کاس و وڕ ببووین. سوێند دەخۆم ئەو ساڵە کێلی قەبرەکە نەشکا و کەس زیندووبوونەوەی مەسیحی نەبینی!"

کوڕە خوێنەوارەکە غیرەتی دایە بەر خۆی و گوتی: "برا فرانسیسکۆس گەر تێنەگەم مەسیح بۆچی زیندوو دەبێتەوە، ئەوا چ زیندووبوونەوەیەکی نابینم. ئاخر جگە لە ئەقڵی ئینسان متمانەم بە چ شتێکی تر نییە!"

فرانسیسکۆس لە تووڕەییدا دەمی کەفی کرد و هاواری کرد:

– "هەر لەبەر ئەمەشە ڕێگەی هەڵە دەگرنەبەر، هەر لەبەر ئەمەشە چ زیندوو بوونەوەیەک نابینن. چۆن و بۆچی؟ چ لاسارییەکە! نەفرەت لە ئەقڵی ئینسان!"

برا ئیگیدیۆ ڕاوەستاو و گوێی ڕادێرابوو، لەزەتی لە قسەکانی برا فرانسیسکۆس دەبرد و دەستی بەدەمییەوە گرتبوو تا زەردەخەنەکەی حەشار بدا. کاتێک دەستی فرانسیسکۆسم گرت تا بڕۆین، برا ئیگیدیۆ بەدوواماندا ڕای کرد.

گوتی: "برا فرانسیسکۆس دەک دەمت خۆش بێ، تۆ دەدوێیت و یەکسەر وشەکان لەناوەوەمرا دەبنە کردەوە. یەکشەممەیەکیان کە تۆ لێرە نەبوویت، هەر ئەم ئەنتۆنیۆ خوێنەوارە بەیەک گورز قاقزی ڕەشکراوەوە هات و داوای لێ کردم ڕوخسەتی بدەمێ

بچێت بۆ ئاسیزی تا لە کڵێسای قەدیس ڕوفینیۆ نوتقبدا. منیش وەڵامیمدایەوە: (بە خۆشحاڵییەوە ڕوخسەتت دەدەمێ بەڵام بەمەرجێک. مەرجەکەش ئەوەیە کە هەر سەرکەوتیتە سەر مینبەر، وەک مەڕ هاوارکەیت: (باع! باع! نابێ جگە لە باعە باع چ شتێکی تر بڵێیت!) ئەو کە وەڵامەکەمی بیست سوور هەڵگەڕا و تووڕەبوو، وایزانی پێی ڕادەبوێرم و ئیدی نووسینەکانی لەبەر سینگیدا شاردەوە. بەفیزێکەوە گوتی: برا ئیگیدیۆ من مەڕ نیم، بەڵکو ئینسانم، من ناباعێنم، بەڵکو دەدوێم، خودا ئیمتیازێکی گەورەی بەخشیوەتە ئینسان کە ئەویش وشەیە!"

فرانسیسکۆس پرسی: "ئەی تۆ چیت وەڵام دایەوە برا ئیگیدیۆ؟"

– "برا فرانسیسکۆس ڕاستییەکەی من تەواوێک ساکاو و زوبانم بەسترا و لەحەژمەتا خۆم خستە کۆکە، نەمدەزانی چ بڵێم. برا کێدرۆم بینی کە بەگورزە دارەوە لەدارستانەوە دەگەڕایەوە، خۆم گەیاندێ تا یارمەتیی بدەم و دارەکانی لەگەڵدا هەڵگرم. بەو جۆرە خۆم ڕزگارکرد."

فرانسیسکۆس پێکەنی.

گوتی: "برا ئیگیدیۆ وەڵامێکی لەوە باشتر هەیە، خۆت دەیبینیت! دەی برا لیۆن وەرە!"

پرسیم: "برا فرانسیسکۆس هەمدیس بۆ کوێ بچین؟" دەترسام هەمدیس بۆ چیایەکی بەبەفر داپۆشراوی ترم بەرێت.

وەڵامی دامەوە: "بەرەو بێشەی شەیتان، بۆ بۆلۆگنا!"

پاش تاوێک گوتی: "برا لیۆن کەشتییەکەمان ئاوی تێ دەچێ، دەترسێم غەرق بێ. بۆلۆگنا، بۆلۆگنا تۆ دەبێ پۆرنیۆنکولامان بۆ هەڵلووشیت!"

ڕۆیشتین. نا، نەڕۆیشتین، بەڵکو وەک با هەڵمانکرد. هەوا خۆش و نیمچە گەرم، دار سێو و دار هەرمێکان شکۆفەیان کردبوو، یەکەمین گوڵە خەشخاشەکان لە کێڵگەکاندا بریقەیان دەدایەوە، ئەرز پۆشرابوو بەگوڵە مینای چکۆڵەی سپی و زەرد، بایەکی گەرم دەهات و پەلکی درەختەکانی دەهێنانە لەرە و دەگەیشتە دڵمان و دەیکردنەوە. نازانم بۆچی هەموو ڕۆژانی بەهار من دڵم لای خوشکە کلارا بوو، خۆشحاڵ بووم کە بەهیممەتی فرانسیسکۆس، سەرەک قەشە قایل بوو لە نزیک



کڵێسای قەدیس دامیانۆ، کلارا دەیرێک وەربگرێ و بۆ خۆی لەوێدا ژیانێکی پڕ لە تەقوا و زوهد بژێت.

بەیانییەک گەیشتینە بۆلۆگنا. بۆلۆگنا شارێکی گەورە و بەنێوبانگ بوو. جاددەکانی پڕ بوون لەخەڵک، ئاڵای سوور بەمەیخانەکانەوە کرابوو، میوە و سەوزە لە دوکانەکاندا هەڵدرابوونەوە، خانمگەلی شۆخ و شەنگی پەڕی ڕەنگاوڕەنگ بەسەر تێدەپەڕین. ئێمە شەقامێکی باریکمان گرتەبەر و گەیشتینە شوێنێکی دووری بەدرەخت داپۆشراو، فرانسیسکۆس سەیری ئەملاولای خۆی کرد و ئەوجا لە دەرگای ئەو قوتابخانە ئایینییەی دا کە ئێلیاس و هەندێ لە برا نوێیەکانمان ڕۆیان نابوو. دەستوبرد چووە ژوورەوە، ئەوێ هۆڵێکی گەورە بوو کە مێزێکی لاکێشەیی لێ دانرابوو، پێنج شەش برا بەدەوری مێزەکەدا نوشتابوونەوە و دەیانخوێندەوە، کتێب و کاغەز لە تاقی دیوارەکاندا دانرابوو.

فرانسیسکۆس هاواری کرد: "هێی برا لە دین وەرگەڕاوەکان، ئەوە چ دەکەن لێرە؟ ئەم کەرەستە شەیتانیانەیە چییە؟ شەرم ناکەن؟"

براکان بەترسەوە ڕاست بوونەوە. فرانسیسکۆس بەدەوریاندا سووڕایەوە و ئەو کتێبانەی داخستن کە دەیانخوێندەوە. گوتی:

– "نەفرەتتان لێ بێ ئەی برا لەدین وەرگەڕاوەکان! ئێوە ئەو پەیڤەی مەسیحتان بیرچۆتەوە کە دەڵێ: ستایش و شانازیی وا لە ڕۆحی هەژاردا. خودا ئەمری بەمن کردووە ساکار و نەخوێنەوار بم. ئەو دەستی گرتم و پێی گوتم: (وەرە دەمەوێ بەکورتترین پێپلیکانەدا بەرەو ئاسمانت بنێرم، تۆیش دەستی براکان بگرە، ئەوانیش بەو پێپلیکەیەدا ببە کە پیشانت دەدەم!) ئیدی بەو جۆرە من دەستی ئێوەم گرت، بەڵام ئێوە دەستتان لەنێو دەستمدا دەرهێنا و ئەو ڕێگە پان و پۆڕەتان گرتەبەر کە دەچێتەوە سەر شەیتان. هەستن و هەموو ئەو کتێبانەی سەر تاقەکان داگرن و لەحەوشەکەدا کۆمەڵی کەن، برا لیۆن تۆیش ڕاکە و ئاگرێک بکەرەوە! ئێوەیش هەمووتان بەپەلە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ لای دایکتان، ڕێگەی گەڕانەوە بۆ پۆرتیۆنکولا بگرنەبەر. بەناوی موبارەکی فەرمان جێبەجێکەر، بکەونە ڕێ!"

ئەوجا هەموو کتێب و کاغەز و دەسنووسە کۆنەکانی لەناوەڕاستی حەوشەکەدا

کەڵەکە کرد و منیش بەڕاکردن چووم ئاگر بێنم.

فرانسیسگۆس گوتی: "وەرە پێشێ خوشکە ئاگرمان!"

وای گوت و دانەوێوە، ئاگرەکەی بەژێر کتێب و کاغەزە کەڵەکەکراوەکانەوە نا و خاچی کێشا.

– "بەناوی مەسیح، بەناوی قەدیسی خۆنەویستیی و بەناوی قەدیسی هەژاریی!"

ئەوجا ڕووی کردە ئەو برایانەی کە بۆ خوێندن بۆ بۆلۆگنا هاتبوون.

– "ئێوە چەند کەسن لێرە دەخوێنن؟"

– "حەوت!"

– "من تەنها شەشتان دەبینم، ئەی حەوتەم کوا؟"

– "نەخۆشە و لە هۆدەکەیدا ڕاکشاوە."

– "ئەویش بێنن، بیکەنە کۆڵتان و بڕۆن، من کلیلەکان هەڵدەگرم و دەرگاکان دەکەمەوە!"

کاتێک هەموو شتەکان بەئارەزووی دڵی ئەو بەڕێوەچوون و شەش قوتابییەکە لەگەڵ حەوتەمدا ڕۆیشتن و تەنها تەپۆڵکەیەک خۆڵەمێش لە هەموو ئەو دەسنووس و کاغەزانە مایەوە، فرانسیسکۆس دانەوێوە و خۆڵەمێشەکەی بەهەردوو دەستی هەڵگرت.

– "بنۆڕە برا لیۆن، بیخوێنەرەوە بزانە چ لەم کتێبە نووسراوە؟"

وەڵامیمدایەوە: "برا فرانسیسکۆس نووسراوە، زانستی ئینسان خۆڵەمێشە. بەدەردی ئەو قەشە سەیرە جلک سپییەی کە لە ڕۆما بینیمان و دەیگوت کێنیزا ێ نادا! کێنیزا ێ نادا!"

– "جگە لەوە چ شتێکی تر نا؟ چ شتێکی تری لێنەنووسراوە؟ لێرە لەکۆتایی لاپەڕەی دووەمدا، چیی نووسراوە؟"

نوشتامەوە و وا خۆم نواند کە دەخوێنمەوە: "خوداوەند دانەوێوە و سەیری خوارەوەی کرد و هاواری کرد: (ئاگر، ئاگر، کچی خۆم عەرد بۆگەنی کردووە، بۆگەن بەرەو ئاسمان بەرزدەبێتەوە، دابەزە و بیکەرە خۆڵەمێش!"



فرانسیسکۆس بەترسەوە ڕەتی دامەوە: "نا، نا، وا نەنووسراوە، نەنووسراوە: ئەوێ بکەرە خۆڵەمێش، بەڵکو نووسراوە: ئەوێ پاقژ کەرەوە!"

***

فرانسیسکۆس پەلەی بوو بۆ پۆرتیۆنکولا بگەڕێتەوە. ئاخر وی نیگەران و شتەکانی لە ناوەوەیرا پەنگ پێخواردبوونەوە. پێدەچوو تەقەللا بدا بڕیارێکی گەورە بدا. ڕۆژی دواتر کاتێک ئێمە لە ئەشکەوتێکی نزیک پۆرتیۆنکۆلادا خەبەرمان بۆوە، فرانسیکۆسم بینی لە جێگەکەی ڕاپەڕی.

گوتی: " برا لیۆن، خەونێکم بینیوە، خەونێکی ترسناک، خێرا هەستە!"

– "چ خەونێک برا فرانسیسکۆس؟"

– "شوانەکە ببووە کەسێکی تر، مەڕەکان لە دەشتەکەوە بەرەو لەوەڕگە چڕەکان بەرەو خوار دەبوونەوە، کەفەڵیان گۆشتن ببوو!"

– "برا فرانسیسکۆس تێناگەم!"

– "مەڕەکان لەدەشتەکەوە بەرەو خوار دەبوونەوە، بەڵام برا لیۆن ئێمە نامانەوێ قەڵەو ببین، بەڵکو ئێمە لە چیا دەمێنینەوە و لەسەر بەرد دەلەوەڕێین!"

هەمدیس گوتم: "بمبوورە برا فرانسیسکۆس، هەر تێناگەم!"

– "ئێمە دەبێ سەما بکەین و چەپڵە لێدەین تا خوداوەند کاتی خۆی بەسەیرکردنی ئێمەوە بەرێتە سەر، برا لیۆن قایلیت؟"

قسانی دەکرد و بەپەلە دەڕۆیشت، منیش هانکە هانک بەدوایدا ڕامدەکرد.

کاتێک گەیشتینە پۆرتیۆنکولا، چراکان دادەگیرسێنران. هەموو برایان کۆببوونەوە و ئێلیاس قسانی بۆ دەکردن، ئێمە هەناسەمان لەخۆ بڕی و گوێمان ڕادێرا، دوا قسەیمان دەژنەفت.

پێی دەگوتن: "براکانم، گوتوومە و هەمدیس دەیڵێمەوە: ئیتر فیرقەکەمان منداڵێکی ساوا نییە، بەڵکو گەورە بووە و ئەو جلکە کورتەی منداڵیی نابێ بەبەریی، بەڵکو جلکێکی تازە و گەورەی گەرەکە، جلکێک بەبەری ئینسانێکی گەورە. هەژاریی تەواوەتی باشە بۆ ئەو کاتەی کە دوو سێ برا دێن و ڕێگەمان لەبەردەمدا دەکەنەوە،

بەپای پەتیی دەڕۆن و سواڵی لەتە نانێک دەکەن و تێر دەبن، کوختێکی هاکەزایی سەر و زیادیانە. بەڵام ئێستا، سوپاس بۆ خودا، ئێمە بووینەتە سوپایەکی شەڕکەر، هەژاریی تەواوەتی بۆتە بەربەستی سەر ڕێگەمان، بۆیە ئێمە دەبێ کڵێسا و دەیر ڕۆنێین، ئێمە دەبێ مژدەبەر ڕەوانەی هەموو وڵاتان بکەین، ئێمە دەبێ خواردن بدەینە هەزاران برامان و پۆشتەیان بکەینەوە و پەنایان بدەین. ئاخر چۆناوچۆنیی ئەمە بەهەژاریی تەواوەتیی دەکرێ؟"

دەستی فرانسیسکۆسم گرت، وی هەڵدەلەرزی.

بەئەسپایی پێ یگوتم: "گوێت لێ بوو، برا لیۆن گوێت لێ بوو؟ دەیانەوێ هەژاریی لەماڵەکەی خۆیدا وەدەرنێن!"

چاوانی تاریک ببوون، دەیویست ڕابکاو بکەوێتە قسان، بەڵام من گلیمدایەوە.

– "بێدەنگ برا فرانسیسکۆس، بێدەنگ، ئارامت هەبێ با گوێمان لە هەمووی بێ!"

هەنووکە دەنگی ئێلیاس، گرمەی دەهات.

– "ئەڤینی تەواوەتییش بەربەستێکی ترە، ئەووەڵین براکانمان لە ڕێگەکاندا سەمایان دەکرد و گۆرانییان دەچڕی. منداڵان بەبەرد و توێکڵە لیمۆوە دوایان دەکەوتن، خەڵکی لێیان دەدان، بەڵام ئەمان ئەو دەستەیان ماچ دەکرد کە تێی دەسرەواندن، ئەمەیان ناونابوو ئەڤینی تەواوەتی. بونیادەم دەتوانێ لە منداڵێک بدا، بەڵام هەرگیز دەرەقەتی سوپایەک نایەت، ئەڤینی تەواوەتی دەسەسرێک نییە فرمێسکی پێ بسڕدرێ، بەڵکو دەبێ شمشێرێکی هەڵگرتبێ کە بەوە بەرگریی لەدادوەریی بکا و تاوانباران بکوژێ. دەبێ ئەڤین چەکدار بکرێ. ئێمە لەنێو گەلەگورگدا دەژین، ئێمە نابێ ببینە مەڕ، بەڵکو دەبێ ببینە شێر، مەسیحیش بۆ خۆی شێرێک بوو. برایان ئەمەیە ئەڤینی تەواوەتیی. ساکاریی تەواوەتیی و سافیلکەییش چیتر بەعەمەل نەماون. ئەقڵ گەورەترین دیاریی خودایە بۆ ئینسان، ئەقڵە کە جیامان دەکاتەوە لە ئاژەڵ، هەر بۆیە لەسەرمان پێویستە ئەقڵمان دەوڵەمەندکەین، قوتابخانە ڕۆنێین، لێگەڕێین برایان بخوێنن تا وەک قەشمەرێک خۆمان پیشانی دونیا نەدەین. دڵ شتێکی باشە، ئەویش خەڵاتێکی گەورەی خودایە، بەڵام لاڵە، لاڵەو نایەوێ بدوێ. ئەقڵ پەیڤی خوداوەند وەکو شمشێر بەدەستییەوە





دەگرێ، پەیڤیش براکانم کوڕی خوداوەند، ئێمە نابێ ببینە گاڵتەگێڕی خودا، بەڵکو دەبێ ببینە جەنگاوەری خوداوەند، درەوشاوەترین و بڕندەترین چەکی ئێمەیش پەیڤی خوداوەند. ئێمە هەمووان بۆ برا فرانسیسکۆس دەنوشتێینەوە و دەستی ماچ دەکەین، ئەو تا ئێستا بەباشترین شێوە ئەرکی خۆی ئەنجامداوە، ئەو فیرقەکەمانی گۆشکردووە و خواردنی داوە. هەر لەوکاتەوەی گروپەکەمان منداڵێکی چکۆڵە بووە، هەنووکە ئەو منداڵە گەورە بووە، دادەنەوێتەوە و دەستی بابی ماچ دەکا، خوداحافیزیی لێ دەکا و دەڕوا و ڕێگەی خۆی دەگرێتەبەر. خوداحافیز برا فرانسیسکۆس، وا ئیتر ئێمە دەڕۆین!"

فرانسیسکۆس هەموو جەستەی هەڵدەلەرزی، دەیویست هێرش بەرێ، بەڵام من توند قۆڵیم گرتبوو.

چەند جارێک پێمگوت: "برا فرانسیسکۆس ئارام بگرە، لێگەڕێ با لە قسەکانی بێتەوە، بابزانین دەگاتە کوێ؟"

فرانسیسکۆس لەبەرخۆوە گوتی: " خەونەکە.... خەونەکە... خوداوەندم دەستت ڕایەڵ کە!"

گوێمان لێ بوو برایان چەپڵەیان بۆ ئێلیاس لێ دەدا و بەخۆشحاڵییەوە هاواریان دەکرد. هەڵبەت زۆریان باوەشیان پێداکردووە و ئەوانی تریش دەستیان ماچ کردووە. ئیدی فرانسیسکۆس نەیتوانی لەوە زیاتر ددان بەخۆیدا بگرێ، بەگوڕ ڕایکردە پێشێ و خۆی گەیاندە بەر دەرگاکە و منیش بەدوایدا ڕامکرد.

هەر کە برایان ئەویان بینی، لەجێی خۆیاندا وشک بوون. لە ئێلیاس کشانەوە و ئێلیاس بەخۆی و گۆچانە زلە شوانکارییەکەی دەستییەوە بەتەنێ مایەوە، گۆچانەکەی لەخۆی گەورەتربوو. فرانسیسکۆس بەپێهەڵنوتانەوە چووە پێشێ و لە ئێلیاس نزیک بۆوە.

بەدەنگێکی لەرزۆک گوتی" برا ئێلیاس، ئەم گۆچانە شوانکارییەت لەکوێ دۆزیوەتەوە؟"

ئێلیاس هەوڵی دا بابەتەکە بەلایەکی تردا بەرێ.

گوتی: " برا فرانسیسکۆس، من بۆ برایان دەدوام لە......"

– "گوێم لێت بوو، گوێم لە هەموو شتێک بوو، بەڵام من پرسیاری گۆچانەکەم لێ کردیت، لە کوێ دۆزیوتەتەوە؟"

– "نازانم، دەبێ بڵێم ئەوە موجیزەیەک بوو؟ ئەم بەیانییە برایەک هات کە هەرگیز لەمەوبەر نەمدیبوو، بەڵام برا فرانسیسکۆس زۆر لەتۆ دەچوو، بەرەو ئەو جێگەیە هات کە منی لێ ڕاکشابووم و سەرم نابووە سەر بەردێک و خەریک بوو خەوم لێدەکەوت، ئەو برایە هات و ئەم گۆچانەی لەپاڵما داناو ئیدی دەسوبرد دیارنەما. برا فرانسیسکۆس دەشێ ئەو کەسە تۆ بوبیت؟"

فرانسیسکۆس هاواری کرد و دەستی ڕاوەشاند: "من؟ نەفرەت لەم دەستانەم بێت! برا ئێلیاس منیش عەینەن تۆ ڕاکشابووم و خەریک بوو خەوم لێ دەکەوت..." دەسوبرد گوتی: " نا، نا، من نەبووم، کەسێکی تر بوو، ڕەحمەت لەدەستەکانی بێ!"

کە ئێلیاس بینی فرانسیسکۆس وڕێنە دەکا، بەهاوسۆزییەوە زەردەخەنەی هاتێ. هەندێک لەبرایان بەدزییەوە پێکەنین، گوێم لە دوو برا بوو لە دواوەوە. یەکێکیان گوتی: "شێت بووە!" ئەوی تریان وەڵامی دایەوە: " وسبە، تۆ دەبێ لەبری ئەوە بەزەییت پێیدابێتەوە، فەقیرە...."

هەنووکە بێرناردۆ و پێترۆ و باوکە سیلڤێستێر نزیک بوونەوە. برا بەسالاچووەکان تاویاندایە خۆیان تا دەستی باوکە سیلڤێستێر ماچ کەن. ئێلیاس بێ جووڵە لەگەڵ لایەنگیرانیدا ڕاوەستابوو، لە دوایشییەوە قوتابییەکان بێدەنگ و بێ جووڵە ڕاوەستابوون. فرانسیسکۆس لە یەکەبەیەکەیان نزیک بۆوە و دەستی هەڵبڕیی و دۆعای بۆ کردن. غەمێک لەسەر ڕوخساری نیشتبوو، تەواوێک ڕەنگپەڕیو لێوی خۆی دەگەست تا بەر بەقوڵپی گریانەکەی بگرێ. دوای ئەوەی دۆعای بۆ هەموویان کرد، لەبەرئەوەی شەکەت و دەیشیویست چەند قسەیەک بکا، داوای کرد کورسییەکی بۆ بێنن تا لەسەری دانیشێ. ماسیۆ دەسوبرد چوو کورسییەکی بۆ هێنا و ئەمیش لە ناویدا ڕۆچوو. پاشان دەستی بەڕوخسارییەوە گرت و دانەوێوە و ماوەیەکی درێژ تێپەڕی و هیچی نەگوت. لەبەر ئەوەی من لەنزیکییەوە ڕاوەستابووم، دەمارەکانی لاجانگەیم دەبینی کە هەڵاوسابوون. ئیشارەتێکم بۆ کێدرۆ کرد و چوو پەرداخێک ئاوی بۆ هێنا. فرانسیسکۆس دوو قومی لێدا و ئاهێکی وەبەر هاتەوە.



لەژێر لێوەوە گوتی: "برای ئاو، ڕەحمەتت لێبێ!"

هەموو هێزی خۆی کۆکردەوە، هەستایە سەر پێ و باوەشی کردەوە.

بەهەناسەبڕکێوە کەوتە قسان، بەجۆرێک کە ئێمە بەزەحمەت دەنگیمان دەژنەفت.

– "براکانم، خودا مشتێک دانەوێڵەی بەئەمانەت داپێم و منیش چوومە دەرەوە تا بیوەشێنم، دەستم بۆ ئاسمان هەڵبڕی و لێیپاڕامەوە باران ببارێنێ و ئەویش بارانەکەی باراند. ئەمجارەش دەستم هەڵبڕییەوە و لێی پاڕامەوە خۆر بنێرێ تا ئەوەی چاندوومە گوڵبکا، ئیدی خۆرهەڵات و ئەوەی چاندبووم گوڵی کرد و سەراپای کێڵگەکە سەوز دەچۆوە. دانەویمەوە لە ئەرزەکەم ڕوانی تابزانم ئەوە چ جۆرە دانەوێڵەیەکە کە خودا بەئەمانەت پێیداوم، کە دانەویمەوە، دانەوێڵەی پیرۆز و خەشخاشی لەخۆباییم بینی. بەخۆمگوت ئەوە خواستی خودایە، کێ چوزانێ، گوڵە خەشخاش جوان و سوورە، ئەوانیش خاچێکی ڕەش لەسەر دڵیانە، جوانییەکەی ئەوانیش وەکی خۆراکە بۆ ئینسان، خۆراکێک عەینی دانەوێڵە، لەبەرئەوە ڕەحمەتیش لە خەشخاش بێ! برایانم، ئەی دانەوێڵە و خەشخاشەکان، ئەم ئێوارەیە قسەیەکی خەتەرناک هەیە دەمەوێ پێتان بڵێم، گوێم بۆ ڕادێرن!

پێموایە ئێلیاس ڕاست دەکا. من ئەرکی خۆم بەبێ کەم و زیاد بەجێ هێناوە، ئەرکی سەر شانی من تۆوکردن بوو، تۆوی خۆم کرد. ئەلعان ئیتر دەبێ خەڵکانی تر بێن ئاوی بدەن و بیدوورنەوە و بیگوێزنەوە. من بۆ ئەوە لەدایک نەبووم گەنمەکە بدوورمەوە و قازانجی لێ بکەم، بەڵکو بۆ ئەوە لەدایک بووم عەردەکە بکێڵم و تۆوی کەم و پاشان بەڕێی خۆدا بڕۆم. سوێند دەخۆم من نەمویستووە بەجێتان بێڵم، براکانم من بێ ئەندازە ئێوەم خۆش دەوێ، من بێ ئەندازە بەو برایەتییەمانەوە ڕایەڵم، ئیتر چۆن دەتوانم بەجێتان بێڵم؟ بەڵام دوێنێ شەو پێدەچوو خوداوەند بێت کە هاتبووە خەونم. من ئەوم نەبینی، بەڵکە تەنها دەنگیم دەژنەفت، گوتی:

(فرانسیسکۆس، ئەوەی لەتواناتدا بوو کردت، ئیدی لەوەندە زیاترت لە توانادا نییە، بچۆ بۆ پورتیۆنکولا، برایەک گۆچانێکی شوانکارەیی پێیە کە لە باڵای خۆی درێژترە......"

فرانسیسکۆس لە قسەکردن وەستا، هەموان بەزاری داپچڕاوەوە چاوەڕێی بوون،

ئێلیاس هەنگاوێکی بەرەو لای نا، بەڵام فرانسیسکۆس نیگایەکی تیژی ئاراستەکرد و لەجێی خۆی ڕاوەستا.

هەمدیس فرانسیسکۆس گوتی: "سوێند دەخۆم من هەرگیز بیرم لەو نەکردۆتەوە، خودایە بمبوورە، بەڵام تەهارەتی ئەو دژی ئەو کەسانەیە کە گروپەکەمانیان ڕۆناوە و توندوتۆڵیان کردووە، وی هەرگیز هەژاریی تەواوەتیی، ئەڤینی تەواوەتیی و ساکاریی و سافیلکەیی تەواوەتی ناسەلمێنێ! ئەو وەکو داگیرکەرێک لەدایک بووە و ئەو سیفەتە باشانە لەگەڵ سروشتی ویدا نایەنەوە. من بیرم لە برا بێرناردۆ کردۆتەوە کەبەدوای تەنیاییدا دەگەڕێ، یاخود بیرم لای جەنابی پێیترۆ یاخۆ باوکە سیلڤێستێر بووە، ئەوان ڕانەمەڕەکەی مەسیحیان بەرەو ئەو پشتیرانە، بەرەو ئەرزی قاقڕ، بەرەو بەردە پیرۆزەکان ڕانومایی دەکرد کە شیاوی خۆیانە، بەرەو ئەو تەلانانەیان دەبردن کە هێشتا هەر دەسووتێن و ناکوژێنەوە، ئەو زاتانە دەسبژێری منن. بەڵام خوداوەند، خواستی بەدی بێ، کەسێکی تری هەڵبژارد. کاپتن ئێلیاس نزیکتر مەبەوە. کاتێک کوڵی ئازارم دەنیشێتەوە و غەمی نێو دڵم بەتاڵ دەبێتەوە، ئەوسا خۆم بانگت دەکەم. کاتێک دەستم لەسەر سەرت دادەنێم کە ئیدی لە ڕق و تووڕەییدا نەسووتێ و نەلەرزێ، بەڵکو وەکی ئەڤین سازگار و پاقژ بێ، ئەوسا خۆم بانگت دەکەم!"

دەستی بەنیشانەی خاچ دانا. سەری داگرت. خوێن لەچاوانییەوە دەهاتە خوار و بەسەر گۆنایدا دەڕژا و ڕیش و سمێڵی شەلاڵی خوێن دەبوو. ئازار زۆری بۆ هێنابوو، بەڵام لە حەژمەتا لێوی دەگەست و ددانی بەخۆیدا دەگرت.

لەبەرخۆوە گوتی:"خودایە تێناگەم، بەڵام پرسیار ناکەم. ئاخۆ بۆچی پرسیار بکەم؟ من چ بەرهەڵستییەک نانوێنم. ئاخۆ بۆچی بەرهەڵستیی بنوێنم؟ ڕاوێژکردن بەتۆ هەڵدێرێکە بۆ خۆی، چۆناوچۆنی شۆڕ ببمەوە و هەڵدێرەکە هەڵبسەنگێنم؟ تۆ هەزاران ساڵی ئایندە دەبینی و داوەریی دەکەیت، ئەوەی ئەمڕۆیش مێشکی چکۆڵەی ئینسان بەناعەدالەتیی دادەنێ، دوای هەزاران ساڵی تر دەبێتە تۆوێک بۆ ڕزگاربوونی ئینسان. گەر ئەو شتە بوونی نەبا کە ئەمڕۆ ئێمە ناومان ناوە ناعەدالەتیی، ئەوا ڕەنگە هەرگیز دونیا عەدالەتی بەخۆوە نەبینیبا!"

کە دەدوا، ڕوخساری زیاتر پرشنگی دەدا. وەک بڵێی یەکەمینجار بێ ئەو



خەیالاتەی بۆ بێ و ئیدی دڵی لێوڕێژ دەبوو لە ئارامیی. زەردەخەنەی دەهاتێ، ئەوسا ڕووی کردە ئێلیاس و ئیشارەتێکی بۆ کرد. ئەویش بەگۆچانەکەی دەستییەوە لێی نزیک بۆوە.

بەمیهرەبانیی گوتی: "برا ئێلیاس، بچەمێرەوە، دەمەوێ بەرەکەتت بدەم. بنۆڕە ئەلعان دەستەکانم نالەرزن و وەکی ئەڤین سازگار و پاقژن!"

هەردوو دەستی نایە سەر سەری ئێلیاس.

ئەوجا بەدەنگێکی قووڵ گوتی: "برا ئێلیاس، خودا نهێنییە و درک ناکرێ، وەک گێژەنێک وەهایە، وی بەو تەرزەی پێی خۆش بێ بەخششی خۆی بەسەر خەڵکیدا دابەش دەکا، پێوانەکانی ئەو وەک ئەوانی ئێمە نین، خەیالاتی ئەو بەجۆرێکە کە ئەقڵی ئینسان لە توانایدا نییە نزیکی بێتەوە، گەر یەکێک لێی نزیک بێتەوە ئەوا دەبێتە خۆڵەمێش. گۆچانەکەم بدەرێ!"

ئێلیاس بۆ ساتێک دوودڵ بوو، گۆچانەکەی توند لەنێو دەستیدا گرت و بۆ دواوە ڕایکێشا. بەڵام فرانسیسکۆس دەستی ڕایەڵ کرد.

هەمدیس فەرماندەرانە گوتی: "گۆچانەکەم بدەرێ!"

ئێلیاس سەری نەوی کرد و گۆچانەکەی بۆ ڕایەڵ کرد. فرانسیسکۆس بەهەمان دەنگە قووڵ و هێورەکەی درێژەی بەقسان دا.

– "برا ئێلیاس، خودا ئەمری پێ کردووم و منیش بەگوێی ئەو دەکەم. خوداوەند، گەر بەهەڵە دەنگم تەرجومەکردیت، ئەوا ئیشارەتێکم بدەرێ. ئاسمان ساماڵە، هەورە بروسکەکەت بنێرە و بگرمێنە، دەرگاکە هەپروون بەهەپروونکە، بەر لەوەی دەستم بنێمە سەر سەری و دۆعای بۆ بکەم، دەستم ببڕەوە!"

بێدەنگ بوو. چاوەڕێی کرد، چ شتێک ڕووینەدا. فرانسیسکۆس بەخێرایی دەستی هەڵبڕی و گوتی: "برا ئێلیاس، دەستم دەنێمە سەر سەرت. بچەمێرەوە، بەئەمانەت مەڕەکانمت پێ دەسپێرم، بەرەو لای خوداوەند ڕێنوێنییان کە، بۆ لەوەڕیان ببە بەو تەرزەی خوداوەند نیشانەی لەوەڕگەکانی هەڵداوە، تۆ دەبێ حیساباتەکان مشت و ماڵ کەیت، بۆ من نا، بەڵکو بۆ خوداوەند. من تەنێ دەتوانم دۆعات بۆ بکەم. دۆعای من ببە، گۆچانە شوانکارییەکە ببە، بکەوە ڕێ و ڕێگە پیشانی مەڕەکان بدە!"

خوێن و فرمێسک ئامێتەی یەکدی دەبوون و لەچاوانییەوە هۆن هۆن دەڕژایە خوار. لە یەکە بەیەکەی برایانی نۆڕی. وەک بڵێی خوداحافیزییان لێ بکا، وەک بڵێی بمرێ و ئیدی ماڵئاواییان لێ بکا. بەسەر قۆڵی جبەکەی چاوانی سڕی.

– "براکانم بمبوورن، من نەمدەزانی جیابوونەوەمان ئەوەندە تاڵە بۆیە گریام. خوداحافیز! خەمین مەبن، من لەلاتان ناڕۆم، بەڵکو هەمیشە بەبێدەنگیی و نەبینراو لە تەکتان دام. ئێوە تەنێ دەتوانن شەوانە لەخەونەکانتانا بمبینن. ئێوەیش ئەی سێ خوشکە سەنگینە لەیەکتر جیا نەبووەوەکە، تۆ ئەی هەژاریی پیرۆز، ئەی هاوسەرە پێپەتی و شڕوپڕ پۆش و زگ برسییەکەم، تۆیش ئەی ئەڤینی پیرۆز، تۆ ئەی ئەوەی کە دەسەسڕێک شک نابەیت فرمێسکەکانتی پێ وشک کەیتەوە و شمشێرێکت نییە بکوژیت، بەڵکو وەک مەریەم خودوەندت وەک مناڵێکی چکۆڵە لەباوەش گرتووە. تۆیش ئەی ساکاریی پیرۆز، ئەی ئەوەی کە دەم بەخەندە وەڵامی هەموو پرسیارەکان دەدەیتەوە و دەڵێیت: (نازانم، نازانم...) کەچی وەکی ئەوە وایە هەموو شتێک بزانیت. لێتان دەپاڕێمەوە دەس لەبرایان بەر مەدەن، لە تەکیاندا بڕۆن، وەک سەگی پاسەمەڕ بەسەر ڕەوەکەوە بێدار بن و مەهێڵن چ مەڕێک بزر بێ!"

فرانسیسکۆس بێدەنگ بوو، بەڵام هێشتا دڵی ئاوی نەخواردبۆوە. هەمدیس لە هەمووانی ڕوانییەوە و زەردەخەنەی هاتێ.

– "گەر بڕیاربێ شێوەی تەیرێک بکەینە مۆری گروپەکەمان، مناڵەکانم ئێوە کام تەیر هەڵدەبژێرن؟ نە هەڵۆ برا ئێلیاس، نە تاووس برا کاپیللۆ، نە بولبول برا ئیرێنۆ، کۆترە شینکەی شەرمنیش نا برا بێرناردۆ، تەیرەلحوبیش نا برا لیۆنۆ، بەڵکو کڵاوکوڕە!"

ئەوجا دەم بەخەندە کەوتە هۆنینەوەی سوپاسگوزارییەک بۆ کڵاوکوڕە:

– "برا کڵاوکوڕە کڵاوێکی لەسەردایە وەکی ئەوەی ئێمە، ڕەنگی باڵی لەڕەنگی جبەکەی ئێمە، لەهەمان ڕەنگی ئەرزە، ساکار و هەژارانەیە وەک جلکەکانمان، کڵاوکوڕە لە پەلکێکەوە بۆ پەلکێکی تر دەفڕێ و دادەبەزێتە ڕێگەکان بۆ ئەوەی دەنکە جۆیەک بدۆزێتەوە و بیخوا. بەیانیانیش، هەموو بەیانییەکیش بەگۆرانیی چڕینەوە بەرەو ئاسمان هەڵدەگژێ و مەست بەڕووناکیی، دیارنامێنێ. ئیتر بینینی وی



لەهێزی چاواندا نامێنێ، پاشان لە ناکاوێکڕا وەک دەنکە خۆڵێک دەکەوێتە سەر ئەرز. برا کڵاوکوڕە بەیانیان نوێژی خۆی دەکا، بەرەو لای خوداوەند دەچێ و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ سەر عەرد!"

ئێلیاس دەستی هەڵبڕیی و ئیشارەتێکی کرد کە دەیەوێ بدوێ.

– "برا فرانسیسکۆس، ئەوەی تۆ دەکا، هەر هەمان وەخت ئەوە دەدوورێتەوە کە چاندوویەتی، چونکە پێشوەخت تامی بەری ئەو شتە دەکا کە دەیچێنێ. برا فرانسیسکۆس تۆ بەختەوەریت لەبەرئەوەی بەتەواوی ئەو ئەرکەت بەجێ هێناوە کە خودا پێی سپاردوویت، واتە ئەرکی تۆوکردن، وا هەنووکەش ئارام و ئاسوودە گۆچانە درێژەکە بەدەستێکی تر دەسپێریت، برا فرانسیسکۆس ئیدی کاتێک خۆت پیشانی خوداوەند دەدەیت، باوەشت تەژییە بەگوڵەگەنم. وامنیش گۆچانەکە هەڵدەبڕم و سوێند دەخۆم: ئەو ڕێگەیەی تۆ کردتەوە و سێ چوار برای پێدا ڕۆیشتن، بەڵێن بێ بیکەمە ڕێگەیەکی پان و بەرینی وا کە هەزاران کەسی پێدا بڕۆن. بەڵێن بێ ئەو چاکەخوازییانەی تۆ کردتە بنەما، فراوانی بکەم و بیکەمە مایەی بەختەوەریی نەک هەر بەتەنها بۆ سێ چوار برا، بەڵکو بۆ هەزارەها. بەڵێن بێ ئەم پۆرتیۆنکولا گچکەیە بکەمە قەڵا و کۆشکی خوداوەند، سوێند دەخۆم!"

وای گوت و پاشان ئەمری کرد دوو کورسیی بێنن و لەبەر ئاگردانەکەدا داینێن. دەستی فرانسیسکۆسی گرت و لەسەر کورسییەکیان داینیشاند و خۆیشی لەپاڵیدا لەسەر کورسییەکەی تریان دانیشت. برایان یەکە یەکە هاتن و پاشان قوتابییەکان هاتن و دەستیان ماچ کردن. ڕوخساری فرانسیسکۆس وشک و خەمین بوو، ڕوخساری ئێلیاسیش پرشنگی دەدا بەسەرکەوتن. هێزو دەسەڵات بەهەنگاوی خێرا بەسەر لێوو برۆ و چەناگە پتەوەکەیدا پیاسەی دەکرد.

***

## نۆ

ڕۆژی دواتر فرانسیسکۆس ڕووەو پورتیۆنکولا دانەوییەوە و بەر دەرگاکەی ماچ کرد، پاشان دەستی گێڕا و قۆڵی گرتم.

گوتی: "برا لیۆنی بەستەزمان، وەرە با بڕۆین، وەدەریاننایین!"

ڕۆیشت و بەڕێگەوە هەڵدەنوتا. من دەستیم گرتبوو تا خۆی نەدا لە درەختێک. گەیشتینە ئەو کوختەی کە بەدەستی خۆی لە دارستانەکەدا لەپەلکی وشکی درەختان ڕۆینابوو. لەسەر ئەرزەکە دانیشت، تەماشایەکی چواردەوری خۆیکرد و هاوارێکی کرد.

– "برا لیۆن دونیا زۆر تاریک بووە. بڵێی تەواو کوێر بووبم؟ برا لیۆن هیچ نابینم، هیچ!"

وەڵامیمدایەوە: "باوکە سیلڤێستێر بانگ دەکەم، بیستوومە کە داو و دەرمانی زۆر بەڵەدە و دەتوانێ ئازاری چاویش دەرمانکا."

– "نا، نا برا لیۆن، لێمگەڕێ با هەر وابم، ئاوهاش لە تاریکیدا باشم. ڕاستە دونیا نابینم، بەڵام باشتر ئەو کەسە دەبینم کە دونیای خوڵقاندووە."

بێدەنگ بوو. تا دەهات ئازاری زیاتر و زیاتر دەبوو. بۆ ئەوەی ئازارەکەی بۆ ساتێک بیر خۆی بەرێتەوە، خەیاڵی بەلای شتێکی تردا برد.

–" برا لیۆن وەرە ئێرە، ناتوانم زۆر بەدەنگی بەرز بدوێم. ئەرێ خوشکە کلارا چۆنە؟ ماوەیەکی زۆرە خەبەرم لێی نییە، بەڵام هەڵبەت خوداوەند لەیادی نەکردووە. پێم بڵێ وەزعی چۆنە؟"

– "برا فرانسیسکۆس کلارا هەمان ئەو شتەی کردووە کە تۆ ئەمرت پێی کردووە. چووە بۆ دەیرەکەی کڵێسای قەدیس دامیانۆ و لەوێ وەک زاهیدێک دەژی. خانمانی ئاسیزیی بەوەیان زانیوە و هاتوون ڕاوێژیان پێکردووە و سوژدەیان بۆ بردووە.



زۆربەیان حەزیان نەکردووە بۆ ماڵەوە بگەڕێنەوە و ئەو تەرزە ژیانەیان بەدڵ چووە. پێش هەموویان خوشکە ئاگنێس چووە، ئەو چۆتە دەیرەکەیشەوە و پرچی بڕیوە و ڕووپۆشی ڕاهیبانی پۆشیوە. ئیتر کیژە شوونەکردووەکان و دوو ژنی بەمێردیش چوون. کلارا وەک دڵۆپە هەنگوینێک لە هەموو لایەکەوە مێشهەنگی لێ کۆبۆتەوە. سەروەت و سامانەکانیان بەسەر هەژاراندا دابەش کردوون، خوداحافیزییان لەژاوەژاوی دونیا کردووە و چوونەتە ئەوێ تا لە کڵێساکەی قەدیس دامیانۆدا بەدوای ئارامیی خودادا بگەڕێن."

فرانسیسکۆس گوتی:"خودا دەستی یارمەتیی ڕایەڵ کا. هەر بەتەنێ ئەو لەتوانایدایە ژن، ئەو ئاژەڵە کێوییە ماڵیی کا!"

– "برا فرانسیسکۆس مەترسە، کلارا هەنگاو بەهەنگاو شوێنپێت هەڵدەگرێ، هامشۆی گەڕەکان دەکا و دەیانشوا و خواردنیان بەدەمەوە دەکا، ئەویش وەکو تۆ خۆڵەمێش دەکاتە خواردنەوە تا نەبا خواردنەکە تامی هەبێ و جەستەی شادومان کا. بەدرێژایی شەو بێدارە و هەر خەریکی عیبادەتە. جەستەشی پیر بووە، گۆناکانی چرچ و لۆچ بوون، چاوانی بەهۆی گریانی زۆرەوە تاریک داهاتوون، ئیدی ئەو لە خۆئامادەکردندایە بۆ دەرکەوتن لەبەردەمی خوداوەندا. لەنێو برایاندا باوکە سیلڤێستێر تاقە کەسێکە ناوبەناو سەردانی دەیرەکەی کلارا دەکا تا بزانێ لەوێ چ دەگوزەرێ، خۆ گەر خوشکێک بیەوێ ددان بەگوناهەکانیدا بنێ، ئەوا ئەو گوێی بۆ ڕادەدێرێ."

بۆ ساتێک بێدەنگ بووم، بەڵام دواجار بڕیاری خۆم دا.

– "برا فرانسیسکۆس بەئیجازەی تۆ دەخوازم قسەیەک بکەم. ژیان لە دەیرەکەی قەدیس دامیانۆ، بەتەقواترە لە ژیان لە پورتیۆنکولا. لەبەر ئەوەی خوشکە کلارا جڵەوی هەموو شتێکی گرتووە، کەچی تۆیش تەسلیمی کێت کرد؟ تەسلیمی برا ئێلیاس!"

فرانسیسکۆس بەناڕەزایەتییەوە گوتی: "من نا، من نا، بەڵکو خوداوەند، من بەقسەی ئەوم کرد، ئەو ئەمری پێکردم!"

سەرم ڕاوەشاند.

–" برا فرانسیسکۆس، خۆت باش دەزانیت، شەیتانیش لاسایی دەنگی خوداوەند

دەکاتەوە تا خەڵکیی بکا بەتەڵەکەیەوە!"

فرانسیسکۆس ڕاچڵەکی.

–" وسبە! تۆ دڵت هەلا هەلا کردم. گەر ئەوە دەنگی خوداوەند نەبووبێ، ئەوا مانای وایە شکستم هێناوە!"

هەمدیس چاوانی ئاویان پێدا دەهاتە خوارەوە و ئازار زۆری بۆ دەهێنایەوە. بەزەییم پێیدا هاتەوە و لەئامێزم گرت.

–" بمبوورە برا فرانسیسکۆس، نا، نا، ئەوە دەنگی خوداوەند بووە. مەگری!"

هیچی نەگوت. دەستی نایە سەر چاوانی و لە حەژمەت ئازار دەینالاند.

بەدرێژایی شەو چاوانی لێکنەنا، بۆ ئەوەی بێدار نەبمەوە، چووە دەرێ و لەوێ دەینالاند، بەڵام چۆناوچۆنیی نووستبام؟ کە دەنگی نالاندنەکەیم دەژنەفت سوێ دەچووە دڵمەوە. تاریک و ڕوون بەدوای باوکە سیلڤێستێردا چووم.

گوتی: "برۆ و ئاگرێک بکەوە. منیش بەشیشی ئاسنەوە دێمەوە و ئیدی خوداوەند یارمەتیمان بدا!"

کە گەڕامەوە بینیم فرانسیسکۆس دانیشتبوو لەبەر دەرگاکەدا و وەک ئاکاری خۆی سەری بەسەر ئەژنۆیدا شۆڕکردبۆوە و قۆڵ و قاچی لێک ئالاندبوو، نوستبوو. لەسەر نووکی پێ چوومە کوختەکەوە و ئاگرێکم کردەوە، پاشان ڕۆیشتم لەپاڵیدا دانیشتم و چاوەڕێی باوکە سیلڤێستێر بووم. ناوبەناو فرانسیسکۆس هەناسەیەکی هەڵدەکێشا، هەڵبەت هەنووکە خەونی دەبینی. ئەژنۆی دەلەرزی و سەریشی زیاتر و زیاتر ڕۆدەچوو بەنێو ئەژنۆکانیدا و خەریک بوو لە عەردەکەی دەدا.

لەنێو درەختەکانەوە، دەنگی تەپەی پێی باوکە سیلڤێستێر هاتە گوێ. فرانسیسکۆس ڕاچڵەکی و خەبەری بۆوە، دەستی گێڕاو دۆزیمییەوە.

– "برا لیۆن ئەوە تۆیت؟"

– "بەڵێ برا فرانسیسکۆس، ئارامبە، ئەوە بۆچی دەلەرزیت؟"

– "برا لیۆن کڕنۆش ببە و تۆیش برا مردن بانگ کە تا بێت، ئاخر چیتر حەوسەڵەم نەماوە."

کاتێک فرانسیسکۆس دەدوا، باوکە سیلڤێستێر گەیشت و شیشێکی درێژی بەدەستەوە بوو.



فرانسیسکۆس بەشپرزەییەوە گوتی: "ئەوە کێیە؟"

– "برا فرانسیسکۆس منم، باوکە سیلڤێستێرم، هاتووم تا بەیارمەتیی خودا چاوانت تیمارکەم و ئازار بەرۆکت بەردا و ئیدی بپەرژێیتە سەر عیبادەت."

فرانسیسکۆس لەسەر پشت لەسەر عەردەکە ڕاکشاو بەهەناسە هەڵکێشانەوە گوتی: "باوکە سیلڤێستێر ئازاریش بۆ خۆی عیبادەتە، ئازاریش جۆرێکە لەعیبادەت......"

باوکە سیلڤێستێر خاچی کێشا. شیشە ئاسنەکەی ڕۆبردە ئاگرەکەوە، لێگەڕا تا تەواو سوور هەڵگەڕا، پاشان لەنێو ئاگرەکەی دەرهێنا و لە فرانسیسکۆسی نزیکخستەوە. فرانسیسکۆس هەستی بەسێبەری برا سیلڤێستێر و شیشە سوورەوەبووەکەی بەسەر خۆیەوە دەکرد، دەستی ڕایەڵ کرد.

بەپاڕانەوەوە گوتی: "ئەی شیشی سوورەوە بووی برا، داوات لێ دەکەم زۆر ئازارم مەدە، ئاخر من جەستەم، ئاسن نیم، بەرگە ناگرم!"

باوکە سیلڤێستێر گوتی: "برا فرانسیسکۆس لەخودا بپاڕێرەوە ئازایەتیت بداتەبەر، ددانت توند لەسەر یەک جووتکە و لێمەگەڕێ ڕۆحت دەرچێ، ئاخر ئەمە ئازاری زۆرە!"

بەرلەوەی فرانسیسکۆس بەوەدا ڕابگا هاواری خودا بکا، باوکە سیلڤێستێر شیشە سوورەوەبووەکەی لەلاجانگەی نزیک خستەوە. فرانسیسکۆس هاوارێکی جەرگبڕی کرد و ئیدی بوورایەوە. ئاومان بەڕوخساریدا کرد، بەرزمان کردەوە، هەڵمانگرت و لەسەر حەسیرەکەی ڕامانکشاند. هەموو جەستەی هەڵدەلەرزی، خۆی گرمۆڵە دەکرد و بانگی برا مردنی دەکرد بێت و ڕزگاری کا.

باوکە سیلڤێستێر لەسەر ئەژنۆ لەلایەوە دانیشت، منیش لەسەر ئەرزەکە کەوتبووم، دوعام دەکرد و دەگریام.

کاتێک فرانسیسکۆس هاتەوە سەر خۆی و سەری هەڵبڕی، من لەرز دایگرتم. دوو برینی قووڵ کەوتبوونە لاجانگەکانی و چاوانیشی دەتگوت دوو کانیاوی خوێنن. دەستی ڕایەڵ کرد و بەنائومێدییەوە قۆڵی گرتم.

بەهەناسەبڕکێوە، لەبەرخۆیەوە گوتی: "برا لیۆن پێم بڵێ خودا بەڕوحمە، ئەگینا

ئەقڵم تێکدەچێ. پێمبڵێ خودا بەڕوحمە تا ئازایەتیم بێتە بەر، ئاخر لەوە زیاتر بەرگە ناگرم!"

وەڵامیمدایەوە: "بیر لە مەسیح بکەوە لەکاتی لەخاچداندا، ئەو بزمارانە بێنەرە یادت کە بەدەست و پێیدا داکوتران، ئەو خوێنە بێنەرە یادت کە بەجەستەیدا چۆڕاوگەی بەست!"

فرانسیسکۆس سەری ڕاوەشاند.

– "ئاخر ئەو پێغەمبەر بوو، ئەو پێغەمبەر بوو، بەڵام من وردە خۆڵم!"

هەستا و لەسەر حەسیرەکە دانیشت. سەری بەنێو ئەژنۆکانیدا شۆڕکردەوە و بەدرێژایی ئەو ڕۆژە چ قسەیەکی تری نەکرد.

دەمەو ئێوارە، بەپەلە چووم بۆ پۆرتیۆنکولا تا داوای کولێرەیەک لە برایان بکەم.

هەوای ئێوارە وەک بڵێیسە شەپۆلی دەدا. ئەوە خۆر نەبوو، بەڵکو پشکۆیەکی هەڵایساو بوو کە لەودیو درەختەکانەوە خلۆر دەبۆوە و ئاگری لە دار و بەرد بەردەدا. لە دوورەوە قەڵاکەی ئاسیزیی بڵێسەیدەدا. ڕام دەکرد و لە ناکاوێکڕا ترسێکی سەیر لەخۆوەی دەپێچام، پێدەچوو ئەو خۆرە و درەختە هەڵایساوەکان و دڵی من ئاگریان گرتبێ و منیش ڕابکەم تا نەبمە خۆڵەمێش. کە لە پۆرتیۆنکولا چوومە دەرەوە، هێور بوومەوە. هەنووکە لانکەی ئازیزی برایەتییە بێ باوکەکەمانم بینییەوە، ساتە خۆش و بەچێژەکانی ئەو ماڵەم هاتنەوە بیر، عیبادەتە پڕ لە تەقواکانمان، قسەوباسە پڕ لەتەقواکانمان، ژەمە خواردنە پڕ لەتەقواکانمان کە بەنانێکی وشک تێر دەبووین، فرانسیسکۆسیش وەکی خۆر، میهرەبان لەناوماندا پرشنگی دەدا. بۆ ساتێک ڕاوەستام تا هەناسەیەک وەربگرم. گوێم ڕادێرا. برایان پێدەکەنین و یەکێکیش لەنێوانیاندا لاسایی فرانسیسکۆسی دەکردەوە و ئەوانی تریش لە قاقای پێکەنینیان دەدا. لە دەروازەکە چوومە ژوورێ و برایان منیان بینی و بێدەنگ بوون. برا بەساڵاچووەکان لەوێ نەبوون و برا تازەکانیش لەسەر ئەرزەکە دانیشتبوون و نانیان دەخوارد.

یەکێکیان پرسی: "پیاوە هەژارە داماوەکەمان لەچیدایە؟ ئاخۆ ئیتر لە سەما و گۆرانی چڕین کەوتووە؟"



یەکێکی تریان گوتی: "لێرەوە دەنگی هاوارەکەی هاتە گوێ. دەڵێن باوکە سیلڤێستێر چووە بۆ ئەوێ تا چاوانی تیمارکا!"

من چ وەڵامم نەدانەوە. ئێشێک ڕۆچووە دڵمەوە و مارێکی ژەهراوی لە ناوەوەمڕا فیشکاندی. گەر زارم هەڵێنابایەوە، ئەوا دەبوو بکەوتمایە جنێودان و کوفرکردن، بەڵام لەخودا ترسام و بێدەنگ بووم. ئەو کولێرەیەم هەڵگرت کە یەکێکیان بۆی هەڵدام و پاشان ڕێگەی گەڕانەوەم گرتە بەر.

***

تا فرانسیسکۆس نەخۆش بوو، نەمانتوانی لەشوێنی خۆمان بجووڵێین. هەموو بەیانییەک باوکە سیلڤێستێر دەهات و سەردانی فرانسیسکۆسی دەکرد. بەیانییەکیان وی پەیامێکی پێبوو لە کڵێسای قەدیس دامیانۆوە.

گوتی: "برا فرانسیسکۆس، خوشکە کلارا دەستت ماچ دەکا و داوات لێدەکا سەردانی بکەیت. خوشکە کلارا دەڵێ تا ئێستا تۆ نەچوویت بۆ دەیرەکەیان تا بەرەکەتیان بدەیت و تا ئێستا خوشکان پەیڤێکی تەسەللا بەخشیان لێ نەبیستوویت. دەڵێ ئاخر ئەوان ژنن و بۆ ئەوەی بچنە ئامێزی خوداوەند گەرەکیان بەتەسەللادانەوە و یارمەتیی هەیە. خوشکە کلارا بەمندا پەیامی ئەوەی بۆ ناردوویت کە ئەو خزمەتەیان بکەیت و بچیت بۆ دەیرەکەی قەدیس دامیانۆ تا بتبینن و گوێت بۆ ڕادێرن و سەبوورییان بێتەوە."

فرانسیسکۆس سەری ڕاوەشاند.

– "برا سیلڤێستێر تۆ چ دەڵێی؟ بڕۆم؟"

– "بەڵێ برا فرانسیسکۆس بڕۆ. ئەوانە ژنن و ڕوحمیان پێ بکە!"

– "باوکە سیلڤێستێر هەمدیس بەمەسەل بۆت دەدوێم، تۆیش گوێ ڕادێرە برا لیۆن، ئای خۆزیا برایانیش هەموویان لێرەبان و گوێیان ڕادێرابا! ڕۆژێکیان ئەسقەفێک لەدەیرێکدا قەشەیەکی وەدەرنا لەبەرئەوەی دەستی لەدەستی ژنێکەوە دابوو. قەشە گوتی: (بەڵام باوکە ئەو ژنێکی ئیماندار بووە و دەستیشی پاقژ.) ئەسقەف وەڵامی دایەوە: باران پاقژە، ئەرزیش پاقژە، بەڵام کاتێک یەکانگیر دەبن، دەبنە قوڕ و زەلکاو، کاتێک دەستی ژن و پیاویش بەریەک دەکەون هەمان شت ڕوودەدا!"

– "برا فرانسیسکۆس ئەم قسانەت قورسن، بۆ ژنان قورسن!"

گوتم: "ئەم قسانە بۆ پیاو قورسترن!" وام گوت و بەترسەوە هەموو ئەو کیژانەم هاتنەوە یاد کە هەزاران جار پەرۆش بووم دەست لە دەستیانەوە بدەم.

باوکە سیلڤێستێر گوتی: "بیر لە مەریەمی پاقیژە بکەوە!"

فرانسیسکۆس گوتی: "چ کەسێک دەستی لەدەستی مەریەمی پاقیژەوە نەداوە، تەنانەت (یوسف) یش." پاشان خاچی کێشاو گوتی: "تۆیش حەوات لەیاد نەچێ!"

– "ئەدی من چیی وەڵامی خوشکە کلارا بدەمەوە؟ هەنووکە هەڵبەت لەبەر دەروازەی دەیرەکەی قەدیس دامیانۆدا ڕاوەستاوە و چاوەڕێ دەکا، چی پێ بڵێم؟"

– "پێی بڵێ هەر کاتێک ڕێگەی نێوان پورتیۆنکولا و دەیرەکەی قەدیس دامیانۆ بەگوڵی سپیی پۆشرا، ئەوکات دەچم!"

– "ئاخر کەنگێ؟"

– "باوکە سیلڤێستێر، (هەرگیز) و (هەمیشە) دوو وشەن تەنێ بەزاری خودا دەپەیڤرێن. دەشێ هەر ئەو کاتەی ئێمە دەئاخڤین ڕێگەکەی بەگوڵی سپیی پۆشاندبێ. برا لیۆن وەرە و با تەماشا بکەین!"هەستامە سەرپێ. دڵم بەتوندی کەوتە تەپەتەپ. باوکە سیلڤێستێر سەری ڕادەوەشاند و باوەڕی نەدەکرد. بەپەلە چوومە دەرێ، ڕێگەی دارستانەکەم گرتەبەر. هێشتا بەیانی بوو، دونیا سارد وەکی ئەوەی بەفر بارییێ، دڵەکوتێیەکی وا گرتمی کە خەریک بوو دڵم بەرەو گەرووم هەڵگژێ. ئاخر من دڵنیابووم و مەزەندەی موجیزەیەکم دەکرد. کاتێک فرانسیسکۆس لای بۆ کردمەوە و گوتی: (برا لیۆن پێ هەڵگرە و بزانە!) کە وای گوت، ڕوخسارە خوێناوییەکەی پرشنگی دا و ڕێگەکە لە زەینمدا تەژی لە گوڵی سپیی بوو.

ڕام کرد و گەیشتمە جاددە گشتییەکە و هاوارم کرد. تا چاوبڕکا ڕێگەکە، پەرژینەکان، ئەرزو بەردەکان پۆشراون بەگوڵی سپیی. خۆم بەئەرزەکەدا دا و لە خودا پاڕامەوە، ئەوجا چەپکێک گوڵم چنیی و بەپەلە بۆ کوختەکە گەڕامەوە. لەبەر دەرگاکە لە خۆشحاڵیدا هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژت و ئەوجا خۆم بەژووردا کرد.

هاوارم کرد: "برا فرانسیسکۆس، ڕێگەکە پۆشراوە بەگوڵی سپیی، بنۆڕە چەپکێ لەو گوڵانەم چنیوە!"



برا سیلڤێستێر کەوت بەسەر پێی فرانسیسکۆسدا و ماچی کرد.

– "بمبوورە برا فرانسیسکۆس سەرم ڕاوەشاند، ئاخر باوەڕم نەدەکرد!"

فرانسیسکۆس چەپکە گوڵەکەی هەڵگرت و خستییە سەر پێڵووە خوێناوییەکەی و برینەکانی.

لەبەرخۆیەوە گوتی: "باوکە... باوکە..." وای گوت و گوڵەکانی ماچ کردن و گریا.

ئەوسا ڕووی کردە ئێمە.

– "ئەنگۆ بۆچیی سەرتان سوڕما؟ هەموو شتێک موجیزەیە. ئەدی ئەو ئاوە چییە دەیخۆینەوە؟ ئەو عەردە چییە پێی پێدا دەنێین؟ ئەدی شەو چییە کە هەموو ئێوارانێک بەئەستێرەکانییەوە وەدیاردەکەوێ؟ ئەی خۆرو مانگ چین؟ ئەوانە هەمووویان موجیزەن. ئێوە لەگەڵایەکی هاکەزایی بنۆڕن، لەبەر ڕووناکییدا تەماشای کەن و بزانن ئەوە چ موجیزەیەکە! وێنەی لەخاچدراوی لەسەر دەبینن. هەڵی گێڕنەوە و بەدیوەکەی تردا تەماشای کەن، وێنەی قیامەت دەبینن! ئیدی ئەوە گەڵا نییە، ئیدی ئەوە گەڵایەک نییە بەدرەختێکەوە، بەڵکو ئەوە دڵی خۆمانە!"

باوکە سیلڤێستێر دەستی فرانسیسکۆسی ماچ کرد.

– "برا فرانسیسکۆس، من چاوەڕوانی ئاماژەیەک بووم لە خوداوەوەند، ئەوا ئەو ئاماژەیەی دا و ڕێگەکە بەگوڵ پۆشرا. بچم بۆ دەیرەکەی خوشکە کلاراو پێی بڵێم دێیت؟"

– "پێی بڵێ دێم. پێی بڵێ خۆم حەز ناکەم، خۆم نامەوێ بچم، بەڵکو خوداوەند ئەمرم پێ دەکا. ئەم گوڵانەی ئاسمانیشی بدەرێ، لەبەر ئەوەی بەر ئەرز کەوتوون خوێناویی بوون!"

وای گوت و گوڵە خوێناوییەکانی نێو دەستی بۆ باوکە سیلڤێستێر ڕایەڵ کرد.

***

باوکە سیلڤێستێر ڕۆیشت. من کەوتمە سەرچۆک و ئاگرم کردەوە، ئاوم گەرم کرد، دەم و چاوی فرانسیسکۆسم شت، دەست و پێوپلیم وشک کردنەوە، بەپەنجەکانم قژیم بۆ داهێنا. لە منداڵێکی گچکە دەچوو کە بەباسکی کراوەوە ڕێگە دەدا بگۆڕدرێ و قژی داهێنرێ. پاشان دەستم نایە ژێر هەردوو باڵی و هەڵمساند، بەڵام ئەژنۆکانی سڕ بوون و نەیدەتوانی ڕێک بەپێوە خۆی ڕاگرێ.

بەنائومێدییەوە گوتم: "برا فرانسیسکۆس، چۆن بتوانین بڕۆین؟ ئاخر ئەژنۆت لەژێرتا دەنووشتێتەوە و قاچت لەدووت نایەت!"

وەڵامی دامەوە: "لە ئەژنۆم مەنۆڕە برا لیۆن، بەڵکو لە ڕۆحم بنۆڕە. ڕۆحم لەژێرما نانوشتێتەوە، دەی با ئێستا بڕۆین!"

لێوی گەست و هەموو هێزی دایە بەرخۆی، لە کوختەکە چووینە دەرێ و ملی ڕێگەمان گرتەبەر.

بەدەم ڕێگەوە گوتی: "برا لیۆن، ڕۆحی ئینسان، چەند جار پێت بڵێم ڕۆحی ئینسان پریشکی خوداوەند، واتە لە هەموو شتێک بەهێزترە. بەڵام ئێمە درک بەوە ناکەین و دەیترنجێنینە نێو گۆشت و جەستەمانەوە، ئای خۆزیا ڕزگار دەکرا!"

پاش تاوێک لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

– "تۆ پێتوایە ناتوانم بڕۆم؟ تۆ پێتوایە ڕۆحم ناتوانێ جەستەم هەڵگرێ؟ دە فەرموو ببینە!" وای گوت و ئەوجا بەهەنگاوی دڵنیا کەوتە ڕۆیشتن.

کاتێ گەیشتینە سەر ڕێگە گشتییەکە، تەماشامان کرد گوڵەکان نەمابوون، وەکی ئەوەی شەختەی زستان بووبێتن و بەخۆر توابێتنەوە. فرانسیسکۆس خاچی کێشا.

گوتی: "ئەمەش هەر موجیزەیە. گوڵەکان بەپەیامەوە لە ئاسمانەوە دابەزین و پاشان هەمدیس بۆ ئاسمان گەڕانەوە، ئاخر حەزیان نەکرد پێی ئینسان بیانشێلێت!"

وای گوت و بەبێدەنگیی بەقەراخیی جاددەکەدا بەرەو دەیرەکەی قەدیس دامیانۆ کەوتە هەنگاونان.

خوشکە کلارا و دوو خوشکی تر کە لەدوایەوە بوون بۆ بەخێرهێنانی لە دەیرەکە هاتبوونە دەرەوە. کە بینی وا فرانسیسکۆس دەگا، ڕاوەستا و دەستی بەنیشانەی خاچ دانا، سەری داگرت و چاوەڕێی کرد. کاتێک تەپەی پێی وی ژنەفت، سەری هەڵبڕی و ڕوخساری سوور هەڵگەڕا.

فرانسیسکۆس دەستی سڵاوی بەرزکردەوە تا بەرەکەتی بدا.

گوتی: "خودا ئاگای لێتان بێ خوشکە کلارا، خودا ئاگای لێتان بێ خوشکەکانم."

کلارا گوتی: "باوکە فرانسیسکۆس بەخێربێیت بۆ لامان، ئێمە هەزار ساڵە





چاوەڕێت دەکەین!"

وای گوت و دانەوێوە و پێی ماچ کرد.

فرانسیسکۆس وەڵامی دایەوە: "خوشکە کلارا گلەیی مەکە، من بەردەوام بەباوکە سیلڤێستێردا پەیامم بۆ ناردوون."

کلارا هەمدیس کەوتەوە بەسەر پێیدا و ڕوخسەتی لێ وەرگرت بدوێ.

–" باوکە فرانسیسکۆس، ئێمە هەواڵی تۆمان دەزانی، (با) وشەکانتی لە دوورەوە دەهێنان و ئیدی دیارنەدەمان. ئاخر ئێمە ژنین، تا ئەو لێوانە نەبینین کە دەجووڵێنەوە و دوعامان بۆ دەکەن و سەرمان هەست بەو دەستانە نەکا کە بەرەکەتمان دەدەن، هێور نابینەوە. من گوتم ئێمە ژنین، برا فرانسیسکۆس گەر تۆ نەیەیت و قسانمان بۆ نەکەیت و دڵمان نەدەیتەوە ئەوا زایە دەبین!"

هەردووکیان کەوتنە قسان، ئەوان لە پێشەوە دەڕۆیشتن و ئێمەیش لەدوایانەوە. کاتێک فرانسیسکۆس گەیشتە بەر دەروازەی دەیرەکە سەری سوڕما. خودایە ئەو باخچە چکۆڵەیە چ بوو؟ وەکی بەهەشت خۆی دەنواند! چ بۆنێک لە گوڵەباخ و گوڵە سۆسەنەکانەوە دەهات!

– "خوشکە کلارا چیتان لە باخچەکەدا ڕواندووە؟ من نابینم!"

– "گوڵەباخ و گوڵە سۆسەن باوکە فرانسیسکۆس، پاییزانیش باخچەکە پڕ دەبێ لەگوڵە وەنەوشە. ئیتر هیچیتر نا."

فرانسیسکۆس دەستی ڕایەڵ کرد و دۆعای بۆ باخچەکە کرد.

– "ئەی باخچەی برام، خوشکەکانم گوڵەباخ و گوڵە سۆسەن، من گەلێک خۆشحاڵم بەبینینتان! بەبەخشندەیی خودا لەڕۆژی ئاخیرەتدا بۆ ئاسمان هەڵدەگژێن و لەگەڵ خوشکە کلارادا دەچنە بەهەشت!"

چووە ژوورەوە، دیوارەکان بەگەچ سواخدراو، وێنەی مەریەمی پاقیژەی پێدا هەڵواسرابوو کە کوڕەکەی توند نوساندبوو بەسینگی خۆیەوە و زەردەخەنەی دەهاتێ. خوشکان دانەوینەوە و پێی فرانسیسکۆسیان ماچ کرد، ئەمیش دەستی نایە سەر سەری هەریەکەیان و دۆعای بۆ کردن. هەموویان خۆیان لە شاڵی سپییەوە پێچابوو، کە بەهەنگاوە چکۆڵە و نەرمەکانیانەوە دەڕۆیشتن هەر دەتگوت کۆترن.

کورسییەکیان بۆ فرانسیسکۆس هێنا و داوایان لێ کرد لە سەری دانیشێ. کلارا لەسەر ئەرزەکە لەسەر ئەژنۆ دانیشت و خوشکانیش دەست بەنیشانەی خاچ، لەدواوە ڕاوەستان. بۆ ماوەیەکی درێژ کەس چ قسەیەکی نەکرد، هەمووان نیگایان بڕیبووە قەدیسی میوان. خودایە ئەوە چ بێدەنگییەک بوو! چ لەزەت و چ دڵنیاییەک! من دڵنیابووم کە هەنووکە فریشتەگەلێک لەئاسمانەوە دابەزیبوونە دەیرەکەی قەدیس دامیانۆوە و ئەوانیش نەبینراو لەفەزادا ڕاوەستابوون و چاوەڕێ بوون تا فرانسیسکۆس بکەوێتە قسان. بەڵام ئەو پەلەی نەبوو، دەتوانرا لە ڕوخساریدا ئەو هەستی شادومانییە بخوێنرێتەوە کە لە خۆیەوە پێچابوو.

دواتر بەمنی گوت: "خودایە ئەوە چ هەوایەک بوو! چ بۆنێک و چ پاقژییەک بوو! خودایە چ لەززەتێکم لە بۆنی جلکی تازە شۆراو برد، چ لەزەتێکم لەبۆنی ئەو باوڵانە برد کە دەکرانەوە و بۆنی شیوەران و نەعنایان لێوە دەپرژا!"

سەرەنجام خوشکە کلارا داوێنی جبەکەی فرانسیسکۆسی ماچ کردو گوتی:"ڕوحممان پێ بکە، بدوێ!"

ئەوسا فرانسیسکۆس باسکی کردەوە و وەک ئەوەی لەخەو خەبەری بووبێتەوە، سەری هەڵبڕی.

– "خوشکەکانم، خۆشحاڵم دەتانبینم. دەتانەوێ چیترتان پێ بڵێم؟ کاتێک من لە دونیادا بووم، هاوڕێیانم داوەت دەکردن، سەرم هەڵدەبڕی و بەگۆرانییەوە دەمگوت:

هەزار جار خۆشحاڵم دەتبینم

هەزار، دوو هەزار جار

وەک چۆن کێڵگە خەنییە بەگوڵ و سەوزاییەکانی خۆی.(*)

***

فرانسیسکۆس wرووژابوو، دەمێک بوو ئاوها شادومان نەمبینیبوو، ئەو تەقوا و پاقژیی و ئاگر و شاڵە سپییانەی دەوریان دابوو، ئەو کەش و هەوایە بوو کە خۆشی دەویست.

---

(*) دوو بەیتە شیعری شەش تەفعیلەیی کریتییە، کە خانەخۆی سڵاوی لە مێوانەکانی پێ دەکا. وەرگێڕی سوێدی.



هەمدیس گوتی: "گوێم بۆ ڕادێرن خوشکەکانم، من بیر لەکرمێک دەکەمەوە، بمبوورن، من گەرەکمە باسی ئەو کرمەتان بۆ بکەم. ئەوەی باسی دەکەم حەکایەت نییە، بەڵکو ڕاستییە، لە حەقیقەتیش ڕاستترە. کرمێک هەبوو بەدرێژایی ژیانی پەلی دەکوتا و ئیدی لە پیریدا گەیشتە بەهەشت و لەدەرگاکەی دا. دەنگێک لە ناوەوە گوتی: (کرم ناکرێتە ژوورەوە، پێدەچێ زۆرت پەلە بێ!) کرمەکە کە لەترسا گرمۆڵە ببوو، وەڵامی دایەوە: (خودایە ئەی چ بکەم؟ ئەمرکە!) (عەزابی زیاتر بکێشە، زیاتر تێبکۆشە تا باڵت لێ دەڕوێ!) ئیدی خوشکەکانم، کرمەکە بۆ سەر عەرد گەڕایەوە و هەمدیس سەفەرەکەی دەس پێ کردەوە!"

کلارا پرسیی: "باوکە فرانسیسکۆس، کام کرم؟ ئاخر ئێمە کیژگەلێکی سادەو ساکارین، بۆمان ڕوون کەوە!"

– "خوشکە کلارا، ئەو کرمە منم و تۆیت و هەموو ئەو خوشکانەن کە لێرەدا گوێیان ڕادێراوە و هەموو ئەو خەڵکانەن کە لەژیانیاندا بەسەر ئەرزدا پەل دەکوتن. بەرخۆدان و بەرخۆدان، خوشکەکانم هەموو بەرخۆدانێک بۆ هەڵگژان گەلێک بەسۆیە. خودایە تەهارەت و هەژاریی و ئەڤین و فرمێسک و برسێتیی و ڕووتوڕەجاڵیی چ هەڵپڕووکێنەرن. دەبێت کرمی هەژار بەرلەوەی ببێتە پەپوولە بەرگەی هەموو ئەوانە بگرێ! شەیتانیش لە هەموو جێگەیەک تەڵەی بۆ ناوینەتەوە تا بکەوینە ناوی. کاتێک دادەنەونەوە و بۆنی گوڵێک دەکەن، شەیتانی لەناودا دەبینن، کاتێک بەردێک هەڵدەگرن، شەیتان لەوێدا خۆی مات داوە و چاوەڕێیە، کاتێک لە دارچوالەیەکی گوڵکردوو دەنۆڕن، شەیتان لەنێو پەلک و چڵەکانیدا دانیشتووە و دیقەت دەدا. لەو ئاوەدا کە دەیخۆینەوە، لەو نانەدا کە دەیخۆین، لەو نوێنەدا کە لەنێویدا ڕادەکشێین تا بنووین، خوشکەکانم لە هەموو شوێنێک، لە هەموو شوێنێک شەیتان خۆی مات داوە و چاوەڕێیە. ئەدی چاوەڕێی چییە؟ چاوەڕێی ئەو هەلەیە کە ڕۆح بۆ چاوترووکانێک ماندوو ببێ و خەو زۆری بۆ بێنێ و نەیپەرژێتە پاسەوانیکردن، ئیدی فرسەت دێنێ و پەلامارمان دەدا و فڕێمان دەداتە دۆزەخەوە. خوشکەکانم، من زیاتر لەپیاوان بیر لەئێوە دەکەمەوە و خەمتان بۆ دەخۆم، لەبەرئەوەی ئێوە ژنن، ئاخر دڵی ئێوە بەو ئاسانییە نابێتە بەرد. ئێوە لە دونیا دەنۆڕن و خۆشتان دەوێ. گوڵ، منداڵ،

پیاو، جلکی ئاوریشمین، پەڕی بریقەدار و گوواره، خودایە ئەمانە چ تەڵەیەکن و دەتوانرێ چەند ژن ڕزگار بکرێ؟

خوشکەکانم، بەیانیان و ئێواران بپاڕێنەوە بۆ ئەو ژنانەی کە لەسەر ئەم ئەرزە خۆ ئارایش دەکەن و پێدەکەنن. مەریەمی پاقیژەش لە ئاسماندا و لەگەڵ ئێوەدا بۆیان دەپاڕێتەوە. ئاخۆ شەوانە بێدەنگییەکی قووڵ و سەیر بەسەر سەرتانەوە ناژنەفن و لە ناوەندی ئەو بێدەنگییەشدا شتێک وەک خشەی گەڵای سپیدارێک، کە لە لێوێکی نەبینراوەوە دێتەدەرێ و بانگ دەکا و دەپاڕێتەوە، ناژنەفن؟ ئەوە مەریەمی پاقیژەیە و بۆ ژنان دەپاڕێتەوە!

خوشکەکانم دەبێ ئاگاتان لەخۆتان بێ و نەڵێن: خۆمان لەدەیرێکدا پەناداوە و ئیدی حەقمان بەسەر دونیاوە نییە و ڕێگەی خۆمان بەرەو ئاسمان گرتۆتەبەر! خوشکەکانم خەیاڵاتێکی لەو جۆرە تەڵەیە، تەڵەی شەیتان. گوێ ڕادێرن بزانن چ دەڵێم، سوێند دەخۆم، ئێمە هەموومان یەکێکین، گەر ژنێک لەوپەڕی دونیاوە لێوی سوورکا، ئەوا لێوی ئێوەیش بەپەڵەی شەرمەزاریی دەرەنگێ! ئەی بەهەشت مانای چییە؟ مانای بەختەوەریی تەواوەتییە. بەڵام بونیادەم چۆن دەتوانێ بەختەوەریی تەواوەتیی بەدەسبێنێ، لەکاتێکدا کە لە بەهەشتەوە دادەنەوێتەوە و برا و خوشکەکانی دەبینێ لەسەر عەرد عەزاب دەچێژن؟ خوشکەکانم ئەی چۆن دەبێ بەهەشتێک هەبێ لە کاتێکدا دۆزەخێک هەیە؟ من ئەمەتان پێدەڵێم و بیخەنە زەینتانەوە: یان دەبێ هەموومان پێکەوە ڕزگار بین، یاخۆ با هەموومان پێکەوە بمرین. گەر کەسێک لەوپەڕی دونیا تیاچێ، ئەوا تۆیش تیادەچیت، گەر کەسێک لەوپەڕی دونیا ڕزگار بکرێ، ئەوا تۆیش ڕزگار دەکرێی!" من گوێم بۆ فرانسیسکۆس ڕادەدێرا و دڵم لە شادومانی و سەرسوڕماندا بەتوندی کەوتبووە لێدان. ئاخر ئەوە یەکەمینجار بوو گوێم لە فرانسیسکۆس بێت کە هەموو بەشەرییەت بەئەڤینێکی ئاوها بەخوڕ گەمارۆ بدا. دڵی وی لەو ئەتمۆسفێرە ژنانەیەدا توابۆوە، وی خوشکانی دەبینین و هاوسۆزییەکەی باڵی لێ دەڕوا و هەموو دونیای دادەپۆشیی.

هەموو خوشکان کەوتبوونە سەر ئەژنۆ. وردە وردە نێزیک دەبوونەوە و فرانسیسکۆسیان گەمارۆ دەدا و بەورووژانەوە لێیان دەنۆڕی. ڕوخساریان پرشنگی دەدا وەک ئەوەی هەتاو لێیان بدا.



فرانسیسکۆس هەستی بەگەرمای خوڕەیان کردبوو، زاری هەڵێناو گوتی:

– "خوشکەکانم، کۆبوونەوەتان لە دەورم هەست پێدەکەم و دڵم بەتەرزێک بەرفەراوان دەبێ کە دەخوازم هەمووان، باش و خەراپ بێنە ناوییەوە، دڵم بەتەرزێک بەرفەراوان دەبێ کە دەخوازم چ گریانێک لە دونیادا، لەم دونیایەدا و لەوەیتردا نەمێنێ.

خودایە، لێگەڕێ ئەو خەیاڵە یاخیگەرانەیە بەم خوشکانەی ئێرە بڵێم کە لە دڵمەوە بۆ لێوم هەڵدەگژێ، ئاخر ژنێک بریتییە لەدڵی وی و ئەو دڵەش تەژییە بەئەڤین و هاوسۆزیی و دەبێ ئەوان لەمە بگەن. کەواتە خوشکەکانم گوێم بۆ ڕادێرن. لەم ساتەدا، خودا بمبەخشێت، بەزەییم بەشەیتانیشدا دێتەوە، ئاخر چ مەخلۆقێک نییە لەو نابەختەوەرتر بێ، لەبەرئەوەی جارێک لەجاران ئەویش هاوکاری خودا بووە و هەنووکە لێی جیابۆتەوە و حاشای لێ دەکا و نائومێدانە لەفەزادا دەسووڕێتەوە، لەبەرئەوەی خودا زەینی لێ نەسەندۆتەوە، بۆیە بەلەزەتەوە بەهەشت وەبیرخۆی دێنێتەوە، ئاخۆ ئیدی چۆن دەتوانێ سەبووریی بێتەوە؟ خوشکەکانم ئێمە دەبێ بۆ شەیتانیش بپاڕێینەوە تا خودا بەبەخشندەیی خۆی ڕوحمی پێ بکا و لێی ببورێ و ڕێگەی بدا هەمدیس بۆ ناو مەلایکەتەکان بگەڕێتەوە.

ئەڤین، ئەڤین، خودا بەرەکەتی بدا، ئەڤین قەدەری ژنە. شەیتان ئاژەڵێکی دڕندە و ترسناک و تینوو بەخوێنە، گەر ئینسان دەمی ماچکا، ئەوا ئەو ئاژەڵە دڕندەیە سەر لەنوێ دەبێتەوە بەفریشتە. خوشکەکانم ئەمەیە ئەڤینی تەواوەتیی. ئێمە گەڕەکان ماچ دەکەین، دەی با بەهەمان ئەڤینی تەواوەتیی شەیتانیش ماچکەین، تا هەمدیس ڕوخسارە نوورانییەکەی بۆ بگەڕێتەوە! ئەڤین! ئەڤین!"

دەنگی فرانسیسکۆس بەهەنسکی گریان خەفە بوو، سەری لەنێو دەستیدا حەشاردا و کوڵی گریانی بەر بوو.

ژنەکانیش دەستیان کردە گریان. یەکەمینجار کلارا گریا، دەنگی شیوەن لە دەیرەکەوە هەستا، فرانسیسکۆس دەنگی ئەو گریانەی دەژنەفت و بەپەشۆکاوییەوە سەری هەڵبڕی.

دەستی ڕایەڵ کرد و گوتی: "خوشکەکانم بمبوورن، من نەمویست بتانخەمە

گریان، بۆ ئەوە نەهاتم بۆ ئێرە تا باسی دۆزەختتان بۆ بکەم، بەڵکو بۆ ئەوە هاتم تەنێ باسی بەهەشتتان بۆ بکەم. دەی بۆ ئەوەی تەسەللامان بێتەوە، ئێوەیش باسی بەهەشتم بۆ بکەن. ژیان سەختە، خودایە گەر برا مەرگ نەبا دەرگاکەمان لێ بکاتەوە تارێگەی خۆمان بگرینە بەر، ئەوا ئەم ئەرزە دەبووە چ زیندانێک و جەستەمان دەبووە چ زیندانێک کە بەرگە نەدەگیرا! بەڵام ئێستا بنۆڕن چ شادومانییەک هەیە، چ ئومێدێک هەیە کە بە وشە دەرنابڕدرێ، ئومێد نا، بەڵکو یەقین! ڕۆح تاجێک لەگەڵا لیمۆ لەسەر دەنێ و بەسەر گاشەبەرد و هەڵدێرەکاندا هەنگاو هەڵدێنێ و هاواردەکا: خودایە، تۆ هاوسەری ئازیزی منیت، تۆ هاوسەری ئازیزی منیت!"

خوشکێک خەریک بوو ببووڕێتەوە، ئەو پەنجەرەیەیان کردەوە کەبەسەر باخچەکەدا دەینۆڕی و هەوای ژوورەوە تەژی بەبۆنی سۆسەن و گوڵەباخ بوو. کلارا ئازایەتیی دایە بەر خۆی و دەستی لە ئەژنۆی فرانسیسکۆسەوە دا.

بەئەسپایی گوتی: "باوکە فرانسیسکۆس، کاتێک سەیری تۆ دەکەم، هەرگیز لەو باوەڕەدا نیم ئادەم گوناهی کردبێ!"

فرانسیسکۆس بەحاڵ دەستی لەشاڵە سپییەکەی کلاراوە دا و وەڵامی دایەوە: "خوشکە کلارا منیش کاتێک تۆ دەبینم هەرگیز پێموانییە حەوا گوناهی کردبێ!"

قەدەرێک کەس هیچیی نەگوت. ئەو بێدەنگییە میهرەبان و هاژەی دەهات لە میهر و سۆز، ئینسان مەزەندەی دەکرد ئەوە فرانسیسکۆسە کە هێشتا لەو بێدەنگییەدا هەر دەدوێ و خوشکانیش بەگریانەوە گوێیان بۆ ئەو پەیڤانەی ڕادێراوە کە پێشتر نەیگوتبوون. ژنەکان وایاندەزانی هێشتا فرانسیسکۆس باسی قەدەری ژنیان بۆ دەکا، باسی ئەڤین و باسی ئەو ماچەی کە شەیتان دەکاتە مەلایکەت. ئەوان بۆ یەکەمینجار هەستیان بەوە کرد کە ژنێتیی چ بەخششێکی گەورەی خودایە و ژنێتیی خاوەن چ بەرپرسیارێتییەکە.

لەناکاوێکرا و لەنێوجەرگەی ئەو بێدەنگییە پیرۆزەدا، بەتوندی لە دەرگای دەرەوەی دەیرەکە درا و لەپڕ کرایەوە و برایانی پۆرتیۆنکولا بەهەناسەبڕکێوە شاڵاویان هێنایە ژوورەوە.

کلارا ڕاچڵەکی.

– "براینە چ بووە؟ بۆچیی ئاوها شاڵاوتان هێنایە دەیرەکەوە؟"



کێدرۆ ئارەقەی نێوچەوانی وشک کردەوە.

– "خوشکە کلارا بمانبوورە، ئێمە لەپۆرتیۆنکولاوە دەیرەکەتانمان بینی ئاگری گرتبوو، کڵپەی ئاگرەکە بەرەو ئاسمان هەڵدەگڕا!"

هەموو برایان هاواریان کرد: "ئاگر! ئاگر! خوشکە کلارا ئاگر!"

کلارا زەردەخەنەیەکی هاتێ.

– "براکانم ئەوە ئاگر نەبووە، چ کڵپەی ئاگرێک نەبووە، بەڵکو ئەوە باوکە فرانسیسکۆس بووە کە دەدوا!"

هەنووکە فرانسیسکۆس هەستایە سەرپا، خۆر لەئاوابووندا بوو. خوداحافیزیی لە کلارا و خوشکان کرد. هەمدیس دەستی نایەوە سەر سەریان و بەرەکەتیدان.

کلارا گوتی: "باوکە فرانسیسکۆس زۆر لوتفت نواند کە تەسەلای دڵی بێ تەسەلای ژنانت دایەوە، ئەی ئێمە دەتوانین چیت بۆ بکەین؟"

– "خوشکەکانم، لەڕاستیدا خزمەتێکی گەورە هەیە کە داواتان لێ دەکەم بۆم جێبەجێ کەن، خزمەتێکی گەورە!"

هەمووان هاواریان کرد: "ئەمرکە باوکە فرانسیسکۆس!"

– "بڕۆن و سواڵی پینەیەکم لە جلکی هەر هەژارێک بۆ بکەن. هەموو پینەکان کۆکەنەوە و جبەیەکم بۆ لێ بدوورن. ئەمە ئەو خزمەتەیە کە داواتان لێ دەکەم بۆم جێبەجێ کەن!"

کلارا دەستی ماچ کرد.

– "باوکە فرانسیسکۆس ئەدی بۆچی داوای ژیانی خۆمم لێ ناکەیت تا پێتی ببەخشم! یەکشەممەی داهاتوو، بەویستی خودا بەباوکە سیلڤێستێردا ئەو جبەیەت بۆ دەنێرین کە حەزی پێدەکەیت."

فرانسیسکۆس بەهەنگاوی پتەو پێشکەوت و ئێمەیش هەموومان لەدوایەوە ڕۆیشتین و بەخۆشحاڵییەوە باسی موجیزەمان دەکرد. لەودیو دەرگای حەوشەی دەیرەکەوە، خوشکە کلارا و خوشکانی تر ڕاوەستابوون، لە ئێمەیان دەنۆڕی و فرمێسکەکانیان دەسڕی.

***

بەدرێژایی ڕۆژی داهاتوو فرانسیسکۆس تاقە وشەیەکی نەگوت. هەر لە شەبەقەوە لە دەرەوەی کوختەکەدا هەڵکورماو لەبەر خۆرەکەدا دانیشت. دونیا گەرم بوو، شنەیەک هەڵی کرد، ناوبەناویش برایەک بۆ ئاوهێنان، داربڕین یاخۆ بۆ کۆکردنەوەی چیلکە بەوێدا تێدەپەڕیی. قژقڕەیەک هەڵفڕیی، دووجار خوێندی و ئەوجا دیارنەما. فرانسیسکۆس بەباشیی نەیدەبینی، بەڵام لەبری ئەوە گوێی تیژکردبۆوە و گوێی بۆ دونیا ڕادێرابوو. ڕوخساری غەرقی وەها نەشوەیەک بوو کە بەدرێژایی ئەو ڕۆژە نەمویرا لێی نێزیک ببمەوە. دەمەو ئێوارە، کاتێک کڵپەی ئاگری نەشوەکەی هێوربۆوە، چووم لەبەر دەرگاکە، لە نزیکییەوە دانیشتم.

بینیمی و دەستی هەڵێنا.

گوتی: "برا لیۆن ئەمە چ موجیزەیەکە! لەو ڕۆژەوەی ڕووناکیی چاوانم لێ سەنراوەتەوە، چ چپەچپی خۆش، چ خشەخشی درەختگەلێک، چ ویزەی هەنگگەلێک ڕژاونەتە گوێمەوە!"

بێدەنگ بوو، پاش ساتێک لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

– "برا لیۆن لەو کاتەوەی ڕووناکیی چاوانم لێ سەنراوەتەوە، نەبینراو دەبینم. برا لیۆن ئیدی من چاوانی ناخم کردۆتەوە، بەدرێژایی ئەمڕۆ بازنەکانی ڕوانینم فەراوان دەبوون. لێرەوە و لەبەر دەرگاکە و لەو شوێنەدا کە لێی هەڵکورمابووم، سەرەتا بەڕوونیی پۆرتیۆنکولا و برایانم دەبینین کە جەدەلیان دەکرد و خەریکی عیبادەت دەبوون و باوکە سیلڤێستێریشم دەبینی لە دوورەوە دانیشتبوو دەگریا. پاشان بازنەکە گەورەتر دەبوو، ئاسیزیی و شوراکانی و بورجەکەی و خانووەکانیم دەبینین، کۆڵانە باریکەکانیم دەبینین کە خەڵکی پیایاندا ڕەت دەبوون، بەردەرگای ماڵەکانیانم دەبینین کە کیژانیان لێ دانیشتبوون و شتیان دەچنی، دایکمم دەبینی کە لەودیو پەنجەرەکەوە دانیشتبوو لەسەر ئەژنۆ و دەگریا...... پاشان بازنەی ڕووناکییەکە بەجۆرێک گەورە و گەورەتر بوو، کە ڕۆمام دەبینی، شەقامە پان و پۆڕەکانیی، گەورە پیاوەکانی کە بۆنی میسکیان لێ دێ، ژنە خۆ ئارایشکردووەکانی و پاپام بینی کە بەڕێزەوە دەستی نابووە پشت سەری و بیری لە مەسیحییەت دەکردەوە. لە کەناری زەریاش قەشە دڵڕەقە جلک سپییەکەم بینی، ئەوەی لە زەینیدا ئاگرێکی گەورەی



کردبۆوە و کافر و مورتەدانی تێدا دەسووتاندن.... دوورتر زەریای شین باو و دوورگە سپییەکان و (کرێت)ی کێویی و عارەبستان و سوڵتانم بەسواری ئەسپەکەیەوە دەبینی کە دادگەری ڕاوی دەنا و ئەمیش بەخێرایی غاری دەدا تا لە دەستی هەڵبێ.... برا لیۆن پاشان ڕووناکیی بەخوڕ، ئەستێرەی گەورە، ئاسمانەکانم بەقەدیس و حەواری و مەلایکەت و (کیریۆبیم) و (سێرافیم) هوە دەبینین و ئیدی پاشان بۆ هەمیشە ڕووناکیی خامۆش بوو، من کوێر بووم و پێموابوو لەهۆش خۆم چووم، ئاخر برا لیۆن من زیاتر لەوە لە خوداوەند نزیم ببوومەوە کە ڕێگەم پێدرابوو!"

بێدەنگ بوو، شادومان بووم بەوەی کە ڕۆحی لە ڕوانیندا بەسەر ئەرز و ئاسماندا سەفەری کردووە و ئێش و ئازاری بیرچۆتەوە. ئاخر بەدرێژایی ئەو ڕۆژە خوێنی لێ دەچۆڕا و بەسەر ڕیشیدا دەهاتەخوار و ئەرزەکەی تەڕ دەکرد، بەڵام ئەو ئیدی تەواوێک لەجەستە دوور کەوتبۆوە و چ هەستی بەئازار نەدەکرد. قەدەرێک بێدەنگ بوو، پاشان کەوتەوە قسان و هەموو وشەیەکی کە دەگوت، بەوردی هەڵیدەسەنگاند.

گوتی: "برا لیۆن، جەستەی ئینسان وەک کەشتییەکەی نوح وایە و خودا سەفەری پێدەکا."

ئیتر ئێوارە داهاتبوو. تەیرەکان لەنێو درەختەکانەوە کەوتنە خوێندن، یەکەمین دەنگی شەو بەرزبۆوە، سیسرکەکان گەمەی خۆیان دەس پێ کرد. دوو شەمشەمەکوێرە بە فڕینە کپەکەیانەوە بەنزمیی بەسەر سەرماندا تێپەڕین و لە چاوترووکانێکدا خەریک بوو یەکێکیان لەنێو قژی فرانسیسکۆسدا عاسیی بێ.

سەری ڕاوەشاند و پرسیاری کرد: "ئەوە چ بوو؟ باڵێک خۆی دا لە قژم!"

وەڵامیمدایەوە: "برا فرانسیسکۆس ئەوە پیرە شەمشەمەکوێرەیەک بوو، نەفرەتی لێ بێ!"

– "برا لیۆن هەموو مەخلۆقێکی زیندوو مێژووی خۆی هەیە، مەڵێ نەفرەتی لێ بێ. کاتێک تۆ لە مێژووی هەموو ئینسانێک، هەموو ئاژەڵێکی دڕندە، هەموو تەیرێک بەڵەد دەبیت، ئەوسا خۆشتدەوێن. باشە تۆ هیچ لەبارەی مێژووی شەمشەمەکوێرەوە دەزانییت؟"

– "برا فرانسیسکۆس بۆم باس کە!"

– "کەواتە گوێ ڕادێرە. شەمشەمەکوێرە لە ئەووەڵدا مشکێک بوو کە لەنێو بناغەی بینای کلێسایەکدا دەژیا. شەوێکیان لە کونەکەی دێتە دەرێ و بۆ سەر میحرابەکە هەڵدەزنێ و کوتێک نانی بەرەکەتدراو دەکرۆژێ و ئیدی دوای ئەوە باڵ لە پشتی دەروێ و دەبێتە خوشکە شەمشەمەکوێرەی ئێمە!"

شەمشەمەکوێرەکە هەمدیس بەلاماندا تێپەڕی و دوای مێشەکانی شەو دەکەوت. من دەستم بەرزکردەوە.

گوتم: "بمبوورە خوشکە شەمشەمەکوێرە، نەمزانی باڵەکانت لەنانی بەرەکەتدراو دروست بوون!"

فرانسیسکۆس دەستی نایە سەر گوێی و گوێی بۆ ڕووبارەکە ڕادێرا کە دەرژایە زنارەکەوە.

– "گوێ بۆ ڕووبارەکە ڕادێرە برا لیۆن چۆن بۆ ناو زنارەکە دەرژێ و خورەی دێ و پەلەیەتی زوو خۆی بگەیەنێتە زەریا. برا لیۆن بەهەمان شێوەیش ڕۆحی ئێمە پەلەیەتی خۆی بگەیەنێتە ئاسمان. خودایە کەنگێ ڕۆح دەگاتە ئەوێ؟"

– "پەلە مەکە برا فرانسیسکۆس، پەلە مەکە، تۆ هێشتا لەسەر ئەرز پێویستیت. بینیت دوێنێ چ شتێکی باشت بۆ خوشکان لە دەیرەکەی قەدیس دامیانۆ کرد؟ هەمووان لە حەژمەت ئەو خۆشییەی پێتبەخشین، دایانە خورەی گریان."

فرانسیسکۆس هەناسەی هەڵکێشا.

– "ئەرێ من لە دەیرەکەی خوشکە کلارا چیم گوت؟ خودایە بمبوورە، ئاخر تەواوێک ئەفسوون ببووم!"

– "برا فرانسیسکۆس بۆچی بەزەییت بەشەیتاندا هاتەوە؟ بۆچی پەرۆشی ئەوە بوویت کە لە خودا بپاڕێنەوە لێی ببوورێ؟"

فرانسیسکۆس بەدەنگێکی ورووژاوەوە گوتی: "نا، نا! بەڵام بۆچی دڵم لەنێو ژناندا دەشڵەژێ؟ خودای من، ئاخۆ بۆچی جەستە ئەوەندە بەهێز و ئەوەندە خۆڕاگرە؟ بەر قامچی دەدرێ، خواردنی نادرێتێ، ڕێگەی نادرێ بنوێ، لە بەفردا ڕۆدەبرێ تا ڕەق هەڵدێ، دەکرێتە خاکەنازێک قوڕ، کەچی سەرسەخت و قیرسیچمە ئالا سوورەکەی هەڵدەبڕێ و هاواردەکا!"



فرانسیسکۆس ئاگری گرت و هەستایە سەرپێ.

– "برا لیۆن، بەناوی گوێڕایەڵیی پیرۆزەوە، فەرمانت پێ دەدەم هەرچییەکم گوت دووبارەی کەوە، تەواوێک وەک ئەوەی کەمن دەیڵێم، بەبێ ئەوەی یەک وشەی بگۆڕیت. دەتەوێ وا بکەیت؟"

– "برا فرانسیسکۆس سوێندم خواردووە کە هەمیشە گوێڕایەڵی فەرمانەکانت بم."

– "دەی من دەس پێ دەکەم و تۆ بیڵێرەوە: نەفرەتت لێ بێ فرانسیسکۆس، تۆ لە ژیانتا گوناهی زۆرت کردوون، ڕزگار نابیت و دەخرێیتە قووڵایی دۆزەخەوە. تۆیش وەڵام دەدەیتەوە: بەڵێ لەڕاستیدا فرانسیسکۆس تۆ گوناهی زۆرت لەژیانتا کردوون، ڕزگار نابیت و دەخرێیتە قووڵایی دۆزەخەوە! ئامادەیت؟"

– "بەڵێ برا فراسیسکۆس!"

– "کەواتە دەی ئەوە بڵێرەوە!"

– "سڵاوت لێ بێ برا فرانسیسکۆس، تۆ شتی زۆر باشت لە ژیانتا کردوون، هەر بۆیە دەچیتە قووڵایی بەهەشتەوە!"

فرانسیسکۆس بەسەرسوڕمانەوە تەماشای کردم.

– "برا لیۆن بۆچی بەقسەم ناکەیت؟ گوێت لێ نەبوو چیم پێ گوتیت؟ ئەی ئەلعان ئەوە چییە دەیڵێیت؟ بەناوی قەدیسی تاعەتەوە فەرمانت پێدەدەم ئەو وشانە لە دوامەوە بڵێیتەوە!"

– "بەخۆشحاڵییەوە برا فرانسیسکۆس، بڵێ و من گوێڕایەڵتم!"

– "باشە، وا دەیڵێم: فرانسیسکۆسی بەسەزمان، ئاخۆ ئەوەندە بێعاریت پێتوایە خودا ڕوحمت پێدەکا و لە هەموو ئەو گوناهانەت دەبوورێ کە لەژیانتا کردووتن؟ نا، نا، نەفرەتت لێ بێ، خودا فڕێتدەداتە دۆزەخەوە! برا لیۆن هەنووکە گوێت لێ بێ چ دەڵێیت، بەوردیی گوێ ڕادێرە: بەڵێ، بەڵێ فرانسیسکۆس، نەفرەتت لێ بێ، خودا فڕێتدەداتە دۆزەخەوە! دەی ئێستا بڵێ!"

– "نا، نا، فرانسیسکۆسی ئیماندار، ڕوحمی خودا گەلێک گەورەترە لە گوناهەکانت، بەدڵنیاییەوە برا فرانسیسکۆس خودا دەتبوورێ و دەتخاتە بەهەشتەوە."

هەنووکە فرانسیسکۆس تورە بوو، شانی گرتم و ڕایوەشاندم.

– "برا لیۆن چۆن دەوێریت پێچەوانەی خواستی من بکەیت؟ تۆ پێچەوانەی ئەو قسانە دەڵێیت کە من گوتم، بۆ دواجار بەناوی قەدیسی تاعەتەوە فەرمانت پێدەدەم گوێڕایەڵ بیت!"

– "بەشادومانییەوە برا فرانسیسکۆس، ئەوەی تۆ دەیڵێیت، بەوردیی و بەبێ ئەوەی وشەیەکی لێ بگۆڕم دەیڵێمەوە."

فرانسیسکۆس کەوتە سنگ کوتان و هۆن هۆن فرمێسک لەچاوانییەوە ڕژانە خوار. بەسینگکوتان و گریانەوە گوتی: "فرانسیسکۆسی فەقیر نەفرەتت لێ بێ، چ ڕزگاربوونێک نییە بۆ تۆ! چ ڕوحمێک نییە بۆ تۆ! دۆزەخ دەمیت بۆ دەکاتەوە و هەڵتدەلووشێ!"

منیش فرمێسک زایە چاوانم و گوتم: "برا فرانسیسکۆس، تۆ قەدیسێکی شەهیدیت، خودا تژییە بەڕوحم، هەرسێ قەدیسە گەورەکەش، هەژاریی و ئەڤین و تەهارەت لەبەر دەوازە زێڕینەکەی بەهەشتدا ڕادەوەستن و چاوەڕێت دەکەن. قەدیسی تەهارەت تاجێک لەدرکی بەدەستەوە گرتووە."

فرانسیسکۆس بەسەر پێمدا کەوت. من ترسام، دانەویمەوە و لەلایەوە دانیشتم.

– "برا فرانسیسکۆس بۆچی باوەش بەئەژنۆمدا دەکەیت؟"

وەلامی دامەوە و هۆن هۆن فرمێسک لەچاوانییەوە ڕژایە خوار: "برا لیۆن، بۆچی عەزابم دەدەیت؟ بۆچی بەگوێم ناکەیت؟"

– "برا فرانسیسکۆس، دەستت ماچ دەکەم بمبوورە، ئەوە گوناهی من نییە. ئاخر هەر ئەو کاتەی زار هەڵدێنمەوە تا ئەو قسانە بڵێمەوە کە ئەمرم بەگوتنەوەیان پێدەکەیت، سوێند دەخۆم بێئەوەی خۆم بمەوێ و بێئەوەی بزانم چۆن، زوبانم شتێکی تر دەبێژێ. لەناوەوەمڕا گوێم لە دەنگێک بوو، برا فرانسیسکۆس بەهێزتر لەدەنگی تۆ و ئیدی منیش قسەکانی ئەوم گوتەوە. براکەم هەڵبەت ئەوە دەنگی خوداوەند بووە!"

فرانسیسکۆس ڕەتیدامەوە: "ڕەنگبێ ئەوە دەنگی شەیتان بووبێ. ئاخر ئەو



خواخوایەتی ڕۆحم بنوێ و جەستەم بێ پشت و پەنا بمێنێتەوە و ئیدی زەفەر بێنێ و بێتە ژوورەوە. بەڵام من ڕێگەی نادەم بەو مەرامەی بگا!"

هەستایە سەر پێ، گوریسەکەی لەناوقەدی کردەوە و بۆی فڕێدام.

– "برا لیۆن، گوریسەکە هەڵگرە و بکەوە لێدانم، هێندەم لێدە تا خوێن لە جەستەمەوە دێ."

جبەکەی لەخۆی کردەوە و پشتی ڕووت. من تەماشایم کرد و بەزەییم پێیدا هاتەوە. ئاخر لێدان بۆ؟ هەر تەنێ ئێسکەکەی ماوە، ئێسکێکی پۆشراو بەپێستێکی بەلێدان و جێگەزام شینهەڵگەڕاو.

گوتم: "برا فرانسیسکۆس، بۆ ڕوحمم پێ ناکەیت؟ من چۆن دەتوانم دەست لە ڕووتا بەرزکەمەوە؟"

بەڵام فرانسیسکۆس نەیتوانی ددان بەخۆیدا بگرێ و توورە بوو.

– "برا لیۆن دەبێ بزانیت، ئەگەر ئەو شتە نەکەیت کە ئەمرت پێدەکەم، ئەوا لەیەکتر جوێ دەبینەوە و من بەڕێگەی خۆمدا دەڕۆم! بەڵێ، سوێند بەئاسمان جوێ دەبینەوە!"

وای گوت و پشتی تێ کردم و گوتی: "خوداحافیز!"

ترسام و دەمزانی بڕیاری خۆی داوە و وا جێبەجێی دەکا. ئیدی منیش پشتم ڕووت کرد.

– "برا فرانسیسکۆس، باشە دانەیەک لە تۆ دەدەم و دووان لە خۆم. براکەم لێت دەپاڕێمەوە ئەم داوایەم ڕەت مەکەوە!"

هیچی نەگوت. پشتی چەماندەوە و بەگوریسەکە کەوتمە لێدانی ئەو و خۆیشم. یەکەمینجار بەسووکیی لێمدەدا، بەڵام توورە بوو. هاواری کرد: "قایمتر، قایمتر، ئاخۆ بەزەییت بەجەستە، بەزەییت بەو قەحپەیەدا دێتەوە؟" ئیدی منیش قایمتر لێمدەدا. یەکێک لە فرانسیسکۆس و دووان لە خۆم، بەڵام هەر چەند زیاتر گوریسەکەم دەوەشاند، خۆنەویستانە زیاتر توورەییم هەڵدەچوو. مەستییەکی سەیر لەخۆوەی پێچابووم، عەزاب دەدرام و کە عەزابیش دەدرام، کەسێک لە ناوەوەمڕا

خـەنیی دەبوو. هاوارێکی دڕندانە و خـۆشـحـاڵانـەم دەکـرد، وەک بڵـێی قـامـچی لە ئاژەڵێک دەدەم کـە زەرەرێکی لێ داوم و هـەنووکـەش کـەوتۆتە بـەردەسـتم و دەمـەوێ حەقی خۆمی لێ بکەمەوە. گوریسەکە سوور دەچۆوە بەخوێنی فرانسیسکۆس و من، بەڵام دەستم هەڵنەگرت، بەڵکو بێڕوحمانە هەر گوریسم دەوەشاند.

فرانسیسکۆس تەواوێک ئارام گوتی: "برا لیۆن بەسە!"

وا خۆم نواند گوێم لێی نەبووە. جۆرە ئەفسوونێک لەخۆوەی پێچابووم، وەک شێت لەپشتی خۆم دەدا و نەمدەتوانی دەس هەڵگرم. لەحەژمەتا بەرز دەبوومەوە و لەتاو ئازار گرمۆڵە دەبووم. کەوتبوومە سەما، پێموابوو لەژیانمدا گوناهی زۆرمکردوون و هەنووکەش دەبوو سزاکەی وەربگرم و باری شانی خۆم سووک کەم. بەخۆم دەگوت: ئەو ژنەت بیردێ کەلە دەستت هەڵات و تۆ لەنێو تەڵانی بییەکاندا ڕاوت دەنا؟ ئەی ئەو نانەت بیردێتەوە کە لە نانەواخانەیەک دزیت؟ دەی کەواتە بخۆ! بخۆ هەی درۆزن، هەی ترسنۆکی نەوسن، هەی مێباز، دەی بخۆ، دەی بخۆ! منیش هەر گوریسم بەخۆدا دەکێشا و خۆشحاڵ دەبووم و باری شانم سووک دەبوو."

فرانسیسکۆس هەمدیس ئەمری کردەوە: "بەسە!" وای گوت و گوریسە خوێناوییەکەی لێ سەندم و بەنێوقەدمەوە بەستی. گوتی: "بەسە برا لیۆن، دەبێ بەشی ئەوە هێزمان تیدا بمێنێ کە سبەینێ بەیانیی زوو هەمدیس دەس پێ بکەینەوە!"

کفت و شەکەت کەوتمە سەر ئەرزەکە. گوتم: "برا فرانسیسکۆس، من لەزەتم برد!"

وەڵامی دایەوە: "تۆ لەزەتت نەبرد، بەڵکو ئازار و عـــــەزابت چەشت، بەڵام هەردووکیان هەر یەک شتن!"

چووینە ژوورەوە. ئاگرم کردەوە و بەچیچکانەوە لەبەر ئاگردانەکەدا دانیشتم. بیرم کردەوە کە تاوێکی تر خەوم لێ دەکەوێ و لە خەونمدا بەرازێکی ساوا لە باوەشدەگرم و شیری دەدەم.

***

ئەمڕۆ برایان بێرناردۆ و پێیترۆ هاتن، دەستی فرانسیسکۆسیان ماچ کرد و لەلای چەپ و ڕاستییەوە لەسەر عەردەکە دانیشتن. بەیانییەکی ساردە، ئاگر



کراوەتەوە و هەرسێکیان بەبێدەنگیی ڕوویان کردۆتە ئاگرەکە و بێدەنگن. ناو بەناو فرانسیسکۆس دەست بۆ بێرناردۆ لەلای ڕاست و بۆ پێیترۆ لەلای چەپەوە دەگێڕێ و وەک ئەوەی بیەوێ دڵنیابێ کە تا ئێستا لە دەوری ماون، ئەوجا وەک ئەوەی نوێژ بکا، دەستی جووت دەکاتەوە و ڕوخساری بەسوپاسگوزاریی و بەختەوەریی پرشنگ دەدا. من لەقوژبنێکدا ڕاوەستاوم و تەماشایان دەکەم، هەر دەڵێی سێ جەنگاوەری پیرن کەدوای ساڵانێکی زۆر یەکدیان بینیبێتەوە و هەنووکەش سەرمایان بێ و بۆ ئەوەی گەرمیان بێتەوە ئاگریان کردبێتەوە. من گوێم ڕادێراوە تا بزانم چ دەڵێن، بەڵام کەسیان زار هەڵناهێننەوە. بونیادەم دەتوانێ هەست بەوە بکا کە چۆن فەزای نێوانیان دەلەرێ و چۆناوچۆنی وشەکان بەبێ ئەوەی بگوترێن، لە زارێکەوە بۆ زارێکی تر دەفڕن، هەڵبەت فریشتەکانیش لەئاسماندا هەر بەو چەشنە دەئاخڤن. ئەرێ ئەوە چەندێکی خایاند؟ چەند سەعات؟ من لام وابوو زەمەن ڕاوەستاوە، چ جیاوازییەک لەنێوان سەعاتێک و ئەبەدییەتێکدا نەمابوو، هەردووکیان بەقەد یەک درێژ بوون. ئەمرییش هەر ئاوهاییە، ئەمرییش هەر ئاوها کپ و بێ جووڵەیە.

ئاگرەکە کوژایەوە. خۆر لەئاسماندا وەدیارکەوت. برایان، بێرناردۆ و پێیترۆ هەستانە سەرپێ، دانەوینەوە و ئەژنۆ و دەست و شانی فرانسیسکۆسیان ماچ کرد. فرانسیسکۆس دەستی کردە گریان، ئەو دوو برایەش دەستیان کردە گریان. هەرسێکیان ئامێزیان بەیەکدا کرد و ماوەیەکی درێژ ئاوها بێ جووڵە مانەوە، ئەوجا بەبێ ئەوەی تاقە وشەیەک بڵێن لەیەکتر جیابوونەوە. بێرناردۆ و پێترۆ ڕووەو دەرگاکە ڕۆیشتن و چوونە دەرەوە و لەنێو درەختەکاندا بزر بوون.

ئێمە تەنیا ماینەوە. لای فرانسیسکۆسەوە دانیشتم، زوبانم دردۆنگانە دەلەرزی. دەمویست بئاخڤم.

پرسیم: "برا فرانسیسکۆس، بۆچی هیچتان نەگوت؟ ئاخر ئێوە ماوەیەکی زۆرە یەکترتان نەبینیوە، ئاخۆ چ قسەیەکتان نەبوو بەیەکدی بڵێن؟"

فرانسیسکۆس بەسەرسوڕماویی گوتی: "چۆن برا لیۆن، ئێمە قسانمان کرد. بەدرێژایی ئەو ماوەیە ئێمە هەر قسانمان دەکرد، هەموو شتێکمان گوت، ئیدی چ قسەیەکمان نەما بەیەکتری بڵێین و ئەوسا لەیەکتر جیابووینەوە!"

– "بەڵام برا فرانسیسکۆس من گوێم لەهیچ نەبوو!"

فرانسیسکۆس زەردەخەنەیەکی هاتێ.

– "برا لیۆن، ئینسان بەچ گوێیەک قسان دەبییەت؟ ئاخر ئیدی ئەو جووتە گوێ دونیاییە پێویست نین کە وەک هێلکەشەیتانۆکە کراون بەلای چەپ و لای ڕاستی لاجانگەکانمانەوە. ئێمە گەرەکمان بەگوێی ترە، گوێی ناوەوە، ناوەوەی خۆمان!"

پاشان دەستی بەشانمدا کێشا و گوتی: "ئێمە گوێ و چاو و زوبانمان لەناوەوەی خۆماندا هەیە کە لە خاکوخۆڵ نەخوڵقاوە، بەڵکو لە ئاگرە. برا لیۆن ئینسان دەتوانێ بەو گوێ و چاو و زوبانە بژنەفێ و ببینێ و بپەیڤێ!"

ئەمڕۆ بەیانییەکی یەکشەممەیە. باوکە سیلڤێستێر بەو جبەیەوە هات کە خوشکان لە هەزار پینەی سواڵکراو لە هەژاران بۆیان دووریبوو. هەموو هەژارێک بەشی خۆی دابوو، دیاری خۆی بەبووکی هەژاریی بەخشیبوو. فرانسیسکۆس جبەکەی لەباوەش گرت، یەکە یەکە ماچی پینە پیسەکانی کرد و قەدیسی هەژاریی– هاوسەرەکەی – بەرەکەت دا.

– "ئەو کەسە دەوڵەمەندە کە عەوداڵی سەروەت و سامان نەبێ. ئەو کەسە دەوڵەمەندە کە عەوداڵی سەروەت و سامانیتر، عەوداڵی هەژاریی بێت. سوپاس خودایە، من دەوڵەمەندترین پادشای دونیام. برا لیۆن ئەم جبەیە پۆشاکی پادشایی منە!"

گوتم: "سەرکەوتوو بیت برا فرانسیسکۆس، ئەوە دیاری زاوایەتییە کە هەژاریی هاوسەرت بۆی ناردوویت!"

جبە نوێیەکەی پۆشی و دڵی پێی خۆش و شانازیی پێوە دەکرد. جۆرەها پینەی ڕەنگاوڕەنگی پێوەبوو، ڕەش، شین، سەوز. کاتێک فرانسیسکۆس بەڕێگەدا دەڕۆیشت و جبەکە دەشەکایەوە، دەتگوت تەیرێکی سەیر و ڕەنگاوڕەنگە کە هەر تەیرێکی ئاسمان پەڕێکی خۆی دابێتێ.

گوتی: "برا لیۆن، من پەرۆشم برایان ببینم، حەز دەکەم برایان بمبینن. ڕەنگە تا ئێستا لەنوێژ بن، دەی کەواتە با ئێمەیش بچین بۆ ئەوێ، دەی با بڕۆین."

ئەو ڕۆژانە چاوانی باشتر ببوون. ئەژنۆکانی هەندێک گوڕیان تێ هاتبۆوە،





لەپێشەوە دەڕۆیشت و پەلکی درەختەکانی لادەدا و منیش خەنی و خۆشحاڵ دوای کەوتبووم. پێموابوو فرانسیسکۆس وەک منداڵێک وەهایە، لەبەر ئەوە خۆشمدەویست چونکە وەک منداڵێک وابوو، وا ئێستایش دەچوو بۆ لای برایان تا جبە نوێکەی خۆی پیشانیان بدا!

ئاسمان ڕەنگ خۆڵەمێشیی. تنۆکە ئاوێکی سازگار کەوتە سەر لێوم، فرانسیسکۆس سەری هەڵبڕی، لە ئاسمانی ڕوانی و دەستی هەڵبڕی، دەتگوت سواڵی تنۆکە ئاوێک دەکا. لای بۆ کردمەوە و گوتی: "برا لیۆن، هەست بە چ خۆشییەک دەکەم؟ وەک ئەوەی هەموو هەژاریی دونیام پۆشیبێ، وەک ئەوەی هەموو هەژاریی دونیا بەسەر شانمەوە بێ و بڕۆم. ئاخۆ بۆ کوێ بڕۆم؟ خودا بیدا، بۆ ئاسمان! لە ڕاستیدا، برا لیۆن لە ڕاستیدا هەژارییم لێ دێ و پڕ بەبەرمە، هەر دەڵێی قردێلەیەکی سوورە بەپرچی کیژێکەوە!"

لەنێو درەختەکاندا گرمەی دەنگی ئێلیاس دەهاتە گوێ. ڕاگەیاندنێکی بۆ برایان نوتق دەکرد. فرانسیسکۆس ڕاوەستاو دوودڵییەک گرتی، وەک ئەوەی بیەوێ بگەڕێتەوە.

بەئەسپایی گوتی: "برا ئێلیاس نوتق دەدا، نوێژەکە تەواو بووە. ڕەنگبێ ئینجیلیان بۆ ڕاڤەکا!"

شەرانگێزانە وەڵامیمدایەوە: "هەڵبەت بەو جۆرەی خۆی دەیەوێ پەیڤی مەسیحیان بۆ ڕاڤە دەکا. من ناتوانم ئەو برایەم خۆشبوێ، خودایە تۆبە، لەناوەوەمڕا ئەو بەئێلیاس بانگ ناکەم، بەڵکو بەیەهوزا بانگی دەکەم!"

فرانسیسکۆس لای بۆ کردمەوە و بەحیرسەوە تەماشای کردم.

گوتی: "برا لیۆن، عەرد حەوت چینە، ئاسمانیش حەوت چینەو کەچی هیچیان جێگەی خودا نین و دڵی ئینسان بۆتە جێگەی وی. کەواتە بیرکەوە برا لیۆن، وریابە دڵی ئینسان بریندار مەکە، چونکە ڕەنگە ئەوکات خوداوەند بریندار بێت!"

وای گوت و بەسەرێکی نەوییەوە، کەوتەوە هەنگاونان.

***

پورتیۆنکولا پڕ بوو لە برایان و وەک پورەی مێشهەنگ ویزەی دەهات. ئێلیاس

لەناوەڕاستا لەسەر کورسییەک ڕاوەستابوو. گۆچانە درێژەکەی گرتبوو بەدەستییەوە و قسانی بۆ ئەوانی تر دەکرد. من هەرگیز لەژیانمدا جگە لە جەنابی بێرناردۆنێی بابی فرانسیسکۆس، کەسێکی ترم نەبینیوە هێندەی ئەو ئێلیاسە خاوەن ئیرادە و تەماحکار و هێزو گوڕ لەتەواوی جەستەیەوە پرشنگ بدا.

فرانسیسکۆس چووە ژوورەوە. هەندێک ئاوڕیان بۆ دایەوە، بەڵام جووڵەیان نەکرد. هەندێکی تریان تەماشای جبەکەیان کرد و پێکەنین. گەرچی ئێلیاس ئەوی بینی، بەڵام لەسەر کورسییەکە نەهاتە خوارەوە بەخێرهاتنی بکا. فرانسیسکۆس بۆ لای ئەوسەری دیوارەکە چوو، لەقوژبنێکدا هەڵتروشکا، سەری نەوی کرد و گوێی ڕادێرا. ئێلیاس لەبارەی ئەو یاسا نوێیەوە دەدوا کە دەبوو برایان پەیڕەوی کەن. لە باوکە سیلڤێستەرم بیست، کە ئێلیاس بەدرێژایی ئەو ماوەیە شەو و ڕۆژ کار بۆ چەسپاندنی یاسا نوێیەکە دەکا، گوایە یاسا کۆنەکەی بەدڵ نییە و پێی ساکار و تەنگە و چ جێگەی ئیجتیهادەکانی ئەوی تێدا نابێتەوە.

گوتی: "زەمەنەکان گۆڕاون، دونیا گۆڕاوە و لەگەڵیشیاندا ڕوانین بۆ ئاسمان و عەرد گۆڕاوە. ڕاستییە کۆنەکان درۆزنانە خۆدەنوێنن، چاکەخوازییە کۆنەکان گروپەکەمانیان وەک منداڵێکی ساوا قوماتە کردووە، بەڵام هەنووکە ئەو منداڵە گەورە بووە و دەبێ ئەو قوماتەی لێ بکرێتەوە و ڕێگە بدرێ ئازادانە هەوا هەڵمژێ. براکانم، یاسا نوێیەکە ڕاستیی نوێ و چاکەخوازیی نوێی پێیە!"

ئێلیاس گۆچانەکەی بەرزکردەوە و نیگایەکی تیژی گرتە فرانسیسکۆس.

گوتی: "ئەوەی لەگەڵمدا نییە، ئیدی با ڕێگەی خۆی بگرێتەبەر. گوێڕایەڵیی توندوتیژترین تەقوای نوێمانە، دوو مانایی لەگروپەکەماندا جێگەی نابێتەوە. ئێمە سوپایەکی بەپرانسیپین و بەرەو جەنگ دەکەوینە ڕێ. ئێمە خەڵکانی یاخیی نین و ئەو یاسا نوێیەش ژەنەراڵی ئێمەیە!"

ئەوجا کاغەزێکی گەورەی کردەوە، کاغەزێکی پڕ لە پیتی ڕەش و سوور.

– "من هەمـوو بنەمـایەکی ئەم پەیامـەم بۆ ڕاڤـە کـردوون. بۆم ڕاڤـە کـردوون کـە هەژاریی، ئەڤین، تەهارەت و گوێڕایەڵیی بۆ ئێمە چ دەگەیەنێ. دەی ئێوەیش دەستتان هەڵبڕن و بڵێن: بەنرخە! بەنرخە!"



هەمووان دەستیان هەڵبڕیی و گوتیان: "بە نرخە! بەنرخە!"

تەنێ من و فرانسیسکۆس دەستمان لەسەر سینگ دانا و هەڵنەساینە سەرپێ. هەمدیس گرمەی دەنگی ئێلیاس هاتەوە گوێ.

– "سەرکەوتن و سەرفرازیی بۆ ئەو برا و برایەتییەی کە بەدوای ڕیتمی دونیاوە ڕێدەکا، نەفرەتیش...

– کە ئەم قسەیەی دوایی کرد، نیگایەکی بروسکەئاسای بڕییە فرانسیسکۆس– نەفرەتیش لەو کەسەی جێدەمێنێ!"

ئەوجا سەرکەوتووانە لای بۆ ئەو برا خۆنەویستە کردەوە، کە لە قوژبنێکدا هەڵتروشکاو و گوێی ڕادێراو و هیچی نەدەگوت.

گوتی: "برا فرانسیسکۆس بەخێر بێیت، ئەرێ بۆچی سەر با دەدەیت؟ ئاخۆ لەگەڵمدا کۆک نیت؟ چ ناڕەزایەتییەکت هەیە؟"

فرانسیسکۆس دەستی ڕایەڵ کرد و گوتی: "براکانم، مناڵەکانم، برا ئێلیاس، بمبوورن تەنێ دەخوازم ئەوە بڵێم کە خەڵکانێکی زۆر لەم زەمەنەی ئێمەدا هەن بەدوای سەروەت و سامان و دەسەڵات و ماریفەدا ڕادەکەن. من دەڵێم سەرکەوتوو ئینسانی هەژار و خۆنەویست و نەخوێنەوارە!"

ئێلیاس بەگاڵتەپێکردنەوە پێکەنی.

گوتی: "برا فرانسیسکۆس، بمبوورە منیش ئەم ڕستەیەی خۆم دەڵێم: ئەرکی ئینسانی زیندوو ئەوەیە هاوبڕوا بێ لەگەڵ ئەو زەمەنەدا کە تیایدا دەژی!"

فرانسیکۆس ڕەتی دایەوە: "ئەرکی ئینسانی زیندوو ئەوەیە بەرهەڵستیی ئەو زەمەنە بکا کە تیایدا دەژی! خوداوەند دەستی منی گرت و پێیگوتم: (فرانسیکۆس، تۆ فرانسیسکۆسی نەخوێنەوار و سافیلکەو پێ پەتیت، بڕۆو پێش ئەو ڕەوە بکەوە کە پێم سپاردوویت، ئەم تاقە ڕێگەیە بگرە و دەمەدۆزییەوە!) برا ئێلیاس، ئەو ڕێگەیە ناوی خۆنەویستییە!"

– "برا فرانسیسکۆس، مادامەکی بەوێنە دەدوێیت، ئەوا منیش پێتدەڵێم کە خوداوەند دەستی منیشی گرت و ڕێگەیەکی پان و پۆڕی پیشان دام و گوتی: (ئەم ڕێگەیە بگرە و ئیدی دەمدۆزییەوە!) برا فرانسیسکۆس ئەو ڕێگەیە ناوی بەرخۆدانە!"

بەڵام فرانسیسکۆس سەری بادا.

بەنەغمەیەکی بەرزو نائومێدانە گوتی: "برا ئێلیاس دەترسم پەزەکانی مەسیح گورگانخواردوو بکەیت. ئەو ڕێگەیەی تۆ باسی دەکەیت ناوی بەرخۆدان نییە، بەڵکو ناوی خۆشگوزەرانییە. برا ئێلیاس چ ڕێگەیەکی پان و پۆڕ نییە ئینسان بگەیەنێتە لای خوداوەند، بەڵکو تەنها ڕێگە باریکەکان دەچنەوە لای وی، دەچنەوە سەر بەهەشت. ڕێگە پان و پۆڕەکان ڕێگەی شەیتانن. دەبینم ئەمڕۆ بەیانیی، خوداوەند منی بۆ ئەم کۆبوونەوەیەی ئێوە هەناردووە تا پێتان بڵێم: ڕاوەستن، لەوە زیاتر مەچنە پێشێ، براکانم بگەڕێنەوە بۆ ڕێگە کۆنەکە، بۆ ڕێگە باریکەکە!"

– "برا فرانسیسکۆس، خۆر بۆ دواوە ناگەڕێتەوە، ڕووبار بۆ دواوە ناگەڕێتەوە، ڕۆحی ئینسان بۆ دواوە ناگەڕێتەوە، بەڵکو دووی هێزی کاریگەری خوداوەند دەکەوێ. براکانم گوێی لێ مەگرن، برا فرانسیسکۆس ئێمە دادێینەوە و دەستەکانت ماچ دەکەین و ئیدی درێژە بەڕێگەی خۆمان دەدەین. خوداحافیز!"

لە هەموو لایەکەوە گوتیان: "خوداحافیز، برا فرانسیسکۆس خوداحافیز!"

فرانسیسکۆس داوێنی جبەکەی بەرزکردەوە تا فرمێسکەکانی وشک کاتەوە.

ئێلیاس گوتی: "برا فرانسیسکۆس، چ شتێکی ترت نییە بیلێیی؟"

فرانسیکۆس دایە خوڕەی گریان و گوتی: "هیچم نییە، هیچ..."

وای گوت و بەئەسپایی و بێدەنگ بەسەر عەردەکەدا کەوت. من دانەویمەوە تا هەڵیسێنمەوە.

بەگریانەوە گوتی: "برا لیۆن لێمگەڕێ، ئاخۆ نابینیت؟ ئیدی تەواو!"

هەندێک لە برایان، ساباتینۆ، کێدرۆ، ئێرنۆ و ڕوفینۆ بەهاوسۆزییەوە دەوریان دا و هاوڕێ دێرینەکانی تریشمان لەگەڵ باوکە سیلڤێستێردا ڕۆیشتن تا چیدی گوێیان لە ئێلیاس نەبێت. هەموو ئەوانە یاخیی ببوون کە بڕوایان بەیاسا کافرانەکە نەبوو.

ئێلیاس لە فرانسیسکۆس نزیک بۆوە و کاغەزەکەی لەبەر چاویدا کردەوە. ئانتۆنیۆی قوتابی جحێڵ لەدوایەوە بەمەرەکەب و قەڵەمەوە ڕاوەستابوو. ئێلیاس دانەوێوە.

گوتی: "برا فرانسیسکۆس، ئەمە یاسا نوێیەکەمانە، لێرە لەخوارەوە مۆری خۆتی



لێ بدە و بەرهەڵستیی مەنوێنە. چەند برایەک یاخیی بوون و جیابوونەتەوە، لێکترازان کەوتۆتە گروپەکەمانەوە. مۆری خۆتی لەسەر دانێ تا هەموومان ببینەوە بەیەک!"

فرانسیسکۆس بەدەنگێکی نائومێدانەوە گوتی: "برا ئێلیاس، مردووان مۆریان نییە. خودا حافیز!"

وای گوت و کاغەزەکەی فڕێ دا کە ئێلیاس بۆی ڕاگرتبوو.

من لەسەر عەردەکە هەڵمساندەوە، چوومە ژێر باڵی و ڕێگەی خۆمان گرتەبەر. ئیتر فرانسیسکۆس هێزی ئەوەی تێدا نەبوو ڕێبکا. گرتبووم تا نەکەوێ، هەڵدەنگاوت و دەکەوت. بەرزم دەکردەوە و هەڵمدەگرت، سووکەڵە بوو وەک بوخچەیەک جلکی شڕ، ئیدی گەیشتینە کوختەکە. لەسەر حەسیرەکە دامنا و ئاوم پێدا پرژاند، دوای قەدەرێک هۆشی هاتەوەبەر. بەخەمێکەوە کە لەدەربڕین نایەت سەیرێکی کردم و چاوانی لێکنا، پێموابوو هەمدیس بووراوەتەوە.

***

ماوەی چوار ڕۆژ نە بۆ قسەکردن و نە بۆ نانخواردن زاری هەڵنەهێنایەوە، وەک مۆمێک کوژابۆوە و توابۆوە. بەیانیی پێنجەمین ڕۆژ کە خەبەرم بۆوە و تەماشایم کرد، ترس دایگرتم. سەری دەتگوت ئێسکی کەللەسەرە، گۆنا و لێو و لاجانگەکانی بەقوولاچووبوون و لە پەنجەکانی هەر دەستێکی پێنج پارچە ئێسک مابوونەوە.

دەمم بردە لای گوێچکەیەوە و هاوارم کرد: "برا فرانسیسکۆس!" بەڵام ئەو گوێی لێم نەبوو. هەمدیس هاوارم کردەوە: "فرانسیسکۆسی ئازیز، باوکە!" بەڵام ئەو هیچ نەجووڵا. ئەوسا لەباوەشم گرت، جبەکەی دەتگوت توورەکەیەکی بەتاڵە و قاچیشی وەکو دوو تیرەدار لێوەی هاتبوونە دەرەوە.

بەجێمهێشت و بەهەڵەداوان خۆم گەیاندە پۆرتیۆنکولا.

گوتم: "ئەی ئەوانەی بڕواتان بەخودا هەیە، یارمەتیی، وا برا فرانسیکۆس دەمرێ!"

ئێلیاس سەری لەسەر ئەو دەسنووسە بەرز کردەوە کە تیایدا دەینووسی.

پرسی: "دەمرێ؟"

– "چوار شەو و چوار ڕۆژە ئەوەی پێی بگوترێ زاد نەچووە بەگەروویدا، نە نان و نە ئاو، ئیدی ئەمڕۆ گوڕی هەناسەدانیشی لە دەس داوە. وەرن و ڕزگاری کەن!"

ئێلیاس قەڵەمەکەی دانا و گوتی: "ئێمە چۆن بتوانین ڕزگاری کەین؟ گەر خودا بڕیاری دابێ بیمرێنێ، ئەوا ئێمە دەبێ چ بەرهەڵستییەک نەکەین و ناتوانین هیچی بۆ بکەین!"

بەنائومێدییەوە هاوارم کرد: "ئێوە دەتوانن! ئاخر ئەو خۆی بەرەو مردن دەچێ، ئەو خۆی دەیەوێ بمرێ، لەبەر ئەوەی ئێلیاس تۆ قانووننامەیەکی نوێت نووسی و ئەو ڕێگەیەت گۆڕی کە وی ڕابەرایەتیی دەکرد. ئەوە وەک ڕۆبردنی نەشتەرێک وابوو بەدڵیدا. ئیدی ئەو دەخوازێ بمرێ، برا ئێلیاس، ئەوەش گوناهی تۆیە، لەبەردەمی هەموو برایاندا دەڵێم خەتای تۆیە!"

ئێلیاس هەستایە سەر پێ و گوتی: "دەتەوێ من چ بکەم؟ بڵێ!"

– "ئەو کاغەزەی کە نووسیوتە، بڕۆ لەبەر چاوی فرانسیسکۆسدا بیدڕێنە. ئەو ئەمەی دەوێ، ئەو چاوەڕێی ئەوە دەکا تا بۆ ژیان بگەڕێتەوە. لەبەردەمی هەموو برایاندا دەڵێم: گەر تۆ ئەوە نەکەیت، ئەوا باوکە فرانسیسکۆس دەمرێ و تۆیش بکوژەکەیت!"

پێنج شەش برایەک لە دەورم کۆبوونەوە. چاومان بڕیبووە ئێلیاس و چاوەڕێ بووین. هەستم دەکرد هەموو ئەو برایانە لەگەڵ مندان و ئیدی منیش زیاتر دەنگم لێ بەرز دەکردەوە.

ئێلیاس کاغەزەکەی هەڵگرت و گوتی: " باشە، مەقیژێنە!"

وای گوت و پێڵاوەکانی لە پێ کردن و گۆچانەکەی بەدەستەوە گرت.

بەبێزارییەکەوە گوتی: "دەی بابڕۆین!" ئەوجا لای بۆ برایان کردەوەو گوتی: "برایان کەس لەو مێزە نزیک نەبێتەوە کە لەسەری دەنووسم. ئانتۆنیۆ، وریا بە!"

ئەو قوتابییە جحێڵە نزیک بۆوە.

بۆ ئەوەی کەس گوێی لێ نەبێ بەئەسپایی – بەڵام من گوێم لێی بوو – گوتی: "برا ئێلیاس، بەتەمایت چ بکەیت؟ دەتەوێ قانووننامەکە بدڕێنیت؟"

ئێلیاس هاوڕێیانە لێی ڕوانی و زەردەخەنەیەکی هاتێ.



گوتی: "ئارامبە کوڕەکەم، خۆم دەزانم چ دەکەم!"

کاتێ گەیشتینە کوختەکە و بەسەر ئەو حەسیرەدا دانەوینەوە کە فرانسیسکۆسی لەسەر ڕاکشاو و کاتێ جبەکەیمان بەرزکردەوە، خودایە چیمان بینی، هەردووکمان لە ترسا ڕاچڵەکین. ئەوەی بینیمان جەستەی ئینسان نەبوو، بەڵکو چنگێک ئێسک و کەللە سەرێکیش لە سەرەوەی. چاوانی ڕۆچووبوونە گلێنەکانیانەوە، جگە لە سمێڵ و ڕیش و برۆیەکی شەلاڵ بەخوێن، چ شتێکی تر بەڕوخسارییەوە نەمابوو.

ئازایەتیم دایە بەرخۆم و دەمم بردە لای گوێیەوە و گوتم: "برا فرانسیسکۆس، برا ئێلیاس هاتووە. گوێت لێیە؟ هاتووە تا کاغەزەکە، قانوننامە نوێیەکە بدڕێنێ. چاوانت بکەوە، برا فرانسیسکۆس چاوانت بکەوە و بنۆڕە!"

تۆزقاڵێک جووڵا. بەئاستەم دەنگێکی لێوە بیسترا، بەڵام پێڵووەکانی هەر داخرابوون. ئەوسا ئێلیاس دانەوێوە.

– "برا فرانسیسکۆس، ئەوە منم، ئێلیاسم، چاوانت بکەوە، بنۆڕە، گوێت لێیە؟ هاتووم بۆ ئەوەی دڵت بحەوێتەوە، قانووننامەکە دەدڕێنم!"

بەئەسپایی و بەهەوڵێکی زۆر فرانسیسکۆس چاوانی کردنەوە. دەتگوت پێڵووەکانی لەسەر یەک دووراون و نەدەکرانەوە. تەماشایەکی ئێلیاسی کرد، هیچی نەگوت و چاوەڕێ بوو.

ئێلیاس قانوننامەکەی لەبەر کۆشی دەرهێنا، کردییەوە و لەسەرخۆ ورد وردی کرد. لێو و گۆنای فرانسیسکۆس خوێنیان تێزایەوە.

گوتی: "برا لیۆن، وردە کاغەزەکان بخەرە ئاگرەکەوە!"

ئەوسا ڕووی کردە ئێلیاس.

– "ئێلیاس دەستتم بدەرێ."

ئێلیاس دەستی گرت. فرانسیسکۆس قەدەرێک لەنێو دەستیا هێشتیەوە و فرمێسک زایە چاوانی.

– "برا لیۆن، شتێکم بدەرێ بیخۆمەوە، گەر هەیە تۆزێک شیر."

***

هێور هێور و بەزەحمەت فرانسیسکۆس ژیانی تێهاتەوە، هەمدیس ژیانی دەس پێ کردەوە. هەنووکە دەمی دەکردەوە و نانی دەخوارد، لێوی دەجوولاند و قسانی دەکرد. دەیتوانی بەگاگۆڵکێ بۆ بەر دەرکی کوختەکە بچێ و لەوێ دانیشێ و خۆی بەهەتاو بدا. کە بارانیش دەباری، لەبەر ئاگرەکەدا هەڵدەتروشکا و بەخۆشحاڵییەوە گوێی بۆ باران ڕادەدێرا. دەتگوت یەکەمجارە گوێی لەدەنگی باران دەبێ. دەتگوت هەموو دڵۆپە ئاوەکانی جەستەی ڕژاون و جەستەی وشک هەڵگەڕاوە و هەنوکەش دڵۆپە بارانەکان دەڕژێنە جەستەی و ئاوی دەدەن، نەک هەر بەتەنێ دەڕژێنە جەستەیەوە، بەڵکو دەشرڕژێنە ڕۆحییەوە.

ڕۆژێکیان گوتی: "وەک یەک وەهان، برا لیۆن عەرد و ڕۆحی ئینسان وەکو یەک وان. هەردووکیان تینوویان دەبێ و ئیدی چاوەڕێی ئاسمان دەکەن تا خۆی بکاتەوە و تینوێتییان بشکێنێ!"

ڕۆژێکیان ئیگیدیۆ لە سەفەرێکی درێژ هاتەوە. وی یەکێک بوو لەو برایانەی کە فرانسیسکۆس زۆری خۆشدەویست. فرانسیسکۆس باوەشی پێداکرد و ماچی کرد، فرانسیسکۆس دەیگوت بۆیە خۆشمدەوێ چونکە بەحیرسەوە چاوانی لە ئاسمان بڕیوە. ئێگیدیۆ لەسەر عەردەکە دانیشت و بەپێکەنینەوە کەوتە گێڕانەوەی هەموو ئەو شتانەی کە لە گوندەکان بینیبووی و ئەزموونی کردبوون. هەندێک لە گوندنشینەکان بەشێتیان زانیوە و هوهایان لێ کێشاوە، هەندێکی تریش بەپیاوێکی قەدیسیان زانیوە و سوژدەیان بۆ بردووە. بەڵام ئەم هاواری کردووە: (من نە پیاوێکی قەدیسم و نە شێت، بەڵکە گوناهبارێکم کە باوکە فرانسیسکۆس ڕێگەی ڕزگاربوونی پیشان داوم و ئیدی منیش پێڵاوەکانم داکەندوون و بەپێی پەتیی ڕێگەکەیم گرتۆتەبەر.)

زەمیلەیەکم بەدەستەوە گرت کە هەنجیر یان فستق یاخۆ گەر ئەوانەم دەسنەکەوتبان، گوڵە کێویلەم تێدەکرد و خۆم بەگوندەکاندا دەکرد و هاوارم دەکرد: (ئەوەی زللەیەکم لێ بدا هەنجیرێکی دەدەمێ، ئەوەی دوو زللەم لێ بدا، دوو هەنجیری دەدەمێ.) ئیدی هەمووان بەڕاکردن دەهاتنە پێشێ و لێیان دەدام و زەمیلەکە بەتاڵ دەبوو. منیش خۆشحاڵ و بەشوکرانەبژێرییەوە دەڕۆیشتم تا زەمیلەکە پڕ کەمەوە و ڕوو لە گوندێکی تر بکەم."



فرانسیسکۆس گوتی: "بەرەکەتی منت لێ بێ برا ئیگیدیۆ، من خۆشمدەوێی!"

– "برا فرانسیسکۆس هەروەها قەدیس (بۆناڤێنتورا)(*)شم بینی. وی ڕێگەیەکی تری گرتۆتەبەر، ئەو پێیوایە مەعریفەت یارمەتی ئینسان دەدا بۆ ڕزگاربوون. چووم بۆ لای و لێمپرسی: (باوکە دەتوانرێ هەردوولامان ڕزگار بکرێین، خوێنەوارو نەخوێنەوار؟) وەڵامی دامەوە: (براکەم بەدڵنیاییەوە دەتوانین.) لێمپرسی: (ئاخۆ گوناهبارێک دەتوانێ بەهەمان شێوەی خوێنەوارێک خودای خۆش بوێ؟) باوکە دەزانیت چی وەڵام دامەوە؟ کاتێ وەڵامەکەی دەبیەیت، دڵت دەبێتە باخچە. گوتی: (پیرێژنێکی نەخوێنەوار دەتوانێ زۆر باشتر لە زانایەکی ئایینیی خودای خۆش بوێ!) برا فرانسیسکۆس کە ئەوەم بیست، ڕامکردە دەرەوە و ڕێگەکانم تەی دەکرد و وەک جارچییەک هاوارم دەکرد: (مناڵەکانم گوێ ڕادێرن بزانن بۆناڤێتورای زانا چ دەڵێ: ئەو دەڵێ پیرێژنێکی نەخوێنەوار دەتوانێ زۆر باشتر لە بوناڤێنتورای زانا خودای خۆش بوێ!)"

فرانسیسکۆس زەردەخەنەی هاتێ و هەمدیس گوتی: "بەرەکەتی منت لێ بێ برا ئێگیدۆ، گەر یەکێک دڵت بکاتەوە، ئەوا دەبینێ کە قانوننامە ڕاستەقینەکە بەپیتی سوور لەوێدا نووسراوە!"

ئیتر ئاوها ناو بەناو هاوڕێ دێرینەکان دەهاتن بۆ لای و دڵیان دەدایەوە. زیاتر لە نان و شیر، هێزی خۆی لە ئەڤینی ئەوانەوە هەڵدەمژت.

ڕۆژێکی تر برا ماسیۆ هات. چەپکێک گوڵەگەنمی گەییوی پێبوو، هێنابووی تا گەنمەکانی لەسەر ئاگر ببرژێنێ و بیداتە فرانسیسکۆس بیخوا.

فرانسیسکۆس بەنیگەرانییەوە لێی پرسی: "ئەم گوڵەگەنمانەت لە کوێ هێناوە؟ من دەزانم تۆ لە بری کاری باش، کارێکی خەراپت کردووە. ڕەنگبێ بازتدابێتە کێڵگەی نەناسیاوێکەوە و ئەم گوڵەگەنمانەت لەوێ هەڵپچوڕقاندبێ!"

ماسیۆ پێکەنی.

(*) یەکێک لە پێشەوا تیۆلۆگەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، وەک فەیلەسوف و سۆفییەک ناسراوە و دواتر ڕابەرایەتی فرقەی فرانسیسکۆسییەتی کرد. بەدکتۆر "سێراپهیۆس"یش ناسراوە. وەرگێڕی سوێدی

– "برا فرانسیسکۆس، ئاوها گومانم لێ مەکە، نا نەمدزیوە. بەڵکو لە ڕێگە، ژنێکی کورتەبالآم بینی کە گورزێک گوڵەگەنمی پێبوو. لێی پرسیم: (قەشە، ئەوە دەچیت بۆ کوێ؟ تۆیش سەر بەوانیت؟) گوتم:

(سەر بەکێ؟) گوتی: (سەر بەبرایانی ئەو فرانسیسکۆسە داماوە؟) گوتم: (باش بۆی چوویت، باشە چۆنت زانی؟) گوتی: (ئاخر لەبەرئەوەی جبەکەت هەزار کونی تێ بووە و بەپێی پەتیی ڕێ دەکەیت و پێدەکەنیت وەک ئەوەی یەکێک ختوکەت بدا!) وەلآمیمدایەوە: (ئاخر ئەوە خوداوەند ختوکەم دەدا، بۆیە پێدەکەنم. گەر تۆیش لەخوداوەند نزیک بیتەوە، ئەوا تۆیش پێکەنین دەتگرێ!) ژنەکە گوتی: (ئاخر من کاتی ئەوەم نییە، من مێردم هەیە و مناڵم هەیە و ناتوانم بەپێی پەتی بەسەر بەرددا بڕۆم، دەی کەواتە لێم گەڕێ. بەلآم تەنها دەمەوێ داوایەکت لێ بکەم!) ئەوسا گورزە گوڵە گەنمەکەی لە کۆڵی داگرت، چەپکێکی لێ دەرهێنا و بۆی ڕاگرتم.

گوتی: (دەزانم ئێستا ئەو برسێتی. من هەژارم، ئەم گوڵەگەنمانەی بدەرێ و سلآوی ئەم ژنە هەژارەی پێبگەیەنە!)

فرانسیسکۆس گوڵە گەنمەکانی لەباوەش گرت.

– "ئەمە نانی فریشتانە برا ماسیۆ، نانی سواڵە. خودا ئەو ژنە چکۆڵەیەش بەتاجێکی گوڵەگەنم لەسەر سەر بخاتە بەهەشتەوە!"

ماسیۆ نزیکی ئاگرەکە بۆوە و کەوتە پرواندنی گوڵە گەنمەکان تا گەنمەکەی ناویان دەربێنێ و پاشان بیبرژێنێ.

گوتی: "برا فرانسیسکۆس، هەروەها شتێکی تریش هەبوو حەزم کرد پێت بڵێم، بەلآم دڵگران مەبە، دەتوانم پێت بڵێم؟"

– "بڵێ برا ماسیۆ، ئازاد بە!"

– "بەلآم ئاخر پێموایە ئەوەی کردوومە شتێکی شێتانەیە و تووڕەت دەکا!"

– "برا ماسیۆ، شێتێتیی ئەو خوێیەیە کە ناهێڵێت ئەقڵ بۆگەن کا. ئاخۆ بیرت نایە من چۆن ڕێگەکانم لەپێوە دەدان و هاوارم دەکرد: گوێ بۆ ئەم شێتێتییە نوێیە ڕادێرن؟ دەی کەواتە بدوێ!"

– "برا فرانسیسکۆس بۆ هەر شوێنێک دەچم، ناوی تۆ بەسەر هەموو زارانەوەیە.



هەمووان دەیانەوێ ڕێگە لە پێوە بدەن و بێن دەستت ماچکەن. ڕۆژێکیان کۆنتێکی لەخۆبایی لێی پرسیم: (ئەرێ مەسەلە چییە؟ من جارێک ئەو فرانسیسکۆسە بەناوبانگەم بینیوە، وی نە کەسێکی خوێنەوارە، نە شمشێری پێیە، نە خانەدانزادەیە، جگە لەوانەش، ئەو کەسێکی چرچنی دەموچاو ناشیرین و تووکنە. باشە بۆچی هەموو خەڵکی دەخوازن بیبینن؟ من لەو نهێنییە تێناگەم!"

فرانسیسکۆس بەپێکەنینەوە گوتی: "ئەی تۆ چیت وەلآم دایەوە؟"

– "ئاخر برا فرانسیسکۆس شێتێتییەکەی من ئا لێرەوە دەس پێ دەکا. پێمگوت: (بۆچی هەموو خەڵکی دەخوازن بیبینن؟ ئا، لەبەر ئەوەی بۆنێکی لێ دێ کوتومت وەک بۆنی ئاژەڵی دڕندەی دارستان، بۆنێکی سەیر، ئەوەی ئەو بۆنەی بچێ بەسەردا گێژ و کاس دەبێ!)

کۆنتەکە گوتی: (ئەوە چ بۆنێکە؟) وەلآمیمدایەوە: (بۆنی تەقوای قەدیس، بۆنی قەداسەت!)

ئەدی برا فرانسیسکۆس، ڕاستم وەلآم داوەتەوە؟"

فرانسیسکۆس گوتی: "نا، نا، برا ماسیۆ، جارێکی تر شتی وەها مەڵێرەوە. چییە دەتەوێ پاڵم پێوە بنێیتە دۆزەخەوە؟"

– "ئەی چۆن وەلآم بدەمەوە؟ هەموو خەڵکیی پرسیارم لێ دەکەن؟"

– "بڵێ: دەزانن بۆچیی هەمووان دەخوازن ڕاکەن بەدوایدا؟ لەبەرئەوەی لە هەموو دونیادا ناشیرینێکی تر، گوناهبارێکی تر، ناچیزەیەکی تر لە وێنەی ئەو نییە. ڕێک هەر لەبەر ئەوەشە کە خوداوەند ئەوی هەڵبژاردووە تا جوانیی و دانایی و ترادیشۆنەکانی پێ شەرمەزارکا! برا ماسیۆ، دەبێ ئەمجارە وا بڵێیت، دۆعای خێری منت لەگەڵ بێت!"

ماسیۆ سەری خوراند، دزە نیگایەیەکی بۆ کردم، وەک ئەوەی پرسیارم لێ بکا قسەیەک هەیە، بیکا یان نا.

گوتم: "برا ماسیۆ چی لەسەر زارتە بیڵێ و ئیدی ئەوەندە سەرت مەخورێنە!"

– "ئا، برا فرانسیسکۆس، تەنێ شتێکی تر ماوە، پێتدەڵێم و ئیدی دەڕۆم. ڕاستییەکەی هەست بەو بۆنە دەکەم کە لە تۆوە دێ، بۆنی میسک و گوڵەباخ، نازانم

بۆنی کامیانە. لە دووری میلێکەوە، بەبۆنەکەتا دەزانم لە کوێیت، ئەلعان هەر بەو بۆنەشدا تۆم دۆزییەوە و بەرەو ئەم کوختە هاتم."

***

خۆمان ئامادە دەکرد تا لە پۆرتیۆنکولا بڕۆین. ئیدی فرانسیسکۆس پەرۆشی ئەوە بوو خۆی تەواوێک گۆشەگیر بکا و خۆی لە ئەشکەوتی چیایەکدا وەشارێت و هاواری خودا بکا. ئاخر ئەو لە جەنگین لەگەڵ خەڵکدا شەکەت ببوو.

گوتی: "من بۆ ئەوە خوڵقاوم تا وەک کەسێکی گۆشەگیر، وەک ئاژەڵێکی کێویی بژیم. ڕێک هەر لەبەر ئەمەش بوو کە خوداوەند ئەمری پێ کردم تا بچمە دەرێ و پەیڤەکانی وی بەخەڵکیی ڕاگەیەنم. ئاخر خودایە چییان پێ بڵێم؟ تۆ دەزانیت من نازانم بدوێم. من بۆ ئەوە لەدایک بووم تا هەر گۆرانیی بچڕم و بگریم!"

چەند ڕۆژێک بەرلەوەی بکەوینەڕێ، باوکە سیلڤێستێر لەگەڵ پێنج کەس لەهاوڕێ دێرینە ئیماندارەکانماندا هات بۆ کوختەکە. ئەوانیش بێرناردۆ، پێیترۆ، ساباتینۆ، ڕوفینۆ و ئیرێنۆ بوون. فرانسیسکۆس بۆڵە ترێیەکی بەدەستەوە و بەسەرسامییەوە سەیری دەکرد. پیرەمێردێک ئەو بۆڵە ترێیەی لە بەرچنەترێی بارکردووی سەر گوێدرێژەکەی دابووپێی، لەوێوە تێپەڕی و دەچوو بۆ ئاسیزیی تا لەوێ ترێکەی بفرۆشێ. وا ئەلعانیش فرانسیسکۆس بۆڵە ترێکەی گرتبوو بەدەستەوە و بەسەرسوڕماویی تەماشای دەکرد.

گوتی: "برا لیۆن، ئەمە چ موجیزەیەکە؟ ئینسان چەند هەست سز و کوێرە کە ناتوانێ ئەم موجیزانە ببینێ کە بەردەوام و هەموو ڕۆژێک ڕوودەدەن! خودایە بۆڵە ترێیەک چ نهێنییەکی گەورەی لەخۆدا حەشارداوە! ئینسان دەیخوا و دەبووژێتەوە، بەڵام کە دەیگوشێ و دەیکاتە شەراب و دەیخواتەوە، ئەقڵی دەکەوێتە هەڵنوتان، هەندێ جار ئینسان پڕدەکا لە ڕۆحی ئاشتیخوازانەی خوداوەند، ئامێزی دەکاتەوە و هەموو دونیا لەباوەش دەگرێ. هەندێ جاری تریش ئینسان شێتگیر دەکا و چەقۆی پێ دەردەکێشێ و قەتڵی پێ دەکا!"

هەر ڕێک لەو کاتەدا باوکە سیلڤێستێر و برایان گەیشتن. هەمووان کڕنۆشیان برد و دەستی فرانسیسکۆسیان ماچ کرد.



باوکە سیلڤێستێر گوتی: "برا فرانسیسکۆس، هاتووین تا بەرەکەتمان بدەیت. ئێمە دەمانەوێ بچینە دەرێ و ئەو پەیڤانەی خوداوەند بەخەڵکی ڕاگەیەنین کە تۆ بەئێمەت ڕاگەیاندوون."

– "براینە، بۆ کوێ دەچن؟"

– "بۆ هەر جێگەیەک خوداوەند ڕێنوێنیمان کا برا فرانسیسکۆس. ئەدی هەموو عەرد کێڵگەی مەسیح نییە؟ ئێمە دەڕۆین و تۆو دەکەین!"

فرانسیسکۆس دەستی نایە سەر سەری برایان.

– "براینە بڕۆن بەرەکەتی منتان لەگەڵ بێ. گەر دەتوانن بە وشە پەیڤی خوداوەند بەخەڵکی ڕابگەیەنن، بەر لە هەموو شتێک بەژیانتان و بەکردەوەتان ئەو پەیڤە ڕابگەیەنن. ئاخۆ چ وشەیەک لە هەموو شتێک بالاترە؟ هەڵبەت کردەوە. ئەی چ کردەوەیەک لە هەموو شتێک بالاترە؟ هەڵبەت بێدەنگیی. براکانم، بەسەر هەموو ئەو پێپلیکانانەدا سەرکەون کە دەتانباتەوە لای خوداوەند. بەوشە پەیڤی خوداوەند بەخەڵکیی ڕاگەیەنن، پاشان بەکردەوە. کاتێکیش تەنیا دەکەونەوە، بەو بێدەنگییە پیرۆزە پەیڤی خوداوەند ڕابگەیەنن کە خوداوەندی لەخۆگرتووە!"

بێدەنگ بوو. قەدەرێک تەژی لە خۆشەویستیی لە یەکە بەیەکەی برایانی ڕوانی. دەتگوت بۆ شەڕ دەڕۆن و ئەمیش دڵنیا نییە ئاخۆ هەمدیس دەیانبینێتەوە یان نا.

ئەوجا بەهەناسە هەڵکێشانەوە گوتی: "دڵی ئینسان ڕەقە، بەڵام مەترسن خوداتان لەگەڵە. هەموو جارێک کە ڕاودەنرێن، بڵێن: (ئێمە هاتووین بۆ ئەم دونیایە تا عەزاب بچێژین، بۆ ئەوەی بمرێنرێین و سەرکەوین!) لە چی دەترسن؟ لە کێ دەترسن؟ ئێوە لەکەس ناترسن. ئەوی هاموشۆی لەگەڵ خوداوەنددا هەبێ، سێ دیاریی گەورە بەدەس دێنێ: دەسەڵاتی تەواو بەبێ قودرەت، سەرخۆشیی بەبێ شەراب، ژیان بەبێ مردن!"

برایان لە فرانسیسکۆسیان ڕوانی و بەئارامیی خوداحافیزییان لێ کرد، کەس زاری هەڵنەهێنایەوە.

فرانسیسکۆس گوتی: "براکانم، منیش ڕێگەی خۆم دەگرمەبەر. دەڕۆم و پەیڤی ڕزگاریی بەبەردەکان ڕادەگەیەنم، دەڕۆم و پەیڤی خودا بەگوڵە کێویلە و بەپونگەی

چیا ڕادەگەیەنم. وا ڕۆژی ئاخیرەت نێزیک دەبێتەوە، برایان با پەلە بکەین. ئاخر کاتێک ئەو ڕۆژە دێ، دەبێ هەموو ئینسان و هەموو ڕەوە ئاژەڵ و هەموو تەیر و هەموو گاشەبەرد و هەموو گژوگیاکان ئامادەبن. لەبەر ئەوەی برایان، هەموو شتێک کە ئەنگۆ دەیبینن، هەموو عەرد پێویستە ئامادەی هەڵگژان بێ بەرەو ئاسمان. براکانم، پێتانوایە بەهەشت چییە؟ بەهەشت هەر هەمان ئەم ئەرزەیە، بەڵام ئەرزێکی پاقژ و بێگەرد!"

بێرناردۆ گوتی: "برا فرانسیسکۆس، خودا بکا هەموو ئەرز شوێنپێی ڕێگە ڕاستەکەی تۆ هەڵگرێ."

جەنابی پیێترۆ دانەوێوە و دەستی لە ئەژنۆی فرانسیسکۆسەوە دا.

– "برا فرانسیسکۆس، پرسیارێک هەیە ماوەیەکی زۆرە گینگڵی پێوە دەدەم و ناشەمەوێ لێت جیابیمەوە تا وەڵامێک لەو بارەیەوە لەزاری تۆوە نەبیستم. برا فرانسیسکۆس، تا چەندێکی تر فیرقەکەمان بەڕێگە ڕاستەکەی تۆدا دەڕوا؟"

فرانسیسکۆس وەڵامی دایەوە: "تا ئەو کاتەی بەپێی پەتیی دەڕوا!" وای گوت و بێدەنگ بوو.

هەمووکمان بێدەنگ بووین. سەرەنجام باوکە سیلڤێستێر هەستایە سەر پێ و گوتی:

– "برا فرانسیسکۆس، خۆر لە ئاسماندا بەرزبۆتەوە، خوداحافیز!"

فرانسیسکۆس خاچی کێشا و وەڵامی دایەوە: "بەرەکەتی منتان لەگەڵ بێ!"

***



## دە

فرانسیسکۆس بەبرایانی گوت خوداحافیز، دانەوێوە و بەر دەرگاکەی پۆرتیۆنکولای ماچکرد، پاشان نیگا فرمێسکاوییەکەی بڕییە هەموو شتێک. خواحافیزیی لە درەخت و تەیر و برا نەمامە خۆنەویستەکانی کرد، خوداحافیزیی کرد لە درک و پونگە و هەموو ئەرزە گوڵە کێویلە و جۆرە تەڵانێکی چکۆڵە کە لە دەوروبەری دایکە پیرەکەمان، پورتیۆنکولا ڕوابوون.

گوتی: "دەی برا لیۆن بەناوی خودا!" وای گوت و چووینە دەرێ.

لێمپرسی: "برا فرانسیسکۆس، بیرت کردۆتەوە بچین بۆ کوێ؟"

وەڵامی دامەوە: "بۆچی بیر لەوە بکەینەوە؟ خودا ئەوە دەکا، ئەوەش بەسە. ئاخۆ تۆ ئەو گوڵە زەردە پرشنگدارانەت نەبینیون کە لەخۆر دەچن؟ ئەوانە ڕێک سەر بەرەو لای خۆر هەڵدەبڕن و گوێڕایەڵانە ڕوخساریان بەرەو ئەو لایەدا وەردەگێڕن کە خۆری بۆ دەچێ. برا لیۆن ئێمەیش هەر واین، لێگەڕێ سەرمان ڕووەو خودا هەڵبڕین!"

هاوین خەریکبوو کۆتایی دەهات. ئەرز خەنیی و خۆشحاڵ وەک ژنێکی زەیستان دەحەوایەوە. کێڵگە درەوکراوەکان و ڕەزە ڕنراوەکان هێشتا دەبریسکانەوە و هێشتا لەنێو گەڵای دارسێو و پرتەقاڵەکاندا، پەڕەسێلکەی زۆر بچووک و ڕەشی سەوزباو، چاوەڕێ بوون قوڵینگەکان بێن و بەباڵەکانیان بیانبەن. ئاسمان بەڕووپۆشێکی تەنک و نەرم پۆشرابوو، پێدەچوو باران لەچیاکانەوە بەڕێوەبێ. ئەرز بۆنێکی خۆشی لێ هەڵدەسا.

فرانسیسکۆس قووڵ هەوای هەڵدەمژت. من دەمبینی هەمدیس ڕوخساری ئارامییەکەی خۆی بۆ دەگەڕێتەوە. بە بەرزاییەکدا داگەڕاین و پاڵمان بەدیواری ڕووخاوی بورجێکی کۆنەوە دا. من بۆ خوارەوە لە دەشتەکەم دەنۆڕی. خودایە چ ئارامییەک بوو، چ نەشئە و چ لەزەتێک بوو! ئینسان هەستی دەکرد کە ئەرز ئەرکی سەرشانی خۆی بەتەواوەتی بەجێ هێناوە و ئەلعانیش دەحەوێتەوە.

فرانسیسکۆس لای بۆ کردمەوە و گوتی: "برا لیۆن، ئەیکۆنێکی پیرۆزم بیردێتەوە کە جارێکیان لە (ڕاڤێننا) بینیم. خاچپەرستەکان ئەو ئەیکۆنەیان وەک تالانیی لەخۆرهەڵاتەوە بۆ وڵات ناردبۆوە. ئەو سەربازانەی خودا ڕۆیشتبوون تا مەرقەدی پیرۆز ڕزگارکەن، گەیشتبوونە کوستانتینیە و لەوێ بەجوانیی ئەو شارە سەرسام ببوون و کەوتبوونە ژێر سیحری سەروەت و سامانەکەیەوە. ئیدی مەسیحیان بیرچووبۆوە و خۆیان بەسەر شارەکەدا دابوو، کەوتبوونە قەتڵوعام و سووتاندن و تالانکاریی و پاشان بەدەسکەوتەکانیانەوە بۆ وڵات گەڕابوونەوە. ئەو ئەیکۆنە دەگمەنە خەونی مەریەمی پاقیژەی نومایش دەکرد. ئەو ئەیکۆنە یەکێک بوو لەو شتە تالانکراوانەی کە بۆ ڕاڤێننایان هێنابۆوە. خودایە، برا لیۆن ئەو ئەیکۆنە چ موجیزەیەک بوو! دایکی مەسیح لەنوێنەکەیدا ڕاکشابوو، دەستی بەنیشانەی خاچ داناو و زەردەخەنەیەکی بەختەوەرانە هەموو ڕوخساری پۆشیبوو. ڕووپۆشێکی وەنەوشەیی بەسەرەوە و دەستەکانی داخوراو و چرچ و لۆچ بەئیشوکاری ناو ماڵ، گۆنای ژاکاو و پای بریندار بەبەرد و دڕک و داڵ، بەڵام زەردەخەنەیەک، کە وەک بڵێی هەڵگۆزراوی شادومانییەکی نهێنیی ناخیی بێ، کەوتبووە سەر لێوی و بەسەر هەموو ڕوخساریدا پەخش ببوو. ئاخر وی ئەرکەکانی سەر شانی بەجێهێناو و ئارام و هێور ڕاکشابوو. باشە کام ئەرک؟ ئەرکی خستنەوەی ڕزگارکەری دونیا. ئەلعانیش برا لیۆن، کاتێ لەم دەشتە تەژی بەئارامییە دەنۆڕم کە بەری خۆی داوە، وا دێتە بەرچاوم کە ئەرزیش وەک مەریەمی پاقیژە، بەهەمان شێوە پاییزان بحەوێتەوە!"

چەندین ڕۆژ و چەندین هەفتە بەڕێوەبووین. بەرەو کوێ؟ بۆ ئەو شوێنەی خوداوەند دەیویست. فرانسیسکۆس نەدەچووە ژێر باری ئەوەی هەر جۆرە وادە و جێگەیەک دەسنیشان کا، ئیدی وەک گوڵە زەردەکە شوێنپێی ڕوخساری خوداوەندی هەڵدەگرت.

گوتی: "چ بەختەوەرییەکە خاوەن چ هەڵبژاردنێک نەبیت. چ بەختەوەرییەکە کە چیدی پێویستت بەوە نەبێ بڵێی من، چ پێویستت بەوە نەبێ بیر لەوە بکەیتەوە کە فڵان کێیە و ناوی چییە و ئیدی لێوانلێو لە متمانە، خۆت بسپێریتە (با)ی خودا! ئەمەیە پێی دەگوترێ ئازادیی! باشە ئەدی کێ ئازادە؟ برا لیۆن گەر کەسێک ئەو




پرسیارەت لێ بکا، تۆ چیی وەڵام دەدەیتەوە؟ ئەوەی کە کۆیلەی خوداوەند؟ ئیدی هەموو جۆرە ئازادییەکانی تر کۆیلایەتین!"

ڕۆژێکیان لە گوندێک لامان دا. فرانسیسکۆس زەنگۆڵەی بزنەکەی هێنایە زرنگە. جوتیارەکان کۆببوونەوە، ژن و پیاو هاتن و گوێیان ڕادێرا. ئەوان دەیانزانی ئەو پیاوە پا پەتییە کێیە، دەنگوباسی ئەو موجیزانەی کردبووی و ئەڤینی بۆ هەژاریی، بۆ خاتوونی دڵەکەی گەیشتبوونە ئێرەش. فرانسیسکۆس چووە سەر بەردێک.

گوتیی: "براکانم، لەبارەی چییەوە وەعزتان بۆ بدەم؟ چۆن دەتوانم ئەو ڕێگەیەتان پیشان دەم کە دەچێتەوە سەر بەهەشت؟ ئێستا ئێوە خۆتان لەسەر ئەو ڕێگەیەن، لەبەر ئەوەی ئێوە خەڵکانی هەژار و ساکار و نەخوێنەوار و ئیشکەرن، تا ئەو ڕادەیەی کە خودا دەیەوێ."

فرانسیسکۆس لەقسان ڕاوەستا. بەسەر سەربانەکانی ئەو دەوروبەرەوە و لە نێو داروپەردووی بورجە داڕووخاوەکەدا، پەڕەسێلکەکان کۆببوونەوە و گوێیان ڕادەدێرا، دردۆنگ بوون و پێدەچوو خۆیان ئامادەی ڕۆیشتن کردبێ و چاوەڕێی بای گونجاو بن. دەیانچریکاند و کەوتبوونە باڵەفڕێ، بەپۆل دادەبەزین و بەدەورانداوری فرانسیسکۆسدا دەنیشتنەوە.

فرانسیسکۆس لەحەژمەتا هاواری دەکرد. زۆری لەخۆی دەکرد دەنگی بەسەر چریکەچریکی پەڕەسێلکەکانی دەوروبەر و ژوور سەریدا زاڵ کا.

هاواری کرد: "براکانم، ئەم ژیانەی سەر ئەرز خەونێکی فریودەرانەیە، ژیانە ڕاستەقینەکە، ژیانە ئەبەدییەکە لە ئاسمان چاوەڕێمان دەکا. سەیری ئەرز مەکەن، بەڵکو ڕوانینتان بۆ سەرەوە هەڵبڕن. براکانم ئەو قەفەسە بکەنەوە و لێیەوە بفڕنە دەرێ کە لەوێدا ڕۆح بەدەنووکە خوێناوییەکەی لە هەوڵی کردنەوەیدایە!"

هاواری دەکرد، دەنگی دەنووسا، پەڕەسێلکەکان لێ نەدەگەڕان دەنگی ببیسترێ، پۆلە پەڕەسێلکەی تر دەنیشتنەوە، دەیانچریکاندو لێ نەدەگەڕان دەنگی ببیسترێ. فرانسیسکۆس ئاوڕی بۆ دەدانەوە و بەدەنگێکی تەژی لە میهر و سۆز و پاڕانەوە دەیگوت:

– "برا پەڕەسێلکە گچکەکانم، لێتان دەپاڕێمەوە بهێڵن منیش بدوێم! ئێوە کە

لەگەڵ بەهاردا دێنە دونیا، ئێوەی پەیام هەڵگرە جوانە چکۆڵەکانی خوداوەند، بۆ ساتێک باڵەکانتان لێک نێن، لە بازنەیەکدا بەئارامیی ڕیز بەستن و گوێڕادێرن، بەبێدەنگیی لە سەربانەکان ڕیز بەستن و گوێ ڕادێرن. ئاخر ئێمە لێرەدا لەبارەی ئەو خودایەوە دەدوێین کە پەڕەسێلکەکان و بەشەری خوڵقاندووە، لەبارەی خودا هاوبەشەکەمانەوە دەدوێین. پەڕەسێلکە چکۆڵەکانم گەر خوداتان خۆشدەوێ، گەر وەک برایەکی خۆتان منتان خۆشدەوێ، ئەوا بێدەنگ بن! من سەرنج دەدەم کە ئێوە خۆتان بەرەو سەفەرە درێژەکەتان، بەرەو عارەبستان ئامادە کردووە، خودا ئاگادارتان بێ، بەڵام بەر لەوەی بەڕێکەون، باشترە گوێ لە پەیڤەکانی خودا ڕادێرن."

کاتێک پەڕەسێلکەکان گوێیان لە قسەکانی فرانسیسکۆس بوو، باڵەکانیان لێکنا، بێدەنگ و ڕێکوپێک بەدەوریدا ڕیز بوون و لەسەر شانی نیشتنەوە. هەمووان چاوە چکۆڵە گردەکانیان بڕیبووە پەیڤگۆی خودا کە دەدوا. تەنها ئەوەندە نەبێت کە ناو بەناو شادومانییەکی ڕووت دەیخستنە باڵەفڕە و دەتگوت پەرۆشی ئەوەن بەرەو ئاسمان لە شەقەی باڵ بدەن و بفڕن.

کە جوتیارەکان ئەو موجیزەیەیان بینی، ژن و پیاو بەسەر پێی فرانسیسکۆسدا کەوتن.

ژنان هاواریان دەکرد: "ئێمەیش ببە، ئێمە چیدی پەرۆشیی ماڵ نین، دەسبەرداری ماڵ و مێرد دەبین، دەمانەوێ بچین بەرەو شانشینی بەهەشت. حەز دەکەین ئێمەیش بەپێی پەتیی بڕۆین و جبە بپۆشین و شوێن پێت بەرەو مردن هەڵگرین!"

پیاوانیش پێی فرانسیسکۆسیان ماچ دەکرد و هاواریان دەکرد: "ئێمەیش چیتر ژنەکانمان ناوێ، نامانەوێ چیتر عەردەکانمان بکێڵین، ئێمەیش دەمانەوێ بێین بۆ شانشینی بەهەشت. برا فرانسیسکۆس بمانبە!"

فرانسیکۆس هەڵدەلەرزیی. ئەدی باشە چیی لێ کردبان؟ بۆ کوێی بردبان؟ چۆناوچۆنیی خواردنی دابان؟ ئاخر چیی بەسەر دونیادا دێ گەر هەمووان ببنە قەشە و ڕاهیبە؟

گوتی: "براکانم، حەز دەکەم شتێکی تریش بڵێم. تەنێ یەک ڕێگە نییە کە دەچێتەوە ئاسمان. تەنێ ئەو ڕێگەیە نییە کە قەشەیەک بێ ژن و بێ نان و بێ گەرمایی ئاگر



دەیگرێتەبەر، بەڵکو ڕێگەیەکی تر هەیە کە مەسیحییەکی هاکەزایی و میهرەبان دەیگرێتەبەر، ژن دێنێ و منداڵ دەخاتەوە و نەسلی ئینسان لەسەر ئەرز بەهێز دەکا. ئەوە نە شتێکی ڕاستە و نە خوداش پێیخۆشە کە عەرد نەکێڵرێ و تۆو نەکرێ، کە ژنان منداڵ نەخەنەوە. خودا بۆ ئێوە کە لەسەر ئەم ئەرزە دەژین، هاوئامێزیی بێگەرد و نان و ئاگردان و ئاخاوتنی ئارامانەی خوڵقاندووە! سوێند دەخۆم درێژەدان بەم ژیانەی ئێستاتان دەتانگەیەنێتە بەر دەرگای بەهەشت!"

هەندێک لە جوتیارەکان بەبیستنی ئەو قسانە تووڕە بوون.

– "تۆ ئاگرێکمان بۆ دەکەیتەوە و پاشانیش هەوڵ دەدەیت بیکوژێنیتەوە. گەر ئەو قسەیەی یەکەمجارت ڕاستە کە ئێمە بۆ ئەوەی ڕزگار بین دەبێ ڕوو لەدونیا وەرگێڕین، ئەوا لەگەڵ خۆتمان ببە، خۆ گەر ڕاستیش نییە، ئەوا لێمانگەڕێ و بەڕێی خۆتا بڕۆ!"

ژنان زیاتر تووڕە ببوون.

هاواریان دەکرد: "قەشە، ئەوە شتێکی حەق و شەرافەتمەندانە نییە! بتەوێ و نەتەوێ ئێمە لەگەڵت دێین! ئاخۆ ئەدی ژنانیش ناچنە بەهەشت؟ ئەی مەریەمی پاقیژە چۆن دەچێتە بەهەشت؟ دەی ئێمەیش دەمانەوێ بچینە بەهەشت!"

فرانسیسکۆس نائومێدانە دەستی بەیەکدا دەماڵی و لێیان دەپاڕایەوە.

– "ڕاوەستن! ڕاوەستن تا دەگەڕێمەوە. یەکەمجار ئەوەی هەتانە بەسەر هەژاراندا دابەشی کەن، وەک ژن و پیاو پێکەوە بەحیشمەتەوە بژین، کوفر مەکەن، هەڵمەچن، ڕۆژانە سێ جار کڕنۆش ببەن و پێکەوە فەرزی نوێژ بەجێ بێنن. منداڵەکانم، ئەوە پێویستی بەئامادەیییەکی درێژخایەن هەیە، ئێوە خۆتان ئامادەکەن و من دەگەڕێمەوە بۆ لاتان!"

ئەوجا بەهەنگاوی گەورە لە گوند چووە دەرێ و هەمدیس هاواری کرد: "دەگەڕێمەوە!"

منیش بەپەلە دوای کەوتم، لەدواوە گوێم لە ژنان بوو کەوتبوونە جنێودان.

– "هەی کەڵەکچییانە، درۆزنانە، کەڵەگاینە، تاوانبارینە!"

وایان گوت و ئیدی یەکەمین بەرد هاوێژرا، بەڵام ئێمە دوور کەوتبووینەوە و چیدی

گوندەکە نەدەبینرا. ئەوسا ڕاوەستاین تا بحەوێینەوە.

ئازایەتیم دایە بەرخۆم و گوتم: "برا فرانسیسکۆس، وابزانم ئێمە ناحەقین. ئینسان کە لەگەڵ یەکێکدا دەئاخڤێ، پێویستە زیاتر لەتوانا و حەوسەڵەی ئەو کەسە، قسانی بۆ نەکا. ئیتر لەوە زیاتر دەچێتە خانەی هەوا و هەوەسی شەیتانەوە!"

فرانسیسکۆس لەفیکرەوە چوو، لەسەر بەردێک دانیشت. وەڵامی نەدامەوە، خەیاڵاتی سەرگەرمی کار بوو، چونکە دەمارەکانی لاجانگە و نێوچەوانیم دەبینی کە دەئاوسان. بەرامبەری دانیشتم و چاوەڕێ بووم. لەو گوندە، چەند لەتە نانێکی وشک و زەیتوون و دوو بۆڵ ترێیان پێ دابووین. من برسیم بوو.

گوتم: "برا فرانسیسکۆس، خاچ بکێشە و با شتێک بخۆین، ئەدی برسیت نییە؟"

بەڵام ئەو گوێی لێم نەبوو، لە بیرو خەیاڵاتەکانیدا ڕۆچوو بوو.

دوای قەدەرێک بێدەنگیی، گوتی: "برا لیۆن، نەفرەت لەو گوندەی کە هەموو خەڵکەکەی ئیماندار و چاکەخوازن، نەفرەت لەو گوندەش کە چ ئیماندار و قەدیسێکی تێدا نییە!"

من کەوتمە خواردن و هەموو ئەو شتانەشم وەبیری خۆم دەهێنانەوە کە لە گوندەکەدا بینیبووم و بیستبووم. دەتگوت شەیتان هاتۆتە ناخمەوە، بەتووڕەیی قسانم بۆ خۆم دەکرد: "برا فرانسیسکۆس، تۆ هەر خۆت دەڵێیت کە ئینسان بۆ گەیشتنە لای خوداوەند، دەشتوانێ ڕێگەیەکی هەموار بگرێتەبەر. گەر وایە، ئەدی تۆ بۆچی ڕێگە سەرەو ژوورەکەت هەڵبژاردووە و ئاوها عەزابی خۆت دەدەیت؟ ئەو کەسەشی ژنی هێناوە و منداڵی خستۆتەوە، ئاخۆ ئەویش دەتوانێ بەماڵ و کێڵگە و خواردنە خۆشەکانییەوە خوداوەند بدۆزێتەوە؟ تۆ دەڵێیت دەتوانێ. دەی کەواتە با ئێمەش ژن بێنین و خانوویەک ڕۆنێین و وەکی ئینسان بۆ خۆمان بژین! ئێمە یەک ئامانجمان هەیە، ئەویش ئەوەیە بگەینە لای خوداوەند، دە لێگەڕێ لە بری ئەوەی بەجلکی شڕو پڕەوە بچینە بەردەمی، با تێکسمڕاو و بە زگی تێرەوە بچین! باشە برا فرانسیسکۆس ئەدی چۆن سبەینێ دەتوانیت بەم وەزعە خەراپەتەوە خۆت پیشانی خوداوەند بدەیت؟ بیرت نایە پاپا چیی پێ گوتیت؟ پێی گوتیت: (ئەم پیس و پۆخڵییە چییە؟ لە تەویلەی چ بەرازێکەوە هاتوویت؟) دەی خوداوەندیش هەر ئاوهات پێدەڵێ!"



من هەروا بۆ خۆم دەدوام و تیکە نانی زلم دەگلاند، بۆڵە ترێکەی خۆم خوارد و چەند دەنکێکیشم لەوەی تریشیان کردەوە. خودایە گەر فرانسیسکۆس نەبا ئەوا هیچ ماتڵ نەدەبووم و یەکسەر دەگەڕامەوە بۆ ئەو گوندە و ئەو کیژەم دەخواست کە دڵم پێیدا چووبوو. دواتریش هەڵبەت کەسێکی ئیماندار دەبووم، ڕۆژی نەک سێ جار، بەڵکو سی و سێ جار سوژدەم دەبرد و فەرزی نوێژم بەجێ دەگەیاند. بەڵام وردە وردە لە خوداوەند نزیک دەبوومەوە. هەر جارەی نەختێک، تا ئیتر ژن و منداڵەکانیشم لەگەڵ خۆمدا دەبردن و هەموومان پێکەوە دەچووینە بەهەشت!"

فرانسیسکۆس لەسەر ئەو بەردە جولێ کە لەسەری دانیشتبوو. سەرم هەڵبڕی و ئەوم بینی، وەک ئەوەی گوناهێکم کردبێ لە حەژمەتا کروشکەم کرد. فرانسیسکۆس زەردەخەنەیەکی هاتێ.

گوتی: "برا لیۆن تۆ ڕاست دەکەیت، قەشەیی کارێکی زەحمەتە، هەموو ئینسانێک بەرگەی ناگرێ و ناچاریش نییە بەرگەی بگرێ، چونکە گەر وابا ئەوا دونیا وێران دەبوو. گوێ ڕادێرە و بزانە کاتێ لەسەر ئەو بەردە دانیشتبووم، چۆن خوداوەند، سوپاس بۆی، ڕووناکی کردمەوە. ئێمە لەپاڵ فیرقە توندوتیژەکەماندا، فیرقەیەکی نەرم و نیانتر و ئەهوەنتر ڕۆدەنێین کە هەموو ئیماندارێکی مەسیحی لە دونیادا بتوانێ خۆی تێدا ببینێتەوە. لەو فیرقە نەرم و نیانەدا برایان بۆیان هەیە ژن بێنن، عەردەکانیان بکێڵن، بەئەندازە بخۆن و بخۆنەوە، چ ناچار نەبن بەپێی پەتیی بڕۆن، چ ناچار نەبن جبە بپۆشن، تەنها ئەوەیان لەسەربێ ژیانێکی چاکەخوازانە بژین، لەگەڵ دوژمنەکانیاندا پێک بێن، ڕوحم بەهەژاران بکەن، چاویان لەسەر ئەرز وەرگێڕن و بیبڕنە ئاسمان. برا لیۆن پێت چۆنە؟ لەگەڵمدایت؟"

ویستم بپرسم برا فرانسیسکۆس خۆیشمان دەچینە ئەو فیرقەیەوە؟ بەڵام شەرمم کرد و ترسام.

بەقورگێکی وشکەوە وەڵامیمدایەوە: "بەڵێ، لەگەڵتام!"

باشە چیم گوتبا؟ ئاخر من ئیدی گلابوومە گەمەکەوە و دەبوو گەمە بکەم. بەرلەوەی فرانسیسکۆس بناسم، بەدوای خودادا ڕام دەکرد، بەڵام حەزیشم لە خواردن بوو. بەڵام کە فرانسیسکۆسم ناسی، ئیتر لە گەڕان بەدوای خودادا کەوتم و کەوتمە

هەڵگرتنی شوێنپێی وی، چونکە دەمزانی ئەو ڕێگەکە بەڵەدە و ئیتر منیش بەکەماڵی ئیسراحەت شوێنی کەوتبووم. بەڵام هێشتا پەرۆشیم بۆ خواردن و شەراب و ژیانێکی هێمن و – شەرم دەکەم کە ئەمە دەڵێم، بەڵام هەر دەیڵێم – پەرۆشییم بۆ ژن بەرۆکی بەرنەدابووم.

کاتێک فرانسیسکۆس بینیمی لە فیکرەوە چووم، لێی پرسیم: " برا لیۆن بیر لە چ دەکەیتەوە؟"

وەڵامیمدایەوە: "لە خودا!"

– "برا لیۆن، بیرتدێ هەموو ئەرزت بەدوای خوداوەندا لەپێوەدا؟ خوداوەندت نەدۆزییەوە چونکە لەدڵتابوو. تۆ لەو کەسە دەچوویت کە شەو و ڕۆژ هەموو جێگەیەک بەدوای ئەڵقەیەکی ئاڵتوندا گەڕاوە، بەڵام نەیدۆزیوەتەوە، چونکە لە پەنجەی خۆیدا بووە!"

***

ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتینە کۆشکە بەناوبانگەکەی (مۆنتێفێلترۆ). ئاڵایەکی ڕەنگاوڕەنگ بەسەر بورجەکەیەوە دەشەکایەوە، دەنگی شەیپوور لە درز و دەلاقەکانی دەوروبەرەوە دەهاتە گوێ، پەردەی سووری گرانبەها بەپەنجەرەکانەوە کرابوون، دیواری کۆشکەکە بەگوڵە مۆرت و گەڵای داردێمشت ڕازێنرابۆوە. پیاوان و خانمان بەسواری ئەسپەوە بەسەر پردێکی هەڵواسراودا دەپەڕینەوە و خزمەتکارێکی جوانکیلە بەپەلە دەچوو یارمەتییان بدا تا لەسەر ئەسپەکانیان لەبەردەم دەرگاکەدا دابەزن. هەموو ڕێگەکە، لە دەشتەکەوە بەرەو ژوور، جمەی دەهات لە پیاوان بەشمشێر و قەڵغانی ئاڵتوونیی و خانمانی جلکی ئاڵوواڵا پۆش. غوڵام و خزمەتکارەکان بەجلکی تازە و ڕەنگاوڕەنگەوە، بەسینیی زیوینی خواردن و کێکەوە دەهاتن و دەچوون.

من کە بەو سەروەت و سامان و جوانییە ئەفسوون ببووم، گوتم: "هەڵبەت ئەمە بەهەشتە!"

فرانسیسکۆس وەڵامی دامەوە: "برا لیۆن، بەهەشت زۆر لەمە ساکارترە!"

ئەوجا لە گەورە پیاو و خانم و ئاڵاکانی ڕوانی و گوتی: "هەڵبەت ئەمە ئاهەنگە،



وەرە با بچین و بەشدارییی تێدا بکەین، برا لیۆن تۆ دەڵێیت چیی؟"

من کە ئەوەم لە خودا دەویست، گوتم: "بە خۆشحاڵییەوە برا فرانسیسکۆس، دەی وەرە و با بچین!"

فرانسیسکۆس وەک ئەوەی بۆ ئاهەنگەکە بانگهێشت کرابێ، ئارام و متمانە بەخۆ، بەسەر پردەکەدا چووە پێشێ. بەڵام من دوودڵ بووم.

گوتم: "برا فرانسیسکۆس، بەڵام ئاخر ئێمە بانگهێشت نەکراوین، وەدەرمان دەنێن!"

– "ئارامبە ئەی مەڕی خودا، بۆچی هێشتا نازانیت ئەو ئاهەنگە بۆ ئێمە سازدراوە؟ ئەو ئاهەنگە بۆ ئەوەیە تا ئێمە بچینە ئەو قەڵا سەختەوە و لەوێ ماسی ڕاوکەین!"

بەسەرسوڕمانەوە گوتم: "ماسی ڕاوکەین؟ بەڵام من چ زەریاچە یان ڕووبار یاخۆ زەریایەک نابینم، ئەوەی هەیە هەر بەردە!"

فرانسیسکۆس پێکەنی.

– "ئاخۆ براکەم بیرت چۆتەوە کە ئێمە ماسیگرین؟ بەڵام ماسی ڕاو ناکەین، بەڵکو ڕۆح ڕاو دەکەین. کێ چوزانێ، ڕێگەکانی خودا زۆرن، دەشێ ئەلعان لێرە ڕۆحێک هەبێ لەنێو جلکە ئاوریشمییەکەی و جەستە جوانەکەیدا خەریک بێ بتاسێ و بخوازێ بێتە دەرێ و ڕزگارکرێ. لەبەر خاتری ئەو ڕۆحەیە خوداوەند ئەمری بەخاوەنی ئەم قەڵایە فەرمووە ئەم ئاهەنگە سازدا و داواشی لەئێمە کردووە بۆی بێین!"

فرانسیسکۆس بەدەم ئەو قسانەوە لەدەرگای دەرەوە چووە ئەودیو و گەیشتە بەر دەروازەی گەورەی قەڵاکە کە بەشیشی ئاسنین تۆکمە کرابوو.

حەوشەی قەڵاکە پڕ بوو لە ئەسپ، ئاگر لە موبەقەکاندا کرابۆوە، گۆشتیان لە قابلەمەکاندا دەکوڵان، یاخۆ بەشیش دەیانبرژاند و بۆن هەوای تەنیبوو. پەڕەی کەپووم بەتاسەوە کەوتە لەرە، ئیدی چ حەزم نەدەکرد زیاتر بچمە پێشێ.

چێشت لێنەرێک بەوێدا تێپەڕی. لێم پرسی: "براکەم ئەرێ مەسەلە چییە؟ ئەم ئاهەنگە بە چ بۆنەیەکەوەیە؟"

وەڵامی دامەوە: "نازناوی سوارە بەخاوەن قەڵاکە دەبەخشرێ، وا هەنووکەش هەمووان لە کڵێسان و سەرەک قەشە بەرەکەت دەبەخشێتە ئەو چەکە نوێیانەی......" بەدەم ئەو قسانەوە، لەسەرەوە بۆ خوارەوە دیقەتی دام، بینیمی کە پێ پەتیم و جبەکەیشم کون کونە، بۆیە چ نەچووم بەدڵیدا و برۆی گرژ کرد.

گوتی: "ئێمەیش پرسیارێکمان هەیە، باشە ئەدی تۆ بانگهێشت کراویت؟"

وەڵامیمدایەوە: "ئا، ئەدی چۆن. بۆچی وا مەزەندە دەکەیت بانگهێشت نەکرابم؟"

– "کێ بانگهێشتی کردوویت؟"

– "خوداوەند!"

چێشت لێنەرەکە لە قاقای پێکەنینی دا.

– "باشە داماو، تۆ برسیتە و هاتوویت شتێک بخۆیت، ئیتر لە خوداوەند گەڕێ!"

وای گوت و بەرەو موبەق چوو.

لەو ماوەیەدا فرانسیسکۆس ڕاوەستاو سەرگەرمی ستایشکردنی ئەو چەکە ئەمیرییەی سەر دەروازەکە بوو کە بریتی بوو لە شێرێک کە لەسەر پێی دواوە ڕاوەستاو و دڵێکی بەچنگەوە بوو، لەسەر دڵەکە نووسرابوو: من لە کەس ناترسم.

فرانسیسکۆس ئاماژەی بۆ چەکەکە کرد.

گوتی: "ئەم خاوەن قەڵایە لە کەس ناترسێ، ڕەنگبێ لەخوداوەندیش نەترسێ. دڵی ئینسان گێلێکی لەخۆباییە، برا لیۆن گوێ مەدەرە ئەوەی کە دەیڵێ، لێی ببوورە و بەڕێگەی خۆتا بڕۆ. گەر ئێمە چەکێکمان هەبا، پێتوابوو چۆن ڕەنگمان کردبا؟"

بەپێکەنینەوە وەڵامیمدایەوە: "ڕەسمی مەڕێکمان لەسەر دەکێشا، ڕەسمی شێرێک کە مەڕێک قووت دەدا!"

– "نا، ئەی مەڕی خودا، من پێموایە هێندەت برسییە و لە وەزعێکی وا دایت کە شێرێکیشت پێ دەخورێ. خەفەت مەخۆ، بەڵام ڕۆژێک دێ مەڕو شێر پێک بێن. دەخوازم ڕەسمی تەیرێکی گچکەی هاکەزاییمان لەسەر کێشابا، تەیرێک کە هەموو ڕۆژێک سەر بۆ ئاسمان هەڵدەبڕێ و دەچریکێنێ!"

ئەو قسەیەیم بیر کەوتەوە کە لە پۆرتیۆنکولا بەبرایانی گوت.



گوتم: " کڵاوکوڕە دەڵێی، ئەو تەیرە کڵاو بەسەرە!"

– "ڕاست دەکەیت برا لیۆن، خودا بەرەکەتت بدا! بەڵام ئێستا من دەنگی تەرتیلە لە کڵێسای قەڵاکەوە دێتە گوێم، وەرە و با بچین نوێژ بکەین!"

چووینە کڵێساکەوە کە کەوتبووە داوێنی بورجەکەوە و لەڕۆشناییدا مەلەی دەکرد. خودایە چەند جوان بوو! کڵێساکە پڕ بوو لە گەورە پیاوان بەشمشێر و قەڵغان و چەکمەی ئاڵتونییەوە. سوارە زرێپۆشەکان دەهاتن تا سڵاو لەو سوارە تازەیە بکەن. خانمان بەپاڵتۆ دەڵب و درێژەکانیانەوە، چ شاڵی گرانبەها و ڕەنگاوڕەنگیان دابوو بەسەر سەرپێچە بورج ئاسا بەزێڕ نەخشێنراوەکانیاندا، چ پەڕو چ ملوانکەی مرواریی، چ بازنگ و چ بۆنێک، خودایە هەموو بۆنی عەترە خۆشەکانی عارەبستان لەوە ناوە دەهات! نا، نا، با فرانسیسکۆس بۆ خۆی بڵێ، ئەمەی لێرە هەیە، کتومت ئەو بەهەشتەیە کە بەقەدیسەکانییەوە لەزەینی مندایە و بگرە ئەمانیشی جوانتر لە زێڕو زیو گرتوون. ئاخۆ ئەمانیش سوارەی خودا نین؟ ئاخۆ ئاسمانیش هەمان ئەو مێزە بازنەییە نییە کە هەموو قارەمانانی بەدەوردا دادەنیشن؟ ئاخۆ شا (ئارسۆس) مەسیح نییە؟"

تەواوێک سەرسام بووم. لە پشت عامودێکەوە خۆم حەشاردا و بەچاوانێکی حەپەساوەوە دیقەتی هەموو شتێکم دەدا. لە ناکاوێکڕا چیم بینیی؟ ئا، فرانسیسکۆس گەورە پیاوەکانی وەلاوە دەنا و بەرەو میحرابەکە دەچوو کە لەوێدا سەرەک قەشە ڕاوەستاو و سوارە نوێیەکەی بەرەکەت دەدا، جحێڵێکی قژ زەرد و ڕەنگ پەڕیوی بەرەکەت دەدا. فرانسیسکۆس چاوەڕێی کرد تا بەرەکەت بەخشینەکە کۆتایی هات و ئەوجا لەبەردەمی سەرەک قەشەدا کڕنۆشی برد.

گوتی: "خاوەن شکۆ، لەبەر خاتری ئەڤینی مەسیح، ڕوخسەتم بدەرێ بدوێم!"

هەندێک لە گەورە پیاوەکان فرانسیسکۆسیان ناسییەوە، گوێم لێیان بوو لە بەینی خۆیاندا دەدوان:

–" ئەوە فرانسیسکۆسی ئاسیزیاییە! زاهیدە نوێیەکەیە!"

سەرەک قەشە تەژی لە سووکایەتیی تەماشای فرانسیسکۆسی کرد و لێی پرسی: "چیت هەیە بیڵێیت؟"

– "نازانم، وشەگەلێک کە خوداوەند دەیانخاتە سەر زارم، متمانەت پێی هەبێ!"

لێیپرسی: "تۆ کێیت؟"

پیرەمێردی خاوەن قەڵا هەنگاوێکی بۆ پێشەوە نا.

گوتی: "لوتف بفەرموو ڕوخسەتی بدەرێ بدوێ، ئەوە فرانسیسکۆسی ئاسیزیاییە!"

سەرەک قەشە دەستی هەڵبڕی.

گوتی: "بە کورتیی بدوێ، سفرەکە ڕاخراوە!"

فرانسیسکۆس ڕەتی سەرەک قەشەی دایەوە و کەوتە نوتقدان:"سفرە لە ئاسمان ڕاخراوە، برایان سفرە ڕاخراوە و ڕۆژی مەزن نێزیک دەبێتەوە. گەرچی کاتێکی کەم بەدەستەوە ماوە، بەڵام هێشتا دەکرێ ڕزگارکرێین، دەکرێ بۆ ئاسمان هەڵگژێین و لەسەر مێزە نەمرەکەی خودا دانیشین. بەڵام ئینسان ناتوانێ بەچەکەوە، بەچەکمەی ئاڵتونییەوە، بە شاڵی ئاوریشمینەوە، بەئاهەنگ و پێکەنین و ژیانێکی ئارامەوە بۆ ئاسمان هەڵگژێ، ڕێگەکە سەختە و تێکۆشان و ئارەقەو خوێنێکی زۆری دەوێ!"

گەورە پیاوان و خانمان نێوچەوانیان گرژ کرد، سەرەک قەشە بەتووڕەییەوە گۆچانە لە ئێسکی فیل دروستکراوەکەی دەجووڵاند. فرانسیسکۆس تێگەیشت و نەغمەی دەنگی نەرمتر کرد.

– "بمبوورن، من لەگەڵ سوارەکاندا دەئاخڤم و ئەرکی سەرشانمە بەزوبانی خۆیان بدوێم. من دەمەوێ ئەمەتان پێ بڵێم، تکایە گوێم بۆ ڕادێرن. کە سوارەیەک دەخوازێ ئەڤینی خاتوونێک بەدەس بێنێ، دەبێ چ کارێک ئەنجام بدا، دەبێ چۆن بجەنگێ و لەگەڵ کام هێزی دیار و نادیاردا بجەنگێ و بەسەر کام زەریا و ئاژەڵگەلی دڕندە و خەڵک و ڕۆحگەلی شەڕانگێزدا سەرکەوێ تا بەدوڵبەرەکەی شادبێ! یەکێک بەرەو ڕزگارکردنی مەرقەدی پیرۆز دەچێ، یەکێکی تر بەسواری ئەسپەوە بەسەر پردێکی وەک موو باریکدا تێدەپەڕێ، یەکێکی تریش نیوەشەو سەردەکەوێتە سەر بورجێکی وێران و بەشمشێرەکەی ڕۆحگەلی شەڕانگێز دوور دەخاتەوە و... هیچ ناشترسێ. گەر یەکێک دڵی خاوەن قەڵا بکاتەوە، ئەوا دەبینێ لێی نووسراوە: من لە کەس ناترسم. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەو، لە ئەندێشەیدا هەمیشە ئامێزێکی بۆنخۆش والایە.



گەورە پیاوان و خانمانی خاوەن شکۆ، ئێوە باشتر لە من هەموو ئەمانە دەزانن، بەڵام شتێک هەیە ئێوە نایزانن، یاخۆ ڕەنگبێ بیزانن، بەڵام بیرتان چۆتەوە. ئەو شتەش بوونی خانمێکی ترە، خانمێکی ئاسمانیی نەک زەمینیی لەگەڵ فیرقەیەکی تری سوارە و بەرخۆدانێکی تردا. کام خانم؟ ئەو خانمە شانشینی ئاسمانە. ئەی کام بەرخۆدان؟ ئەوەی کە چاو بپۆشرێ لە چێژە کاتییەکان و باوەش بۆ هەژاریی و تەهارەت و نوێژی ئەبەدیی و ئەڤینی تەواوەتیی بکرێتەوە! گەر سڵ لەخەتەر و ترس و مردن دەکەنەوە بۆ گەیشتن بەجەستەیەکی زەمینیی فانیی، ئەوا دەبێ بەرگەی چ کارەساتی گەورە بگرن بۆ گەیشتن بەخانمی ئەبەدیی!"

گەورە پیاوەکان خەریک بوو گرژ دەبوون و کەوتبوونە ورتەورتی ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر چاوقاییمی قەشەی پا پەتیی. فرانسیسکۆس لە ناڕەزایەتییەکەیان حاڵی دەبوو، لە پێپلیکانەی میحرابەکە هاتە خوارەوە و چوو لە ناوەڕاستیاندا دانیشت.

گوتی: "ئەی سوارە زرێپۆشەکان تووڕە مەبن، ئاخر ئەوە سوارەیەکە بۆ سوارەکان دەئاخڤێ. با ئێوە سوارە بن، بەڵام خۆ منیش کۆیلەی کەس نیم کۆیلەی خودا نەبێ، ئەم جبە قەشەییەش کە لەبەرمدایە و هەزار پینەی پێوەیە، چەکی سوارەیی منە. منیش چوومەتە جەنگ، منیش برسێتییم چەشتووە، سەرما تەزاندوومی، عەزابم چەشتووە و لەپێناوی جوانیی دوڵبەرەکەمدا تێکۆشاوم، دوڵبەرەکەم هەزارەها جار لەوەی ئێوە جوانترە. من بەناوی ئەو دوڵبەرەوە قسانتان بۆ دەکەم و سوێندتان دەدەم بکەونە جەنگ، هێشتا کاتتان بەدەستەوەیە. ئەی ئەو سوارەیەی کە ئەلعان نازناوی سوارەت خەڵات دەکرێ، ئەی جحێڵە نەجیبزادە قژ زەردەکە، گوێ ڕادێرە بۆ قسەیەک کە خوداوەند لەزاری منەوە پێ تدەڵێ. بابت بەخۆیەوە دەنازێ و دەڵێ: لە کەس ناترسم. تۆیش کە کوڕی ویت، دەبێ ئەم وشانە لەدڵتا هەڵکۆڵیت: من جگە لە خودا لەکەس ناترسم. لەبەر ئەمە بوو خودا ئەم ئێوارەیە بۆ قەڵاکەتی هەناردم، تا ڕێک لەو کاتەدا کە تۆ نازناوی سوارەت پێ دەبەخشرێ، کوڕەکەم منیش ئەم پەیامەت پێڕاگەیەنم!"

فرانسیسکۆس بێدەنگ بوو. دەستی سەرەک قەشەی ماچ کرد و ئیشارەتێکی بۆ کردم و چووینە دەرێ. شەو داهاتبوو، ئاسمان تەژی بوو بەئەستێرە، ئێمە لە

حەوشەی قەڵاکە لەگەڵ ئەسپ و خزمەتکارەکاندا مابینەوە. گەورە پیاوان و خانمان بەبێدەنگیی لە کڵێساکە دەهاتنە دەرێ و دەچوونە ئەو هۆڵە گەورەیەوە کە مێزی لێ ڕازێنرابۆوە. غولام و خزمەتکاران بەگۆشت و شەرابەوە لە نێوان موبەق و هۆڵەکەدا دەهاتن و دەچوون. هەرکاتێ دەرگاکە کرابایەوە، دەنگی غەڵبە غەڵب و پێکەنین و شەیپوور دەهاتە گوێ.

فرانسیسکۆس لەسەر ئەرزەکە لە گۆشەیەکی حەوشەکەدا دانیشت، پاڵی بەدیوارەکەوە دا و چاوی لێک نا. بەلام من برسیم بوو، خۆم گەیاندە موبەق و لەوێ سواڵی نان و گۆشت و گۆزەیەک شەرابم کرد. بەخۆشحاڵییەوە هەڵمگرتن و بەپەلە هاتمە دەرەوە.

گوتم: "برا فرانسیسکۆس، هەستە با شتێک بخۆین!"

گوتی: "تۆ بخۆ، گوێدرێژە چکۆڵەکەت تێرکە!"

– "ئەی گوێدرێژە چکۆڵەکەی خۆت برا فرانسیسکۆس؟ ئاخر ئەویش خواردنی گەرەکە، تۆ دەزانیت چی بەسەر ئەو جوتیارەدا هات کە ویستی عادەتی خواردن لەبیر گوێدرێژەکەی بەرێتەوە، ڕێک هەر ئەو کاتەی کە خەریک بوو لەسەر ئەوەی ڕادەهێنا، مردار بۆوە!"

فرانسیسکۆس پێکەنی.

– "برا لیۆن، قومێک شەرابی تر بدەرە گوێدرێژەکەت تا بۆ خۆی بکەوێتە زەڕین و ئیتر حەقت بەسەر گوێدرێژی خەڵکانی ترەوە نەبێ!"

فرانسیسکۆس وای گوت و هەمدیس چاوی لێک نایەوە.

کاتێک خەریکی خواردن بووم و سوپاسی خودام دەکرد کە گۆشتی بەو بەلەزەتییە خولقاندووە، جحێڵێک کە کلاوی پەڕداری لەسەردا بوو، نزیک بۆوە. دانەوێوە و فرانسیسکۆسی ناسییەوە.

لێی پرسیم: "نووستووە؟"

وەلامیمدایەوە: "نا، ئەو هەرگیز نانوێ. بانگی کە!"

کوڕە جحێڵەکە گوتی: "باوکە فرانسیسکۆس، باوکە فرانسیسکۆس!"



فرانسیسکۆس چاوی کردەوە و کوڕە جحێڵەکەی بینی و زەردەخەنەیەکی هاتێ.

گوتی: "خۆشهاتیت، باشە ئەی کوڕی گەنج، بۆچی ئەو خوانە و ئەو خانمە شۆخانەت جێهێشت و هاتیت بۆ ئێرە؟ هەبێ و نەبێ خوداوەند ناردووتی!"

کوڕە گەنجەکە بەورووژانەوە گوتی: "باوکە فرانسیسکۆس، قسەکانت لە کڵێساکە ڕۆچوونە دڵمەوە. من بەدرێژایی ژیانم گوێم بۆ ئەو قسانە ڕادێراوە کە لە کڵێسادا دەگوترێن، بەلام تا ئێستا شتێکی وام گوێ لێ نەبووە کە سەرنجی ڕاکێشابم. وا ئەم ئێوارەیە بۆ یەکەمینجار گوێم لێ بوو، ئێستاش هاتووم و داوایەکم لێت هەیە. من کۆنت ڕۆلاندۆم، خاوەنی قەلای (چیوسیی) م لە (کازێنتیا)."

فرانسیسکۆس گوتی: "چ داوایەکت هەیە کوڕەکەم؟ دەخوازم هەرچییەکم پێ بکرێ لە پێناوی ڕزگارکردنی ڕۆحتدا بیکەم!"

– "چیایەکی لاکەوتەم هەیە لە (تۆسکانا) ناوی ئالڤێرنایە. چیایەکەی دوورو قاقڕ، ئارام و هێمن و بێ زنە، ئینسان ڕێی تێ ناکەوێ، تەنها باز و کەو دەیگەنێ. برا فرانسیسکۆس، لەپێناوی ڕزگاریی ڕۆحمدا، ئەو چیایەت دەدەمێ!"

فرانسیسکۆس لەخۆشحاڵییدا دەستی بەیەک دادا و گوتی: "منیش ڕێک ئەوەم دەخواست، ئەلعان تێدەگەم کە لەبەر خاتری ئەو چیایە بووە پۆرتیۆنکولام جێ هێشتووە، هەڵبەت لەسەر ئەو ترۆپکە هەڵەت و چۆڵەدایە کە گوناهباران دەستەودامێنی خودا دەبن. کوڕە جحێڵەکەم بەناوی مەسیحەوە سوپاست دەکەم و دیارییەکەت وەردەگرم."

کۆنت دەستی فرانسیسکۆسی ماچ کرد و گوتی: "دۆعا بۆ ڕۆحم بکە، ئیتر بەڕوخسەتی تۆ من دەچم بەلای ئەو خانمە جوانانەوە!"

فرانسیسکۆس گوتی: "هەر بەختەوەر بیت کوڕی جحێڵم، بچۆ بەلایانەوە تا گوێت لە دەنگی شەیپوورەکە دەبێ."

– "کام شەیپوور؟"

– "ڕۆژی ئاخیرەت!"

کۆنت بەپێکەنین و بەپەلە ڕێی خۆی گرتەبەر و گوتی: "هێشتا زۆری بۆ ئەو ڕۆژە ماوە!"

پەلەی بوو چی زووتره بۆ سەر خوانە ڕازاوەکە بگەڕێتەوە. فرانسیسکۆس تەماشای کردم کە هێشتا نانم دەخوارد.

گوتی: "برا لیۆن، گوێدرێژەکەت جوان تێرکە، ئیدی ئێمە سەردەکەوینە سەر چیایەکی هەڵەت و سەخت. تۆ هەموو جارێک لێم دەپرسیت بۆ کوێ دەچین، بۆ ئالڤێرنا، هاوڕێی جەنگاوەرم، بۆ ئالڤێرنا دەچین. مەزەندە دەکەم لەوێ خوداوەند، لە بەفرەکەدا چاوەڕێمان بێ!"

بەترسەوە گوتم: "لە سەرما و لەنێو گاشە بەرد و لە بەفردا چاوەڕێمان دەکا؟ باشە بۆچی نەیگوت دەتوانین لە دەشتاییدا بیدۆزینەوە؟"

– "خەمبار مەبە برا لیۆن، خوداوەند هەمیشە لە سەرمادا و لەنێو گاشە بەرد و لە بەفردایە. لە دەشتاییدا ئەو گەورە پیاوانە و ئەو خانمە ئەڤیندارانە و ئەو خاوەن قەڵایەی دونیا و مەرگ هەن، هەروەها برا لیۆن گوێدرێژەکەی تۆیشی لێیە. بەڵام برا لیۆنی ڕاستەقینە بەسەر چیاکەدا هەڵدەگژێ!"

هیچم نەگوت. بیرم دەکردەوە، چەند خۆش دەبوو گەر کرابا ئەو گوێدرێژە چکۆڵەیە لەو دەشتاییە جێهێڵرابا تا بەکامی دڵ لە مێرگە سەوزەکاندا لەوەڕابا و ڕۆحیش بێئەوەی برسیی بێ و لە سەرمادا بتەزێ، سووک و سۆڵ بەسەر چیاکەدا هەڵگژابا!

بۆ تەویلەیەکیان بردین تا لەوێ لەگەڵ ئەسپەکاندا بنووین. بۆنی تەرس و ئارەقەی ئەسپ دەهات. فرانسیسکۆس دەستی ڕایەڵ کرد تا برا ئەسپەکانی بەرەکەت بدا.

– "برا ئەسپەکانم، ئێمە ئەمشەو پێکەوە دەنووین. تکاتان لێ دەکەم، جووتە مەهاوێژن، مەحیلێنن، ئاخر ئێمە ماندووین و لێگەڕێن بنووین، شەو باش."

لەسەر کاکە ڕاکشاین و لەبەر ئەوەی ماندوو بووین یەکسەر خەو بردینییەوە. ناو بەناو لەخەوەکەمدا گوێم لە گۆرانیی و ئاوازی سیتار و دەنگی پێکەنینی ژنان دەبوو. دەتگوت ئاسمان بەژوور سەرمەوە خۆی کردۆتەوە و بەهەموو فریشتەکانییەوە دابەزیوە. بەڵام هەمدیس لە خەودا ڕۆدەچوومەوە و فریشتە و ئاوازی سیتار و دەنگی پێکەنینەکان بۆ ئاسمان دەگەڕانەوە.

فرانسیسکۆس لێوڕێژ لە پەرۆشیی خەبەر بۆوە.



لێی پرسیم: "پێڵاوە ئاسنینەکانت لەپێدان؟ ئاخر ڕێگەیەکی سەخت و هەڵەت و بەرەو ژوورکەمان لەپێشە!"

پێوپلە ڕووت و بریندارەکەم پیشاندا و گوتم: "ئا بەڵێ ئەوەتا لەپێمدان!"

خاچم کێشا.

چووینە دەرەوە و لەژێر لێوەوە گوتم: "خودا ڕوحممان پێبکا!"

وام گوت و ئیدی ڕێگەی چیای ئالڤێرنامان گرتەبەر کە لەژێر هەتاودا پرشنگی دەدا.

***

فرانسیسکۆس بێدەنگ و لە فیکرەوە چوو بوو. ئێمە ئیدی قەڵاکەمان جێهێشتبوو، خشەی گەڵایەک چییە نەدەهات و ئاڵاکان وەک پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگ بەستونگەکانیانەوە بوون. هەور ئاسمانی پۆشیو و خۆرێکی ڕەنگپەڕیو لەودیو هەورەکەوە هەڵدەگژا و پرشنگێکی تاریک دەکەوتە سەر گەڵای درەختەکان و تنۆکە باران بەسەر گەڵاکانەوە دەلەرییەوە. هێشتا لە قەڵاکەوە دەنگی کەڵەشێر لەو هەوا شێدارەدا دەهات کە دەیقوقاند.

گوتم: "برا فرانسیسکۆس کەش و هەوا دەگۆڕێ، گوێ لە کەڵەشێرەکان ڕادێرە، شەستە بارانمان بەسەردا دادەکا!"

بەڵام وی خەیاڵی لە شوێنێکی تر بوو.

گوتی: "برا لیۆن، ئەڵقەکە خەریکە دەگاتە کۆتایی. سوپاس بۆ خودا، کۆتایی نزیک بۆتەوە. لە سەرەتادا لە خودا پاڕامەوە لێم گەڕێ لە ئەرزێکی قاقڕ و تەواوێک لە گۆشەگیرییدا عیبادەتی بکەم، کەچی وی لێم گەڕا، بەڵام هەر زوو ملی گرتم و فڕێیدامە نێو خەڵکەوە. هاواری لێ کردم: (لە تەنیایی وەرە دەرێ، تۆ لە تەنیاییدا هەست بەئارامیی دەکەیت، من ئەوەم ناوێ. بچۆرە دەرێ و بەشار و گوندەکاندا بگەڕێ و پەیڤی من بەخەڵکیی ڕاگەیەنە، هاوڕێیانی خۆت هەڵبژێرە و فیرقەیەک ڕۆبنێ و هەمووان بەرەو ڕزگارکردنی مەرقەدی پیرۆز، بەرەو دڵی ئینسان بچن!) ئیدی من بەقەهرەوە لە گۆشەگیریی هاتمە دەرێ. برایانم هەڵبژاردن و دەستمان پێ کرد. ئەوە چ هەژارییەکی پیرۆز بوو، برا لیۆن تۆ ئەوەت بیردێتەوە، چ ئەڤینێک بوو،

چ یەکگرتنێک بوو، چ تەهارەتێک بوو، چۆن هەموومان لەناکاوێکڕا، تەنها لە حەژمەت ئەو دڵخۆشییە هۆن هۆن فرمێسک لە چاوانمانەوە ڕژا! درەختەکان، تەیرەکان، گاشە بەردەکان، ئاو و ئینسان، کوتومت هەر دەتگوت ئەلعان لەنێو دەستی خوداوەندەوە هاتوونەتە دەرێ. هەروەها مەسیحیشمان لەنێودا بوو. ئێمە ئەومان نەدەبینی، بەڵام هەستمان بەدەستی دەکرد کە بەسەریدا دەهێنایین. لە هەوادا هەستمان بەهەناسەی پیرۆزی دەکرد، تەنێ شەوان ویمان دەبینی، ئەوکاتەی کە جەستە دەنووست و ڕۆح چاوانی دەکردەوە. بەڵام دوایی... دوایی..."

فرانسیسکۆس نەیتوانی بەردەوام بێت، تەماشای کردم و فرمێسکی درشت لە چاوانییەوە هاتە خوار.

گوتم: "دوایی گورگ هاتە پشتیرەکەمانەوە و پەرتەوازە بووین!"

فرانسیسکۆس هەناسەی هەڵکێشا و گوتی: "وەدەریاننام، برا لیۆن ئەوانە ڕاویاننام. من پێمگوتیت وا خەریکە ئەڵقەکە دێتەوەیەک، ئیدی دەگەڕێمەوە بۆ تەنیایی. بەو چیا قاقڕەدا هەڵدەگژێم تا لەوێ تەواوێک تەنها وەک ئاژەڵێکی دڕندە بلوورێنم. هێشتا زۆر ڕۆحگەلی شەڕانگێز لە ناوەوەمڕا هەن، هێشتا ڕۆحم بەجەستە گەمارۆ دراوە، ئای خۆزیا خودا گوڕی ئەوەی پێدابام وێرانم کردبا و تەنێ ڕۆح بمابایەوە و ئیدی بەئازادیی چووبایەتە دەرێ! چووبایەتە دەرێ برا لیۆن... چووبایەتە دەرێ!"

باسکی بەرەو ئاسمان هەڵبڕی و بەتوندی ڕایوەشاندن، بۆ ساتێک وا هەستم کرد دەیانکاتە باڵ و لەخۆشحاڵییدا پیاندەفڕێ، هەر بۆیە لە حەژمەت ئەوەی نەبا بەتەنێ بمێنمەوە، چمکی جبەکەیم گرت.

جوتیارێک لێمان نزیک بۆوە. بەگوریسێک گوێدرێژێکی گچکەی ڕادەکێشا، ژنێک بەسەر پشتی گوێدرێژەکەوە بوو کە سینگی ڕووت و شیری دەدایە کوڕەکەی. فرانسیسکۆس ڕاوەستا و دیقەتی ژنەکەی دا.

جوتیارەکە دەستی نایە سەر سینگ و گوتی: "باوکە بەرەکەتمان دە. ئەمە ژنمە و ئەوەش کوڕم، بەرەکەتمان دە!"

فرانسیسکۆس وەڵامی دایەوە:"خودا ئاگای لێتان بێ. یوسف، سەفەرێکی خۆش!"





جوتیارەکە لە سەرسامیدا لە قاقای پێکەنینی دا، بەڵام لەبەر ئەوەی پەلەی بوو ڕانەوەستا.

گوتم: "یوسف؟ برا فرانسیسکۆس چۆن زانیت ئەو جوتیارە ناوی یوسفە؟"

– "ئەدی باشە مەڕی خودا تۆ لە هیچ ناگەیت؟ ئەوە یوسف و ژنەکەش مەریەمی پاقیژە بوو کە شیری دەدایە مەسیح و بۆ میسر دەچوون!"

دوای ساتێک لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: "برا لیۆن چەند جارت پێ بڵێم کە دەبێ بەچاوانی ناوەوەت بنۆڕیت؟ چاوە جەستەییەکانت پێتدەڵێن ئەوەی دەیبینیت، جوتیارێک و ژنەکەی و منداڵەکەیانە. بەڵام بەچاوەکانی تر، بەچاوانی ناوەوە، چ موجیزەیەک دەبینی! یوسف و مەریەمی پاقیژە بەسەر گوێدرێژێکی گچکەوە و مەسیح کە شیری دایکی دەخوا بەلاماندا تێدەپەڕن. برا لیۆن تا ئەبەد بەلاماندا تێدەپەڕن!"

هەناسەیەکم هەڵکێشا . ئۆف پێستم ئەستوور بوو، دڵم لەنێو چڕیی جەستەدا تاسا بوو! گەر وابێ قەت ناتوانم ئەم دونیایە وەلانێم و لەودیوییەوە، ئەو دونیایەی تر، ئەو دونیا ئەبەدییە ببینم!

نمە نمە باران کەوتە بارین و ئەو گەڵایانەیان هێنایە خشوهوڕ کە هێشتا بەدار هەنجیرەکانەوە مابوون. خەریکبوو ئێوارە دادەهات، کڵێسایەکی لاکەوتەی گچکە و سپی، بەسەر گاشەبەردێکەوە دەبریسکایەوە.

گوتم: "خودا خۆشی دەوێین، بنۆڕە، وا کڵێسایەکی گچکەی بۆ ناردین تا لەوێ شەوی تێدا ڕۆژ کەینەوە!"

پاڵمان بەدەرگاکەوە ناو چووینە ژوورەوە. کاتێ ڕۆشنایی ئێوارە لەناوەوەی دا، بینیمان دیوارەکانی لەسەرەوە بۆ خوارەوە و تا ساپیتە گومەزییەکەی بەڕەنگی جۆراوجۆر نەخشێنرابوون و هەوا و هەوەسەکانی قەدیس (ئەنتۆنیۆس) یان پیشان دەدا . لەوێدا ئەو زاهیدە قەدیسەمان دەبینی کە شەڕێکی نائومێدانەی دژی ڕۆحگەلی شەڕانگێز هەڵایساندبوو. یەکێک ڕیشی ڕادەکێشا ، یەکێک قۆڵی، یەکێک کڵاوی جبەکەی، یەکێک پشتێنەکەی، یەکێکی تر قاچی.... دوور لەو سەرەوە، دوو شەیتان مەڕێکیان کردبوو بەشیشەوە و زاهیدیش تەماشای دەکردن و پەردەی کەپووی

دەلەرییەوە، وی ڕەنگی پەڕیو و خەریک بوو لە برسا لە هۆش خۆی دەچوو. ڕۆحە شەڕانگێزەکان پێدەکەنین و ئیشارەتێکیان بۆ زاهید دەکرد کە بێتە پێشەوە. بەدیوارەکەی ترەوە، وێنەی ژنێکی پرچ زەردی ڕووتوقووتی خاوەن چاوانێکی تەژی لە هەوەس کێشرابوو، مەمکە گەورەکانی خستبوونە سەر ئەژنۆی زاهید، زاهیدیش بەترسەوە لە ژنەکەی دەنۆڕی و شریتێکی سووریش لەزارییەوە هاتبووە دەرێ و بەرەو ئاسمان ڕایەڵ ببوو. بەپیتی ڕەش لە شریتەکە نووسرابوو: (خودایە، خودایە، یارمەتی!)

من پەشۆکام. خواستێکی شەیتانیی لەخۆیەوە پێچام و دەستم ڕایەڵ کرد تا دەست لە جەستەی نەفرەتیی ژنەکەوە بدەم. خواستەکەم هێند بەهێز بوو، کە لە حەژمەتا هەڵلەرزیم و فرانسیسکۆس ئاوڕی بۆ دامەوە و بەدوودڵییەوە تەماشای کردم. هەموو هێزی خۆم کۆکردەوە و دەستم گێڕایەوە، بەڵام قۆڵم سڕ و ئێشی تێچوو.

فرانسیسکۆس مۆمێکی لە مۆمدانەکە هەڵگرت و دایگیرساند، بەو چرا چکۆڵەیە دایگیرساند کە لەبەردەم وێنەکەی مەسیحدا دانرابوو. بەمۆمەکەوە بەوێنەکاندا دەگەڕا و سەیری دەکردن. چ شتێکی نەگوت، بەڵام دەستەکانی دەلەرزین.

نزیکی بوومەوە و منیش لەگەڵ ئەودا و لەبەر ڕۆشنایی لەرزیوی مۆمەکەدا کەوتمە تەماشاکردنی وێنەکان. بۆ ساتێک گوێم لە فرانسیسکۆس بوو لەبەرخۆوە گوتی: "خوداوەند، خوداوەندی من، بۆچی ئەو شەیتانەت ئاوها جوان دروست کردووە؟ ئاخۆ بەزەییت بەڕۆحی ئینساندا نایەتەوە؟ ئاخر کرمێکی چکۆڵەی وەک من بەزەییم پێیدا دێتەوە!"

لەسەر بەردەکان دانیشتم و ئەو نان و گۆشتەی قەڵاکە کە مابۆوە، لەسەر ئەرزەکە دامنا. فرانسیسکۆس بەچیچکانەوە بەرامبەرم دانیشت. فوویەکی لە مۆمەکە کرد تا بیکوژێنێتەوە.

گوتی: "باشترە نەبینرێ!"

بەڵام دەستی لەرزی و مۆمە داگیرساوەکەی بەرکەوت و جبەکەی ئاگری گرت. من ڕاپەڕیم تا بیکوژێنمەوە، بەڵام فرانسیسکۆس ڕێگەی نەدام، نەیدەویست ئاگرەکە بکوژێنمەوە.



گوتی: " ئاگرەکە مەکوژێنەوە، ئاگرەکە مەکوژێنەوە!"

بەڵام من ئەو دونیا نەبینراوەی ئەودیو دونیای بینراوم نەدەبینی، هێندەم دەبینی کە ئاگرەکە لە جەستەی نزیک دەبێتەوە، بۆیە داوێنی جبەکەم بەسەر ئاگرەکەدا دا و کوژانمەوە.

بەگلەییەوە گوتی: "تۆ نەدەبوو، نا... تۆ نەدەبوو خوشکە بڵێسەی ئاگرمان بکوژیت. ئەوە شتێکی باش نەبوو، ئەو چی دەویست؟ دەیویست جەستەم بخوا. برا لیۆن، ئەو هەمان ئەو شتەی دەویست کە منیش دەمەوێ، تا ئازاد بم!"

یەک نەخت خواردنی نەنایە زاری. ڕاکشا و پێڵووی لێکنا. بەڵام من خواردم، شەکەت و تێر لەلایەوە ڕاکشام و دەسوبرد خەو بردمییەوە. دەوروبەری نیوەشەو گوێم لێی بوو هاوارێکی کرد، چاوم کردەوە و لەبەر ڕووناکی چرا گچکەکەدا بینیم وەک بڵێی بجەنگێ، لە هەوادا دەستی ڕادەوەشاند.

هاوارم کرد: "برا فرانسیسکۆس، برا فرانسیسکۆس!"

بەڵام گوێی لێم نەبوو. پێدەچوو خەونێکی ناخۆش ببینێ، دەست و پێی ڕادەوەشاند و ئازاری دەچەشت. بەسەریدا دانەویمەوە و دەستم خستە سەر نێوچەوانی، بەخوڕ ئارەقەی پێدا دەهاتە خوارەوە و تاڵەکانی قژی تەڕ و دڵۆپی ئارەقەیان لێ دەچۆڕا. دەستم نایە ژێر باڵی و ڕاموەشاند. چاوی کردەوە.

بەدەم گوشینی دەستەکانییەوە کە دەلەرزین گوتم: "برا فرانسیسکۆس مەترسە، مەترسە، ئەوە تەنێ خەون بووە، بڕوا و نەیەتەوە!"

هەستاو ویستی قسان بکا بەڵام نەیتوانی. بەلاڵەپەتێ دەدوا .ی

– "برا فرانسیسکۆس ئارامبەوە. هێندەی نەماوە ڕۆژ بێتەوە. ئەوسا ڕوناکیی دێ و تارماییەکانی شەو دەڕەوێنێتەوە!"

– "ئەوانە تارمایی نین برا لیۆن، ئەوانە تارمایی نین. هەموو ئەم نیگارانە زیندوون، هەر کە بینییانم چاوم لێکنا، ئیدی لە دیوارەکەوە هاتنە خوارەوە، ڕۆحە شەڕانگێزەکانی ناوەوەیشم هاتنە دەرێ و شاڵاویان بۆ هێنام.... خودای من، ئەوە چ شەهیدبوونێک بوو!"

بەهەناسەبڕکێوە و بەسەرقۆڵی جبەکەی، چاوی وشک کردەوە و ددانیشی چۆقەی پێ کەوتبوو. لە دەرەوە گوێم لە گڤەی بەهێزی (با) بوو کە بەنێو سنەوبەرەکانی ئەو دەوروبەرەدا وژەی دەهات. ناوبەناویش لە پەنجەرە گچکەکەی ژوور میحرابەکەوە، چەند هەورە بروسکەیەک دەبینران کە پێدەچوو ڕوخسارە زەرد هەڵگەڕاوەکەی فرانسیسکۆس بکا بەدوو کەرتەوە. ئەویش دەسوبرد ڕوخساری بەسەر قۆڵی جبەکەی داپۆشی. بیرمە جارێکیان پێیگوتم، هەورە بروسکە چاوی خوداوەندە، وا ئێستاش شەرم دەکا کە خوداوەند دەیبینێ، چونکە هێشتا هەوا و هەوەسەکان بەژوور سەرییەوە دەشەکێنەوە.

هەردووکمان بەترسەوە و بێئەوەی تاقە وشەیەک بڵێین چاوەڕێ بووین ڕۆژ بێتەوە. منیش خەریک بوو ترس باڵی بەسەردا دەکێشام. هەستم دەکرد ئەم کڵێسا گچکەیەی کە جادووی لەمنیش کردووە، پڕە لە مەخڵوقگەلی نەبینراوی ترسناک. کاتێک هەورە بروسکەکان نیگاری سەر دیوارەکانیان ڕووناک دەکردەوە، بەجبەکەم ڕوخسارم داپۆشی تا نیگارەکان نەبینم و نیگارەکانیش من نەبینن و شالاوم بۆ نەهێنن. لەوێدا لای فرانسیسکۆسەوە دانیشتبووم و کەوتبوومە وڕێنە، ئیدی نازانم ئەوە وڕێنە بوو یاخۆ چاوانی ناوەوەم بوون کە کرابوونەوە و نەبینراوەکانم پێ دەبینین؟

هێور هێور فرانسیسکۆس هاتەوە سەر خۆی، دەستی نایە دەستم و پێدەچوو بیەوێ دڵنەواییم بداتەوە.

– "برا لیۆن، نیگەران مەبە، ترس یارمەتی ئینسان دەدا بۆ ڕزگاربوون، ئاخر ئەویش هاوڕێیەکی پیرۆزی تری ئینسانە!"

هەنووکە هەورە بروسکە نزیک ببۆوە و کوتوپڕ بووە زریان، گوێمان لێبوو چۆن باران خەنیی و خۆشحاڵ لە سەربانی کڵێساکەی دەدا. بەخۆم گوت باشتر، زۆر باشتر، فرانسیسکۆس لە جەنگینی شەوی لەگەڵ ڕۆحە شەڕانگێزەکاندا شەکەت بووە، با بحەوێتەوە و هێزی وەبەر بێتەوە.

لاواز و تەمومژاویی، یەکەمین ڕووناکیی بەیان لە پەنجەرەکەوە خۆی بەژووردا کرد و ڕیشی درێژ و ڕوخساری ڕەنگپەڕیو و زاهیدانە و هەموو قۆچ و کلک و دەمی



بەپێکەنینی سەر دیوارە سپییەکانی دەوروبەرمانی ڕووناککردنەوە، بەڵام ئیتر ڕۆژ ببۆوە، ئیتر ئەوە ڕووناکیی خوداوەند بوو کە هاتبوو. من چیدی نەدەترسام.

چریکەی تەیرێک دەبیسترا . ئەرز شەلاڵ لە ئاو و قوڕ، بەئاگابۆوە. فرانسیسکۆس هەمدیس چاوی لێکنا و بەخۆشحاڵییەوە گوێی ڕادێرا بۆ ئەو ئاوە نێرانەیەی کە لە ئاسمانەوە دەڕژایە خوار.

– "برا لیۆن، ئاخۆ تۆیش وەک ئەرز هەست بەو خۆشحاڵییە بێ کۆتاییە ناکەیت کاتێک ڕێگە ئاوییەکانی ئاسمان دەکرێنەوە؟ من حەزم دەکرد ئەڵەفزارێکی چکۆڵە بام و بەئاوی ئاسمان بتوامایەوە! بەڵام ڕۆح لە گڵ دروست نەبووە، ڕۆح توند جەستەی گرتووە و ناهێڵێ بتوێتەوە!"

– "برا فرانسیسکۆس، بۆچی ڕۆح توند جەستەی گرتووە؟ با ڕۆح، وەک ئەوەی دەتەوێ، جەستە بەر بدا، با جەستە بتوێتەوە و ڕۆح ئازاد بێ!"

فرانسیسکۆس سەری ڕاوەشاند.

– "هەندێ جار ڕۆح دەیەوێ ڕێگەی خۆی بگرێتە بەرو بڕوا، برا لیۆن هەڵبەت ناوبەناو ڕۆح دەیەوێ ڕێگەی خۆی بگرێتەبەر و بگاتە بەر دەروازەی ئاسمان، ئەوجا لەجەستە زیاتر چ گوێدرێژێکی چکۆڵەی دەس ناکەوێ تا پێی بگاتە ئەوێ، تۆیش خواردن و ئاوی بدەرێ تا دەتگەیەنێ. ئەوسا ڕۆح بەخۆشحاڵییەوە لێی دادەبەزێ و پاشان یەکێکی پێدا دەکێشێ و لەسەر عەرد بەجێی دێڵێ تا بۆ خۆی ببێتەوە بە گڵ...."

جووتێک تەیر چریکاندیان و بارانەکە هێور بۆوە.

فرانسیسکۆس گوتی: "وەرە با بڕۆین. بارانەکە خۆشی کردۆتەوە، بەناوی خودا!"

ویستی هەستێت، بەڵام نەیتوانی، ئەژنۆی نوشتایەوە و کەوتە سەر عەردەکە.

– "برا فرانسیسکۆس، گوێدرێژە چکۆڵەکەت ماندووە، لێگەڕێ با ئەو بەسەزمانە نەختێک بحەوێتەوە، ئیدی پاش ئەوە دەتوانین بڕۆین!"

– "ئاخر برا لیۆن نابێ لێگەڕێین چۆنی دەوێ وابکا. گەر بەقسەی ئەوم کردبا، ئەوا ئێستا دەبا لەماڵەوە بام و لای جەنابی بێرناردۆنێ و لەژێر پەنجەرەکەدا گۆرانیم چڕیبا. وەرە، یارمەتیم بدە هەڵیسێنمەوە!"

دەستم خستە ژێر باڵی و هەڵمساند، بە لەتردانەوە چەند هەنگاوێکی بەرەو لای دەرگاکە نا.

لە دەرەوە عەرد تەڕ، بەردەکان بریقەیان دەدایەوە، خاک بووە قوڕ، ئاسمانی سەرەوەش تاریک. سنەوبەرەکان کە لەوەوبەر بەر قامچیی باران درابوون، ئەلعان بۆنی هەنگوینیان لێ دەهات.

– "برا فرانسیسکۆس، وا پێدەچێ هەمدیس باران داکاتەوە!"

– "لێگەڕێ با ببارێ، ئاخر ڕۆح هێشتا جەستەی بەرنەداوە. مەترسە، شوێنمکەوە!"

چووینە دەرێ. تا قولەپا کەوتینە ناو قوڕ، پێوپلمان وەک قوڕقوشمی لێ هاتبوو، بەحاڵ دەمانتوانی هەڵیبڕین.

سەعاتێک و دووان و لە ناکاوێکڕا فرانسیسکۆسم بینی بەدەمدا کەوتە سەر ئەرزەکە و هەموو دەم و چاوی قوڕاویی بوو، نائومێدانە کەوتمە خۆ و هەڵمساندەوە تا نەمرێ، ئەوجا کردمە کۆڵم و بەپەلە ملی ڕێگەم گرتەبەر. لە دڵەوەڕا حەزم دەکرد نەفرەت بکەم لە پێ هەڵچەقێنیی ئەو و لەچاوقاییمی خۆم کە هەمیشە ویستوومە شتگەلێک بکەم لە سروشتی خۆم ئەولاوەتر. باران هەمدیس دای کردەوە، نزیکەی نیو سەعاتێک بەکۆڵەکەمەوە ڕۆیشتم و ئەوسا سوپاس بۆ خودا، خانوویەکم لە نێوان دارسنەوبەرەکاندا بینی. ئیدی ورەم هاتەوەبەر، شەکەت و قوڕاویی چوومە پێش، هێشتا فرانسیسکۆس نەهاتبووەوە هۆش خۆی. دەرگایەکی کراوەم بینی و چوومە ژوورێ. جوتیارێکی پیر ڕایکردە دەرەوە بۆ حەوشە، پیرێژنێکی زەرد و لاواز و وشکهەڵگەڕاو لە دوایەوە بوو، ئەو پیرێژنە ژنی جوتیارەکە بوو.

گوتم: "هاوڕێیانی مەسیحیی، ئەم هاوڕێیەم شەکەت بووە و بووراوەتەوە. لەبەر خاتری مەسیح، ڕێگەم بدەن تاوێک لە کوختەکەی ئێوەدا پاڵی خەم تا هۆشی بەبەردا دێتەوە!"

جوتیارەکە نێوچەوانی گرژ کرد، دیار بوو حەزی بەسەرئێشە نەدەکرد، بەڵام پیرێژنەکە بەزەیی پێماندا هاتەوە. چواردەستە فرانسیسکۆسمان هەڵگرت و بردمانە ژوورەوە. لە جێگەیەکدا پاڵمان خست، پیرێژنەکە سرکەی گوڵی هێنا و لاجانگەکانی



پێ تەڕ کرد و لێگەڕا بۆنی کا. فرانسیسکۆس چاوی کردەوە.

بەژن و مێردەکەی گوت کە بەسەریدا چەمیبوونەوە: "ماڵتان ئاوا بێ هاوڕێیانم!"

پیاوەکە قۆڵی گرتم و گوتی: "ئەم قەشەیە کێیە؟ لە شوێنێک بینیومە!"

– "ئەوە باوکە فرانسیسکۆسی ئاسیزیاییە!"

– "قەدیس؟"

– "بەڵێ قەدیس!"

جوتیارەکە بەپەلە دەستی فرانسیسکۆسی گرت.

– "گەر تۆ بەڕاستی ئەو کەسە بیت کە بەفرانسیسکۆسی ئاسیزیایی بانگت دەکەن، ئەوا هەموو خێرێکت بۆ بەئاوات دەخوازم. ئاخر خەڵکیی ستایشت دەکەن و دەڵێن تۆ میهرەبان و ڕاستگۆیت، لەبەرئەوەی ڕۆحگەلێکی زۆر لەلایەن تۆوە یارمەتی دراون."

چاوانی فرانسیسکۆس پڕ لە فرمێسک بوون.

– "براکەم، هەرگیز ئەم وشانەتم لە یاد ناچێ، بڕیار بێ هەمیشە بجەنگم تا هەر میهرەبان و ڕاستگۆ بم و ئەو ڕۆحانە شەرمەزار نەکەم کە پشتیان پێ بەستووم. سوپاس براکەم کە ئەوەت یاد هێنامەوە!"

وای گوت و ویستی دەستی جوتیارەکە ماچ کا، بەڵام ئەو پێشی کەوت و پێوپلە قوڕاوییەکەی فرانسیسکۆسی ماچ کرد.

کە تەقوای ئەو جوتیارەم بینی، ورەم هاتەوە بەر.

– "براکانم، ئێمە ڕێگەیەکی درێژمان لەبەرە، ڕێگەی ئێمە بەرەو چیای ئالڤێرنایە، بەڵام هاوڕێکەم ناتوانێ ڕێبکا، لەبەر خاتری مەسیح دەتوانن گوێدرێژێکی هاکەزاییمان بدەنێ کە تا ئەوێی بگەیەنێ؟"

– "بەخۆشحاڵییەوە قەشەی ئازیز بەخۆشحاڵییەوە، گەر چ گوێدرێژێکیشم نەبێ ئەوا ئەرکی سەر شانمە بۆ ڕزگار بوونی ڕۆحم، بەکۆڵ هەڵی گرم. من لە ژیانمدا شتی خەراپم زۆر کردوون و ئیتر کاتی ئەوەیە گوناهەکانم پاک کەمەوە!"

ئەوجا ڕووی کردە ژنەکەی.

– "مریشکێک سەربڕە و ئاوەکەی بدەرە ئەو نەخۆشە تا بێتەوە سەرخۆی. ئێمەیش لێی دەخۆین و پاشان دەکەوینە ڕێ و دەڕۆین، قەشە خۆیشم لەگەڵتانا دێم!"

خۆشحاڵ بووم لەبەرئەوەی زۆر حەزم لە مریشکە. کاتێک دوای تاوێک فرۆجاوە گەرمە بۆنخۆشەکەم هەڵقوڕاند، دەستم برد پلێک گۆشتی زل و لەتێک جگەری مریشکیشم لێ کردەوە. خودا لە گوناهەکانم ببووریێ، هێشتا کاتێک ئەو خواردنەم بیر دەکەوێتەوە، ئاو دەزێتە دەمم. ئای وەک فرانسیسکۆس دەڵێ گەر ڕاست بوایە مریشکیش بهاتایە بەهەشت، ئەوا هەموو یەکشەمموانێک مریشکێکمان بەشانازیی خوداوە سەردەبڕی.

فرانسیسکۆسمان نایە سەر گوێدرێژەکە و بەڕێ کەوتین.

لە ڕێنوێنەکەمانم پرسی: "ئەرێ ئالڤێرنا دوورە؟"

– "دوور لە دۆزەخە. باشە ئێوە لەو چیا سەختە چ دەکەن؟ من چ خۆزگەتان پێ ناخوازم. کاپتن (لیکۆ)ی سەرەک چەتان حەشارگەکەی لەوێیە لەسەر ترۆپکی چیاکە. ئەرێ باشە ئێوە ناترسن؟"

– "ئاخر براکەم ئێمە لە چی بترسین؟ ئێمە خاوەنی هیچ نین و سەر بەفیرقەی پیرۆزی هەژاریین!"

بە پێکەنینەوە گوتی: "ئۆی هەی داماو و بەسەزمانینە کە فیرقەیەکی خەراپتان هەڵبژاردووە، پێدەچێ برستیی لە پەلوپۆتان بخا! من سەر بەفیرقەی پیرۆزی خۆشگوزەرانییم!"

– "بەڵام براکەم دەشێ ئێمە بەزگی برسیی و بەپێی پەتییەوە بچینە بەهەشت!"

– "قەشە چیت پێ بڵێم، دەشێ، ناڵێم ناچن. خۆ گەر لە دوایین لەحزەدا ژێوان ببمەوە، ئەوا ڕەنگە منیش بچمە بەهەشت. کەواتە هەر دوولامان بەو دەشێیە دەژین و بەدرێژایی ژیانمان بەو دەشێیە دڵی خۆمان دەدەینەوە. ئیتر باشتر نییە بخۆیت و بخۆیتەوە و عیشق بکەیت، تا هەردوو ژیانی سەر ئەرز و ژیانە ئەبەدییەکەش نەدۆڕێنین؟ گەر من نەچمە بەهەشتەوە ئەوا یەک شتم لەکیس دەچێ، بەڵام تۆ، ئەی قەشەی ئیماندار، تۆ دووانت لە کیس دەچێ... باشم حسێب کردووە؟"

کەوتمە کۆکە کۆک، ئاخر چ قسەیەکم نەبوو وەڵامی پێ بدەمەوە. ئەرێ خۆیشم



چەندجار لە ناوەوەمرا حیسابێکی لەو جۆرەم کردبوو؟ بەڵام تۆ چیت لەدەستدێ ئەی برا لیۆنی داماو، فرانسیسکۆس لە پێشەوە دەڕوا و تۆیش شوێن پێی هەڵگرە!"

ڕێگەکانمان لە پێوەدابوو. گەیشتینە ئەو شوێنەی کە ئیدی ڕێگە نەمابوو، شەومان بەسەردا هات و چووینە ئەشکەوتێکەوە. ڕێنوێنەکەمان بڕێک گیای بۆ گوێدرێژەکە کۆکردەوە، ئەوسا پشتوێنەکەی کردەوە، ئەوەی لە مریشکەکە مابۆوە، دەری هێنا و بەشی ئێمەشی دا تا بیخۆین، بوتڵێک شەرابیشی نا بەسەریەوە، پاشان بۆ منیشی ڕایەڵ کرد، قوڵپی ناو بوتڵی بچکۆلەی شەرابەکەم دەژنەفت و لە نێو دەممدا وەکو کەو دەیقاسپاند.

ڕێنوێنەکە هەمدیس بوتڵە شەرابەکەی بەسەریەوە نایەوە و چۆڕبڕی کرد و گوتی: "قەشەیینە بمبوورن، من چوومەتە فیرقەی خۆشگوزەرانییەوە!" وای گوت و دەسوبرد بەردێکی کردە سەرین و زۆر بەخێرایی خاچی کێشا و لێی نووست.

بۆ بەیانی ڕۆژی شادومانیی خوداوەند بوو. ئاسمان ساماڵ و درەخت و بەردەکان دەدرەوشانەوە، خۆر گەورە و ئاڵتونیی هەڵدەگڕا. فرانسیسکۆسمان نایەوە سەر گوێدرێژەکە و کەوتینەوە ڕێ.

بەگوندێکی گەورەدا ڕۆیشتین، بیرم نەماوە ئەو گوندە ناوی چ بوو. فرانسیسکۆس گوتی دەخوازێ لەوێ ڕاوەستین تا پەیڤی خوداوەند نوتق کا، بەڵام جوتیارەکە پەلەی بوو.

– "گەر بکەویتە ڕاگەیاندنی پەیڤی خوداوەند بەگوێی ئەم جوتیارانەدا و بۆ ئەوەی زانیارییان لە بارەی شتی سەیرەوە فێرکەیت، ئەوا بەساڵێکی تریش ناگەینە ئالڤێرنا. جگە لەوە منیش پەلەمە زوو بگەمەوە ماڵەوە. بمبوورن، من وەکو ئێوە نیم، ئیشم زۆرە و دەبێ پێیاندا ڕاگەم. من کار دەکەم بۆ ئەوەی زانیاریی بدەمە ئەرز لەبارەی شتی سەیرەوە، تا فێربێت گوڕ بداتە تۆوەکان و منیش بتوانم زگی منداڵەکانم تێرکەم، تا مێوەکانیش ترێ بگرن و منیش بتوانم بیانفلیقێنمەوە و بیانکەمە شەراب. ئێ ئێمە دەبێ کارێک بکەین کە تیایدا ستایشی خودا بکەین!"

فرانسیسکۆس تکای لێ کرد: "تەنها ساتێک، دەخوازم تەنها دوو وشەیان پێڕاگەیەنم..."

– "فریوم مەدە، کوا پەیڤی خودا کۆتایی هەیە! تۆ دەدوێیت و هەر دەدوێیت و سەرخۆش دەبیت. کتێبی پیرۆز دەکەیتەوە و لە هەوادا ڕایدەوەشێنیت، ئیتر ئەوسا کێ دەتوانێ هێورتکاتەوە؟"

وای گوت و شوڵکێکی بەگوێدرێژەکەدا کێشا و ئەویش ڕاچڵەکی، خۆی ڕاوەشاند و گورێکی خواردەوە و هێندەی نەمابوو فرانسیسکۆس بخاتە خوارەوە. ڕێنوێنەکە تەماشایەکی کردم و لەژێر سمێڵە بۆرەکەیەوە پێکەنی.

– "ئاخۆ قسەکەم ڕاست نییە؟ تۆ دەڵێی چی؟ من وای دەبینم کە وی لەبەر خەڵک دەرفەتی ڕزگاربوونی بۆ خۆی نەهێشتۆتەوە، بەیەکێک دەڵێ ڕزگار دەبیت و بەیەکێکی تر دەڵێ کات بەدەستەوە نەماوە بۆ ڕزگار بوون. ژنێکی دراوسێمان هەیە و خودا بێوەیی کات! ناوی خاتوو (کارۆلینا) یە، ئەم کارۆلینایە ژنێکی خەپان و قەڵەو، خاوەن قونێکی زل و یەک ڕیزی درێژ منداڵە. دەزانی ڕۆژێکیان چیی پێ گوتم؟"

دانەوێوە و بۆ ئەوەی فرانسیسکۆس گوێی لێ نەبێ، بەگوێیدا چرپاندم.

من خۆشیم بەو پیرەمێردە خاکیی و گەشبینە دەهات، دانەویمەوە و لێیم پرسی: "چی پێ گوتیت؟ زۆر بەرز مەیڵێ!"

– "گوتی مارینۆی ئازیز (بە ڕاستیی یادم چوو پێت بڵێم کە من ناوم مارینۆیە.) گوتی مارینۆی ئازیز، ئەوەندە خزمەتی ئەم و ئەوم کردووە نەپەرژاومەتە سەر ئەوەی چ منداڵێک لە مێردەکەم دروست کەم!"

وای گوت و لە قاقای پێکەنینی دا. گوتی: " ئێوەش هەر واتان لێ بەسەرهاتووە، هەی داماوینە!"

ئێمە سەرگەرمی ئەو قسانە بووین و کات تێپەڕیبوو. شادومانیی خوداوەند هەر بەردەوام بوو. باران نەدەباری، سنۆبەرەکان بۆنیان دەهات، خۆریش ئارام. پیرەمێرد تۆزێک خواردنی لە هەگبەکەیدا مابوو، ئەوەشمان خوارد و پاشان هەگبەکەی ڕاوەشاند.

– "قەشە خوداحافیز لە ژیانی تێرو تەسەلیی، گەر بۆم هەبێت بپرسم، ناوت چییە؟"



– "برا لیۆن!"

– "خوداحافیز لەژیانی تێرو تەسەلیی برا لیۆنی داماو، کە تۆزێکی تر لەدامێنی چیاکەدا بەجێتان دەهێڵم، ئەوکات هەمدیس دەچنەوە ناو فیرقەی هەژاریی – تۆ چیت گوت – فیرقەی پیرۆزی هەژاریی؟"

– "بەڵێ، فیرقەی پیرۆزی هەژاریی!"

– "ناوی مەهێنە با بیرم نەکەوێتەوە، کە ناوەکەیم بەر گوێ دەکەوێ، موچوڕکم پێدا دێ و مووی سەرم ڕاست دەبێتەوە!"

خۆر خەریک بوو ئاوا دەبوو. لە ناکاوێکڕا لەپێچی ڕێگەکەدا، چیایەکی زۆر کوڕ و سەخت وەدیارکەوت.

مارینۆی پیر دەستی بۆ چیاکە ڕاکێشا و گوتی: "ئەوە ئالڤێرنایە، سڵاوی لێ بکەن!"

فرانسیسکۆس خاچی کێشا. دەستی هەڵبڕی و چیاکەی بەرەکەت دا.

گوتی: "خۆشحاڵم بەبینینت ئالڤێرنای خوشکم، سڵاو دەکەم لە بەردەکانت و لەو ئاژەڵە کێوییانەی لەناوتا دەژین و سڵاو دەکەم لەو تەیر و لەو فریشتانەی بەئاسمانەکەتەوەن! ڕۆحی من بنۆڕە، ئەوە خوشکە ئالڤێرنایە، مەترسە!"

من یەک وشەم نەگوت. بەڵکو بەترسەوە لە چیاکەم دەنۆڕی. تا بڵێی هەڵەت، سەخت و دوور لەئاوەدانیی، لێرە و لەوێ دارستانی سنەوبەر، چەند داربەڕوویەک، دوو باز لەسەر گاشەبەردێک هەڵفڕین و بەژوور سەری ئێمەوە باڵەکانیان لێک دەدا.

پیرەمێردەکە گوتی: "چەند باشە ئێمە مریشک نەبووین، ئەگینا ئێستا خواردبوویانین و بەرەو بەهەشت، خوداحافیزیمان کردبوو!"

جوتیارێک بەپەلە لەوێوە تێپەڕی. مارینۆی پیر فیکەیەکی بۆ کێشا و ئەویش ڕاوەستا. ڕێنوێنەکەمان چوو بۆ لای، لەچەقی ڕێگەکەدا وتووێژێکی پڕ لە نهێنییان دامەزراند، پاشان بەڕوخسارێکی نائومێدانەوە بۆ لامان گەڕایەوە.

گوتی: "تا ئێرە هاتووم و ئیتر نایەم، ناتوانم ئیتر لەگەڵتانا بێم!"

– " چ بووە مارینۆی پیر؟ ڕێک لەو شوێنەدا کە ڕێگەی بەرەو ژوورکە دەس پێ دەکا

و پێویستمان پێته، دەڵێیت نایەم. ئەو هاوڕێیەت چیی پێ گوتیت؟"

–" کاپتن لیکۆی سەرەک چەتە لەحەشارگەکەیەوە دابەزیوە و لەدامێنی چیاکەدا بەنهێنیی دەگەڕێ، هەڵبەت برسێتیی زۆری بۆ هێناوە!"

وای گوت و ئەوجا فرانسیسکۆسی لەسەر گوێدرێژە چکۆڵەکە داگرت و لەژێر دارسنەوبەرێکدا، لەسەر بەردێک داینا.

گوتی: "خوداحافیز ئەی پیاوی قەدیسی خودا، تۆ نە ئەرزت هەیە و نە منداڵ. تۆ هیچ لە چەتە و دزان ناترسیت، بەڵام من...!"

ئەوسا ئاوڕی بۆ من دایەوە، چاوێکی لێ داگرتم، بەپەنجەی شایەتمانی ئیشارەتی بۆ ڕێگەی گەڕانەوە کرد و بەگوێمدا چرپاندی: "تۆ چ دەڵێیت؟"

– "نا مارینۆی پیر، من ئەرکی خۆم بەجێ ناهێڵم، تۆ بڕۆ، خودات لەگەڵ بێت!"

شانی هەڵتەکاند، خۆی هەڵدایە سەر گوێدرێژەکەی و ملی ڕێگەی گرتە بەر.

***

لەپاڵ فرانسیسکۆسدا دانیشتم. هەوا سارد نەبوو، بەڵام من دەلەرزیم. لەو شوێنەوەی کە لێی دانیشتبووم، دەنگی وژەی باڵ و چریکەی تەیرم دەهاتە گوێ، چاوانم هەڵبڕی و خودایە چیم بینی؟ پۆلێک مەل لە هەموو جۆرەکان– چۆلەکە، کەلاوکوڕە، سوێسکە، کەنەسمە و قژقڕە و کەوێک دەوریان دابووین و بۆیان دەچریکاندین، وەک بڵێی بەخێرمان بێنن بۆ زێدەکەیان. تا دەهات ئازایەتییان دەهاتەبەر و زیاتر و زیاتر لێمان نێزیک دەبوونەوە. تا ئیدی دواجار بەدەوری پای فرانسیسکۆسدا کۆبوونەوە.

فرانسیسکۆس، ورووژاو و لەبەرخۆیەوە گوتی: "برا تەیرەکانم، برا تەیرەکانم، بەڵێ، بەڵێ، من برای ئێوەم کە لە وڵاتێکی دوورو غەریبەوە هاتووم، هاتووم تا پێکەوە لەم چیا سەختەدا بژین. گەر پێویستتان بەهەر شتێک بوو، پێم بڵێن و حەقتان نەبێت، من داواکەتان دەگەیەنمە بابمان، دەیگەیەنمە خوداوەند، ئەوسا هەرچیتان ویستبێ بۆتان جێبەجێ دەبێ!"

کەوەکە لەبەر پای فرانسیسکۆسدا گوێی ڕادێرابوو، هەروەک ئینسان سەری بەلایەکدا وەردەگێڕا و هاوڕێیانە گوێی ڕادەدێرا.



ئەو کاتەی ئێمە سەرسامیی ئەو موجیزەیە لە خۆوەی پێچابووین، دوو جوتیار بەڕاکردن هاتن و هاواریان لێکردین:

– "هەی داماوینە، ئەوە بۆچی لێرەدا دانیشتوون؟ وا لیکۆ لە چیاکەوە دادەبەزێ!"

– "لە کوێوە؟"

– "لەوێوە!"

من ترسام و ڕاپەڕیم.

– "با بڕۆین برا فرانسیسکۆس، با بڕۆین!"

– "لێرەبە ئەی پیاوی خانەگومان، من دەڕۆم و لیکۆ دەبینم. ئارامبە، خودا بەدەسەڵاتە و دەتوانێ لیکۆ بکاتە مەڕ!"

هەستایە سەر پێ و بەرەو ئەو ئاراستەیە چوو کە دوو جوتیارەکە ئاماژەیان بۆ کرد. من تەنێ مامەوە، ڕوخسارم بەسەرقۆڵی جبەکەم شاردەوە و چاوەڕێم کرد. دەمزانی خودا ئەوپەڕی بەدەسەڵاتە، بەڵام بەتەواوی متمانەم پێی نەبوو. ئاخر ئەو چەندین جار لێگەڕابوو تا ئاژەڵگەلی دڕندە خەڵکە ئیماندارەکەی بخۆن، یاخود بەدەستی کافران بکوژرێن! دەی کەواتە باشترین شت خۆ ئامادەی ڕاکردنە، بەقەولی مەسەلەکە: قەدیس جیۆرج یارمەتیم بدە، بەڵام دە ئاخر تۆیش بجووڵێ!

شوانێکی کورتەباڵا لەوێوە تێپەڕی و جامێک شیری پێ دام، هەمدیس دڵم هاتەوە سەر خۆی. شەرمەزاربووم و لەوەدا بووم هەستم و بکەومە دوای فرانسیسکۆس و بەتەنێ لە خەتەردا بەجێی نەهێڵم، بەڵام دەسوبرد ژێوان بوومەوە. پێموابوو ئێرەم ئەمینترە. گوێم ڕادێرابوو تا هاواری فرانسیسکۆس ببیەم. بەڵام دەوروبەرم ئارام و چ دەنگێک نەدەهات، شەو خەریک بوو لەدەشتەکە هەڵدەسا و بەسەر دار زەیتوون و ڕەزەکاندا هەڵدەگژا، هێورهێور بەسەر چیاکەدا سەردەکەوت، هەنگاو بەهەنگاو دونیا دیار نەدەما.

لەناکاوێکرا دەنگی هاوارێکی دڕندانەم لەنێو گاشەبەردەکانی ژوور سەرمەوە ژنەفت، هاوارەکە بەرز و بەرزتر دەبۆوە و تا دەهات نزیکتریش دەبۆوە. ئیدی ئەوەی دەمبیست یەک دەنگ نەبوو، بەڵکو دووان بوون، دەنگێکی گڕ و دڕندانە و دەنگێکی لاواز و میهرەبان. دەنگی فرانسیسکۆسم ناسییەوە و ڕاپەڕیم.

دەنگەکان زیاتر نزیک دەبوونەوە. ئەلعان دەمتوانی بەئاشکرا، وشە گەلی گۆرانییەک ببیییەم: (مەسیح لەمردن دێتەوە، لەگەڵ مردندا بەسەر مردندا سەردەکەوێ....) مەزەندەم دەکرد ئەو دووانە یەکتریان بینیوە و پێکهاتوون و وا هەنووکەش بۆ پشتیرەکەی خودا دەگەڕێنەوە. لەڕاستیشدا، لەتاریکییەکەدا فرانسیسکۆس و زەلامێکی ڕیشن و پرچ درێژم بینین کە قۆڵیان کردبوو بەقۆڵی یەکدا و ئیشارەتیان بۆ دەکردم.

فرانسیسکۆس بەپێکەنینەوە گوتی: "بنۆڕە، ئەمە کاپتن لیکۆی بەناوبانگە. ئەو ئیتر گورگ نییە، بەڵکە بووەتە مەڕ(*)"

سەرەک چەتە مڕاندی: "مەڕ براکەم، بەڵام مەڕێک کە گورگ هەڵدەلووشێ، ئاخر من حونەرەکەی خۆم بیر ناچێتەوە!"

فرانسیسکۆس گوتی: "لە سەرەتادا ئا، بەڵام دەبێ وردە وردە لە خودا نزیک بیتەوە و چیدی گورگیش هەڵنەلووشیت!"

بەڵام لەناکاوێکڕا فرانسیسکۆس لە قسان ڕاوەستا. سەرنجی نوشتەیەکی زیوینی بەسەر سینگە پان و توکنەکەی کاپتن لیکۆوەدا کە شتی لەسەر نووسرابوو، نەیتوانی بەچاوە کزەکانی وشەکان بخوێنێتەوە.

– "ئەوە چییە براکەم؟ چیت لەسەر نووسیوە؟"

سەرەک چەتە لەشەرمدا سوور هەڵگەڕا، نوشتەکەی لێ کردەوە و ویستی فڕێی بدا. گوتی: " گوناهی کۆنن، مەیخوێنەوە!"

– "با، برا ئارنی(**) حەز دەکەم بیخوێنمەوە، هەموو گوناهەکانت سڕدرانەوە، ئیدی لیکۆ مرد و ئارنی دەژی!"

ئەوسا نوشتەکەی لەچاوی نزیک خستەوە و خوێندییەوە، نووسرابوو: (دوژمنی خوداوەند و ئینسان!)

کاپتن لیکۆ نوشتەکەی لە دەستی فرانسیسکۆس وەرگرت، لوولی کرد و تا دەستی گرتی فڕێی دا.

(*) لیکۆ بەگریکی واتە گورگ. و. سوێدی.

(**) ئارنی بەگریکی واتە مەڕ. و. سوێدی



– "هاوڕێ لەگەڵ خوداوەند و ئینساندا! من دەبێ نوشتەیەکی تر بەکرد بدەم کە لێی نووسرابێ: هاوڕێی خودا و ئینسان! هەنووکەش بەئومێدی دیدار، فەرمووو هەڵگژێ بەسەر ئەو چیایەدا کە کۆنت پێی بەخشیویت. سبەینێ بەیانی زووش خۆم دێم و دوو کوختان لە گڵ و پەلکی درەخت بۆ ڕۆدەنێم، پاشان دادەبەزمە بناری چیاکە و پاسەوانیتان دەکەم. هەی قوڕ بەسەری ئەو کەسەی بەبێ ڕوخسەتی من لێرەوە تێدەپەڕێ!"

دوای ساتێک بیرکردنەوە گوتی: "ڕاوەستن، باشترە خۆم لەگەڵتانا بێم. من لە پێشەوە دەڕۆم، ئاخر چ ڕکەیەک بەچیاکەوە نییە و ڕەنگە ڕێ وێڵ کەن!"

ئەوسا بەبازۆڵە بەهێزەکانی فرانسیسکۆسی وەک منداڵێکی چکۆڵە بەرزکردەوە و گوتی:

– "باوکە فرانسیسکۆس با بڕۆین، تۆ چ پێویستت بەگوێدرێژ نییە!"

دوای تاوێک گەیشتینە شوێنێکی تەختانی. داربەڕوویەکی چڕی زۆر گەورە لەناوەڕاستا قەدی ڕاست کردبۆوە.

فرانسیسکۆس گوتی: "برا ئارنی، من ئیتر لەمەولا بەبرا ئارنی بانگت دەکەم. برا ئارنی تکات لێ دەکەم کوختەکەی من لەژێر ئەو داربەڕووەدا ڕۆبنێیت و کوختەکەی برا لیۆنیش دوور لەولا ترەوە، تا نە من ئەو ببینم و نە ئەویش من، تا کە بانگیم کرد گوێی لێم نەبێت، براکەم ئاخر من دەمەوێ لێرە تەواوێک تەنیا بم!"

– "بەخۆشحاڵییەوە برا فرانسیسکۆس. سبەینێش بەنان و زەیتوون و بەهەر شتێکەوە کە دەستم کەوێ دێم بۆ لاتان تا لەبرسا نەمرن. ئاخر قەت نەمبیستووە مردوو بتوانێ عیبادەت بکا. من هەموو پێداویستییەکتان بۆ دابین دەکەم تا ڕووبەڕووی ناهەمواریی نەبنەوە، من لەدەوڵەمەندان دەسەنم و هەژارانی پێ تێر دەکەم، ئەدی حەقی خۆی نییە؟ باوکە فرانسیسکۆس بۆچی سەرت با دەدەیت؟ بێ شک ئەوە شەیتان بووە نەک خوداوەند کە سەروەتەکانی دابەش کردوون، بۆیە ئاوها ناعادیلانە دابەشی کردوون، من دەبێ ئەو دابەشکردنە ڕێکخەمەوە!"

بەدەم ئەو قسانەوە دەستی فرانسیسکۆسی ماچ کرد و ئیدی لە شەودا بزر بوو.

***

# یازدە

بەترس و شادومانییەکی لە وەسف بەدەرەوە ئەو ڕۆژانەمان وەیاد دێنمەوە کە لە ئالڤێرنا بەسەرمان برد. ئاخۆ ئەوانە ڕۆژان بوون یان مانگان یاخۆ ساڵان؟ زەمەن وەک بازێک بەسەر سەرمانەوە ڕاوەستاو و هێند خێرا باڵەکانی لێک دەدا کە وا پێدەچوو نەبزوێ. مانگ هەڵدەهات و ئاوا دەبوو، گا وەکی هیلالێک و گا وەک ئەڵقەیەکی زیوین. بەفر دەتوایەوە و دەبووە ئاو و ئەویش وەک نزاکانی فرانسیسکۆس بەئالڤێرنادا دەڕژایە خوار و دەشتەکەی ئاوس دەکرد. ناو بەناویش بەفر بەکلووی گەورە دەباری، بەیانیان بەڕەنگی پەمەیی و ئێواران بەڕەنگی شین و نیوەڕوانیش بەسپییەکی ڕووناک و بێدەنگ لەسەربانی بەپەلکی درەخت دروسکراوی کوختەکانمان دەنیشت. فرانسیسکۆس هەموو بەیانییەک لە کوختەکەی دەهاتە دەرەوە و لەو نانەی کە برا ئارنی خۆشبەختانە بۆی دابین دەکردین تا لەبرسا نەمرین، ورد دەکرد و بەو بەفرە بەرینەدا بڵاوی دەکردەوە، ئیدی تەیرەکان پەییان بەوە دەبرد و هەموو بەیانییەک دەوری کوختەکەی فرانسیسکۆسیان دەدا و دەکەوتنە جریوەجریو و هانیان دەدا بێتە دەرەوە. بازێک ئازایەتیی دەدایە بەرخۆی و بەسەر کوختەکەی فرانسیکۆسەوە بەدەنگی بەرز دەیقریشکاند تا بەئاگای بێنێتەوە.

سەرمایەک بوو نەبێتەوە، جبە قەشەییییەکانمان شڕ و پڕ و کون کون و کزەی سەرما بەنێویاندا دزەی دەکرد و جەستەمان لەسەرمادا شین هەڵدەگەڕا. ئەدی من چۆن توانیم بەرگەی ئەوها شەهید بوونێک بگرم و ڕەق هەڵنەیەم! بڵێی قسەکەی فرانسیسکۆس وابێ کە گوایە ئەوەی بیر لەخودا بکاتەوە زستانان گەرمی دەبێتەوە و هاوینانیش جەستەی فێنک دادێ؟ هەڵبەت من زۆر جاران لەو چیا بێڕوحمەدا بیرم لای خودا بوو، بەڵام زۆر جارانی تریش خەیاڵم دەڕۆیشت بەلای ئاگرێکی هەڵایساو و مەنجەڵێک چێشتی کولاو و بوتڵێک شەرابی گەرم و کەوچکێک بیبەر بۆ تەواو گەرمداهێنانی ئێسقان. زۆر جاران خەونم بەخوانێکی ڕازاوەوە دەبینی و ئاواتم



دەخواست هەموو دونیا بۆنی بەرازی برژاوی لێبێ. دە ئیتر با لە دەرەوەی کوختەکە هێندەی باڵای زرتە زەلامێک بەفر ببارێ، ئاخر دەرگا داخراوە و نە بەفر دەتوانێ خۆی بکا بەژووردا و نە سەرماو برسێتیی، ئەوسا چ دڵنیاییییەک دەبێ خودایە، چ دڵنیاییییەک دەبێ! ئەوسا نەک هەر خوداوەند لەیاد ناکرێ، بەڵکو دەستیش بەرەو ساپیتەی کوختەکە هەڵدەبڕدرێ و سوپاسی دەکرێ کە ئاگر و بەراز و دەرگای پێ عەتا فەرمووین.

گەر لە وەزعی فرانسیسکۆسیش دەپرسن، ئەوا ئەو نە باکی بەسەرما هەبوو نە بەبرسێتی. ئاخر شەو و ڕۆژ ئاگرێکی بەلرفە لە ناخی ویدا نێڵەی دەهات و هەمیشە خوداشی گەرم و سپی و بۆنخۆش، وەک کولێرەی فریشتان لەبەردەمدا بوو. بەڵام ناوبەناو دڵم بۆی دەکەوتە مەراقەوە، لە کوختەکەم دەهاتمە دەرێ و دەچووم بزانم چیی بەسەر هاتووە. بەیانیان و نیوەڕوان و ئێواران دەمبینی دەچوو بەرەو ئەو ئەشکەوتە ڕەشەی کە ڕاهاتبوو عیبادەتی لێ بکا. خودایە ئەوە چ موجیزەیەک بوو! کاتێک بەرەو عیبادەت دەچوو، ڕێڕۆیشتن و قەڵافەتی تەواو جیاواز بوو لەو کاتەی کە لەقسەکردن لەگەڵ خوداوەند دەبۆوە و بەرەو کوختەکەی دەگەڕایەوە. کاتێک بەرەو ئەشکەوتەکە دەچوو، وی کەسێکی ڕیوەڵەو کۆم و کفت بوو، لەبەفرەکەدا هەڵدەنگاوت، دەکەوت و هەمدیس هەڵدەسایەوە و دەکەوتەوە ڕێ، بەڵام کاتێک لە نوێژەکەی دەبۆوە و لەو ئەشکەوتە ڕەشە دەهاتە دەرەوە و بۆ کوختەکەی دەگەڕایەوە، خودایە جەستەی چەند ڕێک و باڵای چ زراڤ و قەڵافەتی چەندێک کەتە دەینواند! زراڤ و ڕێک، ئازایانە لە بەفرەکەدا هەنگاوی دەنا و هەواش بەباڵای دە زەلام بەسەر سەرێوە بڵێسەی دەدا.

تەماشایم دەکرد و خودایە تۆبە، ئیرەییم پێی دەبرد. ئاخر ئەو پیاوە لە چ دروست ببوو؟ لەپۆڵای ساخ، لەڕۆحی ساخ، لە چ دروست ببوو کە قەت هەستی بەبرسێتیی یان سەرما نەدەکرد و قەت نەیدەگوت دە بەس؟ منیش شەو و ڕۆژ لە سەرمادا هەڵدەلەرزیم، برسیی بووم و نە تاقەتی نوێژم هەبوو نە گوڕی نوێژ و سەرباری ئەوەش ئازایەتی بەجێهێنانی ئاوها ئەرکێکم لەخۆ ڕانەدەبینی. ئاخر گەر دەست و چاوانیشم بۆ ئاسمان هەڵبڕیبان، ئەوا خەیاڵم هەر لێرە، لە خوارەوە، لەخواری خوارەوە لەسەر ئەرز بوو. ئەو وشانەشی کە دەبوو بەخوداوەندیان بێژم، چ نەبوون جگە لە بڵقی ڕەنگاو ڕەنگ.

چوار پێنج ڕۆژێک دەبوو دەستم بۆ ئاسمان هەڵنەبڕیبوو. برا ئارنی بەنان و زەیتوون و پەنیری بزن و ئەو شتانەوە هات.

لێی پرسیم: "دەخوازیت ئاگرێکت بۆ بکەمەوە؟"

بەهەناسە هەڵکێشانەوە وەڵامیمدایەوە: "نا براکەم، برا فرانسیسکۆس ئاگری قەدەغە کردووە!"

– "بۆچی؟"

– "لەبەر ئەوەی دونیا ساردە!"

– "بەڵام ئاخر لە سەرمایەکی ئاوهادا ئاگر پێویستە!"

– "براکەم، ڕێک لەبەر ئەوەشە کە ئەو ئاگری قەدەغە کردووە!"

– "ئەدی ئێوە بە چی خۆتان گەرم دەکەنەوە؟"

– "بەخوداوەند!"

کاپتن لیکۆ شانی هەڵتەکاند.

– "دیارە ئێوە گەرەکتانە دونیا هەڵگێڕ و داگێڕ بکەن. حیساباتی ئەنگۆ تەواو شتێکیترە. بەڵام من ئەلعان بۆ ئەشکەوتەکەم دادەبەزم، لەوێ ئاگرێکم بەکوتەداری گەورە کردۆتەوە و مەنجەڵێک چێشتیشی لەسەرە و دەکوڵێ. دوێنێ دوو کەوم ڕاوکرد و وا ئەمڕۆ دەیانخەمە سەر پلاو – برا لیۆن گەرەکتە بێیت و تامێکی بکەیت؟ فەقیر بۆ نایەیت تۆزێک ناو زگت چەورکەیت و ئێسکەکانت گەرم دابێنیت؟"

ئاو زابووە دەمم.

– "بەڵێ، بەڵێ، بەخۆشحاڵییەوە براکەم بەخۆشحاڵییەوە، بەڵام ئاخ، لەبرا فرانسیسکۆس دەترسێم!"

– "چ پێویست ناکا ئەو بزانێ!"

– "ئاخر بەئەرکی سەر شانی خۆمی دەزانم پێی بڵێم!"

– "باشە، گەر پێبزانێ چیت لێ دەکا؟"

– "هیچ، تەنها هەناسە هەڵدەکێشێ، بەڵام ئیدی ئەو هەناسە هەڵکێشانەیەتی کە دڵم شەقار دەکا!"



– "کەیفی خۆتە برا لیۆن. تەنێ ئەمە بهێنەرە بیری خۆت: کەو، پلاوی گەرم، شەرابی زۆر و ئاگرێکی کڵپەسەندوو. وەک جادوویەک لەبەر خۆتەوە بیڵێرەوە: کەو، پلاوی گەرم، شەرابی زۆر و ئاگرێکی کڵپەسەندوو. ئەو وشانە بڵێرەوە تا بەڵکو ئەمە خودایە ڕا بگۆڕیت و بێیت. کە هاتیت ئەوسا بەخێربێیت!"

وای گوت و بۆ ئەوەی خۆی گەرم کاتەوە، لەپی دەستی بەیەکدا دەخشاند و قاچی بەعەردەکەدا دەکوتا!"

– "ئەرێ باشە براکەم تۆ لە خودا ناترسیت؟"

– "من لە خەڵک ناترسم، ئیتر چۆن لە خوداوەند دەترسم؟"

ئەوجا بەرەو خوار شۆڕبۆوە و شاخەکە بەپێکەنینەکەی دەنگی دەدایەوە.

تەنیا مامەوە. هەرگیز لە ژیانمدا تەنیایی و چۆڵەوانیی ئەوها زۆریان بۆ نەهێنابووم. کەو، پلاوی گەرم، شەرابی زۆر و ئاگرێکی کڵپەسەندوو... هەستامە سەر پێ، بەرەو لای دەرگاکە چووم، ڕاوەستام.

– "هەی لیۆنی تووڕەهات، باشە تۆ شەرم ناکەیت، گەر برا فرانسیسکۆس پێبزانێ چۆن دەتوانیت خۆت لەبەر هەناسە هەڵکێشانەکانیدا ڕاگریت؟ لە کوختەکە بمێنەوە، ئەم نانە ڕەقەیەش هەر باشە، سەرماش هەر باشە، خەڵکانی تر مافی خۆیانە تێر بەزگی خۆیان بخۆن و مافی خۆیانە خۆیان گەرم کەنەوە، بەڵام تۆ ئەو مافەت نییە! تۆ مافی ترت هەن، مافی گەورەترت هەن!"

– "کام مافانە؟"

– "چۆن نایزانیت؟ مافی ئەوەی کە بەژیانت ڕێگەی ڕزگاریی پیشان بدەیت!"

– "ئەی ئەگەر مردم؟"

– "هەر زۆر باشتر، ئەوسا بەمردنت ڕێگەی ڕزگاریی پیشان دەدەیت. تۆ جلکی فریشتان، جبەی قەشەییت پۆشیوە. تۆ ئیدی ئینسان نیت، هەروەها فریشتەیش نیت، بەڵکو لەنێوان ئەو دووەدا ڕاوەستاویت، نا، ڕانەوەستاویت، بەڵکو هێواش هێواش دەچیتە پێش. بەهەر کردەوەیەکی باشە خۆت لە فریشتەیی نزیک دەخەیتەوە!"

– "من هێشتا ئینسانم، زیاتر و زیاتریش دەبمە ئینسان، یەکجار ڕوخسەتم بدەرێ، تەنها یەکجار، ئەوسا ئیدی دەبمە فریشتە، سوێند دەخۆم دەبمە فریشتەیەکی ڕاستیی!"

– "هەر چۆنێکت دەوێ وا بکە، تۆ ئازادیت، ئازادیت کە بەرەو دۆزەخ ڕۆچیت، من لێت دەگەڕێم، سەفەرێکی بەختەوەر!"

سەرە سوڕێم پێ کەوتبوو. هەمدیس گەڕامەوە ناو ژوورەکە و خۆم بەئەرزدا دا. حەزم دەکرد بگریم، بەڵام کوتوپڕ تووڕەبییەک لەخۆوەی پێچام. فریشتە، فریشتە.... گەر ئینسان زگی نەبێ چ شتێک ئاسانتر نییە لەوەی کە ببێتە فریشتە، حەزم دەکرد تۆیش زگت هەبا، ئەوسا دەمبینیت چۆن فریشتەیەک دەبوویت کە هالاّوی دوو کەوی برژاو بەسەرتا بچێت و ئاو بزێتە دەمت. حەز دەکەم ئەم هەوەسەت بۆ بەرجەستەکەم، من ئینسانم، کاپتن لیکۆ دەعواتی خواردنی کردووم و دەی منیش دەچم!

بەپرتاو چوومە دەرێ. بەفرەکە خۆشی کردبۆوە، هەور لەڕەوینەوەدا بوو، ئاسمان بەڕەنگی سەوزێکی مسین لە بەینی هەورەکاندا ڕووناک دەبۆوە. بەسەر ڕووی بەفرەکەوە جێگەپێ زلەکانی کاپتن لیکۆم ناسییەوە، ئاراستەی ئاسەواری ئەو جێپێیانەم هەڵگرت و ڕۆیشتم، نا نەدەڕۆیشتم، بەڵکو دەفریم. چەندێک لە توانامدا بوو گورم دایە هەنگاوەکانم، دوو جار لە پەلە پەلییدا کەوتم و هەموو ڕیشم بوو بەبەفر. بەهەناسە بڕکێوە گەیشتمە بەردەم ئەو ئەشکەوتە تازە ئاواکراوە و سەرم بەژووردا کرد. ئاگر دەسووتا، بۆنی کەوی برژاو پۆنگی خواردبۆوە، لیکۆ لەبەر ئاگرەکەدا دانیشتبوو لەسەر ئەژنۆ و خواردنی ناو قابلەمەیەکی تێکدەدا.

لەبەر دەرگاکەوە هاوارم کرد: "برا، خۆشحاڵم دەتبینم!"

کاپتن لیکۆ ئاوڕی بۆ دامەوە و بەپێکەنینەوە گوتی: "قەشە بەخێربێیت. دەی وەرە ژوورەوە، خواردنەکە ئامادەیە، گوریسەکەی ناو قەدت شلکەوە!"

چوومە ژوورەوە، گوریسەکەی ناو قەدم شل کردەوە و خۆم خزاندە لای ئاگرەکە. خودایە، خودای من، ئەرێ ئەوە چ بەختەوەرییەک بوو! هەرگیز لەژیانمدا هەستم بەئەوها سوپاسگوزارییەک بەرامبەر خودا نەکردبوو، ئاخر ئەڤینێکی ئاوهایی و



لەزەتێکی ئاوهایی ناچارت دەکەن نوێژی بۆ بکەی و بەباوکە بانگی کەیت! هەر بەڕاست کامەیان باوکترە، ئەو باوکەی کە تولّفەکانی فرێدەداتە بەر باکانی دونیا و پارووییەک نانیان ناداتێ بیخۆن و بەجلکێک نایانپۆشێ، یاخۆ ئەو باوکەی کە ئاگریان بۆ دەکاتەوە و مەنجەڵە چێشتی دەنێتە سەرو خواردنیان بەسەردا دابەش دەکا؟

دەستو پلمان بەبەفر شت. فەرووە مەڕێکمان لەبەردەم ئاگرەکەدا ڕاخست و مەنجەڵەکەمان لە ناوەڕاستیا دانا، نانمان بەکوتی زل زل لەت کرد و من، شێری خودا و ئەو سەرەک چەتە تازە بۆ ئیمان گەڕاوەیە چوار مشقی بەرامبەر یەکتری دانیشتین. دەستمان ڕاکێشا، لیکۆ کەوێکی بۆ خۆی برد و منیش کەوەکەی تر، ئیدی تا ماوەیەکی درێژ تاقە دەنگێک کە لە ئەشکەوتەکەدا دەهاتە گوێ، هەر دەنگی مڵچەی دەم و خوڕەی هەڵقوڕاندنی شەراب بوو.

چ بەختەوەرییەک بوو، چ خۆشییەک بوو، ئەوە ئیدی بەهەشت بوو! خودایە تۆبە، من هەر ئاوها خەیاڵم بۆ بەهەشت چوو بوو. با فرانسیسکۆس بۆ خۆی بێژێ، سوڵتانەکەی عارەبستان ڕاستی دەکرد.

ڕۆژ بۆوە و ڕوخسارە لاواز و دڕندانەکەی سەرەک چەتەی ئازیزم بەرامبەری خۆم بینی کە ڕەنگی سووری ئاگرەکەی لەسەر پێچەوانە دەبۆوە. من تا ڕادەیەک شەرابێکی زۆرم خواردبۆوە و خودایە تۆبە، ناو بەناو دوو قۆچم بەنێوچەوانییەوە دەبینی، دوو قۆچی پێچاو پێچ و بریقەدار. بۆ ساتێک خەیاڵێک بەکەللەمدا تێپەڕی و لە حەژمەتا لەرز دایگرتم، بەخۆم گوت بڵێی ئەوە شەیتان نەبووبێ کە لەشێوەی کاپتن لیکۆدا خۆی گۆڕیبێ؟ بڵێی ئەوە شەیتان نەبووبێ کە کەوێکی وەک چەشتەتەڵە بۆ داناوم و وا ئەلعانیش بووم بەتەڵەکەیەوە؟ هەنووکە هەردوو کەوەکەمان خواردبوو، بوتڵی شەرابی پیرۆزمان چۆڕبڕ کردبوو، دارە جنراوی نوێمان دەنایە ئاگرەکەوە، من ئیدی گەیبوومە حەوت تەبەقەی ئاسمان و هەوەسی گۆرانیی بێژانم هەستابوو، گۆرانی مەسیح هەستاوەتەوە. کاپتن لیکۆ چەپڵەی لێدەدا و بەدەنگە گرەکەی گۆرانییەکەی لەگەڵمدا دەگوتەوە، ناو بەناویش قریوەیەکی دڕندانەی لێدەدا و لەئەشکەوتەکەدا دەنگی دەدایەوە.

هاواری بۆ کردم: "براکەم، براکەم، وا خەریکم دەبم بەژێر تۆفانی ئەڤینەوە و ئەڤین گەمارۆم دەدا. دەمەوێ شتێکت پێبڵێم و تۆیش لە دڵی مەگرە، ئەویش ئەوەیە کە کەو لەئینجیل زیاتر مرۆڤەکان یەک دەخا و شەراب لە ئینجیل زیاتر دەیانکاتە برای یەکتر. لەو قسەیەم ببوورە، دە ئاخر بنۆڕە، بزانە چۆن بەقومێک شەراب مۆمەکانم داگیرساون و تۆ وەک برای خۆم دەبینم!"

باوەشمان بەیەکدا کرد و یەکتریمان ماچ کرد.

– "برا لیکۆ، حەز دەکەم تۆ بەبێ خواردنەوەش، هەموو مرۆڤەکان بەبرای خۆت ببینیت، لەبەر ئەوەی کاتێک بەرتدەدا، چ ڕوودەدا؟ ئەوسا هەموویانت لێ دەبنەوە بەدوژمن و چ ئاسەوارێکی ئەو برایەتییە نامێنێ!"

کاپتن لیکۆ دوا تنۆکی شەرابەکەی لە بوتڵەکەدا هەڵمژت و گوتی: "دەی لێگەڕێ با تەواوی ژیانمان هەر مەست بین!"

– "ئاخ برا لیکۆی مەڕم، گەر گوڕی ئەوەم هەبا، ئەوا موجیزەی ئەوەم دەنواند و منیش قانوننامەیەکم دەنووسی و تێیدا داوامدەکرد کە سەرجەم برایان هەموو بەیانییەک شەراب بخۆنەوە و ئەوسا خۆیان بکەن بەشاران و گونداندا و پەیڤی خوداوەند بەخەڵکی ڕاگەیەنن، ئەوسا دەتبینی چۆن ئامێزیان بۆ خەڵکیی دەگرتەوە و بەڕەنگاری مەترسییەکان دەبوونەوە و سەمایان دەکرد و دەکەوتنە گۆرانیی چڕین و ستایشکردنی خودا! سووکەڵە و شادومان لەعیبادەتی شەرابەوە دەپەڕینەوە بۆ عیبادەتی خودا و لەوێشەوە دەچوونەوە سەر ڕاستە ڕێی بەهەشت!"

لیکۆ پێکەنی، لە خۆشحاڵیدا یەکێکی قایمی کێشا بەپشتما و گوتی:"باوکە لیۆن، لەفیرقەکەتا ناونووسم کە. دەڵێیت چی بەگەزێک کۆرڤ و بوتڵێک شەرابەوە بچین بۆ لای فرانسیسکۆس و باسی ئەو قانوونامە تازەیەی بۆ بکەین؟"

ترسێک دایگرتم، لام کردەوە و لەدەرکی ئەشکەوتەکەم ڕوانی. وا هات بەزەینمدا کە سێبەرەکەی فرانسیسکۆس ئاماژەیەکی بۆ کردم و دەنگی هەناسە هەڵکێشانێکی قووڵم لەفەزادا ژنەفت. هەستامە سەر پێ.

– "براکەم ئیتر کاتی ئەوە هاتووە من بڕۆم. مەزەندە بکە فرانسیسکۆس بچێ بۆ کوختەکەم و لەوێ نەمبینێ!"



– "برا لیۆن، دەتوانیت پێی بڵێیت لە نوێژ بوویت. ئەدی هەموو ئەمانە، هەموو ئەم کەو و پلاو و گەرماییە جوانە لەگەڵ قانوننامە تازەکەدا نایەنەوە؟ گەر ئەوانە عیبادەتی خودا نەبن، ئەدی چین؟ هەر بەڕاست، هەرگیز لە ژیانتا هێندەی ئەم ئێوارەیە هەستت کردووە کە لە خوداوەندەوە نزیکیت؟ دەی ئەمەش واتە عیبادەت!"

نەدەپەرژام دانیشمەوە و بۆ ئەو چەتەیەی ڕاڤەکەم کە عیبادەت تشتێکی ترە، ئاخر من خۆیشم زۆر بەباشیی لەوە نەگەیشتبووم.

کاپتن لیکۆ تا کەمێک ئەولای ئەشکەوتەکە بەڕێی کردم، ئەو ئیدی کەوتبووە هەوای خۆی و ڕیز ڕیز قسانی دەکرد.

– "ڕۆژێکیان کە هێشتا چەتە بووم – خۆی ئێستایش هەر چەتەم، بەڵام ئەوە بەفرانسیسکۆس مەڵێ، ئاخر ئەو بونیامێکی میهرەبانە و با دڵی عاجز نەبێ – ئا... ڕۆژێکیان کە چەتە بووم، قەشەیەکم بینی و فەقیرە دەیویست ددانی بەگوناهەکانما بۆ بنێم.

لێی پرسیم: "نوێژ بۆ خوداوەند دەکەیت؟ چۆن دەیکەیت؟"

– "بەڵێ دەیکەم، بەڵام بەشێوازی خۆم نوێژی بۆ دەکەم!"

– "بەچ شێوازێک؟"

– "بەچەتەیی!"

– "هەی نەگبەت، ئەی ژێوان نیت؟"

– "من ئەلعان تەمەنم سی و پێنجساڵە، هێشتا کاتم بەدەستەوە ماوە، کاتێ پیر دەبم و پەکم دەکەوێ و سەرم دەکەوێتە لە گوێی قەبر لەرزین، ئیدی ئەوکات ژێوان دەبمەوە. ئاخر هەموو شتێک ئان و ساتی خۆی هەیە. کە جحێڵیت، بڕۆ بۆ خۆت چەتەیی بکە، کە پیریش بوویت ئەوا لە گوناهەکانت ژێوان ببەوە!"

قەشە تووڕە بوو.

پێمگوت: "تووڕە مەبە، ئاخر من لەتۆ زیاتر لە مەسیحەوە نزیکم، بۆچی ئەوەت نەبیستووە؟ "

– "تۆ؟"

– "بەڵێ من، من ئەو چەتەیەم کە لەپاڵ مەسیحدا لە خاچدرا، کە لەلای دەستە ڕاستی مەسیحەوە لە خاچدرا!

ئیدی برا لیۆن دەبێ لێت مەعلوم بێ حونەری هەموو ئەوە لەوەدایە کە لە دوواین لەحزەدا، کاتێک مردنت لێ نزیک دەبێتەوە، فێڵێک بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی خۆت بگەیەنیتە لای دەسە ڕاستی مەسیح، فەقیر لای دەسە چەپییەوە نا، ئەگینا ئەوسا بۆ خۆت تیا دەچیت!"

من پەلەم بوو بڕۆم تا هەرچیی زووترە لەم چەتەیە دوور کەومەوە. ڕۆحێکی شەڕەنگێز لە ناوەوەمڕا هەبوو کە بەهەرچی ئەو دەیگوت دەخنایەوە. شەیتان و ژیانی ئاسوودەیی و فرانسیسکۆس، هەموو ئەوانە لەناوەوەمڕا ئامێتەی یەکدی دەبوون. ئاخ، کەنگێ دەچمەوە نێو تەنیایی تا هەموو شتەکان بۆ ڕەوتی ئاسایی خۆیان بگەڕێنمەوە!

– "خوداحافیز براکەم، بەرامبەر ئەو چاکەیەی کە لە تەکمدا کردت خودا پاداشی خێرت بداتەوە و لەو گوناهەش بتبوورێ کە منت تێیەوە گلاند!"

دەستی گوشیم و خەریک بوو پەنجەکانم لە نێو دەستیدا ورد و خاش بن.

هاواری کرد: "ئەلعان بڕۆ و قانوننامە تازەکە بنووسە، سەرکەوتوو بیت!"

***

بەڕێگەوە دەڕۆیشتم و قسانم لەگەڵ خۆمدا دەکرد و دەستم دەجووڵاند. درەنگ وەختێک گەیشتمەوە کوختەکەم و خۆم بەژووردا کرد. خودایە کوختەکە چەند سارد و چ چۆڵەوانییەک بوو! ئاخر ئیدی لە بەهەشت هاتبوومە دەرێ و چووبوومە دۆزەخ. جوان جوان جبەکەم لەخۆمەوە پێچا، ڕاکشام و گوێم لێ بوو کە چۆن (با) بەنێو درەختەکاندا دەیوژاند و چۆن گورگەکان لە دوورەوە دەیانلووراند. نەمدەتوانی بنووم، دڵیشم هێند پاقژ نەبوو بتوانم نوێژ بکەم. ئاخرییەکەی دەمەو شەبەق خەوێکی قووڵم لێکەوت، خەوێکی کابوساویی. کاتێک چاوانم پڕ لە تاریکیی بوون و خەو بردمییەوە،، وەک ئەوەی لە (سێبیس) بم لە میسر، لەو شوێنەی کە زاهیدە گەورەکان کوختەکانیان لەبیاباندا ڕۆدەنێن، منیش لە خەونەکەمدا زاهیدێک بووم و ناوم (ئارسێنیۆس) بوو. کاتێک کەوتبوومە سەر ئەژنۆ و لە خەیاڵی باوکە پیرەکەم، لە خەیاڵی (نیلیۆس)ی زاهیدی تەمەن سەد ساڵەدا بووم کە پێنج میل دوور لە منەوە



دەژیا، لەو کاتەدا کە خەریکی عیبادەت بووم، قەشەیەک بەهەڵەداوان هات بۆ لام و هاواری بۆ کردم: (وا باوکی پیرت دەمرێ و گەرەکییەتی بەر لە مردن چاوی پێت بکەوێ! باوکی پیرت دەڵێ با بێ، بابێ تا بەرەکەتی بدەم.)

ئیدی بەپڕتاو هەستامەوە و بەهەڵەداوان ڕێک بەرەو کوختەکەی باوکی پیرم کەوتمە ڕێ. ڕام دەکرد و بەدەم ڕاکردنەوە دەگریام. هەتاوێک بوو سووتێنەر، لەدوورەوە دەنگی سەر قافڵەچییەکم دەهاتە گوێ کە کاروانی وشترەکانی بەڕێگە گشتییەکەدا دەئاژووا و گۆرانییەکی خەمین و یەکتای دەچڕی. ئاخرییەکەی دەمەونیوەڕۆ گەیشتمە کوختە چکۆلانەکەی باوکی پیرم. بینیم لەسەر لمەکە پاڵخراوە، پێنج شەش قەشە دەوریان داوە و جلکەکانی لەبەر دادەکەنن و دەیشۆن و تەرتیلەی بەسەردا دەخوێنن.

یەکێک لە قەشەکان پێیگوتم: (هەر ئەلعان ڕۆحی تەسلیم بەخودا کردەوە!)

یەکێکی تریان گوتی: (هەتا مرد ناوەکەتی هەر لەسەر زار بوو، هاواری بۆ دەکردیت، بەڵام تۆ درەنگ هاتیت!)

کاتێک ئەوان دەدوان. وەک بڵێی زاهید گوێی لە قسەکان بووبێ، کەوتە جووڵە، قەشەکان کە ئەوەیان بینی زراوەترەک بوون و تێیانقوچاند. زاهید لێوی جوڵاند، چاوی کردەوە و منی بینی.

گوتی: "کوڕەکەم، دانەوێرەوە، ئاخۆ کەس هەیە گوێی لە قسەکانم بێ؟"

چاوانی تەژی بوون بەترس، قژ و ڕیش و گوێچکە و لێوی تەواوێک خۆڵاویی بوون.

– "نا، ئێمە هەر هەردووکمانین، کەسیتر گوێی لێت نییە!"

– "دانەوەرەوە، نهێنییەکی خەتەرناکم هەیە دەمەوێ پێتی بسپێرم، زیاتر دانەوەرەوە!"

دانەویمەوە و زاهیدیش دەمی بەگوێچکەمەوەنا. دەنگی لاواز و بێ گیان، لە دووری دوورەوە، وەک ئەوەی لەبنی بیرێکی وشکەوە بێتە دەرێ، لەگوێچکەمدا دەنگی دەدایەوە:

– "ئارسێنیۆس کوڕی خۆم، ئێمە فریومان خوارد، ئاخر نە بەهەشت هەیە و نە دۆزەخ!"

– "ئەی چی هەیە؟ بێسەروبەریی؟"

– "بێسەر و بەرییش نییە!"

– "ئەی ئاخر چی هەیە؟"

– "هیچ!"

وای گوت و ملی گرتم، خەریک بوو بمخنکێنێ، ئەوسا دەستی سست بوو، کەوتە سەر لمەکە.

قیژەیەکی جەرگبڕم کرد و خەبەرم بۆوە. بەهەردوو دەست سەرم گرت تا نەتەقێ. هێشتا دەنگی زاهید لەگوێمدا، لەدڵمدا دەزرنگایەوە و بەرەو گورچیلە و سییەکانم و لە سییەکانیشمەوە دەچوو بەرەو گەرووم و خەریک بوو دەیتاساندم: "فریومان خوارد!" بەڵام ئەی دوایی؟ هاوارم کرد: "برا فرانسیسکۆس، یارمەتیی!"

هەستامە سەرپێ. چوومە بەر دەرکی کوختەکەم و لە دەرەوەم ڕوانی. بەفر و هەمدیس بەفر. خۆر هەڵاتبوو، دارە دارە بەبەفرەکەدا دەڕۆیشت و ناو بەناو دەکەوت و دیار نەدەما، پاشان وەک بونیادەم هەمدیس هەڵدەسایەوە. بڵێسەیەک ڕووناکی لە چرایەکی کزدا پێبوو، تەقەللای دەکرد و هەوڵی دەدا دونیای پێ ڕووناک کاتەوە. من نەمدەتوانی ئەوە ببینم، دڵم بێ هەست و ئیدی وەک بوخچەیەک بەئەرزەکەدا کەوتم و لەرز دایگرتم، سەرم کێشا بەگاشە بەردێکدا و خوێن بەدەموچاومدا هاتە خوارەوە. چ ئازارێکم پێنەگەیشت و دەست و برد هێور بوومەوە. هەستامەوە سەرپا و گەرەکم بوو نیشانەیەک لەخوداوە ببینم و تێبگەم، نیشانەیەک لە خوداوەندەوە، تەیرێک، هەورە بروسکەیەک، دەنگێک، هەر چییەک. زوبانی خودا دەوڵەمەندە، ئاخر ئەو دەبێ لەگەڵم بئاخڤێ و وەڵامی عەزابەکەم بداتەوە.

چەند ڕۆژێک بوو فرانسیسکۆسم نەبینیبوو. ڕێگەی کوختەکەیم گرتەبەر، بەپێی پەتیی بەسەر بەفرەکەدا دەڕۆیشتم، هەموو هێزی خۆم خستبووە گەڕ تا بتوانم کوفر نەکەم. بەخۆم گوت: "ئاخر ئەمە ژیانە؟" لەبەر خۆمەوە گوتم: "تەنانەت ئاژەڵیش پێست و فەرووی هەن، کەچی ئێمەیش هەر دەڵێی دوو هێلکە شەیتانۆکەی ڕووتین!" وام گوت و هەمدیس کەوتمەوە ڕێ.

دواجار گەیشتمە ئەو بەرزاییەی کە لەوێوە کوختەکەی فرانسیسکۆس دیاربوو.



چاوم بەو ناوەدا گێڕا و خودایە چیم بینیی؟ فرانسیسکۆس سەرکەوتبووە سەر گاشەبەردێک و هەردوو باسکی بەڕاست و چەپدا ڕایەڵ کردبوو، لەنێو پروشەی بەفرەوە، لەخاچێکی ڕەشی بێ جووڵە دەچوو کە لەسەر گاشە بەردەکە جێگیر کرابێ. ترسام بەو سەرەوە لە سەرمادا ڕەق هەڵێت، بەهەرچیی گوڕێک لەجەستەمدا بوو تاومدایە خۆم تا بەسەر گاشە بەردەکەدا سەرکەوم، فرانسیسکۆس بنێمە باوەشم و هەڵیگرم و بیهێنمەوە کوختەکەی و ئاگرێکی بۆ بکەمەوە، تەنانەت گەر خۆیشی نەیەوێ، هەمدیس ژیانی تێ بێتەوە. بەڵام هێشتا نەگەیبوومە نیوەی گاشەبەردەکە، هاوارێکی گەورەم لێ هەستا، بینیم ئامێزێک بەترۆپکی گاشەبەردەکەوە فرانسیسکۆسی بەدوو باسکی وەکو خاچ ڕایەڵ کردووە و بەرزی کردۆتەوە و ئارام و نەرم لەبۆشاییدا ڕایگرتووە. ترسام فرانسیسکۆس دیارنەمێنێ، هەموو هێزی خۆم کۆکردەوە و هەرچۆنێک بوو خۆم گەیاندە ترۆپکی گاشەبەردەکە، دەستم ڕایەڵ کردو چمکی جبەکەیم گرت. بەڵام ئەو هێور و ئارام لەسەر گاشە بەردەکە نیشتەوە.

وا سەیری کردم وەک ئەوەی نەمناسێتەوە، وا تەماشای کردم وەک ئەوەی سەری بەبینینی ئینسانێک سوڕمابێ. لە باوەشم گرت، لەسەر گاشەبەردەکە هێنامە خوارەوە، قاچم هەڵەنگاوت و کەوتم و هەمدیس هەستامەوە، تەواوێک شەکەت ببووم. بەڵام هەر چۆنێک بوو توانیم بگەمە کوختەکەی، ئاگرێکم بۆ کردەوە، لەنزیک ئاگردانەکەوە دامنا، توند کەوتمە شێلانی تا خوێن لە جەستەیدا بکەوێتەوە گەڕ. وردە وردە ژیانی تێ هاتەوە، چاوانی کردنەوە و هەمدیس ناسیمییەوە.

لەبەر خۆیەوە گوتی: "برا لیۆن، بۆچی داتگرتمە خوارەوە؟ لەو سەرەوە زۆر باش بووم!"

– "برا فرانسیسکۆس بمبوورە، بەڵام ئاخر ڕەنگ بوو بمردیتایە!"

– "ئەدی نەتبینیم لە فەزادا بەرز ببوومەوە؟ ئیتر لەوەدا بوو بمرم، بۆچیی داتگرتمە خوارەوە؟"

تەماشای دەستەکانی، تەماشای پێوپلە ئاوساوە خوێناوییەکەی کرد.

ئامێزی پێداکردم و بەدەنگێکی ئارام و بێ پەروا لەبەرخۆیەوە گوتی: "ئێشم هەیە،

برا لیۆن ئێشم هەیە، دەست و پێوپلم دێشێن، ڕێک هەر دەڵێی یەکێک بزمار بەجەستەمدا دابکوتێ. بەدرێژایی شەو نەمتوانی پێڵوو لێک نێم، لەتاو ئازار نەمتوانیوە بنووم!"

بۆ ساتێک بێدەنگ بوو. ئەوجا گوتی: "ئەی جەستەم، ئەی گوێدرێژە چکۆڵەکەم بمبوورە، ئاخر هێشتا ئازارەکانت کۆتاییيان نەهاتوون، ئێمە هێشتا نەگەیشتووین، بەڵام وا خەریکین نزیک دەبینەوە. دەی ورە و ئازایەتیی بدەرە بەر خۆت!"

وای گوت و دەستی نایە سەر سەرم. گوتی: "ئەی شێرە چکۆڵەکەی خوداوەند، ڕەحمەتت لێ بێ هەنووکە بچۆرەوە بۆ کوختەکەی خۆت، دەمەوێ بەتەنیا بم!"

***

بۆ کوختەکەم گەڕامەوە و نەمدەزانی چۆناوچۆنی ڕشتەی بیرو خەیاڵاتم ڕێکخەمەوە. بڵێی هەڵگژانی فرانسیسکۆس بەرەو ئاسمان ئەو ئاماژەیە نەبووبێ کە لە خودام داوا کردبوو؟

ئاخر زوبانی خوداوەند گەلێک دەوڵەمەندە و بەو دیمەنە وەڵامی داومەوە. خوداوەند شەو، خەونێکی بۆ ناردم و نیگەرانی کردم، بەڕۆژیش ئەو دیمەنەی بۆ ناردم تا پشتم بگرێ. ئاخر ئەو گەمەمان لەگەڵ دەکا بەوێنەی باوکێک کە گەمە لەگەڵ زارۆکە چکۆڵەکانی دەکا تا فێریان کا ئازار بچێژن و خۆشەویستیی بکەن و بەرگە بگرن. کاتێک گەیشتمەوە کوختە چۆڵ و هۆڵ و سارد و سڕەکەم، بیر و خەیاڵاتم هێور ببوونەوە.

بەڵام هێشتا گوناهێک قورسایی خستبووە سەر دڵم، ئەویش گوناهی کەو و گەرمایی خۆش و پلاو بوو. خاچم کێشاو بەخۆم گوت لە سبەینێ زووتر نییە دەچم بۆ لای فرانسیسکۆس و لەبەردەمیدا ددان بەو گوناهەدا دەنێم تا بەڵکو گەردنم ئازاکا و ئەو قورساییيەی سەر دڵم ڕامالێ. ئیدی زستانیش هێندەی بەبەرەوە نەماوە و منیش پاقژ و سووکەڵە بەرەو پیری بەهاری نوێ دەچم و دڵم تەژی لە پەڕەسێلکە دەبێ.

ڕۆژی دواتر لەبەر پێی فرانسیسکۆسدا کەوتم و لەبەر دەمیدا ددانم بەگوناهەکەمدا نا. دانەویبوومەوە و ناوچەوانم لەسەر ئەرزەکە خستبووە سەر پای و



چاوەڕێ بووم. فرانسیسکۆس هیچی نەگوت، هەناسەشی هەڵنەکێشا، بەڵکو تەنها هەستم بەپەنجە گەورەی پێی دەکرد کە دەلەرزی. چاوەڕێ بووم و هەر چاوەڕێ بووم، ئاخرییەکەی ئیتر لەوەندە زیاتر نەمتوانی خۆم لەبەر ئەو بێدەنگییە درێژەدا ڕاگرم.

پرسیم: "ئێ برا فرانسیسکۆس، ئەمرتان بەچییە؟"

– "کوڕەکەم گوناهەکەت گەورەیە، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ نە دەبێ هیچ بخۆم و نە دەبێ ئاویش بخۆمەوە!"

هاوارم کرد: "بەڵام خۆ تۆ گوناهت نەکردووە، بەڵکو ئەوە منم گوناهم کردووە، ئەوە منم کە تۆ دەبێ لەسەری سزام بدەیت!"

– "برا لیۆن ئەوە یەک تشتە، ئەدی ئێمە هەموومان یەکێک نین؟ من لەگەڵ تۆدا پێکەوە گوناهمان کردووە، تۆ بەمنەوە پەیوەندبوویت، ئەدی ئەو هەموو زەمەنەی کە پێکەوەین لەمە نەگەیشتوویت؟ دەی بڕۆ و بەرەکەتی خودا یاوەرت بێ!"

دانەوێوە تا هەڵمسێنێتەوە. دەستیم ماچ کرد و چاوم پڕ لە فرمێسک بوو.

بە گریانەوە گوتم: "هەرگیز شتی وا دووبارە نابێتەوە برا فرانسیسکۆس، هەرگیز شتی وا دووبارە نابێتەوە، برا فرانسیسکۆس سوێند دەخۆم!"

– "جارێک پێم گوتوویت کە هەرگیز و هەمیشە دوو وشەی خوداوەندن، تەنها ئەو دەتوانێ بیانهێنێتە سەر زوبان. ئەلعان بڕۆ و وریای خۆتبە، ئەی مەڕی خوداوەند، یەک مووی مابوو گورگ هەڵتلووشێ!"

***

بەفر کەوتە توانەوەو ئاسمان ساماڵ، لە خواریشەوە لەسەر ئەرز، ئاو بەژێر بەفرەکەدا دەڕۆیشت و دەڕژایە خوارەوە و دەشتەکە هەڵیدەمژت. تەلانەکان سەریان بەرزکردبۆوە و بەڕووناکیی چرۆیان دەکرد. شنەیەک هەڵی کردبوو، ئەو پروشە بەفرانەی کە هێشتا بەسەر درەختەکانەوە بوون، بێدەنگ دەتوانەوە و تنۆک تنۆک دەڕژانە خوارەوە. یەکەمین کوکوختی لەنێو درەختەکانەوە دەیخوێند و زستانی ڕاودەنا، دڵ گوێی بۆ برا کوکوختی ڕادەدێرا و بەشادومانییەوە وەڵامی دەدایەوە، ئاخر ئەو دووانە هەردووکیان سەر بەفیرقەی بەهار بوون.

ئاسمان و عەرد هەردووکیان میهرەبانتر ببوون، چیدی ئاوها توند عەزابی

خەڵکیان نەدەدا. ناو بەناو کاتێک نانی ڕۆژانەم بۆ فرانسیسکۆس دەبرد و لەبەر کوختەکەیدا دامدەنا، دەمبینی زەردەخەنەیەکی نەرم بەسەر لێوە وشکهەڵگەڕاوەکەیەوە شەپۆل دەدا.

بەئاسوودەیییەوە دەیگوت: "برا لیۆن، وا بەهار، خاتوونە بە بەخششەکەی ئەرز هات، ئاخر وی پێ دەنێتە هەر شوێنێک، بەفرەکەی ژێر پێی دەتوێنێتەوە!"

ڕۆژێکیان پێیم گوت: "لە خوارەوە لە پێدەشتەکە، ڕەنگبێ هەر ئەلعان دارچوالەکە چرۆی کردبێ!"

– "برا لیۆن، گەر بەرەکەتی منت گەرەکە ئەوا بیر لەو دارچوالە چرۆکردووە مەکەوە، ئاخر شەیتان لەنێو پەلکی ئەو درەختەدا دانیشتووە و ئیشارەتمان بۆ دەکا. ڕوو بەرەو ناوەوەی خۆت وەرگێڕە و لەدارچوالەکەی ناخت بنۆڕە، لە ڕۆحی خۆت بنۆڕە کە چرۆی کردووە!"

چەندین سەعات لەبەر کوختەکەمدا دادەنیشتم و لە بەهارم دەنۆڕی کە دەهات، پێموابوو ئەو سەیرکردنە جۆرە نوێژێکی بێدەنگی پڕ لە سوپاسگوزارییە بۆ خودا. هەر لەو ڕۆژانەدا دادەبەزیمە خوارەوە بۆ بناری چیاکە و پەلکی درەخت و قامیشم لێدەکردنەوە و دەکەوتمە چنینی زەمیلە. ڕۆژانە بۆ ماوەی چەندین سەعات دادەنیشتم و زەمیلەم دەچنی و هەمیشەش خەیاڵم لای خودا بوو. خوداوەند زۆر خێراتر و دڵنیاتر لەو کاتانە دەهات کە تەنێ بۆ نزا کڕنۆشم بۆ دەبرد. ئیدی من گەلێک خۆشحاڵ بووم کە ئاوها توانیومە دەستی کار و عیبادەت یەکانگیری یەکتر بکەم.

ڕۆژێکیان کە هەروا لەبەردەم کوختەکەمدا دانیشتبووم و خەریکی زەمیلە چنینی خۆم بووم، دەنگی هەناسەبڕکێ و دەنگی قورسی پێی کەسێک لەسەر بەردەکان هاتە گوێم. هەڵبەت ئەو کەسە برا لیکۆ نەبوو، لەبەر ئەوەی ئەو هەرگیز هەناسەبڕکێی پێ نەدەکەوت و کە هەنگاویشی دەنا، دەنگی پێی نەدەهات. هەستامە سەر پێ و بەپەلە کەوتمە خۆ تا بزانم ئەو کەسە کێیە. ئەوکەسە باوکە سیلڤێستێر بوو!

پێیم گوت: "بە خێر بێیت براکەم!" بینینی برایەک دوای ئەو هەموو مانگانە دڵی ڕاچڵەکاندم. باوەشم پێدا کرد و لە لای خۆمەوە دامنیشاند.

– "براکەم جگە لە نان و ئاو چ شتێکی ترم نییە بتدەمێ بیخۆیت، چ شتێک!"



بەڵام باوکە سیلڤێستێر خەیاڵی لای خواردن نەبوو.

بەنیگەرانییەوە پرسی: "ئەدی برا فرانسیسکۆس چۆنە؟"

– "دەژی و عەزاب دەچێژێ، گەر بیبینیت نایناسیتەوە، براکەم نوێژ و ڕۆژوو کرۆژتوویانە. هەموو بەیانییەک بەرلەوەی ڕۆژ بێتەوە، هەر ڕێک لەو کاتەدا کە ئەو خەو چووەتە چاوی، بازێک دێ و خەبەری دەکاتەوە، دەڵێی خوداوەندیش تەیرەکان دەنێرێ بۆ ئەوەی عەزابی بدەن!"

– "برا لیۆن، باوکی فرانسیسکۆس لەوەدایە بمرێ، منی ناردووە تا ئەو هەواڵە بدەمە کوڕەکەی و داوای لێ بکەم بەر لە مردنی بێت و بیبینێ، وا پێدەچێ لە هەموو ئەو شتانەی کردوویەتی ژێوان بێ. ڕەنگبێ داوای لێبوردنی لێ بکا!"

ئەو ڕۆژە ئازایانەیەم بیر کەوتنەوە کە ئێمە تۆز و خۆڵی دونیامان لە پێوپلمان دەتەکاند و خۆمان بەنێو ئاگری خوداوەندا دەکرد. خودایە، لەو کاتەوە چەند ساڵ تێپەڕیوە، چەند قەڕن تێپەڕیوە!

– "برا لیۆن، کوختەکەی فرانسیسکۆس لە کوێیە؟"

گوتم: "وەرە پێکەوە دەچین، لەوێیە لەنێو گاشە بەردەکاندا، هەستە با بڕۆین، خودا بکا خەریکی نوێژ نەبێ و بتوانێ قسانمان لەگەڵ بکا!"

بەهەورازەکەدا سەرکەوتین و بینیمان لەوێ نییە و کوختەکەی چۆڵە.

گوتم: "هەڵبەتە ئەلعان لە ئەشکەوتەکەیە و خەریکی نزا و نوێژە، وەرە بێدەنگ دەچین بۆ ئەوێ. بێ خشپە دەچین تا گوێی لێمان نەبێ و نەشڵەژێ!"

لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە ڕاوەستاین. یەکەمجار چ شتێکمان لەناوەوە نەبینی. ناوەوە تاریک بوو، بەڵکو تەنێ دەنگێکمان هاتە گوێ کە نزای دەکرد و هەناسەی هەڵدەکێشا. دەیگوت: "مەسیح، ئەی ئەڤینی لەخاچدراوم، ئەی ئومێدی لەخاچدراوم!" ئەوجا بێدەنگ دەبوو، پاشان دەنگی پڕتر لە پاڕانەوە و نائومێدانەتر دەهاتە گوێ: "مەسیح، ئەی ئەڤینی لەخاچدراوم، ئەی ئومێدی لە خاچدراوم!"

باوکە سیلڤێستێر ویستی بچێتە ژوورەوە، بەڵام من جبەکەیم گرت و دانەویم، چرپاندم بەگوێیدا:

– "توخودا لێی نزیک مەبەوە، ئەو بەتوندی ئەمری کردووە کاتێک خەریکی نزاو نوێژە، نابێ کەس بانگی کا، نابێ کەس دەستی تێوەبدا، دەڵێ لە کاتی نوێژدا دەستم

تێوەبدەیت هەپروون بەهەپروون دەبم!"

لە دەرەوە چاوەڕێ بووین. یەکێکمان لای ڕاستی دەلاقەی ئەشکەوتەکەوە و ئەویتریشمان لای چەپ و چاوەڕوان بووین. چاوەڕێ بووین تا بەڵکو لە نوێژەکەی بێتەوە و بێتە دەرێ و ئەوسا لەگەڵیدا بدوێین. خۆر گەییبووە ناو قەدی ئاسمان و ئیدی خۆی بۆ دابەزین ئامادە دەکرد. فرانسیسکۆس بێ جووڵە کەوتبووە سەر ئەژنۆ و باسکەکانی ڕایەڵ و نوێژی دەکرد، لێکدا لێکدا ئەو پەیڤانەی دووبارە دەکردنەوە. لەئێوارەدا هەناسە هەڵکێشانێکی قووڵ و نائومێدانەمان ژنەفت و ئیدی فرانسیسکۆس هەستایە سەرپێ، وەک مەستێک لەتری دەدا و چاوانی سوور دەچوونەوە بەخوێن و فرمێسک و لە ئەشکەوتەکە هاتە دەرەوە. دەستمان بۆ ڕایەڵ کرد، بەڵام ئێمەی نەبینی، چاوانی ئاراستەی ناوەوەی کرابوون، چەند هەنگاوێکی هەڵێنا، سەرسمی دەدا، دیار بوو هیچی نەدەبینی. ڕاوەستا وەک ئەوەی هەوڵ بدا بیر خۆی بێنێتەوە کە کوختەکەی دەکەوێتە کوێوە، دەستی نایە سەر لاجانگەکانی، وردە وردە هاتەوە سەرخۆ و بەرەو کوختەکەی ملی ڕێگەی گرتەبەر.

بەئەسپایی لەدوایەوە دەڕۆیشتین تا نەیترسێنین، بەڵام کاتێک لە کوختەکەی نزیک بۆوە، دەنگی خلۆربوونەوەی بەردێکی بیست کە لەژێر پای ئێمەدا ترازا و ئەوسا ئاوڕی دایەوە. یەکەمجار نەیناسینەوە، بەڵام هەرچەندێک زیاتر لێی نزیک دەبووینەوە، ڕوخساری نوورانییتر دادەگەڕا، لێوی دەبزوا و زەردەخەنەیەکی دەهاتێ. ئامێزی کردەوە و باوکە سیلڤێستێر خۆی فڕێدایە باوەشی.

هاواری کرد: "فرانسیسکۆس براکەم، زۆرم بیر دەکردیت، گەلێک خۆشحاڵم دەتبینمەوە!"

فرانسیسکۆس هیچی نەگوت، لەتری دەدا، چووینە ژێر باڵی و بردمانە نێو کوختەکەی و لەسەر ئەو فەرووی مەڕە دامانناکە برا لیکۆ دابوویێ. ئەوسا هەستا و لای بۆ باوکە سیلڤێستێر کردەوە.

بەترسەوە پرسیی: "برایان چۆنن؟"

باوکە سیلڤێستێر سەری داگرت و وەڵامی نەدایەوە.

فرانسیسکۆس دەستی باوکە سیلڤێستێری گرت و هەمدیس بەنیگەرانییەوە گوتی: "برایان چۆنن؟ باوکە سیلڤێستێر ڕوحمم پێ بکە، ڕاستیم پێ بڵێ!"





– "برا فرانسیسکۆس، ئەوان ڕێگەیەکی تریان گرتۆتەبەر، مەڕەکانی تۆیان بەرەو دەشت بردووە تا لە لەوەڕگە بەبژوێنەکاندا بیانلەوەڕێنن!"

– "ئەی هەژاریی پیرۆز چی؟"

– "دەیانەوێ جلکی لەبەرکەن و تێری کەن، دەیانەوێ قەڵەوی کەن و پێڵاوی لەپێ کەن. ئەوان ئیدی پۆرتیۆنکۆلایان پێ شوێنێکی ساکار و عەوامانەیە و چیدی ناخوازن خۆیان بکەنە خاوەنی، بەڵکو بۆ کۆکردنەوەی ئاڵتون، شاران و گوندان لەپێوەدەدەن. ئێلیاس بناغەی کڵێسایەکی زۆر گەورەی سێ نهۆمیی داڕشتووە و هەر بۆ ئەم مەبەستەش وەستای بەنێوبانگ و هونەرمەندانی بۆ ڕازاندنەوەی بانگهێشت کردوون. وی دەڵێ دەبێ هەژاریی تەواوەتی لەنێو کۆشکێکەوە خۆی بخاتە ڕوو، ئیتر وا ئەوانیش کۆشکەکەی بۆ ڕۆدەنێن!"

– "ئەی ئەڤینی پیرۆز؟"

– "برایان بوون بەدوو تاقمەوە، تاقمێکیان بەرەو لای ڕاست چوون و تاقمەکەی تریشیان بەرەو لای چەپ. برا بەساڵاچووەکان، ئەووەڵین براکانمان، نایانەوێ گوێ بۆ شوانە تازەکان ڕادێرن، تازەکانیش بەجبەی شڕوپڕ و پێی پەتیی بەساڵاچووەکان پێدەکەنن. کە لەسەر جاددە دەیانبینن، بەبرا بانگیان ناکەن، بەڵکو بەپێ پەتیی بانگیان دەکەن!"

– "ئەی سەبارەت بەساکاریی پیرۆز؟"

– "برا فرانسیسکۆس ئەویش چ ئاسەوارێکی نەماوە، ئەوانە قوتابخانەی نوێیان کردۆتەوە. هەندێک بۆ خوێندن خۆیان گەیاندۆتە بۆلۆگنا و هەندێکی تریش بەرەو پاریس چوون و هێند خوێنەوار و تێگەیشتوویان لێ دەرچووە کە دەتوانن دەرزییەک لە ناو کایانێکدا وەدۆزن. کتێبی ئەستوور ئەستووریان کۆکردۆتەوە، سەر دەکەونە سەر میحراب، نوتقی درێژ درێژ دەدەن، ئارەقە دەردەدەن و هەناسەیان سواردەبێ بۆ ئەوەی پیشانی بدەن مەسیح و لەخاچدراوە و لە سێیەمین ڕۆژیشدا هەڵدەسێتەوە. ئیتر بابەتەکە وا دەئاڵۆزکێنن کە مێشکی ئینسان دەشێوێ و دڵیشی وەکی بەرد ڕەق هەڵدێ. لەو ڕۆژەوەی ئەو خوێنەوارانە کەوتوونەتە خوتبەدان، مەسیح لە هەستانەوە کەوتووە!"

بەرلەوەی پێدارِاگەین بیگرین، فرانسیسکۆس بەدەمدا کەوت بەئەرزا و ماوەیەکی درێژ هەر ئاوها بەبێدەنگیی مایەوە. ناوبەناو ورتەیەکی گلەیی ئامێزمان لێ دەبیست: "خودایە، خودای من بۆچی؟ بۆچی؟ ئەوە خەتای منە!" وای دەگوت و هەمدیس بێدەنگ دەبۆوە و نێوچەوانی بەعەردەکەدا دەکێشا. بەزەحمەت بەرزمان کردەوە. بەملاولادا ڕوانی. گوتی:"برا لیۆن!"

– "من لێرەم برا فرانسیسکۆس لە خزمەتتدام!"

– "کتێبی پیرۆز بکەوە، پەنجە لەسەر دێڕەکان دانێ و بخوێنەوە!"

کتێبی پیرۆزم بەدەستەوە گرت، کردمەوە و پەنجەم لەسەر دێڕەکان دانا و بەرەو لای دەرگاکە چووم، ئاخر ئەوێ ڕووناکتر بوو.

– "بخوێنەوە!"

دانەویمەوە و کەوتمە خوێندنەوە:

– "بنۆڕە، ساتی ئەوە هاتووە، هەر ئەلعان ساتی ئەوە هاتووە کە بڵاوەی لێ بکەن، هەر کەسە و بۆ ماڵی خۆی و بەتەنها جێم بێڵن!"

– "فرانسیسکۆس شپرزە فەرمانی دا: "بەردەوامبە! ئەی دوایی؟"

– "هەڵبەت من بەتەنیا نیم، چونکە باوکمم لەگەڵە!"

– "ئیتر بەسە!"

دەستی باوکە سیلڤێستێری گرت.

براکەم، خۆ گوێت لە دەنگی مەسیح بوو، ئێوە بڵاوەتان لێ کردووە، بەڵام خەفەت مەخۆ، ئازار بۆ ساتێک منیدا بەعەردا، بەڵام وەک دەبینی ئێمە بەتەنیا نین، بەڵکو خودامان لەگەڵە. ئاخۆ ئیدی چ شتێک هەیە لێی بترسین؟ وی هەمدیس مەڕەکان بەهەورازدا سەر دەخا، وی هەمدیس ڕانە مەڕەکەی بەبرسێتیی، تێردەکا!"

بێدەنگییەکی درێژ باڵی کێشا. فرانسیسکۆس لە ئومێد و نائومێدییدا ڕۆچوو بوو. هەستمان دەکرد زۆر، زۆر زۆر لە ئێمە دوور کەوتۆتەوە، چووبووە ئەو زەمەنانەوە کە بەڕێوە بوون بێن. لەو بێدەنگییە قووڵەدا ناوبەناو وشەی سەیرمان دەژنەفت کە لەزارییەوە دەهاتنە دەرێ. دەتگوت ئەو وشانە، دوور، لەوپەڕی عەردەوە دێن، ئەو



وشانە لە وەڕینی سەگ دەچوون، وەک ئەوەی ئەم بووبێتە سەگی پاسەمەڕو بووەڕێ تا مەڕەکانی کۆوەکا و هەمدیس بۆ پشتیرەکەیان بگەڕێنێتەوە. بۆ ساتێک خەو بردییەوە. بەڵام چاوانی کردنەوە و زەردەخەنەیەکی هاتێ.

– "خەونێکی زۆر سەیرم بینی، براکانم گوێ ڕادێرن. لە خەونەکەمدا وەک بڵێی برایان لەپۆرتیۆنکولا کۆبووبێتنەوە و گوێیان بۆ ئێلیاس ڕادێرابێ کە دونیای بەسەردا دابەش دەکردن. قەشەیەکی جلک شڕ و پێپەتی بەلایاندا ڕەت بوو، ڕاوەستا، تەماشای کردن و سەری ڕاوەشاند. یەکێک لە برایان کە ئەوی بینی تووڕە بوو.

بەقەشەی گوت:"(بۆچی تەماشامان دەکەیت و سەر بادەدەیت؟ بۆچی بەپێی پەتیی و جلکی شڕ و قژی نەتاشراو و پیس و پۆخڵ و خۆنەشتوو بێرەدا دەڕۆیت؟ ئەدی نازانی ڕابەرەکەمان هەژاریی لەفیرقەکەمان وەدەرناوە؟ دەی بڕۆ بۆ دەیرەکەو خۆت بشۆ، بڕۆ تا جبەیەکی تازە و جووتێک پێڵاوت بدەنێ، دەی بڕۆو برایانمان شەرمەزار مەکە!)

– (نامەوێ!)

ئێلیاس هەستایە سەر پێ و گوتی: (ناتەوێ؟ سا ئەمر دەکەم چل قامچیت لێبدرێ!)

– (لێمدەن!)

– (ناوت چییە؟)

– (جارێ یەکەمجار چل قامچییەکەم لێدەن!)

دوای ئەوەی قامچییەکانیان لێدا و خوێن بەجەستەیدا هاتە خوارەوە، ئێلیاس لێی پرسییەوە: (ئێستا دەتەوێ ناوی خۆت بڵێی؟)

قەشەی جلک شڕوپڕ وەڵامی دایەوە: (ناوم فرانسیسکۆسە، فرانسیسکۆسی ئاسیزیایی!)

تەماشای ئێمەی کرد. ئیدی زەردەخەنەکەی سەر لێوی ژاکابوو.

لەبەرخۆیەوە گوتی: "ئەوانە لە خەونیشدا بەر قامچیم دەدەن، لە خەونیشدا وەدەرمدەنێن، سوپاس بۆ خودا."

چاوی لێکنا. هەستمان کرد کە ئیدی ئەو لەشوێنێکی ترە و لە ئێمە دوور کەوتۆتەوە.

باوکە سیلڤێستێر تەماشای منی کرد وەک ئەوەی داوام لێ بکا ئازایەتی بدەمە بەر تا بدوێ.

گوتم: "برا فرانسیسکۆس، لەو شوێنە وەرەوە کە هەر ئەلعان دیدەنی دەکەیت و گوێمان بۆ ڕادێرە. باوکە سیلڤێستێر بەپەیامێکی خەمینەوە هاتووە بۆ لات، لێگەڕێ بدوێ!"

فرانسیسکۆس زۆری لە خۆی کرد گوێ ڕادێرێ.

– "برا لیۆن چیت گوت؟ پەیام؟ پەیامی چی؟"

– "لە باوکە سیلڤێستێر بپرسە، ئەو پەیامەکەی هێناوە."

فرانسیسکۆس دەستی باوکە سیلڤێستێری گرت و گوتی: "سیلڤێستێر براکەم، دڵم بەرگە دەگرێ. ئەدی بۆ ڕوحمم پێ ناکەیت، بدوێ. چ پەیامێکت پێیە و لە کێوە هێناوتە؟"

– "لە بابتەوە برا فرانسیسکۆس، لە جەنابی بێرناردۆنێوە!"

فرانسیسکۆس دەستی بەنیشانەی خاچ دانا، سەری داگرت و هیچی نەگوت.

باوکە سیلڤێستێر هەمدیس گوتی: "پەیامەکەم لە باوکتەوە هێناوە. ئەو منی بۆ ئێرە ناردووە تا داوات لێ بکەم بێیت و بیبینیت. بەر لەوەی ڕۆحی تەسلیمی خودا بکاتەوە، دەیەوێ قسانت لەگەڵ بکا."

فرانسیسکۆس بێ جووڵە ڕاوەستا بوو.

– "دایکت بەدیار تەختەنوێنەکەی باوکتەوە کروشکەی کردووە و نائومێدانە دەگری و دەلاوێتەوە، تەنها چاوەڕێی تۆ دەکا، برا فرانسیسکۆس وی چاوەڕێت دەکا بچیتەوە تا بتبینێ و سەبووری بێتەوە. وەرە!"

بێ جووڵە دانیشت و هیچی نەگوت.

– "برا فرانسیسکۆس گوێت لێ بوو؟ چ وەڵامێک ببەمەوە؟"

فرانسیسکۆس هەستایە سەرپێ، دەستی بەرەو پۆرتیۆنکولا ڕایەڵ کرد و نیشانەی خاچی کێشا.



لەبەرخۆوە گوتی: "خوداحافیز باوکە، بمبوورە!" وای گوت و ئەوسا لای بۆ باوکە سیلڤێستێر کردەوە.

– "براکەم، گەر پێدا ڕاگەیشتیت و تا چوونەوەت لە ژیاندا مابوو، ئەوا لە زاری منەوە پێ یبڵێ: من ناتوانم لە ترۆپکی ئەم گاشە بەردە بێمە خوارەوە. بەهەمان ئەو شێوەیەی کە شێرێک پڕ بەکەروێشکێکدا دەکا و خۆی بەسەردا دەدا و گەمانی لەگەڵ دەکا، ئاوها خوداوەندیش شەلوکوتی کردووم و ناتوانم ئازادبم. من لە نێو چەنگاڵی خوداوەنددا هەڵدەلەرزم و خۆم ڕادەپسکێنم، ناتوانم دەرباز بم، پێ یبڵێ بەئومێدی هەمدیس یەکتر بینینەوە!"

– "ئەی بەدایکت؟"

– "بەدایکیشم بڵێ بەئومێدی هەمدیس یەکتر بینینەوە!"

بۆ ساتێک دوودڵیی باڵی بەسەر باوکە سیلڤێستێردا کێشا. گوتی: "ئەدی بەزەییت پێیاندا نایەتەوە؟ ئاخر ئەوان دایک و بابی تۆن، بەزەییت پێیاندا نایەتەوە؟ داوای ڕوخسەت لەخوداوەند بکە، ئەو میهرەبانترینە و ڕوخسەتت دەداتێ."

– "جارێک داوای ڕوخسەتم لێ کردووە."

– "ئەی چی وەڵامدایتەوە؟"

– "وەڵامی دامەوە، من دایک و بابی تۆم!"

باوکە سیلڤێستێر دانەوێوە و دەستی فرانسیسکۆسی ماچ کرد. گوتی: "برا فرانسیسکۆس خوداحافیز، هەرچییەک خودا پێتدەڵێ ئەوە بکە!"

فرانسیسکۆس چاوی لێکنا و وەڵامی دایەوە: "براکەم، بەئومێدی هەمدیس یەکتر بینینەوە."

دەیویست بەتەنیا بمێنێتەوە. ئێمە ڕۆیشتین.

بۆ ساتێک لەبەردەم کوختەکەمدا ڕاوەستاین. باوکە سیلڤێستێر تەماشای ئەو دەوروبەرەی کرد – بەرد، گاشەبەردی گەورە، چەند بێشەیەکی چکۆڵە و دوو بازیش بەئاسمانەوە باڵیان لێک دەدا.

لەبەرخۆوە گوتی: "لە خوارەوە لە دەشتەکە خوداوەند ڕوخسارێکی تری هەیە، لێرە

یەهووە لەسەر ترۆپکی ئەم گاشەبەردانەدا دەژی، لەخواریشەوە مەسیح بەدەشتەکەدا پیاسە دەکا. ئەرێ برا لیۆن چۆن دەرەقەت دێیت؟"

وەڵامیمدایەوە: "دەرەقەت نایەم، ئەوە فرانسیسکۆسە کە دەرەقەت دێ!"

چوومە کوختەکەمەوە تا پارچەیەک نانی بۆ بێنم. گوتم: "ئەم نانە بەرە، لەڕێگە برسیت دەبێ!"

باوەشمان بەیەکدا کرد. کە ڕۆیشت گوتی: "ئاگات لە فرانسیسکۆس بێت، خوداوەند شەلوکوتی کردووە و ئیتر لەوەدایە قووتی بدا. ئاگات لێیە؟ جگە لە دوو چاوانی بریندار، چ ژیانی تێدا نەماوە. خۆ گەر برا لیۆن ئەو دوو چاوەش بکوژێنەوە، ئەوا ڕووناکییش لە دونیادا دەکوژێتەوە!"

***

مانگ هەڵهاتەوە و ئاوابۆوە. بەهار هات و چوو، هاوین هات و ئەویش تێپەڕیی. ئێمە لەسەرەوە، لەسەر چیاکەوە ئەو گۆڕانکارییانەمان دەبینین کە بەسەر ئەرزدا دەهات. دەمانبینی کە چۆن تۆو لە دەشتەکەدا سەوز دەبوو، پاشان زەرد هەڵدەگەڕا و پێدەگەیشت، مێوەکان بریتی بوون لە قەدی ڕەشهەڵگەڕاو، پاشان گەڵایان دەگرت و پەلکیان دەهاویشت، ترێیان پێدا شۆڕدەبۆوە و پاشان دەڕنران. چیاکەی ئێمەیش هەمیشە هەر وەک خۆی بوو، بێ گوڵ و چۆڵ و هۆڵ. پاییز هات، مانگی سێپتێمبەر نزیک بۆوە، ئەو مانگە جێژنی فرانسیسکۆس بوو. ئەو ئیدی جگە لە لەتێک نان چیدیکەی نەدەخوارد، جگە لەقومێک ئاو چیدیکەی نەدەخواردەوە، بۆ قەدیسی خاچ ڕۆژووی دەگرت. لە ساڵانێک لەوەوبەرەوە ئەوە ببووە کەرەستەی پەرستن و عیبادەتی ئەو. وی لەمبارەیەوە بەدەستی خۆی لە قانوونامەکەدا نووسیبووی: خودایە، ئێمە سوژدەت بۆ دەبەین، بەرزو پیرۆز ڕاتدەگرین، چونکە تۆ بەخاچە پیرۆزەکەت لوتفت کرد و گوناهەکانی دونیات بەخشی!"

ئەلعانیش وا جێژنی مەسیح، کە کەوتبووە چواردەی سێپتێمبەرەوە، نێزیک دەبۆوە. فرانسیسکۆس وەک مۆمێکی داگیرساو خەریک بوو دەتوایەوە، ئیتر نەیدەتوانی بنوێ، شەو و ڕۆژ چاوانی بڕیبوونە ئاسمان، وەک بڵێی چاوەڕێی ئەوە بێ کە ئاماژەی پیرۆز بەنێو بروسکە و باڵدا دابەزێ. هەندێ جار دەستی دەگرتم و



ئاماژەی بۆ ئاسمان دەکرد و دەیگوت: – "برا لیۆن تۆیش سەیرکە، تا بەڵکو بیبینیت. کتێبی پیرۆز دەڵێ، کاتێک خوداوەند بۆ داوەریی دێ، خاچیش لە ئاسماندا هەڵدەسێتەوە. برا لیۆن دڵم خەبەری داوە کە خوداوەن بۆ داوەریی کردن دێ!"

لە پێوپل و دەستەکانی خۆی ڕوانی.

– "برا لیۆن ئەمەش خاچە، جەستەی ئینسان خاچە، باسکەکانت بکەوە ئەوسا بەچاوی خۆت دەیبینی کە مەسیح بەسەرییەوە لە خاچدراوە!"

دەستی بۆ ئاسمان هەڵبڕی.

لەبەرخۆوە گوتی: "ئەی مەسیح، من داوایەکم لێت هەیە، بەر لە مردنم ئەو داوایەم بۆ بەجێ بێنە: هەر چەندێک دەلوێ لێگەڕێ با جەستەم هەمان ئازار و عەزابی پیرۆزی تۆ بچێژێ...." وەک ئەوەی وڕێنە بکا، دەیگوت: "هەمدیس ئازار و عەزابی پیرۆزی تۆ....."

دەست و پێی لە جبەکەیەوە پێچا. لە ژێر لێوەوە گوتی: "دەیەشێن. برا لیۆن ڕەحمەتت لێ بێ، بەتەنێ لەگەڵ ئازارەکەمدا جێم بێڵە!"

بەنیگەرانییەوە جێم هێشت. خودایە، گەر کڵپەکەی دامرکێتەوە و هێشتا ئەمیش نەبووبێتە خۆڵەمێش! هەرچەندێک جێژنی خاچ نێزیکتر دەبۆوە، ڕۆژانە فرانسیسکۆسم دەبینی کە لەشادومانیدا و لە بەرخۆدان و عەزابدا دیارنەدەما. ئەو ئازارەکانی حەشاردەدا، بەڵام من هەستم دەکرد کە دەست و پێوپلی بەئێشێکەوەن، ئێشێک لە حەوسەڵە بەدەر. بەجەستە لاواز و شەکەتەکەی پەلی دەکوتا تا ئەو عەزابە سەروو ئینسانییە، تا ئەو عەزابەی مەسیح ئەزموون بکات. ئاخۆ جەستەی ئینسان دەکرا بەرگەی ئەوها عەزابێک بگرێ؟

ترساو و شڵەژاو هەموو ڕۆژێک بێ سرتە دەڕۆیشتم و خۆم لەپشت گاشەبەردێکی بەرامبەر کوختەکەی فرانسیسکۆس دەنایەوە و چاودێریم دەکرد. ئەو ئیدی بۆ ئەشکەوتەکە نەدەچوو، بەڵکو بەسەر گاشەبەردەکەی نزیک کوختەکەیدا هەڵدەگژا و دەستەکانی هەڵدەبڕی و بەدرێژایی ڕۆژ وەک بەرد بێدەنگ و بێجووڵە دادەنیشت و نزای دەکرد. دەمەو ئێوارەش وەک بڵێی تیشکێک ڕوخساری لە خۆوە پێچابێ، قژی سەری ئاگری دەگرت.

بەدرێژایی شەوی پێش جێژنی خاچ نەمتوانی چاوان لێکنێم، کەوتبوومە سەر ئەژنۆ تا عیبادەت کەم، بەڵام خەیاڵم هەر لای فرانسیسکۆس بوو. هەستم دەکرد وەک بڵێی بروسکەیەکی خەتەرناک لەسەری دابێت، هەوای ئەو دەوروبەرە کڵپەی دەسەند. هەستامەوە و لە کوختەکەم هاتمە دەرێ، بەژوور سەرمەوە ئاسمان ئاگری گرتبوو، ئەستێرەکان بڵێسەیان دەدا و وەک پریشکی ئاگر خۆیان ڕادەپسکاند و بەرەو عەرد دادەبەزین. شیرەڕێ بەڕەنگێکی سپی وەک شیر دەدرەوشایەوە، شەو تەنک و بلوورین، گاشە بەردەکان پرشنگیان دەدا، باڵندەکانی شەو بەدەنگێکی کپ باڵەکانیان لێک دەدا و لەم درەختەوە دەفڕین بۆ ئەو درەخت و دەیانقریشکاند، بایەکی ئارام و نیوە گەرم هەڵی دەکرد و پەلکی درەختەکانی دەهێنانە لەرە. نەمدەزانی ئەو ئارامییە چێژبەخشە لەکوێوە دێ. ڕادەوەستام و لەدەوروبەری خۆمم دەنۆڕی، ئاسمان پڕ بوو لە شمشێر و عەردیش لەخوارەوە وەک ژنێکی ملکەچ لەوپەڕی میهرەبانی و گوێڕایەڵیی خۆیدا بوو.

ئەو کاتەی کە لە کوختەکەی فرانسیسکۆس نێزیک دەبوومەوە، دڵم کەوتە خورپە، لەبەر ئەوەی لە شەوانێکی ئاوهادا کە ئاسمان تووڕە و عەردیش گوێڕایەڵ و ملکەچ بێ و ئاوها شنەیەکی بەهارییش هەڵی کردبێ، ئەوا لەو شەوانەدا موجیزە ڕووی دەدا. لەودیو گاشەبەردەکەمەوە خۆم حەشار دا و تەماشام کرد. فرانسیسکۆس لەدەرەوەی کوختەکەی کەوتبووە سەر ئەژنۆ و نزای دەکرد، هالەیەک ڕووناکیی بەلەرەلەر هات و دەوری فرانسیسکۆسی دا و دەست و ڕوخساری ڕووناک کردنەوە. بەئاشکرا دەست و پێیم دەبینی کە دەدرەوشانەوە، نا، نەدەدرەوشانەوە، بەڵکو کڵپەیان سەندبوو.

ماوەیەکی درێژ لەوێدا دانیشتم و لە فرانسیسکۆسم دەنۆڕی. (با) خستبووی، لەرە لە چ گەلایەکەوە نەدەهات، ڕووە و خۆرهەلات ئاسمان بەڕەنگێکی سپیی ڕووناک بۆوە، ئەستێرە گەورەکان دادەگیرسان و دەکوژانەوە و لە ئاسماندا کەوتبوونە سەما، یەکەمین بێچووە پەڕەسێلکە لەنێو پەلکی درەختێکەوە چریکاندی. شەو ئەستێرە و تاریکییەکانی کۆکردنەوە و خۆی ئامادەی ڕۆیشتن کرد. لەناکاوێکڕا تیشکێکی بەهێز، تیشکێکی شین و سەوز لە ئاسمانەوە وەدیارکەوت و کشا، ڕوانینم هەڵبڕی،



(سێراف)[*]ێک وەک ئاگرێکی شەش باڵ دابەزییە خوارەوە و مەسیحی بەلەخاچدراوی لەباڵەکانییەوە پێچا. دووباڵ سەری و دووباڵی تر جەستەی و دووباڵەکەیتریش هەر دوو باسکی. ئالڤێرنا بەکڵپە گەمارۆ درا، تیشکەکە نزم بۆوە و دەشتەکەی ڕووناک کردەوە. لەخاچدراو بەوژەی باڵ لێکدانەوە، خۆی دا بەسەر فرانسیسکۆسدا و وەک هەورە بروسکەیەک ڕایوەشاند. وەک بڵێی کەسێک بزمار بەئازای جەستەیدا داکوتێ، قیژەیەکی بەسۆ لە فرانسیسکۆسەوە هەستا، ئەوجا وەک ئەوەی لە فەزادا لە خاچ بدرێ هەرتک باسکی کردنەوە. چەند وشەیەکی نەغمە ئامێزم ژنەفت، بەڵام وەک ئەوەی ئەو بوونەوەرە شەش باڵە تەیر بێت نەمتوانی یەکەمین وشەکانی لەیەکتر جیاوەکەم، بەڵام بەئاشکرا لە هاوارەکەی فرانسیسکۆس حاڵی بووم کە گوتی: "زیاتر! زیاتر! من زیاترم گەرەکە!" دەنگی خوداوەندیش بەژوور سەرییەوە وەڵامی دەدایەوە: "هەوڵ مەدە لەوەندە زیاتر بێیتە پێشێ، سنووری هەڵگژان بۆ ئینسان لە کاتی لەخاچداندا تا ئێرەیە!" هەمدیس دەنگی فرانسیسکۆس نائومێدانە هاتەوە گوێ: "دەخوازم زیاتر بێمە پێشێ، دەخوازم تا سنووری هەستانەوە بێمە پێشێ!" دەنگی مەسیح لەنێو باڵەکانی سیرافەکەدا دەنگی دەدایەوە و دەیگوت: "فرانسیسکۆسی ئازیزم، چاوانت بکەوە و بنۆڕە، لەخاچدان و هەستانەوە یەک شتن!" فرانسیسکۆس هاواری دەکرد: "چما ئەی بەهەشت؟" دەنگەکە هەمدیس دەیگوت: "لەخاچدان و هەستانەوە و بەهەشت یەک شتن!" کاتێک مەسیح ئەو قسانەی دەکرد، هەورە گرمەیەک ئاسمانی هەژاند، پێدەچوو کەسێک ئەمر بەو بوونەوەرە نەبینراوە بکا بەرەو باوەشی خوداوەند بگەڕێتەوە. ئەوسا ئاگرە شەش باڵەکە دەسوبرد وەک بروسکەیەکی سوور و سەوز هەڵکشا و بۆ ئاسمان گەڕایەوە.

هەنووکە فرانسیسکۆس بەدەمدا کەوتبوو بەئەرزەکەدا و هەڵدەلەرزی. من لە پشت گاشەبەردەکە هاتمە دەرێ و بەرزم کردەوە، خوێن لە دەست و پێیەوە دەچۆڕا. جبەکەیم قەد کرد، برینێکی گەورە لە لاکەلەکەیدا دەمی کردبۆوە، دەتگوت ڕمێک پێکاوێتی.

لەبەرخۆوە گوتم: "باوکە فرانسیسکۆس، باوکە فرانسیسکۆس..." بۆ ئەوەی هۆشی

(*) سیراف یان سارۆفیم ئەو مەلایکەتەیە کە لە خزمەت خودادا کار دەکا.

بەبەردا بێتەوە، ئاوم پێیدا کرد. ئیدی نەمدەتوانی بەبرا بانگی بکەم، ئاخر ئەو بەبەرزایی باڵای زەلامێک سەروو براکان، سەروو ئینسان کەوتبوو.

ئەو ئیدی بوورابۆوە و هیچی نەدەژنەفت و هۆشی بەخۆی نەبوو. تەنها ڕوخساری بوو کە لە ترسدا ڕادەچڵەکی.

برینەکەیم بۆ شت. بەڵام دەسوبرد برینەکە دەمی کردەوە و هەمدیس خوێن لێیەوە فیچقەی کردەوە. کوڵی گریانم بەربوو. پێموابوو ئەم نەزیفەی ڕاناوەستێ و خوێن لەجەستەیدا نامێنێ و ئیتر دەمرێ. خوداوەند چەند قورس کەوتبوو بەسەریدا! چەند بەهاژەیە بەخشندەیی خودا! ئیتر ئەو دەمرێ......

چاوانی کردنەوە و ناسیمییەوە.

بێئاگایانە گوتی: "برا لیۆن، چ شتێکت بینی؟"

– "بەڵێ باوکە، بینیم!"

–" ئەی هیچت بیست؟"

– "بەڵێ بیستم!"

– "برا لیۆن، سوێند بخۆ کە ئەو نهێنییە دەپارێزیت!"

– "سوێند دەخۆم. باوکە فرانسیسکۆس هەست بە چی دەکەیت؟"

– "بەترس!"

– "ئەی هەست بەشادومانی ناکەیت؟"

– "ترس!"

دەستی نایە سەر شانم. گوتی: "خۆت کۆکەرەوە، هەر ئەلعان دەڕۆین. گەشتەکەمان تەواو بوو. بۆ پۆرتیۆنکۆلا دەگەڕێینەوە، دەگەڕێینەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێی لەدایک بووم، دەمخوازم هەر لەوێش بمرم!"

– "باوکە فرانسیسکۆس، لەبارەی مردنەوە مەدوێ!"

– "برا لیۆن، ئاخۆ دەبێ ئینسان لەبارەی چیترەوە بئاخڤێ؟ لەبارەی ژیانەوە؟ بێدەنگ... مەگری؟ براکەم ئێمە بۆ چاوترووکانێک جیادەبینەوە و ئیدی تا ئەبەد یەک دەگرینەوە، ڕەحمەتی خودا لە برا مردن بێ!"



یارمەتیم دا تا دانیشێ. جبەکەم دڕاند و پارچە پارچەم کرد تا برینەکانی بۆ بەستم، بەسەر دەست و پێیدا کەوتم و بەگریانەوە لە کوختەکە چوومە دەرێ. ئیدی خۆر کەوتبوو.

لەبەر دەرگای کوختەکەمدا دانیشتم و کوڵی گریانم بەربوو. لەبەرخۆوە گوتم، سەفەرەکەمان تەواو، سەفەرەکەمان تەواو. ئاخر فرانسیسکۆس گەییبووە ترۆپکی هەڵدێر، گەییبووە لەخاچدان و ئیدی ئینسان لە توانایدا نەبوو ئەولاوەتر بچێ... ئەو ئیدی چ ئاتاجی بەجەستەی نەبوو. ئەو ئیدی لە گوێدرێژەکەی دابەزیبوو، ئەو گەییبووە جێ، گەییبووە جێ... ئەی من چم کردبا؟ کوێوە ڕۆیشتبام؟

کاپتن لیکۆ بەبەشە ڕزقی ڕۆژانەوە هات. کە منی بەو شێوەیە بینی سەری سوڕما. گوتی: "ئەوە بۆچی دەگریت؟"

– "فرانسیسکۆس دەچێتەوە بۆ زێدی خۆی. براکەم دەترسم بۆ مردن بچێتەوە بۆ ئەوێ!"

خەمێک ڕوخساری برا لیکۆی داگرت.

– "ئەوە ئاماژەیەکی خەراپە! جۆرە مەڕێک هەن هەر کە سووسەی ئەوە دەکەن سەردەبڕدرێن، ئیدی دەسوبرد گوریسەکانیان لەت و پەت دەکەن و بەسەر دیواری پشتیرەکەیاندا باز دەدەن و بەپەلە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنەی لێی لەدایک بوون. هێی برا فرانسیسکۆسی بەسەزمان!"

وەڵامیمدایەوە: "براکەم، برا فرانسیسکۆس خۆی لە مردن ناترسێ، لەبەر ئەوە تۆ خەفەت بۆ ئەوە مەخۆ. ئەو دەڵێ: مردن کۆتایی نییە، بەڵکو سەرەتایە. ژیانی ڕاستەقینە لەدوای مردنەوە دەس پێ دەکا!"

– "دەشێ بۆ ئەو سەرەتا بێ، بەڵام بۆ ئێمە کۆتاییە. من خووم بەوەوە گرتبوو کە ڕۆژانە بۆ کوختەکانتان هەڵگژێم و تۆزێک نانتان بۆ بێنم و بەوەش شادومان بووم، هەروەک ئەوەی کارێکی فیداکارانە ئەنجام بدەم. بەڵام ئیتر لەمەولا...."

فرمێسکی چاوانی سڕی. گوتی: "باشە..." وای گوت و گریانەکەی قووتدایەوە: "ئەلعان دەڕۆم گوێدرێژێکی گچکەی بۆ دێنم و بەتانییەکیش تا کورتانەکە گیانی نەڕووشێنێ. تۆ کۆی کەرەوە، هەر ئێستا دەگەڕێمەوە."

کەوتە ڕێ و بۆ ماوەیەکی درێژ دەنگی خلۆربوونەوەی ئەو بەردانە دەبیسترا کە لەژێر پێیدا دەترازان.

***

دوای تاوێک گوێدرێژە گچکەکە لەبەردەم کوختەکەی فرانسیسکۆسدا ئامادەکرا. بەتانییەکی سووری ئەستوور بەسەر کورتانەکەیدا درابوو. گەلێک بەپارێزەوە فرانسیسکۆسمان بەرزکردەوە و خستمانە سەر پشتی گوێدرێژەکە. فرانسیسکۆس ئازاری هەبوو، خوێن لەو پارچە پەڕۆیانەوە دەچۆڕا کە برینەکانیم پێ بەستبوو.

فرانسیسکۆس دەستە خوێناوییەکەی نایە سەر سەرە باریکەکەی. گوتی: "برا ئارنی، خودا بەخششی خۆی بەتۆ و بەم گوێدرێژە گچکەیە و بەم بەتانییە سوورە عەتا بفەرموێ، خودا لوتف بکا و ڕۆژێک هەمووتان پێکەوە بچنە بەهەشت!"

بەکاوەخۆ سەفەرەکەمان بەرەوخوار دەس پێ کرد. لەناوقەدی نشێوەکەدا فرانسیسکۆس ئامـاژەیەکی بۆ کاپتن لیکۆ کرد کە ڕاوەستێ. ئەوسا ئاوڕی دایەوە، دەستی هەڵبڕیی و ماڵئاوایی لە ئالڤێرنا کرد.

– "ئەی چیای ئازیز، ئەی ئەو چیایەی خودا پێی ناویتە سەر. سوپاس بۆ ئەو میهرەبانییانەی لەگەڵ منتا کرد، سوپاس بۆ ئەو زامانەی پێتبەخشیم، سوپاس بۆ هەموو ترس و شەونخونییەکان، سوپاس بۆ ئەو هەموو خوێنە! دەڵێن کاتێک مەسیح لە خاچدراوە، تۆ لەنێو هەموو چیاکاندا تاقە چیایەک بوویت کە لەریویتەوە و ناوەوەت خستۆتە سەر پشت، ئەوجا کیژە کەوەکانت کەوتوونەتە شیوەن و ڕۆڕۆیەک نەبێتەوە، بەدەم پەڕ ڕنینەوە ڕوانینیان بڕیوەتە ئۆرشەلیم. دڵی منیش وەک کەوێک کەوتبووە شین و ڕۆڕۆ، ئاخر مەسیح بەژوور گاشەبەردەکانی تۆوە لەفەزادا لەخاچدرا. ئەو پەیامێکی نهێنیی داوەپێم و هەر ئەلعانیش بەرێی کردووم، من ئیدی کەوتوومەتە ڕێ. ئالڤێرنا خوداحافیز، ئیدی ئێمە تا ئەبەد یەکتر نابینینەوە!"

بێدەنگ کەوتینەوە داگەڕان بەچیاکەدا. چاوانی کاپتن لیکۆ هێشتا فرمێسکیان پێدا دەهاتە خوارەوە و سەر سمیشی دەدا.

بەهۆی ئەوەوە کاتێک شەبەقی دابوو، خەڵکی ئەو گوندانەی دەوروبەر تیشکێکیان لە ئاسماندا بینیبوو، ئیدی هەموویان لەخەو ڕاپەڕیبوون. زەنگەکان کەوتبوونە



زرینگە، هەمووان بینیبوویان وا ئالڤێرنا دەسووتێ و ئیدی هاواریان کردبوو:"فرانسیسکۆس بووەتە قەدیس! فرانسیسکۆس بووەتە قەدیس!" ئەوسا کەوتبوونە ڕێ و نەخۆشەکانیان لەگەڵ خۆ هێنابوون تا بەڵکو تازە قەدیس دەستیان پێدابێنێ و شەفایان بدا .کاتێک گوندنشینەکان ئێمەیان بینین، هەمووان شالاویان بۆ هێنایین تا دەست لە دەست و پێ و ئەژنۆی فرانسیسکۆسەوە بدەن، بەلام ئەو جوان خۆی لە جبەکەیەوە پێچاو و دەست و پێی شاردبۆوە تا خەڵکەکە زامەکانی نەبینن.

نەخۆشەکان هاواریان دەکرد: "باوکی پیرۆز، دەستمان تێوەبدە، تەماشامان کە، دەست ڕایەڵ کە و شەفامان بدە!"

بۆ ساتێک فرانسیسکۆس خۆی لەبیرکرد. دەستی هەڵبڕی تا خەڵکەکە بەرەکەت بدا. کاتێک خەڵکەکە برینەکانی فرانسیسکۆسیان بینی، کەوتنە قیژە و نەڕاندن. ژنەکان شالاویان دەهێنایە پێشێ، ڕووپۆشەکانیان ڕادەگرت تا خوێنەکەیان لەسەر بتکێ، پیاوەکان دەستیان ڕایەڵ دەکرد و دەموچاویان لە خوێنەکەی هەڵدەسوو.

ڕوخسارەکان دڕندەییان لێدەباری، ڕۆحەکان دڕندەییان لێ دەباری، ئەوانە بەعەزرەتەوە بوون قەدیس کوت کوت کەن و هەر یەکەیان کوتێکی بفڕێنێ و بیخاتە دەمی، بیکاتە هیی خۆی، لە ناوەوەی خۆی بترنجێنێ، تا لەگەڵ قەدیسدا یەکانگیربێ و دواجار ئەمیش خۆی ببێتە قەدیس. چاوانیان تاریک داهاتبوو، بەرپێی خۆیان نەدەبینی، لچ و لێویان لەکەفدا دەبریسکایەوە. من هەستم بەخەتەرێک کرد و چوومە پێشێ.

هاوارم کرد: "ئەی خەڵکانی مەسیحیی، تو خودا ڕێگەمان بدەن بڕۆین. ئاخر قەدیس پەلەیەتی هەرچی زووە بۆ شارەکەی خۆی بگەڕێتەوە. ڕەحمەتی قەدیستان لێ بێ ڕێگەمان بۆ بکەنەوە!"

دەنگە دڕندەکان لە هەموو لایەکەوە بەرزبوونەوە: "بۆی نییە بڕوات! ئێمە ڕێگەی نادەین بڕوات!"

– "دەبێ ئێسکەکانی لێرەدا بنێژرێ تا گوندەکەمان ببێتە جێنزرگەیەکی پیرۆز!"

– "کڵێسایەکی بۆ ڕۆ دەنێین، ئەوسا هەموو دونیا بۆ عیبادەت و سەردانی، ڕوو دەکەنە ئێرە."

– "قایم بیگرن نەبا هەڵبێ، ئەو هی ئێمەیە، هی ئێمەیە، هی ئێمەیە!"

لام بۆ کاپتن لیکۆ کردەوە، گوتم: "براکەم، من دەترسم. نیازیان خەراپە و دەیانەوێ برا فرانسیسکۆسمان لێ بسەنن، یارمەتیمبە!"

فرانسیسکۆس دەستە خوێناوییەکانی لەبەر پشتوێنەکەیدا شاردبۆوە، سەری ڕۆبردبووە ناوەوە و چاوەڕێ بوو. ئارەقە تنۆک تنۆک بەنێوچەوانیدا دەتکایە خوار. هەمدیس چاوانی وەک دوو برینیان لێ هاتبۆوە کە خوێنیان پێدا دەهاتە خوار.

هاوارم دەکرد: "ڕوحمی پێ بکەن، ئەدی نابینن خوێنی لێ دەچۆڕێ؟"

خەڵکەکە چەندێک خوێنی زیاتریان بینیبا، شێتگیرتر دەبوون.

خەڵکەکە هاواریان دەکرد: "ئەو هی ئێمەیە، ئێمە، ئێمە! ئێمە لەم گوندەدا هەرگیز قەدیسێکمان بەخۆوە نەبینیوە، وا ئەلعانیش خودا دانەیەکی بۆ ڕەوانە کردووین، لەکیسی خۆمانی نادەین و ناهێڵین لەدەستمان دەرچێ!"

– "گوریسێک بێنن و بیبەستنەوە!"

کاپتن لیکۆ نەیتوانی لەوەندە زیاتر ددان بەخۆیدا بگرێ. تێلایەکی لە پیرەمێردێک سەند، ئەوسا جڵەوی گوێدرێژەکەی گرت و پێشی کەوت.

نەڕاندی: "ڕێگەکە بکەنەوە! ڕێگەکە بکەنەوە! کەللەتان وردوخاش دەکەم ها! لە یادتان بێ من کێم، من کاپتن لیکۆم! دەی ڕێگەکە بکەنەوە!"

پیاوەکان سڵیان کردەوە و پاشەکشێیان کرد. بەڵام ژنگەل لە تووڕەییدا کەفیان دەچڕاند و خۆیان بەسەر فرانسیسکۆسدا دەدا. پڕیان دەکرد بەجبەکەیدا و هەلاهەلایان دەکرد، جەستە شینهەڵگەڕاوەکەی فرانسیسکۆس وەدیارکەوت.

فرانسیسکۆس لەبەرخۆوە دەیگوت: "مناڵەکانم، مناڵەکانم....." وای دەگوت و دەیدایە قوڵپی گریان.

گوێدرێژە گچکەکە لەرزە لەرز قاچی بۆ پێشەوە دەبرد و دەیویست بکەوێتە سەر پاشوو، بەڵام کاپتن لیکۆ مشتێکی پێدا دەکێشا و هەمدیس هەڵدەسایەوە. خەڵکەکە شالاویان دەهێنایە پێشێ، بەڵام کاپتن لیکۆ تێلاکەی بادەدا و خەڵکەکە گوێیان لە هاواری زەلامێک بوو سەری شکا.



کاپتن لیکۆ تێلاکەی لە هەوادا بادەدا و دەیقیژاند: "بگەڕێنەوە دواوە، ئەی بێحورمەتیی کەران بەقەدیس، بگەڕێنەوە دواوە!"

هەر کە نەخۆشەکان پیاوی قەدیسیان بینی دوور دەکەوێتەوە، کەوتنە هاوار هاوار و گریان.

– "بۆچی بەجێمان دێڵیت ئەی قەدیسی خودا! چما چ ڕوحمێکمان پێناکەیت؟ ئەی تۆ هاوار ناکەیت: ئەڤین! ئەڤین! ئەڤین! بەڵام ئەی کوانێ ئەڤین؟ دە دەستمان تێوەدە و شەفامان بدە!"

فرانسیسکۆس ئاوڕی دەدایەوە و تەماشای دەکردن، تەماشای دەکردن و لە چاوانییەوە فرمێسک و خوێن دەڕژانە خوار.

لەبەرخۆوە دەیگوت: "خودا... خودا...." وای دەگوت و ئیدی نەیدەتوانی چ وشەیەکی تر بهێنێتە سەر زوبان.

بەبەخشندەیی خودا لەوێ دەرچووین و ڕزگارمان بوو. ئیدی گەیشتینە دەشتەکە و هەناسەیەکی ئیسراحەتمان هەڵمژت.

کاپتن لیکۆ بەپێکەنینەوە گوتی: "برا فرانسیسکۆس، ئەوانە دەیانویست بەزیندوویی هەڵتلووشن، بەڵام ئەم تێلا پیرۆزە ئیشی خۆی کرد. بەڕوخسەتی جەنابت دەمەوێ ئەم تێلایەش لەگەڵ خۆمدا بۆ بەهەشت بێنم!"

لە گوندێکی چەپەک لامان دا و هەناسەیەکمان تێ گەڕایەوە. من دەبوو زامەکانی فرانسیسکۆس بشۆم و پارچە پەڕۆیەکی پاقژ پەیداکەم و زامەکانی پێبەستم. لە ناوەڕاستی گوند لای کانی و ئاوێک لامان دا و لەوێ برینەکانیم شت. کاپتن لیکۆش سواڵی پارچە پەڕۆیەکی ئاوریشمینی کرد و گەڕایەوە لامان. پەڕۆکەم پارچە پارچە بڕی و برینەکانی دەست و پێ و لاکەلەکەی ڕاستیم پێ بەست.

– "باوکە فرانسیسکۆس ئازارت هەیە؟"

بە سەرسوڕماویی ئاوڕی بۆ دامەوە.

گوتی: "کێ ئازاری هەیە؟ ئازار چییە؟ برا لیۆن تێناگەم مەبەستت لە چییە!"

لە ڕاستیدا بۆ یەکەمجار هەستم بەوە کرد کە گۆڕانێکی تەواو لەڕوخساریدا ڕووی داوە. ڕوخساری بەئارامیی و بەختەوەریی ڕووناک ببۆوە. تاجێک لە ڕووناکیی

بەسەر سەرییەوە و دەست و پێیشی پرشنگیان دەدا.

لای کانی و ئاوەکەوە دانیشتم و لە فرانسیسکۆسم ڕوانی، بینیم بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە و تەماشام بکا، دیار نامێنێ. هەنووکە دڵی بەتەنێ خوداوەندی تێدابوو. ئیتر تەواو. سەفەرەکە بۆ منیش گەییبە کۆتایی، من لەنیوەی ڕێگەدا قەتیسمام، هەرگیز ناتوانم بیگەمێ، هەرگیز جارێکی تر یەکناگرینەوە و هەرگیز جارێکی تر پێکەوە سەفەر ناکەین.

هەناسەیەکم هەڵکێشا. فرانسیسکۆس ئاوڕی بۆ دامەوە و قەدەرێک لێم ڕاما. زەردەخەنەیەکی گچکە لەسەر لێوی نیشت.

دواجار گوتی: "برا لیۆن، دەتوانیت قەڵەمێک و کاغەزێکم بۆ پەیداکەیت؟"

بەپەلە چووم بۆ لای قەشەی گوند و بەقەڵەم و کاغەزەوە گەڕامەوە.

– "باوکە فرانسیسکۆس ئەوەتا!"

– "بنووسە!"

بەسەر کاغەزەکەدا نووشتامەوە، قەڵەمەکەم بەدەستەوە گرت و چاوەڕێ بووم.

– "برا لیۆن ئامادەیت؟"

– "بەڵێ، ئامادەم!"

– "بنووسە:

*خودایە تۆ پیرۆزیت، تۆ باڵاترینیت، تۆ تاقە کەسێکیت موجیزە دەنوێنیت.*

*تۆ بەهێزیت، تۆ مەزنیت، تۆ باڵاترینیت!*

*تۆ میهرەبانیت، تۆ هەموو میهرەبانییت، تۆ باڵاترین میهرەبانییت.*

*تۆ ئەڤینیت، تۆ ئەقڵیت، تۆ خۆنەویستیی و تۆ حەوسەڵەیت.*

*تۆ جوانییت، تۆ دڵنیاییت، تۆ ئاشتییت، تۆ شادومانییت.*

*تۆ ئومێدی ئێمەیت، تۆ دادیت، تۆ هەموو سەروەتی ئێمەیت.*

*تۆ پارێزەری ئێمەیت، تۆ بەرگریلێکەری ئێمەیت، تۆ قەڵغانی ئێمەیت.*

*تۆ لە ڕۆحی ئێمەدا، مەزنترین تامی شیرینیت!"*



هەر چەندێک زیاتر وشەکانی پێدەنووسیمەوە، زیاتر دەهەژا. دەست و پێی هەڵدەلەرزین، بۆ ساتێک وەک ئەوە وابوو بیەوێ و هەستێ و بکەوێتە سەما، بەڵام نەیتوانی بەسەر پێوە خۆی ڕاگرێ و بەئەرزەکەدا کەوت.

– "خودایە ئەوە چ شادومانییەک بوو، ئەوە چ بەختەوەرییەک بوو! ئاسمان دابەزیبووە سەر ئەرز. ئەوانە ئینسان نەبوون کە دەوریان دابووم، بەڵکو ئەستێرەکان بوون. ئەرێ هەموو شتێکت نووسیی؟ هەموو شتێک؟"

– "بەڵێ باوکە فرانسیسکۆس، هەموو شتێکم نووسی!"

وام گوت و هەستم کرد مارێک بەدڵییەوە داوم. ئاخر من هەستم بەو بەختەوەرییە نەدەکرد کە وی باسی دەکرد، من ڕۆحم ژەهراویی ببوو، لە دەوروبەری خۆمم ڕوانی، چ کەسێکم نەبینی. فرانسیسکۆس لێم دوورکەوتبۆوە و جێی هێشتبووم، تا ئەبەد جێی هێشتبووم.

– "برا لیۆن بەردەوامبە لەنووسین، لە خوارەوە بەپیتی گەورە بنووسە: (برا لیۆن، خودا ئاوڕت لێبداتەوە، ڕوخسارت پاقژو ڕووناک بکاتەوە! برا لیۆن خودا دەستی بنێتە سەر دڵت و سەبووریت بداتەوە!) ئەمەشت نووسیی؟"

بەچاوانێکی پڕ لە فرمێسکەوە وەڵامیمدایەوە: "بەڵێ باوکە فرانسیسکۆس، ئەوەشم نووسی!"

– "کاغەز و قەڵەمەکەم بدەرێ، منیش دەمەوێ بنووسم."

قەڵەمەکەی هەڵگرت، بەڵام نەیتوانی بەدەستییەوە بگرێ. بەهەوڵێکی زۆر توانی کەللە سەرێک لە قەراغی کاغەزەکەدا و لە سەرووییەوە خاچێک و لە سەرووتریشەوە وێنەی ئەستێرەیەک بکێشێ.

– "برا لیۆن، هانێ ئەم کاغەزە هەڵگرە و بیپارێزە. هەر کاتێک خەم و پەرۆشیی زۆریان بۆ هێنایت، ئەوا لەبەر پشتوێنەکەتی دەربێنە و بیخوێنەرەوە، ئەو کات منت بیر دەکەوێتەوە. وەیادی خۆتم بێنەرەوە و بزانە کە چەندێکم خۆشویستوویت!"

***

## دوازده

تا زیاتر ئەو ڕۆژانە وەیادبێنمەوە کە بۆ زێدی باوان دەگەڕاینەوە، زیاتر لە ڕاستیی قسەکەی ئیگیدیۆ دڵنیادەبم کە دەیگوت بۆنێک لە قەدیسانەوە دێ بەنێو چیاو دارستانەکاندا هەڵدەکا و دزە دەکاتە ماڵەکانەوە. ئیدی خەڵکی زەندەقیان دەچێ، ترس و دڵەڕاوکێ باڵیان بەسەردا دەکێشێ، دەکەونە بیرکردنەوە لە هەموو گوناهەکانیان، دەکەونە تێفکرین لە هەموو کردەوە ناچیزە و پڕ لە شەرمەزارییەکانیان. هەموو ئەو سووکایەتیی پێکردنانەی ڕۆحیان وەبیردەکەوێتەوە کە پێیانوابووە بیر چوونەتەوە و زەمەن چ ئاسەوارێکی لێ نەهێشتوونەتەوە. دۆزەخ بۆ هەڵلووشینیان دەم دادەپچڕێ، خەڵکەکە شپرزە دەبن، بۆنی هەوا دەکەن و ڕوویان بەو لایەدا وەردەگێڕن کە بۆنەکە لێوەی هەڵ یکردووە و ئیدی بەلەرزە لەرز بەرەو پیری دەچن.

ئەو برایانەی بۆ فرانسیسکۆس بەوەفابوون و لە پۆرتیۆنکولا مابوونەوە، بەپەلە کەوتنەخۆ و فرانسیسکۆسیان لەسەر ئەرزەکە، لە کوختەکەیدا ڕاکشاند. ئیدی چ خوێنێک لەجەستەیدا نەمابوو. برایان دەوریان دەدا، ماچیان دەکرد و لێکدا لێکدا لێیان دەپرسیی ئاخۆ چۆن ئەو برینانە کەوتوونەتە جەستەی. لێیان دەپرسی لەخاچدراو لەنێو باڵەکاندا چۆناوچۆنیی درەوشاوەتەوە و ئەو وشانە چیی بوون کە بەئەمانەت بەمی سپاردوون. بەڵام فرانسیسکۆس دەست و پێی شاردبۆوە، شادومانییەکی ڕووت، گا دەیهێنایە پێکەنین و گا دەیخستە گریان. ئەو ئیدی بەسەر ئازارەکەیدا زاڵ ببوو، هەستی دەکرد ئەوە خۆی نییە ئازار دەچێژێ، بەڵکو کەسێکی ترە. ئەو ئیدی لەدونیا چوو بووە دەرێ و هەنووکەش بەمیهرەبانییەوە لە هەموومانی دەنۆڕی.

بەردەوامیش خەڵک پەیتا پەیتا لە گوند و شارە دوورەکانەوە هوروژمیان بۆ زیارەتکردنی دەهێنا. ئەوانە زیارەتکارانێک بوون کە بۆنی ئەو زاتە قەدیسە



هەڵیدەگرتن و دەهاتن، هەندێکیان دووچاری نەخۆشیی ڕۆحیی و هەندێکی تریشیان موبتەلای نەخۆشیی جەستەیی ببوون. دەهاتن و دەستیان لەفرانسیسکۆسەوە دەدا و پێوپلیان ماچ دەکرد. ئەمیش تەنێ چەند وشەیەکی پێدەگوتن، چەند وشەیەکی ساکار کە ئەوان لەبیریان کردبوون: ئەڤین، یەک دڵیی، خۆنەویستیی، ئومێد، هەژاریی. هەنووکە ئەو وشانە لەسەر زاری بۆ یەکەمینجار مانایەکی قووڵی پڕ لەدڵنیاییەکی نهێنیئامێزیان لەخۆدەگرت. خەڵکەکە بەو وشانە سەبوورییان دەهاتەوە، سەریان سوڕمابوو لەوەی کە ڕزگاریی هێند هاسان و هێند لێیانەوە نزیک بووە. زۆر لەو خەڵکانە دوای زیارەتکردنی فرانسیسکۆس، هێند دەگۆڕان، هێند دەکرانەوە و هێند نەرمونیان دەبوون کە کەسوکارەکانیان نەیاندەناسینەوە. ئەوسا ئەو خەڵکانەی تریش دەکەوتنەخۆ و ڕێی زیارەتکردنی قەدیسیان دەگرتەبەر و بەعەزرەتەوە بوون لێویان بەدڵۆپێک لەو ئاوە نەمرە تەڕکەن کە بەخوڕ لە لێوی فرانسیسکۆسەوە دەڕژا.

ڕۆژێکیان فرانسیسکۆس شەکەت و ماندوو چاوی لێکنا، منیش بەچیچکانەوە لەپاڵیدا دانیشتم. گەرمایەک بوو سووتێنەر، بەباوەشێنێکی لە گەڵای چنار چنراو خۆمانم باوەشێن دەکرد. خانمێکی بەساڵاچووی جلکی نەجیبزادان پۆش هات، زۆر بەدیقەت خۆی لەشاڵێکی ڕەشەوە پێچابوو، بەئەسپایی نێزیک بۆوە تا فرانسیسکۆس خەبەر نەکاتەوە، ئەوجا لەسەر ئەژنۆ لەپاڵیدا دانیشت. دانەوێوە و بێدەنگ دەست و پای فرانسیسکۆسی ماچ کرد و بەسەرپەنجەکانی قژە ئارەقاوییەکەی نەوازش کرد. نەوازشکردنەکەی هێند میهرەبانانە بوو کە ناچار بووم سەرهەڵبڕم تا بزانم ئەم خاتوونە نەجیبزادە ڕەشپۆشە کێیە. هەر لەفرانسیسکۆسی دەنۆڕی و چاوی لەسەر نەدەترووکاند. لە ساتێکدا لێوی جووڵاند و گوتی: " کوڕەکەم....." وای گوت و کوڵی گریانی بەربوو.

ڕاچڵەکیم و تێگەیشتم. لەبەرخۆوە گوتم: "خاتوو پیکا، خاتوو پیکای نەجیبزادە...."

تۆزێک شاڵەکەی لابرد و ڕوخساری وەدیارکەوت. پیر ببوو، ڕوخساری ڕەنگپەڕیو و پڕ لە چرچ و لۆچ بوو. سەری ڕاوەشاند.

– "ئاخ، برا لیۆن من کوڕەکەمم پێ سپاردیت، تۆیش ئەمەت داومەتەوە!"

– "خاتوو پیکا من نا، بەڵکو خوداوەند!"

سەری دانەواند و لەبەرخۆوە گوتی: "بەڵێ... خوداوەند."

وای گوت و هەمدیس چاوە فرمێسکاوییەکانی بڕییەوە کوڕەکەی. لەڕاستیدا هەنووکە کوڕە ئازیزەکەی وەک پارچەیەک پەڕۆی لێهاتبوو، پارچەیەک پەڕۆی شەلاڵ لە خوێن کە لەسەر ئەرزەکە کەوتبوو.

لەبەرخۆوە گوتی: "ئاخۆ ئەمە کوڕەکەی منە؟ ئەمە فرانسیسکۆسەکەی منە؟"

وای گوت و لە فرانسیسکۆسی نۆڕی و دایەوە قوڵپی گریان.

فرانسیسکۆس چپەچپەکەی ژنەفت و چاوی کردەوە، دایکی بینی، ناسییەوە و دەستەکانی بۆ ڕایەڵ کرد.

– "دایکە، دایکە، هاتیت؟"

– "کوڕەکەم..... ئیدی نازانم بەچیی بانگت کەم. باوکەکەم، کوڕەکەم، ئەو پێنج برینە ماچ دەکەم کە خودا پێی بەخشیویت. من هاتووم تا داوایەکت لێ بکەم، ئەو شیرە وەیاد بێنەوە کە لە مەمکەکانی من هەڵتمژتووە و داواکەم ڕەت مەکەوە!"

– "یادمە، یادمە، دایکە هەموو شتێکم یادە، کاتێک چووم بۆ لای خوداوەند، هەموو ئەو شتانەم لەگەڵ خۆدا برد و داوام لێکرد بەرەکەتیان بدا. دایکە داواکەت چییە؟"

– "قژم ببڕە، بەخوشکە پیکا بانگم کە و ڕێم بدە لە دەیرەکەی قەدیس دامیانۆ پەنا بگرم. من ئیدی نە مێرد شک دەبەم و نە کوڕ، دەمەوێ خۆم لە دونیا گۆشەگیر کەم!"

– "ئەوە بەس نییە، دایکە ئەوە بەس نییە کە خۆت لە دونیا گۆشەگیرکەیت، تۆ دەبێ هەست بەخودا بکەیت و بڵێیت: سوپاس بۆ خودا، من ئیدی چ مێردم نییە، من ئیدی چ کوڕم نییە، بەڵام خودام هەیە، هەموو شتێکم هەن و دەمەوێ بچمە کڵێسای قەدیس دامیانۆ، نەک لەبەرئەوەی ڕقم لە دونیایە، بەڵکو لەبەرئەوەی خودام خۆشدەوێ!"

خاتوو پیکا هەوڵی دا هەنسکە هەنسکی گریانەکەی پیش پێبخواتەوە و گوتی: "من دەچم بۆ کڵێسای قەدیس دامیانۆ، چونکە خودام خۆشدەوێ. باوکە فرانسیسکۆس بەرەکەتم بدە!"



فرانسیسکۆس بەزەحمەت ڕاست بۆوە و دانیشت، من یارمەتیم دا. پاڵی بەو بەردەوەدا کە وەک باڵشت بەکاری دەهێنا.

– "ئاخۆ سەروەت و سامانەکەت بەسەر هەژاراندا دابەش کردووە؟ ئایا بۆ خاتوونی پیرۆزی هەژاریی نووشتاویتەوە و کڕنۆشت بۆ بردووە؟ ئایا ئاسوودە و بەدڵێکی خۆشەوە، هەر وەک ئەوەی لە نەخۆشییەکی کوشندە چاک بووبیتەوە، لەماڵە دەوڵەمەندانەکەت هاتوویتەتە دەرێ؟ ئایا هیچی تر لە دونیادا شک دەبەیت؟"

– "هیچ شتێک باوکە فرانسیسکۆس، هیچ شتێکی تر شک نابەم!"

ئەوجا دەستی نایە سەر سەری دایکی و بەرەکەتی دا: "خوشکە پیکا، بەرەکەتی منت لێ بێ. بچۆ بۆ لای خوشکە کلارا و داوای لێ بکە قژت ببڕێ و جبەیەکت بداتێ. خوداحافیز، ڕەنگە ئێمە ئیدی یەکتر نەبینینەوە!"

خاتوو پیکا دایە قوڵپی گریان. کەوت بەسەر سینگی کوڕەکەیدا، باوەشی کردەوە و بەرزی کردەوە و وەکو مناڵێکی چکۆڵە بەسۆزەوە بەخۆیەوە گوشیی. پاشان توند شاڵە ڕەشەکەی لە خۆیەوە پێچاو ڕێگەی دەیرەکەی قەدیس دامیانۆی گرتە بەر.

فرانسیسکۆس ئاوڕی دایەوە و منی بینی.

– "برا لیۆن، خەڵکانێک کە باوەڕیان بەخودا نییە چۆن دەتوانن تا ئەبەد لەدایکیان جیاببنەوە و دڵیان وردوخاش نابێ؟ چۆناوچۆنیی دەتوانن بەرگەی عەزابی جودایی و ئەو تاڵی و تفتییە بێ ئەندازەیە بگرن؟ دڵی ئەو خەڵکانە وەک چرایەکی پێکراوە کە خەریکە دەکوژێتەوە. برا لیۆن تۆ چ دەڵێیت؟"

من حەپەسابووم. ئاخر چیم گوتبا؟ ئاخۆ ئەوەی خودای خۆش دەوێ ئیدی چ شتێکی تری لە دونیادا خۆش ناوێ؟ چ جۆرە سۆزێکی بۆ شتێکی تر لە دونیادا نییە؟ ئاخۆ ئەوەی خودای خۆشدەوێ ڕۆحی ئاگری گرتووە و بەکڵپەکەی دایک و باب و خوشک و براکانی دەبنە خۆڵەمێش؟ بەکڵپەکەی شادومانیی و خەم دەبنە خۆڵەمێش؟ بەکڵپەکەی هەموو شتێک دەبێتە خۆڵەمێش؟

وەلامیمدایەوە: "باوکە فرانسیسکۆس، دێتەوە یادم جارێکیان لە ئاسیزیی حەسحەسەکە لەنیوەی شەودا کەوتە هاوار هاوار: ئاگر کەوتۆتەوە! زەنگەکان کەوتنە زرنگە و خەڵکیی نیوە ڕووت بەهەڵەداوان هاتنە سەرجادەدە. بەڵام چ ئاگرێک نەکەوتبۆوە، بەڵکو باوکە فرانسیسکۆس ئەوە ڕۆحی تۆ بوو ئاگری گرتبوو،

لەناوجەرگەی ئەو ئاگرەشدا هەموو شتێک دەسووتا. بنۆڕە، هەنووکە ئەو ئاگرە چۆن دایکتی کردۆتە خۆڵەمێش!"

وەڵامی نەدامەوە، بەڵکە تەماشای دەست و پێوپلی خۆی کرد و لێوی گەست. ڕەنگی پەڕیبوو.

– "باوکە فرانسیسکۆس ئازارت هەیە؟"

وەڵامی دامەوە: "بەڵێ برا لیۆن، کەسێک ئازاری هەیە!"

هەموو هێزی دایە بەر خۆی و هەستایە سەرپێ.

گوتی: "لێگەڕێ با ئازار بچێژێ، لێگەڕێ با لەنێو کلێپەکاندا بناڵێنێ، ئێمەیش سەرمان بەرز ڕادەگرین! ئەو سێ جحێڵەت دێتەوە یاد، (ئانانیاس)، (ئازاریاس) و (میسایل)، چ گۆرانییەکیان چڕیی کاتێک جەلادەکەی (بابیلۆن) خستنییە ناو کوورەیەکی سووتێنەرەوە؟ وەرە ئەی شێری خوداوەند، وەرە پێشێ، دەی با گۆرانیی بڵێین و چەپڵە بکوتین! ئاخ گەر بمتوانیبا لەسەر پێی خۆم ڕاوەستابام و سەمام کردبا! من دەس پێ دەکەم، تۆیش لە گەڵما بیڵێرەوە و ڕیتمی گۆرانییەکە ڕاگرە!"

ئەوجا بەچەپڵە کوتانەوە و بەدەنگێکی بەزەوق و زاڵ کەوتە چڕینی گۆرانییەکە:

ستایشی خودا کەن، ئێوە ستایشی هەمو کارەکانی خودا کەن، بالۆرەی سوپاسگوزاریی بەسەردا بڵێن و بەرز و پیرۆز ڕایگرن تا ئەبەد.

ستایشی خودا کەن، ئێوە ستایشی هەموو ئاوی ئاسمان کەن، ئێوە ستایشی هەموو گروپەکانی(*) کەن،

*بالۆرەی سوپاسگوزاریی بەسەردا هەڵدەن و بەرز و پیرۆز ڕایگرن تا ئەبەد.*

*ستایشی خودا کەن، ئێوە ستایشی خۆر و مانگ و ئەستێرەکانی ئاسمان کەن،*

*بالۆرەی سوپاسگوزاریی بەسەردا بڵێن و بەرز و پیرۆز ڕایگرن تا ئەبەد.*

*ستایشی خودا کەن، ئێوە ستایشی باران و سێبەر، ئێوە ستایشی هەموو ڕۆحەکانی کەن،*

*بالۆرەی سوپاسگوزاریی بەسەردا هەڵدەن و بەرزو پیرۆز ڕایگرن تا ئەبەد.*

(*) گرووپ: مەبەست لە گرووپەکانی بونیادەم و ئاژەڵ و پەلەوەرانە.



*ستایشی خودا کەن، ئێوە ستایشی ئاگر و گەرمایی، ئێوە ستایشی سەرما و ئاو کەن،*

*بالۆرەی سوپاسگوزاریی بەسەردا بڵێن و بەرز و پیرۆز ڕایگرن تا ئەبەد.*

*ستایشی خودا کەن، ئێوە ستایشی زوقم و بەفر و بەستەڵەک کەن،*

*بالۆرەی سوپاسگوزاریی بەسەردا بڵێن و بەرز و پیرۆز ڕایگرن تا ئەبەد.*

ستایشی خودا کەن، ئێوە ستایشی ڕووناکیی و تاریکیی، ئێوە ستایشی ڕۆژ و شەو کەن،

بالۆرەی سوپاسگوزاریی بەسەردا بڵێن و بەرز و پیرۆز ڕایگرن تا ئەبەد.

ستایشی خودا کەن، ئێوە ستایشی عەرد و چیا و گردۆڵکەکان،

ستایشی هەموو ئەو شتانە بکەن کە لەسەریان دەڕوێن،

بالۆرەی سوپاسگوزاریی بەسەردا بڵێن و بەرز و پیرۆز ڕایگرن تا ئەبەد.

ستایشی خودا کەن، ئێوە ستایشی سەرچاوە و زەریا و ڕووبار و نەهەنگ کەن،

ئێوە ستایشی هەموو ئەو بوونەوەرانە کەن کە لە زەریا و وشکاییدا دەژین،

بالۆرەی سوپاسگوزاریی بەسەردا بڵێن و بەرز و پیرۆز ڕایگرن تا ئەبەد."

گۆرانیی دبێژا و چەپڵەی دەکوتا، نائارامانە قاچی دەبزوواند، دەیویست سەما بکا بەڵام نەیدەتوانی. من هەرگیز فرانسیسکۆسم ئاوها خەنیی و شادومان نەبینیبوو. ئەو ئاگرەی بەرببووە ڕوخساری و دەیجوو، هەنووکە ببووە نوور. لەو ساتەوەختەوە کە لەخاچدراو لەئاسمانەوە خۆیدابوو بەسەریدا، ئیدی ئەم جەستەی سووکەڵە و دڵی لێوڕێژ ببوو لە متمانە و ئیمان.

ئیتر هەرگیز نە بەشەو و نە بەڕۆژ جێم نەدەهێشت. دوێنێش لە کازیوەدا، چاوانم کردنەوە و بینیم کە بێدەنگ پاڵی دابوو بەباڵشتەکەیەوە و زەردەخەنەی دەهاتێ.

– "باوکە فرانسیسکۆس، چ خەونێکی خۆشت بینیوە کە ئاوها ڕوخسارت پرشنگ دەدا؟"

– " چما ئەو خەوێنە نابینی کە لە لەشم دەچۆڕێ؟ برا لیۆن ئیتر من چ پێویستییەکم بەخەون هەیە؟ تا ئەلعان من گریاوم و سینگی خۆم کوتاوە و هاوارم بۆ

خودا بردووە کە لەگوناهەکانم ببووریّ، بەلاّم هەنووکە خوداوەند دەبینم ئیسفەنجێکی پێیە و خەریکی سڕینەوەی هەموو شتێکە. دواجار خوداوەند نە شمشێری پێیە و نە تەرازوو، بەڵکو ئیسفەنجێکی پێیە. گەر بمتوانیبا خوداوەندی میهرەبانم وێنە کێشابا، ئەوا وێنەیم دەکێشا کە ئیسفەنجێکی بەدەستەوە بێت. برا لیۆن، هەموو گوناهەکان دەسڕدرێنەوە، هەموو گوناهباران ڕزگاردەبن، برا لیۆن شەیتانیش ڕزگاری دەبیّ، دۆزەخیش چ نییە جگە لە حەوشەی پێشەوەی بەهەشت!"

– "بەلاّم ئاخر....." ویستم بدوێم، بەلاّم فرانسیسکۆس دەستی ڕایەڵ کرد و ڕێگەی نەدام بئاخڤم.

گوتی: "وس بە! گەورەیی خوداوەند هەرزانفرۆش مەکە!"

***

ڕەوڕەوەی عەرد دەسووڕایەوە، وەرزی باران بارین هات. فرانسیسکۆس چاوی لێک دەنا و گوێی بۆ دەنگی ئاو ڕادەدێرا کە لە ئاسمانەوە بۆ سەر ئەرز دەڕژایە خوار. ڕوخساری وەک بەردێک کە باران تەڕی کردبێ دەدرەوشایەوە، داوای لێ کردم بیبەمە بەر دەرگای کوختەکە تا لەوێ دەست ڕایەڵ کا و هەست بەو دڵۆپانەی باران بکا کە بەر دەستی دەکەوتن.

لەپی دەستە پڕ لە ئاوەکەی پیشان دام و گوتی: "ئەمە دوایین بەشە سواڵی منە!" ئەوجا دانەوێوە و بەچێژ و سوپاسگوزارییەوە دەمی بەئاوەکەوە نا و هەڵیمژت.

لەو کەشە شادومانییە ڕووتەدا، جەستەی شی دەبۆوە و وێران دەبوو. هەموو ڕۆژێک نیوەی جەستەی ڕۆدەچووە ژێر عەردەوە و نیوەکەی تریشی بەرەو ئاسمان هەڵدەکشا. ئینسان دەیتوانی بەئاشکرا ئەو دوو نیوەیەی فرانسیسکۆسیان پێکهێنابوو ببینیّ کە لەیەکتر جویّ دەبوونەوە.

ڕۆژێکیان گوتم: "باوکە فرانسیسکۆس، بەو زوویییە مەڕۆ، ئاخر هێشتا بازنەکە نەهاتۆتەوە یەک، تۆ هەمیشە بەعەزرەتەوە بوویت بۆ عیبادەت دیدەنی مەرقەدی پیرۆز بکەیت، بەلاّم هەر نەچوویت!"

فرانسیسکۆس زەردەخەنەیەکی هاتیّ.

– "برا لیۆن چ گرینگ نییە، من بەهای ئەوەم نەبووە ئەو دیدەنییەم پیّ ڕەوا ببینریّ، چ گرینگ نییە، مەرقەدی پیرۆز خۆی دیّ بۆ دیدەنی من، بۆ دیدەنی منی گوناهبار."

بەردەوام و هەمیشە قوتابییە دێرینە ئازیزەکان لە هەموو لایەکەوە بۆ ماڵئاوایی کردن لە مامۆستاکەیان دەهاتن. بەهەواڵی ئەو وڵاتانەوە دەهاتن کە سەردانیان کردبوون تا پەیڤی ئەڤین و هەژاریی بەگوێی خەڵکەکەیدا بدەن. لە دارستانە بێڕوحمەکانی ئەڵمانیادا ژمارەیەک لەو برایانە شەهید کرابوون، لە فەڕەنسە بەتاوانی کوفر گرتبوویانن و ئیفلیجیان کردبوون، لە هەنگاریا شوانەکان سەگیان تیّ بەردابوون و جوتیاران بەڕمی گا پێکابوویانن، لە شوێنانی تریش جلکیان بەبەرەوە نەهێشتبوون و لێگەڕابوون ڕووت و قووت لەنێو بەفردا هەڵبلەرزن. فرانسیسکۆس گوێی بۆ هەموو ئەو قسانە ڕادەدێرا و ڕوخساری پرشنگی دەدا، خەنیی و بەختەوەر ستایشی ئەو برایانەی دەکرد کە عەزابی شەهادەت و سووکایەتیی پێکردنی خەڵکیان چەشتووە.

گوتی: "کامەیە شاڕێگەی بەهەشت؟ سووکایەتیی خەڵکیی. ئەی کورتترین ڕێگە کامەیە بەرەو بەهەشت؟ مردن!"

هەنووکە بێرناردۆ، جەنابی پێیترۆ، ماسیۆ، کێدرۆ، ڕوفینۆ، ئانگیلۆ، ئیرێنیۆ و باوکە سیلڤێستێر بۆ سەردانی دەهاتن. خوشکە کلارا پەیامێکی هەناردبوو: "باوکە فرانسیسکۆس، بەخشىشی خودا بەسەرتا بڕژیّ مۆڵەتم بدەریّ تا بێم و ئەو ئاسەوارانەی سەر جەستەت بپەرستم!" فرانسیسکۆسیش وەڵامی دابۆوە: "خوشکە کلارا، تۆ پێویستت بەوە نییە ببینیت تا باوەڕ بێنیت، تۆ پێویستت بەوە نییە لەمس بکەیت، خوشکە کلارا چاوانت لێک نیّ و ئەوسا من دەبینی!"

– "باوکە فرانسیسکۆس، بۆچی مۆڵەتی نادەیتیّ بێت و بتبینیّ؟ ئاخۆ بەزەییت پێیدا نایەتەوە؟ کارێکی زۆر میهرەبانانەی بەرامبەر دەکەیت گەر مۆڵەتی بدەیتیّ بێت!"

– "بەزەییم پێیدا دێتەوە هەر بۆیە لێناگەڕێم بێت. برا لیۆن ئەو ئیدی دەبیّ ڕابیّ، دەبیّ ڕابیّ کە بەبیّ جەستە بمبینیّ. برا لیۆن هەروەها دەبیّ تۆیش ڕابێیت، هەموو ئەوانەش دەبیّ ڕابێن کە منیان خۆشدەویّ!"

چاوانم لە شوێنێکی دوور بڕی تا نەمبینێ کە دەگریم. ئاخر تاسەم بەو ئامادەییە نەبینراوەی نەدەشکا، گەر ئیدی فرانسیسکۆسم نەبینیبا زایە دەبووم.

وابزانم فرانسیسکۆس بیر و خەیالاتمی خوێندەوە، چونکە زاری بۆ دڵنەوایی کردنم هەڵێنا، بەڵام هەر لەو ساتەدا دوایەمین کەس، برا ئێلیاس هات تا سڵاو و خوداحافیزیی لێ بکا. ئەو هەر ئەلعان لە سەفەرێکی درێژ گەڕابۆوە، ئاڵتونێکی فرەی کۆکردبۆوە و بناغەی بۆ ڕۆنانی کڵێسایەک، کڵێسایەکی زۆر گەورە لە ئاسیزیی لێدابوو، کڵێسایەک بەنەخش و نیگار و چلچرای زیوین و ئەستونگەلی هەڵکۆڵراو و چەندین هۆدە و کتێبخانەیەکی بەدەوردا. لەو کتێبخانەیەدا برایان دەیانتوانی بخوێننەوە و وتووێژ سازدەن و نوتقی تێدابدەن.

فرانسیسکۆس دەستی نایە سەر سەری ئەو برا دەسەڵاتویستە.

– "برا ئێلیاس، خودایە تۆبە، پێموایە تۆ براکانمانت بەلاڕێدا برد. تۆ ئەو سەروەتە مەزنەی ئێمە، واتە هەژارییت وەلانا و ئازادیگەلی خەتەرناکت لەجێی ئەو چاکەخوازییە دێرینانە دانا کە بناغەی فیرقەکەی ئێمەیان لەسەر ڕۆنرابوو، ئەو چاکە خوازییانە یاساگەلی تۆکمە و پاقژ بوون و هەرگیز لەگەڵ ژیانی ئیسراحەت و ژیانی ئاسوودەییدا نەدەهاتنەوە. ئەلعانیش بیستوومە ئاڵتوونت کۆکردۆتەوە تا کڵێسایەکی گەورەی پێ ڕۆبنێی، پێڵاو دەکەیتە پای برایان کە ئیدی ئەوان ڕاستەوخۆ بەپای خۆیان بەسەر ئەرزدا نەڕۆن. گورگ هاتۆتە پشتیرەکەمانەوە و منیش وەک سەگێکی بەستراوە لەدەرەوەی پۆرتیۆنکۆلا دانیشتووم و دەوەڕم. برا ئێلیاس ئەرێ تۆ ئێمە بەرەو کوێ دەبەیت؟"

– "برا فرانسیسکۆس، بۆ ئەو جێگەیەی خودا بۆیم دەبا. خۆت دەزانیت، هەر شتێک ڕووبدا بەخواستی وی ڕوودەدا. زەمەن دەگۆڕێ و لەگەڵ زەمەنیشدا دڵی ئینسان و لەگەڵ دڵی ئینسانیشدا چاکەخوازییەکان دەگۆڕێن. بەڵام بێ خەمبە، من فیرقەکە بەو ئاقارەدا ڕێنوێنیی دەکەم کە ڕۆحانییەت دونیا قۆرخ کا. متمانەم پێ بکە، وا خوێنی برایان خەریکە ئەو تۆوە ئاو دەدا کە ئێمە وەشاندوومانە!"

– "من متمانەی خۆم بەخودا بەخشیوە و ئیدی دڵنەوایی چ کەسێکی ترم ناوێ. ئاخر من کەسێکی خاکیی و نەخوێنەوارم و لەژیانمدا جگە لە گریان و سەما و



ستران چڕین نەمتوانیوە چ شتێکی تر بکەم و هەنووکەش ناتوانم بیکەم. من دەڵێم، چ شتێک نیم جگە لە سەگێک کە لە دەرەوەی فیرقەکەدا بەستراومەتەوە و دەوەڕم. دەخوازم خودا ڕانومایییت بکا، برا ئێلیاس من ئارامم و چ لەپێناویشتدا ناترسێم، لەبەرئەوەی دڵنیام خودا ڕانومایییت دەکا!"

ئێلیاس دەستی فرانسیسکۆسی ماچ کرد و بەپەلە بەلای کرێکارەکانیەوە چوو کە کەڵێساکەیان لە ئاسیزیی ڕۆدەنا. ئیرێنۆ لەوێ دانیشتبوو، گوێی لە قسەکانی بوو، هەر کە ئێلیاس ڕۆیشت، گوتی:

– "باوکە فرانسیسکۆس، دڵ گەلێک بەرفراوانە و وشەش گەلێک تەنگە بەبەری ئەوەی ئینسان دەخوازێ لە دڵەوە بیهێنێتە سەر زوبان؟ چما ئیدی بۆچی بئاخڤین؟ مۆڵەتم بدەرێ بلوێرت بۆ بژەنم، باوکە فرانسیسکۆس، ئەوەیە زاری ڕاستەقینە و تۆ باشترە بەو زارە بۆ خەڵکیی بئاخڤیت. دەتوانیت بیژەنیت؟ دەی من فێرت دەکەم!"

دانەوێوە، کونەکانی بلوێرەکەی پیشان دا، پەنجەکانی بەرەو ژوور و بەرەو خوار پیایاندا هێنا، دەنگێکی قووڵ و بەرز لەبلوێرەکەوە هاتەدەرێ. فرانسیسکۆسیش چەمابۆوە و بەوردیی گوێی بۆ مامۆستای بلوێرژەن ڕادێرابوو.

– "برا ئیرێنۆ، هەموو ڕۆژێک وەرەو فێری بلوێر ژەنینمکە. ئاخ، بەرلەوەی بمردمایە، بمتوانیبا دوا نوێژم بەبلوێر کردبا! ئەلعان ئاوازێکی خۆشم بۆ بژەنە تا هەستی ئاسودەییم تێدا بورووژێ!"

ئیرێنۆ بەسەر بلوێرەکەدا نوشتایەوە و کەوتە ژەنین و گۆرانیی گوتن. ئاخر ڕۆژێک لە ڕۆژان وی گۆرانی بۆ جوانیی دوڵبەرەکەی چڕیبوو، ئەلعانیش گۆرانی بۆ ستایشکردنی جووانیی خاتوو ماریا دەچڕی، هەمان نەغمە، هەمان ژەنین، تەنێ بابەتی سترانی ئەڤینەکە جیاواز بوو. فرانسیسکۆس گوێی بۆ گۆرانییەکە ڕادێرابوو، لەگەڵیدا دەڕۆیشت و لەبەرخۆیەوە دەیگوتەوە، هالەکەی دەوری ڕوخساری بەرینتر دەبوو، چاڵوچۆڵییەکانی لاجانگە و گۆنای تەژی لە بڵێسە دەبوون.

ڕۆژان تێدەپەڕین و ئیرێنۆ هەموو ئێوارەیەک دەهات و فرانسیسکۆس وەک شاگردێک گوێی بۆ ڕادەدێرا و پەراوەی پەنجە دانانی لەسەر کونەکانی بلوێرەکە پێ دەکرد. وی خۆشحاڵ بوو بەوەی لە فێربووندا بچێتە پێش تا بەزوویی بتوانێ

بەنەغمەی بلوێر لەگەڵ خودا و خەڵکیدا بئاخڤێ.

ڕۆژێکیان کەروێشکە کێوییەک هات و بەترسەوە خۆی لەنێو جبەکەی فرانسیسکۆسدا حەشاردا، دیار بوو ڕێوییەک کەوتبووە دوای و مرخی لە خواردنی خۆش کردبوو، چونکە ئێمە لە دوورەوە باقاندنە زلەکەیمان دەژنەفت.

فرانسیسکۆس دەستی بەکەروێشکەکەدا هێنا و هێند بەمیهرەبانیی لەگەڵیدا کەوتە قسان، کە من حەپەسام. ئاخر ئەو هەرگیز هێند میهرەبان لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەدوا بوو.

– "برا لیۆن دەستت بێنە و بینێرە سەر ئەم دڵە چکۆلانەیە بزانە چۆن دەلەرزێ، هەموو ئازای گیانی دەلەرزێ. بمبوورە برا ڕێوی، من لێناگەڕێم تۆ ئەم کەروێشکە بخۆیت. چونکە خودا ئەم کەروێشکەی بۆ من ڕەوانە کردووە تا گیانی ڕزگارکەم!"

ئیتر لەو لەحزەیەوە کەروێشکە کێوییەکە دەسبەردارمان نەدەبوو. ئەو ڕۆژانەی فرانسیسکۆس لەگەڵ مەرگدا دەجەنگی، کەروێشکەکە کێلەکی دەکرد و هەڵدەلەرزی و دەمی لە زادەوە نەدەدا.

مەڕو مالات و تەیرەکان فرانسیسکۆسیان زۆر خۆشدەویست، هەستیان دەکرد ئەویش ئەمانی خۆشدەوێ. ڕۆژێکیان کەسێک کەڵەشێرێکی کێویی پێ بەخشی و فرانسیسکۆسیش بێئەندازە دڵی بەجوانیی ئەو تەیرە خۆشبوو. پێیدەگوت: "برا کەڵەشێری کێویی، مل هەڵبڕە و سوپاسی خودا بکە کە هێندە جوان خوڵقاندووتیت!" کەڵەشێرەکەش پەڕی گیڤ دەکردەوە و وەک دەسەلاتدارێکی گەورە بەژێر هەتاودا پیاسەی دەکرد.

ڕۆژێکیان – گەر خۆم نەمدیبا باوەڕم نەدەکرد– لە ئالڤێرنا بەژێر دار بەڕووەکاندا دەڕۆیشتین، گورگێکی تووڕە شالاوی هێنا و لەبەردەمماندا ڕاوەستا. وەرز وەرزی زستان و گورگەش برسیی. فرانسیسکۆس چووە پێشێ و هێور و لەسەرخۆ، وەک ئەوەی لەتەک هاوڕێیەکی ئازیزیدا بدوێ، لەگەڵ گورگەکەدا کەوتە قسان. گوتی: "برا گورگ، ئەی مەزنترین فەرمانڕەوای دارستان، ڕوخسەتمان پێ عەتا بفەرموو بۆ تاوێک بەژێر درەختەکانتا بڕۆین. ئەم کەسەی لە تەکمدا دەیبینی ناوی برا لیۆنە و لەبەرئەوە لەترسدا هەڵدەلەرزێ چونکە ناتناسێ. منیش فرانسیسکۆسی



ئاسیزیاییم، ئێمە لەبارەی باوکمان، لەبارەی خوداوە دەئاخڤاین کە هەروەها باوکی تۆیشە. برا گورگ، تکات لێ دەکەین قسە پیرۆزەکانمان پێ مەبڕە!"

کاتێک گورگەکە گوێی لە دەنگی بەسۆزی فرانسیسکۆس بوو، هێوربۆوە. چووە ئەولاوە و فرانسیسکۆسیش درێژەی بەپەیڤە زاهیدانەکانی دا.

بەڵام فرانسیسکۆس ڕووناکیی و ئاگر و ئاوی لە هەموو شتێکیتر خۆشتردەویست.

زۆر جاران پێیدەگوتم: "برا لیۆن، ئەوە چ میهرەبانییەکە لەخوداوە! ئەم هەموو موجیزەیە چین کە ئەوها دەوریانداوین! کاتێ بەیانیان خۆر هەڵدێ و دونیا ڕووناک دەبێتەوە، بینیوتە چۆن تەیرەکان دەکەونە گۆرانیی چڕین، هەستت کردووە چۆن دڵمان لەنێو قەفەسەی سینگماندا ڕادەچڵەکێ؟ بینیوتە چۆن بەرد و ئاو زەردەخەنە دەیانگرێ؟ کە شەویش دادێ، چۆن خوشکە ئاگر خێرەومەندانە دێ و سەردەکەوێتە چراکانمانەوە و ڕووناکمان دەکاتەوە، یاخۆ لە ئاگردانەکەدا دادەنیشێ و چێشتمان بۆ لێدەنێ و زستانانیش گەرممان دادێنێ! برا لیۆن ئەی ئاو بۆ ناڵێیت، چ موجیزەیەکە ئاو! ببینە چۆن دەڕژێ و خوڕە خوڕ دەبێتە جۆگەلە و ڕووبار و بەرەو خوار دەڕژێتە زەریاوە و ستران دەچڕێ، ئیدی هەموو شتێک دەشوا و لەخۆی هەڵیاندەکێشێ و پاقژیان دەکاتەوە! کە تینووشمان دەبێ، چەند سازگارانە دەڕژێ و ناوەوەمان فێنک دەکاتەوە! ئیدی چۆناوچۆنیی جەستە خۆی لەگەڵ دونیا و ڕۆح خۆی لەگەڵ خودادا ناگونجێنێ! برا لیۆن، کاتێک بیر لە هەموو ئەوانە دەکەمەوە، ئیدی نامەوێ بدوێم و نامەوێ لەوەندە زیاتر بڕۆم، بەڵکە تەنێ دەخوازم ستران بچڕم و سەما بکەم."

لە هەموو جێژنە گەورەکاندا، فرانسیسکۆس زێدەتر جێژنی لەدایکبوونی خۆشدەویست. جارێکیان ڕۆژی جێژنی سەری ساڵ کەوتبووە ڕۆژێکی هەینییەوە، یەکێک لە برا تازەکانیش کە ناوی مۆریکۆ بوو، نەیدەویست گۆشت بخوا. فرانسیسکۆس داوای لێ کرد بێت و لەسەر سفرەکە لەلایەوە دانیشێ.

گوتی: "برا مۆریکۆ، کاتێک جێژنی لەدایکبوون دادێ، ئیدی چ هەینییەک نامێنێ. گەر دیوارەکانیش گۆشتیان خواردبا، ئەوا لە ڕۆژێکی ئەوهادا گۆشتم دەدانێ تا

ئەوانیش جێژنی لەدایکبوونی مەسیحیان بگێڕایە. بەڵام ئەوان ناتوانن گۆشت بخۆن، لەبەر ئەوە گۆشتیان پێدا سواغ دەدەم!"

وای گوت و پلێک گۆشتی هەڵگرت و هەر چوار دیوارەکەی پۆرتیۆنکولای پێ سواغ دا.

ئەوجا بەخۆشحاڵییەوە لەسەر سفرەکە دانیشتەوە.

گوتی: "گەر هاوڕێی پادشا بام، ئەوا داوام لێ دەکرد فەرمان دەرکا هەموو کەسێک لە ڕۆژی لەدایکبوونی مەسیحدا، دەبێ لەکێڵگەکانی خۆیان و لەسەر ڕێگەکاندا دانەوێڵە بۆ برا تەیرەکانمان ڕۆکەن، چونکە ئیدی زستانە و بەفر عەرد دادەپۆشێ و تەیرەکان چ شتێک شک نابەن بیخۆن. ئەو کەسانەشی گا و گوێدرێژیان لە گەوڕەکانیاندا هەن و لەبەر خاتری مەسیح، دەبێ لەو ڕۆژەدا بەئاوی شلەتێن بیانشۆن و ژەمێک خۆراکیان بۆ بکەنە دووان. دەبێ دەوڵەمەندانیش لەو ڕۆژەدا دەرگاکانیان بخەنە سەر پشت و سفرە بۆ هەژاران ڕاخەن. لەبەر ئەوەی مەسیح لەو ڕۆژەدا لەدایک بووە. مەسیح، سەما، شادومانیی، ڕزگاریی!"

***

مانگی دیسامبەر هات و ڕۆژی لەدایکبوونی مەسیح نێزیک بۆوە. فرانسیسکۆس ڕۆژ و سەعاتەکانی دەژماردن، پەرۆشی هاتنی ئەو ڕۆژە مەزنەی مەسیحییان بوو، ئاخر ئەو لەو ڕۆژەدا مەسیحی وەک مناڵێکی تازە لەدایکبوو دەبینی.

گوتی: "ئەمە دوایەمین جێژنی لەدایکبوونە کە دەیبینم، ساڵانێکە گەرەکمە بۆ دوایەمینجار مەسیح وەک مناڵێکی گچکە ببینم و لەئاخوڕەکەدا دەس بدەم لەپێوپلە چکۆڵەکانییەوە. برا لیۆن، دەبێ بەنوێژێکی مەزن ئاهەنگی ئەم جێژنی لەدایکبوونە بگێڕم و تا ئەبەد ماڵئاوایی لێ بکەم!"

فرانسیسکۆس لەشار هاوڕێیەکی میهرەبان و ئیمانداری هەبوو ناوی جەنابی (ڤێلیتا) بوو. داوای لێ کرد بێت بۆ لای، ئەویش بەخۆشحاڵییەوە هات و دەستە بریندارەکانی فرانسیسکۆسی ماچ کرد.

فرانسیسکۆس پێیگوت: "براکەم، زۆر حەزدەکەم ئەم ئاهەنگی جێژنی لەدایکبوونە لەگەڵ تۆدا بگێڕم، ئەلعان گوێ ڕادێرە چیم لەخەیاڵدایە. لەم دارستانەی نزیکمانەوە



ئەشکەوتێک بدۆزەرەوە، براکەم، تکات لێدەکەم شەوی جێژنی لەدایکبوون، ڕێک هەر وەک ئەوەی بەیتلەحم، گایەک و گوێدرێژێکی چکۆڵە، بۆ ئەوێ ببە. ئاخر ئەمە دوایەمین جێژنی لەدایکبوونمە و حەزدەکەم ببینم چۆن مەسیح هاکەزایی و خۆنەویستانە لەدایک دەبێ تا خەڵکیی ڕزگارکا و منی گوناهباریش ڕزگارکا!"

هاوڕێکەی وەڵامی دایەوە: "باوکە فرانسیسکۆس، هەرچیت لە من بوێ بەخۆشحاڵییەوە بەجێی دێنم، هەموو شتێک بەو شێوەیە دەبێ کە تۆ دەتەوێ."

وای گوت و دەستی فرانسیسکۆسی ماچ کرد و ڕۆیشت.

فرانسیسکۆس بەشادومانییەوە پێیگوتم: "لەدایکبوونی مەسیح دەبینم، لە خاچدان و ڕابوونەوەی دەبینم و ئەوجا دەمرم. سوپاس بۆ خودا کە گوڕی ئەوەی دامێ شادومان بم بەبینینی تەواوی بازنەکە: لەدایک بوون، لەخاچدان و ڕابوونەوە!"

ئیدی لەو ساتەوەختەوە بەدوا، فرانسیسکۆس هەموو غەم و ئازارەکانی بیرچوونەوە و تەواوێک خۆی بۆ جێژنی لەدایکبوون تەرخان کرد.

پێیگوتم: "برا لیۆن، یارمەتیم بدە تا دوا جێژنی لەدایکبوون بەشادومانی و ئیمانەوە یادکەمەوە!"

هاواری بۆ ئیگیدیۆ کرد: "برا ئیگیدیۆ، تۆ ببەرە یوسف، گلۆڵەیەک لۆکە وەک ڕیش بنوسێنە بەچەناگەتەوە و خۆت بەگۆچانێکەوە ڕاگرە!"

(کێدرۆ) شی هەنارد بۆ شاخ تا دوو شوان لەگەڵ خۆیدا بێنێ. کە هاتن شوانێکیان پیر و گچکە و بەخۆ و هەتاوبردوو، ئەویتریان جحێڵ و بالوکەی زەردی تووکن بەگۆناکانییەوە.

فرانسیسکۆس بۆی ڕوون کردنەوە: "برایانی شوانم، لە شەوی جێژنی لەدایکبووندا، وەرن بۆ ئەو ئەشکەوتەی جەنابی ڤێلیتا پیشانتان دەدا، بەرخ و مەڕ لەگەڵ خۆتانا بهێنن. مەترسن، ئەنگۆ هیچ ناکەن، بەڵکو تەنێ لەبەر دەرکی ئەشکەوتەکەدا ڕادەوەستن و خۆتان بەگۆچانەکانتانەوە دەگرن و دەنۆڕن بزانن چیی لەناوەوە لەناو ئەشکەوتەکەدا ڕوودەدا، جگە لەوە چ شتێکی تر ناکەن. ئێوە تەنێ ئەو شوانانە دەبن کە لەدایکبوونی مەسیح دەبینن!"

پەیامیشی بۆ خوشکە کلارا هەنارد: "بە خوشکە ئاگنێس بلێ بێت بۆ ئێرە، شتێک هەیە دەمەوێ پێی بلێم."

گوتی: "وی دەبێتە خاتوو مەریەم، لەبەرئەوە هەڵبژاردووە چونکە ناوی ئاگنێس(*)ە."

منیشی هەنارد بۆ پۆرتیۆنکولا تا چەند قوتابییەک بانگهێشت کەم. ئەوان دەبوونە فریشتەکان و دەبوو قومات و پەڕۆ بگرن بەدەستەوە و گۆرانیی: (ستایش بۆ خودا لە سەرێ و ئاشتیی باڵ بەسەر عەردا بکێشێ و خۆشنوودیی بۆ ئینسان) بچڕن. دەبوو برا ئێرێنۆیش لەوێ بێ و بلوێرەکەی بژەنێ و هەروەها باوکە سیلڤێستێریشمان لەگەڵ بێ.

ئێوارەی جێژنی لەدایکبوون، جەنابی ڤێلیتا جوابی بۆ ناردین کە هەموو شتێک ئامادەیە و وەرن بەخێربێن. ئێمەیش لای نیوەشەو کەوتینە ڕێ، چەند برایەک لەگەڵمان هاتن: بێرناردۆ، جەنابی پییێترۆ، ماسیۆ و باوکە سیلڤێستێر. ئێرنیۆیش لەنزیک فرانسیسکۆسەوە دەڕۆیشت و بلوێری دەژەند.

ئاسمان تەواوێک ساماڵ بوو. دونیا ڕووناک وەکی بلوور و شەو ئارام، ئەستێرەکان هێند نزم ببوونەوە کە خەریک بوو دەیاندا لە عەرد، هەر یەکێک لەئێمە ئەستێرەیەک بەژوور سەرییەوە بوو. فرانسیسکۆس وەکی بڵێی سەما بکا هەنگاوی دەنا و لەناکاوێکڕا ئاوڕی دایەوە.

– "براینە، ئەرێ ئەمە چ بەختەوەرییەکە، ئەمە چ شادومانییەکی مەزنە کە دراوەتە ئینسان! پێتانوایە ئێمە دەچین چی دەبینین؟ دەچین خوداوەند وەکی منداڵێکی چکۆڵە دەبینین! مەریەمی پاقیژە دەبینین کە شیری خۆی دەداتە مەسیح! فریشتەکان دەبینین کە دادەبەزنە سەر عەرد و سترانی سوپاسگوزاریی دەچڕن! برا ئێرینیۆ بەرەکەتی منت لێ بێ، دەی بلوێرەکە لەشانت داگرە و گۆرانیی (سوپاس و ستایش بۆ خودا لە سەرێ، ئاشتیی باڵ بەسەر عەردا بکێشێ و خۆشنوودیی بۆ ئینسان) بژەنە و بچڕە!"

ئەوجا خۆی بەمنەوە گرت و گوتی: "برا لیۆن، ناتوانم، ئەم حەمکە شادومانییەم پێ هەڵناگیرێ. ئاخر بنۆڕە چۆن دەڕۆم، ئیدی پێوپلم نایەشێن. دوێنێ شەو خەونێکم بینی، لەخەونمدا مەریەمی پاقیژە مناڵەکەی لە ئامێزی مندا بوو!"

---

(*) ئاگنۆس بەگریکی واتە داوێن پاک، پاکژ. و. سوێدی





لەتەواوی گوندەکانی ئەو دەوروبەرەوە جوتیاران هاتبوون و بەمەشخەڵی هەڵایساوەوە کۆببوونەوە، تەواوی دارستانەکە ڕووناک ببۆوە. پێشوەخت ئەشکەوتەکە جمەی دەهات لەخەڵکیی. فرانسیسکۆس دانەوێوە و چووە ژوورێ و برایانیش لەدوایەوە. ئاخوڕەکە کەوتبووە پشتەوەی ئەشکەوتەکەوە و پۆشرابوو بەکا، گایەک و گوێدرێژێکی چکۆڵەش بەئارامیی لەوێ ڕاوەستابوون. لەخواردن ببوونەوە و هەنووکە کاوێژیان دەکرد. باوکە سیلڤێستێر لەبەردەم ئاخوڕەکەدا، وەک بڵێی لەبەردەم میحرابدا ڕاوەستابێ، کەوتە نزا خوێندن. لەمیانەی خوێندنەوەی ئینجیلدا، کاتێک گەیشتە پەیڤی (وە کاتێک وی کوڕە نۆبەرەکەی بوو، قوماتی کرد و لە ئاخوڕەکەدا داینا......) وای گوت و تیشکێکی شین ژوور ئاخوڕەکەی پۆشیی و ئیدی هەموومان بینیمان کە فرانسیسکۆس دانەوێوە و ساوایەکی بەرزکردەوە و لە باوەشی گرت.

جوتیارەکان هاواریان دەکرد، مەشخەڵەکانیان ڕادەوەشاند و بەدەمدا خۆیان بەعەردا دەدا، ئاخر موجیزەکەیان پێ بەرگە نەدەگیرا. من بۆ ساتێک سەرم هەڵبڕی و بینیم، ساواکەم بینی کە دەستە چکۆڵەکانی هەڵێنان و بەڕیش و گۆنای فرانسیسکۆسدا هێنای، پێ گچکەکانی جووڵاندن و بۆی پێکەنی. فرانسیسکۆس ساواکەی بەرزکردەوە و بەرامبەر مەشخەڵە هەڵایساوەکان داینا و هاواری کرد: "براینە، سەیری ڕزگارکەری دونیا بکەن!" هەمووان کەوتنەخۆ و بەرەو پێشەوە شاڵاویان برد تا دەست لەو منداڵە پیرۆزەوە بدەن، بەڵام تیشکە شینەکە کوژایەوە و هەمدیس تاریکیی باڵی کێشایەوە، ئێمە ئیدی چیتر فرانسیسکۆسمان لای ئاخوڕەکەوە نەبینی، ئاخر ئەو ڕۆیشتبوو. منداڵەکەشی لەگەڵ خۆیدا بردبوو.

جوتیارەکان بەمەشخەڵە هەڵایساوەکانی دەستیانەوە شاڵاویان بردە دەرێ و لەدارستانەکەدا کەوتنە گەڕان بەدوای فرانسیسکۆسدا، بەڵام ئیدی ئەو لەچ شوێنێک نەبوو! ئاسمان خەریک بوو ڕووناک دەبۆوە، ئەستێرەی بەیان دەدرەوشایەوە و تەواوێک تەنها لەخۆرهەڵاتدا سەمای دەکرد، ئاخر ئیدی ڕووناکیی لەدایک ببوو.

فرانسیسکۆسم لە دەرەوەی کوختەکەی بینییەوە، کەوتبووە سەر ئەژنۆ و ڕووی کردبووە بەیتلەحم.

***

کە بۆ ڕۆژی دوایی بینیمەوە زەندەقم چوو، ئیدی جەستەی وەک هی ئینسان نەمابوو، بەڵکو تۆپەڵێک ئێسکی لە جبەیەکی شڕو پڕەوە پێچراو بوو، لێوی لە سەرمادا شین هەڵگەڕا بوو.

دەستیم ماچ کرد و گوتم: "باوکە فرانسیسکۆس، ڕێگەم بدە دار بێنم و ئاگرێکت بۆ پێکەم!"

بەڵام ئەو وەڵامی دامەوە: "برا لیۆن بڕۆ دەرێ و هەموو دونیا تەیکە، گەر بینیت لەکوختەکاندا و لەماڵی هەژارانی هەموو دونیادا ئاگرێک پێکراوە، ئەوسا وەرەوە و ئاگردانەکەم بۆ داگیرسێنە. گەر تاقە ئینسانێک لە دونیادا هەبێ لەسەرمادا هەڵبلەرزێ، ئەوا دەبێ منیش لەگەڵیدا لەسەرمادا هەڵبلەرزم!"

هێورهێور سوێی برینەکانی سەختتر دەبوون. زۆر جاران دەمبینی بۆ ئەوەی بەرگەی ئازارەکەی بگرێ خۆی گرمۆڵە دەکرد. سەری هەڵدەبڕی و تەماشای دەکردم، هەمیشە ڕوخساری بەو ڕووناکیی نەمرییە پرشنگی دەدایەوە.

پێیدەگوتم: "ئێشی هەیە!"

– "کێ؟"

– "ئەو پیاوە!"

وای دەگوت و ئاماژەی بۆ سینگی خۆی دەکرد، ئاماژەی بۆ دەست و پێوپلی خۆی دەکرد.

شەوێکیان کوێرە مشکێک لەدەرگا لەگرێژنە چووەکەی کوختەکەوە هاتە ژوورێ و کەوتە گاز لێگرتن و کرۆژتنی پێوپلە خوێناوییەکەی فرانسیسکۆس. فرانسیسکۆس لە خەو ڕاپەڕی و گوێم لێی بوو هێور و ئارام، وەک ئەوەی لەگەڵ زارۆکێکدا بدوێ، لەگەڵ مشکەکەدا کەوتە قسان. پێیگوت: "مشکە کوێرەی برام، ئازاری دێ! مشکە کوێرەی برام، تو خودا بڕۆ، ئاخر ئازاری هەیە!"

بەیانییەکیان بینیم ڕووت و قووت لەسەر حەسیرەکەی ڕاکشاوە و هەڵدەلەرزێ.

گوتم: "باوکە فرانسیسکۆس، هەوا بێ ئەندازە ساردە، بۆچی خۆت ڕووت کردۆتەوە؟"

بەددانەچۆقەوە وەڵامدامەوە: "بیر لەو برایانەم دەکەمەوە لە تەواوی دونیادا کە



سەرمایانە و من ناتوانم گەرمیان بکەمەوە، لەبەر ئەوە دەمەوێ لەگەڵ ئەواندا سەرمام بێ!"

ڕۆژی دواتر پێیگوتم: "بڵێی ئەو برایانە چییان بەسەر هاتبێ کە بۆ ڕاگەیاندنی پەیڤی خوداوەند چوونەتە دەرێ؟ ئەو کاتەی نووستووم و ئەو کاتەشی بێدارم ئەوانەم هەر لە خەیاڵدان. کوێرە مشکێکی برا دێ و بۆ ساتێک لەو خەیاڵەم دەپچڕێ، بەڵام مشکەی برام میهرەبانە و کە پێیدەڵێم بڕۆ، ئیدی بەڕێی خۆیدا دەڕوا. وا ئەلعانیش دانیشتووم و چاوەڕێ دەکەم. چاوەڕێی چی؟ چاوەڕێی ئەوەی کەسێک بێ و پەیامێکم بۆ بێنێ!"

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو، کێدرۆ، کە یەکێک لە خاکیترین و خۆشەویستترین براکان بوو، لەبەر دەرگاکەوە وەدیارکەوت. پا پەتیی و جەستەی تەژی بەبرین و شەلاڵ بەشادومانیی. لە یەکەمین سالانی برایەتیمانەوە بەخۆی و سوعبەتەکانییەوە هات بۆ لامان. جارێکیان برایەکمان نەخۆش کەوتبوو، لە حەژمەت (تا) وڕێنەی دەکرد و دەیگوت: "ئاخ، گەر ڕانی بەرازێک هەبایە!" کێدرۆ گوێی لەو قسەیە بوو، دەمودەست خۆی گەیاندە دارستانەکە. لەوێ بەرازێکی بینی بەڕووی دەخوارد، بەرازەکەی کوشت و ڕانی لێ کردەوە و ئەوسا بۆ پۆرتیۆنکولا گەڕایەوە. ڕانەکەی برژاند و خستییە بەردەم برا نەخۆشەکەمان. فرانسیسکۆس بەوەی زانی و سەرزەنشتی برا کێدرۆی کرد. پێیگوت: "براکەم، ئاخۆ نازانیت نابێ دەس بۆ ماڵ و موڵکی خەڵکیی ببرێ؟ باشە بۆچی ئەمەت کرد؟"

– "لەبەرئەوەی ئەو ڕانە بەرازە براکەمانی شەفادا، بۆیە هەست بەچ عەزابی ویژدانێک ناکەم گەر ڕانی سەد بەرازیش ببڕم!"

–" بەڵام ئاخر ئەلعان شوانەی داماو کەوتۆتە گریان و شین و شەپۆڕ و هەموو دارستانەکەی بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسەی کە ئەوهای بەسەر بەرازەکەیدا هێناوە، تەی کردووە!"

– "برا فرانسیسکۆس، کەوایە خۆم دەچم و بەدوایدا دەگەڕێم و دەیدۆزمەوە، خەفەت مەخۆ، لەگەڵی پێکدێین!"

وایگوت و بەرەو دارستانەکە ڕایکرد. شوانەکەی بینی و باوەشی پێداکرد.

پێیگوت: "براکەم، من ڕانی یەکێک لە بەرازەکانتم بڕی، تووڕە مەبە، گوێم بۆ ڕادێرە. ئاخر خوداوەند بەرازەکانی بۆ ئینسان ڕەوانەکردوون. یەکێک لەو ئینسانانە نەخۆش کەوت و هاواری کرد: چاک نابمەوە تا ڕانە بەرازێک نەخۆم. دەی منیش بەزەییم پێیداهاتەوە، ڕامکرد و ڕانە بەرازەکەم بۆ هێنا و بۆم برژاند، هەر کە خواردی نەخۆشییەکەی پەڕاند، ئەلعانیش دوعا بۆ خاوەن بەرازەکە دەکا و لە خوداش دەپاڕێتەوە لەو گوناهەی ببووریٚ، کەواتە تووڕە مەبە. دەی وەرە با باوەش بەیەکدا بکەین، ئێمە هەموومان براین، هەموومان زارۆکی خوداین. تۆ خۆتت بەختەوەر کرد. ئاخر تۆ کارێکی خێرت لەپێناوی خوداوەنددا ئەنجام دا و منیش لە ئەنجامدانی ئەو کارە خێرەدا یارمەتیم دایت، دەی وەرە و باوەشم پێداکە!"

شوانەیش کە یەکەمجار تووڕە بوو، وردە وردە هێوربۆوە. باوەشی بەکێدرۆدا کرد و ماچی کرد. گوتی: "دەتبوورم، بەڵام گەر خودات خۆشدەویٚ، لەمەولا شتی وەها مەکە!"

کاتێک فرانسیسکۆس چیرۆکەکەی کێدرۆی سەبارەت بەوتووویژەکەی خۆی لەگەڵ کابرای شواندا دەژنەفت، لە دڵەوە لەقاقای پێکەنینیدا. گوتی: "حەیف، کە دارستانێکی پڕ لەکێدرۆی وەک تۆمان نییە!"

ئەلعانیش کێدرۆ پەیامێکی گرنگی بۆ ئێمە پێبوو، چونکە دیقەتی دەداین و چاوانی پرشنگی دەدا. بەری دەستی بەدەمیدا هێنا و گوتی:

– "باوکە فرانسیسکۆس، من لە (ڕیمینی) یەوە دێمەوە، نازانم چۆن بتوانم هەموو ئەو شتانە بگێڕمەوە کە بەرلەوەی بێم بۆ ئێرە، بینیومن و ڕووبەڕووم بوونەتەوە! باوکە فرانسیسکۆس، دیاربوو گوندنشینەکان من بەتۆ تێگەیشتبوون. ژن و پیاو، یەک لەدوای یەک بەرەو لام ڕایان دەکرد تا دەستم ماچ کەن. نەخۆشەکانیان لەگەڵ خۆدا هێنابوو تا شەفایان بدەم. بەڵام چۆناوچۆنیی دەمتوانی شەفایان بدەم؟ دەستم دەنایە سەر سەریان، هەر وەک ئەوەی تۆ دەیکەیت، بەڵام خەیاڵم لای شتێکیتر بوو، خەیاڵم لای ئەوە بوو چۆن بتوانم لەو هەموو خەڵکە خۆم ڕزگارکەم کە هاواریان دەکرد و هوتافیان دەکێشا و شاڵاویان دەهێنا تا پێوپلم ماچکەن. ڕۆژێکیان فێڵێکم بۆ هات. ئەوە بوو کاتێک لە گوندێک نزیک دەبوومەوە– گوندێکی نزیک ڕیمینی –



زانیم خەڵکێکی زۆر هاتوونەتە دەرێ تا بمبینن. باشە چیم کردبا؟ دوو منداڵم بینین تەختەیەکیان لەشێوەی ئەسپەدارینەدا دانابوو، لەملاولایەوە دانیشتبوون، لەسەری هەڵبەزودابەزیان دەکرد و پێدەکەنین. دەسوبرد بەرەو لایان ڕامکرد. گوتم: (مناڵینە، منیش دەمەویٚ گەمە بکەم. ئێوە هەردووکتان لەسەر لایەکی دانیشن و منیش هەر خۆم بەتەنیا لەسەر لاکەی تری دەبم و هەڵبەزودابەزتان پێ دەکەم!" ئەوسا کەوتینە هەڵبەزودابەز و پێکەنین. زیارەتکەران هاتن، قەشە بەئینجیلێکی لە بەرگی زیوین گیراو و چڵی پیرۆزەوە لەپێشیانەوە بوو. کاتێک منیان بینی گەمە دەکەم و پێدەکەنم، ڕوخساریان تێکچوو، چاوەڕێیان کرد تا من لەگەمەکەم ببمەوە و ئەوسا بکەومە بەرەکەتدان و شەفادانی ئەو چەند نەخۆشەی کە لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویانن. چاوەڕێ بوون و هەر چاوەڕێ بوون تا من لەسەر ئەسپەدارینەکە هەستم! دواجار بەتووڕەیی گوتیان: "حاشا ئەمە قەدیس نییە، بەڵکو شێتە! دەی وەرن با بەڕێگەی خۆماندا بڕۆین!" وایان گوت و ڕۆیشتن. دەی منیش لە خودام دەویست. ئەوسا لە ئەسپە دارینەکە هاتمە خوارەوە و ڕێگەی ڕیمینی یم گرتە بەر!"

فرانسیسکۆس پێکەنی.

– "برا کێدرۆ، بەرەکەتی من یاوەرت بێ، باشترە خەڵکیی بەشێتمان بزانن وەک لەوەی بەقەدیسمان بزانن. ئەمەیە خۆنەویستیی پیرۆز!"

پرسیم: "برا کێدرۆ، باشە تۆ چیت دەکرد لە ڕیمینی؟ دیارە شتی زۆر لە هەگبەکەتایە بۆمانی بگێڕیتەوە!"

– "زۆر، براکەم زۆر زۆر. موجیزەیەکی گەورە! گەر بەچاوانی خۆم ئەوەم نەدیبا، هەرگیز باوەڕم نەدەکرد. بیرتان دێتەوە لەپۆرتیۆنکولا قوتابییەکی ڕەنگپەڕیومان هەبوو ناوی (ئانتۆنیۆ) بوو. باشە، خودایە تۆبە، هەنووکە وی بۆتە قەدیس! ئا، ئا قەدیسێک کە موجیزە دەنوێنیٚ! باوکە فرانسیسکۆس، ئەویش وەک تۆ کە جارێکیان پەیڤی خودات بەگوێی تەیرەکاندا دا، ئەویش لە ڕیمینی پەیڤی خودای بەماسییەکان ڕادەگەیاند. پێمەکەنە، من بەم هەرتک چاوانەی خۆم ئەوەم بینی. لەو شوێنەی ڕووبارەکە دەڕژێتە زەریاوە، ئانتۆنیۆ ڕاوەستابوو، خۆزگە دەتانبینی، نەدەناسرایەوە، درێژ و باریک، گۆنا بەقووڵاچوو، چاوانی دەتگوت دوو کونی ڕەشن، وا پێدەچوو کوێر

بێ، دەستەکانیشی – خودای گەورە – هەرگیز دەستێکم لە ژیانمدا نەبینیوە هێندە درێژ و پەنجەگەلێکم نەبینیون هێندە باریک و گورج بن. گۆچانێکی بەدەستەوە و دەستی دوو قەد لە گۆچانەکەیەوە ئالابوو. خەڵکانێکی زۆر لەدوایەوە ڕاوەستابوون و زوربەشیان خەڵکانی بێ ئیمان بوون. ئانتۆنیۆ پێیگوتن: (دوام کەون، من دەچم بۆ گوێ زەریا. وەرن لەوێ ببینن ئەو پەیڤانەی کە من بەگوێی خەڵکیدا دەدەم، تاقە پەیڤ و ڕاستترین پەیڤن. وەرن و بەچاوانی خۆتان ببینن و ئەوکات ئیمان دێنن!)

ئەوانیش دوای کەوتن و بەرەو خواربوونەوە بۆ گوێ زەریا و منیش لەگەڵیاندا چووم. ئانتۆنیۆ دانەوییەوە و پەنجەکانی بەئاوی زەریا تەڕکردن و خاچی کێشا، ئەوجا تا ئەژنۆ چووە ئاوەکەوە و بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد: "ماسییەکانی برام لە زەریا و ڕووباردا، بەناوی باوکی ئاسمانمان سوێندتان دەدەم، وەرن و گوێ لە پەیڤی حەقی خودا ڕادێرن!" هەر کە وای گوت، زەریا کەفی دەکرد، ڕووبار سەری دەکرد و ماسییەکان هێور هێور کۆدەبوونەوە، هەندێکیان لەدووری دوورەوە دەهاتن و هەندێکیان لە قووڵاییەوە سەریان دەردەهێنا. هەموو جۆرە ماسییەکیان تێدابوو: ماسیی دڕکدار، نقە، دۆلفین، نەهەنگ، ماسییە موسا، ماسیە باڵدار، شمشێرە ماسیی، سوورە ماسی، ماسییە بەردینە، بۆقە زەریایی، ماسییە سکۆڤیل و ماسییە ئاڵتونیی... ئاخر چۆن دەتوانم ئەو هەموو جۆرە بژمێرم، ماسیگەلێک کە لە شوێنێکدا دەژین، ماسیگەلێک کە سەریان لە کەفی زەریاوە دەهێننەدەر، ماسیگەلێک کە وەک ئاژەڵی دڕندە بەدووی نێچیرەوەن، ڕووبار و زەریا جمەیان دەهات لە ماسی. ماسییە گچکەکان ڕیزی پێشەوەیان دەگرت، ماسییە مام ناوەنجییەکان لەدوای ئەوانەوە و ماسییە گەورەکانیش دوور لەقووڵایی ئاوەکەدا. هەموویان سەریان لە ئاوەکەوە هێنابووە دەرێ و گوێیان ڕادێرابوو. کاتێک هەمووان کۆبوونەوە، ئانتۆنیۆ دەستی ڕایەڵ کرد و بەرەکەتی دان و دەستوبرد بەدەنگێکی بەرز کەوتە نوتقدان: "برایانی ماسیم، ئێوەم بانگکردوون تا هەموومان پێکەوە سوپاسی باوکی ئاسمانمان بکەین، سوپاسی بکەین بۆ ئەو هەموو بەخشندەیی و شادومانییە، بۆ ئەو هەموو سەروەتەی کە بەخشیویەتییە ئەنگۆ! ئاو توخمێکی سێینەی بەرەکەتدراوە، توخمێکی زوڵاڵ و پاقژ و ڕوونە. کاتێک هەتاو بێ و ئاو ئارام بێ، ئەنگۆ دێنە سەر ڕووی ئاو و گەمە دەکەن، کاتێک کە زریانیش دەبێ، ئێوە دەچنە قووڵایی ئاوەوە، دەچنە ئەو شوێنەی



کە هێور و ئارامە و لەوێ لەزەت دەبەن. برایانی ماسیم، خودا چ ڕەنگ و چ زیرەکیی و چ جوانییەکی بەئەنگۆ بەخشیوە! کاتێک لافاوی گەورە هات و هەموو ئاژەڵانی سەر عەردی غەرقکرد، بەتەنێ ئێوە بوون کە هێور و دڵنیا لە ئاوەکەدا مەلەتان دەکرد. کاتێک (یۆناس) پێغەمبەریش کەوتە زەریاوە، ئەوە ئێوە بوون داڵدەتان دا و دوای سێ ڕۆژان گەڕانتانەوە بۆ سەر عەرد. ئێوە بەدرەوشەترین زێڕ و زیوی ئاون، خودا بێ ئەندازە ئێوەی خۆش دەوێ، ناخوازێ قڕتان تێ کەوێ. ئێوە نەمرن بەو هەزاران هەزار گەرایەی کە دایدەنێن. سەرتان هەڵبڕن و سوپاسی خوداکەن، بەرەکەتی منتان لێ بێت، ئەمێستایش خوداحافیز!"

ماسییەکان دەمیان دەکردەوە و دەیانجووڵاند، ڕەنگە بالۆرەیەکیان چڕیبێ و بەڵام من گوێم لێ نەبووبێ. پاشان هەموویان بەشادومانییەوە بڵاوەیان لێ دەکرد و کلکیان ڕادەوەشاند، زەریاو ڕووبارەکەش کەفیان دەچڕاند. خەڵکەکە دەتاسان، بەسەر پای ئانتۆنیۆدا دەکەوتن. هاواریان دەکرد: (برا ئانتۆنیۆ تۆ ڕاست دەکەیت، ماسییەکان دەنگی تۆیان ژنەفت، ئەی ئیتر ئێمە چۆن دەبێ نەیژنەفین؟ بڕۆ و ڕێنوێنمان بە!)

ئیدی ئانتۆنیۆ لەپێشەوە دەڕۆیشت و ئێمەیش هەموومان بەخۆشحاڵیی بۆ ڕیمینی دەگەڕاینەوە. دەچووینە کڵێسا و سوپاسی خودامان دەکرد."

ئەو قسانە ئارەقەیان بەکێدرۆ کردبۆوە. وەک ماسییەک کە هەر ئەلعان لە زەریاوە هاتبێتە دەرێ، جەستەی بریقەی دەدایەوە.

فرانسیسکۆس بەورووژاویی دەستی هەڵبڕی. گوتی: "سوپاس بۆ خودا، من دەمرم و یەکێکی تر لەدایک دەبێ، نەمرە تۆوی خودا لەسەر عەرد. من ئیتر لەوەندە زیاتر ناتوانم، ڕووناکیی چاوانم کوژاونەتەوە، وەک خۆرێک ڕوو لە ئاوابوونم. بەڵام ئەو جحێڵە، تەژییە لە گوڕ و شادومانیی و ئاگر، ئەو خۆرێکە کە هەڵدێ، سڵاوی لێ بکەن!"

ئەوجا دەستی بەرەو ڕیمینی هەڵبڕی.

– "برا ئانتۆنیۆ سەرکەوتوو بیت، بەبەرەکەتی منەوە بەرەو ئەو جێگایانە بچۆ کە من نەمتوانیوە بچم!"

هەمووومان بێدەنگ بووین. چاوم لێکنا، خۆرێکم بینی ئاوادەبوو، خۆرێکم بینی

هەڵدەهات، تفتیی و تاڵیی و هەراوزەنایەک لە دڵمەوە سەریان دەکرد. چاوم کردەوە و بەمیهر و سۆزێکی بێ ئەندازەوە لە فرانسیسکۆسم ڕوانی. هەنووکە سەری داگرتبووە نێوان ئەژنۆکانی و لەنەشوەیەکدا ڕۆچووبوو، ئاخر ئەو ئیدی هیچی نەدەژنەفت، هیچی لەدەوروبەری خۆیدا نەدەبینی، ئەو ئیدی دوورکەوتبۆوە.

کێدرۆ چاوێکی لێ داگرتم. دانەویمەوە تابزانم دەیەوێ بڵێ چی، گوتی: "دەچم دار دەهێنم تا ئاگرێک بکەمەوە!"

– "ئەو ئاگری ناوێ برا ئانتۆنیۆ، نایەوێ خۆی گەرمکاتەوە، ئاگر مەکەرەوە، دوایی گلەییمان لێدەکا!"

– "با گلەییمان لێ بکا، من خۆم دەمەوێ گەرمم بێتەوە!"

بەپرتاو چووە دەرێ و دوای ساتێک بەباوەشێکی پڕ لە دار و چیلکەوە گەڕایەوە. دار و چیلکەکانی خستنە نێو ئاگردانەکەوە و ئاگری کردەوە. فرانسیسکۆس نوقووم لە ئەفسووندا و نە ئێمەی دەبینی و نە قسەکانیشمانی دەژنەفت. بڵێسەی ئاگر بەرزبۆوە و کوختەکەی ڕووناک کردەوە، من بەتاسەوە خۆم لە ئاگردانەکە نزیک خستەوە. پشت و زگ و دەست و پێوپلم دانە بەر تینی ئاگرەکە، تەواوێک گەرمم بۆوە و چێژی گەرمایی دەگەییە مۆخی ئێسکەکانیشم. ئەوسا من و کێدرۆ لەبەر ئاگرەکەدا دانیشتین و بەدزێوە زەردەخەنەمان دەهاتێ، ناو بەناو سەرنجێکمان دەدایە فرانسیسکۆس تا بزانین ئاخۆ هەست بەتینی گەرماکە دەکا و کەنگێ دەکەوێتە سەرکۆنەکردنمان.

کێدرۆ ئامۆژگاریی کردم: "برا لیۆن، تۆ دەبێ زۆری لێبکەیت. شەوانە کە دەنوێ، ئاگر بکەوە و وا بنوێنە نەتزانیوە. خواردنی بدەرێ، بێئەوەی بەخۆی بزانێ لە جبەکەیەوە بپێچە. مەهێڵە هیچی لێبێت. ئاخر ئێمە لە کوێ دەتوانین ڕێنوێنێکی وەکی ئەومان دەسکەوێ کە ڕێک بەرەو بەهەشتمان بەرێت، ئاخۆ تۆ بیرت لەمە کردۆتەوە؟"

– "ئاخر ئەو خۆی نایەوێ، برا کێدرۆ من ناتوانم وا بکەم، منیش لەگەڵ ئەودا سەرمام دەبێ، منیش لەگەڵ ئەودا برسییم دەبێ!"

– "برا لیۆن ئافەرینت دەکەم کە ژیانێکی ئەوها سەختت لەگەڵیدا دابەش کردووە.



ژیانێک کە سەروو توانای ئینسانە، ئەرێ تۆ چۆن دەرەقەت دێیت؟"

– "دەرەقەت نایەم برا کێدرۆ، زۆر لەخۆم دەکەم و زیاد لە توانای خۆم سەرف دەکەم. ئەمەش لەئیمانەوە نییە، بەڵکو لە غیرەتەوەیە، شەرم دەکەم بگەڕێمەوە، ئەگینا دەگەڕامەوە!"

– "شەرم لە کێ؟"

– "لە هەمووان. لە خودا، لە خەڵکیی، لە خۆم!"

– "چما ناتەوێ ناو بەناو لەجێژنێکدا خواردنێکی خۆش بخۆیت؟ قومێک شەراب بخۆیتەوە؟ لە نوێنێکی نەرمدا بنوویت؟ ئاخر خوداوەند هەموو ئەوانەی بەخشیونەتە ئینسان، حەیفە دەسبەرداریان بیت. سوپاس بۆ خودا من ژیانێکی خۆش بەسەر دەبەم، هەر لەبەرئەوە کاتێک نوێژ دەکەم و سوپاسی خودا دەکەم، نزاکانم هەر بەتەنێ لە دڵمەوە نایەنە دەرەوە، بەڵکە لە زگ و دەست و پێوپلە گەرم داهاتووەکانیشمەوە، لە تەواوی جەستەمەوە دێنە دەرێ. برا لیۆن، هەموو نهێنییەکە ئەوەیە کە فەزیلەت یەکانگیری حەز و چێژ بکەیت!"

زەردەخەنەیەکم هاتێ. گوتم: "ئای برا کێدرۆ، گەر تۆ پێشەوامان بایت، ئەوسا هەموومان باشخۆر و زگ تێر دەچووینە دۆزەخەوە!"

کێدرۆ زاری هەڵێنا بۆ ئەوەی وەڵامم بداتەوە، بەڵام گوێمان لە فرانسیسکۆس بوو دەجولا، هەناسەمان لە خۆ بڕی و دڵمان کەوتە تەپە تەپ. ئاوڕی دایەوە، ئاگرەکەی بینی و هاوارێکی لێ هەستا.

– "ئەوە چییە؟ کێ ئاگری کردۆتەوە؟ خێرا ئاو بێنن و بیکوژێننەوە!"

کێدرۆ باوەشی کرد بەئەژنۆی فرانسیسکۆسدا و گوتی: "باوکە فرانسیسکۆس، ئەی حەواری ئەڤین، ئەوە خوشکە ئاگری ئێمەیە، بۆچی دەتەوێ بیکوژیت؟ ئاخۆ بەزەییت پێیدا نایەتەوە؟ ئاخر ئەویش کیژی خوداوەندەو خێری ئێمەی دەوێ، هەر لەبەر ئەوەیشە هاتووە و لەئاگردانەکەدا دانیشتووە. گوێ ڕادێرە چۆن هاوار دەکا، گوێت لێیەتی؟ برا فرانسیسکۆس، ئەو دەڵێت: منیش مەخلوقی خودام، مەمکوژن!"

فرانسیسکۆس بێدەنگ بوو، وشەکانی کێدرۆ ڕۆدەچوونە دڵییەوە.

بەپێکەنینەوە گوتی: "برا کێدرۆ، تۆ بونیامێکی بێژیت، ئەوەتا هاتیت و بەفێڵەکانت قڵێت کردینەوە!"

ئەوجا ڕووی کردە ئاگرەکە، گوتی: "خوشکی ئاگرم، بمبوورە، من لە کوختە هەژارانەکەم وەدەرت نانێم، بەڵام تکات لێ دەکەم، جارێک تر بۆ ئێرە مەگەڕێرەوە!"

وای گوت و بەرەو لای دەرگاکە چوو. لەوێدا و لە دوور دووری ئاگرەکەوە دانیشت.

***

ڕۆژی دواتر شەبەق فرانسیسکۆس کێشای بەپێمدا.

– "برا لیۆن هەستە، کوختەکە زۆر گەرمە، جێگەکەمان ڕاحەتە، وەرە دەچین بۆ کڵێسای قەدیس دامیانۆ. کوختێک لە دەرەوەی کڵێساکە هەیە، دەخوازم لەوێ بمێنمەوە، ئەی تۆ لەوێ دەمێنیتەوە؟ بەرگە دەگریت؟ بزانە گوڕی ئەوەت هەیە یان نا؟ بۆ هەر کوێیەک دەچیت ئازادیت. ئاخر من زۆر ئازارم داویت، ئەی شێری خوداوەند بمبوورە!"

لەڕاستیدا زۆر ئازاری دابووم، بەڵام لەئەڤینە گەورەکەیەوە ئازاری دابووم. قنج هەستامە سەر پێیان.

– "باوکە فرانسیکۆس، بۆ هەر کوێیەک بچیت منیش دێم، ئاخر تازە کەشتییەکەم سووتاندووە و ئیدی چ ڕێگەی گەڕانەوەم نییە!"

– "کەواتە برا لیۆن دەی بەڕێ کەوە با بڕۆین، منیش کەشتییەکەم سووتاندووە و چ ڕێگەی گەڕانەوەم نییە! وەرە ژێر باڵم تا نەکەوم، هێشتا دونیا تاریکە!"

سەرمایەک بوو وێنەی نەبوو. ئاسمان تاریک و شینباو، تەواوی ئەستێرەکان لە ڕووناکیی تەنکی بەیاندا کوژابوونەوە، تەنێ ئەستێرەی زوهرە نەبێت کە هێشتا خۆشحاڵ و شادومان، چاوەڕێ بوو خۆر بەنێو درەوشانەوەی ئەمدا هەڵبێ. هێشتا چ تەیرێک نەکەوتبووە چریکە، تەنێ کوکوختییەک نەبێ کە لەدوورەوە دەیخوێند.

گوتم: "هەڵبەت تەیرەکان ئەلعان لە زستاندا برسییانە هەر بۆیە ناچریکێنن. باوکە فرانسیسکۆس، ئاخۆ ئینسانیش هەر ئاوها نییە؟ ئاخر ئێمەیش پێویستە بخۆین تا ئەو خواردنە بکەینە عیبادەت و ستران!"

فرانسیسکۆس زەردەخەنەیەکی هاتێ. گوتی: "برا لیۆن، هەمیشە خەیاڵت بەلای



خواردنەوەیە، ئەم قسانە ڕاستن گەر بۆ یەکێکیان بکەیت باوەڕی بەخودا نەبێت، بەڵام بۆ ئەو کەسانەی باوەڕیان بەخودا هەیە، پێچەوانەکەی ڕاستە. ئاخر بۆ ئەمانەی دوایی عیبادەت خۆراکە و تێریان دەکا!"

ئێمە دەدواین و دونیا ڕووناک دەبۆوە. لای خۆرهەڵاتەوە سوورایی دا. هەر هەمان لەو کاتەیدا کە بەژێر دارسنەوبەرێکی چڕدا تێدەپەڕین، تەیرێکی ستران خوێن ڕووناکی لەسەر پێڵووە لێکنراوەکانی هەست پێدەکرد، وەئاگا دەبۆوە و ئەوجا لە چریکەی دەدا.

فرانسیسکۆس گوتی: "ڕۆژ باش کڵاوکوڕەی برام، وەرە و دەچین بۆ دەیرەکەی قەدیس دامیانۆ، لەگەڵماندا وەرە!"

کڵاوکوڕەکە فڕییە نێوان پەلکەکان، باڵەکانی ڕاوەشاند تا گەرمیان دابێنێ و ئەوسا بەچریکەچریکەوە بەرەو ئاسمان لە شەقەی باڵی دا.

فرانسیسکۆس گوتی: "ئاسمان دەیری قەدیس دامیانۆی کڵاوکوڕەکانە، بەهیوای یەکتر بینینەوە!"

کاتێک گەیشتینە دەیرەکە، خوشکان هێشتا لە نوێژی بەیانی بوون. ڕووناکیی هەڵایسابوو، لەسەر نووکی پێ چووینەپێش، لەبەر پەنجەرە گچکەکەی نزیک میحرابەکەدا ڕاوەستاین و گوێمان بۆ ئەو دەنگە ناسکە ژنانەیە ڕادێرا کە گۆرانیی بۆ ئەڤینی خودا دەچڕیی.

فرانسیسکۆس بەچاوانێکی فرمێسک تێزاوەوە گوتی: "برا لیۆن، ئەمە چ بەختەوەرییەکە، ڕووناکیی، کڵاوکوڕە، نوێژی بەیانیی، بووکەکانی مەسیح کە بەرلەوەی دونیا وەئاگا بووبێتەوە، ئەوان وەئاگا بوونەتەوە و گۆرانی ئەڤینی بۆ دەچڕن! من دەنگی خوشکە کلارا دەبییەم!"

نوێژەکە کۆتایی هات و خوشکان بەڕووپۆشە سپییەکانیانەوە هاتنە هەیوان. کاتێک فرانسیسکۆسیان بینی، وردە هاواری خۆشحاڵییان لێ هەستا، دەتگوت کۆتری برسیین و دانەوێڵەیان بینیوە. یەکەمین کەس کە نزیک بۆوە خوشکە کلارا بوو، دەستە خوێناوییەکەی فرانسیسکۆسی گرت و فرمێسک پۆشیی کرد.

لەبەرخۆوە گوتی: "باوکە فرانسیسکۆس... باوکە فرانسیسکۆس....." قوڕگی گیرا بوو.

– "خوشکە کلارا، دەخوازم چەند ڕۆژێک لەلاتان بمێنمەوە، هاتووم سڵاوێکتان لێ بکەم و ماڵئاواییتان لێ بکەم و بڕۆم. ئەی سەرەک دەیری ئیماندار، مۆڵەتم دەدەنێ لەو کوختەی نزیک دەیرەکەتان بمێنمەوە؟"

خوشکە کلارا لە فرانسیسکۆسی نۆڕی و دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک لە چاوە درشتەکانییەوە ڕژایە خوار.

– "باوکە فرانسیسکۆس، کوختەکە و دەیرەکە و هەموو ئێمەی خوشکان لە خزمەتتداین، ئەمرکە!"

دایکە پیرەکەی فرانسیسکۆس هاتە پێشەوە. گەلێک پیر و لاواز ببوو، بەهۆی شەونخوونیی و ڕۆژووەوە ڕەنگی پەڕیبوو، بەڵام ڕوخساری پرشنگی بەبەختەوەریی دەدایەوە. ئەویش دانەوێوە و دەستی کوڕەکەی ماچ کرد، فرانسیسکۆسیش دەستی نایە سەر سەری و بەرەکەتی دا. لەبەرخۆیەوە گوتی: "دایکە... دایکە... خوشکە پیکا..."

دوو خوشک کەوتنەخۆ تا بچن کوختەکە ڕێکخەن، بەڵام خوشکە کلارا لێنەگەڕا.

گوتی: "دەخوازم خۆم ڕێکی خەم. گسکێک و سەتڵێک ئاو و چەند ئینجانەیەکم بدەنێ لەوانەی لە هۆدەکەم هەن، چرایەک و قەفەس و ئەو بولبولەیش کە پێری سەرەک قەشە پێی بەخشین!"

کفت و شەکەت فرانسیسکۆس لەسەر عەردەکە و لەژێر پەنجەرە بچووکەکەی نزیک میحرابەکەدا دانیشت و چاوەڕێ بوو. دایکی چووبووە قوژبنێکی حەوشەوە و بەعەزاب و شانازییەوە لەکوڕەکەی دەنۆڕی. لێوی فرانسیسکۆس و دەست و پێوپلی لەسەرمادا شین هەڵگەڕابوون، یەکێک بەتانییەکی هێناو پیای دا، بەڵام ئەو لەخۆی کردەوە. هەوڵی دا هەستێتە سەرپا بەڵام نەیتوانی، دوو خوشک بەپەلە چوونە پێشێ، چوونە ژێر باڵی و هێور و بەهەنگاوی ورد بەرەو کوختەکەیان برد. کلارا حەسیرێکی بۆ داخستبوو، لەسەر حەسیرەکەش دۆشەکێکی کا و سەرینێکی نەرم. خوشکان فرانسیسکۆسیان لەوێ دانا و پاشان ڕۆیشتن. ئێمەیش هەردووکمان هەمدیس بەتەنێ ماینەوە.

دانەویمەوە و لێم پرسی: "باوکە فرانسیسکۆس هیچت پێویستە؟"



– "برا لیۆن چیم پێویست بێ؟ لەوە زیاتر چیی ترم بوێ؟ ئاخر من هەموو شتێکم هەن!"

چاوی لێکنا. وەک ئەوەی ماڵئاواییم لێ بکا ئاماژەیەکی بۆ کردم.

بەدرێژایی شەو خەو نەدەچووە چاوانی. وڕێنەی دەکرد، نێوچەوان و دەست و تەواوی جەستەی وەک ئاگر دەسووتا. بۆ بەیانی لای نیوەڕۆکەی چاوی کردەوە.

– "برا لیۆن، بەخوشکان بڵێ نەیەن بۆ دیدەنیم، دەمەوێ تەنیا بم. پێیان بڵێ هیچم پێویست نییە. من ئارامیم دەوێ، ئارامیی و چ شتێکی تر نا. نە ئاگر، نە خواردن، تەنها هێوریی و ئارامیی!"

سەرینەکەی هەڵگرت و فڕێی دا.

– "برا لیۆن، ئەوە هەڵگرە، فڕێی دە. هەناسەی شەیتانی تێدایە، بەدرێژایی شەو لێنەگەڕاوە بنووم، بەردێکم بدەرێ بیکەمە سەرین!"

دەستی نایە ناو دەستم، دەستی وەک ئاگر دەسووتا.

– "برا لیۆن، ئەی هاوڕێکەم، ئەی برای ڕۆژانی جەنگم، بمبوورە..."

وای گوت و چاوی لێکنا.

چوومە دەرەوە و لە نزیک کوختەکەوە دانیشتم و گریام، کپ و هێور گریام تا گوێی لەگریانەکەم نەبێ. خوشکە کلارا هات و نزیکم بۆوە.

– "برا لیۆن چ بکەین؟ چۆن بتوانین بەزیندوویی ڕایگرین؟"

– "خۆی نایەوێ، خوشکە کلارا ئاخر خۆی نایەوێ ئیتر بژی، ئەو دەڵێ، سەفەری هەڵگژان کۆتایی هاتووە. ئاخر بەبەرزاییەوە، لەترۆپکدا لەخاچدان هەیە، ئیدی ئەو لەخاچدراوە. ئەلعان ئەو تەنها چاوەڕێ و پەلەی تەنێ یەک شتییەتی، ئەویش ڕابوونەوەیە!"

– "برا لیۆن، ئەوە واتە مردن؟"

– "بەڵێ خوشکە کلارا، مردن!"

خوشکە کلارا هەناسەیەکی هەڵکێشا و سەری دانەواند. دوای ساتێک گوتی: "دەشێ بولبولەکە شتێک زیاتر لە ژیاندا گلی بداتەوە. بەدرێژایی دوێنێ هەر خوێندوویەتی؟"

– "نا خوشکە کلارا، هەڵبەت ترساوە!"

– "گەر بەسەر ترسەکەیدا زاڵ بێ و بکەوێتە گۆرانی، ڕەنگبێ باوکە فرانسیسکۆس نەیەوێ وا زوو بمرێ!"

من هیچم نەگوت، بەڵام دەمزانی کە فرانسیسکۆس گوێی لە گۆرانییەکی تر بووە، گۆرانییەکی زۆر بەچێژتر و نەمرتر لەژوور ئاسمانەوە، لەژوور ئەستێرانەوە کە بانگی کردووە. ئەو ئیدی دەرکی قەفەسەکەی کردۆتەوە تا ڕۆح بدا لە شەقەی باڵ و هەڵفڕێ، هەڵفڕێ و لەگەڵ ئەو ڕۆحگەلەدا یەکانگیر بێ کە ستران دەچڕن.

لە سێیەمین ڕۆژدا تاکەی زیاتر تاوی سەند، گۆنا ڕەگپەڕیوەکانی سوور هەڵگەڕان، لێوی وشکتر هەڵگەڕا، لێکدا لێکدا ڕادەچڵەکی. زاتێکی نەبینراوی دەبینی و وڕێنەی دەکرد. لای کازێوە کوتوپڕ لای بۆ کردمەوە و گوتی:

– "برا لیۆن، لە کوێیت، من ناتبینم؟"

– "ئەوەتام لە لاتەوە باوکە فرانسیسکۆس، ئەمرکە!"

– "قەڵەم و مەرەکەبت پێیە؟"

– "باوکە فرانسیسکۆس، هەموو شتێکم پێیە، ئەمرکە!"

– "بنووسە!"

چاوی لە بۆشایی بڕی و لە پەرۆشییدا هەڵدەلەرزی تا پێدا ڕابگا بەرلەوەی نەبینراو دیار نەمێنێ، شتەکانیم پێ بنووسێتەوە.

– "باوکە فرانسیسکۆس، گوێم لێتە!"

– "بنووسە، ئەز پەلکێک قامیشم و لەبەر (با)ی خودادا لار بوومەتەوە، چاوەڕێم مردن، ئەو شمشاڵژەنە گەورەیە بێت و لێم کاتەوە، کونێکم تێ بکاو بمکاتە شمشاڵ. کاتێک دەمنێتە سەر لێوی، ئەوسا بەگۆرانیی و ئاوازەوە دەچمە قامیشەلانی نەمری خوداوە!"

بەپشتا لەسەر حەسیرەکە ڕاکشا و چاوی لێکنا. من هەستام چراکە بکوژێنمەوە تا شەوقی چراکە ئازاری چاوی نەدا، بەڵام ئەو هەمدیس هەستایەوە.

وەک ئەوەی داوای یارمەتیی بکا، بەدەنگی بەرز هاواری کرد: "برا لیۆن بنووسە:



فریشتەی تاریک دەستی گرتم و گوتم: (بۆ کوێ دەچین؟) وی قامکی نایە سەر لێوی، گوتی: (ئەرز جێ دێڵین. چاوانت لێکنێ، تا نەیبینیت و دڵت پڕ بێ و بگریت!)"

بە بێوچان لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو.

– "(چارۆکەکە بەرز کەوە، بەدوامەوە ئەرزی سەوز، لەبەردەممدا زەریای بێسنووری ڕەش. لەسەرەوە، لە ئاسمانیشەوە، ئەستێرەکان وەک نەیزەک دەکەون. خودایە، تۆ کە لەنێو دڵمدا جێگیریت، دە ڕێگەکەی پیشاندە، وی بەرەو لای تۆ بەزەریادا دێ. وای گوت و یەکەمین تەیری بەهەشت وەدیار کەوت.)"

چاوانی دەسووتان. هەموو جەستەی هەڵدەلەرزیی، من قەڵەمەکەم بەدەستەوە و چاوەڕێ بووم.

– "بنووسە: برا لیۆن کوایت؟ بنووسە: (کاتێک مەلایکەت دوو یەکەمین مەخڵوقەکانی لەبەهەشت وەدەرنان، ئەوسا هەردووکیان لەسەر گیایەک دانیشتن و هیچیان نەگوت. خۆر ئاوا بوو، شەو تەژی بەهەڕەشە لە عەردەوە بەرز بۆوە و تەژی لە هەڕەشە لە ئاسمانەوە دابەزی، بایەکی گەلێک سارد هەڵی کرد. حەوا خۆی نووساند بەسینگی شووەکەیەوە تا گەرمدابێت، گەرمی بۆوە و زاری هەڵێنا، دەستە گچکە تازە دروستکراوەکەی هێنایەوە یەک و گوتی: (پیرەمێرد تۆ ئێمەت پێ جڵەو ناکرێ!)"

فرانسیسکۆس پێکەنی. بێگومان لە فەزادا یەکەمین دوو مەخڵوقەکەی بینیون و حەواش کە دەستە چکۆڵە تازە دروستکراوەکەی هێناوەتەوە یەک و هەڕەشەی کردووە. لە کاتێکدا کە پێدەکەنی، دەستی کردە گریان.

– "برا لیۆن، هێشتا هەر لێرەیت؟ بنووسە!(کاتێک جوبراییل دابەزییە سەر عەرد، وەرز وەرزی بەهار بوو، جوبراییل سەری سوڕما، لە دڵی خۆیدا گوتی: چەندە جوانە! دەی با پەلە بکەین. دارتاشێک لە دوکانەکەی بەپڕتاو هاتە دەرەوە. گوتی: کوڕە ئەوە بەدوای چیدا دەگەڕێیت؟ ئێرە ناسیرەیە!)

– (بە دوای ماڵی مەریەمدا دەگەڕێم!)

دارتاشەکە لەرز دایگرت. گوتی: (ئەو خاچ و بزمار و خوێنە چییە کە بەدەستتەوەیە؟)

– (ئەوە خاچ نییە، بەڵکو گوڵە سۆسەنە!)

– (کێ تۆی هەناردووە؟)

– (خودا!)

دارتاشەکە دەتگوت چەقۆیەکیان ڕۆبردووە بەدڵیدا. بەخۆی دەگوت: (ئاخ، من تیاچووم!) ئەوجا دەرگاکەی کردەوە، حەوشەیەکی چکۆڵە وەدیارکەوت، ئینجانەیەک بەگوڵە ڕێحانەوە، بیرە ئاوێک و لەنزیک بیرەکەشەوە کیژۆڵەیەک جلکی منداڵی ساوای دەدووری. جوبراییل لەبەر دەرگاکە ڕاوەستاو چاوی پڕ لە فرمێسک بوو."

چاوی فرانسیسکۆسیش وەک چاوی مەلایکەتەکە پڕ لە فرمێسک بوو. هەناسەی هەڵکێشا، دەتگوت شتێک دڵی هەپروون بەهەپروون دەکات.

لەبەرخۆیەوە گوتی: "مەریەمی بەستەزمان، ئەی دایکێک کە پەراوەی مەرگ بەکۆرپەکەی دەکا! خودایە گەر فرمێسکی یەک ساڵی هەموو خەڵکیی بەیەکجار برژێن، ئەوا دەبێتە ڕووبارێک و بەسەر ماڵەکەتا سەردەکا. بەڵام تۆ زاناترینیت و ئەو ڕووبارە دڵۆپ دڵۆپ دەچۆڕێنیت!"

کاتێک ئەمەی گوت، جەستەی کەوتە هەڵلەرزین.

بەپاڕانەوەوە گوتی: "برا لیۆن، ئەمەیان مەنووسە. ئەوە قسەی شەیتان بوو. تکات لێ دەکەم گەر نووسیوتە ئەوا بیکوژێنەوە!"

دوای ساتێک گوتی: "برا لیۆن، هێشتا گۆرانییەکی چکۆلانە لەسینەمدا ماوە. نامەوێ لەگەڵ خۆمدا بیبەمە ژێر ئەرزەوە، قەڵەکەمە بگرە بەدەستتەوە و بنووسە!

(کاتێک خوداوەند لەڕۆنانی دونیا بۆوە، دەستە قوڕاوییەکانی شتن و کفت و شەکەت لەژێر درەختێکدا لەبەهەشت دانیشت و چاوی لێکنا. لەبەرخۆوە گوتی: (ماندووم، دەمەوێ نەختێک بحەوێمەوە!) ئەوجا ئەمری بەخەو کرد بێت. بەڵام هەر لەهەمان کاتدا بولبولێکی قاچوقول سوور هات و لەسەر سەری نیشتەوە و کەوتە زیقە زیق: (حەوانەوەی چیی، ئارامیی چیی، تۆ نابێ بخەویت! شەوو ڕۆژ لەسەر سەرت دەنیشمەوە و هاواردەکەم: حەوانەوەی چیی، ئارامیی چیی، تۆ نابێ بخەویت! ناهێڵم بنوویت، من دڵی ئینسانم!)"



فرانسیسکۆس بەئازارەوە لەسەر پشت پاڵ کەوت. لەبەرخۆوە گوتی: "برا لیۆن، تۆ چ دەڵێی؟"

ئاخر منی داماو چیم گوتبا؟ دڵی ئینسان چۆن دەتوانێ ئاوها چاوقایمانە لەگەڵ خودادا بدوێ؟

فرانسیسکۆس خەیاڵەکەمی خوێندەوە و زەردەخەنەیەکی هاتێ.

گوتی: "ئەی شێری خوداوەند مەترسە، بەڵێ، دڵی ئینسان زۆر چاو قایمە، خوداوەند ئاوهای خوڵقاندووە، خوداوەند ویستوویەتی ئەو دڵە ئاوها بێ تا لە دژی ڕاپەڕێ و بەرەنگاری بێتەوە!"

***

## سیازدە

هەرگیز جەستەی فرانسیسکۆس هێندەی ئەو ڕۆژانەی کە لەکوختەکەی نزیک دەیری قەدیس دامیانۆ مایەوە بەرگەی ئازاری نەگرتبوو، هەرگیز ڕۆحیشی هێندەی ئەو ڕۆژانە لەچێژی عیبادەتدا ڕۆنەچوو بوو. هەنووکە هەر پێنج برینەکەی سارێژ ببوون و خوێنیان پێدا نەدەهاتە خوارەوە، بەڵام ئازاریان بەسۆ بوو، تەنێ چاوانی بوون کە هێشتا خوێن و فرمێسکیان پێدا دەهاتە خوارەوە.

من لای پایەوە دەنووستم. هەر کە وەئاگا دەبۆوە منیش وەئاگا دەبوومەوە. ئەوپەڕی توانای خۆم خستبووە کار تا ڕۆژێک زیاتر لەژیاندا گلی بدەمەوە. ڕۆژێکیان وژە وژەکەی گوێچکەی ئەما و چریکەی بولبوولەکەی ژنەفت. ماوەیەکی درێژ دانیشت و بەدەمێکی داپچڕاوەوە سەرنجی دایە قەفەسەکە و گوێی ڕادێرا. شادومانییەکی بێ ئەندازە لەسەر ڕوخساری پەخش بوو.

پرسی: "ئەرێ ئەوە تەیری بەهەشتە؟ ئاخۆ ئێمە گەیشتووینەتە ئەوێ؟"

هەمدیس گوێی ڕادێرایەوە. ڕوخساری لە چێژی بەختەوەرییەکی زیاتردا غەرق دەبوو. بەشادومانییەوە گوتی: "ئای برا لیۆن، گەر دەتزانی ئەو بولبولە چ دەبێژێ! گەر دەتزانی چ موجیزەیەک لەنێو ئەو سینگە پەڕنەیدا خۆی حەشارداوە!"

دواجار بولبولەکەمان پێڕاهات. ئیدی هەموو ڕۆژێک کە خۆر دەکەوت، دەکەوتە چریکە. گەرووی دەلەرییەوە، ڕێک چاوە ورد و چکۆلەکانی دەبرینە ڕووناکیی، دەنووکی بەلێشاوی چریکە سوور هەڵدەگەڕا و ئینسانی ئەفسوون دەکرد.

ناو بەناو لەناکاوێکڕا بێدەنگ دەبوو. دەنووکی لە شیشی قەفەسەکە دەدا و پەرۆشی ئەوە بوو هەڵفڕێتە دەرێ. چۆلەکەیەکی بینیبوو کە بەئازادیی لەسەر درەختێک دەقونییەوە، ئەمیش دەیویست بەرەو لای بفڕێ، بەڵام یەکسەر هەڵدەفڕییەوە سەر ڕایەڵی ناوەڕاستی قەفەسەکە و هەمدیس دەکەوتەوە گۆرانی.

خاتوو پیکا بەنهێنیی دەهات و لە درزی دیواری بەپەلکی دارەبی دروستکراوەکەوە



لە کوڕەکەی دەنۆڕی. هەناسەی لەخۆدەبڕی و ماوەیەکی درێژ تەماشای دەکرد و ئەوسا بۆ هۆدەکەی دەگەڕایەوە. زۆر شەوانیش خوشکە کلارا لەبەر دەرکی کوختەکەماندا ئێشکی دەگرت و نەیدەوێرا بێتە ژوورێ، گوێی بۆ گۆرانییە خۆشەکانی فرانسیسکۆس ڕادەدێرا. فرانسیسکۆس بەو دواییە هەمدیس کەوتبووەوە ستران چڕین. ڕۆحی وی شادومان بوو وەک بولبول، ئیدی گۆرانی دێرینی سترانبێژە گەڕۆکەکانی تافیی جحێڵیی کەوتبوونەوە سەر زار، گۆرانیی سەردەمانێک کە ئەم لەگەڵ هاوڕێکانیدا شەوانە دەسووڕایەوە و لەبەر پەنجەرە داخراوەکاندا دەیچڕین.

گوتی: "ئای خۆزیا برا ئیرێنۆ لێرە دەبوو! ئەوسا بلوێرەکەی بۆ دەژەندم. ئەو ڕاست دەکا، بلوێر زاری فریشتەی خەڵکانە، فریشتان ئاوها دەئاخڤن، ئەوان لەفەزادا دەفڕن و بەگۆرانیی لەگەڵ یەکتریدا دەدوێن!"

ڕۆژێکیان لە جێگەکەی هەستا و بەخۆشحاڵییەوە کەوتە چەپڵەکوتان. گوتی: "برا لیۆن بەدرێژایی دوێنێ شەو لەخەیاڵی ئەوەدا بووم کە هەموو پارچە دارەکان بلوێر و کەمانچەن. هەموویان دەنگیان هەیە و سوپاسی خودا دەکەن. بەرەکەتی منت لێ بێ گەر نەچیت دوو پارچە دارم بۆ بێنیت!"

دوو پارچە دارم بۆ هێنا. یەکێکیانی بەشانەوە گرت و ئەویتریشیانی وەکو کەوان بەسەر دووەمیاندا هێنا. ئیدی بەدانیشتنان و بەخۆشحاڵییەوە کەوتە ژەنین و ستران چڕین. من گوێم بۆ ئەو نەغمە شیرینە ڕادەدێرا کە لەو دوو پارچە دارەی هەنووکە ببوونە کەمانچە، هەڵدەقوڵی.

– "گوێت لێیە، برا لیۆن گوێت لێیە؟ زەینت بێدەنگ بکە و لێگەڕێ دڵت ئازادانە گوێ ڕادێرێ! کاتێک ئینسان باوەڕی بەخودا هەبێ ئەوا چ تەختە و دارێک نییە لاڵ بێ. چ ئازارێک بوونی نییە، بەڵکو تەنێ قریوەی شادومانیی هەیە، چ ژیانێکی ڕۆژانە نییە بەڵکو تەنێ موجیزە هەیە!"

ڕۆژێکیان لەکاتێکدا کە سەرگەرمی ژەنینی کەمانچەکەی بوو، لەناکاوێکڕا ڕوخساری تاریک داهات، دەتگوت سێبەرێکی چڕی کەوتۆتە سەر. چاوانی لەسەرسوڕماندا زەق کردنەوە، لە دەرگا کراوەکەوە لەدەرەوەی نۆڕی و هاوارێکی

لەشادومانیی و ترس لێ بەرزبۆوە، هاوارێک کە تێینەگەیشتم، بەڵام هاوارەکە هەموو شادومانیی و خەمی ئینسانی لە خۆیدا هەڵگرتبوو. ئاوڕم دایەوە تا بزانم ئەو کەسە کێیە کە ئەم هاواری بۆ کرد، بەڵام کەسم نەبینی. باخچەی دەیرەکە چۆڵ بوو. بایەکی بەهێز هەڵی کرد و دوایین گەڵای درەختەکانی ژاکاند، خوشکان لەنوێژ بوون، دەنگە ناسکەکانیان دەهاتە گوێ کە سترانی ئەڤینیان بۆ خودا دبێژا. بەڵام لەدوورەوە، لەخانووە چکۆڵەکانی ئەو گوندە لاکەوتانەوە، سەگەکان بەترسەوە دەوەڕین.

لێمپرسیی: "باوکە فرانسیسکۆس چیت بینی؟ کێت بینی؟ بۆچی هاوارتکرد؟"

بۆ ماوەیەکی درێژ نەیتوانی وەڵام بداتەوە. دوو چارچە دارەکەی دانابوو لەجێگەکەیدا و بەچاوانێکی زەقەوە هەر لەدەرەوەی دەنۆڕی.

هەمدیس لێم پرسییەوە: "کێیە؟ چ دەبینیت؟"

زاری هەڵێنا و داخرایەوە. لەبەرخۆوە گوتی: "برا مەرگ، مەرگی برام...."

هیچم نەگوت. تێگەیشتم فریشتەی تاریکی بینیوە، هەروەها سەگەکانیش بینیبوویان، هەر لەبەرئەوەش بەترسەوە دەیانقروسکاند. چوومە دەرەوە تا فرمێسکەکانم حەشاردەم، بەدەوری کوختەکەدا دەهاتم و دەچووم، کەس لەوێ نەبوو! ئەوڕۆ خۆری زستان خۆی لە هەورەکان ئازاد کردبوو، زوقم خۆی بەسەر دەشتەکەدا ڕاخستبوو، زستانیش وەک بەهار زەردەخەنەی دەهاتێ. خوشکان لە کڵێساکە هاتنە دەرەوە، لەباخچەکە بڵاوەیان لێ کرد، ئەوجا چوونە سەر سفرە تا ژەمی بەیانی بخۆن. لەتێک نان و پەرداخێک ئاو.

خوشکە کلارا بینمی و بەنیگەرانییەوە لێم نێزیک بۆوە.

– "برا لیۆن بۆچی دەگریت؟ باوکە فرانسیسکۆس......"

– "فریشتەی تاریکی بینیوە خوشکە کلارا، هاواردەکا و باوەش دەکاتەوە تا لەئامێزی بگرێ..."

خوشکە کلارا چمکی ڕووپۆشەکەی گەست تا بەر بەفرمێسکەکانی بگرێ. پرسی: "گوتی چی؟ ئەو گوتی چی؟"



– "نازانم خوشکە کلارا، هەر لەبەرخۆیەوە دەیگوت: برا مردن، برای مەرگم. لەوە زیاتر چ شتێکی تر نا!"

خوشکە کلارا بەئەسپایی گوتی: "برا لیۆن، گوێ ڕادێرە، من ترسم لە شتێک هەیە، وریابە. ئەم ڕۆژانەی دوایی چەند زەلامێکی سەیر و شەڕانگێز دەوروخولی ئەم ناوەیان داوە، یەکێک لە خوشکان ئەوانەی ناسیونەتەوە. ئەو خوشکە دەڵێ ئەوانە چەتەی (پێرۆجی)ن. خەڵکیی زانیویانە باوکە فرانسیسکۆس نەخۆشیی زۆری بۆ هێناوە، ئیدی ئەوانەیان ناردووە تا لەئێمەی بفرێنن، ئاخر پیاوێکی قەدیس سەروەتێکی گەورەیە بۆ ئەو شارە. برا لیۆن، ئاگاداربە!"

ئەوجا ڕوخساری شاردەوە و بەپەلە چووە دەیرەکەوە.

لەدڵی خۆدا گوتم: "دەبوو جواب بۆ سەرەک قەشە بنێرم و داوای لێ بکەم چەند چەکدارێک لە ئاسیزییەوە بۆ پارێزگاریی کردن لە فرانسیسکۆس بنێرێ!"

کاتێک چوومە کوختەکەوە، بینیم فرانسیسکۆس لەسەر ڕایەخەکەی دانیشتووە، پشتی بەدیوارەکەوە داوە و ڕوخساریشی هێور و بەختەوەر. کە منی بینی، دڵی خۆش بوو.

– "برا لیۆن، قەڵەمەکە بێنە و دوایین پەیامم بنووسە. ئەوە بەیاننامەیەکە کە دەبێ لەلایەن هەموو برا و خوشکانەوە لەهەر کوێیەک هەن بخوێنرێتەوە. کە لە نووسین تەواو بوویت، ئەوسا منیش مۆری خۆم، خاچێک لە خوارەوەی دەدەم!"

قەڵەمەکەم هەڵگرت و لەسەر ئەژنۆ لەلایەوە دانیشتم.

هێور و ئارام، لەکاتێکدا کە هەر وشەیەکی بەر لە گوتنی هەڵدەسەنگاند، کەوتە گوتنی ئەوەی کە من دەبوو بینووسمەوە:

– "براکانم، خوشکانم، ئەمڕۆ خوداوەند فریشتەی تاریکی خۆی بۆ لام ڕەوانە کرد و بانگهێشتە گەورەکەی پێدا هەنارد، ئیدی منیش واخۆم دەپێچمەوە و دەڕۆم. بەڵام دڵم ناخوازێ جێتان بهێڵم تا دوایین پەیامی خۆمتان پێڕانەگەیەنم. مناڵەکانم، هەژاریی، ئەڤین، تەهارەت و گوێڕایەڵیی، چوار کیژە گەورەکەی خوداوەندن و با تا ئەبەد لەگەڵتان بن! هەمیشە ئەوەتان لەخەیاڵدا بێ کە فریشتەی تاریک لە پاڵتانایە و هەر لە لەحزەی لەدایکبوونەوە لەپاڵتانایە، هەمیشە و بەردەوام و لە هەموو

لەحزەیەکدا بڵێن: ئەمە دوایین ساتەوەختی منە و ئیدی دەمەوێ ئامادەبم! بیر لەوە بکەنەوە هەرگیز پشت بەئینسان مەبەستن، بەڵکو تەنها پشت بەخودا ببەستن. جەستە تێکوپێک دەشکێ و نەخۆش دەکەوێ و مردن نزیک دەبێتەوە، دۆست و خزمان بەسەر نەخۆشەکەدا دادەنەونەوە و پێی دەڵێن: (سەروەت و سامانەکەت مشتومالّ کە، ئەوەی هەتە دابەشی کە، تۆ ئیدی دەمریت!) ژن و منالّ و هاوڕێکانی و هاوسێکانی دەوری دەدەن و وا دەنوێنن کە دەگرین. ئەمیش بەو فرمێسک و شیوەنە فریو دەخوا، دوا هێزی دەداتە بەرخۆی و دەڵێ: (بەڵێ، هەموو ڕۆحم و هەموو جەستەم و هەموو سەروەت و سامانەکەم بەدەستە پاکەکانی ئێوە دەسپێرم!) دەستوبرد دۆست و خزمان دەنێرن بەدوای قەشەدا تا بێ و بەرەکەتی بدا. قەشە لێی دەپرسێ: (دەتەوێ لە هەموو گوناهەکانت ژێوان بیتەوە؟) ئەمیش وەڵام دەداتەوە: (بەڵێ دەمەوێ.)

– (دەتەوێ هەموو ئەو شتانە ببەخشیت کە لەژیانتا بەناڕەوا پەیدات کردوون؟)

– (نەخێر، ناتوانم!)

– (بۆچی ناتوانیت؟)

– (لەبەرئەوەی من هەموو شتێکم بەخشیوەتە هاوڕێ و خزمان!)

ناتوانێ لەوە زیاتر بئاخڤێ، دەمرێ بێ ئەوەی توانیبێتی خۆی لەگوناهەکانی ئازادکا. یەکسەر شەیتان دێ و بەژوور سەرینەکەیەوە دەداتە قاقای پێکەنین، ڕۆحی دەکێشێ و فرێی دەداتە دۆزەخ. هەموو دیارییەکانی، هەموو هێز و دەسەڵاتی، هەموو سەروەت و ئەقڵ و جوانییەک کە وی شانازیی پێوە کردوون، هەنووکە لەگەڵ خۆیدا بەهەدەر دەچن و لەگەڵ خۆیدا دەچنە بن عەرد. هاوڕێ و خزمانیشی سەروەت و سامانەکەی لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکەن و دەڵێن: (نەفرەت لەئێسک و پروسکی! دەبوو سەروەتی زیاتری کۆکردبایەوە و سەروەتی زیاتری بۆ جێ هێشتبایین!) ئاوها لەلایەن عەرد و لەلایەن ئاسمانیشەوە ئەفەرۆز دەکرێ. باشە ئەدی چ ماوە؟ دۆزەخ ماوە، ئیدی دەبێ عەزابێکی ئەبەدیی لەنێو قیری کوڵاودا بچێژێ.

من برا فرانسیسکۆسم، خزمەتکارێکی گچکەی ئەنگۆم و گەورەترین گوناهبارم. برا و خوشکانم بەناوی ئەڤینەوە، وەک خودی خوداوەند داواتان لێ دەکەم و پێوپلتان



ماچ دەکەم و سوێندتان دەدەم پەیڤەکانی مەسیح بەخۆنەویستیی و عیشقەوە وەرگرن. کەسێک ئەو پەیڤە پیرۆزانە بکاتە کردەوە و ببێتە نموونە بۆ کەسانی تر، ئەوا تا ئەبەد غەرقی بەرەکەت دەبێ!

برا لیۆن، بۆ تۆیش ئەی هاوسەفەری بەوەفام، سڵاوێک لەبرا فرانسیسکۆسی خۆتەوە. بەرەکەتی منت لێ بێ برا لیۆن، ئەو قسانەت لەیاد نەچێ کە کاتێک پێکەوە بەڕێگەکاندا سەفەرمان دەکرد بەیەکترمان دەگوتن. هەرچەندێک دەتوانی و بەهەر شێوەیەک کە بۆت دەگونجێ، دەبێ کار بۆ خۆشنوودکردنی مەسیح بکەیت و شوێن پێکانی هەڵگریت، دەبێ شوێن پێکانی خاتوونی بە شکۆی هەژاریی و خاتوونی پیرۆزی گوێڕایەڵیمان هەڵگریت. هەر شتێکی ترت هەیە کە بتەوێ لەبارەیەوە پرسیارم لێی کەیت، ئازادیت پرسیار بکە، تا ئەو ساتەی لێوم هەیە و دەتوانم بئاخڤم. براو خوشکانم، زارۆکانم خوداحافیز، خوداحافیز لە تۆیش برا لیۆن، ئەی هاوسەفەر و ئەی هاوڕێی ڕۆژانی جەنگم!"

ئیدی شەکەت ببوو. چاوی لێکنا، هەمدیس وەک گلۆڵەیەک خۆی لەسەر حەسیرەکە گرموڵە کرد، دیاربوو ئازارێکی قورس گینگڵی پێدەدا، لەبەرئەوەی لەناکاوێکڕا ڕەنگی گۆڕا.

لێمپرسی: "باوکە فرانسیسکۆس ئازارت هەیە؟"

بۆ ساتێک چاوی کردەوە.

– "برا لیۆن، تاقە شتێک بیزانم ئەوەیە من شادومانم، شادومان و خەنیم. سەرکەوتن، سەرکەوتن، برا لیۆن ئێمە سەرکەوتین! هەر لە ساتەوەختی لەدایکبوونمەوە کەسێک لەناوەوەمڕا هەبوو ڕقی لەخوداوەند دەبۆوە، وا ئەلعان ئەو کەسە دیار نەماوە، ئیدی چۆن دەتوانم بەوە شادومان نەبم؟"

– "کێ باوکە فرانسیسکۆس؟ ئەو کەسە کێ بوو؟"

– "جەستە!" وای گوت و بەشەکەتییەوە چاوی لێکنا.

بە درێژایی شەو وڕێنەی دەکرد. مەلایکەتی دەبینی و قسانی لەگەڵ دەکرد. فرانسیسکۆس گلەیی لێ دەکرد کە وی تاخیر بووە، کە ئەم ساڵەهایە چاوەڕێی کردووە، کە بۆچی ماوەیەکی وا زۆر لە غەریبییدا جێی هێشتووە؟ ئاخۆ نەیزانیوە کە

دونیا ئینسان وێران دەکا. ئاخۆ نەیزانیوە کە تەڵێک گیا، کە بولبولێک، کە چرایەکی پێکراو، کە بۆنێکی خۆش دەکرێ هانمان بدا بەعەردەوە بنووسێنین و جێ نەهێڵین؟ فرانسیسکۆس ورێنەی دەکرد و گلەیی، هەڵبەت مردنیش وەڵامی دەدایەوە، چونکە فرانسیسکۆس ئارام دەبۆوە، ئیدی گلەیی نەدەکرد، بەڵکو زەردەخەنەی دەهاتێ.

بۆ بەیانییەکەی لاجانگەکانی خەریک بوو دەسووتان. ئەو ئیدی ڕۆچووبووە قووڵاییەکی بەرینەوە، نەیدەتوانی پێڵووی هەڵبڕێ و جەستەی وەک بەرد ڕەق هەڵاتبوو. ترسام و بەپەلە چووم بەدوای خوشکە کلارادا و لە موبەقی دەیرەکەدا دۆزیمەوە.

گوتی: "مەسیحییەکی میهرەبان زانیویەتی باوکە فرانسیسکۆس نەخۆشە، مریشکێکی بەدیاریی بۆ ناردووە، وا منیش شۆربایەکی بۆ لێ دروست دەکەم تا هێزی بەبەردا بێنێتەوە."

– "خوشکە کلارا، ڕۆژووی مەزن دەستی پێ کردووە و هەڵبەت ئەو ئیتر خۆی بەخواردنی گۆشت گوناهبار ناکا!"

– "برا لیۆن، گەر خودا بڕیاری دابێ دەستوبرد ئەومان لێ وەرنەگرێتەوە، ئەوا دەبێ ئەم شۆربایە بخوا تا ساتێکی تریش لەلامان بمێنێتەوە. چاوەڕێ بکە، شۆرباکەی بۆ ببە و ئیدی خودا یارمەتیمان بدا!"

شۆرباکەم هەڵگرت. خوشکە کلارا زەردێنەی هێلکەیەکی تێکرد، مریشکەکەشم هەڵگرت و ڕۆیشتم، کە چوومەوە بینیم فرانسیسکۆس لەسەر پشت ڕاکشاوە و گینگڵ دەدا.

گوتم: "باوکە فرانسیسکۆس، خوشکە کلارا دەکەوێ بەسەر پێتا و بەناوی ئەڤینی پیرۆزەوە لێت دەپاڕێتەوە ئەم شۆربایە بخۆیت. باوکە فرانسیسکۆس، گەر منت خۆشدەوێ، جارێ جەستەت جێ مەهێڵە، گەر منت خۆشدەوێ دەمت بکەوە!"

– "بەناوی ئەڤینی پیرۆز... بەناوی ئەڤینی پیرۆز..."

لەبەرخۆیەوە وای گوت و دەمی کردەوە، بەڵام هێشتا چاوی هەر داخرابوو. قومێکی لە شۆرباکە خوارد، هەستی بەشادومانی و سوپاسگوزاریی کرد، دەمی کردەوە و قومێکی تریشی خوارد، تا وردە وردە هەمووی خوارد. هەروا کوتێک



گۆشتیشم دایە، هەڵبەت خەیاڵی لە شوێنێکی تر بوو، هەر بۆیە نەیدەزانی چ دەخوا و بەبێ چ بەرگرییەک قووتی دەدا.

لەوکاتەدا کە خواردنەکەم بەدەمییەوە دەکرد، ڕێبوارێکی سەیر بەهەناسەبڕکێوە لەبەر دەرکی کوختەکەدا وەدیارکەوت و چاوی بەناو هەموو کوختەکەدا گێڕا، دەتگوت شتێکی لێ بزر بووە و بەدوایدا دەگەڕێ.

بەتووڕەیی پێیمگوت: "ئێ کوڕە چکۆڵ، لێرە بەدوای چیدا دەگەڕێی؟ ئاخۆ نابینی نەخۆشمان هەیە؟"

وەڵامی دامەوە: "برا قەشە بمبوورە، ئاخۆ ئێرە ئۆرشەلیم نییە؟ لەهەوادا بۆنێکی پیرۆزم کرد و بەخۆم گوت هەبێ و نەبێ ئێرە ئۆرشەلیمە، بەخۆم گوت بابچمە ژوورێ و کڕنۆش ببەم و بپاڕێمەوە. بەڵام ئەی کوا ئۆرشەلیم، نایبینم؟"

فرانسیسکۆس قسەکانی ئەو کوڕەی دەژنەفت و چاوانی کردنەوە.

بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: "براکەم تۆ شێتیت!"

ڕێبوارە سەیرەکە وەڵامی دایەوە: "لە تۆ شێتتر نیم. لە تۆ شێتتر نیم کە دەتەوێ بچیت بۆ بەهەشت و کەچی لەم وەختی ڕۆژووە مەزنەدا مریشک دەخۆیت!"

فرانسیسکۆس هاوارێکی کرد و لەهۆشخۆی چوو. هەستامە سەرپا تا ئەو میوانە بێ شەرمە بکەمە دەرەوە، بەڵام ئیدی ئەو دیار نەمابوو.

بۆ ڕۆژی دوایی فرانسیسکۆس بەسەرزەنشتەوە تەماشای دەکردم.

– "برا لیۆن تۆ فریوتدام، تۆ فریوتدام و گوناهێکی زۆر گەورەت خستمە ئەستۆ!"

– "باوکە فرانسیسکۆس، ئەو گوناهە لەئەستۆی منە، خودا لەسەر ئەو گوناهە سزای من دەدا!"

– "تەنها خوداوەند دەتوانێ گوناهی خەڵکانی تر بخاتە ئەستۆی خۆی. ئێمەی ئینسان تەنها دەتوانین هەڵگری گوناهی خۆمان بین!"

وەڵامیمدایەوە: "باوکە فرانسیسکۆس، زۆر گەورەیە میهرەبانیی خودا. قسەیەکی تۆم بیرە کە جارێکیان پێتگوتم، میهرەبانیی خودا زۆر لە عەدالەتەکەی گەورەترە، دەی لێگەڕێ با متمانەی خۆمان بدەینە میهرەبانییەکەی!"

– "بەڵێ، برا لیـۆن ڕاست دەکـەیت، لێگەڕێ با مـتـمـانـەی خـۆمـان بدەینە میهرەبانییەکەی. وای بەحاڵمان گەر ئەو تەنێ عەدالەتی هەبا!"

***

ڕۆژەکان لەنێوان ژیان و مردندا تێدەپەڕین، زۆر جاران برایان سەردانیان دەکرد و ناو بەناویش سەرەک قەشە، یاریدەدەرەکەی لە ئاسیزییەوە دەنارد تا لەهەواڵی بپرسێ و دەیگوت: "کوڕی خۆم وەرەوە بۆ ئاسیزیی و لە ماڵەکەی مندا بژی، ئاخر جەستەی بونیادەمیش دیارییەکی پیرۆزی تری خودایە، تۆ بەم تەرزە مامڵەکردنە دەیکوژیت. فرانسیسکۆس کوڕی خۆم ئەمەی تۆ دەیکەیت قەتڵە، تۆ سەرپێچی لەپەیامی گەورەی خودا دەکەیت کە دەڵێ: تۆ نابێ قەتڵ بکەیت!"

فرانسیسکۆس گوێی بۆ وشەکانی سەرەک قەشە ڕادەدێرا و هیچی نەدەگوت. ڕۆژێکیان هەمدیس قەشەی یاریدەدەر هات و داوای لێ کردەوە بچێت. ئەوسا فرانسیسکۆس لای بۆ کردمەوە و گوتی: "بەڵێ، سەرەک قەشە ڕاست دەکا. ئەمە قەتڵە، قەتڵ. گەرەکمە لە کڵێساکەی قەدیس دامیانۆ جێژن بکەم و پاشان بڕۆم و لەماڵی سەرەک قەشە بمێنمەوە. دەخوازم هەمدیس ئاسیزیی ببینمەوە و خوداحافیزیی لێ بکەم."

هەفتەی جێژنی پاک هات، فرانسیسکۆس لەئازارەکانی مەسیحدا ڕۆچوو. داوای لێ کردم لەلایەوە دانیشم و ڕۆژانە کتێبی پیرۆزی بۆ بخوێنمەوە، ئەو ئیدی شوێن مەسیح دەکەوت، شوێن پێکانی هەڵدەگرت، خیانەتی لێ دەکرا، دادگایی دەکرا، بەر قامچی دەدرا و لەگەڵ ئەودا لە خاچ دەدرا. لە هەینی درێژدا هەر پێنج برینەکەی کە ماوەیەکی زۆر بوو نەکولابوونەوە، هەمدیس دەمیان کردەوە و خوێنیان لێوە دەچۆڕا. سەرلەبەیانی ڕۆژێک بەر لەجێژنی پاک، هاتەوە سەر خۆی و دەستی گرتم.

گوتی: "برا لیـۆن، گەر منی گوناهبار شانازی ئەوەم پێ ببڕایە یەکێک لە نووسەرەوانی ئینجیل بام، ئەوا نە شێر و نە گا و نە فریشتەم لەپاڵدا نەدەبوون، بەڵکە مەڕێکم لە پاڵدا دەبوو کە قردێلەیەکی سووری بەملەوە با و لە قردێلەکە نووسرابا: خودایە کە جێژنی پاک هات، تۆ سەرم دەبڕیت؟"

ڕۆژی جێژنی پاک دوای ڕێوڕەسمی ڕابوونەوە، خوشکان بەمۆمی داگیرساوەوە



هاتن تا دەستی ماچ بکەن. فرانسیسکۆس هەستا، دەستی ڕایەڵ کرد و بەرەکەتی دان.

بەخەمباریی لەبەرخۆیەوە گوتی: "خوشکەکانم، دایکانم، ئەی خاتوونی سەلار، ئەی بووکانی مەسیح..." وای گوت و لە قوڵپی گریانی دا.

خوشکە کلاراش دەگریا، خاتوو پیکا و هەموو خوشکانی تریش دەگریان و تەواوی کوختەکە تەژی لە گریان و ڕووناکیی ئەو هەموو مۆمە دەبوو.

خوشکە کلارا پێیگوت: "من هەروەها خەیاڵم لای ڕابوونەوەی تۆیشە. باوکە فرانسیسکۆس، من بیرم لای ڕابوونەوەی تۆیە..."

بەڵام فرانسیسکۆس بەخوڕ دەگریا و هیچی نەدەژنەفت.

من ئەمڕۆ باشم خواردبوو، سوپاس بۆ خودا، دیاریی و جێژنانە لە ئاسیزییەوە نێردرابوون، ئیدی هەستم دەکرد کە مەسیح هەر بەڕاستیی ڕابۆتەوە، هەر بۆیە زوو ڕاکشام و دەسوبرد خەوم لێکەوت. فرانسیسکۆس داوای لێکردم: "چراکە مەکوژێنەوە، لێگەڕێ بەدرێژایی شەو بسووتێ، با ئەویش جێژنی ڕابوونەوەی مەسیح بگێڕێ!"

دڵخۆش و سوپاسگوزار نووستم، لەخەوندا بەقووڵیی هەمدیس ڕابوونەوەی مەسیحم تەجروبە دەکرد، پێدەچوو هەموو ڕۆحێک لەم دونیایەدا چەندێک لەتوانایدابێ شوێنپێی مەسیح هەڵگرێ و لەگەڵ ویدا ئازار بچێژێ و لەخاچ بدرێ و ڕابێتەوە. لەبەرئەوەی چەندێک زیاتر لەگەڵ فرانسیسکۆسدا ژیابام، زیاتر تێدەگەیشتم کە دوایەمین میوەی مردن نەمرییە.

هێشتا نوستبووم کە خوداوەند بەمۆمەوە هاتبوو بۆ دونیا، بولبولەکە خەبەری ببۆوە و کەوتبووە ستران، بەڵام من لە قووڵاییی چێژی ئەو خەونەمدا ڕۆچووبووم و خەبەرم نەببۆوە. لەناکاوێکرا لە خەونەکەمدا دەنگی فرانسیسکۆسم ژنەفت، ڕاپەڕیم و بەپەلە هەستامە سەرپێ. لەسەر جێگەکەی دانیشتبوو، هەمدیس دوو دارەکەی گرتبوو بەدەستییەوە و وەک کەمانچەیەک دەیژەند و گۆرانیی دەچڕی. من هەرگیز وشەکانی گۆرانییەکە و ئاوازە خۆشنودەکەیم لەبیر ناچێ کە دەربڕی سەرکەوتن بوو. ساڵانێکی زۆر تێپەڕیون و کەچی هێشتا هەروەک ئەوەی هەر ئەلعان گوێم لێی بووبێ

دەیژنەفمەوە. وا هەنووکەش کە پیر و کەنەفت بووم، لەم دەیرە ئارامەدا دانیشتووم و دەینووسمەوە:

ئەی باڵاترین، ئەی بەدەسەڵاتترین، ئەی میهرەبانترین
لە تۆدا، ستایش و شانازیی و حەیا و سوپاسگوزارییم باڵا دەکەن!
تەنها تۆ، تەنها تۆ ئەی باڵاترین، شایانی ئەوەیت. چ بونیادەمێک
بەهای گۆکردنی ناوەکەتی نییە!
خودایە، سوپاس بۆ هەموو کارەکانت،
بە تایبەتیش سوپاس بۆ جەنابی برا خۆرمان
کە ڕۆژمان بۆ دێنێ و ئیدی بەخششی تۆمان لێ هەڵدێ
بە جوانیی و درەوشاوەیی و بەو
تیشکە مەزنەیەوە. خودایە، ئەو دێ و شایەتیت بۆ دەدا!
سوپاس بۆ تۆ خودایە، بۆ خوشکە مانگمان و بۆ ئەستێرەکان،
بۆ تۆ، کە لە ئاسماندا ئەوانت ئاوها
گرانبەها و درەوشاوە و جوان خوڵقاندوون!
سوپاس بۆ تۆ خودایە، سوپاس بۆ برا " با " مان
سوپاس بۆ هەوا، بۆ هەور، بۆ ئارامیی
سوپاس بۆ هەموو ئەو ئاڵوگۆڕییانەی هەوا کە تۆ پێمان دەبەخشیت!
سوپاس بۆ تۆ خودایە، سوپاس بۆ برای ئاومان،
سوپاس بۆ ئەو خۆنەویستە، ئازیزە، لە هەموو شتێک پاقیژەترە!
سوپاس بۆ تۆ خودایە، سوپاس بۆ برای ئاگرمان،
کە تۆ شەوی پێ ڕووناک دەکەیتەوە،
بەوی جوان و بەهێز و تەژی لە چێژ!
سوپاس بۆ تۆ خودایە، سوپاس بۆ عەردی خوشک و دایکمان،
کە لەکۆشیدا خۆراکمان دەدا و هەڵماندەگرێ
میوە و گوڵ و درەختگەلی زۆر بەرهەم دێنێ!



سوپاسی بکەن و سروودی ستایشی بۆ بچڕن
بەقووڵترین خۆنەویستیی سوپاسی کەن و لەخزمەتیدا بن!

ئارام و بێدەنگ تا نەبا گوێی لێ بێ و سترانەکەی ببڕێ، لێی نزیک بوومەوە و باوەشم بەپێوپلیدا کرد و گوێم ڕادێرا. بولبولەکەش بەژوور سەرمانەوە بێدەنگ و ئەویش گوێی ڕادێرابوو. خۆر، مانگ، ئاگر و ئاو هاتبوونە ئەو کوختە هاکەزاییەوە و بەدەوری فرانسیسکۆسدا دانیشتبوون و ئەوانیش گوێیان ڕادێرابوو. واپێدەچوو مەرگ خۆیشی دواین کەس لەگەڵ ئەواندا هاتبێتە ژوورەوە و هەناسەی لەخۆ بڕیبێ و گوێی ڕادێرابێ. بەڵام فرانسیسکۆس هیچی نەدەبینی، کەسی نەدەبینی، سەری بردبووە دواوە و گۆرانی دەچڕی، شیشەکانی زیندانەکە نوشتابوونەوە و ئیدی ڕۆحی ئامادەی فڕین بوو.

خودا خۆری هەڵێنا و فرانسیسکۆسیش هەستا، کفت و شەکەت خۆی بەدیوارەکەوە گرت و زەردەخەنەیەکی هاتێ. دەتگوت سترانەکە خوێنی ئەو بووە و هەرچی لە جەستەیدا بووە چۆڕاوە.

دەمەونیوەڕۆ پێیگوتم: "برا لیۆن، پەرۆشم ئاسیزیی ببینمەوە. ئای گەر دوو برای بەگوڕ، کێدرۆ و ماسیۆ بهاتنایە و بۆ ئەوێیان ببردمایە، ئاخر برا لیۆن من ئیدی ناتوانم بەپێی خۆم بەسەر ئەرزدا بڕۆم!"

چوومە دەرێ و جوابم بۆ کێدرۆ و ماسیۆ نارد و داوام لێ کردن لەپۆرتیۆنکولاوە بێن، خەڵکیشم بۆ لای سەرەک قەشە نارد تاپێی ڕاگەیەنن فرانسیسکۆس دێ و داواشم لێ کرد چەکدار بنێرێ تا لەگەڵیدا بن، چونکە چەتەگەلی پیرۆجیایی دەوروخولی ئەم ناوەیان داوە و دەیانەوێ بیرفێنن.

کاتێک بۆ کوختەکە گەڕامەوە، فرانسیسکۆسم بینی هەمدیس کەمانچە دەژەنێتەوە و گۆرانییەکەی شەوێ دەچڕێتەوە. کە تەواو بوو، گوتی: "ئاخ، بیرم چوو سوپاسی خودا بکەم بۆ خوشکە نەخۆشییم!"

دوو پارچە دارەکەی لەسەر عەردەکە دانان و دەستەکانی بەرەو ئاسمان هەڵبڕین:

سوپاس بۆ تۆ خودایە، سوپاسیش بۆ خوشکە نەخۆشیمان
وی میهرەبان و قۆچاخ و خەڵکیی عەزاب دەدا

*یارمەتی ڕۆح دەدا خۆی لە جەستە ڕزگارکا!*

من گوێم بۆی ڕادێراو و زەحمەت بوو بتوانم بەر بەفرمێسکەکانم بگرم. گوتم: "ئەی ڕۆحی من، سڵاو و ماڵئاوایی لێبکە، سڵاو و ماڵئاوایی لێ بکە!"

دەمەوئێواره کێدرۆ و ماسیۆ هاتن. بێدەنگ لای پای فرانسیسکۆسەوە دانیشتن، خوشکە کلاراش هات و کەوتە سەر چۆک، دەست و پای فرانسیسکۆسی ماچ کرد و بێدەنگ لای ڕاستییەوە دانیشت. خوشکە پیکاش لەرزە لەرز هات، قژە سپییەکەی لەژێر ڕووپۆشەکەیەوە هاتبووە دەرێ، بەڵام هەمدیس کردییەوە بەژێر چارشێوەکەیدا. ئەویش کرنۆشی بۆ کورەکەی برد و پاشان بێدەنگ لای چەپییەوە دانیشت. فرانسیسکۆس لە نەشوەدا نوقووم ببوو، هیچی نەدەبینی و هیچی نەدەژنەفت، لەسەر پشت پاڵ کەوتبوو، دەستی بەنیشانەی خاچ دانابوو، ڕوخساریشی لەبەختەوەریدا پرشنگی دەدا.

لەو بێدەنگییەدا بۆ ساتێک هەنسکە هەنسکی گریانێکی نزم بیسترا، بەڵام خوشکە پیکا لێوی خۆی گەست و ئیدی هەنسکی گریانەکە نەما.

کێدرۆ بەئەسپایی گوتی: "نوستووە، پێویستە خەبەری بکەینەوە و بکەوینە ڕێ، ئاخر وا ئێوارەیە!"

کەس وەڵامی نەدایەوە.

بایەکی فێنکی بەهاریی لەدەرگاکەوە دەهاتە ژوورێ، گوڵەکان لەحەوشە پشکوتبوون و کوختەکەیان پڕ لە بۆنی خۆیان کردبوو. کارژۆڵەیەک هاتە بەر دەرگاکە و بەخەمەوە باعاندی و پاشان بەخێرایی لەو ناوەدا نەما، هەڵبەت بەدوای دایکیدا دەگەڕا. هیچ کامێکمان نە دەجوولا و نە قسەشی دەکرد. هەمووومان سەرنجمان بڕیبووە فرانسیسکۆس. لەناکاوێکڕا لە وێنەی قەبرێکدا لەبەر چاوانمدا وەدیارکەوت، وەرز وەرزی بەهار و ئێمە ئەومان بردبووە دەرەوە بۆ سەر عەردە بەگوڵ پۆشراوەکە و بۆی دەگریاین.

شەو داهات، خوشکە کلارا هەستایە سەر پێ.

– "خوشکە پیکا، وەرە بابڕۆین، ئێمە ماڵئاواییمان لێ کردووە. وا ئیتر برایان دەیبەن، ئێستا کاتێکی گونجاوە، ئێستا شەوە و ئەو زەلامە وەحشییانەی پیرۆجیا بەدەرەوە نین!"



خوشکە پیکا هەستا و فرمێسکی چاوانی وشک کردنەوە.

گوتی: " کوڕەکەم..."

بەڵام خوشکە کلارا چووە ژێر باڵی و بەلەتردانەوە ئاودیوی دەرگاکە بوون. بۆ ساتێک لەدەرەوە دەنگی گریانێکی بەرز هاتە گوێم، هەردوو ژنەکە شیوەنیان دەکرد.

فرانسیسکۆس چاوی کردەوە و برایانی بینین. زەردەخەنەیەکی هاتێ.

پرسی: "ئاخۆ گەیشتین؟"

کێدرۆ وەڵامی دایەوە: "برا فرانسیسکۆس جارێ ئێمە نەڕۆیشتووین!"

فرانسیسکۆس ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی: "من هێشتا لەئاسیزیی بووم، لە کڵێساکەی قەدیس دامیانۆ بووم و پەنجەرە ڕەنگاوڕەنگەکانیم ستایش دەکرد. هەروەها نیگاری مەسیحیش لەوێ وێنە کێشرابوو، کێلی گۆڕەکەی هەڵتەکاندبوو، بەرەو ئاسمان هەڵگژابوو. ئاڵایەکی سپی بەدەستێکییەوە و بەڕەنگی ئاسمان لەسەری نووسرا بوو: Pax et bonum

هەستامە سەر پێ. گوتم: " بەناوی خودا، دەی با بڕۆین!"

کێدرۆ و ماسیۆ فرانسیسکۆسیان بەرزکردەوە و خستیانە سەر باسکە لێکئاڵاوەکانیان، ئەویش دەستی کردە ملی هەردووکیان. چووینە دەرێ.

پرسیی: "شەوە؟"

– "بەڵێ باوکە فرانسیسکۆس شەوە، ئەستێران بەئاسمانەوەن!"

– "هەوا بۆنێکی خۆشی لێدێ! ئێمە لەکوێین؟"

ماسیۆ وەڵامی دایەوە: "لە حەوشەی پێشەوەی دەیرەکەی قەدیس دامیانۆین باوکە فرانسیسکۆس. ئاخر ئێمە لەبەهاردایین. ناتەوێ خوداحافیزیی لە خوشکان بکەیت؟"

– "جوێبوونەوە تاڵە برا ماسیۆ، زۆر تاڵە. باشترە هەروەکو دز ملی ڕێگە بگرینەبەر و بڕۆین!"

بەرەو ئاسیزیی بەرەو ژوور بووینەوە. دوو خوشک لەدەرەوەی حەوشی پێشەوەی دەیرەکە لەژێر درەختێکدا ڕاوەستابوون، هەر کە ئێمەیان بینین، یەکێکیان ویستی بەباوەشێکی کراوەوە بەرەو لامان ڕاکا، بەڵام دووەمیان گرتی و ڕێگەی نەدا، گوێم

لەسووکە هاوارێک بوو لەژێر درەختەکەدا و پاشان هەموو شتێک ئارام بۆوە. درێژەمان بەڕۆیشتن دا، بەدڵەڕاوکێوە لەملاولای خۆم دەنۆڕی، گەر لەتاریکیدا نەبام، ئەوا چەتە پیرۆجیاییەکانم دەبینین. لەپێچی ڕێگەکەدا پێنج شەش تارمایی بەرەو لامان هاتن، چەکەکانیان لەو شەوە ئەستێرە بارانەدا شەوقی دەدایەوە. لە دڵی خۆدا گوتم: تیاچووین. بەپەلە بەرەو ڕوویان چووم تا بزانم ئەوانە کێن. سوپاس بۆ خودا ئەو چەکدارانە بوون کە سەرەک قەشە ناردبوونی. هاتنە پێشێ و دەستی فرانسیسکۆسیان ماچ کرد. فرانسیسکۆس سەری سوڕما بوو.

گوتی: "ئەوە بۆچی چەکتان پێیە؟ نەفرەتیان لێ بێ!"

سەرگەورەکەیان وەڵامی دایەوە:

– "ئاخر باوکە فرانسیسکۆس، دەترسین چەتەکانی پیرۆجیا بترفێنن!"

– "بمرفێنن؟ چیم لێدەکەن؟"

سەرگەورەی چەکدارەکان پێکەنی و گوتی: "بۆ نازانیت؟ قەدیسێک خەزنەیەکی گرانبەهایە، تەنێ بیر لە هەموو ئاهەنگ و جێژنەکان بکەوە، بیر لە هەزارەها زیارەتکاران و مۆم و بخوور!"

فرانسیسکۆس وەک ئەوەی داوای یارمەتیی بکا هاواری کرد: "برا لیۆن، لەکوێیت؟ گوێت لێیە.ئەرێ ئەمە ڕاستە."

وەڵامیمدایەوە: "باوکە فرانسیسکۆس، خەڵکی هەموو شتێکیان لێ دەوەشێتەوە، باوکە فرانسیسکۆس تۆ دەتوانیت خۆت لە چنگی شەیتان ڕزگارکەیت، بەڵام لەدەستی خەڵکیی ڕزگارت نابێت!"

فرانسیسکۆس نائومێدانە گوتی: "خودایە، خودایە بمبەرەوە!" وای گوت و ئیدی تا ئاسیزیی زاری هەڵنەهێنایەوە.

***

لەبەر دەرگای ماڵی سەرەک قەشەدا، سەرەک قەشە ڕاوەستاو و چاوەڕێی دەکردین. دەستی ڕایەڵ کرد و یارمەتی لە دابەزاندنی فرانسیسکۆسدا داین. ئەوسا دانەوێوە و نێوچەوانی فرانسیسکۆسی ماچ کرد.



گوتی: "بەخێر بێیت کوڕی خۆم، متمانەت بەخودا هەبێ، هێشتا ساتی ماڵئاواییت نەهاتووە!"

فرانسیسکۆس وەڵامی دایەوە: "متمانەم بەخودا هەیە، متمانەم بەخودا هەیە، ساتی ماڵئاواییم هاتووە!"

ئەو ژوورەی کە تەرخان کرابوو فرانسیسکۆسی لێ ڕاکشێ پەنجەرەیەکی گەورەی تێدابوو ڕووەو سەربانەکانی ئاسیزیی. لەوێوە هەموو شار دیاربوو، دار زەیتوونەکان و لەخوارەوە دەشتێکی تەژی لە ئارامیی بەڕەز و ڕووبارەکەیەوە، هێور هێور وەکی مارێک بەنێو مێرگە سەوزەکاندا پێچی دەخوارد. لەدووریشەوە کڵێساکەی قەدیس دامیانۆ دیار و لە خوارتریشەوە پۆرتیۆنکولا.

بۆ بەیانی کاتێک فرانسیسکۆس وەئاگابۆوە و لەجێگەکەی هەستا و ئەو دیمەنە ئازیز و دێرینەی بینی، فرمێسک لەچاوانییەوە ڕژایە خوار.

– "دایکە، دایکە ئاسیزیی، ئەی ئومبرەینی ئازیزم!"

من لە قوژبنێکی ژوورەکەدا جێگەم بۆ نووستن ڕادەخست، لەگەڵ ویدا خەوم لێ دەکەوت و هەڵدەسام. دوو پەڕەسێلکە لەگوێسوانەی ژوور پەنجەرەکەدا هێلانەیان چێکردبوو، هەر لەکازێوەوە نێرەکەیان بەو دەوروبەرەدا دەفڕی و دەیچریکاند، هەڵبەت مێیەکە لەسەر هێلکە نوێیەکانی کڕ کەوتبوو، نێرەکەش بەو چریکەچریکەی ئازایەتیی و متمانەی پێ دەبەخشی. فرانسیسکۆس شەلاڵ لە ورووژان ئاوڕی بۆ دامەوە و گوتی: "برا لیۆن، ئاخۆ دەشێ ئینسان چاوی بکاتەوە و گوێ هەڵخا و چاوان و گوێی تەژی لە موجیزە نەبن؟ بەردێک هەڵگرە و ژیانێکی لە وێرانیی نەهاتوو لەو تاریکییە شێدارەدا دەبینی کە لە خزمەتی خودادایە، کرمێکی گچکەی هاکەزایی دەبینی خۆی ئامادە دەکا باڵی لێ بڕوێ و ببێتە پەپوولە و بەرەو خۆر بفڕێ. بەڵێ برا لیۆن، ئێمەی بونیامگەلی سەر ئەرز جگە لەوە دەبێ چ شتێکی تر بکەین؟"

ئەو دەمەی ئەو دەدوا، لەسەر جاددەکە و نزیک ماڵی سەرەک قەشە دەنگی هاوار و جنێودان دەبیسترا. خەڵکێکی زۆر کۆببوونەوە، ئاژێر و ژاوەژاو و دەنگی توندی دەرگا کوتان، دیار بوو کەسێک چووبووە سەر سەکۆیەک و نوتقی بۆ خەڵکەکە دەدا. یاریدەدەری قەشە هاتە ژوورەوە.

گوتی: "باوکە فرانسیسکۆس، نیگەران مەبە، ئەوە سەرۆک شارەوانییە کە شەڕی لەگەڵ سەرەک قەشەدا هەیە و هەموو ڕۆژێک خەڵکیی کۆدەکاتەوە و هانیان دەدا بێن بۆ ئێرە و هەڕەشە لەسەرەک قەشە بکەن. ئەویش بواریان نادا بێنە کڵێساکەوە."

فرانسیسکۆس زۆر زۆر شپرزە بوو. گوتی: "چ شەرمەزارییەکە، ئێمە دەبێ نێوانیان ڕێکخەینەوە!"

یاریدەدەری قەشە ڕۆیشت. فرانسیسکۆس ڕووی کردە من و گوتی: "برا لیۆن، هێشتا سروودی سوپاسگوزارییەکەم بۆ خودا تەواو نەبووە. تکات لێدەکەم قەڵەمەکەت دەربێنە و بنووسە!"

قەڵەمەکەم دەرهێنا و ئەویش کەوتە گوتنی ئەوەی کە من دەبوو بینووسم:

*سوپاس بۆ تۆ خودایە، سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی کە لە ئەڤینی تۆوە لە دوژمنانیان دەبوورن!*

*شکۆداربن ئەو کەسانەی کە لەئەڤینەوە بۆ ئاشتیی*

*زوڵمیان چەشتووە و ڕاوەدوو نراون*

*شکۆ بۆ ڕۆنەرانی ئاشتیی،*

*چونکە خودایە تۆ*

*تاج لەسەر سەری ئەوان دەنێی!"*

خاچی کێشا. گوتی: "برا لیۆن، وەرە یارمەتیم بدە تا هەستم، بمگرە، دەمەوێ بچمە بەر دەرگای حەوشە و لەگەڵ خەڵکیدا بئاخفم... نا، نامەوێ بئاخفم، بەڵکە هەردووکمان، لەپاڵ یەکدا ڕادەوەستین و ئەو وشانە دەکەینە گۆرانی کە هەر ئەلعان لە دڵمەوە هەڵقوڵین."

چوومە ژێر باڵی، ڕۆیشتینە حەوشە و دەرگای دەرەوەمان کردەوە، خەڵکەکە بەتووڕەیی شالاویان هێنا تا بێنە ژوورەوە، بەڵام هەر کە فرانسیسکۆسیان بینی ڕاوەستان.

فرانسیسکۆس خەڵکەکەی بەرەکەت دا و گوتی: "مناڵەکانم، خودا ئەمری پێ کردووم قسەیەکتان بۆ بکەم، قسەیەکی خێر، بۆ خاتری ئەڤینی مەسیح ڕێگەم بدەن ئەو قسەیە بکەم!"



ئەوجا ئاماژەیەکی بۆ من کرد، هەردووکمان پاڵمان دا بەدەرگای حەوشەوە، دەستی یەکدیمان گرت و بەدەنگێکی بەرز کەوتینە چڕینی ستران:

*سوپاس بۆ تۆ خودایە، سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی کە لە ئەڤینی تۆوە لە دوژمنەکانیان دەبوورن!*

*شکۆداربن ئەو کەسانەی کە لە ئەڤینەوە بۆ ئاشتیی*

*زوڵمیان چەشتووە و ڕاوەدوو نراون*

*شکۆ بۆ ڕۆنەرانی ئاشتیی،*

*چونکە خودایە تۆ*

*تاج لەسەری ئەوان دەنێی!"*

لەو کاتەدا سەرەک قەشە هاتبووە بەر دەرگا، سەرەک قەشە پیرەمێردێکی بەڕێز بوو، بەمیهرەبانییەوە لە خەڵکەکەی نۆڕی، ئەویش دەنگی لەگەڵ ئێمەدا یەک خست و کەوتە گۆرانیی. ئەوسا ئیدی موجیزەکە ڕووی دا، سەرۆک شارەوانیی لەنێو خەڵکەکەوە هات و لەبەردەم سەرەک قەشەدا کڕنۆشی برد.

گوتی: "لەبەر خاتری ئەڤینی مەسیح، لەبەر خاتری فرانسیسکۆسی خزمەتکاری، من دوژمنایەتیی نێوانمان لەبیردەکەم و ئامادەم هاوکاریتان بکەم!"

سەرەک قەشە بزووا، دانەوێوە و نەیارەکەی خۆی هەستان، باوەشی پێداکرد و ماچی کرد.

گوتی: "وەزیفەکەم حوکمم بەسەردا دەدا میهرەبان و خۆنەویست و ئاشتیخواز بم، بەڵام ئاخ، بەڵام من سروشتم وەهایە زوو هەڵدەچم، تکات لێ دەکەم بمبوورە!"

خەڵکەکە کڕنۆشیان برد و سوپاسی خودایان کرد، ئەوجا شالاویان بۆ ماچکردنی دەست و پای فرانسیسکۆس هێنا کە ئاشتیی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو.

کە چووینە ژوورەوە، فرانسیسکۆس خەنی و پرشنگی دەدا، لەو هەموو شادومانییەدا ئازارەکانی بیر چووبوونەوە و بەبێ یارمەتی بەرێگەدا دەرۆیشت.

– "برا لیۆن، ئەو حەکایەتەت بیستووە: دەگێڕنەوە جارێک کوڕە پادشایەکی جوان و جحێڵ دەبێت، پیرێژنێکی سیحرباز بەنەفرەتی دەکا و دەیکاتە ئاژەڵێکی دڕندە و

ترسناکی بونیامخۆر. خەڵکیی ڕقیان لەو ئاژەڵە دڕندەیە دەبۆوە، خۆیان چەکدار کرد و بەمەبەستی کوشتنی کەوتنە شوێنپێ هەڵگرتنی، بەڵام ئەو تا دەهات هەر دڕندەتر دەبوو. ئەوسا ڕۆژێکیان کیژێک هات و بەمیهرەبانییەوە خۆی لێ نزیکخستەوە و دەمی ماچ کرد. ئیدی دەسوبرد ئەو ڕوخسارە ترسناکە توایەوە و ئاژەڵە دڕندەکە بۆوە بەکوڕە قۆزەکەی پادشا. برا لیۆن، خەڵکیی ئاوهان!"

ئەو ناوبژییە فرانسیسکۆسی ماندوو کرد، بۆ ساتێک هەموو هێزی خۆی کۆکردبۆوە و موجیزەیەکی نواندبوو، بەڵام یەکسەر شەکەت کەوتە سەر جێگەکەی. بانگی یاریدەدەری قەشەم کرد، ئەویش بەسرکەی گوڵەوە هات و هۆشی وەبەرهاتەوە. ئەوسا سەرەک قەشە هات.

گوتی: " کوڕی خۆم فرانسیسکۆس، پزیشکێک بانگ دەکەم تا بتبینێ، ئاخر تۆ لە ماڵەکەی من دایت و من لێت بەرپرسیارم!"

بەڵام فرانسیسکۆس سەری ڕاوەشاند، نەیدەویست پزیشک بیبینێ.

سەرەک قەشە گوتی: "برا فرانسیسکۆس ڕێز لەژیان بنێ، نەک تەنێ ژیانی خەڵکیی و ژیانی کرمان، بەڵکە ژیانی خۆت. ئاخر ژیان هەناسەی خوداوەندە، ڕەوا نییە بیتاسێنیت، بەناوی گوێڕایەڵیی پیرۆزەوە لێت دەپاڕێمەوە بەقسەم بکە!"

فرانسیسکۆس دەستی بەنیشانەی خاچ دانا و هیچی نەگوت. پزیشکەکە هات، پیرەمێردێکی چکۆڵەی ئارام و ڕەنگپەڕیوی خاوەن چاوانێکی ئاگرین. جلکەکانی بەری فرانسیسکۆسی داکەند، چەند جارێک ئەمدیو و ئەودیوی پێکرد و گوێی بۆ لێدانی دڵی ڕادێرا.

گوتی: "بەیارمەتی خودا باشتر دەبێ!"

فرانسیسکۆس سەری ڕاوەشاند، لێی پرسی: "ئەی بێ یارمەتی خودا؟"

– "من باوەڕم وایە تۆ ماوەیەکی تریش دەژیت، تا پاییز، ئیدی دوای ئەوە لەدەستی خودادایە!"

بۆ ساتێک فرانسیسکۆس بێدەنگ بوو، بەڵام یەکسەر دەستی بەرەو ئاسمان هەڵبڕی.

گوتی: " کەواتە بەخێر بێ برا مردن، بەخێربێیت لەگەڵ یەکەمین باراندا!"

زەردەخەنەیەکی هاتێ و پێیگوتم: "تۆ چ دەڵێیت برا لیۆن، ئاخۆ ڕەوا نییە کە بۆ برا



مردنیش سوپاسی خودا بکەین؟ دەی ئەی هاوسەفەری بەئەزمونم، قەڵەمەکە هەڵگرە و بنووسە:

*سوپاس بۆ تۆ خودایە، سوپاس بۆ برا مردنمان*
*کە چ زیندوویەک لەدەستی دەرناچێت!*
*چ داماوە ئەو کەسەی بەگوناهباریی دەمرێ، خودایە شکۆ و شانازیی*
*بۆ ئەوانەی کە (دە) پەیامەکەی تۆ بەجێ دێنن*
*ئەوانە لە مردن ناترسن، بەڵکو مردنیان خۆشدەوێ."*

من هەموو ئەو سروودی سوپاسگوزارییەم لەسەر کاغەزێک پاکنووس کرد و بەفرانسیسکۆسم دا تا مۆری خۆی، خاچەکەی لێبدا. کاغەزەکەی وەرگرت، تەماشای کرد و سەری ڕاوەشاند.

لەبەرخۆوە گوتی: "خودایە من زۆر شتی ترم هەن کە دەبێ بیانڵێم، زۆر شتی تر هەن کە دەخوازم سوپاسی تۆیان پێبکەم، بەڵام تۆ دڵ و ڕۆحی من دەناسیت، دەی کەواتە خودایە سوپاس بۆ هەموو شتێک!"

قەڵەمەکەی هەڵگرت و نووسی: "سوپاس بۆ تۆ خودایە، سوپاس بۆ هەموو شتێک!" ئەوەی نووسی و پاشان لەخوارەوە وێنەی خاچێکی گەورەی کێشا.

گوتی: "من تەواو بووم، سوپاسی خودا دەکەم کە پێ ڕاگەیشتم، ئەلعانیش، تۆ ئەی مەڕی خودا، یەکێک بنێرە بەدوای ئێرنیۆدا بۆ پۆرتێونکولا و داوای لێ بکە بەخۆی و بلوێرەکەیەوە بێت بۆ ئێرە، ئاخر من لە خودا نێزیک بوومەتەوە و جگە لە گۆرانیی چڕین چ شتێکی ترم ناوێ!"

یەکێکم ڕەوانە کرد. لای ئێوارە ئێرنیۆ بەبلوێرەکەیەوە هات. فرانسیسکۆس بەباوەشێکی کراوەوە پێشوازیی لێ کرد.

– "بەخێربێیت ئەی سترانبێژی خودا، بەخێربێیت ئەی دەنگی ڕاستەقینەی ئینسان! ئەم گۆرانییە بگرە کە لەسەر ئەم کاغەزە نووسراوە، بلوێرەکەت لەشانت داگرە و بیژەنە و بیچڕە! منیش گۆرانییەکەت لەگەڵدا دەبێژم، هەروەها ئەم شێرە چکۆڵەیەی خوداوەندیش دەیچڕێ، هەر چوار دیواری ژوورەکەشمان دەیچڕن، بەرد و چیمەنتۆ و نیگارەکانیش، هەمووان پێکەوە گۆرانییەکە دەچڕین!"

هێندەی نەبرد ژوورەکەمان بەگۆرانییەکی خۆشی پێکەوەیی دەنگی دایەوە.

پەنجەرەکە کرابۆوە، خۆر خەریک بوو ئاوا دەبوو، لە گەڵای درەختەکانەوە ڕۆشنایی دەتکا، زەنگی کڵێساکەی قەدیس ڕافینۆ وادەی نوێژی ئێوارەی ڕادەگەیاند، ئەو نەغمە خۆشانە لە فەزادا سەریان دەکرد. دەنگی فرانسیسکۆس بەرز و بەرزتر دەبۆوە، چەپڵەی دەکوتا، هەموو جەستە باریک و بنێس و عەزاب چەشتووەکەی لەنێو جبە قەشەییەکەیدا سەمای دەکرد.

دەرگاکە کرایەوە و سەرەک قەشە هاتە ژوورەوە، ڕوخساری گرژ بوو.

گوتی: "فرانسیسکۆس، کوڕی خۆم، بەرەکەتی مەسیحت لێ بێ گۆرانی مەڵێ. خەڵکی کە لێرەوە تێدەپەڕن و گوێیان لە گۆرانیی دەبێ، ڕادەوەستن و هەمدیس دەکەونەوە جنێودان، دەڵێن سەرەک قەشە کەوتۆتە هەوای خۆیەوە، بەبۆنەی ئەوەوە کە سەرۆک شارەوانی هێناوەتە سەر چۆک وا بۆ خۆی ئاهەنگ دەگێڕێ!"

بەڵام فرانسیسکۆس هێشتا ئەفسوونی گۆرانییەکەی بوو.

– "گەر بوونی من وەک میوانێک لە ماڵەکەتا کێشەت بۆ دروست دەکا ئەوا دەچمە دەرەوە. من ستران دەبێژم و جگە لە ستران چڕین ناتوانم چ شتێکی تر بکەم، ئاخر من لە خوداوەند نێزیک بوومەتەوە، ئاخۆ بۆچی حەز ناکەیت خەنیی بم و بەستران چڕینەوە بچمە دیداری؟"

سەرەک قەشە وەڵامی دایەوە: "ڕاست دەکەیت کوڕی خۆم، بەڵام خەڵکانێکی تر کە لە خوداوەندەوە نێزیک نین، لەوە تێناگەن و بەو کارە تووڕە دەبن. بەدەنگی نزم گۆرانیی بچڕە، تا خەڵکی گۆرانییەکەت نەبیستن!" وای گوت و هەمدیس لەژوورەکە چووە دەرەوە.

فرانسیسکۆس گوتی: "برا ئێرنیۆ، هەموو ئینسانێک ڕاست دەکا. سەرەک قەشە ڕاست دەکا، هەروەها ئێمەیش ڕاست دەکەین. دەی با بەدەنگی نزم ستران بچڕین تا خەڵکی تووڕە نەکەین. مامۆستا، بلوێرەکەم بدەرێ، منیش دەمەوێ بژەنم!"

بلوێرەکەی وەرگرت و بەقامکە دەردەدارەکانی، هێور و ئارام کەوتە ژەنین، ئێمەیش زۆر ئارام هەمدیس کەوتینەوە ستایشکردنی خودا.

کاتێک لە سترانەکە بووینەوە، فرانسیسکۆس بلوێرەکەی بۆ ئێرینیۆ گەڕاندەوە و چاوی لێکنا. ئیدی ماندوو ببوو، ئێرینیۆ لەسەر نووکی پێ لەژوورەکە چووە دەرەوە.



پێمگوت: "ئاسیزیی جێ مەهێڵە، ڕەنگە سبەینێ هەمدیس پێویستی پێت بێتەوە، ئاخر ئەو ئیدی پێی ناوەتە مەملەکەتی سترانەوە!"

بەڵام بۆ بەیانی نیگەرانییەکی تر فرانسیسکۆسی داگرت.

بەرەبەیان پێی گوتم: "نابێ کات بەهەدەر بدەین، من دەبێ پێدا ڕابگەم وەسییەتنامەکەم بۆ برایان و خوشکان بنووسم، هەموو ژیانم بگێڕمەوە و ددان بەگوناهەکانمدا بنێم، ڕەنگبێ ڕۆحێک هەبێ کاتێ گوێی لە عەزاب و بەرخۆدانەکانم دەبێ ئازایەتیی بێتە بەر و درێژە بەسەفەری بەرەو هەڵگژان بدا. دەی برا لیۆن، ئەلعان هەمدیس قەڵەمەکەت دابەوە و بنووسە!"

بەدرێژایی ڕۆژ بەعیبادەتەوە گوێم بۆ فرانسیسکۆس ڕادێراو نووسیم، ناو بەناو وچانێکم دەدا تا فرمێسکەکانم بسڕم. هەندێ جار ئەو خۆی ڕادەوەستا، ئاخر ئیدی وشە بەفریای نەدەگەیشت و لە حەژمەتا لە قوڵپی گریانی دەدا.

لە تافی جحێڵییەوە دەستی پێکرد کە جلکی مەخمەڵیی و ئاوریشمینی پۆشیوە و پەڕێکی سووری کردووە بە کڵاوەکەیەوە و شەوانە لەگەڵ هاوڕێکانیدا لەم ئاهەنگەوە چووە بۆ ئەو ئاهەنگ، لەمبەر پەنجەرەوە چووە بۆ ئەو بەر پەنجەرە و سترانی چڕیوە. ئەوجا کەوتە گێڕانەوەی ئەوەی کە چۆن لەخۆی بایی بووە و بۆ شەڕی لەناوبردنی دوژمنەکانی و وەدەسهێنانی شکۆمەندیی چووە و بەسەرکەوتوویی و بەسواری ئەسپەوە بۆ ئاسیزیی گەڕاوەتەوە... پاشان، چۆن شەوێکیان لەناکاوێکرا دەنگی خوداوەندی ژنەفتووە و لەترساندا هەڵلەرزیوە. فرانسیسکۆس قسانی دەکرد و منیش دەمنووسی. دەیگوت: "ئەوە من بووم، فرانسیسکۆسی ئاسیزیایی گوناهبار، ئەوەی خوداوەند خۆنەویستانە لوتفی نواند و بەم شێوەیە ڕزگاری کردم: کاتێ من هێشتا لەنێو گوناهەکانمدا دەژیام و تلم دەدا و ڕقێکی بێ ئەندازەم لە گەڕەکان بوو، ئەوسا بانگی کردم، بەرەو لای ئەو گەڕانە کێشی کردم و فەرمانی پێ دام لەئامێزیان بگرم، ماچیان بکەم، جلکیان لەبەر داکەنم و برینەکانیان بشۆم. کاتێک ئەوانەم لەئامێز گرت و ماچم کردن و جلکم لەبەر داکەندن و برینەکانیانم شت، ئیدی دونیام لەلا بووە دونیایەکی تر، ئەو شتەی پێشتر تاڵ و تفت و سەخت بوو، ئیدی بووە شتێکی نەرم و ڕەوان وەکی هەنگوین. زۆری نەخایاند لە دونیا چوومەدەر، ئەو دونیا

پووچە و لەزەتەکانیم جێهێشت و خۆم بەتەواوی جەستە و ڕۆحمەوە تەسلیمی خودا کرد. خودا برایانی بۆ ناردم و لەمیانەی کتێبی پیرۆزەوە خۆی بۆ وەدیارخستم کە کام قانووننامە بۆ ژیانی خۆم و ژیانی برایان دارێژم. ئەو برایانەی ویستیان لەگەڵ مندا بێن، بەر لە هەموو شتێک تەواوی سەروەت و سامانەکەیان بەسەر هەژاراندا دابەش کرد. ئێمە ئیدی خاوەنی هیچ نەبووین جگە لەجبەیەکی قەشەیی شڕوپڕ و گوریسێکی لەناو قەدمانەوە گرێدراو. بەپێی پەتیی ڕێمان دەکرد، ئاخر ئێمە خەڵکانی ساکار و نەخوێنەوار بووین و گوێڕایەڵی یەکدی بووین. داوام لەبرایان دەکرد خۆیان فێری کاسپییەکی ئابڕوومەندانە بکەن و کار بکەن، نەک بۆ ئەوەی پارە پەیداکەن، بەڵکو بۆ ئەوەی ببنە نموونە بۆ خەڵکانی تر و لە تەمبەڵیی قوتاربن، تەنێ کاتێک کە نەماندەتوانی بەکار ژیانی خۆمان بەڕێوە ببەین، ئەوسا دەرگا بەدەرگا دەگەڕاین و سواڵمان دەکرد. خودا بۆم وەدیارکەوت کە دەبێ هەمیشە چ بڵێین، کە هەمیشە بڵێین: Pax et bonum

تەواوی ئەو ڕۆژە و ڕۆژەکانی دواتریش، فرانسیسکۆس بەچاوانێکی لێکنراوەوە لەبارەی ژیانی خۆیەوە دەدوا، لەبارەی تەواوی سەفەرە خەتەرناکەکەیەوە کە بەپێوپلی خوێناویی و لەترس و بەرخۆدان و بەناڵەناڵەوە بەرەو ژوور هەڵگژاوە، لەبارەی باوکییەوە دوا کە بەبێ دڵنەوایی مرد، لەبارەی پیرێژنەکەی دایکییەوە ئاخافت کە بووە ڕاهیبە، لەبارەی خوشکە کلاراوە، لەبارەی یەکە یەکەی برایانەوە، لەبارەی دۆمینیکۆ، ئەو قەشە ئیسپانییە کڵپە سەندووەوە کە لەڕۆما بینیبووی، دواجار لەبارەی برا (گیاکۆمینا) وە – ئەو ژنە نەجیبزادەیەی کە فرانسیسکۆس وای بانگ دەکرد– ئەو ژنەی لە ڕۆما کەوت بەسەر پایدا و جلکی قەشەیی فرانسیسکانییەکانی پۆشی. فرانسیسکۆس هێشتا ئەو مەڕە گچکەیەی لەیاد بوو کە لە ڕۆما قەسابێک خستبوویە سەر شانی و بۆ سەربڕینی دەبرد، مەڕەکە بەترسەوە باعاندبووی و تەماشای فرانسیسکۆسی لە دواوە کردبوو، واپێچوو بوو داوای یارمەتی لێ بکا. فرانسیسکۆس دڵی پێی سووتابوو، کەوتبووە خۆ تا قەسابەکە لە ئامێز بگرێ، پێی گوتبوو: "براکەم، بەناوی مەسیح، بەناوی ئەڤین سوێندت دەدەم ئەو مەڕە سەرمەبڕە!" قەسابی دڵڕەق فشەی پێهاتبوو، دابوویە قاقای پێکەنین. گوتبووی: " دەی دەتەوێ چیی لێ بکەم؟"



– "براکەم بیدەرە من، ئەوسا خودا ئەم کردەوە چاکەت لە کتێبی حیسابەکانیدا دەنووسێ و لەو دونیا ڕانە مەڕێکی نەمرت پێدەبەخشێ!"

قەسابەکە هەناسەیەکی هەڵکێشابوو، گوتبووی: "ئۆو، ناشێ تۆ ئەو کەسە بیت کە بەفرانسیسکۆسی ئاسیزیایی بانگت دەکەن و ئەوەی کە موجیزە دەنوێنی؟"

– "با، من فرانسیسکۆسی گوناهباری ئاسیزیاییم، بەڵام چ موجیزەیەک دەنوێنم؟ من تەنێ بونیادەمێکی گوناهبارم و دەگریم، دەگریم و براکەم لێت دەپاڕێمەوە ئەو مەڕە سەرمەبڕە!"

قەسابەکە مەڕەکەی لەسەر شانی داگرتبوو، بەترسەوە گوتبووی: "هانێ بیبە، فەرموو، ئەوەتا هەمدیس موجیزەیەکی ترت نواند!"

فرانسیسکۆس مەڕەکەی کردبووە باوەش و وەک دیاریی بەبرا گیاکۆمینای بەخشیبوو. ئیدی دەیانگوت لەوە بەدوا، هەرگیز ئەو مەڕەی لێ جیا نەبۆتەوە، لەگەڵیدا چووە بۆ کڵیسا و لەبەردەم وێنەی قەدیساندا کڕنۆشی بردووە.

هەموو ژیانی بەبەردەم چاوە لێکنراوەکانیدا تێدەپەڕییەوە. چیای بێڕوحمی ئالڤێرنا هەمدیس لە خەیاڵیدا دەژیایەوە، مەسیحی لەخاچدراو وەکی بروسکەیەکی شەش باڵ بەسەریدا دەکەوت.

بەدەنگێکی بەسۆ هاواری دەکرد: "خودایە، خودایە، من چەتەم، من چەتەیەکی لەخاچدراوم، دەی هەڵمگرە و لای دەستە ڕاستتەوە دامنێ!"

لای ئێوارە وەسییەتنامەکەی تەواو کرد و چاوی لێکنا.

بەمیهرەبانییەوە تەماشای کردم و گوتی: "برا لیۆن، من زۆر ئەزییەتم دایت، کوڕەکەم، زۆر ماندووم کردیت، خەراپ نییە گەر ئەم وشانەش بۆ ئەو سروودی سوپاسگوزارییە زیادکەیت کە بۆ خوداوەندم نووسیوە:

*سوپاس بۆ تۆ خودایە، سوپاس بۆ ئەو مەڕەی خودا*
*بۆ برا لیۆن، بۆ ئەو شێرەی خودا*
*ئاخر ئەو گوێڕایەڵ و بەحەوسەڵەیە، خودایە ئەویش سەفەری کرد*
*لەگەڵ مندا بەرەو ژوور،*

*ئەو بەنرخترە لە من، چونکە زۆر جاران*
*سەفەری پێچەوانەی ئاراستەی سروشتی خۆی کردووە*
*لەمیانەی زاڵبوون بەسەر سروشتی خۆیدا!"*

دانەویمەوە و پایم ماچ کرد. ویستم بئاخڤم، بەڵام گریان قورگی گرتبووم و نەمتوانی.

– "برا لیۆن، من هەموو ژیانم ژیامەوە، هەموو عەزابەکانم چەشتەوە، ئیدی ماندوو بووم. برا ئێرنیۆ بانگ کە، تا بێت و هەموومان پێکەوە ستران بچڕین و قورسایی سەر دڵم سووک بێ!"

گوتم: "ئاخر ئەمجارەش سەرەک قەشە دەکەوێتەوە گلەیی و گازەندە کردن!"

– "حەقی خۆیەتی گلەیی بکا، ئێمەیش حەقی خۆمانە ستران بچڕین، برا ئێرنیۆ بانگ بکە تا بێت!"

برای گۆرانیبێژی گەڕۆک هات.

فرانسیسکۆس بەشادومانییەوە گوتی: "ئامادەبە ئەی بولبوولی خوداوەند، هەموومان پێکەوە!"

له سەرەتادا بەنزمیی بلوێرەکەی دەژەند، ئێمەیش بەئەسپایی گۆرانیمان دەگوت تا ڕێبواران لە دەرەوە گوێیان لێ نەبێ. بەڵام وردە وردە ئاگرمان گرت، نە سەرەک قەشەمان بیرما و نە ئەو خەڵکەی لەوێوە تێدەپەڕین، دەنگمان سەرفرازانە و زاڵ دەنگی دەدایەوە و سروودی سوپاسگوزاریی خودامان دەبێژا. خودایە ئەوە چ لەزەتێک بوو، مەرگ لەودیو دەرگاکەوە ڕاوەستابوو، ئێمەیش وەک تەیری سترانخوێن ملمان بردبووە پێش، خەنی و بێ ترس، ژیان و مردنمان دەکردە سترانێکی نەمر.

بەڵام هەر ڕێک لەو ساتەدا کە ئێمە لە حەوت تەبەقەی ئاسمان بووین، برا ئێلیاس، بەڕوخسارێکی مۆن و هیشکەوە لەبەر دەرگاکەدا وەدیارکەوت. تازەکیی لە سەفەرێکی نوێوە هاتبۆوە، هەمدیس ئاڵتونی کۆکردبۆوە و بۆ ئاسیزیی گەڕابۆوە تا کرێی ئەو وەستای خانووبەرەیە بدا کە کڵێسا گەورەکەی ڕۆنابوو. کاتێک لای ماڵی سەرەک قەشەوە تێپەڕیبوو، گوێی لە دەنگی گۆرانی چڕین بووە و لەنێو دەنگەکاندا دەنگی فرانسیسکۆسی ناسیوەتەوە، لە چەقی ڕێگەکەشدا ڕێبوارانێکی زۆر



ڕاوەستاون و گوێیان ڕادێراوە، هەندێکیان پێکەنیون و ئەوانی تریش تووڕە بوون.

یەکێکیان پێی گوتبوو: "ئەوە چەند ڕۆژێکە لە ماڵی سەرەک قەشەوە جگە لە گۆرانیی دەنگی چ شتێکی تر نایەت، دەڵێی ماڵەکەی بۆتە مەیخانە!"

ئیدی ئیلیاس بەتووڕەیی خۆی بەژووردا کردبوو، فرانسیسکۆس ئەوی بینی و گۆرانییەکەی کۆتایی پێ هێنا.

ئێلیاس زۆر بەزەحمەت هەوڵی دا تووڕەییەکەی خۆی حەشار بدا، گوتی: "برا فرانسیسکۆس، دەبێت بمبووریت، ئەم گۆرانی گوتن و بلوێرژەنینە لەگەڵ ناو و ناوبانگی قەدیسێتی تۆدا نایەتەوە. ئەوەتا خەڵکی لێرەوە دەڕۆن و ڕادەوەستن و گوێت بۆ ڕادەدێرن. ئاخۆ دەبێ چیت پێ بڵێن؟ دەبێ لەبارەی فیرقەکەمانەوە چ بڵێن؟ ئاخۆ ئەمە ئەو ژیانە پیرۆزە زاهیدانەیەیە کە ئێمە بانگەشەمان بۆ کردووە؟ ئاخۆ ئێمە بەم شێوەیە ڕۆحەکان بەرەو بەهەشت ڕێنوێنیی دەکەین؟"

فرانسیسکۆس بەدەنگێکی متمانە بەخۆنەبوو، وەک منداڵێک کە مامۆستاکەی سەرزەنشتی بکا، گوتی: "برا ئێلیاس، ئەدی بەکام شێوە؟"

– "ئەی گوایە بەگۆرانیی؟ من پێموایە ئەم گوناهەی تۆ لە ئەستۆی ئەو گۆرانیبێژەدایە!"

وای گوت و تەژی لە سووکایەتیی ئاماژەی بۆ ئێرینیۆ کرد کە بێهوودە هەوڵی دەدا بلوێرەکە لەپشتی خۆیەوە وەشارێ.

گۆناکانی فرانسیسکۆس سوور هەڵگەڕان.

– "نەخێر گوناهەکەی ئەو لەئەستۆی مندایە، هەروەها گوناهی برا لیۆن و گوناهی تۆ برا ئێلیاس، گوناهی هەموو فیرقەکە لەئەستۆی مندایە. من لەبەردەمی خوداوەندا لە هەمووتان بەرپرسیارم. خۆ گەر گۆرانیش بڵێم، ئەوە لەبەرئەوەیە کە خوداوەند ئەمری ئەوەم پێدەکا. ئەو پێیگوتم: فرانسیسکۆس، تۆ ئیدی چ خزمەتێکت پێ ناکرێ، ئێلیاس دەسەڵاتی لێ سەندوویتەوە و لە فیرقەکە وەدەری ناویت، دەی بلوێرەکە هەڵگرە و لە چۆڵەوانیدا بکەوە ستران چڕین!"

ئێلیاس ڕەتی دایەوە: "تۆ خۆت بەدەمی خۆت دەڵێی کە خوداوەند ئەمری پێ کردوویت لە چۆڵەوانیدا گۆرانی بێژیت نەک لێرە و لە ناوجەرگەی ئاسیزیی و لە

چەقی ڕێگەدا. بمبوورە برا فرانسیسکۆس، ئاخر من ڕابەری فیرقەکەم و بەرپرسیارێتیی ئەوە لە ئەستۆی مندایە!"

فرانسیسکۆس باسکەکانی کردنەوە، لێگەڕا هەمدیس بکەون و شۆڕببنەوە. دەیویست وەڵام بداتەوە، بەڵام وشەکان لەگەروویدا دەتاسان. دواجار پێیگوتم: "برا لیۆن، ئەوەتا لێرەیش وەدەر دەنرێین. ئەدی کوێوە بچین؟ چارەمان چییە؟ وەرە، هەستە با بڕۆین!"

گوتم: "باوکە فرانسیسکۆس کوێوە بچین؟ ئاخر ئەلعان شەوە!"

فرانسیسکۆس دووبارەی کردەوە: "لێرەیش وەدەرمان دەنێن... لێرەیش وەدەرمان دەنێن!"

وای گوت و باسکەکانی کردنەوە و لێگەڕا هەمدیس شۆڕ ببنەوە.

ئێلیاس گوتی: "برا فرانسیسکۆس، شەو لێرە ڕۆژکەرەوە، کەس وەدەری نەناویت، مەسەلەکە تەنێ ئەوەیە گۆرانیی نەڵێیت. بەیانیش دەتوانیت خوداوەند فەرمانی چیت پێ دەدا ئەوە بکەیت!"

وایگوت و دانەوێوە و دەستی فرانسیسکۆسی ماچ کرد و لێیدا ڕۆیشت.

لەو ماوەیەدا ئێرینیۆ بەترسەوە دیار نەما، ئێمە هەردووکمان ماینەوە.

– "برا لیۆن، گوتت چی؟"

– "هیچ باوکە فرانسیسکۆس، هیچم نەگوتووە."

– "تۆ گوتت: ئەوەی لەنێو گورگدا بژی دەبێ ئەویش گورگ بێ نەک مەڕ. برا لیۆن تۆ وات گوت، هەموو خەڵکێکی ئاقڵ هەر وا دەڵێن. بەڵام من شێتێتییەکی نوێم لە خوداوەندەوە پێگەییوە، شێتێتییەکی نوێ، بۆیە دەڵێم: ئەوەی لەنێو گورگدا بژی، دەبێ مەڕ بێت و لێگەڕێ بخورێ! ئەو شتە نەمرە ناوی چییە کە لەنێو ئێمەدا هەیە؟"

– "ڕۆح!"

– "ئەوە، برا لیۆن، ئەوە ڕۆحە کە قووت ناچێ!"

***

ڕۆژی دواتر لە کازێوەدا، فرانسیسکۆس بەشادومانیی خەبەری بۆوە.



– "ئێ باشە برا لیۆن، من ئیدی چ پێویستم بەئێرینیۆ نییە، پێویستم بە چ بلوێرێک نییە، تەنها ئەو دوو پارچە دارەم پێیە کە تۆ بۆت هێنام و بەوانە دەتوانم کەمانچە بژەنم. شەوێ بۆ یەکەمجار حاڵی بووم لەوەی کە مۆسیقا و ستران مانایان چییە. لە جێگەکەمدا ڕاکشابووم، تۆ نووستبوویت و پرخەت دەهات، ئەم داروپەردووەش کە خەڵکیی پێی دەڵێن فرانسیسکۆس، لە حەژمەت ئازار نەیدەتوانی چاو لێکنێ، فرانسیسکۆسی بەسەزمان تەسلیمی ئازارەکەی ببوو، خوێنەکەی هەمدیس ڕەق هەڵاتبوو. گوێم لەدوایین ڕێبواران بوو بەشەقامەکەدا تێدەپەڕین، گوێم لێبوو سەگەکان دەوەڕین و دەرگاکان دادەخرانەوە، پاشان ئارامییەک، هێورییەکی بەچێژ، شادومانییەک کە لەگێڕانەوە نایەت باڵی کێشا. لەناکاوێکڕا کەسێک لەژێر پەنجەرەکەمدا کەوتە سیتارژەنین، ژەنینەکەی درێژەی کێشا، گا لەنزیکەوە و گا لەدوور و گا دوورتر، دەتگوت سیتارژەنەکە لەمسەری شارەوە دەچێ بۆ ئەوسەر. برا لیۆن هەندێ جار هەستم دەکرد ئەوە بەتەنێ شادومانییەکی گەورە نییە، بەڵکو ڕزگارییە، ئا، زێدەتریش لە ڕزگاریی، دەتگوت ڕۆچوومەتە خوارێ و کەوتوومەتە کۆشی خوداوەندەوە!"

بێدەنگ بوو، پاشان درێژەی بەقسەکانی دا. گوتی: "گەر ئەو مۆسیقایە ساتێکی کەمیتر بەردەوامبا، ئەوا لەبەختەوەریدا دەمردم!"

یەکسەر دوای ئەوە زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی: "ئێلیاس نەیدەویست من بلوێر بژەنم و ستران بچڕم، وا ئەلعان وەڵامی درایەوە! خوداوەند فریشتەیەکی بۆ ناردم و لەبەر پەنجەرەکەمدا گۆرانییەکی خۆشی چڕی!"

ویستی هەستێتە سەر پا، بەڵام نەیتوانی.

– "برا لیۆن، وەرە یارمەتیم بدە، دەی وەرە بابڕۆین! با بڕۆین بەرەو ئەو جێگەیەی کە لەوێ ئازادیی ستران چڕینمان هەیە، بچینەوە بەرەو کوختە چکۆڵەکەمان لەپۆرتیۆنکولا!"

بانگی ئێرینیۆم کرد. هەڵمانگرت و تا بەر دەرگای دەرەوەمان برد. سەرەک قەشە چوو بوو بۆ سەردانی گوندەکانی ئەو دەوروبەرە و لەوێ نەبوو. وەک بروسکە هەواڵەکە دەماودەم بەشاردا بڵاو بۆوە کە قەدیس فرانسیسکۆس کەوتۆتە ڕێ و بۆ

پۆرتیۆنکولا دەگەڕێتەوە. کاتێک ئێمە بەجاددە باریکەکاندا تێدەپەڕین، خەڵکی لە ماڵ و دوکانەکانیانەوە دەهاتنە دەرێ، ژنان بەهەڵەداوان دەهاتن، منداڵان لەپێشەوە ڕایان دەکرد و چڵە مۆرت و داردێمشتیان ڕادەوەشاند.

بەدەروازەکەی شاردا تێدەپەڕین. بەرەو دار زەیتوونەکان شۆڕدەبووینەوە و دەگەیشتینە بنار. مانگی ئۆگۆستی بوو، دونیا تا بڵێی گەرم، دار هەنجیرەکان پۆشراوبوون بەهەنجیر، بۆڵە ترێ بەمێوەکانەوە شۆڕببۆوە، دانەوێڵە گوڵکردوو، دەشتەکە بۆنی گیای بەهەتاو سووتاو و گەڵا هەنجیری لێ دەهات.

فرانسیسکۆس داوای لێ کردین: "منداڵەکانم، لەسەرخۆ، لەسەرخۆ، پەلە مەکەن، هەمدیس ئەم خاکە ئازیزە ببیننەوە، ئاخر من جارێکی تر نایبینمەوە، بەرەکەتی منتان لێ بێ هێور و لەسەرخۆ بڕۆن!"

تەقەلای دەدا بەچاوە تاریکداهاتووەکانی دیمەنەکان لەیەکتر جیاکاتەوە و ئاسیزیی لەگەڵ خۆیدا بۆ ئاسمان بەرێت، دار زەیتوون و ڕەز و هەموو شتێک لەگەڵ خۆیدا بەرێت بۆ ئاسمان. کاتێک شاری ئازیز خەریک بوو لەدوامانەوە دیار نەدەما، فرانسیسکۆس هاوارێکی کرد.

– "منداڵەکانم ڕاوەستن، دەمەوێ ئاسیزیی بۆ دوایەمینجار ببینم و ماڵئاوایی لێ بکەم!"

ڕوویمان کردە شار و ڕاوەستاین، خەڵکەکەش هێور و بێدەنگ بوون. فرانسیسکۆس ماوەیەکی زۆر لە خانووەکانی ڕوانی، لە کڵێسا و بورج و قەڵای نیوە وێرانی سەر ترۆپکەکەی ڕوانی. ڕێک هەر لەوکاتەدا زرنگەی زەنگەکان بیسترا کە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنیان ڕادەگەیاند.

پرسی: "بۆچی زەنگەکان ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن ڕادەگەیەنن؟"

هەموومان وەڵاممان دایەوە: "نازانین... نازانین..." بەڵام هەموومان دەمانزانی ئەوە زەنگی ماڵئاوایی بوو لە فرانسیسکۆس کە هەر ئەلعان بەرەو مردن دەچوو. لێکدا لێکدا چاوانی دەسڕی و هەوڵی دەدا ئاسیزیی ببینێ و ئەو گاشەبەرد و ئەشکەوتە بەهەتاو ڕووناکبووانەی ئەو دیویەوە ببینێ کە یەکەمجار پەنای بۆ بردن و لەوێوە خودای بانگ دەکرد.



هێور هێور دەستی هەڵدەبڕی و نیشانەی خاچی لە هەوادا بەسەر ئەو شارە ئازیزەدا دەکێشا.

لەبەرخۆوە گوتی: "خوداحافیز ئەی دایکە ئاسیزیی، سوپاس بۆ تۆ خودایە، سوپاس بۆ ئەم شارە ئەفسووناوییە بەماڵ و خەڵک و ڕەز و ئینجانەی ڕێحان و گوڵە شیوەرانی بەر پەنجەرەکانییەوە! بەجەنابی پیێترۆ بێرناردۆنێ و خاتوو پیکا و فرانسیسکۆسی کوڕە هەژار و داماوەکەیانەوە. ئای خۆزیا ئەی ئاسیزیی بمتوانیبا هەمووتم هەڵگرتبا و لەبەر پای خودادا دامنابایت! بەڵام ناتوانم، ناتوانم، خوداحافیز ئازیزم!"

لە قوڵپی گریانی دا و شەکەت و ماندوو سەری بەسەر سینگیدا داگرت.

هەمدیس گوتییەوە: "خوداحافیز، خوداحافیز..."

لە دوامانەوە خەڵکەکە دەگریان و شیوەنیان بەسەردا دەکرد، ئیدی بەخێرایی ڕێگەی پۆرتیۆنکولامان گرتەبەر.

بێئەوەی بەخۆمان بزانین، فرانسیسکۆس لەسەر قۆڵمان لەهۆشخۆی چووبوو. لەکوختە گچکەکەیدا هێور لەسەر عەردەکە دامانا، خەڵکەکە بڵاوەیان لێ کرد.

هەموو ئەو برایانەی لەپۆرتیۆنکولا بوون، کیدرۆ، ڕۆفینیۆ، ماسیۆ، ئیگیدیۆ و بێرناردۆ بەپەلە بۆ دەستماچکردنی هاتن، بەڵام ئەو بێهۆش ڕاکشاو و بەرکەوتنی لێوی برایانی لەسەر دەستی هەست پێ نەدەکرد.

زەمەن هەفتەیەک و دووان و سییان تێپەڕی. وەختی درەو دەهات، گەڵامێو سوور هەڵدەگەڕا، هەنجیر شیرین دەبوو، دار زەیتوونەکان پرشنگیان دەدا، پەڕەسێلکەکان هەمدیس خۆیان بۆ کۆچ کۆدەکردەوە، یەکەمین حاجی لەقلەقەکان بەسەر کوختەکەماندا دەفڕین و بەرەو باشوور لە شەقەی باڵیان دەدا. فرانسیسکۆس قاژەقاژەکەیانی دەژنەفت و چاوانی هەڵدەهێنا.

گوتی: "ئەلعان حاجی لەقلەقەکان، پەڕەسێلکەکان لەگەڵ خۆیاندا دەبەن!" ئەوجا دەستی هەڵبڕی و گوتی: "برا پەڕەسێلکەکانم، سەفەرێکی خۆش، ئەلعانیش حاجی لەقلەقێکی گەورە دێت منیش دەبا و ئیدی بەرەو دوور دوور دەفڕین...."

ناو بەناو چاوی دەکردەوە و دەستی دەگێڕا تا بمدۆزێتەوە، هەندێ جاری تر یارمەتیم دەدا دانیشێ و لەبارەی هاوسەفەرە ئەبەدییەکانی خۆیەوە بدوێ: لەبارەی

هەژاریی، لەبارەی ئاشتیی، لەبارەی ئەڤینەوە. بەمیهرەبانیی لەیەکە بەیەکەمانی دەنۆڕی، ئێمەیش پێنج شەش برا بەدەوریدا دادەنیشتین و بەحیرسەوە گوێمان بۆ ڕادەدێرا، تا چ وشەیەکیمان لێ بەهەدەر نەڕوا. دەمانگوت: "ئەمە دوایەمین پەیامییەتی، ئەم پەیامەش هەر بەتەنێ بۆ ئێمە نییە، بەڵکو بۆ هەموو ئەو برایانەشە کە لێرە نین و دوورن، بۆ هەموو ئەو برا و خوشکانەیشە کە هێشتا لەدایک نەبوون، ئەوە بەرپرسیارێتیی ئێمەیە کە ئەو وشانە لە قووڵایی زەینماندا هەڵکۆڵین، تا بەهەدەر نەچن."

وەک ئەوەی بیەوێ باوەشمان پێداکا، باسکەکانی دەکردنەوە و دایدەخستنەوە و پێی دەگوتین: "براکانم ئەڤین چییە؟ ئەڤین چییە برایانم، ئەڤین تەنێ سۆز یان میهرەبانیی نییە، سۆز دوو جۆرە، یەکێکیان ئەوەیە کە عەزاب دەچێژێ و ئەوی تریشیان ئەوەیە کە بەشداری خەم دەبێ. میهرەبانییش دوو جۆرە، یەکێکیان ئەوەیە کە دەبەخشێ و دووەمیشیان ئەوەیە کە وەردەگرێ، بەڵام ئەڤین یەکێکە، دوو شتە و یەکانگیر بوون و بوونەتە یەکێک. بوونەتە یەکێک کە دابەش نابێ: (من) و (تۆ) دیار نامێنین، من ئەڤینداریی دەکەم، واتە من یەکانگیر دەبم!"

ڕۆژێکیان دەستی ڕایەڵ کرد و دەستی گرتم.

– "برا لیۆن، کارێک هەیە بۆم بکە. حەز دەکەم بەر لە مردنم برا گیاکۆمینا ببینم و خوداحافیزیی لێ بکەم. کاغەزێک بێنە و بنووسە:

لە برا فرانسیسکۆس، هەژارە گچکەکەی خوداوەندە، بۆ برا گیاکۆمینا. هاوڕێم دەزانیت وا کۆتایی ژیانم نێزیک دەبێتەوە، گەر حەز دەکەیت جارێکی تر لێرە لەسەر ئەرز بمبینی، ئەوا هەر کە ئەم پەیامەی منت بەدەست گەیشت، کات بەهەدەر مەدەو بەپەلە بەرەو پۆرتیۆنکولا بکەوە ڕێ. گەر یەک نەخت دوابکەویت، ئەوا ئیدی لە ژیاندا نامبینیت. کفنێکی زبرم بۆ بێنە لە جەستەمییەوە بپێچە و هەروەها مۆمیش بۆ ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنم..."

لای کردەوە بۆ ئەو برایەی لەلایەوە لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوو، بینی ئەوە کیدرۆیە.

– "برا کیدرۆ ئەوە دوایین خزمەتێکە داوات لێ بکەم بۆم بکەیت، ئەم نامەیەم بۆ بەرە..."



کوتوپڕ لەقسەکردن وەستا، سەری هەڵبڕی، دەتگوت گوێی بۆ شتێک ڕادێراوە، زەردەخەنەیەکی شادومانیی ڕوخساری پۆشی.

– "سوپاس برا کیدرۆ، سوپاس بۆ خودا، پێویست ناکا بچیت بۆ ڕۆما!" وای گوت و ڕووی بۆ دەرگاکە وەرچەرخاند، ئێمەیش هەموومان سەرنجمان بڕییە دەرگاکە، وەک ئەوەی چاوەڕوانی کەسێک بین.

ئەوسا دەنگی تەپەی پێ لە دەرەوە بیسترا، ڕامکرد تا بزانم ئەو کەسە کێیە. برا گیاکۆمینام لەبەردەممدا بینی! ئەو خانمە نەجیبزادەیە هاتە ژوورێ و بەسەر پای فرانسیسکۆسدا کەوت و زامەکانی ماچ کردن و دەستی نەوازش کرد.

لەبەرخۆوە گوتی: "باوکە فرانسیسکۆس، باوکە فرانسیسکۆس..."

فرانسیسکۆس دەستی خستە نێو پرچییەوە.

– "بەخێربێیت، برا گیاکۆمینا، شادومانم... شادومانم... کێ پێیگوتیت بێیت؟"

– "خاتوو مەریەم هاتە خەونم و گوتی: خێراکە، فرانسیسکۆس دەمرێ، ئەو کفنەی بۆ ببە کە بۆت چنیوە و هەروەها مۆمیش بۆ ڕێو ڕەسمی بەخاکسپاردن!"

وای گوت و کفنەکەی لەبەر پای فرانسیسکۆسدا دانا.

– "باوکە فرانسیسکۆس، من ئەوەم بەم دەستانەی خۆم چنیوە، لەخوری ئەو مەڕە چنیومە کە تۆ پێت بەخشیم!"

فرانسیسکۆس هەستا دانیشت، لەدەست و پێوپلی خۆی ڕوانی، دەستی گێڕا بەسینگە بەقووڵاچووە خوێن تێزاوەکەیدا و هەناسەی هەڵکێشا.

گوتی: "براکەم، ئەی گوێدرێژی چکۆڵە، ئەی جەستە شەکەتەکەم، بمبوورە، گەلێک عەزابم دایت!"

زەردەخەنەیەکی تاڵی هاتێ. گوتی: "تۆیش بمبوورە، ئەی دایکی ئەرزی بەڕێز، ئای تۆ چ جەستەیەکی تۆکمەت پێ دام و منیش چ جەستەیەکی هەلاهەلات دەدەمەوە!"

کاتێک کە دەدوا، چاوانی زەق دەکردنەوە، دەستی ڕایەڵ دەکرد و ئاماژەی بۆ دەرگاکە دەکرد.

– "ئەوەتا!"

– "کێ؟"

– "سواڵکەرەکە، برا لیۆن سواڵکەرەکە، لای دەرگاکەوە ڕاوەستاوە و دەستە کون کونەکانی هەڵبڕیون و سڵاو دەکا. ئەلعان کڵاوی پاڵتۆکەی لەسەری داگرت.... ئاه!"

– "باوکە فرانسیسکۆس، مەلەرزە!"

– "ئۆه، ئەوە منم، من.... ڕوخساری خۆم دەبینم، خاچەکە لە نێوچەواندا، جێنیشانەی دوای پێداهێنانی شیشە سوورەوەبووەکە بەلاجانگەکاندا.... ئەوا دێ، ئەوا نێزیک دەبێتەوە...."

بەچمکی جبەکەی چاوانی داپۆشی تا نەیبینێ.

بەهەڵلەرزینەوە لەبەرخۆوە گوتی: "ئەوا هات.... هات، شادومانانە زەردەخەنە دەیگرێ و باسکەکانی بەرەو لام دەکاتەوە!"

هەنووکە فرانسیسکۆس چمکەکەی تری جبەکەی دا بەچاوانیدا، بەڵام ئەوی هەر دەبینی و هاواری دەکرد.

– "ئەوە گەیشت، ئەوە گەیشت، ئەوا هات لەسەر جێگەکە لەلامەوە ڕاکشا، ئەوەتا لێرەیە، برا لیۆن یارمەتیی!" دەستی ڕایەڵ کرد و باوەشی پێدا کردم، ئەوسا دەستی بەلای ڕاست و بەلای چەپ و بەژێر سەری خۆیدا گێڕا. لەبەرخۆوە گوتی: "هیچ کەس، هیچ کەس!"

پاش ساتێک لە فیکرەوە چوو، گوتی: "ئەو دووانە بوونە یەکێک، هەردووکمان بووینە یەکێک، سەفەرەکە کۆتایی هات!"

کۆتایی نێزیک دەبۆوە. لە هەموو لایەکەوە برایان بۆ خوداحافیزیی لێکردنی دەهاتن، ئێلیاس بەپەلە گوند بەگوند دەگەڕا و خەڵکەکەی کۆدەکردنەوە و پێی ڕادەگەیاندن کە پیاوی قەدیس گیان دەدا، بۆیە خۆیان ئامادەکەن و پەلەبکەن لە داگیرساندنی مۆمدا بۆ ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن، هەروەها سەرەک قەشەی قاییل کرد ئەمر بکا زەنگەکانی کەڵیسای قەدیس ڕوفینۆ شەو و ڕۆژ زەنگی ڕێوڕەسمی مردن ڕاگەیەنن، خوشکانی دەیرەکەی دامیانۆ لەبەردەم لەخاچدراوادا کڕنۆشیان دەبرد و لەخودا دەپاڕانەوە جارێ فرانسیسکۆسیان لێ نەسەندێتەوە. کاپتن لیکۆ لە شاخەوە دابەزی و بەهەنگاوی نەرم لە فرانسیسکۆس نێزیک بۆوە و زەمیلەیەک هەنجیر و ترێی بەدەستەوە بوو. فرانسیسکۆس چاوی کردەوە و کاپتن لیکۆی ناسییەوە.



– "بەخێربێیت برا ئارنی، هەبێ و نەبێ ئالڤێرنای لانەی بازان خەبەری داویتێ من دەمرم. خوداحافیز براکەم!"

ئەو برا دڕندەیە گوتی: "باوکە فرانسیسکۆس تۆ نامریت، ئەوە تۆ نیت کە دەمریت، بەڵکو ئەوە ئێمەین، بمبوورە بۆ هەموو ئەو شتانەی کردوومن!"

– "خودا دەتبوورێ نەک من برا ئارنی، گەر تۆ ڕزگار بیت، ئەوا ئەو مەڕانەش ڕزگار دەبن کە لە تافی گورگ بوونتا خواردووتن!"

برا لیکۆ زەمیلەکەی دایە دەستی فرانسیسکۆس.

– "باوکە فرانسیسکۆس، بڕێک ترێ و هەنجیرم بۆ هێناویت، تا ماڵئاواییان لێ بکەیت. دەتوانیت بێ ترس بیانخۆیت چونکە نەمدزیون!"

فرانسیسکۆس دەستی نایە سەر ئەو میوە شیرین وەک هەنگوینانە و لە گەییوییان ئۆخژنێکی پێداهات، دەنکێک ترێی لێکردەوە و نایە نێو زاری، هەنجیرێکی هەڵگرت و لەو شیلە شیرین وەک هەنگوینەی ڕوانی کە دڵۆپ دڵۆپ لێوەی دەچۆڕا.

– "خوداحافیز هەنجیر و ترێ، خودا حافیز هەنجیر و ترێی برام، ئیدی ئێمە هەرگیز یەکتری نابینینەوە!"

***

سێپتێمبەر کۆتایی دەهات و ئۆکتۆبەر دەهات. ئەمڕۆ هەور ئاسمانی پۆشیوە، یەکەمین دڵۆپی جوانی باران کەوتە بارین، نەرم و درەوشاوە دەکەونە سەر دار زەیتوون و سنەوبەرەکان. چێژێکی لەوەسفبەدەر بەدونیادا پەخش دەبێ، عەرد بەردار و سوپاسگوزار لەو هەوا شێدارەدا پشوو دەدا. فرانسیسکۆس چاوی کردەوە، کوختەکە پڕ لە برایان بوو، هەر لە بەرەبەیانەوە لە هەموو لایەکەوە هاتبوون و بێدەنگ لێیان دەنۆڕی، هەندێکیان بەچیچکانەوە لەسەر ئەرزەکە دانیشتبوون و ئەوانی تریش بەپێوەبوون. لەو بێدەنگییە پیرۆزەدا کەس زاتی نەدەکرد دەم بکاتەوە، ناوبەناو فرمێسکی چاوانیان دەسڕی و دەچوونە دەرێ تا هەناسەیەک هەڵمژن. فرانسیسکۆس دەستی ڕایەڵ کرد و سڵاوی لێ کردن، بێرناردۆ لەسەر ئەژنۆ دانیشت.

دەستی فرانسیسکۆسی ماچ کرد و گوتی: "باوکە فرانسیسکۆس، تۆ دوور

دەکەویتەوە، تۆ بۆ ئاسمان هەڵدەگژێیت، بۆ دووایەمین جار زار هەڵبێنە و قسانمان بۆ بکە!"

فرانسیسکۆس سەری بادا. گوتی: "مناڵەکانم، برایانم، هەر چ قسەیەکم هەبووبێ بەئێوەی بڵێم گوتوومە، هەموو ئەو خوێنەی لەدڵمدا جێگەی بۆتەوە بەخشیومە بەئێوە. ئیدی چ شتێکی ترم نییە بیلێم، چ شتێکی ترم نییە بیبەخشم، خوێنێکی زیاترم نییە بیبەخشم، گەر هەمبا، ئەوا خودا لەسەر عەرد گلی دەدامەوە!"

ئێگیدیۆ کە لەقوژبنێکدا ڕاوەستابوو دەگریا، گوتی: "چ شتێکی ترت نییە، چ شتێکی ترت نییە پێمان بڵێیت؟"

– "براکانم، هەژاریی، ئاشتیی، ئەڤین، جگە لەوانە چ شتێکی تر نا، هەژاریی، ئاشتیی، ئەڤین...."

هەوڵی دا هەستێ بەڵام نەیتوانی.

گوتی: "براکانم، جلکەکانم لەبەر داکەنن و بەڕووتی لەسەر ئەرزەکە دامنێن، تا ئەرز لەمس بکەم و ئەرزیش من لەمس بکا...."

بەگریانەوە جلکەکانیمان لەبەر داکەند و بەڕووتیی لەسەر ئەرزەکە دامانا. ئێمەیش لەسەر ئەژنۆ بەدەوریدا دانیشتین.

خوشکە کلارا هاتبوو. بێئەوەی کەسمان بیبینین، لەبەر دەرگاکە دانەوییبۆوە و گوێی ڕادێرابوو. لەناکاوێکڕا هەنسکی گریانێک بیسترا، ئاوڕمان دایەوە و بینیمان سەری لە شاڵێکەوە پێچاو و دەگری. یەکسەر هەمووان کوڵی گریانمان بەربوو.

فرانسیسکۆس سەری سوڕما. گوتی: "براکانم، بۆچی دەگرین؟"

کەس وەڵامی نەدایەوە.

– "ئاخۆ ژیان هێند بەچێژە؟ برایانم، ئەرێ باوەڕتان بەژیانی ئەبەدییەت هێند کزە؟ ئەی برا مەرگ، تۆ کە لە نزیک دەرگاکەوە ڕاوەستاویت، لە خەڵکیی ببوورە، ئاخر ئەوان لە سێینەی پەیامی بەرەکەتدراوی تۆ تێناگەن، بۆیە لێت دەترسن!"

لە چواردەوری خۆی ڕوانی و گوتی: "ئێرینیۆ، لەکوێیت؟ بلوێرەکە بژەنە و با هەموومان پێکەوە سرووەدی سوپاسگوزاریی خودا بچڕین: سوپاس بۆ تۆ خودایە، سوپاس بۆ هەموو مەخلوقەکانت، بەتایبەتیی سوپاس بۆ برا خۆر...."



ئەو دەمەی گۆرانیم دەچڕیی، وەک بڵێی شتێک لەگەڵ خۆیدا بمبات، کوختە چکۆڵەکە دیارنەدەما، پۆرتیۆنکولا و ئاسیزیی دیارنەدەمان. خۆم لەسەر ئەرزێکی سەوزی نائاشنا و بێ کۆتایی دەبینییەوە، فرانسیسکۆس لەوێدا ڕووەو ئاسمان ڕاکشاو و لەگەڵ مردندا دەجەنگی. باران میهرەبان و نمەنمە دەکەوتە بارین، لەدوورەوە ترۆپکی چیاکان پۆشرابوون بەبەفر، خۆشترین بۆن لەو ئەرزە تازە کێڵراوەوە هەڵدەسا. لەجێگەیەک، لە دووری دوورەوە زەریا هەناسەی هەڵدەکێشا.
کەس بەدەوری فرانسیسکۆسەوە نەبوو، بەڵام کوتوپڕ وەک بڵێی هەوا پۆنگی خواردبێتەوە، هەر دوانزە برا دێرینەکە بەچوار دەورییەوە دەبینران، نووشتابوونەوە و کڵاوی جبەکانیان لەسەرنابوو، بونیادەم تەنێ گوێی لە هەنسکی گریانەکانیان بوو. منیش لەگەڵیاندا بووم و کاتێک سەرم هەڵبڕیی هەزارەها برام لە دوای ئەو دوانزەیەوە بینین، بەبێ کڵاو و تەوقی سەر تاشراو و سرووەدی ڕێو ڕەسمی مردنیان دەچڕی. هەستامە سەر پا و تا چاو بڕکا ڕانەمەڕ و گایەل و ڕەوە ئەسپ و سەگم بینی کە لەدوورەوە بەشین و شەپۆڕەوە دەهاتن و بەسەری نەوییەوە لەدوای برایانەوە ڕادەوەستان. لە دارستانەکەی ئەودیویشەوە ئاژەڵە دڕندەکان دەکەوتنە جووڵە: گورگ، ورچ، ڕێوی، چەقەڵەکان دەهاتن و لەدوای ئاژەڵە ماڵییە بێوەیەکانەوە ڕادەوەستان و ئەوانیش دەکەوتنە گریان. وژەی هەزارەها باڵ بەژوور سەرمەوە دەبیسترا، چاوم هەڵدەبڕی و هەمە جۆرە پۆلە تەیرم دەبینی کە دەنیشتنەوە و دەیانچریکاند و دەیانقریشکاند و دەوری فرانسیسکۆسیان دەدا. کەوێک یەکەمین تەیرێک بوو کە لە زایەڵەی شیوەنی دا و کەوتە ڕنینەوەی پەڕی باڵەکانی.

لەبەرخۆمەوە گوتم: "فرانسیسکۆسی ئازیزم، فرانسیسکۆسی ئازیزم، بنۆڕە، هەموو ئاژەڵان بۆ ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنت هاتوون و دەگرین، هەموو براکانت......"

ناکاو ئاسمان شەڵاڵ بوو بەبرووسکەی زەردی ئاڵتوونیی، سەوز، شین و سووری ئاگرین. سەرم هەڵبڕی، فەزا تەژی ببوو لە باڵ، هەزاران فریشتە دەوری فرانسیسکۆسیان دابوو، باڵیان لێک دەدا و زەردەخەنەیان لەسەر لێو و چاوەڕێ بوون ڕۆحی هەڵگرن و بیبەن.

لەناکاوێکڕا لەهاوارێکی بەسۆ وەئاگابوومەوە. سێ کیژ خۆیان بەدەوری فرانسیسکۆسدا، دابوو بەئەرزدا و نەیاندەویست بمرێ. خوشکە پیکا سەری

گرتبوو، خوشکە کلارا باوەشی کردبوو بەپایداو ماچی دەکرد، برا گیاکۆمیناش دەستی وی نووساندبوو بەسینگی خۆیەوە. خۆر ئاوابوو، لەدەرەوە باران ئەرزی تەڕ و نەرم دەکرد، ئەوسا ئێمە هەموومان دوو باڵی ڕەشمان بەژوور سەری فرانسیسکۆسەوە بینین.

ڕوخساری فرانسیسکۆس پرشنگی دەدا. چاوانی بەفراوانیی کرابوونەوە و لە فەزایان دەنۆڕی. بۆ ساتێک جوولا، هەموو هێزی خۆی کۆکردەوە، لای کردەوە و لەیەکە بەیەکەمانی نۆڕیی. لێوە لەرەی پێکەوتبوو، وەک ئەوەی بیەوێ دوا وشەی بڵێ. نێزیکی بوومەوە، دەنگی وەک شنەبایەکی لاواز دەهاتە گوێم، دەتگوت لە زۆر دوورەوە دێ، لەوبەری کەنارەوە.

– "هەژاریی، ئاشتیی، ئەڤین....." هەناسەم لەخۆ بڕیبوو تا بیژنەفم، بەڵام جگە لەوە هیچی ترم نەبیست.

ئەوسا هەموومان خۆمان بەئەرزدا دا و ماچمان کرد و لە زایەڵەی شین و گریانمان دا.

***

لەم ساتەوەختە پیرۆزەدا کە من لە هۆدەکەمدا نووشتاومەتەوە و دوایین وشەکان تۆمار دەکەم و خەمی باوکی پیرۆز لەخۆوەی پێچاوم، چۆلەکەیەکی گچکە دێ و بەدەنووک لەپەنجەرەکە دەدا، باڵەکانی تەڕ و سەرمایەتی، هەڵدەسم پەنجەرەکەی بۆ دەکەمەوە.

ئەوە تۆیت باوکە فرانسیسکۆس، ئەوە تۆیت کە جلکی چۆلەکەت پۆشیوە.

***

**تەواو**